# کورتە مێژووی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا** ـــ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

نیوسەدە تێکۆشان ـــ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

# پـێـڕسـت

● پێشەکی

چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی

● پێشەکیی چاپی یەکەم

● سەرەتا

فەسڵی یەکەم: دامەزران و گەشەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

● ١ـ ئاوڕێك بۆ سەر وەزعی گشتیی کوردستانی ئێران

● ٢ـ هەل و مەرجی نێوخۆ و نەتەوەیی

● ٣ـ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

● ٤ـ ئاکامی ١٦٠ رۆژ تێکۆشان

فەسڵی دووهەم: کۆماری کوردستان

● ١ـ هەل و مەرجی پێك هاتنی کۆمار

● ٢ـ کارو کردەوەی کۆمار

● ٣ـ کوردستان و ئازەربایجان

● ٤ـ جەبهەی شەڕ

● ٥ـ ئاش بەتاڵ

● ٦ـ دوا ڕۆژەکانی کۆماری کوردستان

● ٧ـ دادگا

● ٨ـ بارزانییەکان

● ٩ـ هۆیەکانی تێك چوونی کۆمار

● ١٠ـ جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو
فەسڵی سێهەم: لە رووخانی کۆمارەوە تا کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ
● ١ـ هەورازو نشێوەکانی ماوەی پاشەکشە
● ٢ـ بووژانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی
● ٣ـ گەشەکردنی تێکۆشانی حیزب
● ٤ـ کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ
● سەرچاوەکان

نیو سەدە تێکۆشان
● پێشەکی
فەسڵی یەکەم: لە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژەوە تا کۆنگرەی دووهەم (١٣٤٣)
● شۆرشی ١٤ی ژووئیەی ١٩٥٨ی عێراق
● پەلاماری بەربلاوی پۆلیس
● گوێزرانەوەی ناوەندی رێبەرایەتی بۆ عێراق
● راست و چەپ، یان سەربەخۆ و بەستراوە
● کۆمیتەی ساخکەرەوە
● دیسان پەلاماری پۆلیس
فەسڵی دووهەم: لە کۆنگرەی دووهەمەوە تا کۆنگرەی سێهەم
● کۆمیتەی انقلابی
● بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ـــ١٣٤٦
● کۆنفرانسی دووهەم
● دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس
● گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو
● کۆنفرانسی سێهەم

● یەکەمین شەهیدانی ئەم قۆناغە

فەسڵی سێهەم: لە کۆنگرەی سێهەمەوە تا کۆنگرەی چوارەم (۱۳۵۸ــ۱۳۵۲)

● شەڕی ئۆکتۆبری نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان
● تازە بوونەوەی شەڕ لە عێراق
● تەشقەڵەی حیزبی توودە
● ئاڵ و گۆڕی شۆڕشگێڕانە لە ئێران دا
● زاگرۆس لە نێوخۆی وڵات
● رووخانی رێژیمی پاشایەتی
● حیزبی دێموکرات و رێژیمی ئیسلامی
● گرتنی پادگانی مەهاباد
● راگەیاندنی خەباتی ئاشکرا
● هەڵوەشانی زاگرۆس
● شەڕی یەکەمی شاری سنە
● چوونی هەیئەت بۆ لای خومەینی
● ریفراندۆمی دیاری کردنی نیزام
● شەڕی نەغەدە
● مەسەلەی زەوی و زار و شەڕی مەنگوڕان
● هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان
● شەڕی ۳ مانگە
● گرتنی سەفارەتخانەی ئەمریکا
● دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردو وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت
● خودگەردانی
● هێندێ هەوڵ و تەقەلای دیکە

فەسڵی چوارەم: لە کۆنگرەی چوارەم تا کۆنگرەی پێنجەم (١٣٦٠ــ ١٣٥٨)
- یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆمار و هەڵوێستی حیزب
- گەلاڵەی شەش ماددەیی
- هەڵبژاردنی مەجلیس
- دیسان گێچەڵی حیزبی توودە
- سەرشاخان و شیوەجۆ
- تاقمی حەوت کەسی
- تازە بوونەوەی شەڕ
- رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران
- یەکەم شەهیدی کۆمیتەی ناوەندی لەم قۆناغەدا
- شەڕی ئێران و عێراق
- کاروباری کۆمەڵایەتی
- موجاهیدین و شوورای نیشتمانیی بەرگری
- شەڕێکی نەخوازراو

فەسڵی پێنجەم: لە کۆنگرەی پێنجەمەوە تا کۆنگرەی شەشەم (١٣٦٢ـ١٣٦٠)
- کۆنگرەی پێنجەم
- دوو بڕیاری گرنگ
- خەسارێکی گەورە
- هەڵوێستێکی مەسئوولانە
- شەڕی رێگای پیرانشار ـ سەردەشت
- مانگی دیفاع لە ئازادی
- گوازتنەوەی بنکەی رێبەرایەتی
- جینایەتێکی سامناک
- سنوور بەزاندن

● کورتەباس

فەسڵی شەشەم: لە کۆنگرەی شەشەمەوە تا کۆنگرەی حەوتەم (١٣٦٤_١٣٦٢)

● کۆنگرەی شەشەم
● دیدارێك
● هێندێ ئاڵۆزی لەسەر کورتەباس
● فێرگەی سیاسی ـ نیزامی
● شەڕی کۆمەڵە
● هاتنەدەر لە شوورِا
● چەند شەهیدی دیکەی رێبەرایەتی

فەسڵی حەوتەم: لە کۆنگرەی حەوتەمەوە تا کۆنگرەی هەشتەم (١٣٦٦_١٣٦٤)

● کۆنگرەی حەوتەم
● سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال
● شەهیدێکی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی
● دووبارە جێگۆڕکە
● رێگا خۆش کردن بۆ جویێ بوونەوە
● رووداوێکی دڵتەزێن

فەسڵی هەشتەم: لە کۆنگرەی هەشتەمەوە بۆ کۆنگرەی نۆیەم (١٣٧٠_١٣٦٦)

● کۆنگرەی هەشتەم
● جیابوونەوە
● رێپێوانێکی مێژوویی
● راوەستانی شەڕی ئێران و عێراق و ...
● بڕیارێکی ئازایانە

- دیسان شەهیدی کۆمیتەی ناوەندی
- کۆست کەوتن
- شەڕی خەلیج
- کۆچی بە کۆمەڵی کوردی عێراق و...

فەسڵی نۆهەم: لە کۆنگرەی نۆهەمەوە تا کۆنگرەی دەهەم (١٣٧٠_١٣٧٤)
- کۆنگرەی نۆهەم
- دوو ئۆرگانی تازەی حیزبی
- کۆستێکی دیکە
- ئاژاوە نانەوەی کۆماری ئیسلامی
- دوو هەڵوێستی جێگای ڕێز
- دیسان گوازتنەوە
- دوو شەهیدی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی
- دیسان دەستدرێژیی هەوایی

فەسڵی دەهەم: لە کۆنگرەی دەهەمەوە تا جەژنی پەنجا ساڵەی حیزب
- کۆنگرەی دەهەم
- هێندێ گۆڕانی گرنگ
- یووبیلی زێڕین
- دوا قسە

## پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز!

ئەم کتێبەی ئێستا لەبەر دەستتان دایە "کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە سەرجەم بابەتەکانی دوو کتێب بە ناوەکانی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" لە نووسینی ڕێبەری مەزن شەهید دوکتور قاسملووی نەمر کە ئەمە چاپی چوارەمییەتیو "نیوسەدە تێکۆشان" لە نووسینی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەمە چاپی سێیەمیەتی، پێك هاتوە.

وەسەریەك خستنەوەی ئەو دوو کتێبە کە هەرکام بەشێكو چەند قۆناغێك لە کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە خۆدا جێ کردۆتەوە، لەم دواییانەدا زیاتر وەك پێویستییەك خۆی نواند، چونکە لە لایەك ڕۆژ بەڕۆژ خوازیارانی ئەم کتێبانە زیاتر دەبوونو لە لایەکی دیکەوە دەست پێڕاگەیشتنیان بۆ هەموو کەس هاسان نەبوو. جیا لەوە زۆر جار کەسێك دەستی بە یەکێك لەو کتێبانە رادەگەیشت بەڵام لە بوونی ئەوی دیکەیان بێبەش دەبوو. بۆیەو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە ئۆگرانی شارەزابوون لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بتوانن دەستیان بەم کتێبانە رابگاو هەر لەو کاتەدا هەردوو کتێب بەسەر یەکەوە لەبەر دەستی خۆیاندا ببینن، بۆ چاپکردنەوەیان بەسەر یەکەوە هەنگاومان نا. هیواداریین ئەم کتێبە بتوانێ داخوازیی ئۆگرانی شارەزابوون لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابین بکاو ڕەزامەندییان پێك بێنێ.

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**پووشپەڕی ١٣٨١ی هەتاوی**

**ژوئیەی ٢٠٠٢ی زایینی**

# چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو

## پێشەکیی چاپی یەکەم

ئەمە بەرگی یەکەمی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز دەکەین. فەسڵی یەکەمی ئەم بەرگە پاش لێکدانەوەیەکی هەلومەرجی ئاخنراو لە رووداوی پێش سەردەمی دامەزرانی حیزب، پێویستیی مێژوویی پێکهاتنی حیزبێکی دێموکراتو شۆڕشگێڕ لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥ی زایینی)دا دەخاتە روو. فەسڵی دووهەم تەرخان کراوە بۆ باسی یەکێك لە لاپەڕە زێڕینەکانی رابردووی نەتەوەی کورد کە بریتی‌یە لە پێکهاتنو تەمەنی پڕ لە هەورازو نشێوی کۆماری خودموختاری کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٢٤و ١٣٢٥ (١٩٤٥ ـ ١٩٤٦)دا.

بەرگی دووهەمی ئەم کورتە مێژووە کە بریتی دەبێ لە چوار فەسڵ، باسی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵەکانی پاشەکشەی جووڵانەوە بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان دا، واتە دەورانی دوورودرێژی تێکۆشانی نهێنی دەکا کە ٣٢ ساڵی تەواوی خایاند. ئەم سەردەمە بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)دا کۆتایی دێ.

بەرگی سێهەمو دوایی کورتە مێژوو سێ فەسڵ دەبێ کە لە رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ەوە (١٩٧٩) تا چلەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب واتە گەلاوێژی ١٣٦٤ (١٩٨٥) دەگرێتەوە. ئەم بەشەی مێژووی حیزبی دێموکرات بێجگە لە چەند مانگ خەباتی ئاشکرا بریتی‌یە لە شەش ساڵ خەباتی چەکدارانەی خوێناوی کە ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

هیوادارین هەر لە ماوەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبدا، بەرگی دووهەمو سێهەمیش لە چاپ بدرێنو بگەنە دەستی خوێنەرانی بەڕێز.

ئەو پەراوێزانە کە (د)یان بە دواوەیە بیروڕای دانەری کتێبن. بە داخەوە بەهۆی لەبەردەست دا نەبوونی سەرچاوە، نەکرا لە هەموو جێگایەك ئیشارە بە ناوی نووسەرو لاپەڕو ساڵی چاپ بوونی سەرچاوەکان بکرێ.

لە نووسینی بەرگی یەکەم دا زۆر کەس یارمەتی‌یان داوم. سوپاس بۆ هاوڕێیانی بەڕێز کە دەست نووسەکەیان خوێندۆتەوەو گەلێك ڕێنوێنیی بەسوودیان داومێ. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو خوشكو برایانە کە لە ئامادەکردنی دەست نووس دا هاوکاری‌یان کردووم. سوپاسیش بۆ هەموو کارگێڕانی ئینتشاراتو تەبلیغاتی حیزب کە زەحمەتێکی زۆریان بۆ لە چاپ دانی ئەم کتێبە کێشاوە. بە بێ یارمەتیی هەموو ئەوانەی باسیان کرا، دەرچوونی بەرگی یەکەمی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ماوە کورتەو لەم هەلومەرجە دژوارەدا نەدەگونجا.

دیارە لە تەواوی ئەو لێکدانەوەو بیروباوەڕە کە لەم کتێبەدا هاتوە، تەنیا دانەر بەرپرسە.

داوامان لە خوێنەرانی بەڕێز ئەوەیە کە هەر بیروڕاو ڕێنوێنیو ڕەخنەو پێشنیارێکیان لەسەر بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە هەیە، بۆ تەبلیغاتو ئینتشاراتی حیزب یا ڕاستەوخۆ بۆ نووسەری بنێرن. پێشەکی سوپاسیان دەکەین.

**دانەر**

**گەلاوێژی ١٣٦٤**

تێبینی: لە چاپی دووهەمی بەرگی یەکەمدا هێندێ هەڵەی چاپی ڕاست کراونەتەوەو لە چەند جێگاش بۆ وردترو ڕوونترکردنی نێوەڕۆکی کتێبەکە دەستی تێوەردراوە.

**دانەر**

**جۆزەردانی ١٣٦٦**

چل ساڵ لە مێژووی حیزبێکی سیاسیدا ماوەیەکی کەم نیە. بە تایبەتی ئەگەر ئەم حیزبە لەو چل ساڵەدا ڕێبازی گشتیی خۆی بەرنەدابێ‌و توانیبێتی بە سەر زۆر تەنگوچەڵەمەدا زاڵ بێ‌و ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزترو بەنفووزتر بێ‌و ڕێك‌وپێکتر بەرەوپێش بڕواو لە ئامانجە گشتییەکانی خۆی نێزیك بێتەوە.

ناسین‌و ناساندنی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەلومەرجی ئێستای خەباتی ئێمەدا زۆر پێویستە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەتای هەیە، هەلومەرجی تایبەتی پێکهاتنی خۆی هەیەو هەروەها ڕێگایەکی دوورودرێژی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ. ناسین‌و ناساندنی مێژووی حیزب لە پێش هەموو شتێك دا بۆ ئەوەیە کە لە تاقیکردنەوەکانی خەباتی گەلەکەمان‌و حیزبەکەمان دەرس وەربگرین. ئەم دەرس وەرگرتنە دوو باری هەیە: لایەکی ئەوەیە کە خۆمان هەموو ئەو تاقیکردنەوە باشانە کە بە نرخێکی زۆر گران وەدەست حیزبەکەمان کەوتوون، لە دواڕۆژی خەباتمان دا بەکار بێنین، بەشێوەیەك کە مێژوو نەك هەر ڕابردووی حیزبەکەمان ڕوون بکاتەوە، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر ڕێنیشاندەری خەباتی دواڕۆژیشمان بێ. لای دیکەشی ئەوەیە کە لە دواڕۆژدا لەو هەڵەو لادانە خۆمان بپارێزین کە حیزب لە ڕابردوودا تووشیان بووە.

لە ماوەی ئەم چل ساڵەدا دوو نەسڵی تازە لە کوردستان پێ‌گەیشتوون، پێش ئەو دوو نەسڵەش نەسڵی دامەزرێنەرانی حیزب بوون کە بە داخەوە لەوانەی حیزبی ئێمەیان دامەزراندوە، چەند کەسێك نەبێ نەماون. ڕاستی ئەوەیە کە نەسڵی دامەزرێنەری حیزب ئێستا ڕۆڵێکی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا نیە. چونکە ژمارەیەکیان شەهید بوون، زۆریشیان هەر پاش تێك چوونی کۆماری کوردستان وازیان لە خەباتی سیاسی هێنا. ئەرکی ئەو نەسڵە هەر پێکهێنانی حیزب بووەو لە پاشان حیزبی بۆ نەسڵی دواتر بەجێ هێشتوە.

نەسڵی دووهەم ئەو نەسڵەیە کە لە دوای پاشەکشەی ساڵی ١٣٢٥ەوە (١٩٤٦) تا ئێستا، بڕبڕەی پشت‌و هێزی ئەسڵیی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. ئەو نەسڵەیە کە هەڵسووڕێنەرو بەڕێوەبەری حیزب تا شۆڕشی ١٣٥٧ (١٩٧٩) بووە. هەرچەند

بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ زۆر ئەندامو کادرو تەنانەت بەرپرێوەبەری تازەش هاتوون بۆ نێو حیزب، بەڵام هەتا ئێستاش ئەوە هەر نەسڵی دووهەمە کە رۆڵی ئەساسیی بەرێوەبردنی کاروباری حیزبی بە دەستەوەیە. ئەگەر نەسڵی دامەزرێنەر خۆی ئاگاداری هەلومەرجی دامەزرانی حیزبی بووە، ئەم نەسڵە، نەسڵی دووهەمو بەتایبەتی ئەوانەی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ هاتوونە ریزەکانی حیزبی دێموکرات کەمتر لە مێژووی رابردووی حیزبەکەیان ئاگادارن. بەڵام نەسڵێکی دیکەش هەیە کە نەسڵی تازەیە، ئەوانەی ئێستا تەمەنیان ٢٠ ساڵەو هاتوون بۆ نێو ریزەکانی حیزب زۆریان ئەندامی سادەنو یان پێشمەرگەن. ئەوانە ئاگادارییان لە مێژووی حیزب یەکجار زۆر کەمە. بۆیە گەلێك پێویستە کە مێژووی ئەو چل ساڵە تەنانەت بە کورتیش بێ، بخرێتە بەرچاوی هەردوو نەسڵو ئەندامانو لایەنگرانو گشت گەلی کوردو هەموو خەڵکی ئێران.

بیرەوەریی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی لە مێژووی ئەم حیزبە بدوێینو هەر نەبێ کورتەیەك لەم مێژووە پڕ هەورازو نشێوو خوێناوییە بخەینە بەرچاو کە جێگای شانازیی هەموو گەلی کوردە. دیارە مێژووی تەکمیلی حیزب دەبێ لە پاشان لە دەرفەتێکی باشتردا بنووسرێ. ئەوەیان کورتە مێژووە. مەبەست لە کورتە مێژو زیاتر لێکدانەوەی رابردووە، نە خستنە بەرچاوی رووداوەکانو فاکتەکان. مێژوو فاکتۆگرافی نیە. دانانی رووداوەکان لە پاڵ یەکترو ریزکردنی رووداوەکان نیە. مێژوو دۆزینەوەی پێوەندیی لە نێو رووداوەکانو نیشاندانی ئەوەیە کە ئەو رووداوانە چۆن پەرە دەستێنن. بە تایبەتی مێژوو راناوەستێو رانەوەستاوە. مێژوو دینامیزمی تایبەتیی خۆی هەیە، هێزی هاندەری هەیە.

مەبەست لە نووسینی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێش دا لێکدانەوەی بەسەرهاتی حیزبەکەمانو لێکدانەوەی وەزعو حاڵی چل ساڵی رابردووە. بۆ نووسینی مێژووی تەکمیلی حیزبەکەمان هەم زۆر کەرەستەو بەڵگەی دیکە پێویستە کە ئێستا لە هەلومەرجی خەباتی چەکدارانەدا بەدەستەوە نیە،و هەم ئەم مێژووە لە لایەن تاقە کەسێکەوە

نانووسرێ. مێژووی حیزبێکی خاوەن رابردووی وەك حیزبی دێموکرات، ئەگەر لە هەلومەرجی شۆڕشدا بنووسرێ، تووشی دوو کەموکوڕیی گەورە دەبێ:

یەکەم: لە زەمانی شۆڕشدا وەختو فەراغەت کەمەو کەم کەس دەتوانێ هەموو وەختو ئیمکانی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان بکا.

دووهەم: زۆر سەرچاوە کە لە هەلومەرجی ئاساییدا بە هاسانی دەست دەکەون، لە هەلومەرجی شۆڕشو بەتایبەتی لەسەر چیاکانی کوردستان دا کەمتر لەبەردەست دان. هەر لەبەر ئەمەش ئەوەی ئێمە وەك مێژووی کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەشی دەکەین، مێژووی تەواوو تەکمیلی ئەم حیزبە نیە. رەنگە ببێ بە سەرچاوە بۆ مێژوونووسان، کە لە دوارۆژدا مێژووی تەکمیلو تەواوی حیزب بنووسن. ئەوەی لێردا پێشکەشی خوێنەران دەکرێ، زیاتر وەك کۆمەڵە یادداشتێك لەسەر مێژووی حیزب دەچێ.

لە نووسینی مێژوودا دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە هەرچی لەو ماوەیە کە دەبێ لەسەری بنووسرێ دوور دەکەوینەوە گرینگیی رووداوەکان باشتر خۆ دەنوێنێ. هەتا خۆمان لە نێو مێژوو داین، هەتا خۆمان فاسیلەمان لە مێژوو نەگرتوە، ئەهمیەتی رووداوەکان بە تەواوی دیار نیە. بۆ نموونە کۆماری کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٢٤و ١٣٢٥ (١٩٤٥ ـ ١٩٤٦)دا بۆ ئێمە گرینگیيەکی مێژوویی هەیە، بەڵام رەنگە کەم کەس لەوانەی لە وەختی خۆیدا لە زەمانی کۆماری کوردستان لە نێو ئێمە یا لە نێو دەزگای کۆماردا کاریان دەکرد، ئەهمیەتی ئەم کۆمارە بەم جۆرە حاڵی بووبن کە ئەمڕۆ ئێمە لێی تێدەگەین.

بەڵام ئەم دوورکەوتنەوەیە زیانیشی هەیە. ئێستا کە پاش چل ساڵ دەمانهەوێ مێژووی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان بنووسین، زۆر شت لە بیر نەماوە، زۆر بەڵگە لە بەین چوون، زۆر کەم کەس لەوانە کە وەختی خۆی لە جووڵانەوەدا بەشدار بوون زیندوون. بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران دا لەبەر چەندین جار هێرشی پۆلیس بۆ سەر ئەندامانو لایەنگرانی حیزب زۆر بەڵگەی باش سووتێندراونو لە نێو چوون یان لە لایەن رێژیمی شاهەنشاهیيەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. بە شێوەیەك کە ئەگەر رۆژێك بمانەوێ بە تەواویو تەکمیلی مێژووی حیزبی دێموکراتی

کوردستانی ئێران بنووسین، ڕەنگە ئارشیوەکانی روکنی دووی ئەرتەش‌و ساواکی کۆن بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوەیەکی زۆر باش بن[1].

زۆر جار بێگانە لە سەر مێژووی کوردستان، لەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد نووسیویانە. هێندێك لەم نووسراوانە زۆر بەکەڵکن، بەڵام لەبەر نەزانینی زمان‌و نەناسینی وڵاتەکەو زۆر جاریش هەڵەو بێدیقەتی‌یان تێدایە. بۆیە ئەرکی سەرشانی رووناکبیران‌و خاوەن نەزەرانی حیزبی‌یە کە لە پێشدا بۆ خۆیان مێژووی حیزبی خۆیان بنووسن. ئەم کارە رەنگە ببێتە هۆی پێشگیری لە زۆر هەڵەو بێدیقەتی‌و هەروەها زۆر لێکدانەوەی نادروست‌و ناڕاست لەسەر رابردووی حیزبەکەمان‌و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەگشتی. بەرامبەر بەوە ئەگەر کوردێك بەتایبەتی ئەندامی حیزبیش بێ، مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بنووسێ، بێگومان ئەو مەترسی‌یەی تێدایە کە بێلایەنیی خۆی لە لێکدانەوەی رووداوەکاندا بە تەواوی نەپارێزێ. بەجێ‌یە ئەم مەسەلەیە روون بکرێتەوە کە بۆ رێزدانان لە زانست پێویستە رووداوەکان ئاوا کە روویان داوەو فاکتەکان ئاوا کە هەبوون بێنە گۆڕێ. لەم بارەوە نابێ دەسکاری بکرێن. لەوەدا بێلایەنی تەواو، ئەو بێلایەنی‌یە کە پێی دەڵێن "ئۆبژێکتیو" بوون دەبی بپارێزرێ. چونکە ئەگەر لە هێنانەگۆڕی رووداوەکان دا، ئۆبژێکتیو بوون نەپارێزرێ یا مێژوونووس بە کەیفی خۆی رووداوەکان بگۆڕێ، مێژوو باری زانستیی خۆی لە دەست دەدا. بەڵام لە لایەکی دیکەوە مێژوونووس کە کورد بێ‌و ئەندامی حیزبی دێموکراتیش بێ، ناتوانێ لایەنگری خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی‌و وەرگرتنی مافی چارەنووسی خۆی نەبێ. بۆیە بێلایەن بوون لە

---

١ـ لە بەسەرهاتی سەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکرات‌و پێکهاتنی کۆماری کوردستان کە بۆخۆم شاهیدیان بووم، تەنیا چەند رووداوی تایبەتیم لە بیرە کە لە جێگای خۆیدا ئیشارەیان پێ دەکەم. بەڵام چونکە لە بەهاریساڵی ١٣٣٢ەوە راستەوخۆ لە تێکۆشانی حیزبی‌دا بەشداریم کردووەو لە ئورگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزبییشدا مەسئوولییەتم هەبوە، لە هەموو رووداوە گرینگەکانی ٣٢ ساڵ مێژووی حیزب لە نیزیکەوە ئاگادارم. هیوادارم لە لایەکەوە ئەوە ببێتە عامیلێکی لەبار بۆ نووسینی ئەم کورتە مێژووەو لە لایەکی دیکەشەوە نەبێتە کۆسپی سەر رێگای لێکدانەوەیەکی رەخنەگرانە لە مێژووی تێکۆشانی حیزب. (د)

هێنانەگۆڕی ڕووداوەکانی مێژوودا ناتەبایی پێك ناهێنێ لەگەڵ لایەنگری لە خەباتی خەڵکی کوردستان کە لایەنگری لە حەقو ڕاستی‌یە.

مێژوو چیرۆك نیە، بۆیە ڕەنگە هێندێك جار نووسراوەکان وشك بێنە بەرچاو. مێژوو زانستە، زانستێکی کۆمەڵایەتی‌یە. ئەگەر بمانەوێ مێژوو پایەی زانستیی خۆی بپارێزێ، هەموو جارێ ڕەوانو سادە نانووسرێ. جا بۆیە هەرچەند زۆر هەوڵ دراوە کە مێژووی کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەوانو سادە بنووسرێ، بەڵام جاری وا هەبووە پێویست بووە ڕەوانیو سادەیی فیدای زانستی‌بوونو وردبوون بکرێ.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژووی چەند بەڕێوەبەرو چەند کادرو ئەندام نیە. مێژووی سەدان هەزار ئەندامو هەزاران شەهیدە. لەڕاستی‌دا مێژووی هەموو خەڵکی کوردستانە. چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەڵکی کوردستانو خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات جیا ناکرێنەوە، لەمەش زیاتر مێژووی حیزبی دێموکرات بەشێکی بەرچاوی مێژووی سەرانسەری ئێرانە. گوتمان کە مێژوو دینامیزمی هەیە، هێزی هاندەری هەیە. هێزی هاندەری مێژوو کۆمەڵانی خەڵکن. بۆیە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاستی‌دا مێژووی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ ئازادیو وەرگرتنی مافی ڕەوای خۆیان.

ئەم مێژووە قارەمانی زۆرە: هەزاران شەهیدی نەمر کە گیانی خۆیان لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەیان دا بەخت کردوە، سەدان ڕۆڵەی فیداکار، کە ساڵەهای ساڵ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حیزبی زەحمەتیان کێشاوە، زۆرجار بە مانگو بە ساڵ کاری نهێنی‌یان لە شارەکان کردوەو یان لە گوندەکانو چیاکانی کوردستان بێ‌وچان لە هاتوچۆدا بوون، هەزاران ڕۆڵەی نەبەز کە دەیان ساڵ لە زیندانەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهیو ڕێژیمی خومەینی‌دا تووشی ئەشکەنجەو ئازار بوون، ئەوانە هەموو قارەمانی حیزبەکەمانو گەلەکەمانن. بەڵام مێژووی چل ساڵ خەبات یەك قارەمانی ئەسڵیی هەیە کە لە سەرەتاوە تاقەسواری مەیدانی خەباتە، هەورازو نشێوی زۆر دیوە، تاڵو سوێری زۆر چێشتوە، تووشی شکست بووە، بەڵام ناهومێد نەبووە، سەرکەوتوو بووە، بەڵام لە خۆبایی نەبووە، کۆڵنەدەرانە درێژەی بە خەبات داوەو ئێستاش هەر سوارچاكو یەکەم

قارەمانی مەیدانی خەباتە. قارەمانی هەموو قارەمانەنانی سەرانسەری ئەم مێژووە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

## دامەزرانو گەشەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### ١ـ ئاوڕێك بۆ سەر وەزعی گشتیی کوردستانی ئێران

کوردستانی ئێران بە چوار ئوستانی ڕۆژئاوای ئێران دەگوترێ کە بریتین لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشانو ئیلام. دەوڵەتی ئێران بە ڕەسمی هەر ئوستانی کوردستان کە ناوەندەکەی سنەیە بە کوردستان ناو دەبا. پێوانەی کوردستان ١٢٥/٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە، کە دەکاتە سەدی هەشتی (٨٪) خاکی ئێران. ژمارەی دانیشتووانی کوردستان ٧ میلیۆنە، کە حەڤدە لە سەدی هەموو دانیشتوانی ئێرانە. لەو ٧ میلیۆنە ٣ میلیۆن لە شارەکان دەژین.

لە زەمانی پێکهاتنی کۆماری کوردستان دا، ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی ئێران ٣ میلیۆن کەس بووە، کە لەوانە ٣٠٠/٠٠٠ نەفەریان لە شارەکان ژیاون. لە ماوەی چل ساڵدا ژمارەی دانیشتوانی شارەکان دە هێندە زیادی کردوەو هێندێك شاری زۆر گەورە لە کوردستان پەیدا بوون. ئەمڕۆ شاری کرماشان لە یەك میلیۆن زیاتر دانیشتووی هەیە. لە بەراورد لەگەڵ نێونجیی گشتیی ئێران ژمارەی دانیشتووانی کوردستان نیسبەت بە خاکەکەی زیاترە. ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) هەر کیلۆمیتری چوارگۆشەی کوردستانی ئێران ٢٤ کەسی لێ بوون. ئێستا لە هەر کیلۆمیتری چوارگۆشەدا ٥٦ کەس دەژین. لە حاڵێکدا ئەم ڕەقەمە بۆ سەرانسەری ئێران ٢٥ کەسە.

هەوای کوردستانی ئێران وشکارۆیە چونکە لە دەریا دوورە. ئاوی بە نیسبەتی بەشەکانی دیکەی ئێران زیاترەو ئاووهەوای کوێستانیو سالمترە. کوردستانی ئێران وڵاتێکی شاخاوییەو زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس لە ئاراراتەوە دەست پێدەکاو تا پشتکۆ درێژە هەیە. لە بەشی سنووری ئێرانو عێراق دا زۆر لە شاخەکان لێڕەوارن. بەداخەوە بە درێژایی مێژوو کەس ئاگای لەو لێڕەوارانە نەبووە. چونکە خەڵکی کوردستان ئاوردووی دیکەیان نیە، دارەکانی ئەم لێڕەوارانە

دەسووتێننو لە نێویان دەبەن. بەم شێوەیە سامانێکی یەکجار زۆر بەنرخی وڵاتەکەمان خەریکە لە بەین بچێ.

لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)دا پتر لە سەدی ٩٥ی دانیشتووانی کوردستانی ئێران نەخوێندەوار بوون، نەخوێندەواری لە نێو ژنان دا سەدی سەد بوو. ئێستاش پاش چل ساڵ پیاوان سەدی ٦٠و ژنان سەدی ٧٥یان نەخوێندەوارن، رادەی نەخوێندەواری لە نێو ژنانی لادێدا ئێستاش دەگاتە ٩٥ لە سەد.

بە پێی ئاماری بیست ساڵ لەمەوبەر، لە کوردستان بۆ هەر ٥٠/٠٠٠ کەس یەك پزیشك هەبووە. ئێستا وەزع لەمە باشتر نیە. چونکە زۆر لە پزیشکەکان کوردستانیان بەجێ هێشتوەو بۆ دەرەوەی وڵات رۆیشتوون. ئێستاش هەروەك چل ساڵ لەمەوبەر زۆربەی گوندەکانی کوردستان بێ دوکتورو دەرمانن.

وەرزێری بەشی هەرە ئەسڵیی ئابووریی کوردستانە. سەنعەتی مۆدێرن لە کوردستاندا زۆر کەم گەشەی کردوە. سەدی هەشتای داهاتی کوردستانی ئێران لە وەرزێرییەوەیە، کە بەشێکی بەرچاوی ئەم داهاتە بەرهەمی ئاژەڵدارییە. لە هەموو پێوانەی کوردستان پێنج میلیۆن هێکتاری کێڵگەیە کە دەبێتە چل لە سەدی هەموو خاکەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا تەنیا ٢٤ لە سەدی کێڵگەکان یانی یەك میلیۆنو دووسەد هەزار هێکتار دەکێڵرێ کە لە سەدی دەی هەموو پێوانەی کوردستانی ئێران کەمترە. لە سەردەمی پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ٧٨ لە سەدی زەوی بەدەست خاوەن مڵکە گەورەکانەوە بوو، لە حاڵێك دا جووتیاران تەنیا خاوەنی ٨ لە سەدی زەوی بوون. زیاتر لە ٦٠ لە سەدی خێزانە جووتیارەکان نە کەمو نە زۆر زەوییان نەبووو ٢٣ لە سەدیان کەمتر لە هێکتارێکیان زەوی بەردەکەوت، بەڵام لە هەمان کاتدا ٥٦ لە سەدی زەوییەکان بە دەست یەك لە سەدی دانیشتووانی لادێ واتە مالیکە گەورەکانەوە بوو. وەزعی مڵکداری لادێی ئەو وەختە لەوەڕا دەردەکەوێ کە نیزیکەی چل لە سەدی هەموو زەوییەکان بە دەست کەمتر لە دوو هەزارەمی دانیشتووانی لادێوە بوو. ئەوانە مالیکە گەورەکان بوون کە هەرکامیان جاری وابوو لە دە تا سەد دێیان هەبوو.

کوردستانی ئێران ئێستاش هەر ناوچەیەکی پاشکەوتووە لە نێو ولاتێکی پاشکەوتوودا. لەگەڵ ئەوە کە ئیمکانی تەبیعیو ئینسانیی پێشکەوتنی کوردستان زۆرە، سامانی ژێرزەوی زۆر کەم دەستی لێدراوەو لەم بارەوە دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستانی ئێراندا هیچی نەکردوە، بەشێوەیەك کە تا ئێستا کوردستانی ئێران رەنگە تەنیا لە یەك دوو بەشی دیکەی ئێران وەك بەلووچستان زیاتر پەرەی ئەستاندبێ. کوردستان چ لە باری پلەی پێشکەوتنەوەو چ لە باری تەرکیبی چینایەتی‌یەوە سەردەمی دەرەبەگایەتیی بەجێ هێشتوەو ئێستا تەنیا شوێنەوارو هێندێك رێوڕەسمی ئەم سەردەمە لە کوردستاندا بەدی دەکرێ.

ئابووریی کوردستان وەك هەموو ئێران پێی ناوەتە قۆناخی سەرمایەداری. بەلام سەرمایەداری لە کوردستان لە بورژوازیو وردە بورژوازیی بازرگانی‌دا خۆی دەنوێنێ. چونکە سەنعەت پێش نەکەوتووەو بەتایبەتی سەنعەتی مۆدێرن لە کوردستان دا پەرەی نەگرتوە، بۆیە نە بورژوازیی سەنعەتیو نە پرۆلیتاریای سەنعەتی لە کوردستان دا پەرەیان نەستاندوەو هەر لەبەر ئەوەش رۆڵی ئابووریو سیاسی‌یان زۆر کەمە. زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردستان بریتین لە زەحمەتکێشانی شارو دێ. لە شارەکان چینو توێژی نێونجی واتە وردەبورژوازی زیاترن.

لە قۆناخی ئێستای خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادیو وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی‌دا هەموو ئەو چینو توێژانە بەشدارن. راستی ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێران چینێکی بەهێزی ئەوتۆ نابینرێ کە دژی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بێ. رەنگە تاكو ترا لەملاو لەولا کەسانێك هەبن کە سەر بە چینێکی تایبەتی بنو دژایەتی لەگەڵ جوولانەوەی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان بکەن. بەلام وەك چین، وەك هێزێکی کۆمەلایەتی، دیاردەیەکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێو هەر لەبەر ئەوەشە کە ئامانجی دێموکراسیو خودموختاری لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بەگشتی پشتیوانیی لێ دەکرێو رێژیمی کۆنەپەرستی مەرکەزی لە کوردستان دا بە تەواوی تەریكو تەنیا ماوەتەوەو خەلکی کوردستان بە هیچ جۆر ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ئەم رێژیمە نین.

۲ـ هەلومەرجی نێوخۆییو نێونەتەوەیی

شەڕی چاڵدران نوختە گۆڕانێکی گرینگە لە مێژووی نەتەوەی کورددا. لەم شەڕەدا کە رۆژی **٢٣**ی ئووتی ساڵی **١٥١٤** بەرامبەری یەکی خەرمانانی **٩٢٠**ی هیجری قەمەری لە نێوان لەشکری سوڵتان سەلیمی عوسمانیو شا سمایلی سەفەویدا رووی دا، کوردەکان یارمەتیی سوڵتان سەلیمیان کرد. لە ئاکام دا لەشکری شا سمایلی سەفەوی شکاو ئەو شکانە بوو بە سەرەتای دابەش بوونی کوردستان لە نێوان ئێرانو ئیمپراتۆریی عوسمانیدا.[1]

پاش شەڕی چاڵدران، هەر دوو دەوڵەت بەرەبەرە بەرەو پێکهێنانی دەسەلاتێکی بەهێزی مەرکەزی رۆیشتن کە ئەمە بۆخۆی بوو بە هۆی بەرهەڵستیی کوردەکان کە ئامادە نەبوون دەسەلاتی حکوومەتی مەرکەزی بە هاسانی قبوول بکەن. لە ساڵی **١٦٠٨**دا راپەڕینو بەرهەڵستیی خانی لەپ زێڕینی برادۆست لە قەلای دمدم رووی دا کە چەند سەد ساڵە حەماسەکەی بۆتە ئەفسانەیەك لە قارەمانەتیو لەخۆبووردوویی لە مێژووی نەتەوەی کورددا. ئەم بەربەرەکانێیە لە لایەن شا عەبباسی سەفەوییەوە سەرکوت کرا. لە پاشان لەشکری قزلباش دانیشتووانی کوردی ناوچەی رۆژئاوای ورمێی قەلاچۆ کرد.

ساڵی **١٦٣٩** شا عەبباس پەیمانێکی لەگەڵ سوڵتان موڕادی عوسمانی بەست. بە پێی ئەم پەیمانە، دابەش بوونی کوردستان رەسمییەتی پەیدا کردو لەو کاتەوە تا ئێستا کە **٣٥٠** ساڵی لێ رادەبرێ، سنووری ئەم بەشەیکوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دا ماوەتەوەو گۆڕانێکی زۆری بەسەردا نەهاتوە.[2]

لە ماوەی ٤٧٠ ساڵدا کە لە شەڕی چاڵدران تێپەڕیوە، کورد لە ئێران دا هەموو وەختێك دژی دەسەلاتی پێتەخت کە لە پێش دا ئیسفەهانو لە پاشان تاران بوو، بەربەرەکانیی کردوەو تا

---

[1]- هەرچەند کوردەکان کە زۆربەیان مەزهەبیان سوننی بوو، بەگشتی یارمەتیی سوڵتان سەلیمی عوسمانییان دا، بەلام هێندێك لە کوردەکانی ئێران لە ریزی لەشکری سەفەویدا دژی عوسمانییەکان شەڕیان کرد. لەوانە سارووبیرە لە هەموان زیاتر بەناوبانگە کە راوکەرێکی بانەیی بووو شا سمایلی لەگەڵ خۆی بردبوو. سارووبیرە لە چاڵدران شەڕێکی قارەمانانەی کردو هەر لەوێش کوژرا.(د)

[2]- پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، ئیمپراتۆریی عوسمانی لێك بلاو بووو کوردەکانی عوسمانی لە نێو سێ دەوڵەتی تورکیە، عێراقو سووریەدا دابەش کران. هەروەها هێندێ لە کوردەکانیش کەوتنە خاکی یەکیەتیی سۆڤیەتی.(د)

نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم توانیویەتی سەربەخۆیی و خودموختاریی خـۆی بپـارێزێ. دوا حکوومەتی کورد لە ئێران حکوومەتی بنەماڵەی ئەردەڵان بوو کە پێتەختیان سنە بووو تا ساڵی ١٨٦٥ واتە تا ١٢٠ ساڵ لەمەوبەر خودموختاری خۆیان پاراستبوو.

یەکێك لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی کورد لە ئـاخری چـەرخی نـۆزدەدا سـاڵی ١٨٨٠ دەسـتی پێکرد. ئەم ڕاپەڕینە بە ڕاپەڕینی شـێخ عوبەیـدوڵڵای نـەهری بەناوبانگـە، کـە بەڕێوەبـەرێکی ئایینی و شەخسیەتێکی بەنفووزی سیاسی بووە. شێخ عوبەیدوڵڵا توانی تەواوی ناوچەکانی بەینی دەریاچەی ورمێ و وان ڕزگار بکا. ئەوە یەکەم ڕاپەڕینی کورد بوو کە بـۆ مەبەسـتی پێکهێنـانی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردستان هەوڵی دەدا. ئەم ڕاپەڕینـە بـە هاوکـاریی دوو لەشـکری ئێـران و تورك سەرکوت کرا. بەڵام هەستی نەتەوەیی بووژاندەوەو تەئسـیرێکی زۆر بەرچـاوی کـردە سـەر پتەوتربوون و یەکگرتووبوونی نەتەوەی کورد.

لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ لـە نێـوان لەشـکرەکانی بەشدار لەم شەڕە بەتایبەتی لەشـکری عوسمـانی و لەشـکری رووس دا. تورکـەکان بـۆ کزکردنـی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد هەوڵیان دا هەستی ئایینی بـە دژی ئەوانـەی غـەیری موسـوڵمان بوون، وەك رووس و ئەرمەنی هان بدەن. ئەوە بوو کە توانیشیان بەشێك لە عەشـیرەتە کوردەکـان بکەن بە داردەستی خۆیان کە لە قەڵاچۆکردنی ئەرمەنییەکاندا بەشدارییان بکەن.

دانیشتووانی کوردستانی ئێران زۆر جار تووشـی تـاڵان و کوشـتاری لەشـکرەکانی عوسمـانی و رووس بوون. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی وڵاتێکی وێرانکراو، خـەڵکێکی دەربـەدەرو مانـدووو هەژار کە تووشی قاتی و نەخۆشی ببوو، بەجێ ما.

پاش ئەم شەڕە ئیمپراتۆریی عوسمانی لێـك بـڵاو بـووو ئـەم ڕووداوە بـوو بـەهۆی ئـەوە کـە کوردەکانی تورکیە بتوانن دەرەتانێك بۆ وەرگرتنی ئازادی و سەپاندنی مەوجوودییـەتی نەتـەوەیی وەدەست بێنن. بە شێوەیەك کە لـە سـاڵی ١٩٢٠دا "پـەیمانی سـێور" مـافی گـەلی کـورد لـە تورکیەی بەڕەسمی ناسی و حەقی خودموختـاری و تەنانـەت سەربەخۆییشـی بـۆ قایـل بـوون. لـە عێراقیش بەهۆی شێخ مەحموودی حەفیدەوە کە بەڕێوەبەری جووڵانەوەی ئەودەم بوو، ڕاپەڕینێکی بەرینی نەتەوەیی بەرپا بوو. ئەو ڕووداوانە لە کوردستانی ئێرانیش دا بێتەئسـیر نـەبوون و بـوون

بەهۆی ئەوە کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٢٢دا سمکۆ (سمایل ئاغا) سەرۆك عەشیرەتی شکاك تەواوی ناوچەی شیمالی کوردستانی ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیو سەربەخۆیی رابگەیەنێ. بەرنامەیەکی کوردی کە داخوازەکانی جووڵانەوەی گەلی کوردی تێدا فورموولە کرابوو لە ورمێ بڵاو بۆوە. سمکۆ بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد ساڵی ١٩٢٣ چوو بۆ سلێمانیو چاوی بە شێخ مەحموود کەوتو هەوڵیان دا پێکەوە جووڵانەوەی کورد لە هەردوو وڵات رێك بخەنو ئامانجەکانیان یەکگرتوو بکەن.

لە ساڵی ١٢٩٩دا (سەرەتای ١٩٢١ی زایینی) پاش کودیتایەکی نیزامی کە بە یارمەتیی بریتانیا هاتە دی، رەزاخان هاتە سەرکارو ساڵی ١٣٠٤ (١٩٢٣) لە تاران خۆی بە شاو دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی ناساند. جووڵانەوەی سمکۆ کە تا ساڵی ١٣٠٩ هەر مابوو، ببوو بە کۆسپێك لەسەر رێگای رەزاخان کە دەیهەویست دەسەڵاتێکی بەهێزی مەرکەزی لە ئێران دا پێك بێنێ. بۆیە پاش دانانی پیلانێك لە رۆژی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٩ (١٩٣٠ی زایینی)دا سمکۆ لە لایەن سەرهەنگێکی لەشکری ئێرانەوە بۆ وتووێژ بانگ کرایە شاری شنۆو ناجوامێرانە کوژرا.[1]

راپەڕینێکی دیکە ساڵی ١٣١٠ لە جنووبی کوردستان لە لایەن جافر سوڵتانەوە بەڕێوە چوو. ئەو راپەڕینە دەوڵەتی مەرکەزیی زۆر ترساندو هەر لەبەر ئەوەش بوو کە رەزاشا لەشکرێکی زۆری بۆ سەرکوت کردنی ناردو بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە سەرکوتی کرد.

حەمە رەشیدخانی بانە لە ساڵی ١٣٠٣وە تا ١٣٠٩ هێندێك عەمەلیاتی نیزامی لە ناوچەی بانە دژی لەشکری ئێران دەست پێکرد. ئەم عەمەلیاتە هەروەك راپەڕینەکەی جافر سوڵتان باری عەشیرەتیی هەبووەو زیاتر دژایەتی لەگەڵ پەرەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیی تێدا بەدی دەکرا. لە ساڵی ١٣٠٩دا حەمە رەشیدخان شکاو پەنای بۆ عێراق برد.

---

١ـ سمکۆ لە ماوەی راپەڕینی خۆیدا تووشی چەند هەڵەی گەورە بوو کە یەکێك لەوانە کوشتنی بەڕێوەبەری ئاسۆرییەکانی ناوچەی ورمێ مارشیمۆن لە مانگی رەشەمەی ١٢٩٦ (بەرابەری فێوریەی ١٩١٨)دا بوو کە بەم جۆرە ئاسۆرییەکانی کرد بە دوژمنی خۆی. (د)

ڕێژیمی شاهەنشاهی بەرەبەرە توانی دەسەڵاتێکی بەهێز لە تاران پێک بێنێو بێجگە لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕینەکانی کوردستان بەرهەڵستیی هەموو گەلە زۆرلێکراوەکانی دیکەی ئێران لە لۆڕستانو بەلووچستانو خووزستانو تورکمەن سەحراو ئازەربایجان لە نێو بەرێو ئێران بکا بە بنکەیەك بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیس لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی رەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆوینیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیمی پەهلەویو گەلانی غەیرە فارسی ئێران خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی. بۆ لە نێوبردنی شوێنەواری نەتەوەییو مێژووو فەرهەنگی ئەم گەلانە بەرنامەیەکی داڕێژراو درێژخایەن بەڕێوە دەچوو کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەست تێوەردانی مێژووی کۆنو نوێ، گۆڕینی ناوی شارو گوندەکان، قەدەغەکردنی گەلێك ڕێوڕەسمی نەتەوەیی، تەنانەت لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی، هەموو بۆ ئەوە بوو کە نیشان بدرێ لە ئێران دا تەنیا تاقە نەتەوەیەك هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە. شیعرەکانی باباتاهیر شاعیری بەناوبانگ کە بە زاراوەی کۆنی لۆڕی نووسراون، لە لایەن بەناو زانایانی ئەدەبەوە دەست تێوەردرانو کران بە فارسی، ڕەشیدی یاسەمی بە ئەمری وەزارەتی فەرهەنگ کتێبێکی نووسی بەناوی "کُرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او"، بۆ ئەوە ئیسپات بکا کورد نەتەوەیەکی جیاواز نینو فارسن. لەبەر دەرگای هەموو کلاسی قوتابخانەکانو ژووری ئیدارەکان نووسرابوو: "فارسی سخن بگویید" واتە "بە فارسی قسە بکەن". بەڵام هەستی کوردایەتی لە کوردستانو لە دڵی هەموو کوردێك دا ئەوەندە بەهێز بوو کە سیاسەتی رەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەك هی مستەفا کەماڵ لە تورکیە بە تەواوی پووچەڵ بوو.[1]

بەرامبەر بەو هەموو زوڵمو زۆرە لە هێندێك ناوچەی کوردستانی ئێران ڕاپەڕینی عەشیرەتەکان ساز بوو.

ڕاپەڕینی مەحموودخانی کانیسانان ساڵی ١٣٠٥ لە ناوچەی مەریوان دەستی پێکرد. ئەم ڕاپەڕینە نێوەرۆکی سیاسیی نەبوو، زوو سەرکوت کراو مەحموود خانیش پەنای بۆ عێراق برد. لە

---

١ـ "ئەگەر دەرسێکی بێئەملاو ئەولا لە مێژووی کورد وەربگیرێ ئەوەیە کە تواندنەوەی ئیحتمالی نیە."
Colonel W.G Elphinston: The Kurdish question (Affairs. Jan. 1946)

ساڵەکانی ۱۳۰۷و ۱۳۰۸دا عەشیرەتی مەنگوڕ لە دەوروبەری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی مەلا خەلیل دژی سەرەڕۆیی دەوڵەتی مەرکەزیو بەتایبەتی قەدەغەکردنی جلوبەرگی کوردی راپەڕی. مەلا خەلیلو هێزە چەکدارەکەی چەند شەڕی گەورەیان لەگەڵ لەشکری ئێران کرد، بەڵام راپەڕینەکەیان لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۰۸دا سەرکوت کرا. لە ناوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت بە سەرۆکایەتیی کوێخا ئەمەر (ئەمەر پاشا) راپەڕینێکی دیکە ساز بوو کە ئەویش بەهۆی لەشکری ئێران تێك شکێندرا.

ساڵی ۱۳۰۹ لە پێوەندی لەگەڵ راپەڕینی ئارارات دا کە بە سەرۆکایەتیی ئێحسان نووری پاشا بەڕێوە دەچوو، راپەڕینی عەشیرەتەکانی جەلالی بە سەرۆکایەتیی بیرهوو فەرزەندە پێك هات کە تا ساڵی ۱۳۱۰ بەردەوام بووو پاش تێکچوونی راپەڕینی ئارارات بە هاوکاریی دوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیە سەرکوت کرا. بیرهو لە کاتی راپەڕینی ئارارات دا شەهید بووو خەڵکی ناوچە سروودێکیان بۆ دانا کە بەم شێوەیە بوو:

دی رابە بیرهو دی رابە　　　　ئارارات بۆچی هێشتت خەرابە

زوڵمو زۆری ژاندارم کە ئەو کاتە ئەمنیەیان پێ دەگوت، کۆمەڵانی خەڵکی گوندەکانی کوردستانی هەراسان کردبوو. ئەمنیەکان بە دزی لە ماڵی جووتیارانی کورد فیشەكو ماڵی قاچاغیان دەشاردەوەو پاش پشکنینو "دیتنەوەیان" بەرتیلو جەریمەیان لێ دەستاندن.

زەمانی رەزاشا ئەمنیە لە گوندەکانی کوردستان حاکمی موتڵەق بوو. خۆی بە خاوەنی گیانو ماڵو ناموسی خەڵك دەزانی، قانوون ئەوە بوو کە ئەمنیە دیاریی دەکرد.

لاوانی کوردستانیان بەزۆر بۆ سەربازی بەرێ دەکرد. خەڵکی کوردستان بە حەق ناوی خزمەتی سەربازی نابوو ئیجباریو گۆرانییشی بۆ دانابوو. گۆرانییەکی زۆر بەناوبانگ کە لە پێش دا ژیانی پڕ کوێرەوەریی سەربازیی دەخستە بەرچاو:

مانگی حەوت قڕان، رۆژی چوار شایی
چ بدەم بە قەندو چ بدەم بە چایی

و لە پاشان رقو بێزاریی خەڵکی بەرامبەر بە رێژیمی پەهلەوی نیشان دەدا:

کۆڕم گەورە کرد بە قەندی شاری　　　　رەزاشا بردی لە بۆ ئیجباری

زۆر جار خەڵکی ئاسایی لەو هەموو زوڵمو زۆرە وەگیان دەهاتن، مەئموورێك یا ئەمنیەیەکیان دەکوشتو رایان دەکردو یا حازر نەدەبوون سەبازی بکەن، قاچاخ دەبوونو وەشاخی دەکەوتن.

بە هەزاران کەس لە ناوچەکانی کوردستان بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران تەبعید کران، زۆریان رەوانەی زیندانی بەناوبانگی قەسری قەجەر کران. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لە رێژیمی رەزاشای پەهلەوی بێزار بوون، ئەو بێزارییەیان بە ئاشکراو بە توندی لە ۳ی خەرمانانی ساڵی ۱۳۲۰ (۱۹٤۱)دا دەربڕیو لە ماوەی چەند رۆژاندا هەزاران سەربازو ئەمنیەیان چەك کردو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانو بەتایبەتی لە گوندەکان بە کردەوە کۆتایییان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی هێنا.

کە شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد، رەزاشا بەرەبەرە خۆی لە ئاڵمانی نازی نیزیك کردەوەو وەزعێکی ئەوتۆ پێك هات کە ئێران بوو بە مەیدانی هاتوچۆو نفووزی جاسووسو پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلەری. پاش ئەوە کە ئاڵمان لە هاوینی ساڵی ۱۹٤۱ی زایینیدا هێرشی کردە سەر یەکیەتیی سۆڤیەتی، بەکردەوە جەبهەیەکی گەورە لە دەوڵەتە گەورەکان، لە یەکیەتیی سۆڤیەتو ئەمریکاو ئینگلستان دژی ئاڵمانو ئیتالیاو ژاپۆن کە وڵاتەکانی میحوەر بوون، پێك هات. پاش وتووێژ ئەم سێ دەوڵەتە ئێرانیان بۆ ئەوە هەڵبژارد کە هەم نفووزی ئاڵمانی نازی لەم وڵاتە خاشەبڕ بکەنو هەم لەوێڕا بتوانن یارمەتییو بەتایبەتی چەكو تەقەمەنی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی بنێرن. بۆ ئەوە بڕیاریان دا کە لە رۆژی ۳ی خەرمانانی ۱۳۲۰ (۲۵ی ئووتی ۱۹٤۱)دا لەشکری سوور لە شیمالەوەو لەشکری ئەمریکاو ئینگلیس لە جنووبەوە ئێران داگیر بکەن. رێژیمی دیکتاتۆریی رەزاشا نەیتوانی چووکترین بەربەرەکانییەك بەرامبەر بە هاتنی لەشکری هاوپەیمانەکان بکاو تێك رووخا. کۆنترۆڵی جنووبی وڵات کەوتە دەست ئینگلیسو ئەمریکاو کۆنترۆڵی شیمال کەوتە دەست یەکیەتیی سۆڤیەتی. بە تێکچوونی دیکتاتۆریی رەزاشا هێندێك ئازادیی دێموکراتی لە ئێران دا پەیدا بووو حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوەو پەرەیان گرت. پاش بیست ساڵ دیکتاتۆری، ئێران رووی ئازادیی بە خۆیەوە دی.

لە کاتێك دا کە بەشی جنووبی کوردستانی ئێران لە لایەن لەشکری ئەمریکاو ئینگلیسەوە داگیرکرابوو، لە بەشی شیمالی تا شاری ورمێ لەشکری سوور جێگیر ببوو.

ناوچەی مەهاباد لەو وەزعە دوور بوو، واتە نە وڵاتە ڕۆژئاوای‌یەکان لەشکریان تێدا جێگیر کردبووو نە لەشکری سوور. بەم شێوەیە وەزعێکی تایبەتی لە ناوچەی مەهاباد خولقابوو. لە لایەکی دیکەوە مەهابادو دەوروبەری رابردوویەکی دوورودرێژیان لە جووڵانەوەی نەتەوەی کورددا هەبوو. ئەوە بوو کە یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بەناوی "کۆمەڵەی ژ ـ ك" یان "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" لە ناوچەی مەهاباد پێك هات. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە یازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ (١٦ی ئووتی ١٩٤٢) لە مەهاباد کۆبوونەوەو کۆمەڵەی ژ ـ ك یان پێك هێنا کە ئامانجی رزگاریی نەتەوەی کورد بوو.[1]

کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نهێنی بووو وادیارە هەر لە سەرەتاوە لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەدا کوردی عێراق بەشدار بوونو نوێنەرانی ئەوان "میرحاج ئەحمەد" کە ئەفسەرێکی لەشکری عێراق بوو، لە لایەن حیزبی هیواوە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ ـ ك دا ئامادە بووە. حیزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩ لە لایەن چەند رووناکبیری کوردی خەڵکی سلێمانی بە سەرۆکایەتیی رەفیق حیلمیو مەحموود جەودەتەوە دامەزرابوو. دامەزرانی کۆمەڵە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا دیاردەیەکی نوێ بوو. چونکە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو کە لە لایەن خەڵکی ئاسایی‌یەوە پێك دەهات. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە چینو توێژەکانی نێونجیی مەهاباد بوون کە دەکرێ پێیان بگوترێ وردە بورژوازی. ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵە، ڕێوڕەسمی کۆنیان شکاندو ئەم جارە سەرۆکایەتی یا بەڕێوەبەری جووڵانەوەیان نەدایە دەست شێخێكو ئاغایەكو دەرەبەگێك.

بەڵام هەرکەس کە دەبوو بە ئەندامی کۆمەڵە، دەبوا سوێندی خواردبا کە خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکا، بۆ رزگاریی نەتەوەی کورد تێبکۆشێو نهێنی‌یەکانی کۆمەڵە نەباتە دەرێ،

---

١- دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ ـ ك ئەم یازدە کەسە بوون: حوسێنی فرووهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەدبولقادر مودەڕریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەممەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سەدیقی حەیدەری، قاسمی قادری.(د)

هەموو کوردێك بە ژنو پیاوەوە بە خوشكو برای خۆی بزانێو بە بێ بڕیاری کۆمەڵە نەچێتە هیچ ڕێکخراوو حیزبێکی دیکەوە. تێکۆشـانی کۆمەڵـەی ژ ـ ك، تـەرکیبی ئـەو کاتـەیو هـەروەها بەرنامەکەی (دیارە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی نەبوو، بەڵام هێندێك مەبەسـتی بۆخـۆی دانـابوو)و شێوەی ڕێکخستنی هەموو نیشانەی ئەوەن کە کۆمەڵە لە لایەکەوە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیسـت بووو، واتە بۆ کوردایەتیی رووت هەوڵی دەداو، لە لایەکی دیکەشـەوە ڕێکخراوێکـی سـیکتێرو داخراو بوو. هەر بۆیە نەیدەتوانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵك بۆلای خۆی رابکێشـێ، بـەڵکوو وەك ڕێکخراوێکی نهێنی لە چوارچێوەیەکی تەسکی چەند کەسی یان چەند سەد کەسیدا مایەوە.

لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ (ئاوریلی ١٩٤٣)دا کۆبوونەوەیـەکی بـەرین لـە ئەنـدامان پێـك هات، کە وەك کۆنگرەی کۆمەڵەی ژ ـ ك دەچوو. لەم کۆنگرەیەدا کـە لـە شـاخی خوداپەرەسـت کۆبۆوەو نیزیکەی سەد کەسی تێـدا بەشـدار بـوون، بڕیـار درا کـە کۆمەڵـە بـیروڕای خـۆی لـە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە. ئەوە بوو کە دەست کرا بـە بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری "نیشـتمان". کـە سەیری نووسراوەکانی گۆڤاری "نیشتمان" دەکەین، هێندێ شت نیشانەی ئەوەیـە کـە کەسـانێك کە لـە سـەرەتاوە کۆمەڵـەی ژ ـ ك یـان پێـك هێنـاو بـەڕێوەیان بـرد، بـە باشـی لـە وەزعـی نێونەتەوەیی، سیاسەتی دەوڵەتان لە خەباتی گەلان بۆ رزگاری ئاگادار نەبوون.

لە گۆڤاری "نیشتمان"دا دەوڵەتی بریتانیا نەك هەر بە دۆستی کـورد دادەنـێن، بـەڵکوو بـە ئاڵاهەڵگری ئازادیی هەموو گەلانو هەروەها گەلی کوردی دەناسـێنن. دیـارە بەڕێوەبەرییـەکی سیاسی کە داوای رزگاریی نەتەوەی کورد دەکا، بەڵام دەیهەوێ ئەم داوایە بە یارمەتیی بریتانیای گەورە جێبەجێ بکا کە گەورەترین دەوڵەتی ئیستیعماری بوو، هیچ نـەبێ، سـەری لـێشێواوە. بێجگە لەوە، هەموو کەس دەزانێو مێژووش ئەوەی ئیسپات کردوە کـە بەرپرسـی زۆربـەی ئـەو ژێردەستیو کوێرەوەرییە کە نەتەوەی کورد تووشـی هـاتوە، بەتایبـەتی لـە سـەرەتای چـەرخی بیستەمەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانیو تا کاتی دامەزراندنی کۆمەڵە، دەوڵەتی بریتانیـا بـووە. تەنانەت ئەوەش کە لە زۆر کۆبوونەوەی نێونەتەوەییدا نەتەوەی کـورد بـەڕەسمی ناسـراو پـەیمانی "سێور" ئیعترافی بە سەربەخۆییشی کرد، بەڵام نەیتوانی حەقی خـۆی وەربگـرێ، تـاوانی هـەر دەگەڕێتەوە سەر بریتانیای مەزن. ئەوەش کە بریتانیا لەو وەختەدا لەگەڵ یەکیـەتیی سـۆڤیەتیو

ئەمریکا لە بەرەی دژی فاشیستیدا بوو، بە هیچ جۆرێك ناتوانێ بۆ ئەوە پاکانە بێ کە حیزبی سیاسیی گەلی زۆرلێکراوی کورد کە بۆ رزگاریی نەتەوەو نیشتمان پێك هاتوە، راست لەو دەوڵەتە داوای ئازادی بکا کە تووشی ژێردەستیو زۆرلێکراویی کردوە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا کۆمەڵەی ژ ـ ك توانی هەستی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران دا بڵاو بکاتەوە. توانی لە ناوچەی مەهابادو لە هێندێك ناوچەی دیکە ریشە داکوتێو لەراستیدا وەك یەکەم رێکخراوی بەهێزی سیاسیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ببێ بە سەرەتاو بناخەیەك بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەو کاتە کە کۆمەڵەی ژ ـ ك پێك هاتبووو تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکردبوو، سەرانسەری جیهان تووشی شەڕێکی گەورە بەدژی فاشیزم بوو. لە ئورووپاو ئاسیاو ئەفریقا شەڕ بەردەوام بوو. هەرچەند ئەوکاتە وا دەهاتە بەرچاو کە ئالمانی هیتلەریو ئیتالیای موسولینیو ژاپنی هیروهیتو لە شەڕدا سەرکەوتوون، بەڵام نەك هەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هێزێکی نیزامیی زۆریان دژی وڵاتەکانی میحوەر رێك خستبوو، بەڵکوو خەباتی گەلانی ژێردەستی نازیسم لە ئوورپاو ژاپۆن لە ئاسیاو، ئیتالیا لە ئەفریقا، رۆژ بەرۆژ زیاتر پەرەی دەستاند. رووخانی رێژیمی دیکتاتۆریی رەزاخان لە لایەکەوەو پەرەئەستاندنی خەباتی دژی فاشیستیی گەلانی دنیا لە لایەکی دیکەوە مەیدانێکی زۆر بەرینیان بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پێك هێنابوو.

بەڵام کۆمەڵەی ژ ـ ك کە لە لایەکەوە رێکخراوێکی ناسیۆنالیستو لە لایەکی دیکەوە رێکخراوێکی داخراوو نهێنی بوو کە رووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان نەدەکرد، وەڵامدەری وەزعی تازەی کوردستانی ئێران نەبوو. پەرەئەستاندنی بێوێنەی جووڵانەوە لە کوردستانی ئێران کە دیارە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ هەموو جووڵانەوەی ئێران هەبوو کە بە شێوەیەکی نەدیتراو پەرەی گرتبوو، نیازی بە رێکخراوێکی یەکگرتوو، دێموکراتو ئاواڵە بۆ کۆمەڵانی خەڵك لەگەڵ بەرنامەیەکی روونو رێکوپێك هەبوو، بۆیە لە ماوەی بەینی ١٣٢٢ کە کۆمەڵە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی لە گۆڤاری "نیشتمان"دا کرد تا ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) بەرەبەرە بە تەواوی دەرکەوت کە کۆمەڵەی ژ ـ ك ئیدی ئەو رێکخراو نیە کە بتوانێ

جوولانەوەی رۆژ بەرۆژ پەرەگرتووی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی ئێران رێبەری بکا. تەنانەت تەرکیبی ئەو کەسانەش کە لە کۆبوونەوەی بانەمەڕی ١٣٢٢دا بەڕێوەبەریی کۆمەلەیان هەلبژاردبوو، یان بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەلە هەلبژێرابوون، بە شێوەیەك بوو کە رێگای نەدەدا ئەو روانینە بەرینەیان هەبێ کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەل جوولانەوەی هەموو گەلانی ئێران لێك گرێ بدەنو هەر لەو کاتەش دا بە هەلسەنگاندنی هەلومەرجی راستەقینەی ولاتەکە بەرنامەو دروشم بۆ رێکخراوی خۆیان دابنێن.

هەموو ئەوانە لە لایەکەوەو لە لایەکی دیکەوە جێگیربوونی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێرانو چوونەپێشی جوولانەوەی دێموکراتیکی گشتی لە سەرانسەری ئێران دا، هەروەها تێك شکانی ئالمانی هیتلەریو سەرکەوتنی خەباتی گەلان بەسەر فاشیزم دا زەمینەی بۆ ئەوە ئامادە کرد کە حیزبێکی پێشەنگو وەلامدەری رۆژگاری نوێ بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی پێك بێ. حیزبێکی ئەوتۆ هەم پێویستییەکی مێژوویی بووو هەم زەمینەی دامەزرانی ئامادە ببوو.

### ٣ـ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی سالی ١٣٢٤ (١٦ی ئووتی ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد دامەزراو بەرنامەی خۆی بلاو کردەوە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختە گۆڕانێك بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کوردو سەرەتایەك بوو لە پێك هاتنی رێکخراوو حیزبی سیاسیی پێشکەوتووو مۆدێرن دا. چونکە پێش حیزبی دێموکرات لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورددا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی روونەوە پێك نەهاتبوو. بۆیەش هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات، پشتیوانیی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەلی کوردەواریی بۆلای خۆی راکێشا. لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات سێ ئەرکی بنەڕەتیی لە پێش بوو:

یەکەم: رێکخستنی کۆمەلانی خەلکی کوردستانو کۆکردنەوەیان لە ژێر ئالای خۆیو بەتایبەتی لە ژێر بەرنامەیەکی رێكوپێكو روونی سیاسیدا.

دووهەم: گرێدانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران بۆ دێموکراسیو دژایەتی لەگەڵ فاشیزم. وەختێك حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لە بەشەکانی دیکەی ئێران لە مێژبوو بە دەیان حیزبی سیاسی پێك هاتبوونو پەرەیان ئەستاندبوو. ئەو خەباتەی کۆمەڵەی ژ ـ ك بەرێوەی بردبوو، هەتا ئەو کاتە نەیتوانیبوو یا نەکرابوو کە لەگەڵ خەباتی گشتیی گەلانی ئێران پەیوەند بدرێ. راستی ئەوەیە کە چوارچێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵەی ژ ـ ك رێگای نەدەدا کە لەگەڵ رێکخراوەکانی غەیری کوردو رێکخراوە پێشکەوتووەکانی ئێران پێوەندیی دۆستایەتیو هاوکاری دابمەزرێنێ.

سێهەم: راکێشانی پشتیوانیی هێزە ئازادیخوازو دژی فاشیستییەکانی جیهانی بۆ مافی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو. ئەم ئەرکە لەم بارەشەوە گرینگ بوو کە لەو کاتەدا هەموو گەلانی جیهان بەتایبەتی لە ئوروپا خەباتێکی توندوتیژیان دژی فاشیزم بەرێوە دەبرد. بەشداریی خەڵکی کوردستان بە بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتی دژی فاشیزم دا لە لایەك جووڵانەوەی گەلی کوردی بۆ یەکەم جار لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی جیهانی دەبردە بەرەیەكو لە لایەکی دیکەشەوە ئیمکانی ئەوەی پێك دەهێنا کە پشتیوانیی هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان بۆلای خەباتی رەوای گەلی کورد رابکێشێ. بەتایبەتی بوونی لەشکری سۆڤیەتی لە ئێران، بەشداریی زۆر قاتعانەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە خەباتی جیهانی دژی فاشیزم داو هەروەها ئەو دۆستایەتییەی کە یەکیەتیی سۆڤیەتی لەو کاتەدا بەرامبەر بە گەلی کورد نیشانی دەداو ئەو پشتیوانییەی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردی دەنواند، هەموو ئەوانە رێگایان خۆش دەکرد بۆ ئەوە خەباتی گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لەگەڵ خەباتی هەموو ئازادیخوازانی جیهان دژی فاشیزمو ئیمپریالیزم تێکەڵاو بێ. بۆ ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بتوانێ ئەو سێ ئەرکە گرینگە بەجێ بگەیەنێ، بەر لە هەموو شتێك پێویست بوو بەرنامەیەکی

ڕێك‌وپێك‌و ڕوونی سیاسیی هەبێ. ئەم بەرنامەیە لە هەشت بەنددا بەشێوەی خوارەوە بڵاو کرایەوە:[1]

**بسمالله الرحمن الرحیم**

**"بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان"**

**هاونیشتمانان ـ برایان!**

ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بەهۆی دوژمنانی ئازادی‌و لە ژێرپێنەرانی دێموکراسی هەڵگیرسابوو، بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازادی هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دێموکراسی سەرکەوت‌و دنیای فاشیستی کە هەولی دەدا گەلان‌و نەتەوەکانی جیهان لە ژێر دەستی چەند نەفەر ملهۆڕو سەرەڕۆدا یەخسیر بکا بە شێوەیەکی قەتعی تێك شکاو لێك بڵاو بووو هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ئازادیی گەلان‌و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا. ئەمڕۆ گەلانی دنیا لە گەورەو چووك دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە، کەڵك وەرگرن‌و لەو بەڵێنی‌یانەی کە بەهۆی مەنشووری مێژوویی ئاتلانتیکەوە دراوە سوود ببینن‌و هەڵسووڕاندنی کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن‌و چارەنووسی خۆیان بە مەیل‌و ویستی خۆیان دیاری بکەن.

ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژین، ساڵەهاو بەڵکوو سەد ساڵە کە لە پێناوی ماف‌و دەسەڵاتی نەتەوەیی‌و مەحەللی‌دا خەباتمان کردوەو قوربانیمان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بەهیچ جۆرێك حازر نەبوون قسەی حسێبیی ئێمە قبووڵ بکەن‌و تەنانەت نەیان هێشتوە ئێمە لەو مافەش کەڵك وەربگرین کە قانوونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەکان‌و ویلایەتەکانی ئێران دای‌ناوەو بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللەو بۆمب‌و تۆپ‌و زیندان‌و تەبعیدو یەخسیری بووە. بەتایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا تەنانەت لە لەبەرکردنی جل‌وبەرگیش دا ئازاد نەبووین. بە زۆری سەرنێزە بەهۆی ئەفسەرانی دزو خائین‌و تالآنکەرەوە هەموو دارایی‌و ژیانی ئێمەیان تەفرو توونا کردوەو چاویان لە ناموس‌و شەرەفی ئێمەوە بووەو بۆ لە نێوبردن‌و خاشەبڕکردنی نەسڵی

١ـ بەرنامەکە بە کوردی دەست نەکەوت، بۆیە لە دەقی فارسی‌یەوە وەرگێڕدراوە.(د)

ئێمە لە هیچ نزمیو دڕندەیییەك خۆیان نەپاراستوە. ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمانو شوێنەواری خۆمان هەیە کە لامان خۆشەویستن. بۆچی دەبێ مافی ئێمە لە ژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لە نێو ماڵی خۆمان دا ئازادو موختار بین؟ بۆچی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بە زمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی نایەڵن کوردستان ویلایەتێکی خودموختار بێو لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتییەوە ئیدارە بکرێ کە قانوونی ئەساسی دیاریی کردوە؟

هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی مافو دەسەڵاتی نەتەوەییو مەحەللیی خۆمان خەبات بکەین. ئەم خەباتە یەکیەتیو یەکڕەنگیی پێویستە، ڕێکخراوو پێشەنگی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوەو دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێ چاوو گوێی خۆتان بکەنەوەو لە دەوری حیزبی نەتەوەی خۆتان کۆببنەوەو لە پێناوی وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان دا فیداکاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرو ڕێنوێنی ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە مەترسیی تەفرو تونابوون ڕزگار دەبێو هەبوونو ناموسو شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێو دەتوانێ لە نێو سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاریی نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

هاونیشتمانان! ئێمە بێجگە لە مافی ڕەواو ئینسانیی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانی ئێمە لە بەندەکانی خوارەوەدا خولاسە کراون. بیانخوێننەوەو هەموو گەلی کورد، فەرد فەردیان تێبگەیەنن. ئەوە دروشمەکانی ئێمەن:

١ـ نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری مەحەللیی خۆی سەربەخۆو ئازاد بێو لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.

٢ـ مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێو تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ.

٣ـ لەسەر بناخەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێو بە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتیو دەوڵەتی ڕابگاو چاوەدێرییان بەسەردا بکا.

٤ـ کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بە بێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

٥ـ دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێیی‌و خاوەن ملـك دا رێککـەوتنێك پێك بهێنرێ‌و دوارۆژی هەردوولا دابین بکرێ.

٦ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لـە خـەبات دا بەتایبـەتی لەگـەڵ نەتـەوەی ئازەربایجان‌و کەمایەتی‌یەکانی‌تر کە لە ئازەربایجان دەژیـن، ئاسـۆرییەکان‌و ئەرمەنییـەکان‌و هـی دیکە، یەکیەتی‌و برایەتییەکی تەواو پێك بهێنێ.

٧ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ‌و بازرگانی‌و پەرەپێدانی فەرهەنگ‌و لەش ساغی‌و باشترکردنی ژیانی ئابووری‌و مەعنەویی گەلی کـورد دەسـت دەکـا بـە سوود وەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی‌و کانگاکانی کوردستان‌و لەم رێگایەدا تێدەکۆشێ.

٨ـ ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێـران هـەلی تێکۆشـانی بـە ئازادی‌یـان بـدرێتێ‌و بـۆ بەختەوەری‌و پێشخستنی نیشتمانی خۆیان.

ئەم بەرنامەیە لەگەڵ ئەوەی کورتەو لەڕاستی‌دا تەنیا لە ٨ هەشت بەنـددا فۆرموولـە کـراوە، هەموو داخوازە ئەساسی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی تێدایە. بەنـدی یەکـەم داوای خودموختـاری دەکا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. ئەوە داخوازێکە کە حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران ئێستاش هەر بۆی تێدەکۆشێ. چونکە هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات لەم بڕوایەدا بووە کـە مافی دانانی چارەنووس لە کوردستانی ئێران بە شێوەی خودموختاری جێبەجێ دەبـێ. کـەوابوو نێوەرۆکی داخوازەکە مافی دانانی چارەنووسە، بەڵام شکڵی، روخساری خودموختارییە. لە بەندی هەشتی بەرنامەکەدا، حیزبی دێموکرات بۆ ئـەوە ولاتەکـە پـێش کـەوێ داوای دێموکراسـی بـۆ سەرانسەری ئێران دەکا. ئەمە ئەو راستی‌یە دەگەیەنێ کە هەر لە سـەرەتاوە حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان داخوازی خودموختاری بۆ کوردستانی لە دێموکراسی بۆ ئێران جیا نەکردۆتەوە.

لە بەندی دووهەم دا بەرنامە داوای بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی دەکـا، لـە بەنـدی سـێ‌و چواردا پێوەندیی نێوان دەوڵەتی مەرکەزی‌و ناوچەی خودموختار دیاری کراوە. بـەم شـێوەیە دوو مەسەلەی ئەسڵیی داخوازی خودموختاری روون کراوەتەوە:

یەکەم ئەوە کە زمان نیشانەی هەرە گرینگ‌و هەرە ئەساسیی فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکەو بە بەڕەسمی‌ناسینی زمانی کوردی رێگا خۆش دەکرێ بۆ ئەوە هەم گـەلی کـورد بـە مـافی رەوای

خۆی بگاو منداڵانی کورد بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێننو هەم بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییش هەلومەرجێکی لەبار پێك بێ. دووهەم دیاریکردنی پێوەندیی نێوان کوردستانی خودموختارو دەوڵەتی مەرکەزییشو بەتایبەتی دیاریکردنی سەلاحیەتەکانیان بۆ بەرێوەبردنی خودموختاری زۆر گرینگە. لێرەدا حیزبی دێموکرات زۆر لێزانانە کەڵکی لەوە وەرگرتوە کە لە قانوونی ئەساسیی ئێران دا ئەسڵی ئەنجومەنی ئەیالەتیو ویلایەتی هاتوە، بەڵام لەو کاتەوە واتە لە زەمانی مەشرووتییەتەوە تا ئێستا ئەو شێوە ئەنجومەنە نە لە کوردستانو نە هیچ جێگایەکی دیکەی ئێران پیادە نەبووە. ئەوە کە گوتراوە لە کوردستان هەموو کاربەدەستانی دەوڵەتی دەبێ کورد بن، داخوازێکی رەوایە. دیارە نەگوتراوە هەموو ئەوانەی کە لە کوردستان کار دەکەن، کارمەندو مووچەخۆرن کورد بن، بەڵام ئەوانەی مەئموورنو کاربەدەستن دەبێ کورد بن. چونکە نەتەوەی کورد بەگشتیو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی، بە تاقیکردنەوەی زۆر لە مێژینەی خۆی بۆی دەرکەوتوە کە دەوڵەتی مەرکەزی رێگا نادا کورد بۆخۆی لە وڵاتی خۆیدا کاربەدەست بیو هەموو کاتێك هەرچی بەرپرسی گرینگەو هەرچی کاربەدەستە گشتیان لە مەرکەزەوە دێنو بەهۆی ئەوانەوە دەوڵەتی مەرکەزی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستان دا دەسەپێنێ. ئەوە کە کاربەدەستان دەبێ کورد بن، خۆی دیسان شێوەیەکە لەم راستییە کە مافی چارەنووسی گەلی کورد بەدەست خۆیەوە بێو خەڵکی کوردستان هەست بەوە بکا کە لە وڵاتی خۆیدا بێگانە نیە، بەڵکوو دەسەڵاتی خۆی بەدەست خۆیەتی.

لە بەندی شەشی بەرنامەکەدا ئەنتێرناسیۆنالیزمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرچاو دەکەوێ، حیزبی دێموکرات داوای مافی رەوای خۆی دەکا، بەڵام ئەم داوایە بە مانای لە ژێرپێنانی مافی نەتەوەیی، مافی رەوای گەلانی دیکە وەك ئازەربایجانی، ئاسۆریو ئەرمەنیو هی دیکە نیە، بەڵکوو هەر لەو کاتەدا کە حیزبی دێموکرات خودموختاریی بۆ کوردستان دەوێ، دەیهەوێ گەلی کورد لەگەڵ هەموو ئەم گەلانە بە برایەتیو دۆستایەتی بژی. ئەمەش یەکێك لەو نوختە گرینگانەیە کە حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵەی ژ ـ ك جیا دەکاتەوە، چونکە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەسەر ئەساسی ئەنتێرناسیۆنالیزم دامەزراوە.

وەدەست هێنانی خودموختاری بێ لەنێوبردنی هەژاریو کوێرەوەریو بێپەرەپێدانی ئـابووریو فەرهەنگیو لەش ساغیو باشترکردنی ژیانی خەڵك دەبێتـە داخـوازێکی بـێنێوەرۆك. بۆیـە لـە بەندی حەوتەم دا حیزبی دێموکرات نیشانی دەدا کە دەیهەوێ لە تەواوی ئیمکـانو سـامانەکانی ژێرزەوییش کەڵك وەربگرێ تا ئابووریو فەرهەنگو لەش ساغی لە کوردستان بەرەو پێش بەرێ. دیارە ئەو کاتە حیزبی دێموکرات باسی سەنعەت ناکاو تەنیا باسی کشـتوکاڵو بازرگـانی دەکـا، چونکە سەنعەت لەو کاتەدا لە کوردستان وجوودی نەبوو.

چاوپێداخشاندنێکی بەرنامەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە بەرنامەیـەك کە ٣٨ ساڵ پاش دامەزرانی حیزب، کۆنگرەی شەشـەم لـە مـانگی ڕێبەنـدانی سـاڵی ١٣٦٢دا پەسندی کردوە، زۆر بە جوانی دەردەخا کە زۆربەی داخـوازە ئەسـڵی‌یەکانی ئێسـتا لـەو هەشـت بەندەدا گونجاونو شـێلگیر بـوون لەسـەر ڕێبـازی سیاسـی یـەکێك لـە هۆیـەکانی سـەرکەوتنو خۆشەویستیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـەلای کۆمـەڵانی خەڵکـە. چـونکە لـە دامەزرانی حیزبەوە کە خەبات هەر درێژەی هەیە، دروشمـە ئەسـڵی‌یەکانو ئامانجـە گشـتی‌یەکان هەر ئەوانەن کە چل ساڵ لەمەوپێش لە بەرنامەی یەکەمی حیزبی دێمـوکرات دا هـاتبوون. ئـەم بەرنامەیە، بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی پاشکەوتوویی ئەو وەختەی کوردستانی ئێران بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازانەیە، بەرنامەیەکە کە لە مێژووی گەلی کـورددا بـۆ یەکـەم جـار بەرچاو دەکەوێو وێنەی نـەبووە. بـەڵام دیـارە دیسـان بـە لەبەرچـاوگرتنی وەزعو هەلومـەرجی پاشکەوتووی ئەو کاتە ناکرێ لەو بەرنامەیە چـاوەڕوان بکـرێ کـە هـەموو بەنـدەکانی لـە ڕووی تیئۆریی زانستی‌یەوە فۆرموولە کرابنو وەڵامدەری هەموو داخوازەکانی گەلی کوردو چینو توێـژە دێموکراتی‌یەکانی کوردستان بن.

لەو کاتەدا زۆربەی زۆری زەوی بەدەست خـاوەن ملکـە گەورەکانـەوە بـووو لەڕاسـتی‌دا زۆرو زۆرداری لە لادێ‌یەکانی کوردستان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. لەگەڵ ئەوە لە بەنـدی پێنجـەمی بەرنامەکەدا داوا ناکرێ کە زەوی دابەش بکرێ یا جووتیار حەقی زیاتری بدرێتێ، تەنیا دەگوترێ کە قانوونێکی گشتی لە نێوان جووتیارو خاوەن ملك دابنرێ. دیـارە لـە هەلومـەرجی ئێسـتادا ئەمە دروشمێکی پاشکەوتووانەیە، بەڵام لە هەلومەرجی ئەو کات دا کە خاوەن ملکـەکان بـەبێ

لەبەرچاوگرتنی هەموو قانوونێك جووتیارانیان دەچەوساندەوەو لەڕاستیدا هیچ قانوونێکیان لەبەرچاو نەدەگرتو ئەگەر قانوونو ڕێورەسمێکیش هەبوایە بە زۆریو زۆرداری لە ژێر پێیان دەنا، هەوڵی حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ دانانی قانوونێکی گشتی هەنگاوێك بەرەوپێش بوو. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بەندی پێنجەمی بەرنامە داخوازێکی شۆڕشگێڕانە نیە، داخوازێکی رادیکالیش نیە، بەڵکوو داخوازێکی ڕێفۆرمیستییە. مەبەستی گۆڕانی ژێرخانی کۆمەڵی کوردەواری نیە، بەڵکوو مەبەستی ئیسلاحی ئەو کۆمەڵەو راگرتنو پاراستنی نەزمو نیزامی کۆنە. بێگومان تەرکیبی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتو کادرەکانی کە لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژ ـ ك دانرابوو، ڕێگای نەدەدا کە داخوازێکی شۆڕشگێڕانەو رادیکاڵ بە قازانجی زەحمەتکێشان لە بەرنامەکەیدا بگونجێنێ. بە پێی ئەو ئامارە کە هەیە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی بەڕێوەبەریی حیزب یا کۆمیتەی ناوەندی خاوەن مڵك بوون. خاوەن مڵکی گەورەشیان تێدا بوو، ئەوانی دیکە مووچەخۆرو رووناکبیر بوون. با بڵێین لە وردەبورژوازی شار پێك هاتبوون. دیارە چاوەڕوان بوون لە کەسانێك کە خاوەن مڵکن بۆ ئەوە بێنو بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە بە قازانجی جووتیاران دابنێن بێهوودەیە. باسی داخوازی دابەشکردنی زەوی هەر ناکەین، چونکە داخوازێکی ئەوتۆ لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستان دا زۆر دوور لە واقیعبینی بوو.

تەرکیبی چینایەتیی ئەوکاتەی کۆمەڵی کوردەواری لە نێو حیزبی دێموکراتو لە هەموو کاروباریو لە دانانی بەرنامەکەشیدا بە تەواوی بەرچاو دەکەوت. هەرچەند دەبێ ئەو راستییەش بگوترێ کە وەزعی گشتیی ئێران لە کاتێك دا کە کۆنەپەرستی پاشەکشەی دەکرد، هێزە دێموکراتییەکان بەرەوپێش دەچوونو پێوەندیی دۆستایەتییش کە لەگەڵ وڵاتی سۆسیالیستیی سۆڤیەتی پێك هاتبوو، بێگومان شوێنی لەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دانابوو. هەموو ئەوانە حیزبی دێموکراتیان هان دا کە چەند هەنگاوێك لەو پلەیە بەرەوپێشتر بڕوا کە تەرکیبی خۆی ڕێگای دەدا.

لە بەرنامەی هەشت بەندیی حیزبی دێموکرات دا کەموکوڕی زۆر بوون، بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ بەرنامەی ئێستای حیزب بەراورد بکرێ. کەموکوڕی نەك لەو بارەوە کە وەزعی ئێستا کوردستان لەگەڵ چل ساڵ لەوەپێش فەرقی کردوە، حەق نیە داوا لە بەرنامەی چل ساڵ لەوەپێش

بکەین کە هەموو ئەو داخوازانەی تێدا بگونجێ کە لە بەرنامەی ئێستای حیزب دا گونجاون، بەڵام کەموکوڕی وەك شێوەی نووسینی بەرنامەکە کـە هـەر ئـەو وەختـەش دەکـرا باشـتر بنووسـرێ. بەرنامەکە یەکجار زۆر گشتی نووسراوەو زۆر مەسەلەشی تێـدا شـی نەکراونەتـەوە. لەسـەر زۆر گیرۆگرفت بەرنامـەکە بە روونی بـیروڕای خـۆی دەرنـەبڕیوە، بـۆ وێنـە وەك هێـزی ئەمنییـەتی، ژاندارمە، پۆلیس، هێزی پێشمەرگەو لەشکر. بەڵام بێجگە لەوانە کەموکوڕییەکی دیکـەش لـە بەرنامەکەدا هەیە.

بەرنامە داوای خودموختاری دەکـا. ئـەو کاتـە شـاری مـەهاباد بەشـێك بـوو لـە ئوسـتانی ئازەربایجانی رۆژئاوا. وشەی کوردستان خۆی ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو خودموختارییە بـۆ ناوچـەی مەهاباد داوا ناکرێ، بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان داوا دەکرێ، بـەڵام نـەگوتراوە سـنووری ئـەو کوردستانە کوێیە. ئەوە مەسەلەیەکە کە بە تاقیکردنەوەی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا گرینگ بوونی دەرکەوتوە. چونکە هەر ئەو کاتەش پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لەبەر ئەوە سنووری دیـاری نـەکرابوو، تەنانـەت کۆمـاری کوردسـتان زۆرجـار لەگـەڵ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان تووشی کێشە بوو.

سەرەڕای هەموو ئەوانە بەرنامەی ئەوکاتـەی حیزبـی دێمـوکرات بەرنامەیـەکی بـەنێوەرۆك‌و پێشکەوتنخوازانەیەو ئێستاش وەدیهێنانی داخوازە ئەسڵییەکانی ئەو بەرنامەیە ئامانجی حیزبە. ئەگەر حیزبێکی سیاسی بەرنامەی چل ساڵ لەوەپێشی خۆی لە ئەساس دا بەدروست بزانـێ‌و بـۆ وەدیهێنانی ئەو داخوازانە کە لەو بەرنامەیەدا هاتوون تێبکۆشێ، ئەوە خـۆی باشـترین بەڵگـەی راست‌و دروست بوون‌و پێشکەوتوو بـوونی یەکـەم بەرنامەیـەتی. لێـرەدا پێویسـتە ئیشـارە بـە راستییەکی دیکەش بکرێ. وا دەردەکەوێ کە نووسینی ئەم بەرنامەیە لە ئەستۆی قازی **محەمـەد** بووە. قازی **محەمەد** لە ئاخری تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ ـ ك دا بوو بە ئەنـدامی کۆمەڵـەو زۆر زوو دەرکەوت کە شەخسییەتێکی بەرچاوو هەڵکەوتووی ئەو رێکخراوەیە. بۆیە هەرچەند درەنگتر لـە زۆر کەسی دیکە چووبوو بۆ نێو کۆمەڵە، بە کردەوە بوو بە بەرپێوەبەری کۆمەڵەی ژ ـ ك. کاتێـك حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، دەرکەوت کە قازی **محەمەد** زیاتر لە هەر کەسـێکی دیکـە ئەو زەروورەتەو ئـەو پێویسـتییە تێگەیشـتبوو کـە کۆمەڵـەی ژ ـ ك بـە تـەرکیبی خـۆی بـە

ئامانجەکانی خۆی، بە شێوەی ڕێکخستنی خۆی ناتوانێ وەڵامدەری خەباتی گەلی کورد لە کوردستان بێ. هەر بۆیەش قازی محەممەد لە هەموو کەس زیاتر دەستی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبوو. لە هەموو کەس زیاتر تەئسیری هەبوو بۆ ئەوە بەرنامەیەکی ئەوتۆ بۆ ئەم حیزبە دابڕێژێ. هەر بۆیە بە حەق قازی محەممەد بە دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات دەناسرێو دەتوانین بڵێین کە لە نێو هەموو بەرێوەبەرانی ئەو کاتەی حیزبی دێموکرات دا شەخسییەتێکی بێهاوتا بوو، ڕادەی تێگەیشتنو ئەزموونو سەڵاحییەتی لە هەموو ئەوانی دیکە بەرچاوترو بەرزتر بوو. ئەگەر چەند ڕووناکبیری دیکەی لێ دەرکەین لەڕاستیدا قازی محەممەد بە تەنیا بوو. ئێمە ئێستا زۆر بە باشی تێدەگەین چ بەرپرسایەتیەکی گەورەو چ زەحمەتو تێکۆشانێکی بێوچان کەوتبووە سەرشانی قازی محەممەد.

## ٤ـ ئاکامی ١٦٠ ڕۆژ تێکۆشان

حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش دامەزرانو بڵاوکردنەوەی بەرنامەی خۆی ئەرکی یەکجار زۆر گرینگی لە پێش بووو پێویست نەبوو کەسێك زۆر لێزانو شارەزای سیاسەت بێ بۆ ئەوە تێبگا کە لە چەند مانگی داهاتوودا ڕووداوی زۆر گرینگ لە سەرانسەری ئێران دا ڕوو دەداو سەرەتای ئەو ڕووداوانەش بێگومان لە ئازەربایجانو کوردستانەوە دەست پێدەکا. بۆیە وەخت زۆر تەنگ بوو. پێویست بوو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمو تواناو چالاکیی خۆی وەکار بخا. بۆ خۆئامادەکردن، بۆ بەرەنگابوون لەگەڵ ئەو ڕووداوە گرینگانە کە وڵات چاوەڕوانیان بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو بەرنامەی خۆی کرد. هەر لە سەرەتاوە ئەم بەرنامەیە کە بەڕاستی ئاواتە سەرەکییەکانی گەلی کوردی دەگرتەوە، لە ماوەیەکی کەم دا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بەتایبەتی ئەو بەشەی کە پاشان کۆماری کوردستانی تێدا جێگیر بوو، بۆلای خۆی ڕاکێشا. حیزبی دێموکرات توانی لە ماوەیەکی کەم دا هەستی نەتەوەییو بیروباوەڕی دێموکراتی لە کوردستان دا بڵاو بکاتەوە.

ڕاستە کە ستەمی سەردەمی ڕەزاخان بەڕاستی هەموو نیشانەکانی مەوجوودییەتی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران دا سەرکوت کرد، بەڵام ئەم سیاسەتە خۆی بوو بەهۆی ئەوە

کەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەستی نەتەوایەتی‌یان بەهێز بێ. وشیارکردنو ئاگاکردنی کۆمەڵانی خەڵكو بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی یەکێك لەو کارە گرینگانە بوو کە لە ماوەی چەند مانگان دا حیزبی دێموکرات ئەنجامی دا. ئەگەر بەهێزترکردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دژوار نەدەهاتە بەرچاو، بڵاوکردنەوەی ئوسوولی دێموکراسی یا بە زاراوەی ئەو کاتە ئازادیخوازی لە کوردستان دا کارێکی هاسان نەبوو. تەرکیبی کۆمەڵی کوردەواری بە شێوەیەك بوو کە لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان سەرۆك عەشیرەت، ئاغا، خاوەن مڵكو شێخ تەواوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووو دیارە ئەمانە بەهیچ جۆر پێیان خۆش نەبوو بیروباوەڕی دێموکراتی لە کوردستان دا بڵاو ببێتەوە.

ئەوانە ئەگەر تاڕادەیەك هەستی نەتەوایەتیان پێ باش بوو، چونکە زۆریان لە زەمانی رەزاشادا تووشی ستەمی نەتەوەیی ببوون، بڵاوکردنەوەی ئوسوولی دێموکراتی کە ئیمتیازەکانی ئەوانی دەخستە مەترسی‌یەوە بە قازانجیان نەبوو. هەر لەبەر ئەوەش بەربەرەکانیی ئەو ئوسوولەیان دەکرد.

لەو کاتەدا پێك هێنانی رێکخراو لە کوردستانی ئێران دا بەتایبەتی بە شێوەیەکی نوێو مۆدێرن دیاردەیەکی نوێ بوو کە خەڵك خووی پێ نەگرتبوو. نەتەوەی کورد لە مێژووی خۆی‌دا لە بنەڕەتەوە حەزی لە رێکخستن نەکردوە. چونکە ئەو رێکخستنو نەزمو نیزامە زیاتر لە لایەن دەوڵەتە مەرکەزی‌یەکانەوە هاتوەو هەموو وەختێك گەلی کورد بەرامبەری راوەستاوەو لە دژی خەباتی کردوەو نەچۆتە ژێر باری. نەزمو رێکخستن بۆ گەلی کورد لە مێژوودا مانای ناردنی سەرباز بووە، مانای دانی باجو خەراج بووەو گەلی کورد هەموو کاتێك ئەم دوو دیاردەیەی دەوڵەتە مەرکەزی‌یەکانی رەد کردۆتەوە. بۆیە تەنانەت ئێستاش زۆر بە هاسانی ناچێتە ژێر باڵی ئوسوولی رێکخراوێکی مۆدێرن. دەتوانین بڵێین بەرێوەبەری توانیبووی بەرنامەیەکی رێكوپێك پێشکەش بکاو سیاسەتێکی راستو دروست بگرێتە پێشو خەڵکیش پشتیوانی‌یان لەم بەرێوەبەری‌یە دەکرد، بەڵام ئەم ئالقە نێوەڕاستە کە بریتی‌یە لە کادرەکانی حیزبی کە دەبوو بەرنامەکە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵك، لەڕاستی‌دا جارێ پێك نەهاتبوو. حیزبی دێموکرات یا بە جارێك لە کادری تاقی‌کراوو ئاگاو بە ئەزموونی سیاسی بێ‌بەش بوو یان ژمارەی ئەم جۆرە

کادرانە یەکجار زۆر کەم بــوو. لــە بــاری کــادری نیزامی‌یــەوە وەزع باشــتر بــوو. چــونکە کــورد ئوسوولەن بۆ کاری نیزامی، بۆ خەباتی چەکدارانە ئامادەیی زیاترە. لــەم بــارەوە تاقی‌کردنــەوەی مێژوویی هەیە. بەڵام نە بە ئەندازەی پێویست کادری سیاسی‌و بەتایبەتی تەشکیلاتی هەبووو نە ئیمکان‌و دەرەتانی پەروەردەکردنیانی بــۆ پێــك هــاتبووو نــە ئەنــدامانی حیــزب ئامادەیی‌یــەکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان دەدا بۆ ئەوە بن بە کادری تەشکیلاتی. رەنگــە هــەر کــەم کــەس لــە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا ئیمانیان بە رێکخراو هەبووبێ، دیــارە رێکخــراو بــەو شێوەیە کە ئێستا مەبەستمانە.

تەنانەت ساڵەها پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان زۆر کەس لەوانــە رۆڵــی بەڕێوەبــەری‌یان لەو کۆمارەدا هەبوو، کە باسی کەموکوڕی‌یەکانیان دەکرد، گەلێك جار ئیشارەیان بەوە دەکرد کە وەزعی دەخڵو داهاتی کوردستان باش نەبوو، یان چەك‌وچۆڵو خواردەمــەنیی پێویســتی نــەبوو، بەڵام تەقریبەن کەسیان ئیشارەی بەوە نەدەکرد کە کەم‌وکووڕیی گــەورەی ئــەو وەختــەی حیزبــی دێموکرات‌و هەروەها کۆماری کوردستان نەبوونی رێکخراوێکی پتەو بوو. ئەو کاتــە کــەم کــەس ئیمانی بەو دروشمە هێنابوو کە پاشان لە حیزبی ئێمەدا جێی خۆی کردەوە کە دەڵێین: **"رێکخــراو چەکی هەرەگرنگی ئێمەیە."**

لەگەڵ هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانە، حیزب لە شاری مەهاباد کە ئەو کاتە ١٥ تــا ٢٠ هــەزار دانیشتووی هەبوو، بە تەواوی ریشەی داکوتاو زۆربەی زۆری خەڵکی شــاری مــەهابادی کــرد بــە پشتیوانی خۆی. بەڵام ئەگەر حیزب لە شار سەرکەوتوو بوو لە گوندەکان نەی‌توانی سەرکەوێ. نە تەنیا بۆ ئەوەی خەڵك رێکخراویان پێ خۆش نەبوو، بەڵکوو کۆسپێکی دیکە ئاغاو خاوەن مڵك‌و سەرۆك عەشیرەت‌و شێخەکان بوون. هەلومەرجی ئەو کاتە بە شــێوەیەك بــوو کــە ئــەو ســەرۆك عەشیرەت‌و شێخ‌و ئاغایانە خۆیان لە لای حیزب دەکرد بە نوێنەری گوندی‌یەکان، هەروا بزانە کە جووتیاران ئەوانیان هەڵبژاردوە. دیارە لە راستی‌دا ئەوان بۆخۆیان خۆیــان هەڵدەبــژاردو کۆمــاری کوردستانیش ناچار بوو لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکان‌و شێخ‌و ئاغاکان پێك بێ. بۆیە دەبیــنین کــە لە کۆمیتەی ناوەندی‌و لە نێو ئەفسەرانی بەرزی حیزبی دێموکرات‌و لە هەموو ئــەو هەیئەتانــەدا

که سەفەریان دەکرد بۆ تەوریزو یـان بـاکۆ، سـەرۆك عەشـیرەتەکانو ڕێبـەرە ئایینییـەکان وەك نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرچاو دەکەون.

هێندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان دوو جار سەفەری یەکیەتیی سـۆڤیەتی بەتایبـەتی باکۆیـان کرد. لە سەفەری دووهەم دا کە لـە ٢١ی خـەرمانانی ١٣٢٤ (١٢ی سـێپتامبری ١٩٤٥) واتـە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە دی، وا دیارە دیتنی شـێوەی ژیـانو نیزامـی وڵاتێکی سۆسیالیستی خۆی بۆتە هۆی ئەوە کە تێبگەن کە لە دواڕۆژدا پێشکەوتنی دێموکراسی لە کوردستانو دۆستایەتیی کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت، قـازانجی چـینایەتیی سەرۆك عەشیرەتەکانو خاوەن مڵکەکان وەمەترسی دەخا.

ڕەنگە یەکێك لە هۆیەکانی دژایەتیی سەرۆك عەشیرەتەکان لەگەل کۆمـاری کوردسـتان ئـەوە بێ، ئەوان لەبەر پشتگیریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە جووڵانەوە لە ترسـان پشـتیوانیی خۆیـان لـە حیزبی دێمـوکراتو لـە کۆمـاری کوردسـتان دەربـڕی. بـەڵام هەلومـەرجی رووخـانی کۆمـاری کوردستان دەریخست کە زۆربەیان بە دڵەوە لەگەڵ حیزبو کۆمار نەبوونو هەر ئەو کاتـەش کـە لە کۆماری کوردستان دا کاربەدەست بوون، هەرکامیان بە شێوەیەك پێوەنـدییان لەگـەڵ ڕێـژیمی شاهەنشاهی لە تاران دامەزراندبوو.

چونکە ڕووداوەکان زۆر بە توندی بـەرەو ئـەوە دەڕۆیشـتن کـە حیزبـی دێمـوکرات دەسـەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ، پێویست بوو حیزب بۆ بەئـەنجام گەیاندنیئـەم ئەرکـە گرینگـە خـۆی ئامادە بکا. ناکرێ بڵێین کە بەڕێوەبەریی حیـزب بەرنامەیـەکی ڕێـكوپێکی بـۆ ئـەم مەبەسـتە دانابوو، هەرچەند ئەوانەی لە سیاسەت شارەزا بوون، هەستیان بەوە دەکـردو هەلومـەرجی ئـەو کاتەو ڕەوتی ڕووداوەکانیش نیشانیان دەدا کە حیزب لە دواڕۆژێکی نیزیك دا دەبێتـە حیزبێکـی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی. ئەوەی لە پاییزی ساڵی ١٣٢٤دا لە ئازەربایجان کرا، خۆی نیشـاندەری ئەو راسـتییە بـوو. لـە ٣ی خـەرمانانی ١٣٢٤ (٢٥ی ئـووتی ١٩٤٥)دا فیرقـەی دێمـوکراتی ئازەربایجان پێك هاتو تەشـکیلاتی حیزبـی توودەشـی لـە ئازەربایجـان قـووت دا. فیرقـە پـاش ماوەیەکی زۆر کەم دەسـتی کـرد بـە چـەکدارکردنی کۆمـەڵانی خـەڵك بەتایبـەتی جووتیـارانو ئامادەکردنی راپەڕینی چەکدارانە. ئەم وەزعـە تـا ٢١ی سـەرماوەزی ١٣٢٤ (١٢ی دیسـامبری

١٩٤٥) بەردەوام بوو. لەو ڕۆژەدا پادگانی تەوریز کەوتــە دەســت فیدایی‌یــە ئازەربایجانی‌یــەکانو حکوومەتی میللیی ئازەربایجان رەسمییەتی پەیدا کرد.

لە کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (١٧ی دیسامبری ١٩٤٥)دا دوانیشانەی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی کە بریتی‌بوو لە شارەبانیی مەهاباد، لە نێو چوو، چەکدارەکانی شــارەبانی چەك کرانو دەسەڵات بە تەواوی کەوتە دەست خەڵك کــە هەرچــی دەچــوو زیــاتر خــۆی چــەکدار دەکرد. ئەوە بناخەیەك بوو بــۆ ســوپای میللیــی کوردســتان. هــەر بۆیــەش حیزبــی دێمــوکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگە داناوە.

ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی بەرەوپێش دەچوون. لە ڕۆژی پێــك هــاتنی حیزبــی دێمــوکرات لــە ٢٥ی گەلاوێژەوە تا ٢ی ڕێبەندان کە کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا، تەنیا ١٦٠ ڕۆژ واتە کەمتر لە شەش مانگی خایاند. لە ولاتێکــی، لــەباری ئــابووریو کۆمەڵایەتی‌یــەوە پاشــکەوتووی وەك کوردستان دا کە ئەزموونی سیاسیو تێکۆشانی حیزبی تێدا یەکجار زۆر کەم بوو، شەش مــانگ ماوەیەکی زۆر کەمە بۆ ئەوە حیزبێکی سیاسی بتوانێ لەباری سیاسیو تەشکیلاتیو نیزامی‌یەوە خۆی بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات ئامادە بکا.

بەڵام ڕووداوەکان چاوەڕوانی ئامادەبوونی حیزبی دێموکراتیان نەدەکرد. پاش ٢٦ی ســەرماوەز ئاشکرا بوو کە کۆماری کوردستان لە دوارۆژی نیزیکدا لە مــەهاباد بــە ڕەســمی ڕادەگەیەنــدرێ. بۆیە حیزبی دێموکرات لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە شیمالی سەقزەوە بگرە هــەتا دەگاتــە ماکۆ دەستی بە تێکۆشان کرد. بۆ ئەوە هەموو ئەم ناوچانە نوێنەری خۆیان بــۆ بەشــداربوون لــە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا بنێرنە مەهاباد.

بەڕاستیش ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ڕۆژێکی مێژوویی‌یە لە ژیانی نەتەوەی، کورد بەتایبەتی گــەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا. هەزاران نوێنەر لــە سەرانســەری کوردســتانەوە هــاتن بــۆ شــاری مەهاباد بەشێوەیەك کە زۆر بە زەحمەت لەم شارە جێگایان دەبۆوە. ماڵەکان هەموو پڕ بــوون لــە

میوان.[1] بەم جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا پاش پێنج مانگو دە رۆژ لە رۆژی دامەزرانیەوە بوو بە حیزبێکی دەسەڵاتدارو بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستانی گرتە سەرشان بێئەوە ئامادەیی پێویستی بۆ ئەم ئەرکە مێژووییەیە هەبێ.

---

١ـ ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ رۆژێکی زۆر سارد بووو بەفر هەموو کۆڵانەکانی مەهابادی پڕ کردبوو، بەڵام رۆژی جێژنو شادیو خۆشی بوو. هەموو خەڵکی شار بە گەورەو چووکو بە ژنو پیاوەوەو زۆر لە دانیشتووانی گوندەکانی دەورووبەری شاریش مەیدانی چوارچراو دەورووبەریان ئاخنی بوو. بە قەولی هەژاری شاعیر "سەد بەهار نۆکەری ئەم زستانە."(د)

فەسڵی دووهەم:

# کۆماری کوردستان

## ١ـ هەلومەرجی پێکهاتنی کۆمار

هەروەها کە لە فەسڵی یەکەمدا باسمان کرد، هەلومەرجی پێکهاتنی کۆماری کوردستان خێرا ئامادە دەبوو. وەزعی نێوخۆی ئەو ناوچەیە کە کۆماری کوردستانی تێدا پێك هات، واتە ناوچەی مەهابادو دەورووبەری بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەبار بوو. لەڕاستیدا ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی رزگارکراو بوو، زۆر بەر لە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ەوە خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە بە کردەوە دەسەڵاتی رێژیمی شاهەنشاهییان لە نێو بردبووو کارەکانیان بەهۆی سەرۆك عەشیرەتو شێخو ئاغاکانەوە بەڕێوە دەچوون.

دەبێ بگوترێ کە پاش ٣ی خەرمانان هەزاران کەس لە کوردستان چەکدار ببوون. ئەو خەڵکە چەکدارە بەشێوەی خودبەخودی دەجوولانەوە، کە هەرچەند ئەوە خەڵکی بەرەو سیاسەتو بەرەو شۆڕشگێڕبوون هان دەدا، بەڵام چونکە بزووتنەوە خودبەخودیو بێنەزم بوو، هێندێك کاری نالەبار لە خەڵکی چەکدار روی دەدا کە ئاسەواری خراپی دادەنا. نموونەی ئەم شێوە کارانە رووداوەکانی بەهاری ساڵی ١٣٢١ لە دەورووبەری شاری ورمێ بوون. عەشیرەتە کوردەکانی دەورووبەری شاری ورمێ کە زۆریان چەکدار بوون، لە بەهاری ساڵی ١٣٢١دا نە تەنیا هێرشیان کردە سەر ئەو بنکە دەوڵەتییانە کە ژاندارمیان تێدا جێگیر ببوو، بەڵکوو هەروەها دەستیان کرد بە زەبرو زەنگو تاڵانی جووتیارانی ئازەری لە گوندەکانی دەورووبەری شاری ورمێش.

پاش ئەم کارە لە ٨ی بانەمەڕدا، شاری ورمێیان گەمارۆ دا. بە پێی دەنگوباسی ئەو وەختە ژمارەی چەکدارە کوردەکان دەگەیشتە دە هەزار کەس. ئەوانە بێجگە لەو ئاکارە خراپە کە تاڵان کردنی خەڵکی زەحمەتکێشی دەورووبەری ورمێ بوو، هێندێك داخوازی سیاسییشیان هێنایە گۆڕێ. ئەم داخوازانە بریتی بوون لەوە کە کوردەکان حەقی ئازادیی چەك هەڵگرتنیان تەنانەت لە نێو شاری ورمێو شارەکانی دیکەش دا هەبێو لە بەڕێوەبردنی کاروباری نەتەوەیی خۆشیان دا

ئازاد بن، بە خەرجی دەوڵەتی مەرکەزی قوتابخانەیان بۆ دابنرێو حەقی خوێندنو نووسین بە زمانی کوردییان هەبێ.

ئەم داوایانە نیشانی دەدا کە هەرچەند ئەم جووڵانەوەیە، باری عەشیرەتیی هەبوو، رەنگێکی سیاسیشی تێدا بەدی دەکرا. بەڵام لەبەر ئەوە کە بەرێوەبەرانی سەرۆك عەشیرەتەکان بوونو بە پێی رێورەسمو مەنتیقێك کە لە نێوان عەشیرەتەکاندا باوە یەکگرتوو نەبوون، هەرکەس جووڵانەوەی بۆ لایەك رادەکێشا. تەنانەت لەسەر تالان کردنی گوندەکانیش پێکەوە کێشەو ناکۆکییان هەبوو. ئەم جووڵانەوەیە زیاتر ئاسەواری خراپی لەسەر خەڵکی ورمێو دەوروبەری داناو بە هیچ جۆر باری سیاسیی بەخۆیەوە نەگرت.[1]

پاش نێوبژیکردنی نوێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە نێوان سەرۆك عەشیرەتەکانو دەوڵەتی مەرکەزیدا، بێئەوەی داخوازە سیاسییەکانیان جێبەجێ بن، عەشیرەتەکان گەرانەوە جێگاکانی خۆیانو دەستیان لە گەمارۆدانی ورمێ هەڵگرت. تەنیا داخوازێکی کە بۆیان جێبەجێ بوو، حەقی چەك هەڵگرتنی بە ئازادی لە نێو شاری ورمێو هێندێ شاری دیکە بوو. بەم جۆرە زۆر زووتر لە پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستان بەتایبەتی لە گوندەکان نەمابوو. بزووتنەوە رۆژ بەرۆژ سیاسیتر دەبوو. بۆیە کاتێك لە **٢٥**ی گەلاوێژی **١٣٢٤**دا (**١٦**ی ئووتی **١٩٤٥**) حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات، بە هاسانی بەرێوەبەریی بزووتنەوەی بەدەستەوە گرتو چونکە بەرنامەیەکی عەمەلیی پێشکەش کرد، بەرەبەرە جووڵانەوە خودبەخودییەکان هاتنە ژێر ئاڵای ئەم حیزبە.

لە بەشەکانی دیکەی ئێران دا، رێکخراوە دێموکراتییەکان زۆر بەهێزتر ببوونو بەراستی وەك گەورەترین هێزی سیاسیی وڵات دەهاتنە بەرچاو. بەتایبەتی حیزبی توودە کە ئەو کاتە هێزە دێموکراتو چەپەکانی لە ریزی خۆیدا کۆ کردبۆوە، لە نێو شارە سەنعەتییەکانی وەك ئابادانو

---

١ـ ئیوانۆف مێژوونووسی سۆڤیەتی بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بخاتە بەرچاو لەو بڕوایە دایە کە جووڵانەوەی ساڵی ١٣٢١ لە دەوروبەری ورمێ لە لایەن جاسووسە ئاڵمانییەکانەوە هان درابوو(د). م. س ایوانوف. تاریخ نوین ایران، ص ٩٥.

ئیسفەهانو هەروەها لە ناوچەکانی شیمالی ئێران لە مازەندەرانو گیلان زۆر بەهێزو سەرکەوتوو بوو.[2]

حیزبی توودەی ئێران ببوو بە تواناترین ڕێکخراوی سیاسی نەك هەر لە چوارچێوەی ئێران، بەڵکوو دەکرێ بڵێین لە گشت وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. هەرچەندی هێزو ڕێکخراوە دێموکراتی‌یەکان زیاتر پێش دەکەوتنو زیاتر کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان بۆلای خۆیان رادەکێشا، ئەوەندەش دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی لاوازتر دەبووو لەبەر ئەو نیمچە دێموکراسی‌یەش کە لە ئێران دا پێك هاتبوو، دەوڵەتی مەرکەزی نەی‌دەتوانی بە هاسانی زەبر لە هێزە دێموکراتی‌یەکان بداو سەرکوتیان بکا. بە کورتی لەم سەردەمەدا ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکراتیی بەهێز لە سەرانسەری ئێران بەدی دەکرا.

ماوەیەکی زۆر کەم پێش ٢٦ی سەرماوەز، یانی ڕاست لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (١٢ی دیسامبری ١٩٤٥)دا لە تەورێز حکوومەتی میللیی ئازەربایجانی بەڕەسمی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبووو حاکمییەتی دەوڵەتی مەرکەزیی لە ئازەربایجان کۆتایی پێ هێنابوو. تەواوی پادگانەکانو چەكو تەقەمەنی‌یەکانیان وەدەست فیدایی‌یەکانی ئازەربایجان کەوتبوونو تەنانەت لە گیلانو مازندەرانیش کە ڕێکخراوەکانی حیزبی توودە زۆر بەهێز بوون، وەزعێکی ئەوتۆ خولقابوو کە وەچنگ هێنانی دەسەڵات لە بەرنامەی ڕۆژدا بوو.

---

٢ـ ئەم هەلومەرجە لەبارە، سەری لە هێندێك لە ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێران شێواندو بێ ئەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە ئاگادار بکەن، لە لایەن سەرهەنگ ئازەرو سەرگورد ئەسکندانی ئەفسەرانی توودەیی‌یەوە بەرنامەیەك دارێژراو لە شەوی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، ٩ ئەفسەرو ٦ سەرباز لە خۆراسان ڕاپەڕینو بەرەو گونبەد وەڕێ کەوتن. سەرهەنگ ئازەر لەگەڵ ٥ ئەفسەری دیکە لە گورگان لە گەڵیان کەوتن. کاتێك لە ٢٩ی گەلاوێژدا بەرەو گونبەد دەچوون کە مەبەستیان پێك هێنانی بنکەیەکی پارتیزانی لە نێو تورکمەنەکان بوو، کەوتنە کەمینی ژاندارمەکانو ئەسکندانیو شەش کەسی دیکە کوژرانو ئەوانی دیکەش ڕایان کردو ڕاپەڕینەکە سەری نەگرت. هۆی تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە ئەوە بوو کە باش ڕێك نەخرابوو، زووتر لە وەخت دەستی پێ‌کردو حیزبی توودەش کە ئەو کاتە لە نێو ئەرتەش دا نفووزی هەبوو، پشتیوانیی لێ نەکرد.(د)

بەم جۆرە هەم لە باری هەلومەرجی گشتیی ئێرانەوەو هەم لەباری هەلومەرجی تایبەتیی کوردستانەوە زەمینە بۆ ئەوە کە خەڵك دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ ئامادە بوو، تەنیا پێویست بوو شکڵو مەوجوودییەتی ئەم دەسەڵاتە بەرەسمی رابگەیەندرێ.

لەباری نێونەتەوەییشەوە وەزعێکی لەبار دەگۆڕێدا بوو. چەند مانگ پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان، خەباتی سەختو دژواری گەلانی ئورووپا بەسەر نازیسمی ئاڵمانو فاشیزمی ئیتالیادا سەرکەوتبوو. هەروەها خەباتی هاوپەیمانەکانو گەلانی ئاسیاش ئیمپریالیزمی ژاپۆنی بە چۆك دا هێنابوو. شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی پێ هاتبووو هێزە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری جیهان دا بە شێوەیەکی بێوێنە پەرەیان ئەستاندبوو. لە زۆر وڵاتان کۆنەپەرستی سەرکوت کرابوو. لە هێندێ وڵاتی ئورووپای رۆژهەڵات رێگا بۆ دامەزرانەدنی کۆماری سۆسیالیستی ئامادە دەکرا.

ئیعتبارو نفووزی نێونەتەوەیی یەکیەتیی سۆڤیەتی، وەك هێزێك کە زیاتر لە هەموو هێزێکی نیزامی ـ سیاسیی دیکە بەرامبەر بە هێرشی فاشیزم بەرهەڵستیی نیشان دابوو، رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو. وڵاتی سۆڤیەتی پتر لە هەموو وڵاتێکی دیکە فیداکاریی کردبوو، نیزیکەی ٢٠ میلیۆن کەس لە خەڵکەکەی کوژرابوونو سەدانو هەزاران شارو گوندی وێران ببوون. بێگومان چونکە لەم شەڕەدا یەکیەتیی سۆڤیەتی نەخشی هەرە ئەساسیی هەبوو، زۆر مەنتیقی دەهاتە بەرچاو کە پاش سەرکەوتنی بەسەر فاشیزم دا ئیعتباری یەکجار زۆر بچێتە سەرێ. یەکیەتیی سۆڤیەتی پشتیوانی دەرەوەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ساڵەکانی ١٣٢٤ ـ ١٣٢٥ (١٩٤٥ ـ ١٩٤٦)دا دیارە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستان بوو. ئەوە لە باری نێونەتەوەییشەوە رێگای خۆش دەکرد بۆ ئەوە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرێو بەرەسمی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت پێویستیی بە لێکدانەوە هەیە. پاش ئەوەی لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ (٢٥ی ئووتی ١٩٤١)دا رێژیمی رەزاشا رووخاو لەشکری سوور هاتە ئێرانو لە بەشی شیمالیی کوردستانی ئێران دا جێگیر بوو، کاربەدەستانی سۆڤیەتی راستەوخۆ لەگەڵ مەسەلەی کورد رووبەروو بوون.

هێنـدێك جوولاَنـەوە وەك بزووتنـەوەی ورمـێ لـە بـەهاری سـالَی ١٣٢١دا سـەرنجی دەولَـەتی سۆڤیەتیی بۆ ئەو راستی‌یە راكێشا كە لە كوردستان دا هەستێكی بـەهێزی نەتەوایـەتی هەیـەو كوردستان "بالقوە" ناوچەیەكی شۆڕشگێڕە. هەر بۆیە هێنـدێك لـە كۆمیسـێرە سیاسـی‌یەكانو ئەفسەرە سۆڤیەتی‌یەكان كە لـە تـەورێزو ورمـێ كاربەدەسـت بـوون، بەرەبـەرە تێ‌گەیشـتن كـە پێویستیی بەوە هەیە كە یەكیەتیی سۆڤیەت لەگەلّ گەلی كـورد پێوەنـدیی پتـەوتر دابمـەزرێنێ. بەلاَم لەبەر نەبوونی رێكخراوێكی سیاسی‌و هەروەها لەبەر ئەوە سـەرۆك عەشـیرەتەكانو ئاغـاو شێخەكان لە نێوخۆیاندا رێك نەدەكەوتن تا نوێنەرێك هەلّبژێرنو یا چەند كەسـێك وەك نوێنـەری خۆیان دیاری بكەن، یەكیەتیی سۆڤیەتی لەم بارەوە تووشـی سەرلـێ‌شێواوی بـووو نـەی‌دەزانی دەگەلّ كێ دەبێ پێوەندی بگرێو وتووێژ بكاو كێ دەتوانێ نوێنەری راستەقینەی گەلی كورد بێ.

لە وەزعی سیاسی‌و ئابووری‌و كۆمەلاَیەتیی ئەو كاتەداو بە لەبەرچاوگرتنی پلەی پێگەیشـتنو تـەركیبی چـینایەتیی كۆمـەلَی كـوردەواری، بەرەبـەرە نوێنـەرانی سـۆڤیەتی تێ‌گەیشـتن كـە واقیعبینانەترو باشتر ئەوەیە لەگەلّ كەسانێك پێوەندی بگرن كە چ لە باری عەشیرەتی‌و ئـایینی‌و چ لە باری رووناكبیری‌یەوە لە كوردستان دا خاوەن نفووزن. ئەوە بوو كە یەكیەتیی سـۆڤیەت لـە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٠دا پاش ئـەوەی ئەفسـەرو كۆمیسـێرە سیاسـی‌یەكانی چـەندین جـار هاتوچۆی مەهابادیان كرد، هەیئەتێكی ٣٠ كەسیی لە پیاوە ناسـراوەكانی كوردسـتان بـۆ بـاكۆ بانگهێشتن كرد. تەركیبی هەیئەتەكە بریتی بوو لە سەرۆك عەشیرەتەكانو هێندێك شێخو ئاغـاو هەروەها نوێنەری چینو توێژە نێونجی‌یەكانی شاری مەهاباد. ئەندامانی ئەم هەیئەتە كە لە لایەن نوێنەرانی سۆڤیەتی‌یەوە هەلّبژێردرابوون، لە سەرەوەی هەموان قازی محەممەد بوو كە ئـەو وەختـە هەم بە شەخسییەتێكی ئایینی‌و سیاسـی‌و هـەم بـە رووناكبیرێكی بـەنفووز ناسـرابوو. ئەوانـە بەڕەسمی نە نوێنەری حیزبێكی سیاسی بوون نە نوێنەری جوولاَنەوە، تەنانەت بیروباوەڕیشـیان بـە تەواوی پێكەوە رێك نەدەكەوت.[1]

---

١ـ هەرچەند ئەو كاتە من تەمەنم ١١ سالّ بوو، بەلاَم وەك زۆر مندالَی ئەو سەردەمەس سیاسەت سەرنجی راكێشابووم. بابم یەكێك لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لەبیرە كە لە باكۆ هاتەوە چەندین تا قەندی لەگەلّ خۆی هێنابوو، تاپڕێكی باشیشی پێ‌بوو. وادیارە سۆڤیەتی‌یەكان قەندو تفەنگو شتی دیكەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی

له راستیدا ئەم سەفەرە زیاتر باری یەکترناسینی هەبوو، یانی مەبەست ئەوە بوو کە هەم سۆڤیەتی‌یەکان نوێنەرانی کوردەکان بناسنو هەم سەرۆکە کوردەکان کۆمەڵی سۆڤیەتی لە نیزیکەوە بەچاوی خۆیان ببینن‌و بی‌ناسن. هەرچەند لە بنەڕەتەوە ئەم سەفەرە، سەفەرێکی سیاسی بوو، بەڵام بەڕەسمی وەك سەفەرێکی فەرهەنگی ناویان دەبرد.

تەرکیبی ئەندامانی ئەم هەیئەتە نیشانەی ئەوە بوو کە یەکیەتیی سۆڤیەت ئەو ناوچەیە کە گوتمان [لە راستیدا ناوچەیەکی ئازادکراو] بووو دەسەڵاتی بەدەست هیچ حکوومەتێکەوە نەبوو، واتە مەهاباد، بۆکان، شنۆ، نەغەدە بەو ناوچەیەی کوردستانیان دەناسی کە دەبا ببێ بە ناوەندی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد. بەشی جنووبیی کوردستان لە ژێر نفووزی بریتانیادا بووو بەشی نێوەڕاستی کە سەقزو دیواندەرەی دەگرتەوە، هەرچەند هێزی هیچ لایەنێکی تێدا نەبوو، بەڵام لە راستیدا وەك ناوچەیەکی بێ‌لایەن دانرابوو. وادیارە رێکەوتنێکیش لە نێو هاوپەیمانەکاندا لەسەری کرابوو، بەشێوەیەك کە لەم ناوچەیەدا هیچ لایەك تێکۆشانی سیاسی ئەوتۆی نەبێ. لە ناوچەی مەریوان‌و سەقزو بانەش کە ناوچەی بەتاڵی نێوان هاوپەیمانەکان بوو، دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی کز بووو بەتایبەتی لە گوندەکان، سەرۆك عەشیرەتەکان هەرکام لە ناوچەی خۆیان ببوون بە حوکمدار.

لەشکری سوور پاش ۳ی خەرمانانی ۱۳۲۰ (۲۵ی ئووتی ۱۹٤۱) چوو بۆ بانەو پاش تێکدانی پادگان‌و مانەوەی هەفتەیەك، بانەی بەجێ هێشت‌و گەڕایەوە بەرەو ورمێ. حەمە

---

←

هەیئەت. قەند بەتایبەتی زۆر بەنرخ بوو. چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم‌و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو. چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم‌و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کە بابم لەگەڵ چەندین کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق‌و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە راست‌و رەوان لە بابم پرسی ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟ وەڵامی دامەوە کە دڵنیابە جێبەجێ دەبێ.

رەشید بەگی هەرکی کە ئەویش ئەندامی هەیئەت بوو لەگەڵ بابم لەسەر مەسەلەیەکی گرینگ ناکۆکی‌یان لێ‌پەیدا ببوو. رەشید بەك دەی‌گوت زۆر باشە، رووس یارمەتی بدەن کورد مافی خۆی وەرگرێ، بەڵام بۆ کورد زۆر خراپە ئەگەر کۆمەڵی کوردستانی دوارۆژ وەك کۆمەڵی سۆڤیەتی لێ بێ. بەڵام بابم دەی‌گوت لە ئازەربایجان سۆڤیەتی دروشمێکیان هەیە زۆر باشەو بە ئازەری دووپاتی دەکردەوە: "ئەلینەن ئیشلە، دیشینەن دیشە" واتە بەدەستی خۆت کار بکەو ددانی خۆت بیجوو، بە مانای دیکە هەرکەس کار نەکا نابێ بخوا.(د)

ڕەشیدخان ئەم هەلومەرجەی بە دەرفەت زانیو لە عێراق گەڕایەوەو چەند سەد چەکدارێکی ساز کردو لە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ١٣٢٠دا (١٠ی سپتامبری ١٩٤١) شاری بانەی گرت. چەند ڕۆژ پاشتر توانی شاری سەقزیش بگرێو ڕۆژی ٣ی ڕەزبەر (٢٥ی سێپتامبر) شاری سەردەشتیشی گرتو هەولّی دا کە مەریوانیش بگرێ بەڵام سەرنەکەوت. تا پاییزی ساڵی ١٣٢٣ حەمەڕەشیدخان لە ناوچەی بانەدا هەر فەرمانڕەوایی دەکرد. لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٢٣دا (ئاخری سێپتامبری ١٩٤٤) دەوڵەتی ئێران بڕیاری دا لەشکر بنێرێتە بانە. ئەم لەشکرە لە کەلیخان هێزی چەکداری حەمە ڕەشیدخانی تێك شکاندو حەمە ڕەشیدخان بانەی بەجێ هێشت. بەڵام پێش ڕۆیشتنی لە ڕۆژی ٨ی ڕەزبەر (٣٠ سێپتامبر)دا شاری بانەی سووتاند.[2]

ئەو هەیئەتە کە چووبوو بۆ باکۆ لەگەڵ جەعفەر باقرۆف کە لەو کاتەدا سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بوو، وتووێژی کرد. باقرۆف تەنیا وەك سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان قسەی نەدەکرد، بەڵکوو لە دەزگای دەوڵەتی سۆڤیەتیدا پیاوێکی خاوەن نفووز بووو بە دەسەڵاتێکی تەواوەوە دەدوا. لەم سەفەرەدا باقرۆف بەناوی یەکیەتیی سۆڤیەت لەگەڵ هەیئەتەکە قسەی کردبووو پێی ڕاگەیاندبوون کە بەگشتی سۆڤیەتییەکان ئامادەن لە جووڵانەوەی گەلی کوردو پێکهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران پشتیوانی بکەن، بەڵام ئەمە سەبرو حەوسەلەو ڕاوەستانی دەوێ.

وادیارە لە پێش هەموان دا قازی محەممەد ئەو مەسەلەیەی باس کردو گوتی کە کورد وەك هەموو نەتەوەیەکی دیکە مافی ئەوەی هەیە کە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێو داوای کرد کە یەکیەتیی سۆڤیەت بە جیددی پشتیوانی لە جووڵانەوەی کوردستانی ئێران بکا. ئەندامانی هەیئەتەکە زۆر بە کەیف خۆشی گەڕانەوە کوردستانو زۆریان هیوا بەوە پەیدا کرد کە کورد دەرەتانێکی بۆ پێك هاتووەو هەلو ئیمکانی ئەوەی هەیە کە بە حەقی خۆی بگا. بەڵام ئەم

---

٢ـ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا حەمە ڕەشیدخان چوو بۆ مەهابادو یەکێك لەو چوار کەسە بوو کە دەرەجەی ژنراڵیی وەرگرت. بەڵام وادیارە کە لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیسی لە عێراق هەر پێوەندیی هەبوو، کاتێك ئەم پێوەندییە ئاشکرا بوو، کۆماری کوردستانی بەجێ هێشتو گەڕایەوە بۆ عێراقو پاشان ڕێگای درایەوە کە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شلێرو لە ساڵی‌س ١٣٥٣دا کۆچی دوایی کرد.(د)

سەفەرە رەسمییەتی نەبوو، چونکە هەیئەتەکە لە لایەن حیزبێکی سیاسی یان ئۆرگانێکی دەوڵەتی نەنێردرابوو.

پاش پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەرەتای خەرمانانی ساڵی ١٣٢٤دا قازی محەممەد بە سەردان چووە تەورێزو لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤ (٣ی سێپتامبری ١٩٤٥)دا بەشدار بوو. هەر پاش ئەم جێژنە لەگەڵ چەند کەسی دیکە بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ بانگهێشتن کرا. دیارە سەفەری ئەم جارە سەفەرێکی بە تەواوی سیاسی بوو، چونکە قازی محەممەد وەك سەرۆکی حیزبی دێموکراتو ئەندامانی دیکەی هەیئەتیش وەك بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوونە باکۆ. هەر بۆیەش ئەمجارە داخوازەکانیان فۆرموولە کرابوون، داویان لە یەکیەتیی سۆڤیەت ئەوە بوو کە پشتیوانی لە حکوومەتی کوردستان بکا کە خەریکی پێکهێنانی بوون، یارمەتیی ماڵی بەم حکوومەتە بکاو چەکو تەقەمەنیشی بۆ بنێرێ، بۆ ئەوەی حکوومەتی کوردستان بتوانێ سوپای میللیو هێزی چەکداری خۆی دابمەزرێنێ. ئەمجارەش هەیئەتەکە هەر لەگەڵ باقرۆف قسەی کرد. هەڵوێستی باقرۆف لە جاری پێشتر زۆر باشتر بووو لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتییەوە بەڵێنی دا کە چەکو چۆڵ بە حکوومەتی کوردستان بدا. ئەوەندە کە زانراوە لە سەر یەك نزیکەی ١٠ هەزار چەکی بڕنو کە ئەو کاتە چەکی سووکی ئەساسی بوو، یان پێش پێك هاتنی کۆماری کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا بڵاوکرایەوە، یان درا بە دەوڵەتی کۆماری کوردستان. هەرچەند باقرۆف قەولی چەکی قورسیشی وەك تیرباری سووكو قورسو تۆپ دابوو، بەڵام بە کردەوە ئەو چەکە قورسانە نەدران بە کۆماری کوردستان. هەروەها بەڵێنی یارمەتیی ماڵی درا، کە دەردەکەوێ ئەم یارمەتییەشە نەدراوە، چونکە لە هیچ نووسراوو بەڵگەیەکی ئەو وەختەدا باسی وەرگرتنی یارمەتی ماڵی نەکراوە. بەڵێنی درابوو کە هێندێك لە لاوانی کوردستان بەرن بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتو بۆ کاری نیزامی پەروەردەیان کەن تا لە دوارۆژدا بتوانن بەڕێوەبەریی سوپای میللی کوردستان بە ئەستۆوە بگرن. ئەم کارە ئەنجام دراو ٦٠ کەس لە لاوانی کوردستان بۆ فێربوون نێردرانە یەکیەتیی سۆڤیەت. هەروەها بەڵێنی درا کە بۆ گەشەپێدانی چاپەمەنیو چاپ کردنی رۆژنامەو گۆڤارو کتێب، چاپخانەیەك لە مەهاباد دابمەزرێ. ئەم وەعدەیە جێبەجێ بووو دەزگای چاپێك کە لە

یەکیەتیی سۆڤیەت وەرگیرابوو، لە مەهاباد دەستی بە کار کردو چاپەمەنیی حیزبیو هەموو ئەو نووسراوانەی چاپ دەکرد کە لە زەمانی کۆماری کوردستان دا دەردەچوون. بەم شێوەیە حیزبی دێموکرات لە لایەکەوە پشت ئەستوور بە خەڵکی کوردستان بووو هیوای بە پشتیوانیی هێزە دێموکراتییەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێران هەبووەو، لە لایەکی دیکەشەوە پشتیوانیی سیاسیو وەعدەی یارمەتیی ماددی یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆلای خۆی راکێشابوو.[1]

لەو کاتەدا هەلومەرجی نێوخۆو دەرەوە بۆ بەرەسمی راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە بوو، هەر بۆیەش رۆژی ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکی پانوبەرین دا کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی تێدا بەشدار بوون، پێك هاتنی کۆماری کوردستان راگەیەندراو قازی محەممەد کە رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بوو بە سەرۆك کۆماری کوردستان. لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی قسەی کردو بەرنامەی داوڕۆژی کارو تێکۆشانی کۆماری کوردستانی راگەیاند کە لە بنەڕەت دا هەموو ئەو بەرنامەیە بوو کە حیزبی دێموکرات داینابوو.[1]

---

١ـ لەم سەفەرەدا گفتوگۆیەك لە نێوان باقرۆفو قازی محەممەددا رووی دا کە جێگای سەرنجە، لە کاتی چاخواردنەوەدا کە باسی یارمەتیی سۆڤیەتی بە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان کرا، قازی محەممەد ئەو نوکتەیەی بۆ باقرۆف گێڕایەوە: ئاغایەك تاژییەکەی بە گوندییەکی هەژار بەخشیبوو. بۆ بەیانی گوندییەکە چوو بۆلای ئاغاو لە رادەبەدەر سوپاسی کرد. ئاغا پێی سەیر بوو، لە گوندییەکەی پرسی کە ئەم هەموو سوپاسو حەق شناسییە بۆ تاژییەکی رووت بۆچییە؟! گوندییەکە وەڵامی دایەوە: تۆ کە تاژیت داومێ، بێگومان ئەسپێکیشم دەدەیەی راوی پێ بکەم، کە ئەسپت دامێ، تفاقەکەشی دەدەی. دیارە لە پاشان جێگاو خانووشمان دەدەیەی هەم بۆ ئەسپەکەو هەم بۆ خاوەنەکەی، ئەمجا من بە تەواوی لێت رازی دەبم. (کۆماری مەهاباد، ل ٤٥٠) مەبەستی پێشوا قازی زۆر روون بووو ویستوویەتی هەر لە سەرەتاوە باقرۆف حاڵی بکا کە ئەگەر یەکیەتیی سۆڤیەتی وەعدەی پشتیوانی لە پێکهێنانی کۆماری کوردستان دەدا، دەبێ بەکردەوە یارمەتیشی بداتێ. دەنا بە قەولو قەرار نە کار جێبەجێ دەبێو نە کوردیش دەبێ پشتی پێ ببەستێ.(د)

١ـ لەم کۆبوونەوەیەدا "زیرۆ بەهادوری" هێرشی کردە سەر "سەید عەبدوڵڵای گەیلانی"و تاوانباری کرد کە لەگەڵ ستادی ئەرتەشی ئێران پێوەندیی هەیە. سەیر ئەوەیە کە قسەکانی زیرۆ لە رۆژی ١١ی رەشەمەی ١٣٢٤ (١ی مارسی ١٩٤٦) لە لاپەڕی یەکی ژمارەی ٢١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ کراوە. دوور نیە "زیرۆ" لەبەر خاتری سۆڤیەتییەکان ئەم قسەیەی کردبێ، چونکە ئەو کاتە سەید عەبدوڵڵای گەیلانی بەوە تاوانبار دەکرا کە لەگەڵ ئینگلیسییەکان پێوەندیی هەیە. هەر چۆنێك بێ مەیدانی چوارچرا لە رۆژی ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤دا بۆ ئەم قسانە نەدەبوو.(د)

پاشان کابینەی وەزیران بە سەرۆکایەتیی حاجی بابەشێخ لەگەڵ سێزدە وەزیری دیکە پێك هات کە زۆربەیان نوێنەری چینو توێژەکانی نێونجی شاری مەهاباد یان ئاغاو خاوەن ملکە گەروەکان بوون. ناوی وەزیرەکان رۆژی ٢٢ی رێبەندان لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو کرایەوە کە بریتیبوون لە:

| | |
|---|---|
| ١ـ سەرۆك وەزیر | حاجی بابەشێخ |
| ٢ـ وەزیری شەڕ | محەمەد حوسەینی سەیفی قازی |
| ٣ـ وەزیری کاروباری نێوخۆیی | محەمەد ئەمین موعینی |
| ٤ـ وەزیری لەش ساغی | محەمەدی ئەیوبیان |
| ٥ـ وەزیری موشاویر | عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە |
| ٦ـ وەزیری رێگاوبان | سمایلی ئیلخانیزادە |
| ٧ـ وەزیری ئابووری | ئەحمەدی ئیلاهی |
| ٨ـ وەزیری پۆستو تەلەگراف | کەریمی ئەحمەدەدین |
| ٩ـ وەزیری بازرگانی | مستەفا داوودی |
| ١٠ـ وەزیری فەرهەنگ | مەنافی کەریمی |
| ١١ـ وەزیری کشتوکاڵ | مەحموودی وەلیزادە |
| ١٢ـ وەزیری تەبلیغات | سەدیقی حەیدەری |
| ١٣ـ وەزیری کار | خەلیلی خوسرەوی[2] |

کارێکی سەمبولیك کە بۆ یەکەم جار رۆژی ٢٦ی سەرماوەز (١٧ی دیسامبری ١٩٤٥) رووی داو رۆژی ٢ی رێبەندان (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) لە مەهاباد رەسمییەتی پێدراو لە پاشان لە شارو گوندەکانی دیکەی کوردستانیش دووپات کرایەوە، هەڵکردنی ئالأی کوردستان بوو. ئالأی کوردستان سێ رەنگ بوو: رەنگی سوور لە سەرەوە، سپی لە نێوەڕاستو، کەسك لە خوارەوە. ئارمی کۆماری کوردستان لە نێوەڕاستی ئالأکە دابووو بریتی بوو لە قەڵەمێك لە نێوان دوو گوڵە

[2]ـ لە هێندێ جێگا ناوی مەلا حوسێنی مەجیدییش وەك وەزیری دادپەروەری هاتوە.(د)

گەنم. قەڵەم بایەخ دانی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستانی بە فەرهەنگو زانست دەنوانـدو گوڵەگەنمیش نیشانەی بەرهەمو کار بـوو، هـەتاویش لـەلای سـەرەوەی ئارمەکـە هـەڵاتبوو کـە سەمبولی ئازادی بوو. پاش ٢ی ڕێبەندان ئاڵاهەڵکردن لە ناوچەکانی کوردستان بوو بە هەرایەکی تەبلیغاتی زۆر پانوبەرین بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتان بـۆلای حیزبـی دێموکراتو کۆماری کوردستان. ئەوە بوو لە هەموو شارەکانو هەروەها گوندەکانی گەورەی ئـەو ناوچـەیە کـە کۆمـاری کوردسـتانی تێـدا جـێگیر ببـوو، ڕێـوڕەسمی ئاڵاهـەڵکردن پێـك هـات. بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لە مەهابادەوە دەچوون، قسەیان بـۆ کۆمـەڵانی خـەڵك دەکـردو سیاسەتی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستانیان بۆ شی دەکردنەوەو داوای پشتیوانییان لـێ دەکردن.[1]

پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان، سروودێکی ڕەسمی بۆ حیزبو کۆمار دانرا. ئـەو سـروودە هەمان سروودی بەناوبانگی "ئەی ڕەقیب"ە کە ئێستاش سروودی ڕەسمیی حیزبە. هەڵبژاردنی ئەم سرووده ڕێکەوت نەبوو. دەکرێ بڵێین پاش چەند سـەد سـاڵ گـەلی کـورد تـوانی فـەرمانڕەوایی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. بۆیە پێویست بوو هەروەك ئـەم سـروودە دەڵێ بگوترێ کە: "ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان، کـەس نـەڵێ کـورد مـردوە، کـورد زیندوە".

پاش سەدان ساڵ، ٢ی ڕێبەندان نیشانەی ئەوە بوو کە دوژمنانی نەتەوەی کورد نەیان توانیبوو ئەم نەتەوەیە لە بەین بەرن. سەرەڕای هەموو ئەو زوڵمو زۆرداریيـە بێپایانـە کـە بـە درێـژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد کراو لەگەڵ ئەوەش کە دوژمنانی نەتەوەی کورد زۆر جار بۆ لەنێوبردنی یەکگرتوو بوون، لەم مەبەستەدا سەرنەکەوتنو نەیانتوانی کورد بمرێنن، یـان بێتوێننـەوە. بۆیـە زۆر گرینگو سەمبولیك بوو کە هاوار بکرێو بگوترێ:

نەتەوەی کورد هەر ماوە، نەتەوەی کورد هەر زیندوە.

---

[1] ـ ڕۆژی ٦ی ڕێبەندان کەلیمییەکانی شاری مەهاباد جێژنێکی گەورەیان بەڕێوە بردو پێك هاتنی کۆماری کوردستانیان پیرۆزبایی کرد.(د)

**٢ـ کارو کردەوەی کۆمار**

کۆماری کوردستان ١١ مانگ ژیاو وردتر بڵێین تەمەنی ٣٣٠ رۆژ بوو. ٣٣٠ رۆژ لە مێژوودا ماوەیەکی زۆر کەمەو هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی لە ماوەی ١١ مانگ دا دەرەتـانی ئـەوەی نیـە کە بەرنامەی خۆی یان تەنانەت بەشێکی گرینگی ئەو بەرنامەیـە پیـادە بکـا. بـەڵام دەبـێ بـە شانازییەوە بگوترێ کە ئەو کارانەی کۆماری کوردسـتان لـە مـاوەی ١١ مـانگ دا جێبـەجێی کردن، گەلێك کردەوەی گرینگ‌و مێژوویی بـوون. زۆربـەیان ئـاواتی زۆر لـە مێژینـەی خـەڵکی کوردستان بوون، کە بۆ یەکەم جار لە ژیانی نەتەوەی کورددا هاتنەدی. زمـانی کـوردی کـرا بـە زمانی رەسمی، رۆژنامەو گۆڤارێکی زۆر بە زمانی کوردی بڵاو کرانەوە، یەکەم ژمارەی رۆژنامەی "کوردستان" (بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردسـتان) لـە رۆژی ٢٠ی بـەفرانبار ١٣٢٤ (١٠ی ژانویەی ١٩٤٦)دا دەرچوو کـە بـە هـەمووی ١١٣ ژمـارەی لـێ چـاپ کـرا. گۆڤـاری "کوردستان" بڵاوکراوەیەکی سیاسی‌و ئەدەبی‌و گشتی بوو. "هاواری کورد" گۆڤارێکی سیاسی‌و "هاواری نیشتمان" کە ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان بوو خۆی بە گۆڤـارێکی ئەدەبی، سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی دادەنـا. "هەڵاڵـە" کـە گۆڤـارێکی ئـەدەبی بـوو، لـە بۆکـان دەردەچوو، "گڕوگاڵی منداڵانی کورد" کە کرێکارانی چاپخانەی کوردستان لە مـەهاباد بڵاویـان دەکردەوە. هەروەها لە ئاخری تەمەنی کۆماری کوردستان دا هێندێك کتێب‌و چاپەمەنیی دیکـە بڵاو کرانەوەو هەوڵ درا کە کتێبی دەرسی بۆ منداڵانی قوتابخانەکان ئامادە بکرێ.

بەڕاستی کارو تێکۆشانی ئەم ١١ مانگە لە باری پێشخستنی زمانی کوردی‌و بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کوردەوە شۆڕشێك بوو. ئەوەندەی لە ماوەی ئـەم ١١ مانگـەدا نووسـراو کتێـب بـە زمانی کوردی چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە، لە هێندێك جێگای دیکە کە دەرەتان هەبووە، بـە چـەندین ساڵ بڵاو نەکراوەتەوە.

بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار تەئاتری کوردییش پێك هات، نەخشـی تـەئاتر (شانۆ) زۆر گرینگ بوو، چونکە خەڵکی نەخوێندەوار لە تـەئاتر حـاڵی دەبـوون، لـە حاڵێـك دا

نەیاندەتوانی چاپەمەنی‌یەکان بخوێننەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە ٩٠ لە سەدی خەڵك لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، ئەم جار گرینگیی تەئاتری کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ.[1]

یەکێك لە دەسکەوتە گرینگەکانی کۆماری کوردستان ئەوە بوو کە ژنانی کورد بۆ یەکەم جار بەرەسمی و بە ئاشکرا هاتنە نێومەیدانی خەبات. بۆ راکێشانی زیاتری سەرنجی ژنان، پێشەوا قازی ژن و کچی خۆی هان دەدان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بەشداری بکەن و ببن بەنموونە بۆ ژنانی دیکە. رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٢٤ (١٤ی مارسی١٩٤٦) یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزراو رۆژبەرۆژ تێکۆشانی پتر پەرەی دەستاند. بەڵام دیارە ژنی سەربەست، بارهاتوو و پێگەیشتوو و بەتایبەتی خوێندەوار لەو کاتەدا یەکجار زۆر کەم بوو و لە ماوەیەکی کورت دا ئیمکان نەبوو کە خەباتی ژنان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان دا پەرە بستێنێ.

بێگومان یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی سەرکەوتنی کۆماری کوردستان پێك هێنانی سوپای میللی بوو کەبەهێزی پێشمەرگە ناو نرا.(١)

پێك هێنانی سوپای میللی بەشێك لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات بوو. لەوێ دا گوترابوو کە هەڵسووراندنی کاروباری کوردستان دەبێ بەدەست گەلی کوردەوە بێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویست بوو هەر لەو کاتەوە لە فیکری دوارۆژو پاراستنی کۆماری کوردستان دا بێ. هێزی پێشمەرگە یان سوپای میللی زۆر زوو پەرەی گرت و بە هەزاران کەس بوون بە پێشمەرگەو بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان چەکیان

---

١ـ یەکێك لە پیەسەکانی تەئاتری کوردی "دایکی نیشتمان" بوو کە پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان ئامادە کرابوو. "دایکی نیشتمان" کوردستان بوو کە لە لایەن چەندین دەوڵەتی زۆردارەوە زوڵمی لێ دەکرا، لە پاشان رۆڵەکانی کورد بە خەباتی خۆیان (درێژەی ئەم ژێرنووسە لای کوێستانە)

(١) پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆڕێکی ئەدەبی لەمەهاباد پێك هات بۆ ئەوە لەباتی وشەی فارسیو عەرەبی وشەی کوردیی رەسەن بۆ زاراوەکانی نێو سوپا بدۆزنەوە. یەکەم زاراوە کە پێویست بوو دابنرێ, بەرامبەر بە وشەی سەربازی فارسی بوو کە ئازەربایجانی‌یەکان کردبوویان بە فیدایی. گۆیا ئەدیبەکان هیچیان بۆ نەدیترایەوە تا پیاوێکی پیری دنیادیتوو کە چای بۆ دەهێنان پێی گوتن: کورد بە پیاوی لەخۆبووردوویان دەگوت "پێشمەرگە". (د)

هەڵگرت. هێندێك لە ئەفسەرە کوردەکانی لەشکری عێراقیش کە پەنایان بۆ کوردستانی ئێران هێنابوو لە سوپای میللی دا چالاکانە بەشدار بوون.

بەڵام جارێ ئوسوولێکی ڕێك و پێك یا بە قسەی ئەمڕۆمان ئایین نامەیەکی تەواو بۆ هێزی پێشمەرگەو سوپای میللی دانەنرابوو و بێ ئەزموون یا بەبێ تاقی کردنەوە زۆر کەس دەبوون بە ئەفسەر و دووسێ دەرەجەیان وەردەگرت، بێ ئەوەی پێشتر پێشمەرگە بووبن یان کارێکی ئەوتۆیان لە سوپای میلیی دا ئەنجام دابێ. تەنانەت ڕقەبەرییەکی زۆر ناسالم لەنێوان سەرۆك عەشیرەتەکان دا پێك هاتبوو و هەر سەرۆك عەشیرەتێك پێی وابوو هەرچی زیاتر ئەستێرەی لەسەرشان بێ قەدرو حورمەتی دەچێتە سەرێ.(٢)

بۆ وێنە چوار کەس بوون بە ژەنراڵ کە بریتی بوون لە: **محەممەد** حوسێنی سەیفی قازی، عەمەرخانی شکاك، حەمە ڕەشید خانی بانەو مەلا مستەفا بارزانی. لەکاتێك دا یەکێکی دیکە وەك زێرۆ بەهادوری کە سەرۆك عەشیرەتێکی چووك و نەخوێندەوار بوو، دەرەجەی مارشالی بۆخۆی دانابوو و بە مارشال زێرۆ ناویان دەبرد. ئەم دوو نموونەیە جێگیر نەبوونی ئوسوولی دیسیپلینی پێشمەرگایەتی لەنێو سوپای میللیدا نیشان دەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پێك هێنانی سوپای میللی یەکێك لە شانازییەکانی کۆماری کوردستانە. خۆی ئەوە کە شوێنەواری ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی نەمابوو و پۆلیس و ژاندارمێری هەڵوەشابوون و هێزی پێشمەرگە لەجێگای ئەوان دانرابوو، یەکێك لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی کۆماری کوردستان بوو.

وەزعی ئابووریی ئەو ناوچەیەی کۆماری کوردستانی تێدا پێك هاتبوو گۆڕانی بەسەردا هات و بەرەو باشی ڕۆیی. یەکێك لە نیشانەکانی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان دەستی بەبازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی کردو بەتایبەتی

---

(٢) دەگێڕنەوە کە یەکێك لەو سەرۆك عەشیرەتانە داوای لە پێشەوا قازی کرد کە ئەستێرەیەکی زیادیی بداتێ بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە گوندەکەی بتوانێ خۆی پێوە هەڵکێشێ. پێشەوا قازی لە لایەکەوە نەیدەویست ئەم ئەفسەرە بشکێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە پێی خۆش نەبوو قانوونەکە تێك بدا, بۆیە ئامادە بوو بەو مەرجە ئەستێرەی بداتێ کە تەنیا لە گوندی خۆی ئەستێرەکە لەسەر شانی دابنێ و لە شار دا کەڵکی لێوەنەگرێ. (د)

فرۆشتنی تووتن بە یەکیەتیی سۆڤیەتیو کڕینی زۆر کەرەستە لەم دەوڵەتــە گەشــەیەکی تایبەتیی بە بازرگانی دابوو و ڕێگای بۆ باشتربوونی وەزعی ئــابووری خــۆش کردبــوو.[٣] باشتر بوونی وەزعی ئابووریی ئەم ناوچەیە جێگای سەرنجە، چونکە لەو کاتەدا لە هێندێ لە بەشەکانی دیکەی ئێران تەنانەت لە جنووبی کوردستانیش هەژارییــەکی زۆر بەرچــاو بوو و زۆر جار خەڵك ڕاستەوخۆ لەبرسان دەمردن.

دابــین کردنــی ئەمنییــەت و ئاسایشــی خــەڵك ســەرکەوتنێکی بەرچــاوی کۆمــاری کوردستان بوو. لەکاتێك دا هەزاران کەس چەکدار بوون، لە ماوەی یازدە مانگ دا تەنیا یەك کــەس کــوژرا. دزی هــەر نــەمابوو. بــەرتیل خــواردن کــە لــە زەمــانی ڕەزاشــادا دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو بوو، بە تاوانێکی گەورە دەزانرا.[٤]

بێگومان دەسکەوتی هەرە گەورەی گەلی کورد لەکۆماری کوردستان دا ئــەوەبوو کــە بۆ یەکەم جار چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرت و تامی ئــازادیی چێشــت. نــە ئــەمری دەوڵەتی مەرکەزیی مابوو کە پەیڕەویی لــێبکاو نە زەبرو زەنگی ئەرتــەش و زۆرداریــی پۆلیس و ژاندارم. ئێستا گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەستی بەوە دەکرد کــە خــۆی لەوڵاتی خۆی دا خاوەن دەسەڵاتەو لەنیشتمانی خۆیدا بێگانــە نیــەو چارەنووســی خــۆی بۆخۆی دیاری دەکا. بەکورتی گەلی کورد ئازاد بوو.

گەلێك کە سەدان ساڵ ژێردەســت نــەبووبێ، زۆرداریــی چــەند دەوڵــەتی نەچێشــتبێو هەموو وەختێك خۆی لەنیشتمانی خۆی دا زیندانی هەست نەکردبێ، ناتوانێ قەدری ئەو

---

(٣) کۆماری کوردستان ١/٨٧٥/٠٠٠ کیلۆ تووتنی بە یەکیەتیی سۆڤیەتی فرۆشت کە بایی ٨٠٠/٠٠٠ دۆلار بوو. (و. ئیگلتن کۆماری کورد...ل٨٨)

W.Egaleton: The Kurdish Republic of 1946. 1963 London, p.88

(١) ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندان لە ژمارەی ١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ئاگادارییەك بەرچاو دەکەوت کە لە چەند ژمارەی پاشتریش دا بڵاو کرایەوە. لەم ئاگادارییەدا هاتوە:*"بەهۆی ئەو نووسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتەواوی مەئموورینی حکوومەتی کوردستان رادەگەیێندرێت, هەر کەس لە هەر مەمەرێکەوە, بە هەر نێوێك لە تمەنێك تا چەند تمەن بۆ هەڵسووڕاندنی کارێکی (چ قانوونی, چ شەرعیو غەیرە) بەرتیل و ریشوەت بداو یا وەربگرێ لە پاش مەعلووم بوون بە خائینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ. قەراری موجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبس تا کوشتن و ئیعدام تەسویب و موقەرەر کراوە... کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان"*. (د)

ئازادی‌یە بزانێ کە لە کۆماری کوردستان دا وەدەست گەلی کورد کـەوتبوو، نـەك هـەر کورد ژێر دەست نەبوو، بەڵکوو چەکی لەشـان بـوو و پـاش سـەدان سـاڵ شەخسـییەتی ئینسانێکی تەواوی پەیدا کردبوو، بۆ یەکەم جـار ئیـدی هاونیشـتمانێکی دەرەجـە دوو نەبوو، خۆی بە کەمتر لەهیچ نەتەوەیەکی دیکە دانەدەناو دڵنیایی بەخۆی و هێزی خـۆی پەیدا کردبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش، کوردستانی سەرکەوتوو لە خۆبایی نەبوو. بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات زۆر چاك دەیانزانی کە بۆ بەربەست کردنی کۆنەپەرستی و بۆ بەرگری بەرامبەر بە ئیمپریالیزم پێویستە لەگەڵ هێزە دێموکراتی‌یەکانی سەرانسـەری ئێران رێك کەون، هاوپەیمان بن و بەرەیەکی یەکگرتوو پێك بێنن. هەر لەبەر ئەوەبوو کـە حیزبی دێموکرات لەگـەڵ فیرقـەی دێمـوکراتی ئازەربایجـان و حیزبـی تـوودەی ئێـران و هەروەها حیزبی ئێران و حیزبی سۆسیالیست و حیزبی جەنگەڵ کە لە شیمالی ئێران پێك هاتبوو پێکەوە بەرەیەکی یەکگرتوو و پێشـکەوتوویان پێـك هێنـا. مەبەسـتی حیزبـی دێموکرات لەچوون بۆ نێو ئەم بەرەیـە سـەلماندنی ئـەم راسـتی‌یە بـوو کـە جووڵانـەوەی دێمـوکراتیی کوردسـتان بـە یـەکگرتوویی لەگـەڵ جووڵانـەوەی پێشـکەوتنخوازیی سەرانسەری ئێران سەردەکەوێ. حیزبی دێموکرات بەم کارە دەیەویست هـەم نیشـان بـدا کە تێکۆشانی لە چوارچێوەی سنووری ئێران دایەو هەم بەندی هەشتەمی بەرنامەکەشـی جێبەجێ بکا کە دابین کردنی دێموکراسـی بـوو لـە سەرانسـەری ئێـران دا. بـەم جـۆرە بەشـێکی کوردسـتانی ئێـران کـە هـەموو دەزگـاو دەسـەڵاتی دەوڵـەتی مەرکـەزیی کۆنەپەرستی لەوێدا لەنێو چووبوو و جووڵانەوەیەکی دێموکراتی‌و پێشـکەوتنخوازانە بـە شێوەیەکی بێوێنە تێیدا پەرەی ئەستاندبوو، بوو بە یەکێك لە بنکەکانی دێموکراسی لـە سەرانسەری ئێران داو رێزو حورمەتی هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بۆ لای خۆی راکێشا.

هـەروەها کوردسـتانی ئێـران بـوو بـەجێی هیـواو هومێـدی ئـازادیخوازانی هـەموو بەشەکانی کوردستان. نوێنـەرانی رێکخـراوە کوردی‌یـەکان هـەروەها شەخسـییەتی زۆر

بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیەو سووریەو عێراقەوە پەیتا پەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد ببوو بە جێی هیواو قیبلەگای ئازادیخوازانی کورد.

هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتوو بە دڵەوە ئاواتی ئەوەبوو ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ، چونکە دەیان زانی کە رووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان لە دوارۆژدا روون دەکاتەوە. لە وەڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیەدا کە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەکی نووسیبوو: ***"رووناکایی ئێرە لە دوارۆژدا بۆ ئێوەش تیشك دەداتەوە"*** (١)

پێش ئەوەی کۆماری کوردستان پێك بێ، بارزانی‌یەکان پەنایان بۆ کوردستانی ئێران هێنا. بە بەرێوەبەریی سیاسیی مەلا مستەفا بارزانی و بەرێوەبەریی ئایینی شێخ ئەحمەدی بارزانی کە لەدەست زوڵم و زۆری رێژیمی کۆنەپەرستی نووری سەعید خۆیان لە عێراق دەرباز کردبوو لە رۆژی ١٩ی رەزبەری ١٣٢٤ (١١ی ئوکتۆبری ١٩٤٥) هاتنە ناوچەی شنۆ. پیاوەکانیان کە چەکدار بوون دوو هەزار کەس دەبوون و ژن و منداڵیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هێندێك مامۆستای قوتابخانە، مووچەخۆرو هەروەها دوازدە ئەفسەری ئەرتەشی عێراقیش کە کورد بوون لەگەڵیان بوون.

بەپێی ئوسوول و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە بارزانی‌یەکان کراو بە پێی ئیمکانی ئەوکاتە لە هێندێك ناوچەی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی نەغەدە بوون بە پێشمەرگەی سوپای میللی. خودی مەلا مستەفا دەرەجەی ژەنراڵیی درایەو کرایە فەرماندەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان. هاتنی بارزانی‌یەکان و تێکەڵ بوونی بەم شێوەیان لەگەڵ کۆماری کوردستان ئەم راستی‌یەی پتر دەرخست کە کۆماری کوردستان بەراستی سەمبولی هاوکاری و هاودەردی و تەنانەت یەکگرتنی هەموو نەتەوەی کورد بوو.

### ٣ـ کوردستان و ئازەربایجان

به پێی ئەو پەیمانە کە لەنێوان هاوپەیمانەکان دا واتە ئەمریکاو یەکیەتیی سۆڤیەتیو بریتانیا لەلایەکەوەو ئێران لە لایەکی دیکەوە لە کۆنفرانسی تاران لە رۆژەکانی ٧ تا ٩ی مانگی سەرماوەزی ١٣٢٢ (٢٨تا٣٠ نوامبری ١٩٤٣)دا بە بەشداریی ستالین، رۆزوێڵت و چرچیل بەسترا، بڕیار وابوو شەش مانگ پاش تەواو بوونی شەڕی دووهەمی جیهانی لەشکری هاوپەیمانەکان ئێران بەجێ بێڵێ. ئەم شەڕە لە ئورووپا لە ١٨ی مانگی بانەمەڕی ١٣٢٤ (٨ی مای ١٩٤٥)دا بە تەسلیم بوونی بێقەیدو شەرتی ئاڵمان و لە ئاسیا لە ١١ی خەرمانانی ١٣٢٤ (٢ی سێپتامبری١٩٤٥)دا بە تەسلیم بوونی ژاپۆن کۆتایی هات. لەشکری ئەمریکا تا ١٠ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (١ی دیسامبری١٩٤٥) واتە پێش تەواو بوونی ماوەکەو لەشکری بریتانیا تا ١٢ی رەشەمەی ١٣٢٤ (١ی مارسی١٩٤٦) راست لە رۆژی تەواو بوونی ماوەکەدا ئێرانیان بەجێ هێشت. بەڵام لەشکری سوور هەر لە جێگای خۆی بوو. لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٤دا وەختێك دەوڵەتی مەرکەزی ویستی لەشکر بۆ ئازەربایجان بنێرێ، بۆ ئەوە یارمەتی پادگانەکان بدا کە لە لایەن فیدایییە ئازەربایجانییەکانەوە خرابوونە مەترسییەوە، لەشکری سوور لە "شەریف ئاباد" پێشی پێگرت و نەیهێشت.

رۆژی ١٣ی رەشەمە (٢ی مارس) دەوڵەتی ئینگلیس و رۆژی ١٥ی رەشەمەش دەوڵەتی ئەمریکا لەبەر ئەوە کە لەشکری سوور ئێرانی بەجێ نەهێشتبوو، ئیعترازیان بە یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد. تەنانەت ئەمریکا هەڕەشەی کرد و رایگەیاند ئەگەر هێزەکانی سۆڤیەتی خاکی ئێران بەجێ نەهێڵن، لەشکری خۆی دەنێرێتەوە ئێران، مەسەلەکە ئەوەندە گەورە بوو کە دەوڵەتی ئێران لە ٢٦ی رەشەمەی ١٣٢٤ (١٦ی مارسی ١٩٤٦)دا سکاڵای خۆی لە یەکیەتیی سۆڤیەتی، بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان برد. پاش وتوویژێکی زۆری دیپلۆماتی، بەتایبەتی پاش سەفەری سەرۆك وەزیری ئێران قەوام بۆ مۆسکۆ لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥دا، رێککەوتنێك لە نێوان یەکیەتیی سۆڤیەتیو ئێران لەسەر گیروگرفتی ئەساسی لە تاران پێك هات ولە

١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥(٤ی ئاوریلی ١٩٤٦)دا ڕێککەوتننامەیەك بە ئیمزای قەوام و سادچیکۆف بڵاو کرایەوە کە تێیدا هاتبوو:

*١ ـ لەشکری سوور لە ڕۆژی ٤ی خاکەلێوەوە تا یەك مانگ و نیو خاکی ئێران بەجێ بێڵێ.*

*٢ ـ شیرکەتێکی تێکەڵی نەوتی ئێران و سۆڤیەتی پێك دێ و لە ڕۆژی ٤ی خاکەلێوەوە هەتا حەوت مانگی دیکە ڕێککەوتننامە لەسەر ئەم شیرکەتە بۆ پەسند کردن دەدرێ بە مەجلیسی پازدە.*

بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دانرابوو شیرکەتێکی تێکەڵ بۆ ئەم مەبەستە پێك بێ کە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە ناوچەکانی شیمالی ئێران نەوت دەربێنێ. لە ٢٥ ساڵی یەکەم دا بەشی ئێران ٤٩ لە سەدی قازانج و بەشی دەوڵەتی سۆڤیەتی ٥١ لە سەد بوو. لە پاش ٢٥ ساڵ قازانجی هەردوولا دەبوو بە ٥٠ لە سەد. بە دوای تەواو بوونی ٥٠ ساڵەکەدا ئێران دەیتوانی بەشی سۆڤیەتیش بکڕێ و هەموو شیرکەتەکە بکا بەهی خۆی. هەموو سەرمایەی دەرهێنانی نەوت بە عۆدەی یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو و سەرمایەی ئێران تەنیا کانی نەوت بوو. بڕیار وابوو ئەم ڕێککەوتننامەیە پاش چوونەدەری لەشکری سوور لە ئێران بدرێ بەمەجلیس، چونکە دەوڵەتی ئێران پێی خۆش بوو هەڵبژاردنی گشتیی مەجلیس لە سەرانسەری ئێران بەڕێوە بچێ و لەم بڕوایەدابوو کە بە بوونی لەشکری بێگانە لە بەشێك لە خاکی وڵات دا هەڵبژاردنی ئازاد ناکرێ.[٥]

هەروەها هەردوو وڵات ڕێك کەوتن کە مەسەلەی ئازەربایجان گیروگرفتێکی نێوخۆی ئێرانەو دەبێ لە ڕێگای ئاشتییەوە چارەسەر بکرێ. بەم چەشنە زەمینە ئامادە بوو کە یەکیەتیی سۆڤیەتی لەشکری خۆی لە ئێران بکێشێتەوە. تا ٢٠ ی مانگی بانەمەڕی ١٣٢٥ (١٠ی مای ١٩٤٦) لەشکری سوور ئێرانی بەجێ هێشت.

---

[١] ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٢٦ (٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٤٧) قەوام ئەم ڕێککەوتننامەیەی پێشکەشی مەجلیس کرد و بەڵام خۆی دژی پەسند کردنی دوا. مەجلیسیش زۆر زوو هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا ئەم ڕێککەوتننامەیەی "کان لم یکن" دانا, واتە هەروا بزانە کە نەبووە. )د)

پاش ڕۆیشتنی لەشکری سوور وتوویژ لەنێوان کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لە لایەکەوەو دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. ئەم وتوویژە هەتا مانگی خەرمانانی ١٣٢٥ هەر درێژەی هەبوو. بەڵام پێویستە پێش ئەوەی ئاکامی ئەم وتوویژە بخەینە بەرچاو، باسی مەسەلەیەکی زۆر گرینگی ئەو وەختە بکەین کە پێوەندیی نێوان کۆماری خودموختاری کوردستان و حکوومەتی میلليی ئازەربایجانە.

ئەم دوو حکوومەتە کە هەماهەنگ لەگەڵ یەکتر پێك هاتبوون دوو ڕێژیمی دێموکراتی و پێشکەوتوو بوون و لە بەربەرەکانی دژی دەوڵەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی دا یەکیەتی‌یان هەبوو و یەکگرتوو بوون، هەر لەسەر ئەم بناخەیەش پەیمانێکی دۆستایەتی‌و هاوکاری لە نێوانیان دا بەسترا. ئەم پەیمانە لە ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥(٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦) لە شاری تەورێز لە لایەن دوو هەیئەتی ڕەسمی‌یەوە بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری ئیمزا کرا.

دەقی پەیمانەکە ئەوەیە:

***١ ـ لەو جێگایانەی کە بە پێویست دەزانن هەردوو حکوومەتی میللی نوێنەری ڕەسمیی خۆیان لە خاکی یەکتر دیاری دەکەن.***

***٢ ـ لە ئازەربایجان، لەو جێگایانە کە زۆربەی دانیشتووانیان کوردن کاروباری دەوڵەتی بەدەست کوردەکانەوە دەبێ. هەروەها لە کوردستان لەو جێگایەی کە زۆربەی دانیشتووانی ئازەربایجانین کاروباری دەوڵەتی بە دەست مەئموورانی حکوومەتی میلليی ئازەربایجانەوە دەبێ.*** [1(1)]

***٣ـ هەردوو حکوومەت کۆمیسیۆنێکی هاوبەش بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە ئابووری‌یەکان پێك دێنن. بڕیارەکانی ئەم کۆمیسیۆنە بە چاوەدێریی سەرۆکی هەردوو حکوومەت جێبەجێ دەبێ.***

---

(١) ـ جێی سەرنجە کە لەم بەندەدا دەگوترێ کە ***"کاروباری دەوڵەتی بەدەست کوردەکانەوە دەبێ"*** بەڵام کە باسی ئازەربایجانی‌یەکان دەکرێ لە ***"مەئموورانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان"*** دەدوێ.)د)

1

*٤ـ لە کاتی پێویست دا لە نێوان حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کوردستان دا هاوکاریی نیزامی ساز دەبێو هەرچی پێویست بێ یارمەتیی یەکتر دەدەن.*

*٥ـ ئەگەر پێویست بێ لەگەڵ حکوومەتی تاران وتووێژ بکرێ دەبێ بە پەسندی هەردوو حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان بێ.*

*٦ـ حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو کوردانە کە لە خاکی ئازەربایجان دا دەژین و حکوومەتی میللیی کوردستانیش بۆ پێشخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئەو ئازەربایجانییانە کە لە خاکی کوردستان دا دەژین، بە پێی توانا هەوڵ دەدەن.*

*٧ـ هەرکەس بۆ تێکدانی دۆستایەتیی مێژوویی نەتەوەی ئازەربایجان و نەتەوەی کوردو لەنێو بردنی یەکیەتیی دێموکراتیی میللی یا ئاڵۆز کردنی ئەم یەکیەتییە تێبکۆشێ یەکدەست لە لایەن هەردوو لاوە سزا دەدرێ.*[١]

هەروەها کە بەرچاوە ئەم پەیماننامەیە دووبەشی هەبوو. بەشێکی پێوەندییەکانی نێوان دوو حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستانی روون دەکردەوە. هەردوولا کەمایەتییەکانی یەکتریان بەرەسمی دەناسیو هەموو مافێکی نەتەوەییو شارستانەتییان دەدایە. هەروەها پەسند کرابوو کە هەردوو دەوڵەت بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان پێکەوە هاوکاری بکەن. بەشی دووهەمی سەبارەت بە پێوەندەییەکانی ئەم دوو حکوومەتە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بوو. هەرچەشنە وتووێژێك کە لەگەڵ دەوڵەتی تاران کرابا دەبا بە پێی پەسندی هەردوو دەوڵەتی ئازەربایجان و کوردستان بێ. هەرکاتیش پێویست با هێزە چەکدارەکانی ئەم دوو دەوڵەتە ئامادە بوون یارمەتیی یەکتر بدەن. ئاشکرایە پەیمانێکی ئەوتۆ کە بەرەسمی لە لایەن دوو حکوومەتەوە ئیمزا کرا، بووبە هۆی تووڕە بوونی کاربەدەستانی دەوڵەتی مەرکەزی.

---

[١] بەداخەوە ئەسڵی ئەم پەیماننامەیە دەست نەکەوت. ئەم دەقە لە فارسییەوە وەرگیراوە, کە وێ دەچێ ئەسڵی نەبێ. بۆیە رەنگە بەڵگەی ئێستا لە هێندێ وشەدا لەگەڵ ئەسڵ جیاوازیی هەبێ, بەڵام لە مانادا جیاوازیی نیە. (د)

چونکه ئەوان بە هیچ جۆر دانیان بە بوونی ئەم دوو دەوڵەتەدا نەهێناو ئەم کارەی دەوڵەتی کوردستان و ئازەربایجانیان بە خۆجیاکردنەوە لە ئێران دادەنا.

ئەم پەیمانە نیشانەی یەکیەتیی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بوو و هەروەها نیشانەی ئەوە بوو کە بڕیاریان داوە پێکەوە بەرامبەر بە پیلانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی رابوەستن و لە کاتی هێرشی نیزامیی ئەو دەوڵەتەدا لە خۆیان دیفاع بکەن و یارمەتیی یەکتریش بدەن.

لە بەهاری ١٣٢٥دا ئەم مەسەلەیە واتە مەسەلەی یەکیەتی و یەکگرتن بەرامبەر بە دەوڵەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی مەسەلەی بنەڕەتی بوو. بەڵام هەر لەو کاتەش دا لەنێوان کۆماری خودموختاری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان هێندێك جیاوازی و ناکۆکییش بەدی دەکرا. جیاوازییەکان لە سروشتی ئەم دوو جووڵانەوەیە سەرچاوەیان دەگرت: لە حاڵێك دا کۆماری کوردستان و بە گشتی جووڵانەوەی ئەو کاتەی گەلی کورد جووڵانەوەیەکی بەتەواوی نەتەوەیی بوو، جووڵانەوەی میللیی ئازەربایجان هەرچەند باری نەتەوەیی زۆر بوو، بەڵام هەر لەوکاتەش دا جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو. واتە کۆماری کوردستان هیچ شتێکی روونی بۆ گۆڕینی وەزعی کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی خۆی دا نەهێنابوو. بۆ وێنە لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات دا مەسەلەی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران دا نەگونجابوو، لە کاتێك دا حکوومەتی میللیی ئازەربایجان پاش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات، زەویی خاوەن ملکە گەورەکانی موسادەرە کردو لە نێو جووتیارانی ئازەربایجان دا دابەشی کرد. دیار بوو کە باری کۆمەڵایەتیی جووڵانەوەی ئازەربایجان زۆر پێشکەوتووترو قووڵتر بوو. بەرامبەر بەوە، لە ئازەربایجان چین و توێژە نێونجییەکانی شارەکان قازانجی خۆیان لەباری سیاسیو ئابووریییەوە لە مەترسی دا دەدی، چونکە لەو کاتەدا بورژوازیی ئازەربایجان لە هەموو ئابووریی ئێران دا نفووزی پەیدا کردبوو و لە دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتی مەرکەزییش دا بەشدار بوو. بۆیە باری شۆوێنیزمی ئێرانی لە سەری دا تەئسیری هەبوو. بێجگە لەوە

ورده بۆرژوازی و بورژوازی دەترسان کە حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ئێران جیا بکاتەوەو یان بەبێ ئەم کارەش بیهەوێ نیزامی سۆسیالیستی لە ئازەربایجان دابمەزرێنێ.

هەموو ئەوانە بوون بەهۆی ئەوە کە بەشێکی زۆر لە چین و توێژە نێونجی‌یەکانی شارەکان دژی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان رابوەستن و دژایەتیی لەگەڵ بکەن.

لە حاڵێك دا لە کوردستان مەسەلە بەم شێوەیە نەبوو. بەڕاستی دەتوانین بڵێین کە خەڵکی کوردستان بە گشتیو خەڵکی شارەکانی کوردستان بەتایبەتی وەك مەهاباد و بۆکان و شنۆ و نەغەدە بە تەواوی پشتیوانی‌یان لە کۆماری خودموختاری کوردستان دەکرد. دەکرێ بە جۆرێکی دیکەش ئەم مەسەلەیە شی بکرێتەوە: چون لە کوردستان گوندەکان لەژێر دەستی ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان دا بوون، گوندی‌یەکان کە ئەو کاتە قسەکەریان ئاغاکان بوون کەمتر پشتیوانیی خۆیان لە کۆماری کوردستان راستەوخۆ دەردەبڕی. لە حاڵێك دا چونکە بەرنامەی کۆمەڵایەتیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان رادیکاڵتر بوو و دەی‌هەویست مەسەلەی زەوی بە قازانجی جووتیاران چارەسەر بکا، خەڵکی گوندەکان پشتیوانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بوون. بەرامبەر بەوە لەشاری مەهاباد کۆمەڵانی خەڵك بە جیددی لایەنگری کۆماری کوردستان بوون لە کاتێك دا ئەم پشتیوانی‌یە لە شاری تەورێز و شارەکانی دیکەی ئازەربایجان بەم شێوەیە بەرچاو نەدەکەوت. جێگای سەرنج بوو کە لە خۆپیێشاندانەکانی کوردستان دا ئالای کوردستان و لە هی ئازەربایجان دا ئالای سوور هەڵدەکرا.

بەڵام بێجگە لە جیاوازیی سروشتیی ئەم دوو جووڵانەوەیە، پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان ناکۆکی لەنێوانیان دا پەیدا ببوو. ئەم ناکۆکی‌یانە زیاتر لەسەر ئیدارە کردنی شارەکانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، واتە خۆی، سەڵماس، ورمێو میاندواو بوو. هەردوولا دەیانەویست دەسەڵاتی خۆیان لەم چوار شارەو یان دەوروبەری ئەم شارانەدا سەقامگیر بکەن. کۆماری کوردستان و کوردەکان بەگشتی، هەموو ئەم ناوچەیە کە کەوتبووە رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ بەکوردستانیان دادەنا کە هەر چوار شاری دەگرتەوە، لەکاتێك دا کاربەدەستانی ئازەربایجان لەم

بڕوایەدابوون کە شارەکانی خۆی، سەڵماس، ورمێ‌و میاندواو سەر بە ئازەربایجانن چونکە زۆربەی دانیشتووانی نێو شارەکان ئازەرین. بۆ چارەسەر کردنی ئەم ناکۆکی‌یە کۆماری کوردستان لە ورمێ‌و میاندواو نوێنەری هەبوو، بەڵام بە کردەوە هەرچوار شارەکە لەلایەن حکوومەتی میلليی ئازەربایجانەوە ئیدارە دەکران، هەربۆیە لە چەند جێ لە دەوروبەری ورمێ‌و میاندواو ناکۆکی پێك هات و تەنانەت گەیشتە تێکهەڵچوونیش. چەند جار پێشمەرگەکان فیدایی‌یەکانی ئازەربایجانیان گەمارۆ داو تەنانەت وەدەریان نان. سەرەنجام بەنێوبژی و دەخالەتی نوێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و هەروەها نوێنەرانی مەرکەزی لە مەهاباد و تەوریز پێشگیری لە شەڕوکێشە کرا. بەڵام ئەمە چارەسەر کردنێکی کاتی بوو. چونکە هۆی ناکۆکی‌یەکە لانەبراو تا سەریش رێککەوتنێکی تەواو پێك نەهات کە دیاری بکا ئەم چوار شارە بەشێکن لە کۆماری‌خودموختاری کوردستان یان لە حکوومەتی میلليی ئازەربایجان؟

لە بەهاری ساڵی ١٣٢٥دا لە قونسولخانەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لەورمێ نوێنەرانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلليی ئازەربایجان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی ئەم شارانە و بەتایبەتی شاری ورمێ چارەسەر بکەن، بەڵام چونکە هەردوولا لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون، ئەم دانیشتنەش سوودێکی نەبوو.[٧]

پێشەوا قازییش جارێك لەگەڵ یەك دوو کەس لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان هاتنە ورمێ‌و لەوێ لەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان کە لە تەوریزەوە هاتبوون پێکەوە دانیشتنیان هەبوو، بەڵام ئەم چاوپێکەوتنەش ئاکامێکی نەبوو. هێندێك لە مالیکە گەورەو دەوڵەمەندەکانی ئازەریی ورمێ چوون بۆ لای پێشەوا قازی‌و پێشنیاریان کرد کە ورمێ ببێ بە بەشێك لەکۆماری خودموختاری کوردستان، ئەم پێشنیارە لەبەر ئەوە

---

[١] لەم کۆبوونەوەیەدا "زێرۆ بەهادوری" یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتە هەرکی‌یەکان کە پیاوێکی نەخوێندەوار بەڵام زیرەك بوو, کاتێك نوێنەرانی هەردوولا لە ژووری وتوێژ دانیشتبوون, کورسی‌یەکی هەڵگرت و لە نێوەڕاستی ژورەکەی داناو گوتی ***"جەنابی هاشمۆف (کونسولی سۆڤیەتی لە ورمێ) ئێستا کە ئەم ژوورە هی تۆیە دەکرێ من بێنم کورسی‌یەك لە نێوەڕاستی ئەم ژوورە دابنێم و ئیددیعا بکەم کە ژوورەکە هی‌منە؟"*** مەبەستی ئەوە بوو کە ورمێ لەنێوەڕاستی کوردستان دایەو دەوروبەری هەموو کوردن و ناکرێ بە بەشێك لە ئازەربایجان دابنرێ. (د)

نەبوو کە کوردیان خۆش دەویست. چونکە ئەوان بەدرێـژایی مێـژوو دژی کـورد بـوون و هەموو وەختێك شووینیزمێکی تایبەتی‌یان بەرامبەر بە کوردەکانی دەوروبەری ورمـێ و شاری ورمێ نیشان دابوو. پێشـەوا قـازی بـە ژیـری‌و سیاسـەتمەداریی خۆیـەوە زۆر زوو تێگەیشت کە مەبەستی ئەم کەسانە بەڕاستی ئەوەنیە کـە حـەز دەکـەن ورمـێ ببیتـە بەشێك لە کۆماری خودموختاری کوردستان، بەڵکوو مەبەستیان ئەوەیە کە ورمێ لەژێر نفـووزی حکوومـەتی میللیـی ئازەربایجـان رزگـار بکـەن، بـۆ ئـەوە ئیمتیـازە چینایەتی‌یەکانیان وەمەترسـی نەکـەون و زەوی‌یـەکانیان بەسـەر جووتیـاران دا دابـەش نەکرێن.

بەکورتی ئەم داوایەیان لەحوببی عەلی نەبوو، بەڵکوو لە بوغزی موعاویە بـوو. لـەم چاوپێکەوتنەدا پێشەوا قازی دان ئێشانی خـۆی کـرد بـە بیـانوو و وەڵامـی نەدانـەوە، چونکە بەراستی نەدەکرا بگوترێ ورمێ کوردستان نیەو نە دەش کـرا پێشـنیاری ئـەوان قبووڵ بکرێ کە مانای دیفاع لە ئیمتیازەکانی مالیکە گەورەکان و راوەسـتان بەرامبـەر بە جووتیارانی ئازەری بوو. بەم چەشنە هەرچەند ناکۆکی لەسەر شارەکانی ئازەربایجـانی رۆژئاواو جیاوازی سروشتی جووڵانەوەکان هەر لە جێگای خۆیان بوون، بەڵام ئەساس لەو کاتەدا هەر یەکیەتیی دژی پیلانەکانی رێژیمی شاو دەوڵەتی مەرکەزی بوو، بۆیە هـەموو ئەو ناکۆکی‌و جیاوازی‌یانە لەو وەختەدا لاوەکـی دەهاتنـە بەرچـاو و لـە پلـەی دووهـەم دابـوون، بەرێوەبـەرانی هـەردوولا بـە حـەق هـەوڵیان دا کـە رۆژ بـە رۆژ یەکیـەتیی و هاوکاری‌و هەماهەنگیی خۆیان زیاتر بکەن.

لەبەهاری ساڵی ١٣٢٥دا وتووێژ لەنێوان نوێنەرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانەوە لە لایەك و دەوڵەتی مەرکەزی لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. دیارە ئەم وتووێژە هەم لە تاران و هەم لە تەوریز بەرێوە دەچوو، بەڵام جێگای سەرنجە کە هەرگیز وتووێژی سیاسی نەکەوتە مەهاباد.

لە ٨ی مانگی بانەمەڕی ١٣٢٥ (٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٦) کاتێك کە لەشـکری سـوور خەریك بوو خاکی ئێران بـەجێ بێڵـێ، هەیئـەتی حکوومـەتی میللیـی ئازەربایجـان بـە

سەرۆکایەتیی پیشەوەری بۆ وتوویژ چوو بۆ تاران. هەرچەند ماوەیەکی زۆر لە تاران مایەوە بەڵام داخوازەکانی و بەتایبەتی داخوازی پاراستنی هێزی چەکداری ئازەربایجان بەئەمری حەمەرەزاشا لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە رەد کرایەوە. حەمەحوسێنی سەیفی قازی لەم هەیئەتەدا نوێنەری کۆماری کوردستان بوو، بەڵام لە هیچ کام لە وتوویژەکانی ئەسڵیدا نە لەگەڵ قەوام سەرۆك وەزیرو نە لەگەڵ سادچیکوف بالوێزی سۆڤیەتی بەشدار نەبوو.

ئەم وتوویژە دوایی هات بێئەوەی ئاکامێکی بەرچاوی بووبێ. لە ۲۳ی بانەمەڕدا قەوام هەیئەتی ئازەربایجانی تاوانبار کرد کە ئامادە نیە پێشنیارەکانی دەوڵەتی مەرکەزی قبووڵ بکا. رۆژێك پاشتر، ۲٤ی بانەمەڕ، پیشەوەری گەڕایەوە تەوریزو رای‌گەیاند کە دەوڵەتی مەرکەزی داوای تەسلیم بوونی بێقەیدو شەرت لە ئازەربایجان دەکا.

لە۲٥ی مانگی جۆزەردان دا، هەیئەتێك بە سەرۆکایەتیی "مظفر فیروز" لە تارانەوە چوو بۆ تەوریز. پاش چەند رۆژ وتوویژ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیو حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لەسەر ئەم بەندانە رێك کەوتن:

ئازەربایجانی‌یەکان رایان گەیاند کە خۆیان وەك حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بە بەشێك لە ئێران دەزانن و داواکانیان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران دایەو دەوڵەتی مەرکەزی‌یان دڵنیا کرد کە خەیاڵی جیابوونەوە لە ئێرانیان نیە.

لەم وتوویژانەدا کوردستانیان کرد بە بەشێك لە ئازەربایجان، وای لێ‌هات کە گەلی کورد کە کەمایەتی‌یەك بوو لەنێو ئێران دا، بە پێی ئەم رێککەوتنە بوو بە کەمایەتی‌یەك لەنێو ئازەربایجان داو شەخسییەتی سیاسیی تایبەتیی خۆشی لەدەست دا!

لە کاتێك دا کە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان مەشرووعییەتی پەیدا کردبوو یانی تاران تا رادەیەکی زۆر بەرەسمیی ناسیبوو و دوکتور "سەلامولڵای جاوید" وەك ئوستانداری گشتیی ئازەربایجان دیاری کرابوو، لەم پێکهاتنەدا بە هیچ جۆر بەجیا باسی کوردستان نەکرابوو و هەر بە بەشێك لە ئازەربایجان دانرابوو.

زۆر روون بوو کە بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان نەیان دەتوانی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ پەسند بکەن. چونکە پەسند کردنی ئەم ڕێککەوتنە لە راستیدا خەتێکی سووری بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان دا دەهێناو تەواوی ئەو کاروکردەوەی لەو ماوەیەدا کرابوو پووچەڵ دەبۆوە. بۆیە لە نیوەی مانگی گەلاوێژی ١٣٢٥ (سەرەتای ئووتی ١٩٤٦)دا پێشەوا قازی لەگەڵ چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆخۆی سەفەری بۆ تاران کرد. ئاکامی ئەو سەفەرە ئەوەبوو کە دەوڵەتی مەرکەزی و شەخسی قەوام پەسندیان کرد کە ئوستانێکی تازە بەناوی کوردستان دیاری بکرێ کە سنووری لە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە تا نێوان کرماشان و سنە واتە ناوچەی کامیاران درێژەی هەبێ و ئەم ئوستانە لەژێر چاوەدێریی کاربەدەستانی کۆماردا بێ و قازی محەممەد بە ئوستانداری گشتی دیاری بکرێ. ناوچەی کرماشان لە چوارچێوەی خاکی ئەم ئوستانە دا نەبوو. بەهیچ جۆر دەوڵەتی مەرکەزی نە ئامادەیی هەبوو و نە دەشی توانی کرماشان کە نەوتی تێدابوو و لە لایەن شیرکەتی نەوتی ئینگلیسەوە دەردەهێنرا بە بەشێك لە کۆماری کوردستان دابنێ. لەلایەکی دیکەوە کرماشان بە ناوچەی نفووزی بریتانیا حیساب دەکراو پێشەوا قازی پیاوێکی واقیع بین بوو و ئەوکاتە نەیدەویست ئینگلیستان بە تەواوی بکا بە دوژمنی کۆماری کوردستان و دەشیزانی کە یەکخستنی ناوچەی کرماشان لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەو کاتەدا نەدەگونجا.

قەوام ئەو پێشنیارەی بە رواڵەت قبووڵ کرد، بەڵام زۆر زیرەکانە رایگەیاند کە پێشنیارەکە بە مەرجێك پەسند دەکا کە دوکتور سەلامولا جاویدیش کە ئوستانداری گشتیی ئازەربایجانە دژی رانەوەستێ. ئاشکرایە مەبەستی قەوام لەم کارە حەواڵە کردنی ئەم مەسەلە بوو بۆ دواڕۆژو کۆسپ دانان بوو لەسەر ڕێگای جێبەجێبوونی. پاشان بە جوانی دەرکەوت کە لەم ماوەیەدا تەواوی کارەکانی قەوام لەسەر ئەو بناخەیە دانرابوو کە کەسبی وەخت بکا تا ئەو کاتە کەلەشکری سوور بەتەواوی ئێران بەجێبێڵێ و

دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ هەل و مەرجی لەبار وەدەست بێنێو ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ داگیرکردنی دووبارەی ئازەربایجان و کوردستان ئامادە بکا.

کاتێك پێشەوا قازی لە تاران گەڕایەوە، شتێکی لەمس کراوی دەست نەکەوتبوو و هیچ چەشنە مەشرووعییەتێك بە کۆماری کوردستان نەدرابوو و تەنیا بەڵێنییەکی پێدرابوو کە ئەویش وەعدەیەکی ناتەواو بوو!

## ٤ـ جەبهەی شەڕ

کۆماری کوردستان لە یەك سێهەمی کوردستان پێك هاتبوو، کوردستانی جنووبی لە سەقزەوە بەرەو خوارتر تا کرماشان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی دابوو. یەکێك لەو مەسەلە هەرە گرینگانە کە بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمار لەگۆڕێ دا بوو بڕیاردان لەسەر ئەوە بوو کە ئایا کۆماری کوردستان دەبێ بەشەکانی جنووبی کوردستانیش رزگار بکاو هەموو کوردستان بێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، یان هەر لە چوارچێوەی تەسکی خۆی دا بمێنێتەوە؟ مەترسیی ئەوەش هەبوو کە دەوڵەتی مەرکەزی لەبوونی خۆی لە ناوچەی سەقزو لەوەی کە هەم لەبانەو هەم لە سەردەشت پادگانی هەبوو، لە کاتی ناسك دا بۆ زەبرلێدانی کۆماری کوردستان کەڵك وەربگرێ.

بەم جۆرە مەسەلەی جەبهەی سەقز و بانە بۆ بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان مەسەلەیەکی رۆژو گرینگ بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە زۆربەی پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان لەو جەبهەیەدا ئامادە کرابوون.[1] بە پێی ئەو ئامارە کەبەدەستەوەیە لە ١٢٧٥٠ پێشمەرگە کە بەهاری ساڵی ١٣٢٥ لەو جەبهەیەدا کۆببوونەوە ١٠٧٥٠کەس کوردی ئێران و سوار بوون و ٢٠٠٠ کەسیش بارزانی و پیادە بوون. چونکە سیاسەتی کۆماری کوردستان بە تەواوی روون نەبوو کە ئایا بەرەو جنووب

---

١)ـ جەبهەیەکیش لە سەردەشت هەبوو و چەند جار پێشمەرگە هێرشی کردو لە پردیش پەڕیەوەو تا نیزیکی پادگان پێشڕەویی کرد. جەبهەیەکی هاوبەشی ئازەربایجان و کوردستانیش لە تکاب هەبوو بەڵام جەبهەی سەرەکی هەر جەبهەی سەقز و بانە بوو. (د)

هێرش دەکا یا نا، ئەرکی ئەم جەبهەیە لە پێشگیری لەهێرشی لەشکری ئێران بەرەو شیمال دا خولاسە ببۆوە. بە کورتی لەم جەبهەیەدا هەموو ئەو هێزە زۆرە حاڵەتی دیفاعیی هەبوو. بەڕاستی ١٢٧٥٠ چەکدار، لەو کاتەدا لەباری چەندییەوە هێزێکی زۆر بوو، بەڵام لەباری چۆنییەوە چەند نوقتە زەعفی گەورە بەرچاو دەکەوت:

١ـ راستە کەبەهێزی پێشمەرگەو هێزی کۆماری کوردستان ناودەبرا، بەڵام هێزێکی عەشیرەتی بوو و فەرماندەری هەموو بەشەکان سەرۆك عەشیرەتەکان بوون کە ئاکامی ئەم تەرکیبە لە دووبارەوە نالەبار بوو:

ئەلف) ئەو هێزانە زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەتەکانی خۆیان دا بوون تا لە ژێر دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی سەرەوەی کۆماری کوردستان. واتە بە ئەمری سەرۆکی عەشیرەتی خۆیان دەجووڵانەوە نەك بە ئەمری سەرکردایەتیی کۆمار.

ب) دیسیپلینی پێویست لە نێو هێزی چەکداردا بەدی نەدەکرا. سەرەڕای ئەوە عەشیرەتەکان لەنێوخۆشیان دا رقەبەریو بەربەرەکانییان هەبوو و قازانجی عەشیرەت زیاتر لەبەر چاو بوو تا قازانجی گشتیی جووڵانەوە.

٢ـ هەروەك گوترا زۆربەیان بێجگە لە بارزانییەکان سوار بوون، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەباری چەك و چۆڵەوە وەزعیان زۆر باش نەبوو، تفەنگی خودکار و تیرباریان زۆر کەم بوو، زۆربەی زۆریان تفەنگی بڕنویان پێبوو.

٣ـ نوقتەزەعفی دیکە نەبوونی ئامووزیش لە نێو ئەم هێزە چەکدارەدا بوو. بێجگە لە بارزانییەکان کە چەند ساڵ لە عێراق شەڕیان کردبوو و تاقیکردنەوەی شەڕیان پەیدا کردبوو، زۆربەی زۆری ئەو کەسانە کە هاتبوون بۆ جەبهە نە شەڕیان کردبوو و نە ئامووزشێکی ئەوتۆیان دیبوو کە بۆ شەڕ ئامادە بن. هەر بەشێك لەو هێزە گەورەیە ئەفسەرێکی بۆ دیاری کرابوو کە دوو ئەرکی لەسەر شان بوو: یەکەم ئەوەندەی پێی بکرێ هەر لەو جەبهەیەدا ئامووزش بدا بە پێشمەرگەکان و دووهەم هەر لەو کاتەش دا بەرپرسی تەداروکات بوو و پێویست بوو خواردەمەنی و شتی دیکە بۆ هێزی پێشمەرگە لە جەبهە دابین بکا.

بۆ ئەرتەشی ئێران لەو کاتەدا مەسەلەی فەوری گەیاندنی خواردەمەنی و چەك و تەقەمەنی بە دوو پادگانی سەردەشت و بانە بوو کە گەمارۆ درابوون. چونکە ڕێگای سەقز و بانە و سەقزو سەردەشت لە کۆنترۆلی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان دا بوون و ئەرتەشی ئێرانیش ئەوکاتە هێزێکی هەوایی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێ خواردەمەنیو تەقەمەنی بە پادگانی سەردەشت و بانە بگەیەنێ، هەولی دەدا هەر چۆنێك بێ بە جادە دا ئەم کارە ئەنجام بدا. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی ٤ی بانەمەڕی سالی ١٣٢٥ (٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦)دا ستوونێکی ٦٠٠ کەسی وەڕێ کەوت. ئەم ستوونە لە گوندی قاراوا لەگەل بارزانیی‌یەکان کە لەسەر ڕێگا بوون تووشی شەڕ بوو، لە یەکەم هێرشی خافلگیرانەدا بارزانی‌یەکان ٢١ سەربازیان کوشت و ١٧ سەربازیان بریندار کردو ٤٠ کەسیشیان لێ‌بەدیل گرتن. باقیی ستوونەکە بەرەو سەقز پاشەکشەی کرد. ئەمە شکستێکی گەورە بوو بۆ ئەرتەشی ئێران و شوێنێکی زۆر باشی لەسەر ورەی هەموو پێشمەرگەکانی جەبهەی سەقزو بانە داناو بەتایبەتی هەستی نەتەوایەتیی زیاتر جوولاندنەوەو بوو بە هۆی ئەوە کە ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان کەم ببێتەوە.تێك شکانی ئەرتەش لە کوردستان لەنێو ئەرتەشی ئێران و لە تارانیش دا دەنگی دایەوە، هەر لەبەر ئەوە بوو کە پاش ئەو تێك شکانە، ستادی ئەرتەش بڕیاری دا کە سەرلەشکر ڕەزم ئارا وەك فەرماندەر بنێرێ بۆ ناوچەی سەقز.

بەلام پێش ئەوەی ئەرتەشی ئێران بتوانێ شەڕێکی دیکە بکا هیچ ڕێگای بۆ نەما بێجگە لەوە کە لەگەل نوێنەرانی کۆماری کوردستان دابنیشێو وتووێژ بکا. پاش وتووێژێك کە لە شاری سەقز لە ٥ی مانگی جۆزەردانی ١٣٢٥ (٢٦ی مای١٩٤٦)دا کرا، هەردوولا هاتنە سەر ئەوە کە بۆ پێشگیری لە تێکهەلچوون لە نێوان هێزەکانیان دا ناوچەیەکی بێ‌لایەنی ٤ کیلۆمیتری لە سەقزەوە بەرەو بانەو لە سەقزەوە بەرەو بۆکان پێك بێنن. نوێنەرانی حیزبی دێموکرات موافەقەتیان کرد کە ئەرتەش خواردەمەنی بۆ پادگانی سەردەشت و بانە بنێرێ. بەلام حەقی ناردنی چەك و تەقەمەنیی نەبێ. هەروەها بۆ ئەوە پێشگیری لە شەڕی دوارۆژیش بکرێو ئەگەر گیروگرفتێك هاتە پێش هەردوولا

بتوانن چارەسەری بکەن، پەسند کرا کە لە سەقزو بانەو سەردەشت حیزبی دێموکرات نوێنەری رەسمیی خۆی هەبێ کە لەگەڵ نوێنەرانی لەشکری ئێران لە پێوەندیدا بێ.

بەڵام هەروەك چاوەڕوان دەکرا ئەم رێککەوتنە بەڕێوە نەچوو. بەتایبەتی ئەرتەشی شا خەریك بوو بە هەر شێوەیەك بێ چەك وتەقەمەنییش بە پادگانەکانی بانەو سەردەشت بگەیەنێ. ئەوە بوو کە جارجار هێندێك تێکهەڵچونی چووك لەسەر رێگای سەقز بۆ بانە یان سەقز بۆ بۆکان پێك دەهات.[1]

رەزم ئارا پاش هاتنی بۆ سەقز هەوڵی دا کە هێرشێکی پان و بەرین بکاتە سەر هێزەکانی کوردستان. پاش خۆ ئامادە کردنێکی زۆر و حازرکردنی دوو گوردانی تۆپخانەو پشتیوانیی هەوایی، لە رۆژی ٢٥ی جۆزەردان (١٥ی ژوئەن)دا هێرشێك کرایە سەر بەرزاییەکانی مامەشا. لەو شوێنەدا شەڕێکی زۆر توند کرا، کە هەم بارزانییەکان تێیدا بەشدار بوون و هەم پێشمەگەی دیکە. بەڵام ئەرتەش کە هێزێکی زۆری هێنابوو بارزانییەکانی گەمارۆدا کە ژمارەیان کەم بوو، خۆشەوی خەلیل یەکێك لە سەرکردە هەرە ئازاکانی بارزانی لەم شەڕەدا شەهید بوو و هێزەکانی کۆماری کوردستان پاشەکشەیان کرد. ئەوە سەرکەوتنێك بوو بۆ ئەرتەشی ئێران و رەزم ئارا ویستی لەو سەرکەوتنە هەرچی زیاتر کەڵکی سیاسی وەربگرێ.

ئەوە بوو کە لە ئاخرو ئۆخری مانگی جۆزەردانی ١٣٢٥ دا لە گوندی سەرای نێوان بۆکان و سەقز چاوپێکەوتنێك لە نێوان رەزم ئاراو پێشەوا قازی پێك هات و بڕیار درا کە ئەو رێککەوتنەی لە ٥ی جۆزەردان دا ئیمزا کراوە لە لایەن هەردوو لاوە بەڕێوە بچێو تەقە وەستاندن لەنێو لەشکری ئێران و هێزەکانی کۆماری کوردستانیش درێژەی هەبێ. مەبەستی رەزم ئارا وەدەست هێنانی وەخت و راگرتنی هێزەکانی کۆماری

---

١ـ سەرهەنگ (کولونیل) محەممەدی نانەوازادە, یەکێك لە بەکەلك ترین ئەفسەرانی سوپای میللی لە هاتوچۆ لە نێوان سەقزو بانەدا شەهید کرا. وێدەچێ ئەو فرۆکە ئەرتەشییە کە نانەوازادەی تێدا بوو و لە بانەوە دەچوو بۆ سەقز خرابکاریی تێدا کرابێ, چونکە محەممەدی نانەوازادە لەکەلیخان کەوت و شەهید بوو بەڵام فرۆکەوانەکە بە چەتر خۆی فڕێ دایە خوارێو هیچی لێنەهات. (د)

کوردستان لە حاڵەتی دیفاعی دا بوو بۆ ئەوە ڕێگا نەدا بەرەو جنووب بڕۆن، یان هێرش بکەنە سەر هێزەکانی دەوڵەتی مەرکەزی.

پاش شەڕی مامەشا ئەو هەستە لەنێو هێزی پێشمەرگەدا بەتین تر بوو کە دەبێ هێرشێکی زۆر گەورە بۆ سەر هێزەکانی لەشکری ئێران لە ناوچەی سەقز بکرێ، مەبەستیش ئەوەبوو کە هێزی کۆماری کوردستان ئەوەندە بچێتە پێش کە شاری سنەش رزگار بکا. هێزەکانی کوردستان ژمارەیان زۆر و ورەیان بەرز بوو و ئەو ئامادەییەیان تێدا بەدی دەکرا. چاوەڕوان دەکرا کە ئەگەر بە پێی ئوسوول شەڕ بکەن ئەرتەشی ئێران نەتوانێ پێشیان بگرێ. بەڵام لێرەدا عامیلێکی دیکە دەخالەتی کردو بوو بە کۆسپی سەر ڕێگای پێشڕەویی هێزی کۆماری کوردستان بەرەو جنووب.

ڕۆژی ۳۰ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ (۲۰ی ژوئەنی ۱۹٤٦) هاشمۆف قونسولی سۆڤیەتی لە ورمێ، چوو بۆ لای پێشەوا قازی و لە گوندی سەرا چاوی پێکەوت. داوای هاشمۆف ئەوە بوو کە هێزی کۆماری کوردستان هێرش نەکاتە سەر ئەرتەشی ئێران، چونکە ڕەنگە شەڕێکی گەورە ساز ببێ کە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێیباش نیەو ناش توانێ هیچ یارمەتییەکی نیزامی بە کۆماری کوردستان بکا. پێشەوا قازی و بەڕێوەبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات پێویست بوو وەزعی کوردستان و سەرانسەری ئێران لێك بدەنەوە. لە لایەکەوە لەشکری سوور ئێرانی بەجێ هێشتبوو و ڕێککەوتننامەی "مظفر فیروز ــ پیشەوری" لە تەورێز ئیمزا کرابوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەتی ڕێککەوتننامەی دانانی شیرکەتی تێکەڵاوی نەوتیان پەسند کردبوو. پاش لێکدانەوەی هەموو ئەم عامیلانە، پێشەوا هاتە سەر ئەو بڕوایە کە هێرش کردن بۆ سەر ئەرتەشی ئێران موناسیب نیەو ڕەنگە لەسەر پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی سۆڤیەتی ئاسەواری زۆر نالەبار دابنێ. ئەمە بڕیارێك بوو کە شوێنی خستە سەر چارەنووسی کۆماری کوردستانیش. کۆماری کوردستان تا سەر هەر لەو چوارچێوە تەسکەدا مایەوە کە لە سەرەتاوە تێیدا جێگیر ببوو، واتە کۆمارێك کە تەنیا لە یەك سێهەمی کوردستانی ئێران دا دەسەڵاتی هەبوو.

٥ـ ئاشبەتاڵ

لەو کاتەدا لە تاران مانۆڕەکانی سەرۆك وەزیر قەوام هەر بەردەوام بوو. قەوام کە مەبەستی کەسبی وەخت بوو وای نیشان دەدا کە ئامانجی یەکخستن و پێکهێنانی بەرەیەکی پان و بەرین لە هەموو هێزە نیشتمانی و دێموکراتی‌یەکان لە ئێران دایە. پاش ئیمزا کردنی رێککەوتننامە لە نێوان حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و دەوڵەتی مەرکەزی دا قەوام هێندێك کاری دیکەشی کرد بۆ ئەوەی سەرنجی هێزە دێموکراتی‌و چەپەکانی ئەوکاتە بۆ لای خۆی رابکێشێ. رۆژی ١١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٥ (٢ی ئووتی ١٩٤٦) سێ کەس لە بەرپرسانی حیزبی توودەی ئێران بوون بە وەزیری کابینەی قەوام: ئیرەج ئەسکەندەری وەزیری پیشەو هونەر، دوکتور فیرووزی کەشاوەرز وەزیری فەرهەنگ و مورتەزا یەزدی وەزیری لەش ساغی. بەم جۆرە قەوام دەیهەویست وا بنوێنێ کە ئامادەیە حیزبی توودەش لە دەسەلات دا بەشدار بکاو حکوومەتێکی گەلی‌و دێموکراتی پێك بێنێ کە لەو کاتەدا بەراستی دەکرا ببێ بە نوێنەری ویستی کۆمەلانی خەڵکی سەرانسەری ئێران. چونکە هەروەها کە پێشتر گوتمان جوولانەوەی میللی ـ دێموکراتی نەك هەر لە ئازەربایجان و کوردستان بەڵکوو لە سەرانسەری ئێران دا زۆر پەرەی گرتبوو و ببوو بە هێزێکی زۆر گەورە کە دەکرا بڵێین لەهەموو هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران بەتواناترە. قەوام دیسان زۆر زیرەکانە وایدەنواند کە لەسەر ئەو کارانە واتە هێنانی وەزیرەکانی توودەیی بۆ نێو کابینە، رێککەوتن لەگەڵ ئازەربایجان و هێندێك کاروکردەوەی دیکە کە باری دێموکراتی‌یان هەبوو، لەگەڵ حەمەرەزاشا ناکۆکی‌یان لەنێودا هەیە. ئەوکاتە بەرپرسایەتی حیزبی توودەو تەنانەت فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش وای نیشان دەدا کە بەراستی قەوام بەرەو دێموکراتیزەکردنی ئێران دەڕواو رۆژێك دێ کە شا لابەرێ‌و ئێران بکا بە جەمهووری‌یەکی دێموکراتی. راستی ئەوەبوو کە رەنگە لە هەڵبژاردنی تاکتیك و لە شێوەی کاردا ناکۆکی‌یەك لە نێوان قەوام و شادا هەبووبێ، بەڵام هەرچی قەوام دەیکرد نەك هەر پەسندی شا بەڵکوو

بە پەسندی ئەمریکا و ئینگلیسیش بوو. ئەوەی قەوام دەیکرد نەخشەیەك بوو کە پێشتر دارێژرابوو و ئامانجی کز کردن و لەنێوبردنی جووڵانەوەی دێموکراتیی گەلانی ئێران بـوو. مەسەلەکە تەنیا ئەوە بوو کە قەوام لە دەرفەتی لەبار دەگەڕا بۆ ئەوە زەبـری یـەکجاریی خۆی بوەشێنێ.

بەڕاستیش هەر وای لـێهات، قەوام لە ڕۆژی ٨ی مـانگی پووشـپەڕی ١٣٢٥ (٢٩ی ژوئەنی١٩٤٦)دا حیزبی دەوڵەتیی خۆی بەناوی حیزبی دیموکراتی ئێران دامەزراند. ئـەم حیزبە بە رواڵەت دەبوو ببـێ بـە هاوپـەیمانی حیزبـە دێمـوکراتیو چـەپییەکان کـە لـە جەبهەی پێشکەوتنخوازدا کۆببوونـەوە. بـەڵام بـەکردەوە بـۆ بەربـەرەکانی لەگـەڵ ئـەم حیزبانەو بەتایبەتی لەگەڵ حیزبی توودە پێـك هـاتبوو. مەسـەلەی هەڵبـژاردن بـوو بـە بیانوویەك بۆ سەرۆك وەزیر قەوام تا داوا بکا کە بـۆ دابـین کردنـی ئـازادیی هەڵبـژاردن لەشکری ئێران بچێ بۆ ئازەربایجان و کوردسـتان. بـەبڕوای قـەوام بـەبێ جـێگیر بـوونی ئەرتەشی ئێران لەم دوو ناوچەیە هەڵبژاردن بە ئازادی ئەنجام نەدەدرا.[1]

ئەوە یەکەم نیشانەی گۆڕانی سیاسەتی قەوام بوو. هـەر پێشـتریش ئەگـەر کەسـێکی شارەزا بەوردی سەیری رەوتی رووداوەکانی کردبا هێندێك دیاردەی دیکـەی نیـازخراپیی قـەوامی بەرچـاو دەکـەوت. رێککەتننامـەی فیروزـــ پیشـەوری لـە لایـەن دەوڵـەتی مەرکەزییەوە پەسند نەکراو سەرپۆشی لەسەر دانـرا. بێجگـە لـەوە دوو رۆژ پـاش ئـەم رێککەوتنە واتە لە ئاخری مـانگی جـۆزەردانی ١٣٢٥دا کەسـانێك کـە هـەر ئاشـکرا نەبوون کێن! بەناوی ئەنجومەنی ئەیالەتی خوزستانەوە داوای هەموو ئەو مافانەیان کـرد کە بە ئازەربایجان قەول درابوون. زۆری پێنەچوو بە هان دانی شیرکەتی نەوتی ئینگلـیس یەکیەتیی عەشیرەتەکانی خوزستان پێك هات و ئەو داوایەی دووپات کردەوە.

لە ٢٣ی خەرمانانی ١٣٢٥ (١٤ی سێپتامبری١٩٤٦)دا عەشیرەتی قەشـقاییو بـۆیر ئەحمەد بە هان دانی شەخسی قەوام لە ئوستانی فارس راپەڕین و دەستیان کرد بە چـەك

---

١ـ جۆرج ئالەن باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران بەم شێوەیە پشتیوانیی خۆی لە قەوام دەربڕی:*"ئەوە کە دەوڵەتی ئێران رایگەیاندوە کە دەیهەوێ هێزی ئەمنییەتی بۆ هەموو بەشەکانی ئێران بنێرێ... بڕیارێکی بەتەواوی تەبیعیو بەجێیە"*.

کردنی هێــزە چــەکدارەکانی دەوڵــەتی مەرکــەزی و هێــرش بــردن بــۆ ســەر ڕێکخــراوە کرێکاری‌یەکان و حیزبی توودەو داوایان ئــەوەبوو کــەوەزیرە توودەیی‌یــەکان لــە کابینــە دەربکرێن و بە ئوستانی فارسیش خودموختاری بدرێ.

هەرچەند لــە تــاران بەڕێوەبــەرانی ڕەسمیــی دەوڵــەتی بزووتنــەوەی قەشــقایی‌یەکانیان مەحکووم کرد، بەڵام بە کردەوە لەشکری ئێران بۆ سەرکوت کردنی ئەم ڕاپەڕینە هیچــی نەکرد. مەبەست لەو هەموو هەراو هۆریایە ئــەوەبوو کــە قــەوام بــۆ ســەرکوت کردنــی جووڵانەوەی ئازەربایجان و کوردستان دەستی ئاوەڵەبێ.

بەرەبــەرە دەرکــەوت کــە قــەوام لــە بــەڕێوەبردنی ئــەم سیاســەتە دا زۆر شــێلگیرە، بەشێوەیەك کە لە ڕۆژەکانی ئاخری مانگی خەزەڵوەردا لەشکری بەرەو زەنجان بەڕێ کردو بیانووی ئەوەبوو کە زەنجان بەشێك لە ئوستانی ئازەربایجان نیە. بە تەواوی روون بوو کــە گرتنی زەنجان سەرەتایەکە بۆ ناردنی لەشکر بۆ بەشەکانی دیکەی ئازەربایجان و هەروەها کوردستان. بەم شێوەیە قەوام دەری خست کــە لــە مــانۆڕدان و خــەڵك بــە فریــوبردن دا مامۆستایەکی کەم وێنەیە. لە گاڵتەکانی مێژوو ئەوەبوو کە قەوام لەو کاتەدا بــەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە: پێداویستیی بە پەیڕەوی کردن لە مەکتەبــەکانی خــەڵك فریــودان نیە.[1]

شەو درەنگانی‌یەکی سەرماوەز یەکەم بەشەکانی لەشکری ئێــران گەیشــتنە زەنجــان و ڕۆژی ٢ی سەرماوەز زەنجان بە تەواوی کەوتە دەســتی دەوڵــەتی مەرکــەزیو هێزەکــانی چەکداری فیدایی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کە لە زەنجان جــێگیر بــوون چــووکترین بەربەرەکانی‌یان لە خۆیان نیشان نەدا. گرتنی زەنجان بەو هاسانی‌یە هەم لــەباری نیزامــی و هەم لــەباری سیاســیو تەنانــەت مەعنەوییشــەوە شکســتێکی گــەورەی حکوومــەتی میللیی ئازەربایجان بوو. چونکە هەر لێرەڕا ئەسڵێك یا تیئۆری‌یەك داهێنــراو ســەرکەوت کە بریتی بوو لە زاڵبوونی بیری ئاشبەتاڵ یان شکست خوازی.

---

[1] ـ *"از پیروی مکتب های دماگوژی بی‌نیاز است"*

گرتنی شاری زەنجان بێشەڕو تێکهەڵچوون، لەشـکری شـای هـار کـردو هـانیدا کـە هەرچی زووتر هەموو ئازەربایجان داگیر بکا. لە لایـەکی دیکەشـەوە ورەی فیداییـیـەکان واتە هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجانی بەتەواوی هێنایە خـوارێ و هەسـتی بەرهەڵسـت و بەربەبەرکانیی لەوان دا مراند. لە پاشان زەنجان بوو بەبنکەی هێـرش بـۆ سـەر هـەموو ئازەربایجان و دەوڵەتی قەوام توانی لە زەنجان را هێزی خۆی هەم بۆ لای کوردستان و هەم بۆ لای تەورێز بنێرێ. گرتنی زەنجان هەروەها نوختـە زەعفـەکانی حکوومـەتی میللیـی دەرخسـت و بەتایبـەتی نیشـانیدا کـە لـەنێو شـارەکان دا چـین وتوێـژە نێونجییـەکان دڵخۆشییەکی ئەوتۆیان لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان نیەو بەمە ڕێژیمی شـا زیـاتر هیوای پەیدا کرد کە بەهاسانی دەتوانێ تەواوی ئازەربایجان داگیر بکا. بەکورتی گرتنـی زەنجان بەو هاسانییە ئاشبەتاڵی تەواو بـوو و بـە شکسـتێکی گـەورە بـۆ حکوومـەتی میللیی ئازەربایجان هاتە بەرچاو و ڕێگای بـۆ پێشـڕەویی لەشـکری کۆنەپەرسـت بـەرەو تەورێز خۆش کرد.

بەپێچەوانەی ئەوە کە هێندێك کەس ئیددیعایان دەکرد یا ئێستاش ئیـددیعا دەکـەن، لەباری هێزی نیزامییەوە دەوڵەتی ئێران توانایەکی زۆری نەبوو. ژمـارەی تـەواوی ئـەو لەشکرەی کە نێردرا بۆ ئازەربایجان لە ٢٠/٠٠٠ کەس تێنەدەپەڕی، کـە لەوانـە ٣٠٠٠ کەسیان بەقەولی ئەوکاتە چریك و یا بە قەولی ئێستا جاش بوون. هەموو ئـەو لەشـکرە ٣٠ تانکیان پێبوو، هێندێك تۆپیان هەبوو، چەند تەیارەی کۆنیان پێبوو کە لە جەبهەدا کاریگەر نەبوون و زیاتر باری خۆپێشاندانیان هەبوو.[1] بەرامبەر بەوە ئازەربایجان خـۆی زیاتر لە ١٨/٠٠٠ فیدایی تەنیا لە جەبهەدا هەبوو کـە هێزێکـی ڕێـك و پێـك بـوو، و چەکی باشیشیان پێبوو. ڕاستە خاوەنی چەکی قورس وەك تۆپ و تانـك نـەبوون، بـەڵام لەباری دیکەوە زۆر تەیار بوون. لەسـەر ڕێگـای لەشـکری شـا بـۆ تـەورێز زۆر جێگـای سەخت وەك "قافلانکۆ" هەبوون کە دەکرا بەربەرەکانییان تێدا بکرێ. بەڵام وا دیار بوو

---

١ـ ستادی ئەرتەشی ئێران بۆ شەڕی ئازەربایجان و کوردستان ٧ تەیارەی هاینەو ٢ تەیارەی تایگرمووسی تەرخان کردبوو. ن.پسیان: از مهاباد خونین.ل.٦٤

لاوازیی سیاسیی بەڕێوەبەریی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و نارەزامەندیی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ساز بوونی شەڕێکی توند لەنێوان ئازەربایجان و دەوڵەتی مەرکەزیداو هەروەها دژایەتیی زۆر لە خەڵکی ئازەربایجان کە چین و توێژەکانی نێونجیی شارەکانی ئازەربایجانی دەگرتەوە لەگەڵ حکوومەتی میللی، بوون بەهۆی ئەوە کە تەنیا بەربەرەکانی‌یەکی کەم لە ناوچەی "قافلانکۆ" بکرێ. ئەم بەربەرەکانی‌یەش زۆر زوو شکستی خواردو لەشکری ئێران بەرەو تەورێز وەڕێ کەوت. نەك تا تەورێز چووکترین بەربەرەکانی‌یەك لەگەڵ ئەم لەشکرە نەکرا، بەڵکوو پێش ئەوەی هێزی دەوڵەتی مەرکەزی بگاتە تەورێز، لە ٢٠ی مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١١ی دیسامبری١٩٤٦)دا کاربەدەستانی فیرقەش ئاشبەتاڵیان کردو بەرەسمی تەسلیم بوونی خۆیان راگەیاندو زۆریشیان هەڵاتن بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی. جێگای سەرنجە کە کاتێك قەوام رایگەیاند کە دەیهەوێ لەشکر بنێرێتە ئازەربایجان، بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بڕیاری بەربەرەکانی‌یان داو تا چەند رۆژ پێش گەیشتنی لەشکری شا دروشمیان ***"ئولدی وار، دونلدی یوخدی"*** واتە "مردن هەیە گەڕانەوە نیە" بوو. بەڵام مێژوو نیشانی دا کە ئەو دروشمە بە کردەوە کرا بە دووبەش: بەشی بەڕێوەبەران هەڵاتن بوو و بەشی کۆمەڵانی خەڵکیش مانەوەو مردن.

وا دەردەکەوێ نوێنەرانی سۆڤیەتییش لە ئێران لەسەر هەڵوێستی ئازەربایجان بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی بیروڕای جیاوازیان هەبوو. هەرچی باقرۆف بوو زۆری مەتڵەب بوو کە خەڵکی ئازەربایجان پێشی هاتنی لەشکری ئێران بگرێ‌و حکوومەتی میللیی خۆی بپارێزێ. هەرچی سادچیکۆف باڵیۆزی سۆڤیەتی لە تارانیش بوو کە راستەوخۆ ئامۆژگاریی لەخودی مۆلۆتۆف و ستالین لە مۆسکۆ وەردەگرت پاش ئەوە لەگەڵ قەوام رێککەوتننامەی نەوتی شیمالی ئیمزا کرد، مان و نەمانی دەسەڵاتی پیشەوەریی زۆر پێ‌گرینگ نەبوو.

رۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٢ی دیسامبری ١٩٤٦) واتە راست ساڵێك پاش پێکهاتنی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی گەیشتە شاری

تەورێز. پێش گەیشتنی لەشکری شا دەسەلاّت لەو شارەدا کەوتبووە دەست ئەو کەسانە کە دوژمنی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوون. بۆیە نەك هەر چووکترین بەربەرەکانی‌یەك دژی ئەرتەشی‌یەکان نەکرا، بەلّکوو تا گەیشتنی ئەوان بە سەدان کەس لە بەرپرسانی فیرقە ئێعدام کران.

بەم چەشنە ژیانی یەك سالّەی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کۆتایی هات و ئەم کۆتایی هاتنە بەشێوەیەك بوو کە تەئسیری سیاسیو مەعنەویی زۆر خراپی هەم لەسەر ئەو نەسلەی کە لە جوولاّنەوەی دێموکراتیی ئازەربایجان دا بەشدار بوو و هەم لەسەر نەسلەکانی داهاتوو بەجێ هێشت.

چونکە بەراستی ئەم شکستە ئاشبەتالّێکی تەواو و بۆ خەلّکی سادەی ئازەربایجان پێش بینی نەکراو بوو، و نیشانی دا کە بەرێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ئەو ئیعتیبارو لێزانیو شۆرشگێری‌یەیان نەبوو کە ئەگەر نەیان دەتوانی بەرامبەر بە لەشکری شا رابوەستن و بەربەرەکانی بکەن هەر نەبێ دەیان توانی پاشەکشەی رێك و پێك بکەن و رێگا نەدەن کە بەم شێوەیە ئەندام و کادرەکانی فیرقە قەلاّچۆ بکرێن. بەرێوەبەرانی فیرقەی دێموکرات ئازەربایجانیان بەجێ هێشت، بەبێ ئەوەی بە وەخت بڕیاری ئاشبەتالّ بە کادرە سیاسیو نیزامی‌یەکانی فیرقەو حکوومەتی میللی رابگەیەنن. بۆیە زۆر لەوانە کەوتنە دەستی کۆنەپەرستان و بە چەشنێکی دڕندانە کوژران و زۆریشیان دارونەداریان بە تالاّن چوو.

ئەوە ئەو ئازادی‌یە بوو کە قەوام بۆ دابین کردنی هەلّبژاردنی رێك و پێك بۆ مەجلیس بە پێویستی دەزانی!

پاش گرتنی شاری تەورێز، شارەکانی ئازەربایجان یەك لە دوای یەك کەوتنە دەستی دەولّەتی مەرکەزی. هەموو جارێ بە ئەنقەست لەشکر خۆی دەگنخاندو چەند رۆژێك درەنگتر دەگەیشتە ئەو شارانە بۆ ئەوە باندە کۆنەپەرستەکان بێدادگایی کردن هەزاران کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی فیرقەی دێموکرات بکوژن. بە پێی ئامارێکی ناتەواو لە ماوەی هەفتەیەك دا لە ٢١ی سەرماوەزەوە تا ٢٧ی سەرماوەز (١٢ــ١٨ی دیسامبر)

نیزیك بە ١٥/٠٠٠ كەس لە شارو گوندەكانی ئازەربایجان لە لایەن كۆنەپەرستانەوە كوژران و "پاكسازی كران".

٦ـ دوارۆژەكانی كۆماری كوردستان

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥دا لە مەهاباد هەست بەوە دەكرا كە مەترسی نیزیكە. هەر لەبەر ئەوەش رۆژی ١٤ی سەرماوەز (٥ی دیسامبر) لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی شوورای شەڕ بە بەشداریی ١٠ كەس و سەرۆكایەتیی خودی پێشەوا پێك هات و لەوێدا بڕیاری بەربەرەكانی كردن بەرامبەر بە ئەرتەشی دەوڵەتی مەركەزی درا.

رۆژێك پاشتر كەخەڵك بۆ مزگەوتی هەباس ئاغا بانگ كرابوو بۆ ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕیار بدرێ، هەم خودی پێشەواو هەم سەدری قازیو هەم زۆر كەسی دیكە نەزەریان ئەوەبوو كە دەبێ لە هاتنی لەشكری شا پێشگیری بكرێ. سەدری قازی گوتی: *"دەوڵەتی مەركەزی توانای ئەوەی نیە لە دوو جەبهەی ئازەربایجان و كوردستان دا شەڕ بكا. من نیزیكەی سێ ساڵ لەتاران بووم و لە وەی سەربازان و دەرەجەداران و ئەفسەران ئاگادارم. دەوڵەت لە سەقزو سەردەشت و تكاو هێزێكی نیەو ئێمە بە یارمەتیی فیدایی‌یە دێموكراتەكان بە چاكی دەتوانین هێزی دەوڵەتی مەركەزی تەفرو تونا بكەین. لە رابردوودا دەستەیەك لە عەشیرەت دەیان توانی ماوەیەكی زۆر بەرامبەر بە هێزی دەوڵەتی رابوەستن و خۆڕاگرن، ئێستا ئێوە لەوان كەمتر نین، نابێ بترسێن، دەبێ خەبات بكەن"*.[1]

بەڵام لەنێو خەڵكی شاردا هێندێك كەس وەك مەلا عەبدوڵڵای مودەرریسی و مەلا حوسێنی مەجدی قسەیان كردو گوتیان كە بەربەرەكانی كردن بێ‌سوودەو بەم جۆرە بیری ئاشبەتالیان لەنێو خەڵك دا بڵاو كردەوە. هێندێك لە سەرۆك عەشیرەتەكانیش بەتایبەتی مەنگوڕو مامەش كەچاوەڕوانی هەلێكی ئەوتۆ بوون، زۆر زوو زەعف و خیانەتی خۆیان

١ـ ن. پسیان. از مهاباد خونین...... ل ١٧٣

نواندو پشتیان لەکۆماری کوردستان کردو خۆیان بۆ ئــەوە ئامــادە کــرد کــە لــە یەکــەم دەرفەت دا هاوکاریی دەوڵەتی مەرکەزی بکەن.

لەپاش ئەوە کە تەورێز گیراو لەشکری کۆنەپەرست شارەکانی ئازەربایجانی خستە ژێــر دەسەڵاتی خۆی، سەرتیپ هومایوونی کە لە لایەن ستادی لەشکرەوە پێی ئەســپێردرابوو کوردستان داگیر بکا گەیشتە شاری میاندواو.

لە ٢٣ی سەرماوەزدا هیندێك کەس لە پیاوە ناسراوەکانی مەهاباد بەتایبەتی ئەوانــە کە دژی کۆماری کوردستان بوون لەگەڵ چەند سەرۆك عەشــیرەتێك چــوون بــۆ پێشــوازی لەشکرو وەفاداریی خۆیان لە لایەن شاری مەهابادەوە بە سەرتیپ هومایوونی ڕاگەیانــد. لەنێو ئەوانەدا میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهــان و عــەلی ئاغــای ئیلخانیزادە بەرچاو دەکەوتن. بەڵام خەڵکی شاری مەهاباد هــەر چــاوەڕوانی ئــەوەبوون بزانن پێشەوا قازی چۆن بڕیار دەدا. گومانی تێدا نیەکــە پێشــەوا بڕیــارێکی مێــژوویی لەپێش بوو. بۆ بڕیاردان پێویست بوو پێشەوا هەم وەزعی نێوخۆی کوردســتان و وەزعــی گشتیی ئێران و هەم هەل و مەرجی نێونەتەوەیی بخاتە بەرچــاو. هــەروەك پێشــتر گــوترا ماوەیەك بوو بۆ پێشەوا قازی دەرکەوتبوو کە نابێ چاوەڕوانی پشتیوانییەکی نیزامی لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتییەوە بێ. هەروەها ئاشبەتاڵی بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەتەورێز پێی سەلماند کە ئازەربایجان ڕۆیشتوەو تێك شکاوە، بێگومــان ئــەوە تەئسیری دەکردە سەر هەموو بڕیاردانێك لە مەهاباد. لەلایەکی دیکەوە لــە بەشــەکانی دیکەی ئێران بێجگە لە ئازەربایجان و کوردستان کۆنەپەرستی هێرشێکی تونــدی بۆســەر ڕێکخراوە دێموکراتییەکان هێنابوو و بەتایبــەتی دەســتی بــە ســەرکوتکردنــی حیزبــی توودەی ئێران کردبوو.

ڕۆژی ١٢ی سەرماوەزی ١٣٢٥(٣ی دیسامبری ١٩٤٦) ڕێکخراوی حیزبی توودە لــە "زیراب"ی مازەندەران بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی دەست پێکرد. هەرچــەند لەمێــژبوو حیزبی توودە لەم ناوچەیەدا خۆی بــۆ خــەباتی چــەکدارانە ئامــادە دەکــرد، بــەڵام ئــەو

بزووتنەوەیە هەر لە نوتفەدا تووشی شکست بوو و بە هێرشی ئەرتەش و پۆلیس لەنێو چوو.

رۆژی ٢٢ی سەرماوەز (١٣ی دیسامبر) کلوبەکانی حیزبی توودە لە تاران داگیر کران و بەشێك لە بەرێوەبەرانی حیزبی توودە هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات. وەزعێکی زۆر سەیر پێك هاتبوو، بەرێوەبەرانی حیزبی توودە لە تاران هەموو فیشاری دەوڵەتی مەرکەزییان تەحەممول دەکرد بە هیوای ئەوە کە ئازەربایجان و کوردستان هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی تێك دەشکێنن و دەرەتان بۆ حیزبی توودە پێك دێ کەلە بەشەکانی دیکەی ئێران دا جارێکی دیکە سەر هەڵێنێتەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا بەرێوەبەرانی ئازەربایجان و کوردستانیش بە هیوای ئەوەبوون کە حیزبی توودە لە بەشەکانی دیکەی ئێران کارێکی وا بکا کە هێزە دێموکراتییەکان دژی دەوڵەتی مەرکەزی راپەڕن و رێگا نەدەن بەو هاسانییە هێرشی نیزامی بکاتە سەر ئازەربایجان و کوردستان.

بە کورتی پێشەوا قازی هیچ هیوایەکی بە تێکۆشان یا یارمەتیی هێزە دێموکراتییەکانی ئێران نەمابوو، ئەو جەبهەیەش کە لە نێوان رێکخراوە دێموکراتییەکانی وەك حیزبی توودەو حیزبی ئێران و حیزبەکانی دیکەدا پێك هاتبوو، دەرکەوت کە نە بەرنامەیەکی عەمەلیی هەبوو و نە لە هەل و مەرجی سەرماوەزیساڵی ١٣٢٥دا کە ئەم حیزبانە ورەیان بەردابوو و رێکخراوەکانیان لێك پچڕابوون، چووکترین ئیمکانی جووڵانەوەی هاوبەشیان هەبوو تا بتوانن یارمەتی بە کۆماری کوردستان بگەیەنن. وەزعی نێوخۆی کۆماری کوردستانیش ئاڵۆز بوو. سەرۆك عەشیرەتەکان کە زۆربەی هێزی پێشمەرگە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو بەرەبەرە کۆماری کوردستانیان بەجێ هێشت، هەروەها هێندێك لە دەوڵەمەندەکان و مەلاکانی شاری مەهاباد بە پێشوازی سەرتیپ هومایوونییەوە چوون. نە بەرێوەبەرییەکی شۆرشگێر هەبوو، نە کادری ئەوتۆ کە بتوانن بەرهەڵستەکە رێك خەن و نە تەشکیلاتێکی بە دیسیپلینی ئەوتۆ هەبوو کە لەو هەل و مەرجە ناسکەدا ئامادەبێ لەژێر چاوەدێریی بەرێوەبەریی حیزب دا تێبکۆشێ‌و فیداکاری بکا. لەبەر هەموو ئەم

هۆیانە پێشەوا قازی هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە کۆماری کوردستان توانای بەربەرەکانی بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزیی نیە، بۆیە تەنیا مەبەستێك کە پێشەوا پەرۆشی بوو رزگار کردنی خەڵکی مەهابادو هەموو دانیشتووانی کۆماری کوردستان لە کوشت و کوشتار بوو.

پێشەوا قازی بەتاقیکردنەوە دەیزانی کە نابێ هیچ گومانێکی سەبارەت بە نیازخراپیی رێژیمی کۆنەپەرستی تاران هەبێ. بەڵام چونکە خۆی بەرامبەر بە خەڵك بە بەرپرس دەزانی دەیهەویست وەزعێکی وا پێك بێ کە خەڵکی کوردستان تووشی دەربەدەریو ماڵوێرانی و کوشتار نەبن.

رۆژی **٢٣**ی سەرماوەز زۆر لە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوون بۆ ماڵی پێشەوا قازی، بۆ ئەوەی پێکەوە دوابڕیاری خۆیان بدەن. راستی ئەوەیە کە ئیدی بڕیار درابوو کە بەرامبەر بە لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بەربەرەکانی نەکرێ. ئێستا پێویست بوو بەرێوەبەران وەزعی خۆیان روون کەنەوەو ئەو وڵاتەی کە پەنای بۆ دەبەن دیاری بکەن. ئایا بچنە یەکیەتیی سۆڤیەتی یان عێراق؟ پێشەوا قازی بڕیاری خۆبەدەستەوەنەدانی بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی بە باش زانی، بەڵام پێی گوتن ئێوە بڕۆن، من لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە. هەروەها رۆژی **٢٥**ی سەرماوەز مەلا مستەفا بارزانی بۆ دوا جار چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و داوای لێکرد کە لەگەڵ بارزانییەکان بچێو ئامادەیی بارزانییەکانی نیشان دا بۆ ئەوە کە لەژێر ئەمری پێشەوادا بن. بەڵام پێشەوا قازی وەڵامەکەی هەر ئەوەبوو کە گوتی: ***"دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە بەڵام قەیدی نیە، خەڵك بەجێ ناهێڵم!"*** [1]

بەم جۆرە رۆژی **٢٦**ی سەرماوەز (**١٧**ی دیسامبر) واتە راست ساڵێك پاش ئەوەی پاش چەك کردنی شارەبانیی مەهاباد خەڵك خۆی دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە گرتبوو، لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی هات بۆ مەهابادو شاری داگیر کرد. چونکە

---

١ـ لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەو هەل و مەرجە نالەبارەدا بوو کە قازی **محەممەد** تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو. رۆژی **٢٥**ی سەرماوەز لەگەڵ حاجی بابەشێخ و سەیفی قازی بە پیری سەرتیپ هومایوونییەوە چوو بۆ میاندواو. (د)

زۆربەی زۆری خەڵکی مەهاباد وەك شارەکانی بۆکان و شنۆ و نەغەدە لایەنگری کۆماری کوردستان بوون، پێش گەیشتنی لەشکری کۆنەپەرست هیچ کەس دژی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان کارێکی ناڕەوای نەکرد.

بە هاتنی لەشکری شا لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا کۆماری کوردستان تێك شکاو کۆتایی بە تەمەنە کورتەکەی هات. تا رۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (٢١ی دیسامبری١٩٤٦) مەهاباد ئارام بوو، هێندێ کەس چەکی وردە وەك دەمانچەو شتی دیکەیان شاردەوەو تفەنگەکانیان تەحویلی لەشکری ئێران دا. بەلاّم هێندێکی دیکە چەکەکانی خۆیان هەر راگرتبوو. هومایوونی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانی لە شارەداری کۆکردەوەو داوای ئەو تفەنگانەی کرد کە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی وەرگیرابوون. بەلاّم خەڵکەکە گوتیان کە ئەو تفەنگانە دابەش کراون و لیستەکەش پێش گەیشتنی لەشکر سووتێندراوە، بۆیە کەس نازانێ تفەنگەکان بەکێ دراون، خودی پێشەوا قازی مەسئوولیەتی ئەو کارەشی وەئەستۆ گرت. پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە سەرتیپ هومایوونی ئەمری دا هەموو ئەوانەی لە شارەداری بوون بگرن. بەم جۆرە ٢٨ کەس لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و لەپێش هەمووان دا پێشەوا قازی گیران.

٧ـ دادگا

لە مانگی بەفرانباری ١٣٢٥دا دادگای پێشەوا قازی **محەممەد** و حوسێنی سەیفی قازی دەستی پێ‌کرد. لە رۆژی ٩ی بەفرانبار (٣٠ی دیسامبری ١٩٤٦) دا سەدری قازییشیان لە تارانەوە هێناو لە مەهاباد زیندانی‌یان کردو بەم شێوەیە هەرسێ قازی پێکەوە دادگایی کران. ئەم دادگایە نهێنی بوو، نەیان دەهێشت کەس بزانێ چی لە دادگا روودەدا.

لە لایەکی دیکەشەوە کاتێك پێشەوا قازی و هاوڕێیانی داوایان کرد کە بۆخۆیان پارێزەر (وکیل مدافع) دیاری بکەن ئەوەش لە لایەن دادگاوە رەد کرایەوە. سەرۆکی دادگا سەرهەنگ فیروزی زۆری رق لە جوولاّنەوەی دێموکراتیی گەلی کوردو لە شەخسی

پێشەوا بوو و پێشتریش بە نوێنەریی لەشکری ئێران لە زەمانی کۆماری کوردستان دا هاتبووە مەهاباد. سەرەڕای ئەوەی دادگا نهێنی بوو و نەشیان هێشت پێشەواو هاوڕێیانی بۆخۆیان پارێزەر هەڵبژێرن و بە زۆر پارێزەریان بەسەردا سەپاندن، رۆژی ١٩ی مانگی بەفرانبار (٩ی ژانویەی ١٩٤٧) پێشەوا بۆخۆی دیفاعێکی رێك و پێك و ئازایانەی کرد کە ١٤ سەعات درێژەی هەبوو و هەموو تاوانەکانی دادگای فەرمایشیی لەشکری شای رەد کردەوە. ئەو سەنەد و بەڵگانە کە لە دەست دان تەنانەت ئەوانەی بە دەستی دوژمنانی گەلیش نووسراون بە چاکی نیشان دەدەن کە پێشەوا بە هەستی مەسئولیەتێکی گەورەوە کە مێژوو خستبوویە سەرشانی، ئەوەندەی لە توانای دا بوو و ئەوەندەی هەل و مەرجی دادگایەکی فەرمایشیی نیزامی رێگا دەدا لە ئاواتەکانی گەلی کوردو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان ئازایانە دیفاعی کرد.

پێشەوا قازی لە رۆژەکانی یەکەمی شکانی کۆماری کوردستانەوە دوو مەسەلەی زۆر بە چاکی لەبەر چاو بوون:

یەکەم:

ئەوە کە باش دەیزانی مردن چاوەڕوانیەتی، تاقیکردنەوەی چەندین ساڵ خەباتی گەلی کورد بۆی دەرخستبوو کە لەگەڵ دوژمنێکی زۆردارو فێڵەباز تێکەوتوە کە بە خوێنی ئەو و هی وەك ئەو تینووە، هەربۆیەش لە یەکەم رۆژی گیرانیڕا تا دادگا فەرمایشی‌یەکەی تێکۆشا کە خۆی بە بەرپرسی رووداوەکان و هەموو هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لە قەڵەم بدا. قازی دەیهەویست بەم جۆرە هەم بە رێگاو ئامانجەکانی حیزب و گەل وەفادار بمێنێتەوەو هەم ئەوەندەی دەکرێ لە تاوانی هاوڕێیانی کەم بکاتەوە، تا بەڵکوو بتوانێ کەمێك سزایان سووکتر بکا.

دووهەم:

ئەوەبوو کە پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەممەد نیە، بەڵکوو جوولانەوەی دێموکراتیی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و

ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دادەنێ. هەربۆیەش وەك ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەللادە خوێنمژەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستاو دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد.

دوژمنانی گەل زۆریان هەوڵ دا قازی بێننە سەر ئەوەکە بڵێ لە کردەوەی خۆی پەشیمان بۆتەوەو داوای لێبوردن بکاو لە بەرامبەریان دا بەچۆکدا بێ. بەڵام پێشەوا قازی دادگای نیزامیو کاربەدەستانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بە چۆکدا هێناو ناچاری کردن کە بەرامبەر بە گەورەیی و ئازایەتیی ئەو سەردانوێنن. تەنانەت لە ژووری داخراودا کە نە تەماشاچیی لێبوو و نە پارێزەرو نەدادگاش دادگا بوو، لەسەر سووکایەتییەك کە بە گەلی کورد کرا پێشەوا قازی کورسییەکەی هەڵگرت و لەسەری دادستانی نیزامیی ڕاکێشا. نەك هەر کۆنەپەرستیی ئێران بەڵکوو ئاغا بێگانەکانی، ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئینگلیس هێشتا هەر هیوادار بوون کە قازی محەممەد بە فریو بەرن و کارێکی وا بکەن پشت لە کاروکردەوەی خۆی و گەلی خۆی بکاو تەسلیمی ئەوان بێ. بەڵام پێشەوا قازی ئەمجارەش نەچووە ژێر بارو پێشنیاری نوێنەرانی ئەمریکای کە دە ڕۆژ پێش ئێعدام چووبوون بۆ لای بە توندی ڕەد کردەوە. نە لە هەڕەشەکانیان ترساو نە بەڵێنیو وەعدەو پەیمانەکانیانی بەهیچ دانا. پێشەوا قازی بەو سوێندەی کە لە ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١٣ی فێوریەی ١٩٤٦)دا بەرامبەر بە گەل و نیشتمان خواردبووی وەفادار مایەوە، شەهید بوو بۆ ئەوە گەلی کورد سەربەرز بژی.

ڕۆژی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (٢٣ی ژانویەی١٩٤٧) واتە ساڵێك و ڕۆژێك پاش ئەوەی بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێرا، پێشەوا قازیو هاوڕێکانی مەحکووم بە ئێعدام کران. بەڵام بەجێهێنانی حوکمی ئێعدام وەدوا خرا، ٦٦ڕۆژی تەواوی پێچوو تا لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧)دا حوکمی ئێعدام لە مەهاباد بەڕێوەچوو.

ئەوە کە حوکمی ئێعدام زیاتر لە دوو مانگ وەپاش خرا چەند هۆی هەبوو:

یەکەم پێشەوا قازی شەخسییەتێکی زۆر خۆشەویستی سیاسی بوو و نەدەکرا هەروا بە هاسانی بێ لێکدانەوە ئێعدام بکرێ. هەربۆیەش سەعاتی ٣ی بەیانی پاش ئەوەی مەیدانی چوارچرا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو و لە سەربانەکان تیرباریان دانابوو، قازی و هاوڕێیانی لەسێدارە دران. کاتێك کە خەڵك لەخەو هەستان ئیدی پێشەواو هاوڕێیانی شەهید ببوون. بەم جۆرە نەك هەر دادگای پێشەواو هاوڕێیانی بەدزی بوو بەڵکوو تەنانەت ئێعدام کردنەکەشیان هەر بە دزی بەڕێوە چوو. هۆی دیکە ئەوەبوو کە ئەو کاتە جارێ بەربەرەکانی لەکوردستان تەواو نەببوو و بەتایبەتی بەربەرەکانیی بارزانی‌یەکان نەك هەر بەردەوام بوو، بەڵکوو زەبری زۆریشی لە لەشکری شا دابوو و ڕێژیمی کۆنەپەرستی تاران ترسی ئەوەی هەبوو کە ئێعدامی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی ببێتە هۆی نارەزایی‌یەکی زیاتری خەڵکی کوردستان و ڕەنگە تەنانەت ببێتە هۆی دژکردەوەیەکی[1] توند لە لایەن خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە.

لەسەر ئێعدامی قازی‌یەکان هەر لەنێو کاربەدەستانی تارانیش دا ناکۆکی هەبوو. هێندێ لە بەرپرسانی سیاسیی دەوڵەتی لایەنگری ئەوەبوون کە قازیو هاوڕێکانی ئێعدام نەکرێن. بەڵام ئەرتەشی‌یەکان زۆریان هەوڵ دەدا کە هەرچی زووتر حوکمی ئیعدام بەڕێوە بچێ، چونکە لەو بڕوایەدا بوون کە پێشەوا قازی هەم لە زەمانی کۆماری کوردستان دا دژی لەشکری شا وەستاوەو تەنانەت بە چاوێکی سووك سەیری ئەفسەرەکانی کردوەو هەم لەزەمانی دادگایی کردن دا بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبووە بچێتە ژێر باری داخوازەکانی نیزامی‌یەکان و ئازایانە ڕاوەستاوەو بەربەرەکانیی لەگەڵ کردوون. لەشکری شا ئەوەی بەبێ حورمەتی بەخۆی دەزانیو داوای سەری پێشەوا قازیی دەکرد.

لە ئاکام دا، پاش پێداگرتنی ئەمریکایی‌یەکان کە پێیان خۆش بوو ئیسپات بکەن کەسێك دژی سیاسەتی ئەمریکا بجووڵێتەوەو، لەوەش زیاتر لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی دۆستایەتی بکا لە قامووسی ئەوان دا سزای هەر کوشتنەو بە پێی هەڵوێستی شەخسی

١ـ دژکردەوە بە مانای "عکس العمل"ی فارسی هاتوە. (د)

حەمەرەزاشا کە لە هەموو کەس زیاتر ئیسراری هەبوو قازی **محەممەد** ئیعدام بکرێ بڕیاری دوایی دراو شا حوکمی ئێعدامی ئیمزا کردو بۆ سەرتیپ هومایوونیی نارد کە ئەوکاتە بۆ بەڕێوەبردنی شەڕی لەشکری ئێران دژی بارزانی‌یەکان لە ورمێ بوو. ئەمری بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدام رۆژی ٩ی خاکەلێوە (**٢٩ی مارس**) گەیشتە دەستی هومایوونی، ئەویش بە بێ‌سیم بە مەهابادی راگەیاندو لەسەر ئەو ئەمرە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی **١٣٢٦** بەو شێوەیە کە باسمان کرد پێشەوا قازی **محەممەد** و براکەی ئەبولقاسمی سەدری قازی و ئامۆزاکەی **محەممەد** حوسێنی سەیفی قازی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران، لەو مەیدانە کە رۆژی **٢ی** رێبەندانی **١٣٢٤** (**٢٢ی** ژانویەی **١٩٤٦**) دامەزرانی کۆماری کوردستانی تێدا راگەیەندرابوو و قازی **محەممەد** بە سەرکۆمار هەڵبژێرابوو.

شەخسییەتی قازی **محەممەد** پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسیەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورد دا پلەو مەقامێکی تایبەتی‌و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو.[1] پێشەوا قازی **محەممەد** رووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو رۆژگارەدا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورد دا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی **محەممەد** لە شارستانیەت و زانستی تازەو هەروەها لە وەزع و رووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو. زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیسی و عەرەبی و فەڕانسەو رووسیی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی‌دا دەستێکی باڵای هەبوو. لەگەڵ ئەوە کە رووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لەنێو خەڵکێکی ساویلکەو بەداخەوە بەشی زۆری لە نەخوێندەوار دا دەژیا، گوڵێك بوو لە سەحرا روابوو بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیك بوو، دەردو ئازارو هیواو ئاواتەکانی زۆر باش تێ‌گەیشتبوو. لە هێنانەگۆڕو دەرخستنی ئەو دەردو ئازارو هیواو ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان

١ـ پێشەوا قازی رۆژی ١١ی بانەمەڕی ١٢٧٩ی هەتاوی (١ی مای ١٩٠٠) لە شاری مەهاباد لە دایك ببوو و کاتێك ئیعدام کرا تەمەنی ٤٧ ساڵ بوو. (د)

ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی دا خەڵك خۆی نازناوی "پێشەوا"ی پێدابوو. پێشەوا قازی هەموو زانست و تێگەیشتنی خۆی بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردبوو. لە هەموو کەس باشتر دەیزانی وڵاتەکەی چەندە دواکەوتووەو گەلە خۆشەویستەکەی چەندە بێخاوەنەو هاونیشتمانەکانی لە چ وەزعێکی نالەبارو لەنێو چ کوێرەوەریو هەژاریو ئازارو ئەشکەنجەیەك دا دەژین.

هەموو ئەو تایبەتمەندییانە ببوون بە هۆی ئەوە کە قازی محەمەد نەخشێکی زۆر گرینگ لە جووڵانەوەی دێموکراتیی ساڵەکانی ١٣٢٥ـ١٣٢٤ (١٩٤٦ـ١٩٤٥)دا یاری بکا. شەخسییەتی ئەو رێز و حورمەتێکی تایبەتیی بۆ لای ئەو راکێشابوو.[1] قسەکانی قازی ئیعتبارێکی تایبەتییان هەبوو و نەزەری ئەو بە راست و دروست دەزانرا.

پێشەوا قازی زۆر تێدەکۆشا کە ریزەکانی نێو خەڵکی کوردستان یەکگرتوو بکا. ئەو راستییە مێژووییەی لەبەرچاو بوو کە یەکێك لە هۆیەکانی ئەساسیی تێك شکانی هەموو راپەرینەکانی پێشووی گەلی کورد، نەبوونی یەکیەتی و یەکدەنگیی نێوخۆیی بووە. پێشەوا قازی زۆری هەوڵ دا ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان هەڵبگیرێ، هەرچەند ئەوە کارێکی هاسان نەبوو بەڵام تا رادەیەکی زۆر سەرکەوت.

لە شاری مەهاباد یەکیەتییەکی بێوێنەی لە نێو هەموو دانیشتواندا پێك هێنابوو، تەنانەت پاش تێك شکانی جووڵانەوەش، پاش هاتنی لەشکری کۆنەپەرستی ئێرانیش کەس کەیف خۆشی و شادمانیی دەرنەبڕی، کەس ئامادە نەبوو دەست بۆ رێبەرانی کۆماری کوردستان درێژ بکا.

پاش شەهید بوونی زۆر رەخنە لە پێشەوا قازی گیراوە. رەخنەکان یەك و دوو نین، بەڵام لە هەمووان گرینگ تر ئەوەیە کە بۆچی بەرامبەر بە پەلاماری کۆنەپەرستیی

---

١ـ پاش ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ کاتێك شاری سەقز لە لایەن حەمە رەشید خانەوە تاڵان کراو مەترسیی ئەوە هەبوو کە عەشیرەتەکانی مامەش و مەنگوڕ شاری مەهاباد تاڵان بکەن, هەر قازی محەممەد بوو کە خەڵکی شاری رێك خست و بۆ دیفاع ئامادە کرد. هەربۆیەش عەشیرەتەکان نەیان وێرا روو دە شاری مەهاباد بکەن. "عەبدولقادری دەباغی" راپەڕینی کۆمەڵەی ژ.ك

ئێران رانەوەستاو بەربەرەکانیی نەکرد؟ هێندێك کەس نەزەریان ئەوەیە کە ئەگەر راوەستاباو بەربەرەکانی کردبا وەزع بەتەواوی دەگۆڕا.

راستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانییە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێك کە ئەو زۆر باش دەیزانی چەند فێڵباز و دڕندەیە. بەڵام قازی **محەممەد** ئەو کارەی بۆ پاراستنی گیانی خۆی نەکرد، بەڵکوو ئەو مەسئوولییەتە گەورەیە کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو پێشەوای بۆ ئەو کارە هان دا. راستی ئەوەیە کە پاش لێکدانەوەیەکی زۆر کە پێشتریش باسی کرا، پێشەوا قازی هیچ دەرەتانێکی لە بەربەرەکانیدا نەدەدی. نەشی دەویست خوێنی خەڵکی بێدیفاعی کورد بەدەست لەشکری داگیرکەر بڕژێ. ئەگەر بڵێین تەسلیم بوونی قازی **محەممەد** هەڵە بوو، ئەو هەڵەیە لەپێش هەمووان دا بەنرخی گیانی خۆی تەواو بوو. ئەو کەسانە کە پێشەوا قازییان ناسیوەو ئاگایان لە رابردوو و ژیانی بووە، دەیان زانی کە پێشەوا دڵخوازانە خۆی تووشی ئەو هەڵەیە کرد. ئینساندۆستیی ئەو هێندە زۆر بوو کە دەیهەویست بکوژرێ، شەهید بێ تا زۆر کەسی دیکە زیندوو بمێنن.

چەند رۆژ پاش ئیعدامی پێشەوا قازی و هاوڕێکانی، چوار کەس لە باشترین ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان: "عەبدوڵڵای رەوشەن فیکر"، "حامیدی مازویچی"، "**محەممەدی** نازمی"و "**محەممەد** رەسولی نەغەدەیان" لە مەهابادو هەروەها "عەلی بەگی شێرزاد" فەرماندەی هێزی بۆکان لە شاری بۆکان لە سێدارە دران. دوو حەوتوو پێش ئیعدامی پێشەواو هاوڕێیانی لە **٢٦**ی مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٥ (١٦ی مارسی ١٩٤٧)دا یازدە کەس لە سەرۆك عەشیرەتەکانی فەیزوڵڵابەگی و گەورکی سەقز کە لە کۆماری کوردستان دا چالاکانە بەشدارییان کردبوو، لە شاری سەقز لە سێدارە دران کە بریتی بوون لە: ئەحمەد خانی فاروقی (سالار)، عەولاخانی مەتین، حەمەخانی دانیشوەر، عەلی خانی فاتح، حەسەن خانی کانی نیاز، حەمەد بەگی باباخان بەگ، ئەحمەد خانی شەجیعی (شەنگە)، شێخ ئەمین ئەسعەدی کەسنەزانی،

ئاغاسەدیقی ئەسعەدی یازی بلاغی، عەلی ئاغای جوانمەردیی تەمووتەو رەسووڵ ئاغای مەحموودیی میرەدێ.

بیرورِای سەرانی لەشکری شا لەو کاتەدا ئەوەبوو کە دەبێ هێندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانیش ئیعدام بکرێن بۆ ئەوەی ئەوانی تر بترسێن و تەسلیمی سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی بن. بەراستیش حەق بڵێین سەرانی ئەرتەش باشترین کەسانیان بۆ ئیعدام کردن هەڵبژارد، چونکە سەرۆك عەشیرەتەکانی فەیزوڵلابەگیو گەورکی سەقز لە وەفادارترین پشتیوانانی کۆماری کوردستان بوون.

بەم جۆرە رێژیمی کۆنەپەرستی تاران باشترین کاربەدەستانی کۆماری کوردستانی شەهید کرد. لەو ۲۸ کەسە کە لە مەهاباد دادگایی کران بەشێکیان بە زیندانی ئەبەد، بەشێکیان بە ۱۵ ساڵ و هێندێکیان بە زیندانی ۲ تا ۱۵ ساڵ حوکم دران، زۆر کەسیش لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان دوای گەیشتنی ئەرتەش بە مەهاباد رایان کردو زۆریان چوون بۆ عێراق و سووریە.

لەشکری ئێران دەستی بە لەنێو بردنی هەموو شوێنەواری کۆماری کوردستان لە مەهاباد کرد. کتێبە کوردیيەکان ئاشکرا لەمەیدانی شار سووتێندران، بەڵگەکانی زەمانی کۆماری کوردستان یا پێشتر خەڵك لە ترسان سووتاندبوویانن و یا پاشان لەشکری شا لەبەینی بردن. تەواوی هەوڵ و تەقەلای دەوڵەتی مەرکەزی ئەوەبوو کە هیچ شوێنەوارێك لە کۆماری کوردستان نەمێنێ.

٨ـ بارزانیيەکان

هێندێك چەك و تەقەمەنی کەلە ئەمبارەکانی کۆماری مەهاباددا مابوو بارزانیيەکان بردیان کە بریتی بوو لە ۳۰۰۰تفەنگ و ۱۲۰ قەبزە تیربارو ۲ تۆپ و هێندێك نارنجۆك. بارزانیيەکان ئەو کاتەی ئازەربایجان رووخاو ئەرتەش بۆ لای مەهاباد پێشرِەویی کرد لە جەبهەی سەقزو تکاوەوە خۆیان گەیاندە دەوروبەری بۆکان و لەوێ را چوون بۆ دەوروبەری مەهاباد. دەبێ بگوترێ کە پاشەکشەیان زۆر رێك و پێك و خێرا بوو. پاش گەیشتنی لەشکر لە مەهاباد لە رۆژی ۲۹ی مانگی سەرماوەز (۲۰ی دیسامبر)دا مەلا مستەفا

بارزانی چوو بۆ شاری مەهاباد بۆ دیتنـی سـەرتیپ هومـایوونی و پێشـنیاری کـرد کـە دەوڵەتی ئێران لە دەوڵەتی بریتانیا تەزمین وەربگـرێ بـۆ ئـەوەی بارزانی‌یـەکان بتـوانن بگەڕێنەوە وڵاتـی خۆیـان و بچـنەوە عێـراق. سـەرتیپ هومـایوونی کـە دیـارە خـۆی نەی‌دەتوانی بڕیار بدا پێشنیاری کرد کـە مـەلا مسـتەفا بچـێ بـۆ تـاران. رۆژی ٣٠ی سـەرماوەز (٢١ی دیسـامبر) مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ "میرحـاج ئەحمـەد"، "عیـززەت عەبدولعەزیز"، "نووری ئەحمەد تەها" پێکەوە لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری چوون بۆ تاران و نیزیك مانگێك لە باشگای ئەفسەرانی تاران مانەوە. پاش وتوویـژێکی زۆر، دەوڵـەتی ئێران پێشنیاری بە بارزانی‌یەکان کرد کە لـە داوێنـی چـیای ئەلوەنـد نیزیـك هەمـەدان نیشتەجێ بن و رای‌گەیاند کە ئامادەیە تا شەش مانگ هەموو خەرجی خـواردن و ژیـان و مانەوەیان بداتێ. مەلا مستەفا بەرواڵـەت ئـەو پێشـنیارەی قبـووڵ کـردو رۆژی ٩ی رێبەندان (٢٩ی ژانویە) گەڕایەوە بۆ مەهاباد. سەرتیپ هومایوونی داوای لـێ‌کرد کـە دەست بەجێ ئەو بڕیارە کە لـە تـاران دراوە بێتـەدی، بـەڵام مـەلا مسـتەفا داوای ٢٤ سەعات مۆڵەتی‌کرد بۆ ئەوەی چاوی بە شێخ ئەحمەد بکەوێ‌و نەزەری ئەویش وەربگـرێ. پاش ئەوەی مەلا مستەفا چوو بۆ لای شێخ ئەحمەد، وەڵامی بۆ هومایوونی ناردەوە کـە شێخ ئەحمەد بڕیاری تاران پەسند ناکا. وا دەردەکەوێ کە مەلا مسـتەفا بۆخۆشـی هـەر پێشنیاری تارانی قبووڵ نەکردبوو، بەڵام لە تاران پێی خۆش نەبوو کـە ئـەو نـەزەرە بـە راشکاوی بە دەوڵەتی ئێران رابگەیەنێ‌و رای‌گرتبوو پاش ئەوەی گەڕایەوەو لـە مەترسـی دەرباز بوو پێ‌یان بڵێ. بەم شێوەیە بارزانی‌یـەکان یـەك رێگایـان زیـاتر نـەما: ئـەویش بەربەرەکانی کردن بەرامبەر بە لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بوو.

بارزانی‌یەکان لـە ٢١ی مـانگی رەشـەمەی ١٣٢٥ەوە تـا ٢٤ی خاکـەلێوەی ١٣٢٦ (١١ی مارس تا ١٣ی ئاوریلی ١٩٤٧) لـە چـەند جێگـا تووشـی شـەڕی تونـد لەگـەڵ لەشکری ئێران بوون. هێندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان وەك هەرکی‌یەکان: رەشید بەگ و نوری بەگ کە لەپێش دا خۆیان لەگەڵ بارزانی‌یەکان خستبوو زۆر زوو تەسلیمی لەشکری شا بـوون، لـەوەش زیـاتر پاشـان بـوون بـە جـاش و دەسـتیان بـە شـەڕ کـردن لەگـەڵ

بارزانی‌یەکان کرد. شەڕی نەلۆس یەکێك لە شەڕە گەورەکان بوو کە ٢٦ی مانگی ڕەشەمە ڕوویدا، ئەفسەرێك و ١٢ سەربازی تێدا کوژران و ٥ ئەفسەرو ٦٨ سەربازیش بەدیل گیران. ئەو تێك شکانەی لەشکری ئێران دەنگی دایەوەو نیشانیدا کە ئەرتەش بەو هاسانی‌یە لە شەڕی خۆی دا دژی بارزانی‌یەکان سەرناکەوێ. لە ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٢٥ی مارسی١٩٤٧)دا سەرتیپ هومایوونی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران چاوی بە ژەنراڵی عێراقی "عەلی حیجازی" کەوت. حیجازی پێشنیاری بە هومایوونی کرد کە ئەرتەشی عێراق ئامادەیە دژی بارزانی‌یەکان یارمەتیی لەشکری ئێران بدا. هێزە چەکدارەکانی تورکیەش ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ لەشکری شا ڕاگەیاند. ئەمەش لە مێژووی نەتەوەی کورددا شتێکی تازە نەبوو، دیاردەیەك بوو کە زۆر جار ڕووی دابوو. ئێستاش وێدەچوو دووپات بکرێتەوە. بەڵام هومایوونی ئەو پێشنیارانەی قبووڵ نەکرد، چونکە بە کەسری شانی لەشکری شای دەزانی کە نەتوانێ دەرەقەتی بارزانی‌یەکان بێ‌و داوای یارمەتی لە لەشکری بێگانە بکا.

بارزانی‌یەکان لە چەند شەڕی دیکەش دا ئازایانە بەربەرەکانی‌یان کردو سەرکەوتوو بوون و بە لەشکری ئێرانیان نیشان دا کە هێزێکی بەتوانان و هێزی چەکداری ئێران لە وزەیدا نیە بەسادەیی بەسەریان دا زاڵ بێ. ئەوە بیروڕای زۆربەی سەرانی لەشکری ئێران بوو و تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران ڕایگەیاند کە سوپای تازەی ئێران (مەبەستی ئەو سوپایەیە کە لەکاتی هاتنەسەرکاری ڕەزاشاوە پێك هاتوە) تا ئێستا لەگەڵ دوژمنی هێندە بەهێز وەك بارزانی‌یەکان شەڕی نەکردوە. هەر لەو کاتەش دا شا فەرمانێکی دەرکرد کە مەبەستی کوشتن و لەنێو بردنی هەموو بارزانی‌یەکان بە ژن و منداڵەوە بوو. لەو فەرمانەدا کە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ (١٩ی مارسی١٩٤٧) داویەتی دەڵێ:*"بە فرۆکە تەواوی بنکەکان و ڕێبازی کۆچ و کۆچباری ماڵە بارزانی‌یەکان و هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن، دەبێ تا ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٤ی ئاوریلی ١٩٤٧) شەڕ کۆتایی بێ‌و کارێکی وا بکەن کە بارزانی‌یەکان نەتوانن دەرباز بن*

*و لەوەزیاتر ئـابڕووی لەشـکر نەچـێ."* [1] بـەڵام بارزانیـیـەکان ڕۆژی ٢٤ی خاکـەلێوەی ١٣٢٦ (١٣ی ئاوریل) لە چۆمی گادەر پەڕینەوەو چوون بۆ عێراق و دەرباز بوون. دیـارە هەم ئابڕووی ئەرتەشی شاهەنشاهیی ئێران چوو و هەم ئابڕووی خودی حەمەرەزاشـا کـە فەرمانەکانی جێبەجێ نەکران.

بارزانی‌یەکان کە ئێرانیان بەجێ هێشت ژن و منـداڵێکی زۆریـان لەگـەڵ بـوو، شـێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ ژن و منداڵ خۆیان تەسلیمی حکوومەتی عێراق کردو بەخشران. هەرچەند مەلا مستەفا داوای لە هێندێك لە ئەفسەرانی ئەرتەشی عێراق کرد کە خۆیـان تەسلیم نەکەنەوە چونکە بڕوای بە ڕێژیمی عێراق نەبوو، بەڵام ئەو ئەفسەرانە پێیان وابـوو کە دەبەخشرێن و ئامادەش نەبوون ماوەیەکی زۆر لە شاخ و داخ بمێننەوەو پێکەوە وێڕای بارزانی‌یەکان شەڕ بکەن، شەڕێك کە ئاکامی دیار نەبوو. بۆیە خۆیان تەسـلیمی ڕێـژیمی نـووری سـەعید کـرد. لەوانـە چـوار ئەفسـەری کـوردی لەشـکری عێـراق کـە لەگـەڵ بارزانی‌یەکان هاتنە ئێران و لە کۆماری کوردستان دا خزمەتیان کرد بـە نـاوی مسـتەفا خۆشناو، عەبدولکەریم خەیروڵڵا، محەممەد مەحموودو عیززەت عەبدولعـەزیز بـە ئیعـدام حوکم دران و ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ بەرامبەری ١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧ لە سێدارە دران. ئیعدامی ئەو چوار کەسە تەئسیرێکی زۆر خراپی کردە سـەر خـەڵکی کوردسـتان، چونکە زۆر لە کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق کە کورد بوون تکایان بۆ کردن و هـەوڵیان دا بۆ ئەوەی لەمردن ڕزگاریان بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن. هەر لەو کاتەدا لەبەر ئەوە لـە دوو پارچەی کوردستان خەباتیان کردبوو وەك شـەهیدی زۆرخۆشەویسـت هاتنەبەرچـاو. بۆیە ڕۆژی شەهید بوونیان بەرۆژێك دانراکە :"ڕۆژی گریان و ماتەم بوو، وەتەن دڵـی پـڕ لە خەم بوو، چونکە جوانەمەرگـەکانی وەتـەن شـەهید کـران". بەڕاسـتیش ئـەو چـوار ئەفسەرە زۆر ئازایانە پێشوازیان لە مردن کردو لە نامەی خۆیـان دا کـە پـێش شـەهید بوون نووسیویانە داوایان لەخەڵکی کوردستان ئەوەبوو کە ئـەو ڕێگایـەی ئـەوان پێـیدا

---

١ـ ن . پسیان ـ از مهاباد خونین... ل ١٠٣

ڕۆیشتوون واتە ڕێگای ڕزگـاریی گـەلی کـورد هـەر درێـژە پێبـدەن. ئیعـدامی ئەوانـە درووستیی بۆچوونی مەلا مستەفا بارزانیی دەرخست کە ئامادە نـەبوو بـەهیچ جۆرێـك بڕوا بە وەعدەو پەیمانی حکوومەتی عێراق بکا.

مەلا مستەفا و ٥٠٠ کەس لە بارزانی‌یەکان کە بە دڵخوازی خۆیـان لەگـەڵی کـەوتن ڕۆژی ٦ی‌جۆزەردان لە ڕێگـای تورکیـەوە گەڕانـەوە بـۆ ئێـران و پـاش چـەندین شـەڕی قارەمانانەو بڕینی زیاتر لە ٣٠٠ کیلومیتر ڕێگا لەگەڵ ئەوەی پتر لە ١٠/٠٠٠ کەس لە لەشکری ئێران بۆ لێـدان و پـێش گرتنـی ئـەوان تـەرخان کرابـوو، توانیـان ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردان واتە پاش ٢٠ ڕۆژ ڕێگا بڕینی بێ‌وەستان و بێ‌مانـدووبوون لـە چـۆمی ئـاراز بپەڕنەوەو پەنا بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرن.

بەربەرەکانی و شەڕی بارزانی‌یەکان دژی لەشکری شا ئەو ڕاستی‌یەی سەلماند کە نـەك هەر دەکرا دژی ئەم ئەرتەشە بەربەرەکانی بکرێ، بەڵکوو ئیمکانی سەرکەوتنیش هەبوو. ڕاستە کە بارزانی‌یەکان تاقی‌کردنەوەی شەڕیان زۆر بوو، بەڵام لـە ناوچـەی کوردسـتانی ئێران ناشارەزا بوون و ژمارەشیان کەم بوو. شەڕی بارزانی‌یەکان تا ڕادەیـەك ئاشـبەتاڵی کۆماری کوردستانی قەرەبوو کردەوەو تا ئەندازەیەك هەسـتی لـەخۆدڵنیابوونی خـەڵکی کوردستانی کە تێك شکابوو بـردە سـەرێ. هـەروەها شـوێنەواری خراپـی لەنێوچـوونی کۆماری کوردستان و هەموو جووڵانەوەی ئێرانی تـا ڕادەیـەکی زۆر لەبـەین بـردو ئـەو بڕوایەی بەهێز کرد کە لەشکری شاو دەوڵەتی مەرکەزیی ئێران هێزی لەشـکان نـەهاتوو نین و ئیمکانی ئەوە هەیە لە شەڕ لەگەڵ جووڵانەوەیـەکی پێشـکەوتووی گـەلی کـورددا تێك بشکێن. بە کورتی بە تەواوی دەرکەوت کە هەموو کاتێك گەلی کورد توانای هەیە بەرامبەر بە هێزی دەوڵەتی مەرکەزی ڕابوەستێ و بەربەرەکانی بکا.

**٩ـ هۆیەکانی تێکچوونی کۆمار**

دەبێ ئەو ڕاستی‌یە بگوترێ کە هەر لە بنەڕەتـەوە زەمینـەی دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەکرابوو. واتە کۆماری کوردستان سەرئەنجامی خـەباتێکی درێژخایەن و ئاکامی ڕەوتێکی تەبیعیی ڕووداوەکان و نەخشەی لەمێژەوەدارێژراو نەبوو.

هەل و مــەرجی ئەوکاتــەی نێونەتــەوەییو ئێــران و بەتایبــەتی پێکهــاتنی حکوومــەتی میللیی ئازەربایجان وەزعێکی سیاسیی وایان پێك هێنا کە ڕووداوەکـان زۆر بــە خێرایــی بچنە پێش و حیزبی دێموکراتی کوردستان هان درا بۆ ئــەوەی کۆمــاری کوردســتان زۆر زووتر لەوە کە هەموو هەل و مەرجێکی بۆ ئامادە بووبێ دابمەزرێنێ. بەکورتی کۆمــاری کوردستان لەساڵی ١٣٢٤دا بەرهەمی هەل و مــەرجی نائاســایی نێوخــۆو نێونەتــەوەیی بوو.

بێگومان هان دانی یەکیەتیی سۆڤیەتی تەئسیری خۆی هەبوو و ئەو وەعــدەو پەیمانــە کە دران، بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان زیاتر تەشویق کـرد کــە هەرچــی زووتر کۆماری کوردستان دابمەزرێنن. بەڵام واقعییەت ئەوە بوو کــە زەمینــەی عــەینی، هەل و مەرجی ئابووریو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵات بە هیچ جــۆر بــۆ دامــەزرانی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەبوو. تەنانەت زەمینەی زەینییش کە بریتی‌یە لە هێزێکی سیاسی کەبتوانێ دەزگایەکی ڕێــك و پێکــی دەوڵــەتی دابنــێ بەتــەواوی ســاز نەببوو. ڕەوتی هەنگاوەکان بە پێچەوانە بوو. هێندێك کار کــە دەبــوا پــێش دامــەزرانی کۆمار وەدی هاتبان، مابوونــەوە کــە پــاش پێکهــاتنی کۆمــاری کوردســتان جێبــەجێ بکرێن. دیارە بۆ وەدیهێنانی هەموو ئەو هەنگاوانەش هەروا کە دیتمان وەخت نەبوو.

٣٣٠ ڕۆژ بۆ دانانی بناخەی ماددی و مەعنەویی کۆماری کوردســتان بــەس نــەبوو. دەکرێ بڵێین کەکۆماری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کوت و پڕ پێك هات و ئەو لەنــەکاو پێکهاتنە بوو بەهۆی زۆر لەو گیروگرفتانە کە ئەو کۆمارە لــە مــاوەی تەمــەنی کــورتی خۆی دا تووشیان بوو. بۆیە هــەر لــە ســەرەتای دامەزرانیــەوە لــەنێو جــەرگی کۆمــاری کوردستان یەکێك لە هۆیەکانی تێکچوونیشی چاندرابوو.

دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی وڵاتەکەمان کە هــەروەك دیتمــان، پێوەندی‌یەکانی دەرەبەگی تێدا زاڵ بــوون و تــەرکیبی کۆمــەڵی لادێ عەشــیرەتی بــوو و نەوەد لەسەدی دانیشتووانی نەخوێندەوار بوون، یەکێك لــە هۆیــەکانی هــەرە ئەساســیی سەرنەکەوتنی کۆماری  کوردستانە. ئەم دیاردەیە بارێکی دیکەشی هەبوو.

بەگشتی لە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورددا ناتەبایی‌یەك بەدی دەکرێ کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانیش لە ساڵەکانی ٢٥ـ١٣٢٤ (٤٦ـ١٩٤٥)دا بەرچاو بـوو. ئەم ناتەبایی‌یە لە پایەی نزم و پاشکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری‌یـەوە هـەڵدەقوڵێ. لـە سەد ساڵی رابردوودا کۆمەڵی کوردەواری هەموو کاتێك ئەگەر نـەڵێین زیـاتر، هەرنـەبێ قۆنـاغێکی تـەواوی مێـژوویی لـەو کۆمەڵـەی کـە دەوڵـەتی مەرکـەزی بەرهەمیـەتی پاشـکەوتووتر بـووە. ئـەوە یـەکێك لـە هۆیـەکانی تێکچـوونی زۆر لـە جووڵانـەوە نەتەوەیی‌یەکانی کوردستانە. ئەم دیاردەیە هۆیەکانی مێژوویی و تایبـەتیی خـۆی هـەن کەبە کورتی بریتین لەوە کە گەلی کورد سەدان ساڵە دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە، رێگای هاتوچۆ بۆ دەرەوەی بەربەست کـراوە، لەبـەر زۆرداریـی دەوڵەتـە مەرکەزی‌یـەکان و بـۆ پاراسـتنی هـەبوونی خـۆی ناچـار بـووە بکشـێتەوە سـەر چـیا بـەرزەکان و لـەباری جوغرافی‌یەوە گەمارۆ بدرێ، ئابووریی تەبیعی کە مانای راوەستان و نەبزووتنی کۆمەڵە بە سـەدان سـاڵ لەکوردسـتان دا زاڵ بـووە. هێنـدێك هـۆی دیکـەش هـەن کـە زیـاتر پێوەندی‌یان بە رووبەناو بەتایبەتی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو سەردەمەوە هەیە کە دەوڵەتە مەرکەزی‌یەکان کوردستانیان چەوساندۆتەوەو نەیان هێشتوە پێش بکەوێ.

لێرەدا مەبەسـت بەرچـاو خسـتنی ئـەو راسـتی‌یە حاشـا لـێ‌نەکراوەیە کـەکۆماری کوردسـتانیش لـەنێو کۆمـەڵێکی پاشـکەوتوو، بەگشـتی پاشـکەوتووتر لـە کۆمـەڵی دوژمنانی خۆی دامەزرا.

ئەوانـەی کـە بەڕێوەبـەری حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان بـوون، بەگشـتی نـە تاقی‌کردنـەوەی تێکۆشـانی سیاسـی‌یان هـەبوو و، نـە تـاقی کردنـەوەی رێکخسـتنی تەشکیلاتی‌و، نە فێری هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتی بوون. بەم جۆرە جووڵانەوەیـەك لە یەکێك لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێران واتە لە کوردستانی ئێران پەیدا ببوو کـە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەربەرەکانیی دەکـرد، دەوڵـەتێك کـە لـە زەمـانی رەزاشـاوە مەرکەزییەتی پێك هێنابوو، هەوڵی دابـوو ببـێ بـە حکوومـەتێکی مـۆدێرن، بناخـەی

ئەرتەشێکی ڕێك و پێکی دارشتبوو و لەباری فەرهەنگیو تکنیکی و سیاسی‌یەوە ئەزموونی زیاتر بوو و هەر نەبێ قۆناغێك لە کوردستان لەپێش تر بوو.

بۆیە جوولانەوەی ساڵەکانی ٢٥ـ١٣٢٤ هەر لە سەرەتاوە ئیمکانی سەرکەوتنی کەم بوو. کەوابوو یەکێك لە هۆیەکانی هەرە گرینگی تێکچوونی کۆماری کوردستان ریشەی لەنێو جەرگی کۆمەڵی کوردەواری واتە لە پاشکەوتوویی ئەم کۆمەڵە دا بوو.

بێگومان یەکێك لە هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان و سەرنەکەوتنی ئەگەر نەگوترێ هۆی هەرە گرینگ، کزیی نێوخۆی جوولانەوەو لاوازیی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە زەعفی نێوخۆی کۆماری کوردستانیش دا بەدی دەکرا.

پێشڕەوبوون و رادەی شۆرشگێر بوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری رابردووی خۆی و بەتایبەتی هەڵەکانی خۆی دەکا. حیزبی شۆرشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گۆیا بە باسی هەڵەی رابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یا لە ئیعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانە پێ‌لێ‌نان و راست کردنەوەی هەڵەو چەوتی‌یەکانی رابردووی تێکۆشان ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەلانی خەڵك دا دەباتە سەرێ و جیددی بوون و بەرپرس بوونی حیزبەکە نیشان دەدا. بۆیە پێویستە کزیو هەڵەکانی زەمانی کۆماری کوردستان بگوترێن و بخرێنەروو. با ئەوەش بڵێین کە رەخنەگرتن لە بەڕێوەبەریی حیزب لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا نە نرخی کۆمار کەم دەکاتەوەو نە ئیعتباری بەڕێوەبەرانی ئەو وەختەی حیزب دێنێتە خوارێ.

پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەو بیروباوەڕە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا بەهێز بوو کە هۆی ئەسڵیی تێك شکانی ئەم کۆمارە، سیاسەتی چەوتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرامبەر بە وەزعی ئێران بوو. گوایا یەکیەتیی سۆڤیەتی خەڵکی کوردستانی هان دا بۆ ئەوە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ، لە پاشان بە تاقی تەنیای بەجێ هێشت و رێژیمی کۆنەپەرستی ئێران توانی بە هاسانی لەنێوی بەرێ. ئەنجامی ئەو لێکدانەوەیە زۆر روونە، ئەوە خۆئاسوودەکردن و خۆماندوونەکردنە. تاوانبار کردنی خەڵکی دیکە هەموو وەختێك لە رەخنە لەخۆگرتن خۆشترە. بێجگە لەوە ئەگەر لێکدانەوەمان بەو شێوەیە

بێ، ئیعترافمان کردوه کە کۆماری کوردستان دەستکردی بێگانە بووە و ئەوەش راست و رەوان ئەو بیرورایەیە کە دوژمن لە سەرەتای پێکهاتنی ئەم کۆمارەوە تا ئێستا بڵاوی دەکاتەوە، بیرورایەك کە لەگەڵ واقعییەت رێك ناکەوێو هەوڵی ئەوەیە کە باری راستەقینەی مێژوو بگۆرێ.

هێزی ئەسڵیی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٢٥ـ١٣٢٤ گەلی کورد بووەو هۆی ئەسڵیی پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش دیسان هەر ئەوە بووە کە گەلی کورد ویستوویەتی بە مافی رەوای خۆی بگاو چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. ئەوەدەم دیارە هۆی ئەسڵیی تێکچونی کۆماری کوردستانیش هەر دەگەرێتەوە سەر خودی کۆمەڵی کوردەواری. واتە هۆی ئەساسیی تێکچوونی کۆماری کوردستان کزیی نێوخۆی جووڵانەوە، کزیی نێوخۆی حیزب و لەپێش هەمووان دا زەعفی بەرێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەو کزی و لاوازیـیە لە هەموو بارەکانی ژیان و تێکۆشانی حیزب و کۆماری کوردستان دا خۆی دەنواند.

بە نموونە ئەگەر سەیری نووسراوەکانی ئەو وەختەی رۆژنامەی "کوردستان"و چاپەمەنیـیەکانی دیکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە رادەی لێکدانەوەی سیاسی زۆر بەرز نەبوو و تەنانەت پایەی هێندێك لە وتارە سیاسیـیەکان کە دەبوا رێگا بە کۆمەڵانی خەڵك نیشان بدەن لە رادەبەدەر نزم بوو. پەرە ئەستاندنی زۆر خێرای جووڵانەوە و پێکهاتنی زۆر خێرای کۆماری کوردستان تەرکیبێکی نالەباری لە بەرێوەبەریی حیزب و کۆماری کوردستان دا پێك هێنابوو. زۆربەی زۆری بەرێوەبەران بۆ یەکەم جار بوو کاری سیاسیو تەشکیلاتیـیان دەکردو تاقی کردنەوەیان نەبوو. هەر بە گشتی تاقیکردنەوەی سیاسیو تێکۆشانی حیزبی لە کوردستانی ئێران بێجگە لە سێ ساڵ تێکۆشانی کۆمەڵەی ژـ ك رابردووی نەبوو. ناچار بەرێوەبەرانی ئەوتۆ هاتبوونە سەرکار کە پایەی تێگەیشتن و تاقیکردنەوەی سیاسیو حیزبی، یان دەوڵەتیـیان لە رادەی ئەو مەسئولییەتەدا نەبوو کەکەوتبووە سەرشانیان.

گیروگرفتی ڕێکخستن و پێکهێنانی نەزم لەکۆمەڵ دا لەهەموو وڵاتەکانی جیهانی سێهەم دا کۆسپێکی گەورەی پێشکەوتنە. بێجگە لەوە هەر بە گشتی گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی زۆر حەزی لە تەشکیلات و ڕێکخراو و خۆڕێکخستن نەکردوە، تەنانەت لە ڕێك و پێکی و تەشکیلات هەر بێزار بووە. چونکە هەروەها کە پێشتر گوتمان تەشکیلات و ڕێکخراو یا ڕێکخستن بەتێکڕایی سەمبولی حوکمداریی دەوڵەتی مەرکەزی بووە، دەوڵەتێك کە بۆ گەلی کورد بێگانە بووە وەسیلەی دەسەڵاتداری و زوڵم و زۆری هەر ئەو تەشکیلات و ریکخراو و نەزم و نیزامە بوو. بۆیە گەلی کورد رقی لێبووەو قەبووڵی نەکردوە. بێجگە لەوە لە زەمانی کۆماری کوردستان دا بەڕێوەبەران خۆیان لە ئوسوولی تەشکیلاتی و ئوسوولی ڕێکخستن شارەزا نەبوون تا بتوانن فێری خەڵکی دیکەی بکەن.

نوقتەزەعفێکی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەتی بەڕێوەبەرییەکەی ئەوە بووە کە هەرچەند لە مێژووی نەتەوەی کورد دا بۆ یەکەم جار وەك حیزبێکی پێشکەوتوو پێك هاتبوو کە کۆمەڵانی خەڵکی بە دوای خۆیدا دەبرد، بەڵام یەکیەتیی فیکری و سیاسیی تێدا نەچەسپابوو، بەرنامەکەی زۆر کورت بوو و هەر باسی چەند ئامانجی گشتیی دەکرد. جووڵانەوە تازە پێی گرتبوو و هەرکەسێك هەستی نەتەوایەتیی هەباو هەر ئەوەندە بۆ هەقی ڕەوای گەلی کورد تێکۆشابا بەس بوو بۆ ئەوەی بێتە نێو حیزب، تەنانەت مەسئولییەتێکی گەورەش وەئەستۆ بگرێ. وەختی ئەوەش بە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان نەدرا کە بتوانێ ئەو یەکیەتییە فیکری و سیاسییە پێك بێنێ کە نەبوونەکەی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان بە تەواوی دەرکەوت.

هیچ حیزبێکی سیاسی، بە تایبەتی ئەگەر دەوڵەتی بەدەستەوە بێ ناتوانێ بێ کادری کارامەو بە ئەزموون کاروبارەکان بەڕێوەبەرێ. لەساڵی ١٣٢٥دا حیزبی دێموکرات پێویستیی بەوە هەبوو کە ئەساسی دەوڵەتێکی تازەو مۆدێرن دابنێ. لە دانانی هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا قوتابخانە بە زمانی کوردی، هەموو پێویستی بە کادر هەبوو، کە بە دەستەوە نەبوون. دیارە کادری سیاسی و حیزبی و تەنانەت دەوڵەتییش لە مەیدانی

کارو خەبات دا پەروەردە دەکرێن و بار دێن. بەڵام ئەو دەرفەتە بە حیزب و کۆمار نەدرا. ئەگەر دابنێین کە کادر بڕبڕەی پشتی هەموو کاروتێکۆشانی حیزب و تەنانەت دەوڵەتیشە، بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێك لەهۆیەکانی هەرە ئەساسیی تێکچوونی کۆماری کوردستان نەبوونی کادری لێزان و شارەزا و تاقیکراو بوو.[1]

بۆ بەهێزتر کردنی ریزەکانی نێوخۆی جووڵانەوە پێویست بوو ئەو دووبەرەکی و ناکۆکیو تەنانەت ناتەبایی‌یە لە نێو بچێ کە لەنێو کۆمەڵی کوردەواری دا بەرامبەر بە جووڵانەوە هەبوو. یەکێك لەوانە نفووزی سەرۆك عەشیرەتەکان بوو لە گوندەکان دا. هەروەك پێشتر باس کرا گوندەکان کە زۆربەی دانیشتووانی کوردستانیان تێدا دەژیان، پشتیوانی‌یەکی راستەوخۆیان لەکۆماری مەهاباد نەدەکرد، چونکە زیاتر لە ژێر تەئسیری نفووزی سەرۆك عەشیرەتەکان دا بوون. پێویست بوو کۆماری کوردستان وەزعێکی وا پێك بێنێ کە بێ سەرۆك عەشیرەتەکان بتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەلانی خەلکی لادێی کوردستان پێوەندی بگرێو بۆ پشتیوانی لە داخوازەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هانیان بدا. بەلام با واقیع بینانە بلێین ئەوکاتە دەرەتانێکی ئەوتۆ نەبوو و بەرێوەبەریی حیزب نەخۆی کەیفی لەوە بوو چونکە نیوەی زیاتری بەرێوەبەران خۆیان لە دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان پێك هاتبوون و نە تەنانەت ئەگەریش ویستبای دەیتوانی دەست بە دابەش کردنی زەوی بکاو بەم شێوەیە کۆمەلانی وەرزێر بۆ لای خۆی رابکێشێ. بەلام جێبەجی نەکردنی داخوازێکی ئەوتۆش ئاکامی ئەوەبوو کەکۆمەلانی هەژارو بێزەویی گوندەکانی کوردستان هەر لە ژێر نفووزی سەرۆك عەشیرەت و ئاغاکان دا مانەوەو بۆ ئەوان بە تەواوی روون نەبوو کە ئەگەر پشتیوانی لە

---

١ـ رۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ (٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥) کۆبوونەوەیەکی بەرین لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە ماکۆوە بگرە تا بۆکان لە مەهاباد پێك هات. هەرچەند زیاتر باری سیاسی و تەبلیغاتیی هەبوو, لە هێندێ لەنووسراوەکانی ساڵی ١٣٢٤دا ناوی کۆنگرەی لەسەر دانراوە. ئەوەش هەر نیشاندەری وەزعی تەشکیلاتیی ناتەواوی ئەو کاتەی حیزبە. (د)

کۆماری کوردستان بکەن بێجگە لە داخوازی نەتەوەیی ئایا داخوازێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییشیان لە دوارۆژدا بۆ جێبەجێ دەبێ یان نا؟

یەکێك لە هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان، بێگومان سەقامگیر نەبوونی لەبەر کەمیی وەخت بوو. کۆماری کوردستان بە هەمووی ۳۳۰رۆژ ژیا، کە لە مێژوودا وەختێکی زۆر کەمە. لەوماوەیەدا وەك گوتمان زۆر کاری گرینگی دەست پێکردو تەنانەت جێبەجێی کردن، بەڵام لە ۳۳۰ رۆژدا ئیمکان نەبوو بناخەیەکی قایم و پتەو بۆ دەوڵەتی تازەپێگەیشتوو دابنرێ و هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەتی پێك بێن و پەرە بستێنن، ئیمکانی ئەوە نەبوو کە کادرەکان چ حیزبی و چ دەوڵەتی جێی خۆ بگرن و هەرکەس بزانێ لە چ جێگایەك باشتر کاری پێدەکرێ لەوێ خەریك بێ، واتە کار بەکارزان بسپێردرێ. بە کورتی کەم بوونی دەرەتانی کۆماری کوردستان خۆی یەکێك لە هۆیەکانی تێکچوونی ئەو کۆمارەیە. تراژێدیی کۆماری کوردستان لەوەدابوو کەبۆ ئەوە سەقامگیر بێ وەختێکی زۆرتری پێویست بوو بەڵام وەختێکی زۆرتری دەست نەکەوت چونکە زۆر هۆی دیکەش یارمەتییان دا کە زووتر بڕووخێ.

بێ سەروسامانی، بێنەزمیو بێدیسیپلینی لەهەموو کاروباری کۆمار دا بەرچاو دەکەوت و نوقتە زەعفێکی گەورەی کۆماری کوردستان بوون. نموونەیەك لەو بێ سامانییە تێکەڵ بوونی حیزب و دەوڵەت بوو. راستە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕیوەبەری کۆماری کوردستان بوو، بەڵام دابەش بوونی کاروبەرپرسایەتی لە نێو کاربەدەستان دا روون نەبوو. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب زۆر جار راستەوخۆ کاری دەوڵەتی دەکردو هێندێك جاریش بەرپرسانی دەوڵەتی کاری حیزبییان بەڕێوە دەبرد. لەوەش زیاتر کەسی واش هەبوو کە هیچ مەسئوولییەتێکی حیزبی و دەوڵەتیی نەبوو بەڵام لەزۆر کاروباری حیزب و کۆماردا دەخالەتی دەکرد. بۆ وێنە ئێستاش هەر دژوارە بەوردی دیاری بکرێ کێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و کێ وەزیرو بەرپرسی دەوڵەتی بوو.

تاقی کردنەوەی چل ساڵ ژیانی حیزبی دێموکرات دەریدەخا کە لابردنی ئەم بێنەزمی و بێسەروسامانی‌یە کاری چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵیش نیە، بەڵکوو وەختێکی زۆرتری دەوێ کە بەداخەوە کۆماری کوردستان بۆی هەڵنەکەوت.

پێشتر ئیشارەمان کرد کە تەنیا بەشێك لە خاکی کوردستانی ئێران رزگار ببوو و لە ژێر دسەلاتی کۆماری کوردستان دا بوو. ئەم بەشە سێ‌یەکی کوردستان بوو و ژمارەی دانیشتووانی لە یەك میلیۆن زیاتر نەبوو. دیتمان کە پێشەوا قازیو هێندێك لە بەرێوەبەرانی حیزب هەولێیان دا کە ناوچەی سنەو کرماشانیش رزگار بکەن و بەتایبەتی بۆ ناوچەی سنە بەرنامەی زۆر روون و دیاریکراویان هەبوو. بەلام لە لایەکەوە ناتەبایی لە نێوخۆی جوولانەوەو کزیی نێوخۆی بەرێوەبەریو لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی هاوپەیمانەکان واتە یەکیەتیی سۆڤیەتی، بریتانیاو ئەمریکا بوو بە کۆسپی سەر رێگای ئەوە کە کۆماری کوردستان هەموو یا هەر نەبێ بەشێکی زۆری کوردستان بێنێتە ژێر دەسەلاتی خۆی.

بەم شێوەیە بەشی زۆر دەولەمەندی کوردستان کە دانیشتووانیشی زیاتر بوون لە دەرەوەی ئەم کۆمارە مانەوەو ئەوە خۆی بوو بە هۆی کز بوونی هێزی ئابووری و ئینسانیی کۆمار. لە لایەکی دیکەشەوە هەروەك دیتمان بەشی جنووبیی کوردستان لە ناوچەی سەقزەوە بەرەو خوارتر لەباتی ئەوە ببێ بە بەشێك لە کۆماری کوردستان و بەرامبەر بە دوژمنان رابوەستێو دیفاع لە دەسەلاتی گەل بکا بوو بە بنکەیەك بۆ هێرش هێنان بۆ سەر کۆماری کوردستان و دوژمنان بۆ سەرکوت کردن و لەنێو بردنی کۆمار کەلکیان لێوەرگرت. هەر ئەوە خۆی کە تەنیا سێ‌یەکی کوردستان ئازاد کرابوو و لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا بۆ ئازاد کردنی بەشەکانی دیکەی کوردستان هیچ نەکرا مەسەلەیەکی گرینگی دیکەش دەخاتە بەرچاو: هەر جوولانەوەیەکی شۆرشگێرانە بکەوێتە سەرباری ئەوە کە سیاسەتی دیفاعی بەخۆیەوە بگرێ، بە دەستی خۆی گۆری خۆی هەڵدەقەنێ. جوولانەوەی شۆشگێرانە دەبێ هێرش بکاو دەبێ هەموو وەختێك هەل و مەرجێکی ئەوتۆ بخولقێنێ کە تووشی مەندی و راوەستان نەبێ. لە لێکدانەوەی

مێــژوویی زۆر نەتــەوە هــەروەك نەتــەوەی کــوردیش را دەردەکــەوێ کــە هــەرکاتێك جووڵانەیەکی شۆشگێڕانە کەوتبێتە حاڵەتی دیفاعی، یا زوو لەنێو چــووە، یــا بەرەبــەرە هەل و مەرجی لەنێوچوونی خۆی پێك هێناوە.

هەوڵ نەدان بــۆ ئــازاد کردنــی جنــوبی کوردســتان و نــەبزووتن لــە جەبهــەی شــەڕدا حاڵەتێکی دیفاعیی دابوو بە کۆماری کوردستان کــە ئاکــامی پــڕ لــە چارەڕەشــیی لــە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥دا دەرکەوت.

زۆر روونە کە ئەو پەیمان و بەڵێنی‌یەش کە لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزی‌یەوە درابوو کە ئامادەیە شاری سەردەشت و بانە بە دڵخوازی خۆی بۆ کۆماری کوردستان بــەجێ بێڵــێ، جێبەجێ نەکراو ئاشکرا بوو کە ئەوەش هەر لە سەرەتاوە فڕوفێڵ بووەو پادگانەکانی ئەم دوو شارە بۆ رۆژەکانی سەرماوەزی ١٣٢٥ پاشەکەوت کراون.

بەگشتی هۆیەکانی نێوخۆی تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەمانەن.

بەڵام ناکرێ باســی هۆیــەکانی دەرەوەی کوردســتان نەکــەین. رووخــانی حکوومــەتی میلليی ئازەربایجان بەو شێوە ئابڕووبەرانەیە کە بەراستی دەبێ ناوی ئاشــبەتاڵی لەســەر دابنێین و راکردنی بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بــۆ یەکیــەتیی ســۆڤیەتی بە شێوەیەکی زۆر شپرزەو بەجێهێشتنی ١٥ هەزار ئەندام یا کادری سادە لە ئازەربایجان کە کەوتنە بەر پــەلاماری کۆنەپەرســتی و قەلاچــۆ کــران، بێگومــان تەئســیرێکی زۆری لەسەر کوردستان هەبوو. یەکەم هاوپەیمان کەکوردستان حیسابی لەسەر دەکرد لــە بــەین چووبوو، لە پاشان ئەم هاوپەیمانە بێ ئەوە زەربەیــەك لــە دوژمــن بوەشــێنێ ئاشــبەتاڵی کردبوو و دیــارە ورەی لایــەنگرانی کۆمــاری کوردستانیشــی هێنــابووە خــوارێو تــۆوی شکست خوازی و ئاشبەتاڵی لەکوردستانیش چاندبوو. زۆر زەحمەت بوو کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بتــوانن بەرامبــەر بــەو ورە نزمــە رابوەســتن یــا بتوانن کارێکی وابکەن کە ورەی کۆمــەڵانی خــەڵك بەتایبــەتی چین و توێــژە نێــونجی و دەوڵەمەندەکانی شارەکان بەرنە سەرێ. هێندێك لەوانە لە دەرفەت دەگەڕان و بــە پەلــە بوون هەرچی زووتر خۆیان تەسلیمی لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بکەنەوە.

رووخانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و شێوەی ئەم رووخانە نەك هەر یـەکێك لـە هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان بوو، بەڵکوو یـەکێك لـە هۆیـەکانی ئەسـڵیی شێوەی تێکچوون واتە ئاشبەتاڵ لە کوردستانیش بوو.

پاش پێکهاتنی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتان و فیرقـەی دێمـوکراتی ئازەربایجـان و وتووێژ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، بەرەیەك بەناوی بەرەی حیزبە ئازادیخوازەکان لـە نێـوان حیزبە پێشکەوتووەکانی ئێـران دا پێـك هـاتبوو، بـەڵام وەختێـك هێـرش کرایـە سـەر ئازەربایجان و کوردستان، هێزە دێموکراتییەکان لـە بەشـەکانی دیکـەی ئێـران دا هـیچ کارێکیان نەکرد بۆ ئەوەی پێشی ئەو هێرشە بگرن. بە پێچەوانە هـەروەك گـوترا ئـەوان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی لە ئازەربایجان و کوردستان تووشی شکست بێ تا ئەوانیش بتوانن هێزی خۆیان وەکار بخەن. بە کورتی هەر لایەك بـەهیوای لایەکەی دیکە بوو! نە بەرنامەیەکی هاوبـەش و نـە یەکیەتییـەکی پتـەو و بەتایبـەتی یەکیەتیی کردەوە لەنێو هێزە دێموکراتییـەکانی ئێـران دا بـەدی دەکـرا. بۆیـە رژێـمی کۆنەپەرستی ئێران توانی زۆر زیرەکانە و فێڵبازانە بـە شـێوەی جیاجیـا هـەم زەبـر لـە جووڵانەوەی دێموکراتی لە سەرانسەری ئێران و هەم لە ئازەربایجان و کوردسـتان بـدا. وا دیارە لە سەرەتادا دەوڵەتی مەرکەزی زۆر بۆی روون نەبوو کە لـە پـێش دا لـە کـوێ ڕا دەست پێ بکا. وا دێتە بەرچاو کە پێشتر نەزەری ئەوە بوو لە بەشەکانی دیکـەی ئێـران زەربەی خۆی بوەشێنێ. بەڵام پاش بەربەرەکانیی هێزە دێموکراتییەکان، حیزبی تـوودەو سەندیکاکان لە بەشەکانی دیکەی ئێـران داو بەتایبـەتی پـاش مانگرتنیگـەورەی ٢٣ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (١٤ی ژوئیەی ١٩٤٦) لە جنـووبی ئێـران کـە ١٠٠/٠٠٠ کرێکـارو مووچەخۆر تێیدا بەشدار بوون، حکوومەتی قەوام تێگەیشـت کـە هـەتا ئازەربایجـان و کوردستان مابن، زەبر لێدان لـە هێـزە دێموکراتییـەکان لـە بەشـەکانی دیکـەی ئێـران

دژواره.[1] بۆیە تاکتیکی دیکەی گرتەپێش، ئەویش کزکردنی پەیتا پەیتای هێزەکانی دێموکراتی لە بەشەکانی دیکەی ئێران دا بوو.

بەڵام زەبری ئەساسی راگیرا بۆ ئەوە کە لە ئازەربایجان و کوردستان بدرێ، قەوام پاش ئەوەی توانی هێزە دێموکراتی‌یەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێران ئەوەندە خاوو لاواز بکا کە نەتوانن لە حاڵەتی هێرش بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان دا هیچ جووڵانەوەیەکی جیددی بکەن، هێرشی خۆی بۆ سەر ئەم دوو دەسەڵاتە گەلی‌یە دەست پێ‌کردو زۆر بە هاسانی توانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بڕووخێنێ. لە پاشان زەربەیەکی توندیشی لەحیزبی توودەو هەموو رێکخراوەکانی دیکە وەشاندو بەم شێوەیە توانی لە سەرانسەری ئێران دا جووڵانەوەیەکی دیموکراتی زۆر پان و بەرین و بە توانا بەنرخێکی زۆر کەم سەرکوت بکاو تا رادەیەکی زۆر و تەنانەت لە هێندێك بەشی ئێران بە تەواوی بۆ ماوەی چەند ساڵ لەنێوی بەرێ.

دەبێ ئەو راستی‌یە مێژوویی‌یە بگوترێ کە دەوڵەتی قەوام زۆر بە تاکتیك و ژیرانە مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستانی چارەسەر کرد. ماوەیەکی زۆر وای نیشان دا کە بۆ رێککەوتن ئامادەیە، ماوەیەکی زۆر وای دەرخست کەلە تاران هێندێك کەس هەن کە قەوام خۆشی لە سەرەوەی هەموان دادەنا، دژی سیاسەتی کۆنەپەرستیی حەمەرەزاشان و دەیانهەوێ ئێرانێکی دێموکراتی پێك بێنن. دیارە هەموو ئەوانە بۆ وەدەستهێنانی وەخت بوو و بەتایبەتی بۆ ئەوەبوو کە لەپێشدا لەشکری سوور ئێران بەجێ بێڵێ و دەوڵەت بتوانێ خۆی ئامادە بکا بۆ ئەوە لە کاتی لەباردا زەبری خۆی بوەشێنێ. بەخۆڕایی نەبوو کە قەوام پاش سەرکوت کردنی جووڵانەوەی دێموکراتیی ئازەربایجان و

---

١ـ مانگرتنی ٢٣ی پووشپەڕ یەکێك لە بزووتنەوە هەرە گەورەکانی چینی کرێکاری ئێران بوو. لە تێکهەڵچوونی کرێکاران لەگەڵ ئەرتەش و پۆلیس دا ٣٨ کەس کوژران و ١٧٠ کەس بریندار بوون. داخوازی مانگرەکان بریتی بوو لە: لابردنی فیشارو گۆڕینی ئوستاندار کە پیاوی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس بوو, دەخالەت نەکردنی شیرکەتی نەوت لەکاروباری نێوخۆی ئێران دا, چەك کردنی عەشیرەتەکانی جنووب و بژاردنی حەقدەستی رۆژی جومعەی کرێکاران. ئەم مانگرتنە بە قەول و قەراری فێڵبازانەی قەوام و دەخالەتی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە کۆتایی هات. (د)

کوردستان نازناوی حەزرەتی ئەشرەفی لە حەمەرەزاشا وەرگرت.[1] بەلاّم سەیر ئەوەبوو کە هەرچەند زۆر دیاردەی بەرچاو نیشانەی فێڵبازی و درۆزنیی کاربەدەستانی دەوڵەتی مەرکەزی بوون، بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیسان تا سەر باوەڕیان بە هێندێك لە بەڵێنییەکانیان هەبوو. بێگومان لە پێکهێنانی ئەم خۆش بینییە بێجێیەدا سەبارەت بەسیاسەتی قەوام بەڕێوەبەریی حیزبی توودە دەستێکی بالاّی هەبوو.[2]

قەوام نیشانی دا کە پیاوێکی سیاسی و زیرەکە، باش دەزانێ مانۆڕ بکاو بێدژواری توانی بەڕێوەبەرانی ئازەربایجان و کوردستان بەوە قانیع بکا کە گۆیا دەیهەوێ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ئێراندا پێك بێنێ.

بەداخەوە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا رادیەکی زۆر فریوی مانۆڕەکانی قەوامیان خواردو تەنانەت بۆ وێنە تا ئاخریش هەر چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەشکری ئێران دڵخوازانە بانەو سەردەشتیان بۆ بەجێ بێڵێ، کارێك کە هەرگیز نەکراو هەر چاوەڕوان بوونیشی بێجێ بوو. یان ئەوە کە پاش گەیشتنی لەشکر بە مەهاباد، نەخۆیان شاردەوەو نەخۆیان پاراست، بەڕاستی پێیان وابوو کە لەشکری شا بەم شێوەیە کە هومایوونی رایگەیاندبوو کاری پێیان نابێ و هیچیان لێناکا.

پێویستە باسی هۆی دەرەوەی ئێرانیش بکرێ، هۆیەك کە لە دەسەلاّتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوور بوو. ئیمپریالیزمی ئینگلیس کە لەمێژ بوو نفووزێکی زۆری لە دەزگای دەوڵەتی ئێراندا وەدەست هێنابوو و ئیمپریالیزمی تازەهاتووی ئەمریکا کە لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەهێزتر هاتبووەدەر بە هەموو هێزیانەوە

١ـ دەسەلاّتی حوکمداری کۆنەپەرستی ئێران لە مەبەستی سەرکوت کردنی جولاّنەوەی دێموکراتی دا یەکگرو یەکپارچە بوون و لەم بارەوە ئەگەر جیاوازییەك هەبووبێ لە هەڵبژاردنی تاکتیك و کاتی لەبارو شێوەو وەسیلەی جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستەدا بووە. پاش سەرکەوتن بەسەر جوولاّنەوەی دێموکراتیی گەلانی ئێران دا بوو کە رقەبەری و ناکۆکی لە نێو شا و قەوام دا خۆی ئاشکرا کرد. (د)

٢ـ رۆژنامەی "رهبر" ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی توودە لە ١٠ی خەرمانانی ١٣٢٥ (١ی سیپتامبری ١٩٤٦)دا نووسیبووی ***"بە بڕوای ئێمە ئاغای قەواموسەڵتەنە لەگەڵ هەموو کاربەدەستانی پاش خەرمانانی جیاوازیی سەرەکیی هەیە, چونکە نەیویستوە سیاسەتی ئیستیعماری بەهێز بکا, بەڵکوو دژی ئەم سیاسەتە شوومە خەباتی کردوە"*** .

پشتیوانی‌یان لە دەوڵەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی دەکرد. هەردوو دەوڵەتی ئیمپریالیستی دژی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی لە سەرانسەری جیهان و هەروەها لە ئێرانیش بوون و پێکهاتنی کۆماری کوردستانیان بە دژی قازانجی خۆیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەزانی. بێجگە لەوە هەم شیرکەتی نەوتی ئینگلیس کە بەشی زۆری شیرکەتی نەوتی عێراقی (IPC) بە دەستەوە بوو و نەوتی کەرکووکی دەردەهێناو هەم شیرکەتەکانی نەوتی ئەمریکا کە ئەوانیش لە (IPC) دا بەشدار بوون ترسی ئەوەیان هەبوو کە پێکهاتنی کۆمارێکی کوردستان لە ئێران ببێ بە نموونە بۆ کوردەکانی عێراق و قازانجی ئابووری و سیاسیی ئەوان لە کوردستانی عێراق و تەنانەت لە سەرانسەری عێراقیش وە مەترسی بخا. دیارە ئەمە بۆ تورکیە و کوردستانی تورکیەش راست بوو کە نیوەی هەموو نەتەوەی کوردی تێدا دەژی. لەبەر ئەم هۆیانە دەوڵەتەکانی ئەمریکاو ئینگلیس بە توندی پشتیوانی‌یان لەدەوڵەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی دەکرد. بەڵام بەرامبەر بەوە ئەو پشتیوانی‌یە کە چاوەڕوان دەکرا لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە، لە کۆماری کوردستان نەکرا. ئەمەش خۆی چەند هۆی هەبوو:

یەکەم ئەوەبوو کە سیاسەتی ئەودەمەی یەکیەتیی سۆڤیەتی واتە سیاسەتی سەردەمی ستالین بە گشتی و لە رادەی جیهانی‌دا تووشی هێندێك هەڵەو لێکدانەوەی چەوت بوو. ئەم سیاسەتە لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەست باقرۆفەوە بەڕێوە دەچوو کە پیاوی جێباوەڕی ستالین و هەمەکارەی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو. لێکدانەوەی باقرۆفیش لە سیاسەتی ئەو کاتەی ئێران و لە نیسبەتی هێزەکان دروست نەبوو. بێجگە لەوە هەروەهاکە دیتمان لە جەرەیانی کۆماری کوردستاندا ناکۆکی‌و ناتەبایی لە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرامبەر بە ئێراندا بەرچاو دەکەوت. مۆلۆتۆف کە وەزیری دەرەوە بوو زیاتر قازانجی گشتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی وەك وڵاتێکی مەزن لەبەر چاو بوو، هەربۆیەش مەسەلەی ئیمتیازی نەوتی شیمالی پێ‌گرینگتر بوو لە دیفاع لە حکوومەتی میللیی ئازەبایجان و کۆماری کوردستان. بەڵام باقرۆف کە خۆی ئازەربایجانی بوو مەبەستی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکیەتیی

سۆڤیەتی لە ئێران دا بوو. هەرچەند هیچ کام لە بەڕێوەبەرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان باسی جیابوونەوەی ئازەربایجانیان نەدەکرد، بەڵام باقرۆف بە راشکاوی لە باکۆ رایدەگەیاند کە ئامانجی یەکخستنی ئازەربایجانی ئێران و سۆڤیەتی‌یە. هێندێ لە موهاجیرینی ئازەربایجانی کە لە حکوومەتی میللی دا خاوەن دەسەڵاتیش بوون جاروبار جیابوونەوەی ئازەربایجانی ئێرانیان دەهێنایە گۆڕێ. هەرچۆنێك بێ پاشەکشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئێران چ بە مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت بووبێ چ ناکامی شکستی سیاسەتی مەزنی خوازانەی باقرۆف، بەرهەمی لێکدانەوەیەکی چەوتی هەل و مەرجی ئەوکاتەی ئێران بوو.[1]

لە بەهەڵەچوونی یەکیەتیی سۆڤیەتی دا نەخشی قەوام بەرچاو بوو. قەوام لە سەفەری خۆی بۆ مۆسکۆدا بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتی قانیع کرد کە گیروگرفتی ئازەربایجان بە مەسەلەیەکی نیوخۆی ئێران دانێن و دەخالەتی تێدا نەکەن. زۆر سەیر بوو کە قەوام ئەو داوایەی لە ئەمریکاو ئینگلیس نەکرد، چونکە ئەوان لەو کاتەدا زۆر بە جیددیو بە ئاشکرا دەخالەتیان لەکاری ئێران دا دەکرد. بۆ نموونە "جۆرج ئالەن" باڵیۆزی ئەمریکا لەگەڵ رەزم ئارا بۆ بەڕێوەبردنی شەڕ دژی بارزانی‌یەکان هات بۆ کوردستان. باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەگەڵ زۆر کەس لە سەرۆك عەشیرەتەکان پێوەندیی نیزیکی دامەزراندبوو.[2]

هۆی دووهەم ئەوەبوو کە یەکیەتیی سۆڤیەتی لە شەڕێکی وێرانکەر رزگاری ببوو، بیست میلیۆن کوشتەی دابوو، سەدان شارو ناوەندی سەنعەتیی گەورەی خاپوور کرابوون. بەرامبەر بەوە ئەمریکا نەك هەر بەهێزتر لە شەڕ هاتبووە دەر بەڵکوو بە

---

١ـ پاش مردنی ستالین لە ساڵی ١٣٣٤دا باقرۆف لەگەڵ بێریا کە وەزیری نێوخۆی یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو, هەردوو دادگایی و ئێعدام کران. لەدادگادا دەرکەوت کە باقرۆف بەرپرسی کوشتنی ٢٠ هەزار کەس بووە. (د)

٢ـ لە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان ئاشکرا بوو کە عەمەر خانی شکاك لە بنەوە راستەوخۆ لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران پێوەندیی هەبووە. ئەم پێوەندی‌یە پاشتریش هەر بەردەوام بوو. (د)

بۆمبای ئەتۆمیش پشت ئەستوور بوو. لەو هەل و مەرجەدا یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ تێـك هەڵچوونی نیزامی لەگەڵ ئەمریکا لە ئێران ئامادەیی نەبوو.

ئاکامی هەمووو ئەوانە پاسیف و بێئەسەر بوونی سیاسـەتی سـۆڤیەتی لـە ئێـران دا بوو. بەم جۆرە وەزعێکی تایبەتی هاتەپێش، بەم مانایــە کــە لــە حاڵێــك دا ئــەمریکاو ئینگلیس زۆر چالاکانە پشـتی دەوڵـەتی مەرکـەزییان گرتبـوو، یەکیـەتیی سـۆڤیەتی سیاسەتێکی بێلایەن و سەیرکەرانەی گرتە بـەرو کۆمـاری کوردسـتانی لـە پشـتیوانیی دەرەوەی خۆی بێبەش کرد. ئەمەش هۆیەکی حاشا لـێنەکراوی تێـك چـوونی کۆمـاری کوردستان بوو. بەڵام هەروەها کە گوتمـان هـۆی ئەسـڵیی نـەبوو و نـاش کـرێ بـەهۆی ئەسڵیی دانێین.

وادیارە ئەو کەسانە کـە یەکیـەتیی سـۆڤیەتی تاوانبـار دەکـەن بـەوە کـە کۆمـاری کوردستانی بەجێهێشت، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بەهێزی نیزامی دیفـاعی لـــێکردبا. ئەگەر کۆماری کوردستان خـۆی بەربـەرەکانیی لەشـکری کۆنەپەرسـتی ئێرانـی کردبـاو ماوەیـەکیش ئـەو بەربەرەکانییـە درێـژەی هـەبا، ئەوکاتـە لەوانـەبوو کـە یەکیـەتیی سۆڤیەتییش پشتی کۆمـاری کوردسـتان بگـرێو یارمـەتیی بـدا. بـەڵام کـە کۆمـاری کوردستان هیچ دیفاعێکی لە خۆی نەکرد، لـەو حاڵەتـەدا دەبـوا یەکیـەتیی سـۆڤیەتی لەشکری سوور بنێرێتەوە ئێران و دیفاع لە کۆماری کوردستان بکـا. بـە کـورتی دەبـوا لەشکری سوور لەباتی پێشمەرگەی کوردستان شەڕ بکا!

هەرچەند مێژوو ئەوەیە کە بووە، بەڵام رەنگە ئەگـەر کۆمـاری کوردسـتان دیفـاعی لەخۆی کردباو ماوەیەکیش خـۆی راگرتبـا وەزع گۆڕابـا. لێـرەدا پێویسـتە ئیشـارە بـە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ بکرێ کە بۆ دوارۆژی گـەلی کـورد ئەهمییـەتێکی تایبـەتیی هەیە. ئەویش دیاری کردنی هێز یا عامیلی ئەسڵیی رزگاریی خەڵکی کوردستانە. ئایـا حیزبێکی شۆرشگێڕ دەبێ پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی خۆی، بە هێزی ماددی و مەعنەویی وڵاتەکەی بێ، یان چاوەڕوان بێ کە لەشکری وڵاتێکی دیکـە بـێ و رزگـاری بکا؟

بەداخەوە ئەم بۆچوونە لە مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەتی لە مێژووی گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی ئێـران دا پـاش تێکچـوونی کۆمـاری کوردسـتان بـەهێز بـوو. واتـە شۆرشگێڕان هەوڵیان نەدەدا بە تێکۆشانی خۆیـان گـەلی کـورد رزگـار بکـەن، بـەڵکوو چاوەڕوانی ئەوە بوون کەلـە جێگایـەکی دیکـەوە، لـە دەرەوەڕا هێزێکـی دۆسـت بـێ و ئازادیی کوردستانیان بۆ بە دیاری بێنێ.[1]

بەخۆشی‌یەوە ئەو بۆچوونە ئێستا نەماوە. ئەوە شەش سـاڵە خـەڵکی کوردسـتان بـێ یارمەتیی دەرەوەو بەهێزی خۆی‌و بە دەستی خـۆی قارەمانانـە لـەئازادیی خـۆی دیفـاع دەکاو لەگـەڵ ئـەوە کـە لەگـەڵ دوژمنێکـی زۆر دڕنـدەترو بـەهێزتر لـە سـاڵی ١٣٢٥ بەرەوڕووە بەڵام توانیویەتی خـۆی ڕاگـرێ‌و دیفـاعیش لـە خـۆی بکـا. ئـەوە نیشـانەی دیاردەیەکی نوێیە، نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنـانی ئـازادی لە پێش هەموو شتێکدا پشت ئەستوور بە هێزی خۆی و ئیمکاناتی ماددی‌و مەعنەویی خۆیەتی‌و عامیلی دەرەوە بە عامیلێکی یاریـدەدەر دادەنـێ. خـەڵکی کوردسـتان بـۆی دەرکەوتوەو ئیمانیشی بەوە هێناوە کە، تەنیا بە دەستی خۆی دەبێ خـۆی رزگـار بکـاو ئەگەر بە هێزی خۆی باش دیفاع لە نیشتمان و لە مافی خۆی بکاو بتوانێ خۆی ڕاگـرێ بێگومان دۆستی زۆریشی بـۆ پەیـدا دەبـن و یارمەتییشـی دەدەن. پێشـتر باسـی ئـەو هۆیانەمان کرد کە پێشـەوا قازیـان هانـدا کـە واز لـە شـەڕ کـردن لەگـەڵ دەوڵـەتی مەرکەزی بێنێ‌و لەشکری ئێـران بـێ ئـەوە کۆسـپێك بێتـە سـەر ڕێگـای هاتـە شـاری مەهاباد. بەڵام پێویستە ئیشارە بە ڕاستی‌یەکی مێژووییش بکەین.

پێشتر گوتمان کە ژمارەی هـەموو ئـەو لەشـکرە کـەمانگی سـەرماوەزی ١٣٢٥ لـە تارانەوە بەرەو ئازەربایجان و کوردستان وەڕێ کەوت ٢٠ هەزار کـەس بـوو، ٣٠ تانـك و

---

١ـ هەر لە زەمانی کۆماری کوردستان هەژاری شاعیر دەیگوت:

***کارت پێك نەیە لە سانفرانسیسکۆ        خۆڵی وەسەر کە بەردەرکی مۆسکۆ***

لە زەمانی پاش کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە مەهاباد بڵاو ببۆوە کە رووس لە سەر نانی جێژنی رەمەزان راوەستاون, هەر نانەکەی بخۆن دێن.! (د)

دووتۆپی دوورهاوێژو ٩ فرۆكەی كۆنی لەگەڵ بوو. بەرامبەر بەوە كۆماری كوردستان ١٥ هەزار پێشمەرگەی هەبوو و ئەگەر خەڵك بەسیج كرابا بێگومان ئەوەندە چەكداری دیكەش ئامادە دەبوو. ژمارەی ئەو بەشەی لەشكری ئێران كە گەیشتە شاری مەهاباد ٦٠٠ كەس بوو كە ١٢تیربار، ٢ زرێپووش و ٢ تۆپیان هەبوو! وەزعی لەشكری شا زۆر شپرزە بوو، سەربازەكان ماندوو بوون، بەفرو سەرما رێگاكانی گرتبوو بە شێوەیەك كە تانك و زرێپووش دەرنەدەچوون، فرۆكەكان كاریگەر نەبوون، لەشكر وەسیلەی هاتووچۆی مۆتۆڕیی زۆر كەم بوو، تەقەمەنی بەشی نەدەكرد، بەنزین و خواردەمەنیش نەبوو.[1]

ئایا نەدەكرا بەرگری لە پێشڕەویی لەشكرێكی ئاوا بكرێ؟ باسی گیروگرفتەكانی ئەو كاتەی كۆماری كوردستانمان كرد. بەڵام راستی‌یەكی بەرچاو هەیە كە ناكرێ چاوپۆشیی لێبكەین. بەربەرەكانێ لەگەڵ لەشكری شا بۆ دیفاع لە دەسكەوتەكانی كۆماری كوردستان ئەگەر سەریش نەكەوتبا هەر نەبێ رێورەسمی خراپی ئاشبەتاڵی دانەدەمەزراندو گیانی خەباتگێڕیی بەهێز دەكرد و بێگومان ئاسەوارێكی شۆڕشگێڕانەی لەسەر دوارۆژی جووڵانەوەی دێموكراتی و نەتەوەیی گەلی كورد بەجێ دەهێشت.

## ١٠ـ جێگای كۆماری كوردستان لە مێژوودا

لەگەڵ ئەوە كە ماوەی ژیانی كۆماری كوردستان ١١ مانگ بووو زوو تێك چوو، دیسان جێگایەكی تایبەتیی لە مێژووی نەتەوەی كورددا هەیە.

كۆماری كوردستان لە ئاسمانی تاریكو لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستیی گەلی كورد دا وەك ئەستێرەیەكی پرشنگدار دەدرەوشێ. راستە ئەم ئەستێرەیە زۆر زوو ئاوابوو، بەڵام ئێستاش هەر رووناك كەرەوەی رێگای خەباتی دژواری گەلی كوردە. گەلی كورد لە رۆژگاری نوێی مێژووی خۆیدا تا پێكهاتنی كۆماری كوردستان نەیتوانیبوو چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێو حوكمداری نیشتمانی خۆی بێ. بۆ یەكەم جار لە مێژووی نوێی نەتەوەكەماندا بە دامەزرانی كۆماری كوردستان گەلی كورد بە ئاواتی خۆی گەیشتو هەستی بەوەكرد كە چارەنووسی خۆی

---

١ـ ن. پسیان ـ از مهاباد خونین... ل ٩٠

بەدەستەوەیەو لە نیشتمانی خۆیدا بێگانــە نیــەو حــاکمێکی دیکــەش بێجگــە لــە خــۆی لــەو نیشتمانە دا نابینێ. بۆ یەکەم جار بوو کە گەلی کورد کۆماری خۆی هەبوو، پێشــەواو لەشــکری خۆی هەبوو، دەزگای هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵاتەکەی لە خۆی بوو، پاش سەدان ســاڵ خــەبات هەســتی لــەخۆدڵنیابوون لــە گــەلی کــورددا پەیــدا ببــوو و چــیرۆکی کــۆن کــە کــورد هــەرگیز "نابێتەهیچ" پووچەڵ ببوو. بۆ گەلی کورد دەرکەوتبوو کە بــە خــەباتی خــۆی دەتوانــێ "ببێتــە شتێك"و ژێردەستی کەس نەبێ‌و ئازادو سەربەرز بژی.

کۆماری کوردستان کۆمارێکی گــەلی بــوو، بــۆ یەکــەم جــار لــە مێــژووی نەتــەوەی کــورددا بەرێوەبەریی جووڵانەوە بە دەست ئاغایەك، ســەرۆك عەشــیرەتێك یــان شــێخێك نــەبوو. راســتە هێندێك لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون. بــەڵام هــەوڵ درا کــە کۆمــەڵانی ســادە واتــە خــەڵکی کــۆڵان‌و بــازاڕ نوێنــەرانی خۆیــان بەشــێوەیەکی دێمــوکراتی هەڵبــژێرن‌و بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پان‌و بەرینی گەلی پێك هــاتبوو کە پشــتیوانی ئامانجــەکانی خــۆی‌و کۆمــاری خــۆی بــوو. لــەم بــارەوە جووڵانــەوەی ســاڵەکانی **٢٥ـ١٣٢٤** لەگەڵ هەموو جووڵانەوەکانی پێشووی نەتەوەی کورد جیاوازی‌یەکی بنەڕەتیی هەبوو.

لایەنگرانی کۆماری کوردستان ئەو چین‌و توێژانە بوون کــە دواڕۆژیــان هــەبوو، بــە پێچــەوانە دوژمنانی نێوخۆی ئەوانە بوون کە ڕۆژبەرۆژ کزدەبوون. **"کۆماری کوردستان لە لایەن پێشکەوتن خوازانی خەڵکی کوردستانەوە پشتیوانیی لــێ‌دەکرا کە ژمارەیان بەردەوام زیادی دەکــردو ئــەو کەسانە دوژمنایەتی‌یان لەگەڵ دەکرد کەوادێتە بەرچاو کە مەحکوومن لەنێو بچن"[1]**

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بوو. گــەلی کــورد بــۆ یەکــەم جــار لــە بەشێك لە خاکی نیشتمانی خۆیدا شوێنەوارێکی لە زۆردارانی مێژوویی خۆی نەدەدی. لەشــکرو پۆلیسی زۆردار نەمابوون، کاربەدەستی بەرتیل خــۆری لــە مەرکــەزەوە دیــاریکراو دەرکرابــوون، کەس بۆ ئەوە ئازار نــەدەدرا کــە بــە زمــانی خــۆی قســە دەکــا، هەســتێکی یــەکجار شــیرین‌و

---

١- ئارچی رووزیلت ـ کۆماری کورد لە مەهاباد. میدل ئیست جۆرنال ١٩٤٧ ل ٢٦٩

دڵخۆشکەر لە ژیانی خەڵکدا پەیدا ببووو دەیان زانی کە ئـەوانیش نەتەوەیـەکن، خـاوەنی ئـاوو خاکن، خاوەنی نیشتمانن.

کۆماری کوردستان نەك هەر بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو بۆ هەمـوو نەتـەوەی کورد جێگای هیواو ئاوات بوو. بە هاتنی بارزانی‌یەکانو زۆر کـوردی دیکـەی عێراقـی کـە لـە ریزەکانی حیزبی دێموکراتو لە دەزگـای کۆمـاری کوردسـتان دا چـالاکانە بەشـدار بـوون، ئـەم جووڵانەوەیە ببوو بە جووڵانەوەی هەموو نەتەوەی کوردو هەموو نەتەوەی کورد چاوی تـێ‌بڕیبوو، چاوی هیواو تاسەو ئارەزوو. زۆر نوێنەری کـورد لـە تورکیـەو سـووریەو تەنانـەت لـە دەرەوەی کوردستان، لە ئورووپاو ئەمریکاوە دەهاتن سەریان لە کۆماری کوردستان دەدا بۆ ئەوەی بـزانن‌و بە چاوی خۆیان ببینن کە یەکەم حکوومەتی گەلی کورد، یەکەم کۆماری کوردستان چۆنەو چـۆن بەرەوپێش دەچێ‌و چی بۆ خەڵکی کوردستان کردوە؟

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی دێموکراتی بوو. لەم جووڵانەوەیەدا هـەموو چـین‌و توێژە دێموکراتی‌یەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدار بوون‌و هەرچـی دەڕۆیـی بـاری دێمـوکراتیی جووڵانەوە زیاتر دەبوو.

خەڵکی کۆلان‌و بازاڕو خەڵکی ساویلکەو نەخوێندەوار کۆماری کوردستانیان بـە هـی خۆیـان دەزانی‌و ئازادانە لە هەڵسووڕاندنی‌دا بەشدار بوون. ئەو دێموکراسی‌یە کە لە کۆماری کوردستاندا بەدی دەکرا، بۆ ئەوانە کە لە دەرەوەڕا دەهاتن‌و چاویان پێ‌دەکەوت جێی سەرسوڕمان بوو.

ئارچی ڕۆزوێڵتی ئەمریکایی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ سەردان چووبۆ مەهاباد دەڵـێ: **"ئینسان لە شتێك سەری سوڕ دەمێنێ، ئەویش ئەو فەزا ئازادەیە کە لە مەهاباد هەیە"** بەڕاستیش مەهاباد نموونەی کاروکردەوەی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا بوو. نە کەسێك لـە بەر بیروباوەڕی خۆی زیندانی دەکراو نەکەسێك مافی ئەوەی لـێ زەوت کرابوو کە بتوانێ قسـەی خۆی بکا. هەرچەند گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی تەمرینی دێموکراسیی نەکردبوو، بەڵام دێموکراسی‌یەکی بە دیسیپلین لە مەهاباد پێك هاتبووو ڕۆژبەرۆژ لـە پەرەئەسـتاندندا بـوو. بـۆ یەکەم جار گەلی کورد چاوی بە ئازادی‌یەك دەکەوت کە کەس سنووری بۆ دانـەنابوو. ڕۆژنامـەو گۆڤارو کتێب بە ئازادی بڵاودەکرانەوە. کەس حەقی سانسۆری هیچ نووسراوەیەکی نەبوو، هەموو

شاعیرێكو هەموو نووسەرێك ویژدانی خۆی كردبوو بە قازی. فەرهەنگو خوێندەواری بە خێرایی دەچوونەپێش. هەروا بزانە خەڵك چەندین سەد ساڵە چاوەڕوانی دەرەتانێك بوون بۆ ئەوەی هێـرش بەرنە سەر هونەرو زانست.

یەكێك لە سروشتە هەرە گرینگەكانی دێموكراسی لە كۆماری كوردستاندا ئازادیی تێكوشانو مافی بەشداریی ژنان لە چالاكیی سیاسیو كۆمەڵایەتی دا بوو. بۆ یەكەم جار یەكیـەتیی ژنـانی دێموكراتی كوردستان پێك هاتو ژنان لە خەباتی سیاسیو كۆمەڵایەتیدا بەشدار بـوون. ئەگـەر ئەو راستییە بخەینە بەرچاو كە ئەوكاتە تەنیا یەك لە سەدی ژنان خوێندەوار بوون گرینگیی ئـەم هەنگاوەی كۆماری كوردستان باشتر دەردەكەوێ.

لە كۆماری كوردستاندا زیندانیی سیاسی نەبووو ئەگەر لە تەواوی ماوەی ئـەو ١١ مانگـەدا یەك یا دوو كەس تیرۆركران بە بێئاگاداریی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان بوو. هـەر بۆیە كۆماری كوردستان تەنیا دێموكراسی بۆ گەلی كورد بە دیاری نەهێنابوو، بەڵكوو ببـوو بـە بنكەیەكی گرینگی دێموكراسی بۆ سەرانسەری ئێرانو گەلانی ئێران چاوەڕوانی ئەوە بوون كە ئەو دێموكراسییە لە كوردستانەوە تیشك بداتە سەر هەموو ئێران. ئەگەر ئەمڕۆ كوردستان نەك هەر یەكێك لە بنكەكانی دێموكراسییە، بەڵكوو سەنگەری داگیر نەكراوی دێموكراسـیی سەرانسـەری ئێرانیشەو لەم بارەوە رۆڵێكی گرینگ یاری دەكا، یەكێك لە هۆیەكانی ئەو رێوڕەسمەیـە كـە لـە چل ساڵ لەمەوبەرەوە بۆی بەجێ ماوە كە ئەویش سەرچاوەكەی كۆماری كوردستانە.

كۆماری كوردستان ئاكامی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەیـەكی نیشـتمانیو دژی ئیمپریالیسـتی بوو. جووڵانەوەیەك كە لە كوردسـتاندا پـەرەی گرتبـوو، ئامـانجی ئـەوەبوو سـەربەخۆیی ئێـران بپارێزێ، دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریكاو ئینگلیس خاشەبڕ بكـاو بـۆ ئـەوە تێدەكۆشـا كـە سیاسەتێكی نیشتمانی لە ئێراندا سـەركەوێ. ئـەوەش یـەكێكی دیكـە لـە تایبەتمەندییـەكانی جووڵانەوەی ساڵەكانی ٢٥ـ١٣٢٤ بوو كە بۆ یەكەم جار جووڵانەوەی كوردستانی كرد بە بەشـێك لە جووڵانەوەی دێموكراتیی پێشكەوتووی سەرانسەری ئێران.

هەر لەبەر ئەوەش بوو كە ئیمپریالیزمی ئەمریكاو ئینگلیس ئەوەندە لە كۆمـاری كوردسـتان بێزاربوونو ئەوەندەیان رق لە پێشكەوتنی جووڵانەوەی گەلی كورد لە كوردستان هەستابوو كە بـۆ

تێك شكاندنی بە هەموو هێزیانەوە یارمەتیی دەوڵەتی مەرکەزیی ئێرانیان دا. چونکە بە حەق ترسی ئەوەیان هەبوو کە جووڵانەوەی کوردستان لە دوارۆژدا ببێ بە بنکەیەك بۆ پێشکەوتنی جووڵانەوەی نیشتمانیو دژی ئیمپریالیستی لە هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

هەرچەند کۆماری کوردستان کارێکی ئەوتۆی نەکرد کە تەرکیبی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری تێك بدا، یا بە قازانجی چینو توێژی زەحمەتکێش بیگۆڕێ، بەڵام هەرچۆنێك بێ باری پێشکەوتنخوازانەی واتە شۆڕشگێڕانەی ئەم جووڵانەوەیە دیارو روون بوو. هەرچی جووڵانەوە زیاتر دەچووە پێش پتر بەرەو ئەوە دەرۆیشت کە کاروکردەوەی پێشکەوتنخوازانە بە قازانجی زەحمەتکێشان بکا. هەر ئەو کاتەش بێ ئەوەی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی پێك هێنابێ باری دژی کۆنەپەرستانەی جووڵانەوەی کوردستان بە تەواوی بەرچاوبوو. ئەو بایەخە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە فەرهەنگو زانستی دا، ئەوە کە لە بەرنامەکەی دای نابوو بۆشی تێدەکۆشا کە وەزعی ئابووریو کۆمەڵایەتیی وڵاتەکە پێش بخا، ئەوە کە هەوڵی دەدا ژنان لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەشداربن، ئەوەکە دۆستی پێشکەوتنخوازی لە سەرانسەری جیهانو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو لە نێو ئێراندا بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، هەموو نیشانەی ئەو راستییە بوون کە کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشگێڕانە بووو هەرچی ئیمکانی زیاتر هەبا بێگومان پتر بەرەو شۆڕشگێڕیو بەرەو کارو کردەوەی پێشکەوتنخوازانە دەرۆیشت.

کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوە کە ئاکامی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بوو واتە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەییو بۆ رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورد تێدەکۆشا، بەڵام جووڵانەوەیەکی بەرچاوتەنگی ناسیۆنالیستی نەبوو، نەتەوەکانی وڵاتەکانی دیکەی بە دۆستی خۆی دادەناو، پێی خۆش بوو لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی ئێران پێوەندیی دۆستایەتیی هەبێ. پێشەوا قازی دەیگوت: "ئێمە بزووتنەوەی خۆمان لە بزووتنەوەی نەتەوەی فارسو ئازربایجان ... بە جیاواز نازانین. دوژمنی ئێمە هەیئەتی حاکمەی ئێرانە کە لەهەمان کاتدا دوژمنی نەتەوەی فارسیشە. لەبەر ئەوە بۆ سەرکەوتنی یەکجاریمان دەبێ لەگەڵ نەتەوەی فارسو ئازەربایجان بە یەکەوە لە سەنگەرێکدا دژی دوژمنی هاوبەش بەربەرەکانێ بکەین."

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەك بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا ببوو بە بەشێك لە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەو پێشکەوتنخوازانەی جیهانی کە باڵێکی وڵاتەکانی سۆسیالیستیو جووڵانەوەی کرێکاریی جیهانیو باڵێکی دیکەی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو بوو. جووولانەوەی خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ٢٥ــ١٣٢٤دا ببوو بە بەشێك لە جووڵانەوەی دژی فاشیستیو دژی ئیمپریالیستیی سەرانسەری جیهانو هەر بۆیەش لەگەڵ ئەوەی جووڵانەویەکی نەتەوەییو نیشتمانی بوو، باری ئینترناسیۆنالیستیشی هەبوو. جووڵانەوەیەك بوو کە بۆ دۆستایەتیو ئاشتیو هاوکاری لە نێو هەموو نەتەوەکانی دنیادا هەوڵی دەدا. هیچ نەتەوەیەکی دیکەی لە کورد بە زیاتر دانەدەنا، بەلام بە هیچ جۆرێك نەتەوەی کوردیشی بە زیاتر لە هیچ نەتەوەیەك نەدەزانی، دژی رەگەزپەرستیو فاشیزمو شۆوینیزم بوو.

دوژمنان دوو بوختانیان بە کۆماری کوردستان کردوە: یەکەم ئەوە کە ئەم کۆمارە دەستکردی بێگانە واتە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو. وردبوونەوە لە مێژووی کورتی دامەزرانو ژیانی چەند مانگەی کۆماری کوردستان دەری خست کە یارمەتیی سۆڤیەت تەنیا عامیلێکی لەبار بووە، دەنا پێك هێنانی کۆماری کوردستان داخوازی کۆمەلانی خەڵك بووەو هەڵسووڕێنەریشی گەلی کوردو بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

بوختانی دیکە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات مەبەستی لە پێکهێنانی کۆمار، جیاکردنەوەی کوردستان لە ئێران بووە. لە هیچ یەك لە نووسراوەکانو چاپەمەنیی رەسمیی حیزبو قسەکانی بەڕێوەبەرانی ئەوکاتەدا باسی جیابوونەوە لە ئێران نەکراوە. بە پێچەوانە زۆرجار شەخسی پێشەوا قازی روونی کردۆتەوە کە حیزبی دێموکرات تەنیا خودموختاری دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا.[1] هێندێ کەس پرسیار دەکەن ئەگەر وایە لە کاتێکدا لە ئازەربایجان ناوی حکوومەتی میللییان

---

١ـ پێویستە ئەم راستییەش بگوترێ کە زۆر کەس لەوانەی کە لە ساڵەکانی ١٣٢٤ـ١٣٢٥ لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێران دا بەشدار بوون، ئاواتیان پێك هێنانی کوردستانی سەربەخۆ بوو. بەتایبەتی کە لەم بزووتنەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر کوردی پارچەکانی دیکە چالاکییان دەنواندو لەهەڵسووڕاندنی کاروباری کۆماری کوردستان دا بەرپرس بوون. هەربۆیەش ئارەزووی نیوەدڵی ئەوانە لە خودموختاری دوورتر دەڕۆیی. بەڵام لەسەر بناخەی سیاسەتی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتو کۆماری کوردستان لەسەر پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا داڕژابوو. (د)

لەسەر حکوومەتی خۆیان دانابوو، بۆچی لە کوردستان ئاڵای تایبەتی‌یان بێجگە لە ئـاڵای ئێـران هەڵکردبووو بەرسمی ناوی دەوڵەتی کۆماری کوردستانیان بەکار دەهێنا؟

رازێکی شاراوە نیە کە ئەوکاتە حیزبی دێموکرات کـە تاقیکردنـەوەی بەڕێوەبـەریی دەزگـای دەوڵەتی نەبوو، لە هێندێ بارەوە چاوی لە یەکیـەتیی سـۆڤیەتی دەکـردو گـۆیی لـە قسـەکانی نوێنەرانی یەکیەتیی سۆڤیەتی دەگرت. بـۆ وێنـە بـەرگی ئەفسـەرانی سـوپای کوردسـتان لاسـا کردنەوەیەکی ئۆنیفۆرمی ئەفسەرانی لەشکری سوور بوو. دروست کردنی ئاڵاش هەر لـەم رووەوە بووە. یەکیەتیی سۆڤیەتی لە پازدە کۆمار پێك هاتوەو هـەر کۆمارێـك ئـاڵای تایبـەتیی خـۆی هەیەو ئەمە هەرگیز نیشانەی داخوازی جیابوونـەوە لـە یەکیـەتیی سـۆڤیەتی نیـە، ئەگـەر لـە دوارۆژدا ئێران ببێتە ولاتێکی فیدراڵی، هەم کۆماری فیدراڵی مەرکەزی ئاڵای خـۆی دەبـێ کـە ئاڵای هەموو ئێرانە، هەم هەرکام لە کۆمارە نەتەوەیی‌یەکان ئاڵای تایبەتیی خۆیان دەبێ.

لەسەر "دەوڵەتی کۆماری کوردستان" دەبـێ بگـوترێ کـە ئـەم نـاوە بـەکێك لـە شـانازی‌یە گـەورەکانی حیزبـی دێموکراتـە. چـونکە یەکـەم رێکخـراوی سیاسـی‌یە کـە لـە سـەردەمی شاهەنشاهی‌دا ئاڵای جومهووریخوزایی بەرزکردۆتەوە. **"لە رادیـۆ تـەورێزو چـاپەمەنیی فیرقـەی دێموکرات هێرشێکی توند بۆ سەر سـەڵتەنەت نـەدەکرا، لـە کاتێکـدا لـە مـەهاباد لـە هـیچ کردەوەیەك بۆ هان دانی خەڵك دژی شاو ئوسوولی سەڵتەنەت خۆیان نەدەپاراست"**[1] بەڵێ راستە، کۆماری کوردستان دژی شاو پاشایەتی بووو ئەم هەڵوێستە ئێستاش هەر یـەکێك لـە ئوسـوولی سیاسەتی حیزبی دێموکراتە.

بێگومـان یـەکێك لـە بـارە تایبەتی‌یـەکانی کۆمـاری کوردسـتانو هـەموو جوولانـەوەی ساڵەکانی٢٥ـ١٣٢٤ ئەوەبوو کە بەڕێوەبەری‌یەکی رێکخراوو "متشکل" وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەبوو. لە مێژووی نەتەوەی کورددا یەکەم جار بوو کە حیزبێکی پێشرەو، حیزبێکـی دێموکرات جوولانەوەیەکی ئەوتۆی بەڕێوەدەبردو تەنانـەت دەسـەلاتی سیاسییشـی بـە دەسـتەوە گرتو لە ژێر بەڕێوەریی ئـەم حیزبـەدا یەکـەم کۆمـاری نەتـەوەیی کـورد پێـك هـات. حیزبـی

١ـ ن . پسیان ـ "از مهاباد خونین " ل ١٦٩

دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبەرو ڕێکخەری جوولانەوەی ساڵەکانی ١٣٢٥ـ١٣٢٤ بوو. چل ساڵ لەمەوپێش حیزبی دێموکرات لە هەلو مەرجێکی زۆر دژواردا ئەم مەسئوولییەتە گەورەیەی وەئەستۆ گرت. دیتمان کە حیزب بە تەواوی بۆ ئەم بەڕێوەبەرییە ئامادە نەبووو یەکێك لە هۆیەکانی تێکشکانی کۆماری کوردستانیش هەر ئەوە بوو. بەلاّم ئەو ڕێوڕەسمە واتە ڕێوڕەسمی بەڕێوەبەریی حیزب هەر مایەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا کە چل ساڵ رادەبرێ جوولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لە ژێر بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووە، هیچ ڕێکخراوێکی دیکەو هیچ حیزبێکی دیکە نەیتوانیوە ئەم مەسئوولییەتە گرینگە وەئەستۆ بگرێ.

کۆماری کوردستان ئەو رۆڵە تاقانەیەی مێژووی نەتەوەی کورد جوانەمەرگ بوو، بەلاّم شوێنەواری ئەم کۆمارە ئێستاش هەر زیندووە. ئێستاش پاش چل ساڵ خەلکی کوردستان هەر ڕێگای کۆماری کوردستان دەبرن، ئەو ڕێگایەکە پێشوای شەهید، قازی محەممەد دیاریی کردبووو گرتبوویە بەر. کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەو هەموو ئەزموونە کە دەستیان کەوتوەو بە پەیڕەوی کردن لە سیاسەتی ڕاستو دروستی حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێگای پێشەوا تا سەر دەڕۆنو ئاواتەکانی بەجێ نەهاتووی کۆماری کوردستان بە تەواوی وەدی دێنن.

# فەسڵی سێهەم:

له رووخانی کۆمارەوه

تا

کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ

### ١ـ هەورازو نشێوی ماوەی پاشەکشە

تێك چووونی حکوومەتی میللیی ئازەربایجانو کۆماری کوردستانو هەروەها شکستی حیزبی تــوودە بــوو بــە هــوی پاشەکشــەی جووڵانــەوەی دێمــوکراتی لــە سەرانســەری ئێرانــدا. ئەمــە ســەرکەوتنێکی گــەورەی کۆنەپەرســتیی ئێــران بەســەر جووڵانــەوەی پێشــکەوتنخوازانەدا بــوو، سەرکەوتنێك کە کۆنەپەرستی تەنانەت بە خەونیش چاوەڕوان نەبوو بەو هاسانی‌یە وەدەست بــێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەمە ســەرکەوتنی سیاســەتی یــەکگرتووی دوو دەوڵــەتی ئیمپریالیســتی، ئینگلیسو ئەمریکا بەسەر سیاسەتی سۆڤیەتی لە ئێراندا بوو.

پاش هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێرانو بە تایبەتی ســەرکەوتنی یەکیــەتیی ســۆڤیەتی بەســەر فاشیزم لە شەڕی دووهەمی جیهــانی دا، گــەلانی ئێــران ســەمپاتیو خوشەویســتی‌یەکی زۆریــان بەامبەر یەکیەتی سۆڤیەتی پەیداکردبوو. پاش تێك شکانی جووڵانەوەی دێموکراتی لە ئێران ئــەم خۆشەویستی‌یە تا رادەیەکی زۆر لەرزۆك بووو لەوەڕا کە یەکیەتیی سۆڤیەتی نــەك هــەر لــەباری نیزامی‌یەوە هیچ دیفاعێکی لــە جووڵانــەوەی دێمــوکراتی نــەکرد (ئەگەرچــی هــەروەك گوتمــان، چــاوەڕوانیی ئــەو چەشــنە دیفاعــە بێجــێ بــوو)، بــەڵکوو تەنانــەت لــەباری سیاسییشــەوە پشتیوانی‌یەکی ئەوتۆی لــێ‌نەکرد، بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك نیسبەت بە سیاسەتی یەکیــەتیی سۆڤیەتی کە جاران ئیمانیان پێی هەبوو، دوودڵ بوون.

سەرکەوتنی کۆنەپەرستی بەڕاستی هەروەك تێك شکانی جووڵانــەوە بــۆ گــەلانی ئێــران گــران تەواو بوو. لە سەرانسەری ئێراندا نیزیك بە ٢٠/٠٠٠ کەس لە لایەن باندەکانی کۆنەپەرستی‌یەوە کوژرانو ئیعدام کــران، هــەزاران کــەس خرانــە بەندیخانــەوە، هــەزاران بنەماڵــە لــە ئازربایجــانو کوردستان بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران دوورخرانەوەو بۆ ماوەیەك لە سەرانسەری ئێرانــدا جــەووی خەفەقانو فەزای تەوژمو زۆرداری زیندوو بۆوە. کۆمەڵانی خەڵك ورەیان نزم ببووو بێدەرەتــانیو ناهومێدی ئاسمانی وڵاتی داگرتبوو. ترسی ئەوە هەبوو کە دیکتاتۆری‌یەکی رەش وەك ســەردەمی رەزاشا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئێراندا زاڵ بێ.

بەڵام پاشەکشەی جووڵانەوەی دێموکراتی لەهەموو بەشەکانی ئێراندا وەك یەك نــەبوو. ئەگــەر لە سەرانسەری ئێراندا لەباری سیاسی‌یەوە شێوەی پاشەکشــە وەك یــەك بــوو، کۆمــەڵانی خــەڵك

ناهومێد بوونو بۆ ماوەیەك هیوایەكیان بە پێشكەوتنی جوولآنەوە نەما، لەباری تەشكیلاتی‌یەوە وەزعەكە جیاواز بوو. حیزبی توودە بەتایبەتی لە تاران توانی زۆر زوو تەشكیلاتی خـۆی زینـدوو بكاتەوە.

بەلآم پاش تێكچوونی حكوومەتی میللیـی ئازەربایجـانو كۆمـاری كوردسـتانو پاشەكشـەی جوولآنەوەی سەرانسەری لە نێو ریزەكـانی بەڕێوەبـەریی حیزبـی تـوودەدا نـاكۆكی پێـك هـات. هێندێك لە رێبەرانی حیزبی توودە، بەڕێوەبەرایەتیی ئەو حیزبەو سیاسـەتی دەرەوەی یەكیـەتیی سۆڤیەتی‌یان بە بەرپرسی شكستی جوولآنەوە لە ئێران دادەنا. پاش ماوەیەك باسو كێشە لـەنێو ریزەكانی حیزبی توودەدا، خەلیلی مەلیكیو ئەنوەری خامەیی، ئەندامانی بەڕێوەبـەریی لەگـەڵ ژمارەیەك لە كادرەكان، لە حیزبی توودەی جوودا بوونەوەو بە ئینشعابی ناویان دەركـرد. ئەوانـە خەریك بوون حیزبێكی دیكە بـەناوی حیزبـی سۆسیالیسـت دامـەزرێنن، بـەلآم لەبـەر دوو هـۆ سەرنەكەوتن: یەكەم ئەوە بوو كە كۆمەلآنی ئەندامو لایەنگری حیزبی توودە لەگـەڵیان نەكـەوتن، دووهەمیش ئەوە كە هەرچەند سیاسەتی سۆڤیەتی لە ئێراندا تووشی شكست ببوو، بەلآم لە نێـو لایـەنگرانو ئەنـدامانی حیزبـی تـوودەو تەنانـەت ئینشعابی‌یەكانیشـدا نفـووزی هـەر مـابوو. یەكیەتیی سۆڤیەتی لـە رێگـای رادیـۆی مۆسـكۆو چـاپەمەنی‌یەكانییەوە هێرشـی كـردە سـەر ئینشعابی‌یەكان كە لە نەتیجەدا ئەوان سەرنەكەوتنو نەیان توانی حیزبی تایبـەتیی خۆیـان پێـك بێنن.

پاش تێك چوونی كاری ئینشعابی‌یەكان، حیزبی توودە ریزەكانی خۆی یـەكگرتووتر كـردو لـە ٥ی بانەمەڕی ١٣٢٧دا دووهەمین كۆنگرەی خۆی پێك هێنا. لەم كۆنگرەیـەدا كـە ١١٨ نوێنـەر تێی‌دا بەشدار بوون جوولآنەوەی ساڵەكانی ٢٥ـ١٣٢٤ی ئازەربایجان تەئییـد كـراو بـەڕەوا دانـرا. بەلآم كۆنگرەی حیزبی توودە هۆیـەكانی تێـك شـكانی جوولآنـەوەی روون نـەكردەوەو ئەوەنـدەی پێوەندیی بە سیاسەتی یەكیەتیی سۆڤیەتی‌و تێكۆشانی بەڕێوەبـەریی حیزبـی تـوودەوە هـەبوو، سەرپۆشی لەسەر ئەو هەڵەو چەوتیانە دانا كە لە لایەن ئەم دووانەوە روویان دابوو، و لە راستی‌دا بەرامبەر بە رابردوو خۆی بۆچوونێكی رەخنەگرانەی هەڵنەبژارد.

کۆنگرەی حیزبی توودە ئینشعابی‌یەکانی مەحکووم کردو بە خائینی دانان. ئەمجا چونکە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی توودە پشتیوانی‌یان لێ‌نەکردنو هەروەها یەکیەتیی سۆڤیەتیش مەحکوومی کردن، ئینشعابی‌یەکان بەرەبەرە پەرشو بڵاوبوونەوەو نەیان توانی وەك هێزێکی رێکخراو رۆڵێکی بەرچاو لە سیاسەتی ئێراندا وەئەستۆ بگرن.[1]

پاشەکشەی ئازەربایجان لەوپەڕی شپرزەیی‌دا بەرێوەچوو. هەروەها کە گوتمان ئەوە پاشەکشەنەبوو، ئاشبەتاڵی تەواو بوو. بەرێوەبەران هەڵاتنو خەڵكو لایەنگرانو ئەندامانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان بەجێ‌هێشت کە بە هەزاران کەسیان لێ‌کوژرا. ئەوە لە لایەکەوە بوو بە هۆی رقو بێزاریی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵك سەبارەت بە بەرێوەبرانی فیرقەی دێموکرات، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوپەڕی ناهومێدیو بێ‌دەرەتانیی لەنێو خەڵکدا پێك هێنا. خەڵك ئیمانیان بە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان سست بوو. کۆنەپەرستیی ئێرانو هەروەها ئەمریکاو ئینگلیس کە خۆیان هەڵسووڕێنەری ئەسڵیی تێك شکاندنی جووڵانەوەکانی ساڵی ٢٥ـ١٣٢٤ بوون، زۆریان هەوڵ دا یەکیەتیی سۆڤیەتی بەتاوانبار لە قەڵەم بدەنو توانیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ئەو بیروباوەڕە بەهێز بکەن.

تەشکیلاتی فیرقەی دێموکرات بە تەواوی لێك بڵاوبووو هەڵوەشایەوەو شوێنەوارێك لەو تەشکیلاتە لە ئازەربایجانی ئێراندا نەما. فیرقە بە بەرێوەبەریو چەندین هەزار ئەندامیەوە کۆچی کرد بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتیو لەوێ تەشکیلاتی خۆی دامەزراندەوەو چەندین ساڵیش بەناوی

١ـ کۆنگرەی دووهەمی حیزبی توودە لە مێژووی ئەم حیزبەدا جێگایەکی تایبەتیی هەیە چونکە هەم لە هەلومەرجێکی زۆر ناسكدا گیراو هەم دواکۆنگرەشە، واتە لە ساڵی ١٣٢٧ەوە تا ئێستا ٣٩ ساڵ تێ‌دەپەرێ، هیچ کۆنگرەیەکی دیکەی حیزبی توود پێك نەهاتوە، هەرچەند زۆر جار دەرەتانی پێك هێنانی کۆنگرە هەبووە. لە ئاکامدا چەندین جار بەرێوەبەرایەتیی حیزبی توودە هێندێ کەسی بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی ناساندوە، کە زۆربەی زۆری ئەوانە لە لایەن ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی پێشووەوە دیاری کراونو هیچ کۆنگرەیەك هەڵی نەبژاردوون. ئێستاش ئەوانەی لە ساڵی ١٣٦٤ەوە خۆیان بەناوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی توودە دەناسێنن، دەکرێ بڵێین کە تەنانەت یەکیشیان هەڵبژێراوی کۆنگرەی حیزبی توودە یا ئەندامانی حیزبی توودە نین. بێگومان لەژێرپێ‌نانی دێموکراسیی نێوحیزبی یەکێك لە هۆیەکانی ئەم کارەساتەیە کە لە پاش ساڵێ ١٣٦٢ بەسەر حیزبی توودەدا هاتوە، کە هەم تەشکیلاتەکەی بە یەکجاری لە لایەن پۆلیسەوە ئاشکرا بووەو سەرکوت کراوەو هەم قەدرو حورمەتی خۆی لە لای گەلانی ئێران بەتەواوی لەدەست داوە. (د)

تەشیکلاتی فیرقە لەویٚ تێکۆشانی هەبووو ڕۆژنامەی خۆی بلاْودەکردەوە، رادیۆی نهێنیی بەڕێوەدەبرد. بەڕێوەبەریی هەبوو، کۆبوونەوەی هەبوو، بەناو تێکۆشانی حیزبیی هەبوو. بەلاْم لەوکاتەوە فیرقە ئیدی نەیتوانی خۆی لە ئازەربایجانی ئێراندا بگرێتەوە، واتە هەم لەباری سیاسی‌و هەم لەباری تەشکیلاتی‌یەوە ئاشبەتالْ لە ئازەربایجاندا تەواوو تەکمیل بوو. بەم جۆرە زەبرێکی زۆر گەورە لە جوولاْنەوەی میللی ـ دێموکراتی لە ئازەربایجان درا، کە بەداخەوە هەتا ئێستاش شوێنەواری هەر ماوە. لەو کاتەوە چەندین دەرەتانی تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی زۆرلێکراوی ئازەربایجان پێك هاتوە، بەلاْم جوولاْنەوەی نەتەوەیی لە ئازەربایجان هەتا ئێستاش پەرەی نەگرتوە کە بێگومان یەکێك لە هۆیەکانی ئاشبەتالّی سالّی ۱۳۲۵ە.

هەل‌و مەرجی کوردستان هەم لەگەلْ ئازەربایجان‌و هەم لەگەلْ وەزعی ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازیی هەبوو. لە کوردستان نە پاشەکشەی ڕێك‌و پێك کراو نە ئاشبەتالّی تەواو. دوو ڕووداو تەئسیری ئاشبەتالّیان کەم کردەوە: یەکەم ئەوە کەبە پێچەوانەی بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، پێشەوا قازی‌و بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات بەگشتی ولاْتیان بەجێ‌نەهێشت‌و لەگەلْ خەلْکی کوردستان مانەوە. ڕاوەستان‌و شەهید بوونی پێشەوا قازی نیشانی‌دا کە ئەو بەئامانجی حیزبەکەی‌و گەلەکەی وەفادار ماوەتەوە. ئەم هەلْوێستە لەگەلْ هەلاْتنی بەڕێوەبەرانی فیرقە جیاوازیی زۆر بوو. لە کوردستان پاشەکشە ئەوەشی لەگەلْ نەبوو کە هێندێ تاقمی نێوخۆیی هێرش بەرنە سەر ئەندامانی حیزب‌و بەرپرسان‌و بیان کوژن، کارەساتێك کە لە ئازەربایجان بە پان‌و بەرینی ڕوویدا.

لە لایەکی دیکەوە بەرهەلْستیی ئازایانەی بارزانی‌یەکان زەبری زۆر توندی لە لەشکری ئێران وەشاندو خۆبەزل زانی‌و لەخۆبایی بوونی ئەو لەشکرەی تێك شکاند کە داگیرکردنەوەی ئازەربایجانی بە سەرکەوتنێکی مێژوویی گەورە بۆخۆی دادەنا‌و لەئاکامدا ورەی کۆمەلاْنی خەلْکی کوردستانی بەرزکردەوە.

ئەم دوو ڕووداوە بوون بە هۆی ئەوە کە شکستی سیاسی لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەلْ ئازەربایجان فەرقی هەبێ‌و خەلْك ئەوەندە ناهومێد نەبن‌و ئەوەندەش خۆیان بە بێ‌دەرەتان نەزانن. بەلاْم لەباری تەشکیلاتی‌یەوە وەزع لە ئازەربایجان باشتر نەبوو. دەکرێ بلێین کە تەشکیلات بە

یەکجاری ئاشبەتاڵی کردو لە راستیدا پاش تێك چوونی کۆماری کوردستان شتێك بەناوی تەشیکلاتی حیزبی دێموکرات نەمابوو. چونکە بە پێچەوانەی فیرقە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ دەرەوە کۆچیان کرد، بۆیە ئەم حیزبە لە دەرەوش تەشکیلاتێکی بۆ پێك نەهات.

بەڵام زۆر زوو دەرەکەوت کە کۆنەپەرستیی رەش لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە، ئەو هێزەی نیە کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە سەرانسەری ئێراندا دیکتاتۆرییەکی توند دابمەزرێنێ. لەتارانو شارە گەورەکانی دیکەی ئێران چەند مانگ زیاتر لە تێکچوونی کۆماری کوردستانو حکوومەتی میللیی ئازەربایجان رانەبردبوو کە حیزبی توودەو چەند حیزبی دیکە کە لە ئۆپۆزیسیوندا بوون، دەستیان بە تێکۆشانی ئاشکرا کرد. لە کوردستان وەزعەکە کەمێك نالەبارتر بوو، چونکە ئەو دەرفەتو ئازادییە لەوێ پێك نەهاتبوو. بەو حالەش تەنیا ساڵێك پاش شەهید بوونی پێشەوا قازی، لاوانی ناوچەی مەهاباد چالاکیی سیاسییان دەست پێ‌کردەوەو پێوەندییان پێکەوە گرتو یەکەم رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتیان زیندووکردەوە. گۆڤارێکیان بەناوی "رێگا" بلاوکردەوە کە چەند ژمارەی لێ‌دەرچوو. ئەم گۆڤارە درێژەپێدانی خەباتی حیزبی دێموکراتی لەبەرچاو بووو خەڵکی بەرەو تێکۆشان هان دەدا. دەرچوونی "رێگا" شوێنێکی باشی لەسەر لاوەکان دانا.

لەزیندووکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتدا بەرپرسانی پێشووی حیزبی دێموکرات هیچیان بەشدار نەبوون. بەشی هەرە بە نرخو هەرە تێکۆشەریان یا ئیعدام کرابوون یا لە زیندانەکاندا بوون. بەشێکی دیکە بیروباوەڕی خۆیان پاراستبوو بەڵام نەیان توانی خۆ رابگرنو چوون بۆ دەرەوەی وڵات. بەشی هەرە زۆری بەرپرسانو کادرەکانی ئەوکاتەی حیزبی دێموکرات واتە ئەوانەی نە ئیعدام ونە زیندانی کرابوونو نە بۆ دەرەوە هەڵاتبوون، دەستیان لە سیاسەت هەڵگرتو خەریکی کارو کاسبیی خۆیان بوون. ژمارەیەك سەرۆك عەشیرەت لە بەرپرسانی حیزب کە هەر لە زەمانی کۆماری کوردستانیشدا هەرکام بەشێوەیەك پێوەندییان لەگەڵ رێژیمی شا دامەزراندبوو، وێڕای هێندێك کەسی دیکە کە رەنگە ئەو وختە پێوەندییان نەبووبێ، بەڵام پاشان

شانازی‌یان بەوە دەکرد کە دژی کۆماری کوردستان تێ‌کۆشاون، ڕەنگی خۆیان گۆڕی‌و بوون بە پیاوی شاو ڕێژیم‌و چەندین ساڵ خزمەتی ڕێژیمی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی‌یان کرد.

بەم جۆرە لە بەرپرسانی کەسێکی بە ناوبانگ نەما کە بتوانێ ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوەو سەرلەنوێ ڕێکخراوەکان ببوژێنێتەوە. ئەوە زیاتر لاوان بوون کە هەرچەند تاقیکردنەوەی حیزبی‌یان کەم بوو، بەڵام ئازایانە هاتنە نێو مەیدانی خەبات‌و بەبلاوکردنەوەی "ڕێگا" ڕێگای تێکۆشانی حیزبایەتی‌یان خۆش کردەوە.

ئەو لاوانە چونکە تاقیکردنەوەی سیاسی‌یان کەم بووو کەسیش نەبوو ڕێنوێنی‌یان بکا، لەسەر دووڕێیان مابوونەوە. بەشێکیان هەر لە سەرتاوە لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێ تەشکیلاتێکی بەتەواوی کۆمونیستی دابمەزرێ، کە دەکرێ بڵێین ئەوە دژکردەوەیەك بوو بەرامبەر بەو وەزعە کە دوای ئاشبەتاڵ لە کوردستان پێك هاتبوو. ئەوە بوو کە هێندێك لە لاوان بەناوی کۆمەڵەی کۆمونیستی کوردستان ویستیان درێژە بەتێکۆشانی خۆیان بدەن، لەحاڵێکدا زۆربەیان پێیان خۆش بوو هەر لەسەر ڕێبازی حیزبی دێموکرات بن. بەرەبەرە کەمایەتییش ئەم ڕێبازەی پەسند کردو گشتیان ناوو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەڵبژاردەوە.

ئەو ڕێکخراوە حیزبی‌یە کە تازە پێك هاتبوو لەسەر دوو خەت دەجووڵایەوە. لە خەتێکەوە هەوڵی دەدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق پێوەندی بگرێ کە بریتی بوون لە ڕێکخراوە کۆمونیستی‌یەکان (ئەوکاتە حیزبی کۆمونیستی عێراق چەند پارچە بوو)و پارتی دێموکراتی کوردستان کە پێشتر لقێك بوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ڕاست ساڵێك پاش دامەزرانی ئەم حیزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥دا وەك حیزبێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراق دامەزرابوو. لاوەکان لەبەر هەستی کوردایەتی یا بۆ وەرگرتنی یارمەتی یا بۆ مەشوەرەت دەچوون بۆلای ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیونی عێراقی، بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستاندا چالاکی‌یان هەبووە لەخەتێکی دیکەشەوە تێ‌دەکۆشا لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی توودەی ئێران لە تاران پێوەندی بگرێ‌و تێکۆشانی خۆی لە کوردستان لەگەڵ ئەو حیزبە ڕێك بخا. هەردوو ئەو خەتانە ماوەیەك بەردەوام بوون. زۆری پێ‌نەچوو حیزبی توودە ئامادە بوو پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد دابمەزرێنێ. رابیتی نێوان حیزبی دێموکرات‌و

حیزبی توودە ئەوکاتە لە تاران صارم الدینی صادق وزیری بوو کـە بـە هـۆی سـەدیقی ئـەنجیری ئازەرەوە ڕێنوێنیی‌یەکی زۆری لاوانی مەهابادی دەکرد.[1] بەڕێوەبەریی حیزبی توودە ئەوکاتـە لـەو بڕوایەدا بوو کە هـەم لـەباری تەشـکیلاتیو هـەم لـەباری سیاسـیی‌یەوە ڕێکخراوەکـانی حیزبـی دێموکرات لە کوردستان دەبێ بەگشتی پەیڕەوی بەڕێوەبـەریی حیزبـی تـوودە بـن. لـە راسـتی‌دا بەشێك بن لە تەشیکلاتی حیزبی توودە، بەڵام ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بپـارێزنو هـەر بەو ناوەش درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن کە بە کردەوەش هەر وای لـێ‌دەهات.

لەبەهارو هاوینی ۱۳۲۷دا جووڵانەوەیەکی دێموکراتی لە سەرانسـەری ئێـران دیسـان پـەرەی گرت. ڕۆژنامـەکانی ئۆپۆزیسـیون زۆر بـە ئاشـکرا دژی کردەوەکـانی دەوڵـەت دەیـان نووسـیو رەخنەیان دەگرت. بەرەبەرە دەرکەوت کە لە تارانو بەشەکانی دیکەی ئێرانو بەتایبەتی لە شـارە گەورەکاندا حیزبی توودە خەریکە قەرەبووی ئەو شکستە دەکاتـەوە کـە لـە سـاڵەکانی ۱۳۲۵و ۱۳۲٦دا تووشی بووە. حیزبی توودە پەیتا پەیتا تەشکیلاتی خۆی لە زۆر لـە شـارە گـەورەکانی ئێران دادەمەزراند. هەتا دەهات نفووزی زیـاتر دەبـووو تەبیلغاتەکـەی تەئسـیری زیـاتر لەسـەر وەزعی سیاسیی وڵات دادەنا. لەو وەزعو حاڵەدا کۆنەپەرستیی ئێران دیسان بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ پێشگیری لە پەرەگرتنی بزووتنەوەی دێموکراتیو بەتایبـەتی سـنووردانان بـۆ تێکۆشـانی ئۆپۆزیسیونو قەدەغـەکردنی چـاپەمەنی‌یە سیاسـی‌یەکانی ئۆپۆزیسـیون ڕێگایـەك ببینێتـەوە. دێمانەی دیکتاتۆری‌یەك کە بتوانێ دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی ئێران بە سەرۆکایەتیی حەمەرەزا شا سەقامگیر بکاو قازانجی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئینگلیس بپارێزێ، لە ئاسۆ بەرچاو دەکەوت.

ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئینگلیس لە سەرکوت کردنـی جووڵانـەوەی دێمـوکراتی لـە ئێـرانو هەروەها لە بەربەرەکانێ دژی سیاسەتی سۆڤیەتی یەك دڵو یەکگرتوو بوون. بەڵام پاش زاڵ بوون بەسەر بزووتنەوەی دێموکراتی لە ساڵی ۱۳۲٦دا ناکۆکی لەنێوانیاندا خۆی نواند. ئیمپریـالیزمی

---

١ـ صارم الدینی صادق وزیری لە ڕووناکبیرانی خەباتگێڕی شاری سنەبووو هەر لە زەمانی کۆماری کوردستانەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتو بەتایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی قازی پێوەندیی هەبوو.
سەدیقی ئەنجیری ئازەر خۆی لە کادرە ڕووناکبیرەکانی کۆماری کوردستان بووو لاوەکانی مەهابادی لە نیزیکەوە دەناسی. پاش تێکچوونی کۆمار، کوردستانی بەجێ‌هێشتو لە تاران نیشتەجێ بوو. (د)

ئینگلیس کە پێشتر نفووزێکی زۆری لە دەزگای دەسەڵاتداریی ئێراندا پەیدا کردبوو، بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو لە نفووزی خۆی کەم بکاتەوە. بەڵام ئەمریکا لە رادەی نێونەتەوەییدا وەك دەوڵەتێکی گەورەی هەرە سەرکەوتووی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، دەوڵەتێك کە بە بۆمبی ئەتۆمیو بە ئابووریيەکی زۆر پێشکەوتوو پشت ئەستوور بوو، لەو بڕوایەدا بوو کە پارسەنگی هێزەکان بە قازانجی ئەو گۆڕاوەو ئیمپریالیزمی پیری ئینگلیس توانای پێشووی نەماوە. بۆیە دەیەویست جێگای خۆی نەك هەر لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو لە ئێراندا، بەڵکوو لە سەرانسەری جیهاندا بکاتەوە. بەم جۆرە رقەبەرییەکی توند لەنێوان ئیستیعماری کۆنی ئینگلیس کە ئیدی هێزی ئەوەی نەمابوو بە هاسانی بتوانێ ئیمپراتۆریی خۆی بپارێزێو ئیمپریالیزمی تازە پێگەیشتووی ئەمریکا کە زۆر بەهێز ببووو لەخۆی رادەدی کە جێگای ئیستیعماری ئینگلیس بگرێتەوە، پەیدا بوو.

نە ئەو نفووزە زۆرە کە ئیمپریالیزمی ئینگلیس لە ئێراندا هەیبوو، لەگەڵ کزیو لاوازیی ئەم دەوڵەتە رێك دەکەوتو نە ئەو نفووزە کەمەی کە ئەمریکا خاوەنی بوو، وەڵامدەری ئەو دەسەڵاتە سیاسیو ئابووریو نیزامییە گەورەیە بوو کە لە جیهاندا پەیدای کردبوو. ناکۆکیو ناتەبایی نێوان دوو ئیمپریالیزم لە ئێران دا کە لەباری ئابووریو ستراتیژییەوە وڵاتێکی گرینگ بوو، بە ئاشکرا خۆی دەنواندو لەسەر وەزعی سیاسیو نێوخۆش تەئسیری دادەنا. هەرکام لەو دەوڵەتانە دارودەستەی خۆیان لەنێو پیاوە خاوەن دەسەڵاتەکانی ئێراندا پەیدا کردبووو هەریەك بەهۆی ئەو کەسانە یا هێزانەوە کە لەنێوخۆی وڵاتدا ئامادە بوون هاوکاریی لەگەڵ بکەن، تێدەکۆشا کە رەقیبی خۆی لە مەیدان وەدەرنێ. بەڵام هەروەها کە گوتمان لە سەرکوت کردنی هێزە رەسەنە دێموکراتیو نیشتمانییەکاندا ئەو دوو ئیمپریالیزمە ناکۆکییان لەنێودا نەبووو یەکگرتووو یەکدەست بوون.

رۆژی ١٥ی مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٧ لە تاران کاتێك حەمەڕەزاشا چووبووە جێژنی ساڵڕۆژی کردنەوەی دانیشگا، تەقەی لێکراو هەرچەند خۆی بە سووکی بریندار بوو، بەڵام ئەو تەقەیە بوو بە بیانوو بۆ ئەوەی هەموو تێکۆشانی رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنو بەتایبەتی حیزبی توودە قەدەغە بکرێ. حیزبی توودە هەڵوەشاوە راگەیاندراو چوار رۆژ پاش ١٥ی رێبەندان واتە

رۆژی ۱۹ی ڕێبەندان قانوونی داخرانی چاپەمەنیی دژی دەوڵەتیش پەسند کرا. لەو قانوونەدا هاتبوو هەرکەس نیسبەت بە پادشاو بنەماڵەی پادشا بێحورمەتی بکا، دەگیرێ. حەمەڕەزاشا لەو وەزعە کەڵکی وەرگرت، مەجلیسی موئەسیسانی پێك هێناو قانوونی ئەساسیی بە قازانجی خۆی گۆڕیو دەسەڵاتی خۆی زیاتر کرد.

دەرکەوت کە ناسری فەخرئارایی کە تەقەی لە شا کردبوو زیاتر سەر بە سەرلەشکر ڕەزم ئارا بوو. ڕەزم ئارا ئەو وەختە سەرۆکی ستادی ئەرتەش بووو پێوەندیی زۆر پتەوی لەگەڵ ئینگلیس هەبوو، وێ دەچوو مەبەست ئەوە بووبێ کە ئینگلیسی‌یەکان بە کوشتنی شا، ڕەزم ئارا بێننە سەرکارو ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی نیزامی لە ئێران دابمەزرێنن کە تەواوی دەسەڵاتی وڵات بە دەستەوە بگرێ. لێکدانەوەی سیاسەتی بریتانیا ئەوەبوو کە ئەگەر شا نەش کوژرێ، تەقەکە دەبێتە بیانوو بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری کە دیسان هەر بە قازانجی ئینگلیس بوو. هەر لەو کاتەدا حەمەڕەزاشاش کە هەرچی دەچوو زیاتر بەرو ئەمریکا دەڕۆیشت، چاوترسێن دەکرا. ئەوکاتە وەزعی ئابووریی ئێران زۆر شپرزە بووو دەوڵەتی ئێران داوای بەشێکی زیاتر لە داهاتی نەوتی لە شیرکەتی نەوتی ئینگلیس دەکرد. چونکە بەڕاستی بەشێکی یەکجار زۆر کەمی داهاتەکە دەدرا بە ئێران. بۆ چارەسەر کردنی وەزعی ئابووری، ئینگلیسی‌یەکان دەوڵەتی ئێرانیان ئامۆژگاری دەکرد کە لە دەوڵەتی ئەمریکا یا لە بانکی نێونەتەوەیی قەرز وەربگرێ! بۆ چارەسەرکردنی وەزعی سیاسییش دیکتاتۆری‌یەکی نیزامی‌یان لەبەر چاو گرتبوو.

دەوڵەتی ئەمریکاو هەروەها بانکی نێونەتەوەیی کە لەژێر نفووزی ئەمریکادا بوو ئامادە نەبوون قەرز بدەن بە ئێرانو زیاتر پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێران بەشێکی زۆرتر لە داهاتی نەوت داوا بکا. مەبەستی ئەمریکایی‌یەکان زەبر وەشاندن لە شیرکەتی نەوتی ئینگلیس وەك سەمبوولی نفووزی ئابووریو سیاسیی بریتانیا لە ئێران بوو کە بەهەق بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەنێو دەوڵەتی ئێراندا لە قەڵەم دەدرا.[1]

---

۱ـ سەرجەمی داهاتی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس لە سەرەتای وەدەست هێنانی ئیمتیازەوە تا میللی بوون ۸۹۵ میلیۆن لیرە بوو کە لەوە تەنیا ۱۰۵ میلیۆن لیرە واتە ۱۱/۷٪ وەك هەقی ئیمتیاز درابوو بە ئێران. لە حاڵێکدا هەر لەو ماوەیەدا پاش دەرهاوێشتنی خەرج سوودی شیرکەتی نەوتو دەوڵەتی بریتانیا ۲۹۰ میلیۆن لیرە بوو (پنجاه سال نفت ایران ص ٤٤)

ئەوە کە ئەمریکا داوای دەکرد ئێران هەقی خۆی لە شیرکەتی نەوتی ئینگلیس بستێنێ، لەبەر ئەوە نەبوو کە ئێران هەقی خورابووو ئەمریکاش چونکە لایەنگری هەق بوو دیفاعی لێدەکرد! مەبەستی ئەمریکا ئەوە بوو کە ئەو ئیمتیازەی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس وەری گرتبوو تێک بداو شیرکەتێکی دیکە پێک بێ کە شێرکەتە ئەمریکایەیەکانیشی تێدا بەشدار بن. شیرکەتەکانی نەوتی ئەمریکا چاویان لەوە بڕیبوو کە نەهێڵن شیرکەتی نەوتی ئینگلیس ئەو هەموو سوودە بەرێ، لە حاڵێکدا نیسبەتی دەسکەوتی ئەوان لە وڵاتەکانی دیکە کەمتر بوو. بۆیە داوای ئەمریکا کە ئێران هەقی خۆی زیاتر وەربگرێ بەدڵی هێزە نیشتمانیيە دژی ئیمپریالیستیيەکانی ئێران بوو. بەم جۆرە بە رواڵەت ئەم هێزانە لەگەڵ ئەمریکا کەوتبوونە بەرەیەکی هاوبەش دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیس.

دەوڵەتی بریتانیا هەستی بەو مەترسیيە دەکرد. بۆیەش دامەزراندنی دیکتاتۆریی بە هۆی یەکێک لە باوەڕپێکراوەکانیەوە بە پێویست دەزانی. کاتێك ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان تەقە لە شا کرا، ڕەزم ئارا دەستی تێدا بووو مەبەستیشی ڕێگا خۆشکردن بۆ دیکتاتۆریی نیزامیی خۆی بوو. هێندێك بەڵگە کە لە پاشان دەرکەوتن نیشانیان دا کە ناسری فەخرئارایی لەگەڵ چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پێوەندیی هەبووەو بێگومان هێندێك لەو بەڕێوەبەرانەو بەتایبەتی دوکتور نوورەددینی کیانووری پێشتر ئاگاداری ئەوە بوون کە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەنداندا تەقە لە شا دەکرێ. تەنانەت زۆر وێ دەچێ کە تەنیا تماشاچییش نەبووبن. ئەوە کە شا بریندار بوو بەڵام نەکوژرا تارادەیەکی زۆر بەرنامەی ڕەزم ئارای هەڵوەشاند. ئەمجا شا ویستی لەم وەزعە بە باشترین شێوە بەقازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ. لە پێشدا حیزبی توودەو پاشان هەموو ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیی قەدەغە کرد. بە بیانووی ئەوە کە ناسری فەخرئارایی ئەندام یا لایەنگری حیزبی توودەیە، ئەم حیزبەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. بیانووی دیکە ئەوە بوو کە هەر ئەو ڕۆژە واتە ١٥ی ڕێبەندان حیزبی توودە میتینگێکی چەند هەزار کەسیی لەسەر

---

بەشی دوڵەتی ئێران لەم داهاتە کە بە پێی بڕیارنامەی ١٩٣٣ لەگەڵ شیرکەتی نەوتی ئینگلیس بۆی دیاری کرابوو، زۆر کەمتر لەو بەشە بوو کە پاشتر شیرکەتە نەوتیيەکانی ئەمریکایی لە ڕۆژهەڵاتی ئێوەڕاست دەیاندا بە دەوڵەتە خاوەن نەوتەکانی دیکە.

گۆڕی دوکتور تەقیی ئەرانی بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ناوبراوەوە سازکردبوو.[1] هەرچەند ئەو میتینگە لە دەرەوەی شاری تاران لە ئیمام زادە عەبدوڵڵا بوو، بەڵام دیسان ئەوەش کرا بە بیانوو و وا نیشان درا کە لەو ڕۆژەدا حیزبی توودە خەیاڵی کودیتای هەبووە. لە نەتیجەی سەرنەگرتنی پیلانی پازدەی ڕێبەنداندا وەزعێکی لەبار بۆ شا پێك هات. هەم لەم تەقەیە ساخ و سەلیم دەرچووو هەم هەلو مەرجی دامەزراندنەوەی دیکتاتۆرییەکی توندوتیژ وەك زەمانی ڕەزاشا ئامادە کرا کە مەبەستی لەمێژینەی حەمەڕەزاشا بوو. پاش ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ زۆر کەس لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران کە ئەندامی حیزبی توودەو ڕێکخراوە دێموکراتییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیون بوون گیران، یان دوور خرانەوە.

لە کوردستانیش هێرش کرایە سەر ئەو لاوانە کە تازە تێکۆشانی خۆیان دەست پێ‌کردبوو. ژمارەیەك گیران کە "عەزیزی یوسفی"یشیان لەگەڵ بوو. ئەوانە لە ساڵی ١٣٢٧دا پاش دادگایەکی فەرمایشی بە چوار ساڵ زیندان مەحکوم کران و هەتا ساڵی ١٣٣١ لە زیندان مانەوە.

حەمەڕەزاشا لەو هەلو مەرجە لەبارە کە بۆی پێك هاتبوو بۆ دەستێوردانی قانوونی ئەساسیی ئێران کەڵکی وەرگرت و لەژێر سێبەری سەرنێزەی حکوومەتی نیزامی‌دا "هەڵبژاردنی" مەجلیسی موئەسیسانی بەڕێوەبرد کە لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٨دا ئەسڵی چل و هەشتەمی قانوونی ئەساسیی گۆڕی و مافی ئەوەی‌دا بە شا کە (هر يك از مجلس شورای ملی و مجلس سنا را جداگانه یا هر دو مجلس را در یَن واحد منحل سازد) هەرکام لە مەجلیسەکانی شوراو سەنا بەجیا یا هەردوو پێکەوە هەڵوەشێنێتەوە، پاش کۆتایی هاتنی کاری مەجلیسی موئەسیسان شا "نوێنەرانی" ئەو مەجلیسەی بانگ کردو پێی گوتن: **"کارێك کە ئاغایان لەم چەند ڕۆژەدا جێ‌بەجێیان کردوە بۆ سەقامگیربوونی مەشرووتە بووەو بەم جۆرە مەشرووتەیان ڕزگار کردوە کە تووشی وەزعێکی شپرزە ببوو"**.[2]

---

١ـ ساڵڕۆژی کۆچی دوایی ئەرانی ڕۆژی ١٤ی ڕێبەندانە. بە پێشنیاری کیانووری لە باتیی ١٤ لە ڕۆژی ١٥دا ئەم بیرەوەرییە پێك هاتوە کە بۆخۆی جێگای سەرنجە. گوایا هۆیەکەی ئەوە بووە کە ١٥ی ڕێبەندان کەوتۆتە ڕۆژی جومعە. (د)

٢ـ کیهان شماره ١٨٣١ مورخ ٢٨/٢/٢٤ نقل از کتاب "گذشته چراغ راه آینده است" تهران ١٣٦٢ ص ٥٢١. (د)

بەم شێوەیە حەمەڕەزاشا بە پێی ئەسڵی تازەی چلو هەشتەمی قانوونی ئەساسی دەیتوانی هەرکات کردەوەکانی مەجلیسی شوورای (کە وا دانرابوو نوێنەری هەڵبژێراوی خەڵك بێ)، بە کەیفێ نەبێ، ئەو مەجلیسە هەڵوەشێنێتەوە. بەگشتی ئەم دەستێوردانەی قانوونی ئەساسی ڕێگای دیکتاتۆریی خۆش دەکرد.

بەڵام لە لایەکەوە بەرهەڵستیی هێزە نیشتمانیو دێموکراتییەکانو یەکگرتوو نەبوونو لاوازبوونی کۆنەپەرستی، لە لایەکی دیکەشەوە ناتەباییو ناکۆکی لە نێوان ئەمریکاو ئینگلیسدا بوون بەهۆی ئەوە کە ئەم دیکتاتۆرێیە لەوکاتەدا نەتوانێ دەوام بکا. ماوەیەکی زۆری پێنەچوو کە جەووی خەفەقانو گرتنو زیندانی کردنو ڕاونانی خەڵك بەرەبەرە تێك شکا.

بەم شێوەیە هەرچەند پیلانی دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی توندوتیژی نیزامی، سەرنەکەوت بەڵام بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ، جووڵانەوە لە کوردستانو لە سەرانسەری ئێراندا ناچار بە پاشەکشە بوو.

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٨دا هەڵبژاردنی مەجلیسی شانزدە دەستی پێکرد. موسەددیقوو لایەنگرانی بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان دژی ئازاد نەبوونی هەڵبژاردن لە دەربار بەست دانیشتن. ئەم بەربەرەکانییە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتو بوو بە هۆی ئەوە کە لە فێڵو تەڵەکە لە هەڵبژاردنی تاراندا پێشگیری بکا. لە ئاکامدا هەڵبژاردنی تاران هەم لەبەر دژایەتیی بیروڕای گشتیو هەم لەبەر چالاکیی موسەددیقو لایەنگرانی هەڵوەشایەوە. بەڵام شا بێ ئامادە بوونی نوێنەرانی تاران لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٨دا مەجلیسی کردەوە. هەڵبژاردنی تاران لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٨دا بەڕێوە چووو موسەددیقو چەند کەسی دیکە لە جەبهەی میللی بە نوێنەری مەجلیسی شانزدە هەڵبژێران.[1]

١ـ پاش بەست دانیشتن لەدەربار هاوکارانی دوکتور موسەددیق هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە حیزبێك پێك بێنن. بەڵام موسەددیق خۆی لەو بڕوایەدابوو کە باشترە بەرەیەك بە بەشداریی هێندێك ڕێکخراوی دیکە کە بیروباوەڕی نیشتمانییان هەبوو پێك بهێنرێ. ئەوەبوو کە لە ڕۆژی یەکەمی خەزەڵوەری ١٣٢٨دا نۆزدە کەسەی کە لەبەست دانیشتنی دەرباردا بەشدار بوونو پاشان لەماڵی موسەددیق کۆبوونەوە جەبهەی میللی پێك هات کە دەستی بە تێکۆشانێکی پانو بەرین کردو توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری دروشمەکانی خۆی کۆبکاتەوە. (د)

سەرکەوتنی نوێنەرانی جەبهەی میللی لە هەڵبژاردن دا ڕێگای بۆ تێکۆشانی ئەو جەبهەیە خۆش کردو بەرەبەرە جەبهەی میللی بوو بە هێزێکی بە نفووزی سیاسی. ئەوە یەکەم جار بوو کە لە پاش ساڵی ١٣٢٠، ڕێکخراوێکی دیکە پێك دەهات کە وێڕای حیزبی توودە خاوەنی نفووزێکی زۆر بوو. ئەم دیاردەیە لە دوارۆژدا سیمای سیاسیی ئێرانی بەتەواوی گۆڕی. سەیر ئەوە بوو کە حیزبی توودە هەڵبژاردنی مەجلیسی شانزدەی لە ساڵی ١٣٢٨دا تەحریم کرد کە بێگومان ئەوەش یەکێك لە کارە نالەبارو چەوتەکانی بەڕێوەبەریی ئەم حیزبە بوو.

هەڵبژێرانی موسەددیقو لایەنگرانی بۆ مەجلیس نیشانیدا کە دەکرێ لە هەڵبژاردن بۆ هاندانی کۆمەلانی خەلك بەرەو خەباتی سیاسی کەلك وەربگیرێ. هەر لە سەرتای پێك هاتنی جەبهەی میللییەوە لە بەراوردی ڕۆلی ئەم جەبهەیە لەمەیدانی خەباتدا ناکۆکی لە نێوان هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا پەیدا بوو. لەکاتێك دا زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان جەبهەی میللییان بەهێزێکی نیشتمانی دادەنا، حیزبی توودە هەم لە چاپەمەنیی نهێنیی خۆیدا وەك نامەی "مردم" و هەم لە ڕۆژنامە ئاشکراکانیدا کە پاشان بە دەیان لە لایەن ئەم حیزبەوە چاپو بلاوکرانەوە، لێکدانەوەیەکی زۆر ساویلکانەو نادروستی لە جەبهەی میللی دەرخست. حیزبی توودە لەو بڕوایەدا بوو کە چونکە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئێران لە پاش ساڵی ١٣٢٥ لە مەیدان چۆتەدەر، کێشەی ئەسلیی لەنێوان دوو سیاسەتی ئەمریکاو ئینگلیس دایە. ئەو حیزبە پێی وابوو چونکە موسەددیقو لایەنگرانی جەبهەی میللی بەهیچ جۆرێك تەباییان لەگەڵ سیاسەتی سۆڤیەتی بەتایبەتی لە مەسەلەی نەوتدا نیشان نەدەدا (موسەددیق یەکێك لەوانە بوو کە لەگەڵ پێکهاتنی شیرکەتی تێکلاوی نەوتی ئێرانو سۆڤیەتی لە ساڵی ٢٦ــ١٣٢٥ دژایەتیی کرد)و دژی سیاسەتی ئینگلیسیش بوونو داخوازەکانیشیان لەو کاتەدا لەگەڵ ڕێبازی ئەمریکا ڕێك دەکەوت، بێگومان موسەددیق دەبێ پیاو یا هەر نەبێ لایەنگری ئیمپریالیزمی ئەمریکا بێ! لێکدانەوەی حیزبی توودە لەوەدا چەوت بوو کە نەیدەویست قازانجی کۆمەلانی خەلکی ئێران لەدژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیسدا لە قازانجی ئەمریکاو شیرکەتە نەوتییە ئەمریکاییەکان جیا بکاتەوە کە ئەوانیش دژی نفووزی ئینگلستانو شیرکەتی نەوتی ئینگلیس بوون هەرچەند لەو ماوە مێژووییەدا ئەم دوو قازانجە بەڕواڵەت شان بە شان دەچوونە پێش،

بەڵام شان بە شان چوونەپێشی کاتیی هەردوو قازانجەکە بە هیچ جۆرێك مانای ئەوە نەبوو کە ئەو دوو هێزە سیاسی‌یە بیروڕایان یەکــەو یــەکگرو یــەکگرتوون. هەماهــەنگی لــەنێوان لایــەنگرانی موسەددیق‌و قازانجی ئەمریکا نەدەبا ئەو راستی‌یەش بشارێتەوەو سەرپۆشــی لەســەر دابنــێ کــە موسەددیق‌و لایەنگرانی نوێنەری هێندێك چــین‌و توێــژی نیشــتمانی‌و دژی ئیســتیعماریی ئێــران بوون‌و لەگەڵ حیزبی توودە بیروباوەڕیان جیاواز بوو، بەڵام زۆر بە جیددی دژی قازانجی ئیستیعمار خەباتیان دەکرد کە ئەو وەختە سەمبولەکەی لە ئێراندا شیرکەتی نەوتی ئینگلیس بــوو. ئــەوەش کە هێندێك لە بەڕێوەبەرانی جەبهەی میللی مەیلیان بەرەو ئــەمریکا بــوو، ئەســڵی مەســەلەکە ناگۆڕێ. کەوابوو دەبوا هەر لە سەرتاوە جەبهەی میللی وەك هێزێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێ کە لە قازانجە نیشتمانی‌یەکانی ئێران بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئینگلیس دیفاع دەکا.

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی تەرکیبی چــینایەتی لــە ئێــران بــەو شــێوەیە بەتــەواوی روون نەببۆوە تا جەوهەری چینایەتیی جەبهەی میللی دیاری بکرێ. موسەددیق بۆخۆی بورژوا نــەبوو، بەڵکوو مالیکێکی گەورە بوو. هێندێ کــەس لەوانــەی هاوکاری‌یــان لەگــەڵ موســەددیق دەکــرد خاوەن موڵك‌و دەرەبەگ بوون. بەڵام دەبێ بگوترێ کە پشتیوانی موسەددیق بازاڕ بووو بــازاڕیش نوێنەری وردەبورژوازیی نێونجی بوو کە قازانجی لەگەل ئیمپریالیزم رێك نەدەکــەوت. کــەوابوو لــە ساڵەکانی ٢٨ـ١٣٢٧دا ئەو کەسانەی سیاسەتی حیزبی توودەیان پەسند نــەدەکردو خۆشــیان بــە نوێنەری چینی کرێکار نەدەزانی، دەیان توانی میللی بن‌و دەشیان توانی رۆڵێکی بەرچــاویان لــە خەباتی نیشتمانی‌دا هەبێ، بێ ئەوەی سەر بەم یان ئەو ئیمپریالیزمە بن. ئەوە راستی‌یەك بوو کە هەر لە سەرەتاوە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە تێی‌نەدەگەیشتن یان نــەیان دەویســت تێی‌بگــەن کــە خۆی یەکێك لە هۆیەکانی هەرە ئەساسیی شکستی جووڵانــەوەی ســاڵەکانی ١٣٢٨ تــا ١٣٣٢ بوو.

بێگومان گەورەترین مەسەلە لــەپێش مــەجلیس شــازدەدا مەســەلەی نــەوت بــوو. دەوڵــەتی ئینگلیس‌و شیرکەتی نەوتی ئینگلیس هەوڵیان دەدا بەشێوەیەك ئەو مەسەلەیە چارەســەر بکــەن، کە نەرێگا بدەن ئەمریکا لەو شیرکەتەدا بەشدار بێ‌و نە بەشــێکی زیــاتر لــە قــازانجی نەوتەکــە بچێتە خەزێنەی دەوڵەتی ئێرانەوە.

هەروەها کە گوتمان ئەمریکاییەکان بەتایبەتی ئەوانەی پسپۆری نەوت بوون بەشێوەی جۆراوجۆر رایان دەگەیاند کە ئێران هەقی ئەوەی هەیە بەشێکی زیاتر لەداهاتی نەوت وەربگرێ. بۆ وێنە "کورتیسی" ئەمریکایی کە دەوڵەتی ساعید پێشتر وەك پسپۆری نەوت هێنابووی‌و کاری پێ‌ئەسپاردبوو، لەسەر پێشنیارە نیوەچڵەکانی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس گوتی ئەو بەشە کە شیرکەتی نەوتی ئینگلیس دەیەوێ بیدا بە ئێران کەمەو وێنەزۆئێلای بەنموونە هێنایەوە کە لەوێ شیرکەتە نەوتی‌یە ئەمریکایی‌یەکان ئەسڵی نیوە بە نیوەیان قبووڵ کردەوەو نیوەی داهاتی نەوت دەدەن بەدەوڵەتی وێنزۆئێلاو گوتی ئێرانیش دەبێ لەسەر ئەو ئەسڵە بڕواو بەکەمتر لەوە رازی نەبێ.

بەڵام شیرکەتی نەوتی ئینگلیس ئامادە نەبوو بچێتە ژێر بارو لە ئاکامدا پاش وتووێژێکی زۆر لە رۆژی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٢٨دا هەر لەسەر پێشنیارەکانی شیرکەتی نەوت بڕیارنامەی پاشکۆی رێککەتننامەی ساڵی ١٩٣٣ لە نێوان دەوڵەتی ئێران‌و شیرکەتی نەوتدا ئیمزا کرا.[1]

دوو رۆژ پاشتریش ئەو بڕیارنامەیە چوو بۆ مەجلیسی پازدە، بەڵام مەجلیسی پازدە هەشت رۆژ لە تەمەنی مابووو ئەو بڕیارنامەیەی پەسند نەکردو لە ئاکامدا گیروگرفتی نەوت مایەوە بۆ مەجلیسی شازدە. راستی ئەوەبوو کە تەنانەت پاش وتووێژێکی زۆریش هەموو ئەو بەشە کە ئینگلیسی‌یەکان ئامادە بوون لە سوودی شیرکەتی نەوت بیدەن بە دوڵەتی ئێران لە سەدی بیست زیاتر نەبوو. بۆیە نەك هەر هێزە میللی‌یەکان بەڵکوو بەشێك لەکاربەدەستانی ئێرانیش هەم لەبەر وەزعی ئابووریی وڵاتەکەو هەم لەبەر تەوژمی کۆمەڵانی خەڵك‌و هەم لەبەر هاندانی ئەمریکا پێیان خۆش نەبوو ئەو بڕیارنامەیە پەسند بکرێ.

دیتمان کە ئەندامانی جەبهەی میللی لەهەڵبژاردنی دەورەی شازدەدا سەرکەوتن‌و دوکتور موسەددیق‌و شەش کەس لە لایەنگرانی، پێنجیان لە تاران‌و یەکێکیان لە کاشان هەڵبژێردران. لەنێو پێنج کەسەکەی تاراندا ئایەتوڵڵا کاشانی لە لیستی جەبهەی میللی‌دا بوو. ئەم سەرکەوتنە

---

١ـ بەپێی ئەم پێشنیارانە بڕیارنامەی ١٩٣٣ هەر لە جێگای خۆی دەمایەوەو تەنیا بڕیارنامەیەکی لێ‌زیاد دەکرا کە بە "قرارداد الحاقی" ناوبانگی دەرکرد. (د)

پرستیژی جەبهەی میللیی زۆر بردە سەرێو جەبهەی میللی بە راستی هەروەك گوتمان بو بە هێزێکی گەورەی سیاسیو کۆمەڵانی خەڵك چاوەڕانی کاروکردەوەی ئەم رێکخراوە لەچارەسەر کردنی گیروگرفتی نەوتدا بوون. دوکتور موسەددیق کە سیاسییەکی لێزانو شارەزاو زیرەك بوو، لەو هەلو مەرجە باشتریش کەڵکی وەرگرتو لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا ڕاستو رەوان گوتی کە بەرنامەی فراکسیۆنی جەبهەی میللی لە مەجلیسی شازدەدا بریتییە لە دژایەتی لەگەڵ بڕیارنامەی پێشنیارکراوی نەوتو پاراستنو راگرتنی ئازادیی سیاسیو کۆمەڵایەتی.

پاش ئەوەی کە عەبدولحوسێنی هەژیر، سەرۆك وەزیر تیرۆر کرا، ساعیدی مەراغەیی هاتە سەرکار ئەویش لەنەتیجەی دژایەتیی جەبهەی میللیدا لاچوو. ئەمجا عەلیی مەنسوور کابینەی خۆی پێك هێنا. ئەویش نەیتوانی بڕیارنامەی نەوت بەرێتە سەر. سەرەنجام ئیمپریالیزمی ئینگلیس یەکێك لە زیرەکترینو بەنفوزترین پیاوە سیاسییەکان، سەرلەشکر رەزم ئارای هەڵبژارد کە سەرۆك وەزیری بەعۆدەوە بگرێو گیروگرفتی نەوتیش چارەسەر بکا.

رەزم ئارا لە ٥ی پووشپەڕی ١٣٢٩دا بوو بە سەرۆك وەزیر. گوتمان کە پێشتر کاتێك سەرۆکی ستادی ئەرتەش بوو نفووزێکی یەکجار زۆری لەنێو ئەرتەشدا پەیدا کردبووو لەگەڵ ئینگلیس هاوکارییەکی نیزیکی هەبووو خۆی ئامادە کردبوو پاش لاچوونی شا دیکتاتۆرییەکی نیزامی لە ئێراندا دابمەزرێنێ. جا کە لەم مەبەستەدا سەرنەکەتو نەیتوانی ببێتە هەمەکارەی ئێران، ئامادە بوو ببێ بە سەرۆك وەزیر. دەوڵەتی بریتانیاش تەواوی هیوای ئەوەبوو کە رەزم ئارا بتوانێ گیروگرفتی نەوت بەقازانجی ئەو چارەسەر بکا.

هەرچەند بیروباوەڕی رەزم ئارا روون بووو دیار بوو کە لە سیاسەتی ئینگلیس زۆر نیزیکەو لە راستیدا قازانجی ئەو دەوڵەتە لە ئێراندا دەپارێزێ، رەنگ بێ بەرێوەبەرانی حیزبی توودە لەوەی کە رەزم ئارا بوو بە سەرۆك وەزیر زۆر نارازی نەبووبن. لەزەمانی رەزم ئارا دا بوو کە چەند کەسێك لەوان رۆژی ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٩ لە زیندانی قەسر رایان کرد. ئەویش بەو شێوەیە کە هێندێك لە ئەندامانی حیزبی توودە بەرگی ئەفسەرییان لەبەر کردو بەناوی ئەوە کە دەیانەوێ زیندانییان بەرن بۆ جێگای دیکە، زۆر سادەو هاسان ئوتۆمبیلیان بردە بەردەرکی

قەسری قەجەرو بەنیشان دانی نامەیەکی دەستکردو بەهاوکاریی هێندێ لە بەرپرسانی زیندان کە توودەیی بوون دە کەسیان لە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە لەزیندان ئازاد کرد.

ئەو راکردنە دەنگێکی زۆری دایەوەو پرستیژی حیزبی توودەی هێندێکی دیکەش بردە سەرێ. بەڵام لە مەیدانی سیاسی ئێراندا حیزبی توودە بە هەموو هێزیەوە دژایەتیی لەگەڵ جەبهەی میللی دەکرد، جەبهەی میللی‌یەك کە زۆر دوژمنی رەزم ئارا بوو. نەتیجەی ئەوەبوو کە حیزب توودە لەراستی‌دا لەگەڵ رەزم ئارا لە یەك سەنگەردا بەرامبەر بە جەبهەی میللی دامەزران.

لە زەمانی رەزم ئارادا لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانیش مەسەلەیەك هاتە کایەوە. ئەویش پرۆژەی قانوونێك بوو بە ناوی "قانون سازمان اداری کشور" کە رەزم ئارا بردی بۆ مەجلیس. ئەم قانوونە وەك تاقە بەندێك بەم شێوەیە هاتبوو: **"بەپێی ئوسوولی ۹۱و ۹۲و ۹۳ی موتەمیمی قانوونی ئەساسی، لەم تاریخەوە ئەو بەشە لە کاروباری کۆمەڵایەتی کە پێوەندیی لەگەڵ قازانجی گشتیی مەحەلليی خەڵکی وڵات هەیە، بەهۆی ئەنجومەنەکانی مەحەللی‌یەوە ئیدارە دەکرێ‌و لە هەرکام لە بەشەکانی ئێستای وڵات ئەنجومەنێکی ئەوتۆ پێك دێ."**

هێندێ کەس ئەوەیان بەناوی قانوونی خودموختاری ناو بردوە.[1] کە جێگای سەرسوڕمانە، چونکە هیچ کام لە داخوازە ئەساسی‌یەکانی خودموختاری جێبەجێ ناکاو تەنیا شێوەیەکە بۆ ئەوەی هێندێك لە کاروبارە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ناوەندەوە هەڵنەسووڕێن. قانوونی ئەنجومەنی ئەیالەتی‌و ویلایەتی خۆی گەلێك زیاتر لەم قانوونە مافی بە ئوستانەکان دەدا، بەڵام سەرەڕای ئەوە نوێنەرانی جەبهەی میللی دژی ئەم قانوونە راوەستان‌و پێیان وابوو کە پەسندکردنی دەبێتە هۆی لێك بڵاوبوون‌و پارچە پارچە بوونی ئێران.[2] لە ئاکامدا ئەو قانوونە چوو بۆ کۆمیسیۆن‌و لە

---

١ـ خاطرات دکتر انور خامەی، از انشعاب تا کودتا. ص ٢٥٠ ـ ١٣٦٣ چاپی دوم

٢ـ موسەددیق لە قسەکانی خۆی لە مەجلیسی شازدەدا گەڵاڵەی قانوونی پێشنیار کراوی رەزم ئارای بە گەڵاڵەی لێك بڵاو بوونی ئێران‌و پێك هاتنی خودموختاری لە ئوستانەکان دانا. موسەددیق گوتی: "جەبهەی میللی دژی هەر قانوونێك کە ببێتە هۆی لێك بڵاو بوونی وڵات ... رادەوستێ" واتە ئەوکاتە بۆ موسەددیق‌و جەبهەی میللی خودموختاری‌و لێك بڵاو بوون مانایان یەك بوو. (نطق‌های دکتر مصدق در دورهء شانزدهم مجلس نقل از "مصدق و نهضت ملی" ١٣٥٧ ص ٧٥ و ٧٦. (د)

پاشانیش هەر پەسند نەکرا. ئەم هەڵوێستە نیشانەی شۆوینیزمێکە کە هەر لە سەرتاوە لە ئەندامانی جەبهەی میللیدا بەدی دەکرا کە نەك هەر بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوو گەلانی زۆرلێکراوی ئێران وەك گەلی جیاواز بە رەسمی بناسنو مافی نەتەوایەتییان بۆ قایل بن، بەڵکوو دژی ئەوە بوون ئەنجومەنی مەحەللی لە هێندێك لە بەشەکانی ئێران پێك بێ. تەنانەت ئەگەر سەلاحییەتی تەنیا هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتیی هەبێ.

## ٢ـ بووژانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی

گیروگرفتی بنەڕەتیی ساڵی ١٣٢٩ مەسەلەی نەوت بوو. "قرارداد الحاقی" کە هاتە مەجلیسی شازدە پاش ئەوەی باسێکی زۆری لەسەر کرا، نوێنەرانی جەبهەی میللی توانیان حەواڵەی کۆمیسیۆنی بکەن. رۆژی ٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٩ کۆمیسیۆنی مەجلیس ئەو بڕیارنامەیەی رەد کردەوە. هەر لەو رۆژەدا ٥ کەس لە نوێنەرانی جەبهەی میللی پێشنیاریان کرد سەنعەتی نەوت لە هەموو ناوچەکانی ئێران میللی بکرێ، دروشمی میللی کردنی نەوت لە مانگی رەزبەری ١٣٢٩وە بوو بە دروشمی جەبهەی میللی.

موسەددیقو هاوکارانی هاتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا بە میللی کردنی نەوت، ئێران بە یەکجاری دەتوانێ لە دەست شیرکەتی نەوتی ئینگلیس رزگار بێ. دروشمی میللیکردنی نەوت زۆر زوو پشتیوانیی هەموو گەلانی ئێران، هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵی وڵاتی بۆ لای خۆی راکێشا، بەڕاستی دەرکەوت کە موسەددیقو هاوڕێیانی توانیویانە لە هەلو مەرجی تایبەتیی ئەو کاتەدا باشترین دروشم بۆ بەسیج کردنو هاندانی خەڵك دژی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس هەڵبژێرن کە بەهێزترین بنکەی ئیمپریالیستی لە ئێران بوو.

لەو کاتەدا ئیمپریالیزمی ئینگلیس توانای بەربەرەکانێ بەرامبەر بەو دروشمە زۆر بووو هێزێکی دیکەی وەك حیزبی توودەش کە یەکگرتووترینو رێكوپێکترین هێزی سیاسیی ئێران بوو، پێشوازیی لە دروشمی میللی کردنی نەوت کرد. حیزبی توودە لەو بڕوایەدا بوو کە دروشمی میللی کردنی نەوت، دروشیمێکە لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە هاتۆتەگۆڕێ. دیتمان کە حیزبی توودە موسەددیقو جەبهەی میللیی بە نوێنەری توێژێك دەزانی کە دیفاع لە قازانجی

ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکەن. بۆیە دژایەتی لەگەڵ دروشمی میللیکردنی نەوتی دەست پـێکرد. بەڵام میللی کردنی نەوت دروشمێك نەبوو کە هێزێکی سیاسی بتوانێ راستەوخۆ دژایەتیی لەگەڵ بکا. بۆیە حیزبی توودە تـاکتیکی جۆراوجـۆری بـۆ دژایـەتی لەگـەڵ ئـەو دروشمـە بـەکارهێنا. رۆژنامەی نهێنیی "مردم" لە ٢٣ی رەزبەری ساڵی ١٣٢٩دا واتە ئەوکاتە کـە دروشمـی میللـی کردنی نەوت تازە هاتبووە گۆڕێ، نووسی کە ئوسوولەن چۆن دەکرێ سـەنعەتێك کـە لـە دەسـت ئیمپریالیزم دایە میللی بکرێ! پاشان حیزبی توودە دروشمی میللی کردنـی نـەوتی بـە شـێوەیەك دەهێنایە گۆڕێ کە دەبوا مەبەست تەنیا میللیکردنی سـەنعەتی نـەوت لـە جنـووب بـێ، واتـە میللیکردنی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس. بەم جۆرە بە شێوەیەکی ناراسـتەوخۆ نیشـانی دەدا کـە نەوتی شیمال نابێ میللی بکرێ. چونکە پێشتر حیزبـی تـوودە داوای کردبـوو ئیمتیـازی نـەوتی شیمال بدرێ بە یەکەتیی سۆڤیەتی، لە زەینی کۆمەڵانی خەڵکدا، ئەم فکرە بـەهێزتر دەبـوو کـە ئەگەر حیزبی توودە دروشمی میللیکردنی نەوت تەنیا لە چوارچێوەی نـەوتی جنووبـدا بەرتەسـك دەکاتەوە، مەبەستی ئەوەیە کە ئیمتیازی نەوتی شیمال بپارێزێو بیدا بە یەکیـەتیی سـۆڤیەتی. هەروەها حیزبی توودە دەیگوت مەسەلەی میللیکردنی نەوت لە مەسەلەی گـۆڕینی دەسـەڵاتی سیاسی جیا ناکرێتەوەو ئەوکاتە خـەڵکی ئێـران دەتـوانن بـە هـەقی خۆیـان بگـەن کـە بەسـەر چارەنووسی خۆیاندا حاکم بن. بۆ وێنە رۆژنامەی "بسوی ێینده" کە رۆژنامەی ئاشکرای حیزبی توودە بوو، رۆژی ١٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٩ نووسی کە: **چارە سەرکردنی گیروگرفتـی نـەوت وەك زۆر دیاردەی دیکەبەستراوەتەوە بە کارێکی ئەساسیو ئەو کارەش بریتییە لەوە کە خـەڵك بەسەر چارەنووسی خۆیاندا حاکم بن."**

ئەمە پێش هێنانەگۆڕی دروشمی میللی کردنی نەوت بوو، پاشان کە میللی کردنی نەوت بـوو بە دروشمی پەسند کراوی کۆمەڵانی خەڵك، حیزبی توودە زیاتر هەر لەسەر میللی کردنـی نـەوتی جنووب پێی دادەگرت. بۆ وێنە بەرێوەبەرانی ئەم حیزبە لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە دانـی دروشمـی میللی کردنی نەوت لە سەرانسەری وڵاتدا دەبێتە هۆی سەرلێشواویی خەڵك، چـونکە مەسـەلەی میللی کردنی نەوتی خوزستان لە گۆڕێ دایە، باس کـردن لـەبارەی سەرانسـەری ئێـران سـەرنجی کۆمەڵانی خەڵك لە خوزستان دوور دەخاتەوە. هەرچۆنێك بێ ئەوە راستییەکی مێژوویییە کە لە

گیروگرفتی میللی کردنی نەوتدا، لە رەوتی تەواوی ئەو جووڵانەوەیەدا کە بۆ میللی کردنی نەوت پێك هاتو پەرەی گرت هەرچەند حیزبی توودە زۆر جار دروشمی خۆی گۆڕیو بەناچار هەنگاو بە هەنگاو دروشمی میللیکردنی نەوتی پەسندکرد، بەڵام زۆر جاریش بەرامبەر بەو دروشمە راوەستاو دژایەتیی خۆی لەگەڵ نواند. حیزبی توودە هەر لەسەر ئەو ئەسڵە مایەوە کە جەبهەی میللی نوێنەری ئەو باڵەی بۆرژوازیی ئێران یا دەسەڵاتی حاکمی ئێرانە کە سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکایە، بۆیەش تا ئاخر تەنانەت تا رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ش بە تەواویو بە کردەوە پشتیوانیی لە موسەددیق نەکرد.[1]

بەم جۆرە لە لایەکەوە لە دەرەوەی وڵات ئیمپریالیزمی ئینگلیسو لە ژوورەوە نۆکەرەکانی کە نفووزێکی بەرچاویان لە دەزگای دەسەڵاتی حاکمدا هەبوو دژی میللیکردنی نەوت راوەستانو لە لایەکی دیکەوە حیزبی توودەش بە مەبەستی دیکەو لەسەر لێکدانەوەیەکی چەوت دژایەتیی خۆی لەگەڵ میللیکردنی نەوت درێژە پێدا. هەرچەند دژایەتیی ئەم دوو هێزە هەرکام هۆی جیاوازی هەبوو، بەڵام کە مەیدانی سیاسەتی ئەوکاتەی ئێراندا وەك هێزێکی یەکگرتوو کە ئامانجی هابەشیان هەبێ دەهاتنە بەرچاو.

---

١ـ حیزبی توودە "جەبهەی میللی"ی بە تاقمی خەڵك فریودەران ناو دەبردو لەسەر ئەوان دەینووسی: "*خەڵك فریودەران دوا تیری کەوانی ئیستعیمارنو دوکتور موسەددیق نوێنەری ئەوانە*" . "بسوی آینده" ژمارەی ١٢١ تاریخی ١٣٢٩/٧/٣. لە جێگای دیکە هەر ئەو رۆژنامەیە "ملیون" بەم جۆرە دەناسێنێ: "**میللی سەنگەرێکە کە لە پشتی ئەو، دوژمنانی نەزان خەڵەتێنی خەڵك، دزەکان، تاڵانکەران، بەکرێگیراوانی، سپڵەکانی ئیستیعمار، ئەنگەلەکانو جانەوەرە پیسەکان، بە پیلانگێڕی، خراپکاری، هان دان، شێواندنی بیروڕاو ئاڵۆز کردنی میشکی خەڵك، تەونو بەست، ساز کردنی ئاژاوەو سووکایەتی بە خەباتگێڕانی رێگای ئازادی درێژە دەدەن ... میللی دژی ئیستیعمارە بەڵام ئاڵای ئیستیعماری لەسەر شانە، دوژمنی بێگانەیە بەڵام لە بێگانە ئەمر وەدەگرێ ... عەقڵی میللی ناقیسە، فیکری کورتە، مەنتیقی گزە، لاڵەپەتەیە، فرمێسکی ئاوەڵەیە، ئاشپەزخانەی پڕ دووکەڵە، جێی نوستنی راحەتە، کۆشکی بڵیندە، دراوی بێحیسێبە، فێڵی لەبن نایە، ئەوانەن خاسییەتەکانی میللی**". "بسوی آینده" شمارە ١٣٧، ١٣٢٩/٧/٢١. دیسان هەر ئەو رۆژنامە لەژێر سەردێڕی "جەبهەی میللی یا بەکرێگیراوی ریسوای ئیستیعمار"دا دەنووسێ: "**... ئیمپریالیزم لە ئێران دەستی کرد بە پێك هێنانی تەونو بەستێکی نزمو سپڵە لە بەکرێگیراوانی خۆیو ناویشی نا "جەبهەی میللی" ... لەنێو ئەندامانی ئەم جەبهەی "میللی"یەدا تەبایی تەواو حوکم ناکاو ناکرێ هەموویان وك یەك دابنێن. بەڵام گومانی تێدا نیە کە ئەم بەناو "جەبهەی میللی"یە بەتێکڕایی بەڕێوەبەری روانگەی ئیستیعماری‌یە**" بسوی آینده شمارە ١٧٤، ١٣٢٩/٩/٨. (د)

هەر ئەوەبوو کە کۆنەپەرستیی ئێرانو تا رادەیەکیش خودی جەبهەی میللیو لایەنگرانی دروشمی بەناوبانگی "توودەیی ـ نەوتی" یان بڵاو کردەوە، مەبەستیان ئەوەبوو نیشان بدەن کە شیرکەتی نەوتی ئینگلیسو حیزبی توودە پێکەوە یەکگرتوو دژی داخوازەکانی خەڵکی ئێران دەجووڵێنەوە کە ئەساسیترینیان میللیکردنی نەوت بوو.

پاش ئەوەی دروشمی میللیکردنی نەوت بەڕاستی بوو بە دروشمی کۆمەڵانی خەڵكو جووڵانەوەی میللیکردنی نەوت رۆژبەرۆژ زیاتر پەرەی گرت، هیوای ئیمپریالیزمی ئینگلیس تەنیا بە سەرۆك وەزیر رەزم ئارا بوو کە بتوانێ هەرچۆنێك بێ چ بە زۆر و چ بە بەکارهێنانی تاکتیك پێشی ئەو جووڵانەوە بەرینە بگرێ.

بەڵام رۆژی ١٦ی رەشەمەیساڵی ١٣٢٩ رەزم ئارا کوژرا. لە دواییدا دەرکەوت هەر نەبێ دوو دەستەی سیاسی پێیان خۆش بوو رەزم ئارا بکوژرێ یا راستەوخۆ دەستیان لە کوشتنی رەزم ئارادا هەبوو. یەکیان مەزهەبییەکان بەرێبەراتیی ئایەتوڵڵا کاشانی بوون کە دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ رەزم ئارا نەدەشاردەوە. ئەوەی دیکەیان حەمەڕەزاشا بوو کە پێی ناخۆش نەبوو رەزم ئارا بکوژرێ. چونکە بەرە بەرە ئەو شەخسییەتو نفووزە کە رەزم ئارا لە نێو ئەرتەشی ئێرانداو هەروەها لەنێو وڵاتدا پەیدای کردبوو، مەترسییەك بوو بۆ دەسەڵاتی شاو پاشایەتی.

پاش کوژرانی رەزم ئارا "حوسێنی عەلا" کە دەست پەروەردەی ئینگلیس بوو، رۆژی ٢١ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٩ بوو بە سەرۆك وەزیر. بەڵام عەلا نە ئەو نفووزو شەخسییەتەی هەبووو نە لە هەلو مەرجی ئەو کاتەدا دەرەتانی ئەوەی هەبوو کە بتوانێ پێشگیری لە پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی خەڵکی ئێران بۆ میللیکردنی نەوت بکا. پاش نەمانی رەزم ئارا رێگا بۆ میللی کردنی نەوت خۆشتر بووو جەبهەی میللیو بەتایبەتی شەخسی دوکتور موسەددیق لەو هەلو مەرجە باشترین کەڵکیان وەرگرت.

ئەوە بوو کە لە لایەکەوە لەنێو وڵاتدا جووڵانەوە بۆ میللیکردنی نەوت زیاتر پەرەی گرتو لە خودی مەجلیسیشدا هەرچەند زۆربەی ئەندامانی دژیگەلی بوون، وەزعێکی ئەوتۆ پێك هات کە لەژێر تەوژمی کۆمەڵانی خەڵکدا رۆژی ٢٤ی مانگی رەشەمە قانوونی میللیکردنی نەوت پەسند کرا. رۆژی ٢٩ی رەشەمە مەجلیسی سەناش کە زۆربەی زۆری نوێنەرانی لە کۆنەپەرستترین پیاوە

سیاسی‌یەکانی ئەوکاتە بوون ئەو قانوونەیان پەسند کردو بەم جۆرە سەنعەتی نەوت لە سەرانسەری ئێراندا میللی کرا.

بەڕاستی رۆژی ٢٩ی رەشەمە واتە دوایین رۆژی ساڵی ١٣٢٩ یەکێك لە رۆژە مێژوویی‌یەکانی خەباتی گەلانی ئێرانە. ئەگەر ئەو راستی‌یە بخەینە بەرچاو کە ئەوکاتە لە سەرانسەری جیهاندا خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیس‌و شیرکەتە نەوتی‌یەکان بە گشتی کارێکی زۆر دژوار بوو، ئەوەدەم دەبێ قەدرو رێزێکی تایبەتی بۆ ئەو رۆژە مێژوویی‌یە دابنێین. دەکرێ بڵێین میللی‌کردنی نەوت سەرکەوتنێك بوو نەك هەر بۆ هەموو گەلانی ئێران بەڵکوو بۆ هەموو گەلانی ژێردەست، نموونەیەك بوو بۆ زۆر وڵاتی دیکە کە پاشان دەرسیان لێ‌وەرگرت‌و ئەو رێگایەیان رەچاو کرد کە ساڵی ١٣٢٩ خەڵکی ئێران بە بەڕێوەبەریی دوکتور موسەددیق پێی‌دا چوو.

بەڵام پەسندکردنی قانوونی میللی‌کردنی سەنعەتی نەوت شتێك بوو، وەدی هێنان یا تەتبیق کردنی ئەو قانوونە شتێکی دیکە. دیار بووکە سەرۆك وەزیرێکی وەك عەلا کە خۆی بەڕێوەبەری سیاسەتی بریتانیا لە ئێراندا بوو، کەسێك نەبوو بتوانێ ئەو قانوونە جێبەجی بکا. پاش پەسندکردنی ئەو قانوونە جووڵانەوەی میللی‌کردنی نەوت زیاتر لە پێشوو پەرەی گرت‌و لە ئاکامدا وەزعێکی وا پێك هات کە ئەو کەسانەی خۆیان هاندەری میللی‌کردنی نەوت بوون واتە لە پێش هەموواندا جەبهەی میللی‌و دوکتور موسەددیق دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن. لەسەر ئەو ئەساسەو لە نەتیجەی پشتیوانیی خەڵکدا رۆژی ٨ی بانەمەڕی ١٣٣٠ دوکتور موسەددیق بە سەرۆك وەزیری ئێران دیاری کرا.

بێگومان هاتنە سەرکاری دەوڵەتی دوکتور موسەددیق نوختە گۆڕانێك بوو لە سیاسەتی ئێراندا. چونکە ئەو حکوومەتە لەگەڵ هەموو حکوومەتەکانی پێشوو جیاوازی‌یەکی ئەساسی هەبوو. حکوومەتێك بوو کە بە پشتیوانیی خەڵك‌و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی زۆر گرینگ وەك میللی‌کردنی نەوت هاتبووە سەرکارو سیاسەتێکی میلليی بەڕێوە دەبرد.

دەوڵەتی موسەددیق بەرنامەی ئەوەبوو کە سەربەخۆیی سیاسی‌و هەروەها رەوتی سەربەخۆیی ئابووریی ئێران دابین بکاو ئێران لەژێر باری دەسەڵاتی شیرکەتی نەوت‌و ئیمپریالیزمی ئینگلیس رزگار بکا. بۆیە لە لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران چاوەڕوانی زۆر ئیسلاحی ئەساسی لە لایەن

دەوڵەتی دوکتور موسەددیقەوە بوونو لە لایەکی دیکەشەوە کۆنەپەرستانو ئیمپریالیزمی ئینگلیسو پیاوەکانی لەنێوخۆی وڵاتدا هەموویان رێك کەوتبوون بۆ ئەوەی نەهێڵن دوکتور موسەددیق لە وەدی هێنانی بەرنامەی خۆی دا سەرکەوێ.

دوکتور موسەددیق لەسەر بەرێوەبردنی سیاسەتی رزگار کردنی ئێران لە ژێردەستی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس زۆر سوور بوو. هەر لەبەر ئەوەبوو کە وەك یەکەم هەنگاوی گرینگی میللی کردن، رۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٣٠ دەستی شیرکەتی نەوتی ئینگلیسی لە سەنعەتی نەوت کورت کردەوە (خلع ید). ئەو کارە بوو بەهۆی هاندانی شیرکەتی نەوتو ئیمپریالیزمی ئینگلیس بۆ ئەوەی هەموو هێزی خۆیان وەکار بخەنو نەهێڵن قانوونی میللی بوونی نەوت تەتبیق بکرێ. مەبەستیان ئەوەبوو ئەگەر بکرێ لەگەڵ دوکتور موسەددیق بەشێوەیەك رێك کەون کە قازانجی شیرکەتی نەوتو ئیمپریالیزمی ئینگلیس بپارێزرێ. لەم نێوەدا ئەمریکاش بە هەموو تواناوە بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە خۆی بکا بە شەریکی بریتانیاو بەشێکی هەرچی زیاتری داهاتی نەوتی دەست کەوێ.

قانوونی میللیکردنی نەوت بەو هاسانیيە تەتبیق نەدەبوو. دژایەتیی دەوڵەتی ئینگلیس کە هەموو مۆرەکانی خۆی لەنێو دەزگای دەوڵەتی ئێرانیشدا بەسیج کردبووو لە دەرەوەش نەیدەهێشت نەوتی ئێران بفرۆشرێو هەروەها دژایەتیی حیزبی توودەو تەنانەت دژایەتیی شاو ئەرتەشیش هەمو پێکەوە هەلو مەرجێکی نالەباریان بۆ حکوومەتی دوکتور موسەددیق پێك هێنابوو. لە رۆژی هاتنەسەرکاری دوکتور موسەددیقەوە خەباتێکی توندوتیژ لەنێوان کۆمەڵانی خەڵكو داخوازەکانیان لە لایەکەوەو دوژمنانی ئەو داخوازانە بە سەرۆکایەتیی ئیمپریالیزمی ئینگلیس لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. نوێنەرانی دیپلۆماسیی بریتانیا کە فێر ببوون راستەوخۆ دەست لەهەموو کاروباری نێوخۆی ئێران وەردەن، پاش پەسندکردنی میللی بوونی نەوت، هەوڵو تەقەللای خۆیان زیاتر کرد بۆ ئەوەی مۆرەکانی خۆیان توندتر هان بدەنو هێزەکانی سەربەخۆیان باشتر بەسیج بکەن.

بەرە بەرە دەرکەوت کە کاربەدەستانی شیرکەتی نەوتو دەوڵەتی بریتانیا لە بوونی قونسولخانەکانی ئینگلیس، لە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی

لایەنگرانو بەکرێگیراوانی خۆیان دژی دەوڵەتی دوکتور موسەددیق هان بدەن. ئەم وەزعە دوکتور موسەددیقی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە ڕۆژی ٢٥ی بەفرانباری ١٣٣٠ قونسولخانەکانی ئینگلیس لە سەرانسەری ئێران دابخاو کۆتایی بە دەستێوەردانیان لە کاروباری نێوخۆیی ئێراندا بێنێ. بێگومان ئەو کارە هەروەك پەسندکردنی قانوونی میللیکردنی نەوتو بێدەسەلات کردنی شیرکەتی نەوتی ئینگلیس، ئیمپریالیزمی بریتانیای زۆر زیاتر لە جاران دژی دەوڵەتی دوکتور موسەددیق هاروژاند. بەم جۆرە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تێکهەڵچوونەکە توندتر دەبوو، هەتا دوکتور موسەددیق تێگەیشت کە نەك هەر بریتانیاو پیاوە ناسراوو نەناسراوەکانی، بەڵکوو گەلێك هێزی گرینگی دیکەش دژی ڕاوەستانو یەکێك لەوانە دەرباری شاو خودی حەمەڕەزاشا بوو کە چونکە ئەرتەشیشی بەدەستەوە بوو بە هێزێکی گەورە دەژمێردرا.

ناکۆکیی سەرەکی لەنێوان دوکتور موسەددیقو شا دا بە ڕواڵەت لەسەر ئەوە بوو کە کێ وەزیری جەنگ دیاری دەکاو وەزیری جەنگ پەیڕەوی فەرمانی کێیە. تا ئەوکاتە وەزیری جەنگو سەرۆکی ستادی ئەرتەش لە لایەن شاوە دیاریدەکرانو دیارە بە ئەمری سەرۆك وەزیریان نەدەکرد. لە ئاکامدا موسەددیق بۆی دەرکەوت کە هەتا ئەرتەش لە دەستی شا دەرنەهێنێ ناتوانێ لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی خۆیو بەتایبەتی لەتەتبیق کردنی قانوونی میللیکردنی نەوتدا سەرکەوێ. دیارە ناکۆکییەکە لە بنەڕەت ڕا لەسەر لێکدانەوەی قانوونی ئەساسیی ئێران بوو. موسەددیق لەو بڕوایەدا بوو کە شا دەبێ پاشایەتی بکا نەك حوکمڕانی. هەر لەبەر ئەوە دەبێ وەزارتی جەنگیش بەدەست سەرۆك وەزیرەوە بێ.

وەختێك لە مانگی پووشپەڕی ١٣٣١دا مەجلیس حەڤدە کرایەوە، موسەددیق بە بیانووی نەخۆشی لە کردنەوەی مەجلیسدا بەشدار نەبووو لە نامەیەکدا بۆ شا نووسی کە هەشتا لە سەدی ئەو نوێنەرانە بە هەق هەڵبژێراون، بەڵام ٢٠ لە سەدیان بە ناهەق هاتوون بۆ نێو مەجلیسو نوێنەری خەڵك نین.

هەر لە سەرەتاوە دەستەیەکی ٤٠ کەسی لە نوێنەران وەك ئۆپۆزیسیون لە مەجلیسدا دژی موسەددیق ڕاوەستان. بەپێی ئوسوولی پارلمان موسەددیق لە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٣١ ئیستیعفای داو لاچوو. بەڵام چونکە لەنێو وڵاتدا نفووزێکی زۆری پەیدا کردبووو ئەو پشتیوانییەی کە لێی

دەکرا هەتا دەهات بەهێزتر دەبوو، شا ناچار دیسان موسەددیقی بە سەرۆك وەزیر دیاری کردەوە.

وەختێك لە ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٣١دا دوکتور موسەددیق ناوی وەزیرەکانی کابینەی خۆی برد بۆ لای شا، شا لەگەڵ هەموویان بێجگە لە وەزیری جەنگ موافەقەتی کرد. موسەددیق دیسان ئیستیعفای داو رایگەیاند کە بەم شێوەیە ئامادە نیە وەك سەرۆك وەزیر درێژە بەکاری خۆی بدا.

ئیستعیفای دوکتور موسەددیق وەك تۆپ دەنگی دایەوە. کۆمەلانی خەلك ئیستیعفای موسەددیقیان بە هیچ جۆر پەسند نەکرد. بەلام دیارە شاو دەولەتی بریتانیاو تەنانەت ئەمریکاش کە ئیدی لە سیاسەتی سازشت هەلنەگری موسەددیق وەڕەز ببوون، لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون کە موسەددیق وەلانێن. ئەوە بوو رۆژی ٢٧ی پووشپەڕ پاش ئەوەی ٤٠ کەس لە نوێنەرانی مەجلیس مەیلی خۆیان سەبارەت بە ئەحمەدی قەوام نیشان دا، شا قەوامی کرد بە سەرۆك وەزیر. بەم کارە خەلکی ئێرانو بەتایبەتی خەلکی تاران تێگەیشتن کە پیلانێکی زۆر گەورە لەگۆڕێدایە بۆ ئەوەی هەموو دەسکەوتەکانیانو بەتایبەتی دەسکەوتی میللیکردنی نەوتیان لەنێو بەرن. هەربۆیەش رۆژی ٣٠ی پووشپەڕ کۆمەلانی خەلك یەکپارچە لە تاران راپەڕین. راپەڕینی خەلك هێندە لە نەکاوو توندو تا رادەیەکی زۆر لەخۆوە بوو کە نەك هەر دەسەلاتی حاکم، بەلکوو هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەك جەبهەی میللیو بەتایبەتی حیزبی توودەشی خافلگیر کرد. بەلام راپەڕینی خەلك هێند تەواوو هێند پانو بەرین بوو کە هیچ هێزێك نەیتوانی بەرامبەری رابوەستێ. نە هەڕەشەی قەوامو نە هەولو تەقەللای کۆنپەرستیی نێوخۆی ولات، هیچیان نەیان توانی پێشگیریی لە راپەڕینی خەلك بکەن، ٣٠ پووشپەڕ نیشانیدا کە خەلکی ئێران بۆ هەموو فیداکارییەك لە رێگای پاراستنی ئازادیو دەسکەوتەکانیانو دابین کردنی سەربەخۆیی ولاتدا ئامادەن.

راپەڕینی ٣٠ی پووشپەڕ سەرکەوتو قەوام هیچ رێگای نەما بێجگە لەوە کە لابچێ. شاش هیچ رێگای نەما بێجگە لەوەی جارێکی دیکە موسەددیق بێنێتەوە سەرکار. بەڕاستی راپەڕینی ٣٠ی پووشپەڕ سەرکەوتنێکی گەورەی تەواوی جوولانەوەی میللی ـ دێموکراتی لە ئێراندا بووو نیشانیدا کە خەلکی ئێران خاوەنی هێزێکی یەکجار زۆر بە توانانو ئەگەر ئەو هێزە لەوەختی

خۆیداو بە باشی بەکار بهێنرێ هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ لە بەرامبەریدا رابوەستێ. لە تاران راپەرینەکە ئەوەندە چووە پێش کە تەنانەت هەموو پەیکەرەکانی رەزاشاو حەمەرەزا شایان هێنایە خوارێو شکاندیانن. مەترسیی ئەوە هەبوو کە ئەگەر قەوام زوو لانەچێ راپەرینەکە هەر لەخۆرا بگۆڕێو ببێ بە شۆڕشێکی گەورەو خەڵك خۆی راستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ.

لە ٣٠ی پووشپەڕدا هێزە میللییەکان سەرکەوتن، کۆنەپەرستی تێك شکاو رێگا خۆش کرا بۆ ئەوەی بەرنامەی دەوڵەتی دوکتور موسەددیقو بەتایبەتی قانوونی میللیکردنی نەوت لە وڵاتدا بێتەدی. بەداخەوە موسەددیق لەم سەرکەوتنە کەڵکی پێویستی وەرنەگرتو لە سەرکوت کردنی کۆنەپەرستیو بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمدا دوودڵیی لەخۆی نیشان دا. راپەرینی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ سەرکەوت، بەڵام ئمپریالیزمو ئەم جارە بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو کۆنەپەرستی لە ئێراندا بە سەرۆکایەتیی شا بێدەنگو بێکار دانەنیشتن. لە هەموو لایەکەوە دەستیان کرد بە فشار هێنان بۆسەر حکوومەتی میللیی دوکتور موسەددیقو بەداخەوە فشاری کۆنەپەرستیو ئیمپریالیزم زۆر جار هەماهەنگ بوو لەگەڵ فشارێك کە حیزبی توودەش بۆ سەر دوکتور موسەددیقی دەهێنا. بێجگە لەوە ئەمریکاو ئینگلیس دەستیان کرد بە گەمارۆدانی ئابووریی ئێران. دیارە پاش بێدەسەلات کردنی شیرکەتی نەوت، نەوت بۆ دەرەوە نەدەرۆییو داهاتی نەوت نەمابوو، وەزعی ئابووریی خراپ بوو. موسەددیق دەبوا ئەو وەزعە ئابوورییە نالەبارە چارەسەر بکا، بەڵام موسەددیق هەر لە سەرەتاوە نەزەرێکی دیکەی لەسەر رۆڵی نەوت لە ئابووریی وڵاتدا هەبوو.

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٣٠دا موسەددیق لە مەجلیسدا گوتی: **"ئەو نەوتە لە چل ساڵدا چ داهاتێکی بە ئێمە داوە؟ داهاتی ئێمە نەوت لەم ماوەیەدا تەنیا ١١٠میلیۆن لیرەی ئینگلیسی بووەو ئەو داهاتەش زۆربەی هەر بە ئەمری ئەو کەسانە کە داهاتەکەیان داوە بۆ کڕینی چەك خەرج کراوە. ئێمە دەبێ وا دابنێین وەك ئەفغانستانو دەوڵەتەکانی دیکە نەوتمان نیە. لە خەرجی**

**خۆمان کەم کەینەوەو داهاتی خۆمان زیاد کەین. میللەتیش تەحەمول بکا تا بتوانین نیری یەخسیری لە گەردنی خۆمان هەڵگرین."[1]**

ئەوە بوو کە بەرە بەرە دروشمی "ئابووریی بێنەوت" هاتەگۆڕێو بەڕاستیش وەك موعجیزە دەچێ کە لە زەمانی حکوومەتی موسەددیقدا وەزعی ئابووریی وڵات خراپتر نەبووە، لە هەمووی گرینگتر ئەوەبوو کە بۆ یەکەم جار تەوازونێك لە نێوان صادرات و وارداتی وڵاتدا پێك هات، هەرچەند ئەوکاتە ئێران ئیمکانی سادرکردنی نەوتی نەبوو. بەم جۆرە دەرکەوت کە دەکرێ وڵاتەکە بێداهاتی نەوت بژیو تەنانەت ئەگەر بەرنامەیەکی باشی نیشتمانی هەبێ، ئابووریی وڵاتەکەش ڕێكو پێك تر لە جاران هەڵدەسووڕێ.

هەرچی جووڵانەوەی گەلانی ئێران پتر گەشەی دەکرد، دوژمنانیش زیاتر هەوڵیان دەدا بەرگریی لێبکەنو لەپێش هەمووان‌دا ئامانجیان ئەوەبوو حکوومەتی موسەددیق کز بکەنو لای بەرن، بۆ ئەم مەبەستەش لەهەر جێگایەك کە بۆیان هەڵ دەکەوت زەبریان لێدەدا. ڕفاندنو کوشتنی سەرۆکی پۆلیسی تاران، ئەفشاری تووسی، خزمو هاوکاری وەفاداری موسەددیق کە لە مانگی بانەمەڕی ۱۳۳۱دا رووی‌دا نیشانەیەکی تازە لە رقو بێزاریی دوژمنانی گەل لە دەسەڵاتی موسەددیق بوو. بەڵام ئەو زەبرانە حکوومەتی موسەددیقیان کزتر نەکرد بەڵکوو بە پێچەوانە بوون بەهۆی بەهێزتر بوونی، بۆیە دوژمنانی بەرە بەرە بیریان لە کودیتای راستەوخۆ کردەوە. بە پشتیوانی ئایەتوڵڵا بێهبەهانیو تا رادەیەکیش ئایەتوڵڵا کاشانی رۆژی ۹ی ڕەشەمەی ۱۳۳۱ خۆپیشاندانێك لە تاران ساز بووو راگەیاندرا کە شا بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆی لە سیاسەتی موسەددیق، دەیهەوێ ئێران بەجێبێڵێ. خۆپیشاندەران داوایان دەکرد کە شا نەڕوا. ئەوان ژمارەیان زۆر کەم بووو هێندێك ئەرتەشیو چەند کەسێکی بەڕاستی بەدناوی کۆمەڵ وەك شەعبان بیمۆخ کە چەقۆکێشێك بوو یا وەك مەلەکە ئیعتیزادی کە رابردوویەکی خاوێنی نەبوو، لەگەڵیان کەوتبوونو شیعاریان دەدا شا نابێ بڕوا، شا دەبێ بمێنێتەوە. لەو کاتەدا لە تاران زۆر کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی گەورەتر دژی شاپەرستان پێك هات کە هێندێ دیاردەی تایبەتییان

---

١ـ باختر امروز ١٩ی سەرماوەزی ١٣٣١. (د)

تێدا بەدی دەکرا. یەکەم ئەوەبوو کـە دروشمـەکانیان زۆر لێـك جیـاواز بـوون. دروشمـی ئەوانـەی لایەنگری حیزبی توودە بـوونو بەڕاسـتیش ئەوکاتـە وەك هێزێکـی سـەرەکی دەهاتنـە بەرچـاو ئەوەبوو: **"ما مردم بیداریم، ما شاه نمیخواهیم." "شاه باید برود"**[1] دروشمی گشت لایـەنگرانی موسەددیق وەك یەك نەبوو. ئەوانەی کە هـەم لایـەنگری موسـەددیقو هـەم لایـەنگری حیزبـی زەحمەتکێشانی دوکتور موزەففەری بەقایی بـوون، دروشمیـان: **"هـم شـاه و هـم مصـدق"** بـوو. دروشمی ئەوانەی لایەنگری جەبهەی میللی بوون و "نیروی سوم"ی خـەلیلی مەلیکشـیان لەگـەڵ بوو: **"از جان خود گـژشتیم، با خون خود نوشتیم یا مرگ یا مصدق"**[2]بوو. دیارە ئەوکاتـە زۆر دروشمیش دژی دەربار، ئەشرەفی پەهلەویو هەروەها دژی حکوومـەتی نیزامی دەدران کـە خـەڵك ئەو کاتە بە سەگی پاسەوانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستییان ناو دەبرن.

دیارەدیەکی تایبەتی دیکەی ئەوکاتە میتینگی مەوزیعی بوو. ئەندامانو لایەنگرانی حیزبـی توودە ئەو میتینگانەیان لە جێگایەك ساز دەکرد کە خەڵکی زۆر لـێیە، بۆ وێنە لەبەر سینما یا لەو شەقامانە کە هاتوچۆ زۆرە، بە جارێك چەند کەسێك کۆدەبوونەوە یەکێك دەچـووە سەرشـانی ئەوانی دیکەو دەستی دەکرد بە دروشم دانو هـان دانـی خـەڵك. کـە پـۆلیس یـا مـەئمووڕانی فەرمانـداریی نیزامـی خەبـەردار دەبـوونو دەگەیشـتنێ، لـەو جێگایـە بڵاوەیـان دەکـردو میتینگەکەیان دەبرد بۆ جێگایەکی دیکە. بەم شێوەیە ئەم میتینگـە لـە مـاوەی ڕۆژێکـدا لـە چەندین جێگا دووپات دەبۆوە لە سەر یەك ئەم کارە زۆر سەرکەوتوو بوو.[3]

---

١ـ ئێمە خەڵکی وشیارینو ئێمە شامان ناوێ. شا دەبێ بڕوا. (د)

٢ـ لە گیانی خۆمان بووردووین، بە خوێنی خۆمان نووسی: یا موسەددیق یا نەمان. (د)

٣ـ بۆ وێنە زۆر جار ئەوەی لە میتینگەکەدا قسەی دەکرد بارانیی دووڕەنگی پێبوو یا دووسێ چاکەتی پێبوون. پاش ئەوەی قسەکانی خەلاس دەبوو دەهاتە خۆارێ بارانی یا چاکەتەکەی دەگۆڕیو خۆی دەخستەنێو خەڵکەوە. وەختێك مەئموورانی فەرمانداریی نیزامی یا پۆلیس دەهاتن نەیان دەزانی کێ قسەی بۆ خەڵك کردوە.

جارێك یەکێك لەوانەی کە دروشمی دەدا: " شاه باید برود" ناسراو گیرا. پۆلیسەکان لیيان دەداو دەیان گوت دەبێ بڵێی "شاه نباید برود" ئەویش دەستی کرد بە هاوارو بە دەنگێکی بەرز هەر دەیگوت: "شاه نباید برود" جارێك ئەو دروشمەی دەگوتو هەنگاوێك دوور دەکەتەوە. پۆلیسەکان کە دیتیان هەر ئەو دروشمە دووپات دەکاتەوە وایان زانی بەهەڵە گرتوویانەو بەریاندا، ئەویش هەر خۆی دوور دەخستەوەو هەر دەیگوت: "شاه نباید برود" تا گەیشتە شوێنێك کە زانی

ڕووداوەکانی ٩ی ڕەشەمە بە ڕوونی نیشانیان دا کە هەموو ئەو هەراو هۆریایە پیلانێك بوو کە لە لایەن شاو ئیمپریالیستەکانەوە دانرابوو. موسەددیق لە دەستێوردانی شاو دەربار لە کاروباری دەوڵەتیدا ناڕازی بووو دژایەتیی خۆی لەگەڵ ئەو دەستێوردانە ڕاگەیاندبوو. شا بە موسەددیقی گوتبوو کە دەیەوێ سەفەر بکاو بۆ ماوەیەك بچێتە دەرێو پێشی خۆش نیە هیچ کەس لەو سەفەرە ئاگادار بێ. بەڕاستیش شا بەرامبەر بە تووڕەیی موسەددیق پاشەکشەی کردبوو، بەڵام مەبەست لەو پیلانە ئەوەبوو کە خەبەری سەفەری شا بڵاو بێتەوەو پاشان خەڵك هێرش بکەنەوە سەر موسەددیقو حکوومەتی موسەددیق یان خودی ئەو لەناو بەرن.

کاتێك خۆپیشاندەرەکان خۆیان گەیاندە ماڵی موسەددیق ئەو توانی ڕابکا بۆ ماڵی دراوسێی خۆیو لەوێش ڕا خۆی بگەیەنێتە ستادی ئەرتەشو ڕزگار بێ. بەم جۆرە پیلانی ٩ی ڕەشەمە سەری نەگرتو ئاکامی ئەوە بوو کە موسەددیق سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناو نفووزی شا یەکجار زۆر هاتە خوارێو ئیمکانی ئەوە پێك هات کە موسەددیق بتوانێ بەیەکجاری وڵات لە دەستی شاو دەربار ڕزگار بکا. بەڵام هەروەك پاشان دەرکەوت هێندێك کەسی دەوروبەری موسەددیقو ئەندامانی زۆر خاوەن دەسەڵاتی جەبهەی میللی بەوە ڕازی نەبوون.

کۆمیسیۆنێکی هەشت کەسی لە نوێنەرانی مەجلیس پێك هات بۆ ئەوە ناکۆکیی نێوان سەرۆكوەزیرو شا چارەسەر بکا. هەرچەند لەو کۆمیسیۆنەدا دوکتور بەقایی دەبینرا کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دەربارو شا هەبوو بەڵام لەسەر بەندەکانی جێی ناکۆکیی قانوونی ئەساسی گەڵاڵەیەکی پێشنیار کرد کە ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە پەسند کرابا، موسەددیق بە ئاواتی خۆی دەگەیشتو دروشمەکەی وەدی دەهات کە دەیگوت شا دەبێ پاشایەتی بکا نە حوکمڕانی.

پاش ٩ی ڕەشەمە هێزە گەلییەکان بەتایبەتی جەبهەی میللیو حیزبی توودە لێك نیزیك بوونەوە، بەڵام سیاسەتی حیزبی توودە بەرامبەر بە موسەددیق جارێ بە تەواوی نەگۆڕابوو. ڕۆژێك پاش تێك شکانی کوودیتای ٩ی ڕەشەمە واتە ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٣١ ڕۆژنامەی "مردم"

---

ئیدی پۆلیسەکان نایگەنێ، ئەو کاتە گوتی: "شاه نباید برود باید بماند و مجازات شود" پۆلیسەکان وەدووی کەوتن بەڵام نەیان توانی بیگرن. (د)

نوسیبووی: **" دەوڵەتی موسەددیقو دەرباری كوڕی ڕەزاخان یەك لە یەك خراپترنو كێشەی ئەوان لە چوارچێوەی قازانجی ئیمپریالیستەكان دایە."**

پیلانی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٣١ شكستی خوارد، بەڵام دەركەوت كە لەو كارەساتەدا موسەددیقو لایەنگرانی بەتاقی تەنیا بوون، چونكە ئەمجارە بە پێچەوانەی ٣٠ی پووشپەڕ ئایەتوڵڵا كاشانییش پشتیوانیی لە شا كردو دژایەتیی خۆی لەگەڵ سەفەری شا بۆ دەرەوە دەبڕی.

پیلانی ٩ی ڕەشەمە سەرەتایەك بوو بۆ ئەو پیلانە كە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ بەڕێوە چووو سەركەوت. لە پیلانی ٩ی ڕەشەمەدا دەركەوت كە ئیدی ئەمریكاییەكان هیوایان لە موسەددیق بڕیوەو لەمەودوا نەك هەر پشتیوانیی لێناكەن بەڵكوو بەرە بەرە سەرۆكایەتیی پیلانگێڕان وەئەستۆ دەگرن. پاش ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ سیاسەتی ئەمریكا هێشتا هەر ئەوە بوو لەگەڵ موسەددیق بەشێوەیەك ڕێك كەوێ. ئەو هەڵوێستەی ئەمریكا دوو هۆی هەبوو. یەكەم ئەوە كە ئەمریكا تێگەیشتبوو زۆربەی خەڵكی ئێران پشتیوانی لە موسەددیق دەكەن. دووهەم ئەوە كە ئەگەر ئەمریكا پشتیوانی لە موسەددیق نەكا كە بە هێزێكی میلليو بێلایەن دەهاتە بەرچاو، بە بیروڕای كارگێڕانی ئەمریكا مەترسیی ئەوە هەبوو كە لە ئێران كومونیزم سەركەوێ. موسەددیق بە نەزەری ئەمریكا هێزێك بوو دەیتوانی كە لە چوونەپێشی كۆمونیستەكان لە ئێراندا پێشگیری بكا. پاش پووشپەڕی ١٣٣١ سیاسەتی موسەددیق بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئینگلیسو هەروها سیاسەتی ئەمریكا توندتر بوو. موسەددیق زۆر جار داوای یارمەتیی ماڵیی لە ئەمریكا كرد، ئەمریكاش هەموو یارمەتیی خۆی بەوەوە بەستبوو كە گیروگرفتی نەوت بە جۆرێك چارەسەر بكرێ كە ئەمریكاو ئینگلیس پێیان خۆشە. ئەمریكا تا ئەو ڕادەیە پشتیوانی لە موسەددیق دەكرد كە دژی قازانجی دەوڵەتی بریتانیا بوو، كە زانی سیاسەتی موسەددیق قازانجی گشتیی ئیمپریالیزم لە ئێرانو تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا وەمەترسی دەخا، دژی موسەددیق ڕاوەستا. هۆی دیكەی دوژمنایەتیی ئەمریكا لەگەڵ موسەددیق ئەوەبوو كە پاش ٣٠ی پووشپەڕ بەشێوەیەكی نهێنی بۆ دابەشكردنی نەوتی ئێران لەگەڵ ئینگلیس ڕێك كەوتبوو. بەم جۆرە موسەددیق ناچار بوو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریكا

بگۆڕێ. ئەوە بوو کە ئەمریکا لە ئامادەکردنی پیلانی ٩ی ڕەشەمەدا بەشداریی کرد. پیلانی ٩ی ڕەشەمە تەمرینێکی گشتی بوو بۆ جێبەجێ کردنی سەرکەوتووانەی کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ.

هەرچی جوولانەوە لە ئێراندا زیاتر دەچووە پێش‌و هەرچی خەڵك یەکگرتووتر دەبون، بەو ئەندازەیەش ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی دژی بزووتنەوە توندتر دەجوولانەوەو هەرچی هێزی پاشەکەوتیان هەبوو دەیان هێنا بۆ نێو مەیدانی بەرەنگار بوون. لە مانگی جۆزەردانی ١٣٣٢دا لە تاران بەرەیەکی یەکگرتووی دژی گەلی پێك هاتبوو. بەم بەرەیە کە بریتی بوو لە ئایەتوڵڵا کۆنەپەرستەکان کە دژی سیاسەتی موسەددیق‌و لایەنگری شا بوون، ئەرتەشی‌یەکان کە دیارە لە ژێر فەرمانی شا دابوون، زۆر چالاکانە دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی موسەددیق‌و پەرەگرتنی جوولانەوەی گەلانی ئێران نیشان دا. بەری دژی گەلی کەسانی ئەوتۆشی تێدا بوون کە لە کۆمەڵدا بە خراپی ناویان دەرکردبوو. وەك شەعبان بی‌موخ سەرۆکی چەقۆکێشان یا مەلەکە ئیعتیزادی کە لە خۆپیشاندانی ٩ی ڕەشەمەشدا بەشداری‌یان کردبوو. ئەوانە هەرچی لات‌و لووت هەبوو لە دەوروبەری خۆیان کۆکردبوو، بەم جۆرە بەرەیەکی یەکگرتوو لە ئایەتوڵڵاکان‌و ئەرتەشی‌یەکان‌و لات‌و لووتەکان بە سەرۆکایەتیی دەربارو شا پێك هاتبوو.[1] لە دەرەوەش پاش ئەوەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە موسەددیق گۆڕی، ئەمریکاو ئینگلیس ناکۆکی‌یەکانی خۆیان بە دەرەجە دوو دانا‌و بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی نیشتمانیی موسەددیق ڕێك کەوتن. ئەمجارە ئیدی سەرۆکایەتیی دژایەتی لەگەڵ موسەددیق بە ئاشکرا کەوتە دەستی ئەمریکا یا وردتر بڵێین دەزگای جاسووسیی سیا. لە دەرەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئینگلیس یەکیان گرت، لە ژوورەوەش ئەوبەرە یەکگرتووە پێك هاتبوو، ئاڵقەی نێو ئەو دوو بەرە یەکگرتووەش باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوو. سیا هەر لەو کاتەوە نوێنەری خۆی بە ناوی "کرومیت روزویلت" ناردبوو بۆ تاران‌و خەریکی چالاکی بوو و بەرپرسیاتیی ڕووخاندنی حکوومەتی موسەددیقی وەئەستۆ گرتبوو. بەم جۆرە ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی بۆ لابردنی موسەددیق بە

---

١ـ کە باسی دەربار دەکەین لە پێش هەمووان دا مەبەست ئەشرەفی پەهلەوی خۆشکی حەمەڕەزاشاو مەلەکەی دایکیەتی. (د)

تەواوی یەکگرو یەکپارچە بوون. بـەڵام بەامبـەر بـەوان، بـەرەی گـەل پتـەوو یەکپارچـە نـەبوو. هەرچەند پاش ٩ی رەشەمە جەبهەی میللیو حیزبی توودە لێك نزیـك ببونـەوە، بـەڵام هێشـتا بۆچوونی حیزبی توودە بەرامبەر بە جەبهەی میللی هەر ئەوە بوو کە دیفاع لە قازانجی بەشێك لە ئیمپریالیستەکان دەکا (کە دیارە مەبەسـت ئیمپریـالیزمی ئـەمریکا بـوو)و نـاکۆکیی دوکتـور موسـەددیق لەگـەڵ ئیمپریـالیزمی بریتانیـای بـە حیسـابی نـاکۆکی لـە نێـوان دوو دەوڵـەتی ئیمپریالیستی دادەنا. لە لایەکی دیکەشەوە هێندێك لەوانەی لـە دەوروبـەری موسـەددیق بـوون تەواوی هەوڵیان ئەوە بوو کە نـەهێڵن دوکتـور موسـەددیق لـە حیزبـی تـوودە نیزیـك بێتـەوەو موسەددیقیان بەوە دەترساند کە نیزیك بوونەوە لـە حیزبـی تـوودە دەبێـتە هـۆی سـەرکەوتنی کومونیزم لە ئێراندا. هەروەها ئەوان زۆریان هەوڵ دەدا وەزعێکی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە ئەمریکا لە مەترسیی کومونیزم لە ئێران نەترەی بچێ. کـەوابوو نـاکۆکیو نـەبوونی سیاسـەتی یـەکگرتووو تەنانەت نەبوونی یەکیەتیی کردەوەش لە نێوان جەبهەی میللیو حیزبی توودەدا بەتەواوی بەرچاو بوو. لە ئاکامی ئەو ناکۆکییەدا زۆر لە چینو توێژە نێونجییەکان کـە بـە تـەواوی نـە لایـەنگری جەبهەی میللی بوونو نە لایەنگری حیزبی توودە، بـەڵام ئەگـەر ئـەو دوو هێـزە یـەکیان گرتبـا لەگەڵیان دەکەوتن، سەرگەردان مابوونو نەیان دەزانی پشـتیوانی لـە کـام یـەك لـەو دوو هێـزە بکەن.

بە کورتی ئەگەر بەرەی دژی گەلی یەکگرتو بوو، بـەرەی گـەلی بـە هـیچ جۆرێـك یەکپارچـە نەبوو. ئەوە خۆی نوقتەکزیی هەرە گەورەی جووڵانەوەی نیشتمانیی ئەو کاتـە بـوو. لـە بـەهارو هاوینی ساڵی ١٣٣٢دا زۆر روون بوو کە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی بە پەلەن لە یەکەم دەرفەتدا دەوڵەتی موسەددیق بڕووخێننو دەوڵەتێکی دژی گەلیی سەربە خۆیان بێننە سەرکار.

دوکتور موسەددیق بۆ کز کردنی نفووزی شا هێندێك هەنگاوی دیکەشی هەڵێنانەوە. لەپێشدا هەر لە مانگی جۆزەردانی ١٣٣٢دا ملکەکانی پەهلەویی لە شا وەرگرتەوە کە شا وەختـی خـۆی بە زۆر لە خەڵکی ئەسـتاندبوونو حەمەڕەزاشـاش داهاتـەکانی خـەرجی ئامـادەکردنی کودیتـاو زەبرلێدانی حکوومەتی دوکتور موسەددیق دەکرد. بەم شێوەیە دژی گەلییەکان داهاتێکی زۆریان لـێبڕا.

کۆسپێکی دیکە لەسەر ڕێگای چوونەپێشی سیاسەتی دوکتور موسەددیق، مەجلیس بوو. مەجلیس بەرە بەرە ببوو بە بنکەی پیلانگێڕانو زۆر لەوانە کە پیلانیان دەگێڕاو خۆیان لە مەترسیدا دەدی، لە مەجلیس بەست دادەنیشتن خۆیان لە گیرانو زیندان بوون دەپاراست وەك سەرلەشکر زاهیدیو دوکتور بەقاییو هی دیکە.

ئیمپریالیزمو کۆنەپرستی پێیان خۆش بوو ئەوەندە کە دەگونجێ دەوڵەتی دوکتور موسەددیق بەشێوەیەکی قانوونی بڕوخێنن، واتە هەڵو مەرجێکی ئەوتۆ پێك بێنن کە مەجلیس دەنگی متمانەی بۆ نەدا. ئەوەبوو کە لە سەرەتای مانگی گەلاوێژدا موسەددیق هاتە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ مەجلیس هەلوەشێو بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا کە ڕێفراندۆم بکرێ.

ڕۆژی ٥ی مانگی گەلاوێژ لە پەیامێکی ڕادیۆییدا موسەددیق گوتی: **" بەو وەزعەی ئێستا مەجلیسی حەڤدە هەیەتی، هیوا بە هیچ چەشنە سەرکەوتنێك لە خەباتی گەلانی ئێراندا نیە. دەوڵەت ناچارە لە ئێوە خەڵکی نیشتمان پەروەر داوا بکا کە بیروڕای خۆتان بەرامبەر بە مانەوە یا هەڵوەشانەوەی مەجلیس بە ڕاشکاوی دەربڕن"**. ڕۆژی ١٢ گەلاوێژ لە تارانو ڕۆژی ١٩ی گەلاوێژ لە شارەکان ڕێفراندۆم پێك هات. لە تاران ١٦١ هەزار کەسو لە شارستانەکان یەك میلیۆنو حەوسەدو چل هەزار کەس دەنگیان بە هەڵوەشانەوەی مەجلیسدا. دەنگی دژی هەڵوەشاندن کەم بوو. بەڵام دەنگی پشتیوانی لە داوای موسەددیقیش لە سەرانسەری ئێراندا بەو شێوەیە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا، چونکە هێندێك لەو کەسانە کە لە جەبهەی میللی جیا ببوونەوە دژی ڕێفراندۆم ڕاوەستان. بێجگە لە بەشێکی دەزگای دەوڵەتیو بەتایبەتی ئەرتەش، زۆر کەسو هێزی کۆنەپەرستی دیکە وەك ئایەتوڵڵاکان دژی ئەو ڕێفراندۆمە بوون. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، ڕێفراندۆم بۆ سیاسەتی نیشتمانیی دوکتور موسەددیق سەرکەوتنێکی گەورە بوو.

## ٣ـ گەشەکردنی تێکۆشانی حیزب

لە سەرەتا هاوینی ١٣٣١دا هەڵبژاردنی مەجلیسی حەڤدە تەواو بوو. زۆر لە نوێنەرانی ئەو مەجلیسە لە لایەن خەڵکەوە هەڵنەبژێرابوونو بەڵکوو بەهۆی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەرتەشو لەبەر دەخالەتی پیاوانی خاوەن دەسەڵاتو مالیکی گەورەو دەرەبەگ، و ئەو کەسانە کە لەنێو دەزگای دەوڵەتیدا نفووزیان هەبوو، توانیان بچنە نێو مەجلیسی حەڤدە.

نموونەی هەرە بەرچاوی دەستێوەردانی ناڕەوای دەربارو ئەرتەش، هەڵبژاردنی مەهاباد بوو. کە هەڵبژاردن لە مەهاباد دەستی پێکرد چەند کەس خۆیان کاندید کرد، کە گرینگ ترینیان محەممەدی کەیوانپوور بوو کە خۆی بە کاندیدی جەبهەی میللی دادەنا.[1] دووهەمینیان حەسەنی ئیمامی، ئیمام جومعەی تاران بوو کە دەربار پشتیوانیی لێدەکردو سێهەمینیان صارمی صادق وەزیری بوو کە هەر چەند نە بەڕەسمی بەڵام بەکردەوە کاندیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.[2]

لەگەڵ هەموو ئەو فشارەی ستادی ئەرتەش دژی صادق وەزیری و ئەو کەسانە کە پشتیوانی بوون بەکاری هێنا، لەو هەڵبژاردنەدا لە خودی شاری مەهاباد لە ۱۸۵۰ دەنگی دروست ۱۵۳۵ کەسیان واتە ۸۷٪ی خەڵك دەنگی خۆیان بە صادق وەزیری دا. هەرچەند صادق وەزیری خەڵکی مەهاباد نەبووو هەرچەند حیزبی دێموکراتیش نهێنی بوو، بەڵام خەڵك ئاگایان لە رابردووی سیاسی، پێشکەوتنخوازیو نیشتمانپەروەریی صادق وەزیری هەبووو دەشیان زانی کە کاندیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، بۆیەش خەڵکی مەهاباد بەتێکڕایی پشتیوانییان لێکرد. لە کاتێکدا حەسەنی ئیمامی لەنێو شاری مەهابادا بە هەموویەوە ۲۰ تا ۳۰ دەنگی زیاتر نەهێنابوو.[3] هەڵبژاردنی مەهاباد ئەو راستییەی دەرخست کە خەڵك هەروەك سەردەمی کۆماری کوردستان لایەنگری حیزب دێموکراتەو لایەنگری لەم حیزبە نەك لەنێو نەچووە بەڵکوو بەهێزتریش بووە. هەروەها ئەو هەڵبژاردنە راستییەکی دیکەشی سەلماند کە ئەگەر خەڵك یەکگرتوو رابوەستنو خەبات بکەن، دەتوانن بەسەر فروفێڵو فشاری ئەرتەشو دەزگای دەوڵەتیدا

---

۱ـ محەممەدی کەیوان پوور لە پاشان ناوی خۆی گۆڕیو پاش کودیتای ۲۸ی گەلاوێژ لە پاریس دوکتورای وەرگرتو بە دوکتور محەممەدی موکری ناوبانگی دەرکرد. بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا گەڕایەوە بۆ ئێرانو بوو بە باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی لە مۆسکۆ. هەرچەند پێشتر خۆی بە لایەنگری جووڵانەوەی گەلی کورد نیشان دەدا بەڵام لەماوەی شەڕی سێمانگەدا (گەلاوێژ ـ رەزبەریساڵی ۱۳۵۸) زۆر ناپیاوانە دژایەتیی خۆی لەگەڵ گەلی کوردو داخوازەکانی دەبڕی. پاش ماوەیەك لە مۆسکۆ بانگ کرایەوە بۆ تارانو تاوانبار کرا بە جاسووسیو خرایە بەندیخانەوە.

۲ـ ئەو کاتە حیزبی دێموکرات تێکۆشانی ئاشکرای نەبووو نەیدەتوانی کاندیدی رەسمیی هەبێ. (د)

۳ـ صارم صادق وزیری: گوشەای از خاطرات گذشته، نسخەء خطی ۱۳٦٤ ص ۲۷ ئەم یادداشتانەی لەسەر داوای بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات نووسراوە. (د)

زاڵ بن. ئەم سەرکەوتنە لەم کاتەدا ئەزموونێکی زۆر گەورە بوو بۆ گەلی کوردو نیشانیشی‌دا کـە هێزێکی شۆڕشگێڕی بەتوانا لەنێو جەرگی کۆمەڵی کـوردەواری بەگشـتی‌و مـەهاباد بەتایبـەتی شاردراوەتەوە. بەڵام هەروەك دوکتور موسەددیقیش لە دیفاعیاتی خـۆی‌دا ئیشـارەی پـێ‌کردوە، شاو ئەرەتەش بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوو ڕێگا بدەن صارمی صادق وەزیری بچێتە مـەجلیس. لە ئاکامدا لە ناوچە عەشـیرەتی‌یەکانی دەوروبـەری مـەهاباد ئەرتـەش بـە زۆرو فروفێـل نـاوی حەسەنی ئیمامی لە سندووقەکان دەرهێناو کردی بـە نوێنـەری مـەهاباد کـە نـە لـە مـەهاباد ژیابووو نە مەهابادی دیبووو نە خـەڵکی مـەهاباد دەیـان ناسـی. لـە مەجلیسیشـدا هەرچـەند سەرۆکی کۆمیسیۆنی سکاڵاو دوکتور کەریمی سەنجابی لە بەرێوەبەرانی جەبهەی میللی بوو، گوێ نەدرایە شکایەتی خەڵکی مەهابادو کاندیدەکـەیان صـارمی صـادق وەزیـری، و ئیعتبارنامـەی حەسەنی ئیمامی بە موافەقەتی نوێنەرانی جەبهەی میللی پەسند کرا.[1]

لە مانگی ڕەزبەری ١٣٣١دا دەوڵەتی موسەددیق قـانوونێکی پەسـند کـرد بـەناوی قـانوونی سەدی بیست. ئەم قانوونە لەسەر دابەش کردنی بەرهەم لە نێوان وەرزێرو خـاوەن مڵـك دا بـوو. بەپێی ئەو قانوونە پاش ئەوەی حاسڵەکە لەنێوان وەرزێـرو خـاوەن ملكـدا دابـەش کـرا، سـەدی بیستی بەشی خاوەن ملك دەبوا لێی وەربگیرێ، سەدی دەی بدرێ بە وەرزێرەکانو سـەدی دەشـی بەهۆی شوورای ئاوەدانی‌یەوە خەرجی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکە بکرێ. ئەو قانوونە، قانوونێکی شۆڕشگێڕانە نەبوو. بەڵام ئەگەر وەزعی پێوەندیی نێو وەرزێرو خاوەن ملکـی ئـەو کاتـە بخەینـە بەرچاو، هەنگاوێك بەرەوپێش بوو، چونك دەوڵەتێك کە لەسـەرکار بـوو ئـەو قانوونـەی پەسـند کردبوو. ئەو قانوونە لە زۆر جێگا وەرزێرانی بۆ وەرگرتنی هەقی خۆیان هان دا.

ئەوەبوو کـە لـە زسـتانی ١٣٣١دا لـە کوردسـتان بـەرێوەبردنی ئەوقانوونـە بـوو بـە هـۆی ڕاپەڕینێکی پانو بەرینو توندی جووتیارانی دەوروبەری بۆکانو مەهاباد واتە ناوچەی موکریـان. لە دەوروبەری بۆکان، هەروەها لە شامات، چۆمی مەجیدخانو شاروێرانو سندووسیش جووتیاران کۆمیتەی خۆیان پێك هێناو داوایان کرد کە قانوونی سەدی بیست تەتبیق بکـرێ. تەنانـەت بـۆ

---

١ـ هەر لەوێ ص ٣٢

ئەوەی بتوانن بەرامبەر بە ئیدارەکانی دەوڵەتی رابوەستن یا نەهێڵن قسەی خاون ملکەکان لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا بچێتە سەر لەنێوخۆیاندا دراویان کۆکردەوەو کۆمیتەکانی خۆیان وەکارخستو نوێنەرانی خۆیان نارد بۆ شارەکان.

ئەو کاتە لە لایەن دەسەڵاتی حوکمدارەوە لە سەرانسەری ئێرانو بەتایبەتی لە کوردستاندا دوو سیاسەت بەرێوە دەچوو، یەکێکیان سیاسەتی دەوڵەتی موسەددیق بوو، ئەوی دیکەیان سیاسەتی ئەرتەش بوو کە راستەوخۆ ئەمری لە شا وەردەگرت. هەرچەند دەوڵەتی دوکتور موسەددیق قانوونی سەدی بیستی پەسند کردبوو، بەڵام ئامرازی تەتبیقی ئەو قانوونە لە راستیدا بەدەست دەوڵەتەوە نەبوو، ئامرازی وەدی هێنانی ئەو قانوونە هەر پێك نەهاتبوو. چونکە ئەرتەش خۆی لە هەموو ئێراندا خاوەن دەسەڵات بووو بەتایبەتی لە کوردستان کە ناوچەیەکی میلیتاریزە کراو بووو راستەوخۆ لە هەموو کاروبارێکدا خاوەن قسە بووو زۆربەی زۆری دەسەڵاتی دەوڵەتیش بەدەستی ئەرتەشەوە بوو. جووتیاران زۆر ئازایانە دژی خاوەن ملکە گەورەکانی بۆکانو دەوروبەری مەهاباد راپەرینو لەم رێگایەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات هەم رێنوێنییان کردنو هەم یارمەتییان دان. بزووتنەوەی جووتیاران زۆر پەرەی گرتو تەنانەت تەئسیریشی کردە سەر شاری بۆکان، بۆکان هەرچەند لەو کاتەشدا هەر بە شار لەقەڵەم دەدرا بەڵام لە راستیدا زۆربەی زۆری خانووبەرەو دوکانەکانی بۆکان ملکی بنەماڵەی حاجی ئیلخانیو بەتایبەتی قاسم ئاغای ئیلخانیزادە بوونو ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی بۆکان وەك رەعیەتی خۆیان دەجووڵانەوەو زۆر زوڵمیان لێدەکردن. جووڵانەوە لەگەڵ بەرهەڵستیی یەکگرتووی ئەرتەشو بەشێك لە دەزگای دەوڵەتیو هەروەها خاوەن ملکەکانو سەرۆك عەشیرەتەکان بەرەروو بوو. لەو کاتەدا هەرچەند پاش تێك چوونی کۆماری کوردستان، رێکخراوەکانی حیزبی بە تەواوی نەبووژانەوە، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو بارەوە یارمەتییان بە جووتیاران دەدا. لە لایەکەوە راستەوخۆ رێنوێنییان دەکردن کە چۆن هەقی خۆیان بەپێی قانوونی پەسند کراو وەربگرن. هەروەها تێیان دەگەیاندن کە جێبەجێ کردنی ئەو قانوونە پاشەکشەیەکی گەورە بۆ خاوەن ملکە گەورەکانو رێگا بۆ خەباتی دوارۆژ خۆش دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە تێدەکۆشان راپەرینو تێکۆشانی جووتیاران لە چاپەمەنییەکانی پێتەختدا کە ئازادییەکی نیوەچڵی تێدا بوو

دەنگ بداتەوەو تەئسیری سیاسی دابنێ‌و بەڕاستیش لەو بارەوە کارێکی یەکجار زۆر بەنرخ کـرا. بەڵام دەرەبەگەکان بە یارمەتیی ئەرتەش‌و ژاندارمری توانیان ئەو راپەڕینە کە هەتا بەهاری ساڵی ۱۳۳۲ درێژەی هەبوو سەرکوت بکەن. دەرەبەگەکان لە لایەن ئەرتەشـەوە چـەکیان درایـەو ئـەو چەکانەیان بەدژی جووتیاران بەکار هێناو زۆر کەسیان لـێ‌کوشتن‌و زۆریشیان مـاڵ وێـران کـردن‌و ناچاریان کردن وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن‌و دەربەدەر بن.

هەرچەند ئەو راپەڕینە سەرکوت کرا، بەڵام لە ئاکامی دەنگ دانـەوەی لـە تـاران‌و هـەروەها یارمەتیی حیزبی دێموکرات بە جووتیاراندا، دەوڵـەت پـاش ماوەیـەك پێشـی بـە هێنـدێك لـە دەرەبەگەکان گرت‌و نەی‌هێشت درێژە بە کوشتارو ئازاری جووتیاران بدەن. تەنانەت چەند کەسێك لە دەرەبەگەکان گیراون‌و تاوانبار کران کە خەڵکی ئاسایی‌یان کوشتوە یا دەرەبـەدەریان کـردوون. بەڵام ئەرتەش نفووزی زۆر بووو بەتایبەتی سەرتیپ موزەففەری کـە ئەوکاتـە فەرمانـدەی تیپـی مەهاباد بوو، وەك ئەفسەرێکی بـەرتیل خـۆر ناسـرابوو. دەرەبەگـەکان بـە دانـی بـەرتیل‌و بـە پشتیوانیی ئەو توانیان خۆیان لە دادگاکانی دەزگای دادپەروەری ئێران رزگار بکەن‌و ئازاد بن.

رەوتـی هەڵبـژاردن لـە مـەهابادو راپـەڕینی جووتیـاران زۆر بـەجوانی بـە هـەموو هێـزە دێموکراتی‌یەکانی ئێرانیان نیشاندا کـە توانایـەکی شۆڕشـگێڕانەی یـەکجار زۆرگـەورە لـە نێـو کۆمـەڵی کـوردەواری‌دا شـاردراوەتەوەو لـە دوارۆژدا کوردسـتان دەتوانـێ ببـێ بـە بنکەیـەکی شۆڕشگێڕی بۆ سەرانسەری ئێران. بەڵام لە پێش هـەمووان دا هەڵبـژاردنی مـەهابادو راپـەڕینی جووتیاران حیزبی دێموکراتی کوردستانی وشیار کردەوە. ئێستا ئیدی زۆر پێویست بوو کە حیزبی دێموکرات هەرچی زووتر لـەم هـەل‌و مەرجـە کـەڵك وەربگـرێ‌و رێکخراوەکـانی خـۆی زینـدوو بکاتەوە.

پاش ۹ی رەشەمە جووڵانەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ئێـران، هـەروەها لـە کوردسـتانیش پەرەی گرت. تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە بەهاری ساڵی ۱۳۳۲ەوە بوو بە تێکۆشانێکی نیوە ئاشکراو لە شارەکانی مەهابادو سنە رێکخراوەکانی حیزب دامەرزان. پاش حەوت ساڵ بۆ یەکەم جار لە بەهاری ساڵی ۱۳۳۲دا بەیاننامەی رەسمی بە زمانی کوردی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بـڵاو بـۆوە. نفـووزی حیزبـی دێمـوکرات لـە شـارەکان تێ‌پـەڕی‌و بـەرە بـەرە لـە گونـدەکانی

کوردستانیشدا ڕێکخراوەکانی بووژانەوە. لەو کاتەدا حیزبی توودە یارمەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەدا، هەم بە ناردنی کادرو هەم بەوە کە ئیمکانی چاپ کردنی هێندێ بەیاننامەو نووسراوی لە شاری تەورێز بۆ پێك دەهێنا.[1]

بەڵام هەرچەند ئیمکانی ماڵیی حیزبی توودە یەکجار زۆر بوو لە باری ماڵییەوە تا ٢٨ی گەلاوێژ هیچ یارمەتییەکی بە حیزبی دێموکرات نەدا.

لە مانگی جۆزەردانی ١٣٣٢دا بزووتنەوەی دێموکراتی لە کوردستان زۆر خێرا دەچووە پێش. بۆ ئامادە کردنی فیستیواڵی جیهانیی لاوان کە بڕیار بوو لە هاوینی ئەو ساڵەدا لە شاری بوخارست بگیرێ، لە ١٥ی جۆزەردان کۆبوونەوەیەکی بەرینی لاوان لە دەرەوەی شاری مەهاباد لە باخی میکائیل پێك هات. بە دەستووری سەرتیپ موزەففەری فەرماندەی تیپی مەهاباد، ئەرتەش هێرشی کردە سەر کۆبوونەوەو یەکێك لە لاوان بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی کوژراو چەند کەسێکیش بریندار بوون. لاوان تەرمی حەسەنی ڕەمەزانییان هەڵگرتو بە خۆپێشاندان هاتنەوە نێو شاری مەهاباد. ئەوە یەکەم خۆپیشاندانی سیاسی لە پاش ساڵی ١٣٢٥ بوو کە لە مەهاباد پێك هات. بەڕاستیش خەڵك پشتیوانییەکی زۆر گەرمی لەو خۆپێشاندانە کرد. بەشێوەیەك کە هەم ئەرتەشو هەم دەزگای دەوڵەتی ترسیان لێیپەیدا بوو. مەئموورانی دژبانی ئەرتەشو پۆلیسو ژاندارمری دەستیان کرد بە گرتنی ئەوانەی کە بە لایەنگرو ئەندامی حیزب ناسرابوون.

لە ئاکامدا نزیکەی ٧٠ کەس گیرانو زیندانی کران. بەڵام لەو کاتەدا کە حیزبی دێموکرات نفووزی خۆی زیاتر کردبوو، ڕێکخراوەکانیشی زیندوو کردبوونەوە، توانی دانیشتوانی مەهابادو دەوروبەری بە دژی ڕاوەنانو زیندانیکردنی خەڵك هان بداو بەسیج بکا. لە تارانیش توانی هەرایەکی سیاسیی زۆر بەرین دژی کاروکردەوەی ئەرتەش لە کوردستاندا ساز بکا.

---

١ـ لە زستانی ساڵی ١٣٣١و بەهاری ساڵی ١٣٣٢دا بەرپێوەبەریی حیزبی توودە چوار کادری دەرەجە دووی خۆی بۆ سەرپەرستیو یارمەتی دانی ڕێکخراوی حیزبی نارد بۆ مەهاباد کە دوو کەسیان کورد بوون. هەرچەند ئەو کادرانە چەند مانگێك زیاتر لە کوردستان نەمانەوە بەڵام هێندێ ئوسوولی تەشکیلاتییان دامەزراند کە لەپێشخستنی کاروباری حیزبیدا بەسوود بوون. (د)

ڕۆژنامەکانی چەپ کە ئەو وەختە ژمارەیان یەکجار زۆر بووو هەروەها ڕۆژنامەکانی میللی لە سەر ڕۆڵی خۆپێشاندانو گیرانی ئەو تێکۆشەرانە، مان گرتنی خەڵك لە تێلێگرافخانەو بەست دانیشتنیان دەنگو باسو وتارێکی زۆریان بڵاو کردەوەو داوای ئازادیی زیندانییەکانی مەهابادیان کرد. ئەو خەباتەو ئەو بەست نشینییە نزیکەی ٥ ڕۆژ درێژەی هەبوو، سەرەنجام دەوڵەتو بەتایبەتی ئەرتەش کە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو ناچار بوون هەموو زیندانییەکان بە بێ دادگاییکردنی بەر بدەن کە ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بۆ خەباتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەگەر لە سەرتای پەرەگرتنی بزووتنەوە بۆ میللی کردنی نەوتدا، کوردستان سەبرو لە سەرەخۆ دەجووڵایەوە، لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٣٢ەوە کوردستان هەنگاوەکانی خێراتر بوونو لە مانگی گەلاوێژدا ببوو بە یەکێك لە شۆڕشگێڕترینو پێشڕەوترین بەشەکانی ئێران. لە شارەکانی کوردستان بەگشتی پشتیوانییەکی زیاتر لە ڕێفراندۆمی موسەددیق کرا. بۆ نموونە لە مەهاباد کە زیاتر لە ٥٠٠٠ دەنگی موافیق بە ڕێفراندۆم درا. تەنیا دوو کەس دژ بوون.[1] لە بانەش هەر دوو کەس دەنگی دژیان دابوو.

ڕێفراندۆم نموونەیەکی دیکە بوو لە یەکگرتوویی خەڵکی کوردستانو نیشانیدا کە ئاکامی هەڵبژاردنی مەجلیسی شانزدەو ڕاپەڕینی جووتیارنو خۆپێشاندانەکانی مانگی جۆزەردانو یەکگرتووی خەڵك بۆ بەردانی زیندانییان بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکوو هەموو ئەوانە وەك ڕەوتێکی مێژوویی نیشان دەدەن کە جووڵانەوە ڕۆژە بە ڕۆژ لە کوردستان بەهێزتر دەبێو حیزبی دێموکرات ڕۆژبەرۆژ نفووزی لەنێو خەڵکی کوردستاندا دەچێتە سەر.

لە ماوەی چەند مانگدا، واتە لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٢ەوە تا ٢٨ گەلاوێژ ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەك هەر لە ناوچەی موکریان بەڵکوو لە شیمالی کوردستانو ناوچەی شنۆو نەغەدەو بۆکانو بانەو سەردەشتو سنەش بووژانەوە، بە سەدانو هەزاران کەس لە

---

١ـ یەکیان گرووهبانێکی ئەرتەشی بوو کە بەرگی نیزامیی خۆی گۆڕیبووو ئەوەی دیکەش لاوێکی مەهابادی بوو کە هاوڕێکەی پێی گوتبوو کەس هەقی نیە دەنگی دژی "ڕێفراندۆم" بدا. ئەویش تووڕە ببووو بۆ نیشاندانی "سەربەخۆیی"ی خۆی دەنگی موخالیفی دابوو! (د)

هەلو مەرجی نیوەنهێنیو نیوە ئاشکرای ئەو کاتەدا هاتبوونــە نێــو ریــزی حیزبــی دێمــوکرات. **"گۆڕانێکی بنەڕەتیو بەرچاو کە لەم ماوەیەدا لە وەزعی حیزبدا پێك هات بێجگە لە رێكو پێك تر بوونی پێوەندیی بە نووسینو تەلەفون لەگەڵ تاران، ئەوەبوو کە کوردستانی جنووبییش چــووە ژێر سەرپۆشی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات".**[1]

لە مەهاباد کۆمیتەیەکی شەش کەسی پێك هاتبوو کە هەرچــەند نــاوی کۆمیتــەی مــەهاباد بوو، بەڵام بە کردەوە هەموو حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی هەڵدەســووڕاند. ئەنــدامانی ئــەم کۆمیتەیە بریتی بوون لە عەزیزی یووسـفی، رەحیمــی ســولتانیان، کــەریمی ئووەیســی، غــەنیی بلووریانو عەبدوڵلای ئیسحاقی. بەرپرسی کۆمیتە لــە بانەمــەڕی ســاڵی ١٣٣٢ەوە عبــدالرحمن قاسملو بوو.[2] هەرچەند ئەم کۆمیتەیە چەند مانگ زیــاتر دەرەتــانی تێکۆشــانی نیــوە ئاشــکرای نەبووو هەرچەند ئەندامەکانی بەگشتی تاقیکردنەوەی کاری حیزبی واتە سیاسیو تەشکیلاتییان زۆر کەم بوو، بەڵام توانی بناخەی رێکخراوێکی پتەو لە کوردستان دابمەزرێنیو بە کردەوە ببێ بە کۆمیتەی کوردستانو لە دواڕۆژیشدا هەر بەم ناوە تێکۆشانی خۆی درێژە پێدا.

کۆمیتەی کوردستان بۆ بڵاو کردنەوەی بیروباوەڕی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆری هەوڵ داو چەندین بەیاننامەی بە کــوردیو فارســی بــەناوی ئــەو حیزبــەوە بــڵاو کــردەوەو زەمینەی بۆ بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی ناوەندیی حیزب، خــۆش کــرد کــە یەکەم ژمارەی پاش ٢٨ی گەلاوێژ دەرچوو.

لە شارەکانو تەنانەت لە گوندەکانیش شانەکانی حیزبی دروست بوون. کۆمیتــەی جووتیــاران دامەزرا کە لە ماوەی چەند مانگدا زۆر خێرا پەرەی گرتو جووتیارانی کوردستانی بۆ لای حیزب راکێشا. هەروەها بۆ یەکەم جار چەندین کلاسی کادری سیاسی بــۆ پــەروەردە کردنــی کادرەکــان پێك هات کە ئاکامی کارەکەیان زۆر بەسوود بوو.

---

١ـ صارم صادق وزیری. گوشەای از خاطرات گـذشتە. ص ٣٨.

٢ـ کومیتەیەکی مەشوەرەتییش لە "کۆنە دێموکراتان" پێك هاتبوو کە ئەرکی، کۆکردنەوەی ئەندامانی کۆنی حیزبو راکێشانی شەخسییەتەکان بۆ لای حیزب بوو. لەنێو ئەوانەدا حوسێنی فرووهەر لە هەمووان چالاك ترو فیداکارتر بوو. (د)

ئەوکاتە ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان پێوەندیی تەشکیلاتی‌یان لەگەل حیزبی توودە هەبوو.[1] لە تەنیشت هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە کە ڕۆلّی دەفتەری سیاسیی هەبوو، لە تاران کۆمیسیۆنێکی تایبەتی بەناوی "کاك" واتە کۆمیسیۆنی ئازەربایجانو کوردستان پێك هاتبوو کە ئەرکی، هەلّسووڕاندنی کاروباریحیزبیی ئەم دوو ناوچەیە بوو. پیك هێنانی "کاك" وەك کۆمیسیونێکی تایبەتی چەند هۆی هەبوو. بەڕێوەبەریی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە ئێران نەمابوو هەروەها کە ئیشارەی پێ‌کرا ئەم بەڕێوەبەرییە لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی تەشکیلاتی خۆی دامەزراندبووو لە دەرەوە تێکۆشانی خۆی درێژە پێ‌دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان نە لە دەرەوە ڕێبەرایەتیی هەبوو نە لە ژوورەوە.

لەو هەلو مەرجەدا بەڕێوەبەریی حیزبی توودە نە دەی‌توانی تەشکیلاتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ئازەربایجانو کوردستان دابمەزرێنێتەوەو بەناوی حیزبی توودە تێ‌بکۆشێ‌و نە بە دروستیشی دەزانی کە ئەم دوو ناوچە گرینگە لە تێکۆشانی حیزبی بێ‌بەش بن. بۆیە بڕیاری‌دا وەك بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکخراوەکانی حیزبی لە ئازەربایجانو کوردستانیش زیندوو بکرێنەوە، پێڕەوی لە سیاسەتی حیزبی توودە بکەن، ڕێنوێنیی تەشکیلاتی لە بەڕێوەبەریی حیزبی توودە وەربگرن، بەلاّم ناوی فیرقەو حیزبی دێموکراتیان لەسەر بێ. لەو کاتەدا فیرقەی دێموکرات رادیۆی هەبووو دەنگی خۆی بلاّو دەکردەوە. "ئازەربایجان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەش لە باکۆ دەردەچوو. سەرەڕای ئەوە کە ژمارەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە باکۆ لە چەند کەس تێ‌نەدەپەڕی، ئەوانیش لە ڕادیۆ فیرقەڕا بە زمانی کوردی بەرنامەیان بلاّو دەکردەوەو لاپەڕێك لە چوار لاپەڕی ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بۆ ئەوان تەرخان کرابوو کە ناوی "کوردستان"و ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.[2]

---

١ـ پێوەندیی تەشیکلاتی ئەو مانایەشی هەبوو کە ئەگەر ئەندامێك لە مەهابادەوە چووبا بۆ تاران لەوێ بە ئەندامی حیزبی توودە قبوولّ دەکراو ئەگەر لە تارانیش را ئەندامێکی حیزبی توودە هاتبا بۆ مەهاباد، تەنانەت کوردیش نەبا، دەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات. (د)

٢ـ ئەم "کوردستان"ە لە سەرماوەزی ١٣٢٦ەوە تا بانەمەڕی ١٣٤٠، ١٣٣٧ ژمارەی لێ‌دەچوو. "کوردستان" بەشێك بوو لە ڕۆژنامەی "ئازەربایجان"و ئەم کارە پەیماننامەی فیروز ـ پیشەوەریی وەبیر دەهێنایەوە کە لەوێش کۆماری کوردستان

لەبەر ئەم هۆیانە بوو کە "کاك" پێك هاتبوو. بەڕێوەبەریی حیزبی توودە بەم شێوەیە ناوی فیرقەو حیزبی دێموکراتی دەپاراستو چونکە بە بوونی رادیۆو رۆژنامە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی لەم بڕوایەدابوو کە بیروڕای سۆڤیەتییەکان ئەوەیە کە ئەم دوو رێکخراوە دەبێ بمێننەوە، بەکردەوەش هەموو کاروباری حیزبیی لە ئازەربایجانو کوردستان خستبووە ژێر چاوەدێریی خۆی.

لە سیاسەتی بەڕێوبەریی حیزبی توودەدا سەبارەت بە کوردستان سەرلێشێواوی بەدی دەکرا، هەیئەتی ئیجرایی زۆر جار رێنوێنییان بۆ رێکخراوی کوردستان ئەوەبوو کە بۆ باشتر بەڕێوەبردنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات گوێ لە رادیۆ فیرقە ڕابگرن. بەڵام رادیۆ فیرقە نەك هەر ئاگای لە هەلو مەرجی نێوخۆی کوردستان زۆر کەم بوو بەڵکوو هێندێك جار دەنگو باسو لێکدانەوەی ئەوتۆی بڵاودەکردەوە کە بە هیچ جۆر لەگەڵ وەزعی راستەقینەی وڵات رێك نەدەکەوت.[1]

"کاك" لە سێ کەس پێك هاتبوو، لە بەرپرس کە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودە بووو دوو ئەندام کە یەکیان بەرپرسی کوردستانو ئەوی دیکەیان بەرپرسی ئازەربایجان بوو.[2] بەڕێوەبەریی حیزبی توودە ئەوکاتەش بەباشی تێنەگەیشتبوو کە چ هێزێکی شۆڕشگێڕ لە کوردستاندا هەیە. هەربۆیەش بایەخێکی زۆر کەمی بە رێکخراوی کوردستان دەدا. هەرچەند کۆمیتەی مەهاباد زۆری پێداگرتو بەڕاستی هەموو ئیمکاناتێکیش هەبوو بەڵام رۆژنامەی "کوردستان" تا پاش کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ دەرنەچوو. یان لە پتر لە سەد کەس لە

---

شەخسییەتی سەربەخۆی سیاسیی لەدەست دابووو بە بەشێك لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە قەڵەم درابوو. ئەگەر چەند هەزار ئەندامی فیرقە لە دەرەوە "ئازەربایجان" یان دەخوێندەوە، "کوردستان" خوێنەری زیاتر هەر خودی نووسەرانی بوون. ئەم "کوردستان"ە بە نموونەش نەگەیشتە دەستی ئەندامانی حیزب لەنێوخۆی کوردستانی ئێران. (د)

١ـ بۆ نموونە کاتێك پاش کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ عەلیی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەممەد چوو بۆ لای شاو پەشیمانیی خۆی لە کردەوەکانی بابی دەبڕیو بەم جۆرە رقو بێزاریی کۆمەڵاتی خەڵکی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، رادیۆی فیرقە لە بەرنامەی کوردیی خۆیدا بە عەلیی قازی هەڵدەگوتو بە نیشتمانپەروەرو تێکۆشەری ناودەنا! (د)

٢ـ تا کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ بەرپرسی کوردستان صارمی صادق وزیری بووو بەرپرسی "کاك"یش دوکتور حوسێنی جەودەت. پاش کوودیتاکە صارمی صاق وزیری گیراو زیندانیکرا، عبدالرحمان قاسملوو بوو بە نوێنەری کوردستانو موهەندیس عەلەوی کرا بە بەرپرسی "کاك". (د)

سەرانسەری ئێرانەوە بۆ فستیواڵی لاوان لە بوخارست ناردران، کوردستان تەنیا یەك نوێنەری بەرکەوت.

لە کوردستانیش وەزعێکی شۆڕشگێڕانە هاتەپێش. ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژ پاش تێك شکانی کوودیتا، یەکێك لە گەورەترین خۆپێشاندانەکانی شاری مەهاباد پێك هات. زۆر کەس کە تا ئەو وەختە بە نهێنی کاریان دەکردو خۆیان دەشاردەوە لەو خۆپێشاندانەدا خۆیان ئاشکرا کردو خەڵك یەکدەنگ هاواریان دەکرد: "بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ". بە پێشنیاری نوێنەری حیزبی دێموکرات خەڵکی مەهاباد بە شوورو هەیەجانەوە پەسندیان کرد کە ناوی پەهلەوی لەسەر شەقامی هەرە گرینگی شاری مەهاباد هەلبگیرێو ناوی ٢٥ی گەلاوێژی لەسەر دابنرێ. ٢٥ی گەلاوێژ هەم ڕۆژی هەڵاتنی شاو ڕۆژی سەرکەوتنی خەڵك بە سەر کۆنەپەرستیو ئیمپریالیزمدا بووو هەم ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بۆیە زۆر ڕەوا بوو کە گەورەترین شەقامی مەهاباد ناوی بنرێ ٢٥ی گەلاوێژ.

## ٤ـ کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ

ئاکامی ڕێفراندۆم ڕۆژی ٢٠ی مانگی گەلاوێژ ڕاگەیەندراو دەرکەوت کە زۆربەی زۆری خەڵك دەنگیان بە هەڵوەشانی مەجلیس داوە. ئەوە ئاخر زەنگی مەترسی بوو بۆ ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی کە زووتر دەست بەکار بن. لە ڕاستیدا ئاکامی ڕێفراندۆم تەنیا هەڵوەشانی مەجلیس نەبوو، بەڵکوو پشتیوانی لە سیاسەتی گشتیی موسەددیقو هەروەها دەربڕینی ڕقو بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە سیاسەتی سەر بە ئیمپریالیزمی شاو لە ڕێژیمی پاشایەتی بوو.

لەنێوەشەوی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا سەرهەنگ نەسیری کە فەرماندەری گاردی شاهەنشاهی بوو بە تانكو هێزی نیزامییەوە چوو بۆ ماڵی دوکتور موسەددیق، بەناوی ئەوەی پێی ڕابگەیەنێ کە ئیدی وەك سەرۆك وەزیر نەماوەو فەرمانی شای پێنیشان بدا. هێرش بۆ ماڵی موسەددیق سەرەتای کودیتا بوو، بەڵام ئەو هێرشە سەرنەکەوتو بەیانیی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ خەبەری پووچەڵ بوونەوەی کودیتا بڵاو بۆوە. شا کە لەپێشدا پێش بینیی پێویستی کردبوو، لە ڕامسەرەوە سواری فڕۆکە بووو هەڵات بۆ بەغدا. لەوێش ڕا چوو بۆ ڕۆم. بەم جۆرە سێ ڕۆژی

مێژوویی له تاریخی خەباتی گەلانی ئێراندا دەستی پـێ‌کرد. کۆمـەنی خـەڵك لـە سـەرنەکەوتنی کوودیتاو هەڵاتنی شا زۆر شادمان بوونو لە زۆر جێگا بە کردەوە هاتنە مەیدانو دەستیان کـرد بە خۆپێشاندانو دروشمی کۆمار، کۆماری دێموکراتیو کۆماری تـوودەیی، لـە زۆرجێگـا لەسـەر دیوارکان نووسرا.[1]

بەداخـەوە شـادمانیو کـەیف خۆشـیی خـەڵك لەبـەر سـەرکەوتن هـەر سـێ رۆژی خایانـد. ئیمپریالیزم هەموو هێزەکانی خۆی نەهێنابووە نێو مەیدانو هەروا لە هـەوڵدا بـوو. رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ بە ناردنی هێندێك ئەرتەشیو لاتو لووت بۆ نێو شەقامەکانی تـاران کوودیتـا دەسـتی پێ‌کردو بەگرتنی رادیۆی تاران، نیزیك بە نیوەڕۆ کودیتاچی‌یەکان یەکەم سـەرکەوتنیان وەدەسـت هێنا. لە پاشان بەیارمەتیی جاسووسانی ئەمریکایی، زاهیدی کە لە ماڵـێکی ئەمریکایی خـۆی شاردبۆوە، چوو بۆ مەرکەزی رادیۆو رایگەیاند کە لە لایەن شاوە بە سەرۆك وەزیر دیاری کـراوە. ئەمجا ئەرتەشی‌یە کوودیتاچی‌یەکان هێرشێکی تونـدیان بـردە سـەر مـاڵی دوکتـور موسـەددیقو سەرەڕای ئەو بەربەرەکانی‌یە ئازایانەیە کە لەو ماڵەدا کرا سەرەنجام دوکتور موسەددیق ناچار بوو ماڵەکەی بەجی بێڵێو رابکا. چونکە لە شارستانەکان ئەرتەش لە پێشدا ئامادە کرابوو، بە بـڵاو بوونەوەی خەبەری کوودیتا لە رادیۆ، لە تەواوی ئێران دەسەڵاتی بە دەسـتەوە گـرت. کوودیتـای دژیگەلیی ٢٨ی گەلاوێژ سەرکەوت.

حکوومەتی نیشتمانیی موسەددیق زۆر بە هاسانی رووخا. زۆر هاسـانتر لـەوەش رووخـا کـە دەست پێشخەرانی کوودیتاو لایەنگرانی مووسەدیق چاوەڕوان بوون. شا لە رۆم گەڕایەوەو دووبارە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتو سەردەمی رەشی ئیستبدادی شاهەنشاهی بۆ ٢٥ سـاڵی دیکـە لـە ئێران دا دەستی پێ‌کرد. شوێنەوارێك لە ئازادی نەماو رێکخراوە دێموکراتیو نیشتمانی‌یەکان لە سەرانسەری ئێران دا کەوتنە بەر هێرش.

هۆیەکانی سەرکەوتنی کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ بە کورتی ئەمانەن:

---

١ـ نووسینی دروشمی "جمهوری دمکراتیک" "جمهوری تودەای دمکراتیک" لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی توودەوە، زۆر کەس لە بەرپرسیوەبەرانی جەبهەی میللیی تۆقاندو لە هاوکاری لەگەڵ حیزبی توودەدا زیاتر دوودڵی کردن. (د)

هەروەك گوتمان هێزی دژیگەل یەكپارچە بـووو ئیمپریـالیزمو كۆنەپەرسـتی لەسـەر لابردنـی حكوومەتی دوكتور موسەددیق ڕێككەوتبوون. بەڵام هێزی گەل هەر لـە نـاكۆكیدا دەژیـا. ئـەو ناكۆكییە لە ڕۆژەكـانی ٢٥و ٢٨ی گەلاوێـژیش دا دەركـەوت لـەو كاتـە ناسـكەدا موسـەددیق نەیتوانی دەزگای دەوڵەتیو بە تایبەتی ئەرتەش بخاتە ژێر چاوەدێریی خۆی. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێـژ ئەرتەشییەكان دژی ئەمرو ویستی موسەددیق ڕاوەستان. كۆمەڵانی خەڵكیش بـۆ پشـتیوانی لـە حكوومەتی نیشتمانی نە هان دران‌و نە ڕێك خران.

نووسـەرانی لایـەنگری حیزبـی تـوودە ویستوویسـانەو دەیانـەوێ بەرپرسـایەتیی شكسـتی جووڵانەوەو سەركەوتنی كوودیتاچییەكان بخەنە سەر شـانی موسـەددیقو تـەنیا موسـەددیق بـە تاوانبار دانێن. هێندێكی دیكەش هەوڵ دەدەن تەنیا بەڕێوەبەریی حیزبی توودە بە بەرپرسی تێك شكانی جووڵانەوەو سەركەوتنی كوودیتا لە قەڵەم بدەن. هیچ كام لەوانە بۆچوونێكی بـە تـەواوی ڕاستو دروست نین.

دوكتور موسەددیقو لایەنگرانی هەتا ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ئامادە نەبوون لەگەڵ حیزبی تـوودە لە بەرەیەكی یەكگرتوودا بن، چونكە تا دوارۆژیش ڕەنگە ئیمانیان بەوە بووبێ كە بتوانن لەگـەڵ ئامریكا دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیس ڕێك كەونو بە خـەیاڵی خۆیـان لـە نـاكۆكیی نێـوان دوو ئیمپریالیزم كەڵك وەربگرن. ئەو كـەڵك وەرگرتنـە ڕەنگـە تـا ٣٠ پووشـپەڕی ١٣٣١ ئیمكـانی هەبووبێ. بەڵام لە پاشان ئیمپریالیزمی ئەمریكا بەرەبەرە كە هەستی بە مەترسی كرد، بـوو بـە پشتیوانی دەربارو سیاسەتی بریتانیا لە ئێران دا. ئـەو كاتـە دەبـوا موسـەددیق زۆر لێبڕاوانـەتر بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریكاش ڕاوەستابا. ڕاست ڕۆژێك پێش كوودیتا واتە ئێوارەی ٢٧ی گەلاوێژ دەوڵەتی موسەددیق وادیارە لەسەر داخوازی هەندرسین، بـاڵیۆزی ئـەمریكا حكوومـەتی نیزامیی دامەزراند كە نەتیجەكەی پێشگیری لە هاتنی هێزی ڕێكخراوە گەلییەكان بۆ مەیـدانی خەبات بوو. كوودیتاچییەكان لەوە باشترین كەڵكیان وەرگـرت. مەبەسـت ئەوەیـە كـە دوكتـور موسەددیق بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئـەمریكاو تـا ڕادەیـەكیش بەرامبـەر بـە شـا تـا دوارۆژ قاتعییەتی پێویستی لە خۆی نیشان نەداو ڕۆژی كوودیتاش هەتا سـەركەوتنی كوودیتاچـییەكان هەر بـە دەزگـای دەوڵـەتیو ئەرتـەش خـۆش بـین بـوو. بۆیـە بەشـێكی زۆری مەسـئوولییەتی

سەرکەوتنی کوودیتاچی‌یەکان دەکەوێتە سەر شانی موسەددیق. تەنانەت ئەگەر قسەکانی کیانووری لە پێوەندی لەگەڵ ٢٨ی گەلاوێژدا راستیش نەبن، راستی‌یەکیان تێدایە کە موسەددیق پێی خۆش نەبوو حیزبی توودە راستەوخۆ بێتە مەیدانو پشتیوانیی لێبکا. ئەو کاتەش کە ئیدی ئیمکانی ئەو پشتیوانی‌یە نەمابووو کوودیتا سەرکەوتبوو، داوای لە حیزبی توودە کرد کە بێتە مەیدان بەڵام ئیدی درەنگ ببو ئەمجارەش حیزبی توودە پێی خۆش نەبوو یا پێی نەدەکرا حکوومەتی موسەددیق بپارێزێ[1]. بەڵام ئەگەر بەشێك لە مەسئوولییەتی سەرکەوتنی کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژ دەکەوێتە سەر شانی موسەددیق، ئەوە بە هیچ جۆرێك لە مەسئوولییەتی بەرێوەبەرانی حیزبی توودە کەم ناکاتەوە. ئەوان لە لایەکەوە موسەددیقیان بە نوێنەری بورژوازی دادەناو لە لایەکی دیکەشەوە کیانووری ئیددیعا دەکا کە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لە موسەددیقیان پرسیوە کە بێنە مەیدان یان نا؟ سەیر ئەوەیە کە حیزبێك کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار دادەنێ، لە نوێنەری بورژوازی کەسبی ئیجازە دەکا بۆ ئەوەی بەرامبەر بە کۆنەپەرستی‌و ئیمپریالیزم رابوەستێ؟ راستی ئەوەیە کە حیزبی توودە ئەرکی خۆی لەو رۆژە ناسکەدا بەجێ نەهێنا. حیزبی توودە ئەو کاتە ئیمکاناتێکی زۆری هەبووو دەیتوانی رێکخراوە بەهێزەکانی خۆی لە تارانو بە تایبەتی رێکخراوی چەند سەد کەسیی ئەفسەرانی توودەیی وەکار بخا. زۆر خۆپیشاندانی گرنگ پێشتر نیشانی دابوو کە حیزبی توودە،ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ لە ماوەیەکی کەم دا دەیان هەزارو بگرە سەدان هەزار کەس بێنێتە نێو شەقامەکانی تاران. بەڵام رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ هیچی نەکرد. بێجگە لەوە دەرکەوت حیزبی توودە تا رادەیەکی زۆر هەر ئەو سیاسەتەی مابوو کە جیاوازی‌یەکی زۆری لە نێوان مووسەددیقو دەسەڵاتی حوکمداری دیکەدا دانەدەناو سەرکەوتنی کوودیتای پێ رووداوێکی زۆر گرنگ نەبوو. تەنانەت زۆر کەس لەنێو حیزبی توودەو بەرێوەبەرایەتیی ئەو حیزبەدا هەبوون کە پێیان خۆش بوو دەوڵەتی موسەددیق برووخێ.

---

[1] کیانووری دەڵێ بەیانیی رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ تەلەفوونی بۆ موسەددیق کردووە مەترسیی کودیتای پێراگەیاندوە، بەڵام موسەددیق گووتویەتی جێی نیگەرانی نیەو بەسەر وەزع دا زاڵە. کە نیوەرۆ تەلەفونی بۆ کردۆتەوە موسەددیق وەڵامی داوەتەوە تازە هیچی لەدەست نایە با حیزبی توودە هەرچی دەتوانێ بیکا. (د)

پاش سەرکەوتنی کودیتــای ٢٨ی گەلاوێــژ لــە لایــەن کۆمیتــەی ناوەنــدیی حیزبــی تــوودەوە نامیلکەیەك دەرچوو بەناوی "نامیلکەی ٢٨ی گەلاوێژ". نێوەرۆکی ئەو نامیلکەیــە بــە تــەواوی دەریخست کە بەڕێوەبەریی حیزبی توودە ئەو بایەخەی بــە کودیتــا نــەداوەوە تەنانــەت کــەوتنی حکوومەتی موسەددیقیشی پێ کارەساتێکی گەورە نەبووە. سـەیر ئەوەیــە کــە چــەند ڕۆژ پــاش سەرکەوتنی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ لەلایەن بەڕێوەبەریی حیزبی توودەوە ڕێنوێنییەك دەرچوو کە ڕێکخراوەکان لــە سەرانســەری ئێــران دا خۆیــان بــۆ ڕاپــەڕینی چــەکدارانە ئامــادە بکــەن. ئــەو ڕێنوێنییە لە کوردستانیش بە ڕێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشت. ماوەی مانگێك زیاتر هەوڵ درا هەرچی چەك بوو کە بە نیسبەتی ئەو کاتیش کەمیش نــەبوو لــە کوردســتان کــۆ بکرێتەوە. تەنانەت بەرەبەرە هێندێك دەستەش پێك دەهاتن بۆ ئەوەی کە ببن بە پولی چەکدار.

بەڵام پاشان هیچ باسێك لە ڕاپەڕین نەما. کاتێك چەند مانگ پــاش ســەرکەوتنی کوودیتــای ٢٨ی گەلاوێژ نوێنەری حیزبی دێموکرات لە تاران ئەو مەسەلەیەی لەگــەڵ بەڕێوەبــەریی حیزبــی توودە هێنایە گۆڕێ وەڵامەکەیان ئەوە بــوو کــە بڕیــار وابــوو ڕۆژی ٣٠ی گەلاوێــژ کردەوەیــەکی چەکدارانە بەڕێوەبچێ، بەڵام دەرکەوت کە ئەو کارە هەڵەو نادرووستەو سەر ناکەوێ‌و بۆیە حیزب وازی لێ‌هێنا. سەیر ئەوە بوو کە بڕیاری وازلێ‌هێنان لە ڕاپەڕینی چەکدارانەیان بە ڕێکخراوەکانی شارستانەکان ڕانەگەیاندبوو.

دیاردەیەکی سەیری دیکە ئەوەیە کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە نووسراوەکانی حیزبی توودەدا بە تایبەتی ئەوانەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرییەوە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لەسەر کودیتــای ٢٨ی گەلاوێژ نووسران، تەنانەت لە کتێبێکیش دا کە لەلایەن جەوانشیرەوە نووســراوە کــە نــاوی "تجربــەی ٢٨ مــرداد"ە ئیشــارەیەکیش بــە نامیلکــەی "٢٨ی گەلاوێــژ" نــەکراوە کــە پــاش ســـەرکەوتنی کوودیتــا وەك پلاتفــۆرمی کۆمیتــەی ناوەنــدی بڵاوکرایــەوە. زۆر لێکدانــەوەو نەتیجەگیری لەو نامیلکەیەدا هەبوون کە ئەگەر ئێستا بخرێنە بەر چاوی خوێنــەران، دەردەکــەوێ کە بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە تا چ ڕادەیەك لە شکستی جووڵانــەوەی ســاڵەکانی ٣٢ ـ١٣٣٠دا مەسئوولییەتیان هەیەو تا چ ڕادەیەك بەرامبەر بە مێژووو گەلانی ئێران تاوانبارن. بەڕێوەبــەریی حیزبی توودە بۆ سەرپۆش دانان لەسەر مەسئوولییەتی خۆی‌و پاکانەکردن بۆ سیاسەتە چەوتەکەی

خۆی لە رەوتی میللی کردنی نەوت دا لە نامیلکەی "٢٨ی گەلاوێژ"دا بەم جۆرە تیئۆری بـافیی دەکرد "... لەم قۆناخـەدا بـەهۆی کزیـی نیسـبیی پرۆلتاریـاو بەشـداری نـەکردنی چـالاکانەی جووتیاران لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دژی ئیمپریالیستیدا بەڕێوەبەریی جوولانـەوە لەدەسـت بورژوازیدایـە کـە مـەیلی سازشـکارانەی هەیـەو لـە خـەبات دژی ئیمپریـالیزم دا دوودڵو دردۆنگە"[١].

بەم جۆرە بەڕێوەبەریی حیزبی توودە مەسئوولییەتی شکستی بزووتنەوەی نیشتمانی دەخسـتە سەر ئەستۆی جەبهەی میللی. لە نامیلکەی "٢٨ی گەلاوێـژ"دا هـاتبوو کـە خـەڵك ئامـادەیی ئەوەیان نەبوو بەرەنگاری کوودیتا بنو حیزبی توودەش بە تەنیا هیچی پێنەدەکرا! هـەروا بزانـە خەڵك لەبیریان چوبوو کە حیزبی توودە پێش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ هاواری دەکرد "کودتا را بە جنگ چد کودتا مبدل میکنیم".

نامیلکە ٢٨ی گەلاوێـژ دەڵـێ: "ئەگـەر کـارێکی گشـتیی چـەکدارانەمان کردبـا شکسـتو سەرکوت کردن توندتر دەبووو ئێمە پێشـەنگەکانمان لـە تێکهەڵچـوونی نابەرابـەریی بێئامادەیی گشتیدا لە دەست دەدا."[٢] دیارە ئەو کاتە کەم کەس دەیزانـی کـە حیزبـی تـوودە سازمانێکی ئەفسەریی چەند سەد نەفەریی هەیە کـە زۆر لـە ئەنـدامانیان خـاوەنی پۆسـتی زۆر گرنگو ناسك بوون. بەڵام لە پاش ئاشکرابوونی سازمانی ئەفسەری دەرکەوت ئەم قسـەیە چـەند پووچو بێمانایە. سەیر ئەوەیە کە هەر وەك ئیشارەمان پـێکرد، پـاش کودیتـای ٢٨ی گەلاوێـژ پیش بینی کرابوو کە بە پێچەوانەی بیروڕای هێندێ کەس ئێران وەك یونانی لێنایەو دیکتـاتۆری ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە وڵات دا سەقامگیر بێ. مێژوو نیشـانی دا کـە ئـەم پـیش بینییـە چەند نادروست بوو[3]. چوارەمین پلینۆمی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبـی تـوودە لـە مـانگی

---

١ـ "دربارەی ٢٨ مرداد" نشریەی مرکزی حزب تودەی ایران بهمن ماه ١٣٣٢ صفحەی ١٢. (د)

"دربارەی ٢٨ مرداد" ص ٦٩. (د)

٣ـ پاش بڵاوبوونەوەی "دەربارەی ٢٨ مرداد" دەرکەوت کە لە بەڕێوەبەریی حیزبی توودەدا لە سەر ئەم نامیلکەیە ناکۆکی هەیەو تەنیا بەشێك لە بەڕێوەبەرانی لە بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیەدا دەستیان هەبوو. بە کورتی نامیلکەی ٢٨ی گەلاوێژ نیشانەی کزیو سەرلێشێواوی تەواوی بەڕێوەبەری حیزبی توودە بووە.(د)

پووشــپەڕی ١٣٣٦دا لــە یەکیــەتیی ســۆڤیەتی گــیرا کــە ڕەنگــە یــەکێك لــە دێمــوکراتیترین کۆبوونەوەکانی ئۆرگانی بەڕێوەبەریی حیزبــی تــوودە بووبــێ. ئــەم پلینۆمــە "نامیلکــەی ٢٨ی گەلاوێژ"ی ڕەد کردەوەو هێندێ بڕیاری زۆر بەجێیدا کە نەهاتنە دی، بۆ نموونە ئیشارە بە هێندێ لە لێکدانەوەکانی ئەم پلینۆمە بکەین.

"بەڕێوەبەریی حیــزب لــە بــاتی ئــەوەی لــە دروشمــی "میللــی کردنــی ســەنعەتی نــەوت لــە سەرانسەری ئێران دا"لایەنگری بکا کە کۆمەڵانی بەرینی خەڵك پشتیوانییان لێدەکــردو دەکــرا ببێ بە ئەساسێك بۆ یەکیــەتیی گشــت هێزەکــانی دژی ئیمپریالیســتی، دروشمــی هەڵوەشــاندنی بڕیارنامەی نــەوتی جنــووبو میللــی کردنــی ئــەوەی بەرامبــەر بــە دروشمــی جەبهــەی میللــی هێنایەگۆڕێ".

"ئەم بۆچوونە چەوتە بۆ تۆمەتە ناڕەواکانی دوژمنــانی ئێمــە زەمینــەی خــۆش کــرد کــە بــە مەبەستی زەبر وەشــاندن لــە ئیعتبــاری حیــزب، حیزبــی ئێمــەیان تاوانبــار دەکــرد کــە لەگــەڵ ئیمپریالیزم سازشتی کردوە."

"ئامادەنەبوون، خافڵ بوون، نەبزووتنو بوون بەکلك، لە کودیتای ٢٨ی گەلاوێژدا خەتایــەکی زۆر ڕاشکاوی بەڕێوەبەرییە."

جێگای سەرنجە کە پاش شۆڕشی ئێران بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە نــەك پێیــان خــۆش نــەبوو کەسێك بڕیارەکانی پلینۆمی چوارەمی ســاڵی ١٣٣٦یــان وەبیرخاتــەوە، بــەڵکوو کیــانووری لــە نووسراوەکانی خۆیدا ڕەخنەکانی پلینۆمی چــوارەمی لــە بەڕێوەبــەریی حیــزب بــە ئاشــکرا ڕەد کردەوە.

ئەگەر لەم بەشەدا باسی سیاسەتی حیزبی توودە زۆر بە درێــژی کــراو باســی مەســئوولییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرکەوتنی کوودیتادا نەهاتە گۆڕێ هۆیەکەی روونە. ئەو کاتــە حیزبی دێموکرات وەك ڕێکخراوێکی حیزبی توودە تێدەکۆشــاو ســەربەخۆیی بڕیــاردانی نــەبووو چاوی لە ڕێنوێنییەکانی بەڕێوەبەریی حیزبی تــوودە لــە تــاران بڕیبــوو! بۆیــە مێــژووی حیزبــی دێموکرات لەو ساڵانەدا لەگەڵ مێژووی حیزبی توودە گرێدراوە.

به سەرکەوتنی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ سەردەمێکی نوێ لە مێژووی گەلانی ئێرانو هەروەها لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دەست پێدەکا، سەردەمی خەباتی توندوتیژ دژی ئیستیبدادی رەشی شاهەنشاهی کە تا رۆژی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ واتە ٢٥ ساڵی تەواو درێژەی هەبوو.


سەرچاوەکان

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ حسن ارفع | کوردەکان | ١٩٦٦ لەندەن ـ ئینگلیسی |
| ٢ـ سعید بدل | تاریخچەی جنبشهای ملی کرد ١٣٦٣ | |
| ٣ـ نجفقلی پسیان | از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس | ١٣٢٨ ـ تهران |
| ٤ـ محمد رئوف توکلی | جغرافیا و تاریخ بانه | ١٣٥٤ |
| ٥ـ انور خامەای | فرصت بزرگ از دست رفته | ١٣٦٢ |
| ٦ـ عبدالقادر دباغی | راپەڕینی کۆمەڵەی ژ ـ ك | ١٣٦١ |
| ٧ـ عبدالرحمن قاسملو | کوردستانو کورد | ١٣٥٢ |
| ٨ـ عبدالرحمن قاسملو | کوردستانی ئێران | ١٩٧٨ پاریس ـ فەڕانسەیی |
| ٩ـ مەحموود مەلا عیززەت | کۆماری میللی مەهاباد | ١٩٨٤ |
| ١٠ـ م.س.ایوانف | تاریخ نوین ایران | فارسی |
| ١١ـ کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران | | ١٣٥٢ |
| ١٢ـ رۆژنامەی کوردستان | | ١٣٢٤و١٣٢٥ |
| ١٣ـ گۆڤاری کوردستان، هەڵاڵەو هاواری نیشتمان | | ١٣٢٤و١٣٢٥ |

1 -Lucien Rambout, Les Kurdes et le Droit

2 -A. Roosevelt Jr The Kurdish Republic Of Mahabad, Middle East Journal, 1946, New-York.

3 -Chris kutchera, Le Mouvent National Kurd, 1979, London.

4 -W. Eagleton Jr. The Kurdish Republic Of 1946, London.

نیوسەدە تێکۆشان

ئاوڕێك لە رابردووی خەباتو تێکۆشانی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

عبدالله حسن زادە

پێشکەشە:

ـ بە گیانی پاکی هاوڕێی شەهید کاك عبدالله شریفی کە لە هەموو کەس زیاتر بۆ نووسینی ئەم باسە هاندەرم بوو.

ـ بە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوانە کە حەز دەکەن زیاتر لە رابردووی حیزبەکەیان شارەزا بن.

پێشەکی

ساڵی ١٣٦٤ (١٩٨٥) لەسەر پەسندی دەفتەری سیاسی، دوکتور قاسملووی نەمر بڕیاریدا بۆ جێژنی چل ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر بە کورتییش بێ مێژووی ئەم حیزبM بنووسێ. قاسملووی زانا قۆڵی هیممەتی هەڵماڵیو لە ماوەیەکی کورت دا بەرگی یەکەمی"کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ی کە ناوی "چل ساڵ

خەبات لە پێناوی ئازادی"ی لەسەر دانابوو ئامادەی چاپ کرد. هیـوای دوکتـور ئـەوە بـوو کـە "هەر لە ماوەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزب دا بەرگی دووهەمو سێهەمیش لە چاپ بـدرێنو بگەنە دەستی خوێنەرانی بەرێز"[1].

بەڵام بە داخی گرانەوە پڕکاریو هەلو مەرجی سەختی خەبات رێگایان بە دوکتور نەدا کە لـە ماوەی پێش بینی کراودا کارەکەی تەواو بکاو ئەو ئەرکە کە گرتبوویە ئەستۆی خـۆی بێگومـان لە هەموو کەسیش باشتری لە دەست دەهات، بەجێ بگەیەنێ. تـەنیا کارێـك کـە دەرفـەتی بـۆ رەخسـا بیکـا نوسـینی فەسـڵی سـێهەمی کتێبەکـەی بـوو کـە سـاڵی ١٣٧٠ (١٩٩١) پـاش شەهیدبوونی خۆی لە چاپ دەرچوو.

لەو کاتەوە تا ئێستا لەنێو حیزبو لە دەرەوەی حیزبیش هەڤاڵانو دۆستان روویان لە من بووە کە ئەو کارەی دوکتوری شەهید تەواو بکەم. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە نێـو ئەنـدامانی ئێسـتای رێبەرایەتیی حیزب دا ئەمن لە هەمووان بەتەمەنترمو لە هـەمووان زیـاتر لەگـەڵ رووداوەکـانی حیزب ژیاوم. راستی‌یەکەی ئەوەیە کـە لەبـەر زۆر هـۆو لـەپێش هەموویانـەوە لەبـەر نـەبوونی زانیاریی تەواوو لەدەست دا نەبوونی بەڵگەو سەرچاوەی پێویست لە خۆم رانەدەدەی خۆ لەو کـارە بدەم. بە تایبەتی چونکە شارەزاییم لە نووسینو لێکدانەوەی رووداوەکانی مێژوودا لە خۆم دا شك نەدەبرد.

کار گەیشـتە پەنجایـەمین سـاڵی دامـەزرانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران. داوای هاورێیان زیادو زیاتری کردو بەرەبەرە بۆ خۆشم گەیشتمە ئەو بـاوەڕە کـە پێویسـتە ئـەوەی لـە جانتای من دایە بیهێنمە سەر کاغەز. چونکە هەر چـەندیش کـاڵو کـرچو ناتـەواو بـێ، کـورد گوتەنی "لە هیچی چاترە". جگە لەوە بیرم کردەوە کە هیچ دوور نیە ئـەمڕۆو سـبەی ئـەمنیش برۆمە دیاری خامۆشانو ئەوەندەش کە لەلام هەیە لەگەڵ خۆمی بەرمە ژێر گڵ. بۆیـە بـەڵێنم دا کە دەست بەکار بم بۆ ئەوەی بتوانم بۆ جێژنی پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزب شتێك (کە قەت بـە

[1] چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، پێشەکیی چاپی یەکەم، چاپی دووهەم، ١٣٦٧، لاپەڕەی ٤.

خۆم ڕێگا نادەم ناوی مێژووی لەسەر دابنێم) لە بارەی ڕووداوەکانی مێژووی حیزبی دێموکراتــەوە بێنمە سەر کاغەز.

ئاشکرایە کە وەختێك لە کتێبی دوکتور قاسملوودا مێــژووی ســاڵەکانی ســەرەتای دامــەزرانی حیزب تۆمار کراوە، ئیدی پێویست نیە ئەمنیش لــە ســەرەتاوە دەســت پێبکەمــەوە. دوکتــۆری نەمر لە سێ فەسڵی چل ساڵ خەبات دا نووسیویەتی کورتە مێژووی حیزبی هــەتا ســاڵی ۱۳۳۲ (۱۹۵۳) هێناوە. بەو پێیە ئەمن دەبوو کارەکەم لەو ساڵەوە دەست پێبکەمو هەر واشم کــردوە. بەو حاڵەش بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەو کارەی من درێژەی کارەکەی قاسملووی ڕێبەر نیە. کاری وی لە کوێو ئەو کارەی من لە کوێ! ئەوەی دوکتور نووســیویە فەســڵێك لــە مێــژووی حیزبــە کــە بــە شێوەیەکی زانستیو وەستایانە ئامادە کراوە. بەڵام ئەوەی قەرارە ئەمن بینووســم تــەنیا دەکــرێ ناوی بەشێك لە ڕووداوەکانی ڕابردووی پڕخەباتو حەماسەی حیزبی دێموکراتی لەسەر دابنرێ.

لە بەختی ڕەشی من بۆ ئەو کارەش دەرفەت یەکجار کەم بوو. خەریك بوون بە کاری ڕۆژانــەی حیزبو لەوەش زیاتر بە ئامادەکردنی کۆنگرەی دەیەمەوەو پاشانیش ئــەو کارانــەی کــە بــەدوای هەر کۆنگرەیەك دا بەرۆکی کادری ڕێبەرایەتی حیزب دەگرن، وەزعێکیان پێك هێنا کە بۆم نەکرا هــەتا دوو مــانگ لــە بــەهاری ۱۳۷٤ دەســت بــۆ قەڵــەم بــەرمو شــتێك لــە بــارەی ڕابــردووی حیزبەکەمەوە بنووسم.

زۆر جار (کە ڕەنگە هەرواش باشتر بــێ) پێشــەکی بــۆ کتێــب پــاش تــەواو بــوونی کتێبەکــە دەنووسرێ، کەچی تۆمەز ئەمن لە کاری نووسینی ئەو جۆرە باسانەدا شــارەزاییم نیــە، یەکــەمین دێڕەکانم ئەم پێشەکییەن.

ئەوەش بۆ ئەوەیە کە لە پێش دا باسی کەموکوڕییەکانی کارەکــەمم کردبــێو گیروگرفتــەکانم وەبیر هێنابێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مــاوەی پــەنجا ســاڵ تەمــەنی خــۆیدا کەمتر لە دوو ساڵ بە شێوەیەکی ئاشــکراو لــە هەلومــەرجێکی لــە بــاردا خــەباتی کــردوە. لــە ساڵەکانی دیکەی تەمەنی ئەو حیزبەدا، یان خەباتێکی یەکجار نهێنیو تێکەڵ بــە زەبــروزەنگو ڕاوەدوونانی پۆلیس، یان هەلومەرجێکی یەکجار دژواری خەباتی چەکدارانە لە گۆڕێدا بووەو بەو هۆیەش پاراستنی بەڵگەنامەو نامەخانە، نەك هەر بۆ یەك یــەکی تێکۆشــەرانی حیــزب بــەڵکوو

تەنانەت بۆ حیزبەکە خۆشی سەختو دژوارو هێندێ جار لـە توانـا بـەدەر بـووە. هـەر بـۆ خـۆم چەندجار ئەرشیڤم سـووتاوەو هەرچـیم کۆکردۆتـەوە فـەوتاوە. هـەر ئێسـتاش بەشـێکی زۆر لـە نووسراوەو بەڵگەکانی حیزبیم لە جێگایەکن کە بە هیچ جۆر دەستم وێ راناگا.

لە هەلومەرجێکی وادا دیارە ئەو رووداوانەی مێژووی حیزب کە دەمەوێ تۆماریان بکەم، زۆر جار رۆژی روودانیانو تەنانەت مانگی رووداینیشیان روون نیـەو ئەمـەش لـە بایـەخی مێـژوویی کارەکەی من یەکجار کەم دەکاتەوە. هێنـدێ جـار نـاوی ئـەو تێکۆشـەرانی کـە لـە فەسـڵێکی دیاریکراوی مێژووی حیزب دا نەخشێکی بەرچـاویان هـەبووە، لـەبیر نـەماوە، یـان هـەر نـەبێ بەشێکیان بەوجۆرەی پێویستە دیار نین. ئەم دیاردەیەش جگە لەوەی بۆ کارەکەی من بە ناتەواوی دەژمێردرێ، جۆرێکیش ناهەقی لەو خەباتگێڕانەی تێدا بەرچاو دەکەوێ، کە هەر ئەوندە دەتـوانم بڵێم لەبیر بردنەوەیەکی ئەنقەستی تێدا نیەو لەو باریەوە لە گیانی بەرزی شەهیدەکانو هـەروەها لەو تێکۆشەرانەی کە هێشتا لە نێومان ماون داوای لێبووردن دەکەم.

دەڵێن: "دان پێداهێنانی گوناهان لە گوناهـەکان کـەم دەکاتـەوە"، لێـرەدا دەمـەوێ دان بـە خەتایەکی خۆم دا بنێم، بەڵام نەك بۆ ئەوەی گۆیا بـاری خەتایەکـە لەسـەر شـانم سـووك بکـەم. چونکە هەموو دونیاش لێم خۆش بێ، بۆ خۆم لە خۆم خۆش نابم. بەڵکوو بۆ ئەوەیـە خوێنـەرانی خۆم لەم پێشەکیەدا بە تایبەتی لاوەکان دەرسی لێوەرگرن. ئەمن لە ژیانم دا رووداوەکانی ژیانی ئاساییو سیاسیم لە دەفتەرێکی بیرەوەریدا تۆمار نەکردوە تا لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بە فریـام بگەن. قسەی خۆمان بێ بەشێکیش لەبەر ئەوە بوو لەخۆم رادەدی شتەکانم لەبیر بێننو بەو پێیە پێویست نەبوو لە دەفتەردا بیان نووسم، چونکە گۆیا لە لەوحەی مێشكو بیرم دا تۆمـار کـراون، بەڵام ئێستا کە دەبینم ئەو بەناو لەوحەیە تۆزی لەسەر نیشتوەو تووشـی ژەنـگ هـەڵێنان بـووە، تێدەگەم چ هەڵەیەکی گەورەم کردوە. ئەو رووداوانەی ئێستا ئێمە بەدوایان دا عەوداڵینو خۆمـان بە داروبەرددا دەدەین تا شتێکیان لێ ساغ بکەینەوە، هەموویان لە کاتی خۆیـان دا رووداوێکـی ئاساییو تەنانەت کەم بایەخی ژیانی پێشینانی ئێمە بوون. جا چ چاکترە لاوانی ئـەمڕۆو پیرانـی دوارۆژ لەوەی بەسەر من هـاتووە پەنـد وەرگـرنو رووداوە سیاسـیەکانو تەنانـەت شـتی کـەم

بایەختریش بە روونیو بە کورتی لە دەفتەرێك دا تۆمار بکەن بۆ ئەوەی سبەی رۆژێ دەستی خۆیانی بۆ نەشکێننەوەو وەك من دەستی پەژیوانی بۆ لەئەژنۆ نەدەن.

لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کردن دەتوانم بڵێم ئەوەی لەمەودوا دەیهێنمە سەر کاغەز، لە راستیدا گەڵاڵەی ئەو کارەیە کە تێکۆشەرانی حیزبی لە منیان چاوەڕوان کردوە. بۆیە لە هەموو تێکۆشەرانی بە رابردووی حیزبو بە تایبەتی لەوانە کە بەشێك بوون لە کادری بەڕێوەبەری داوا دەکەم بە چاوێکی وردبینەوە ئەم کتێبە بخوێننەوەو بێ بەزەیییانە بیدەنە بەر زەڕەبینو هەرچییان بەرچاو دەکەوێ یادداشتی بکەن، هەڵەکانی راست کەنەوەو منیان لێ ئاگادار بکەن تا لە چاپێکی دیکەدا پوخت تری بکەمەوەو بیکەمە ئەو شتە کە هەموو رێبوارانی رێگای راستی حەز دەکەن ببێ. خۆ ئەگەر ئەجەلیش بەربینگی پێگرتمو فریای ئەو کارە نەکەوتم، ئەوە ئۆباڵی تەواوکردنی ئەو کارە دەکەوێتە ئەستۆی رێبەرایەتیی حیزبەکەم کە وەدوای کەوێو مایەی بۆ دانێو تەواوی بکا.

زۆر کەس هەن لە دەرەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکرات ژیاونو دەژین. رەنگ ئی وایان تێدا هەبن کە حیزبی دێموکراتیشیان بەدڵ نەبێ، بەڵام هەر لەو کاتەدا شارەزایییان لە ئاڵو گۆڕەکانی پەنجا ساڵی رابردووی کوردستانی ئێران زۆرەو بە جۆرێك لەگەڵیان ژیاون. لە هەمووی ئەو بەڕێزانەش داوا دەکەم ئەو نووسراوە بە وردی بخوێننەوەو تێبینییەکانی خۆیانی لەسەر دەربڕنو هەڵەو پەڵەکانی راست بکەنەوە. چونکە ئەگەر ئەمە مێژووی حیزبی ئەو ئازیزانە نیە، بە هەرحاڵ بەشێك لە مێژووی گەلەکەیان هەیە.

پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە بە داخەوە تا ئێستا بۆ مەمانان زوویە هەموو رووداوەکانی ژیانی سیاسیی خۆمان بەو جۆرە کە بوون بێنینە سەر کاغەزو کورد گوتەنی "بەڕە لەسەر هەتیوان هەڵدەینەوە". بە ناچار لەم نووسینەش دا هێندێ رووداوی مێژوویی یان بە تەواوی خۆیان لێ دەبوێردرێ، یان بە کەمو کورتی باسیان لێوە دەکرێ. ئەوەی زۆر گرنگە لە ئێستاوە بەڵێن بە ویژدانی خۆمو خوێنەران دەدەم کە هەرچی دەینووسم لە هەموو خۆشەویستیو ناخۆشەویستی و هەستێکی تۆڵەئەستاندنەوە بە دوورەو تەنیا بە مەبەستی روون کردنەوەی راستییەکان (بەو جۆرەی کە خۆم تێیان دەگەم) تۆماری دەکەم. شاراوە نیە بۆ منێك کە زیاتر لە

چل ساڵە لــە ریزەکــانی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێــران دا خــەبات دەکــەم ئــەم حیزبــە خۆشەویستەو لەوانەیە بمــەوێو نەمــەوێ لــە لێکدانــەوەو بۆچــوونەکانم زیــاتر بــەلای حیــزب دا دایشکێنم. بەڵام لەو بارەشەوە بەڵێن دەدەم دێموکراتیکی دەمارگرژ (متعصب) نەبمو ئەوەنــدەی تێگەیشتنی خــۆم رێگــام پێبــدا راســتییەکان روون کەمــەوە، بــا لــە هێنــدێ جێگــا قــازانجی حیزبەکەشم نەبن.

جێی خۆیەتی بە راشکاوی بڵێم ئەم نووسراوە زیاتر ئاوێتەی بیروبۆچوونی خۆمەو بە هیچ جــۆر ناکرێ بڵێم سەداسەد نیشاندەری بــیرو لێکدانــەوەکانی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێرانــە. هەرچەند گومانی تێدا نیە کە بەشی هەرەزۆری لە سیاسەتو بۆچوونەکانی حیزبــی دێموکراتــەوە هەڵهێنجراوەو روانگەکانی ئەم حیزبە دەردەخــا. بــەڵام رەنگــە تووشــی جێگــای واش بــبین کــە بۆچوونێکی رەخنەگرانەی دەربارەی سیاسەتەکانی ئەم حیزبــە تێــدا بەرچــاو بکــەوێ. کــە وابــێ بەرپرسی بەرودوایی لەو بیروباوەڕانە کە لەم نووسینەدا دێنە گۆڕێ تەنیا نووسەر خۆیەتیو بەسەر حیزبی دێموکراتەوە ماڵ نین. ئارەزووم ئەوەیە ئەم کارە لەگەڵ هــەموو کــەمو کورتییــەکانی لــە وەختی خۆیدا تەواو بێ، بەوەخت بگاتە دەستی ئۆگرانی ژیانو خەباتی چەندین ســاڵەی حیزبــی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا.

تەنیا شت کە ماوە لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە لەم نووسینەدا زۆر جار ناچــارم باســی خــۆم بکەم. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بۆ خۆم بەشێك بووم لە رووداوەکانو لە زۆرجێگــادا زۆر رەزاگــرانو خوێنتاڵ دەبێ کە بۆ وێنە بڵێم نووسەر وای گوتو وای کــرد یــان عبداللــە حســن زادە واهــاتو واچوو. جا ئەگەر ئەم کارە ببێتــە بەســەر هــاتو گێڕانــەوەش، چــونکە "چــارم ناچــارە" داوای لێبوردن دەکەم.

### فەسڵی یەکەم:
### لە کودیتای ۲۸ی گەلاوێژی ۳۲ تا کۆنگرەی دووهەم (۱۳٤۳)

"کودیتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲ (۱۹ی ئووتی ۱۹۵۳) کــە بەرهــەمی پلانــی راســتەوخۆی دەزگای جاسووسیی ئەمریکا "سیا" بوو، حکوومــەتێکی ســەر بــە ئیمپریــالیزمو کۆنەپەرســتی

بەسەر ئێران دا زاڵ کرد. قانوونی میللی بوونی نەوت کە بەرهەمی خەباتی دوورو درێژی گەلانی ئێران بوو پێشێل کراو جارێکیتر کۆنەپەرستی بە توندی پەلاماری بردە سەر هێـزە نیشـتمانیو دێموکراتییـەکانی ئێـران، رۆژنامـەو گۆڤـارە ئاشـکراکان داخـران، شـوێنەوارێك لـە ئازادییـە دێموکراتییەکان نەمایەوە، هەزاران ئینسانی بەشەرەف کەوتنـە زینـدانو دەربـەدەر کـرانو بـە سەدان یا ئێعدام کران یا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون.

ناوچەی کوردستانو حیزبی دێموکرتی کوردستانیش لـەو پـەلامارە بێبـەش نـەکران. سـەدان ئەندامی حیزب گیران، ئەشکەنجە درانو بە زیندانی دوورودرێـژ مـەحکووم کـران. بـەڵام حیـزب پاشەکشەیەکی رێكوپێکی کردو خەباتی نهێنیی خۆی درێژە پێداو دەستی کرد بـە کۆکردنـەوەو رێك خستنی ئەندامانو رێکخراوەکانیو پاراستنیان لە دەست پۆلیس.

هەرچەند پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ زۆر لە بەرپێوەبەرانو ئەنـدامانی حیـزب گـیران، بـەڵام خەباتو تێکۆشانی حیزب پتەوترو رێكوپێك تر بوو. رێکخراوەکانی حیزب بـەهێزتر بـوونو بـۆ یەکەم جار پاش رووخانی کۆماری کوردستان رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزب بە نهێنیـی دەرچووو لە سەرانسەری کوردستان دا بڵاوکرایەوە. بۆ یەکەم جـار کۆمیتەیـەکی بـەرزی حیزبـی بەناو کۆمیتەی کوردستان پێك هات کە لە ناوچەی سـنەش رێکخراوەکـانی حیزبـی دامەزرانـدو خەریك بوو لە ناوچەی کرماشانیش تێکۆشانی خۆی دەست پێبکا".[1]

وەك لە زۆر جێگادا گوتراوە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووش لە فەسڵی سێهەمی "چل سـاڵ خەبات"دا باسی کردوە، لەو سەردەمەدا یەکیەتیی تەشکیلاتی لە نێوان حیزبی تـوودەو حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا پێك هاتبووو بە کردەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان رێکخراوی

[1] راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب. رەزبەری ١٣٥٢ ـ سێپتامبری ١٩٧٣، لاپەرە ١٩.

حیزبی توودەو لە کوردستان بوو[1]. هەر بۆیەشــە کــە دەبیــنین بــۆ کاروبــاری حیزبــی کۆمیتــەی کوردستان، واتە کۆمیتەی حیزبی توودە بۆ کار لە کوردستان دادەمەزرێ.

کوودیتــای ٢٨ی گەلاوێــژ ئەگــەر بــۆ هــەموو هێــزە نیشــتمانیو دێموکراتییــەکانی ئێــران ئاکامێکی شوومی بەدواوە بوو، بۆ حیزبــی تــوودەی ئێــران زەبــری زۆر گورچــووبڕو رووخێنــەری لەگەڵ بوو. رێکخراوەکانی ئەم حیزبە لێــك پــەرشو بــڵاو بــوونو زۆر لــە تێکۆشــەرانی کەوتنــە زینданو لەوانەش تاڵتر پۆلیسی شا دەستی کێشایە نێو رێکخراوەکانی ئــەم حیزبــەو لــە ژوورەوە زەبری لێدانو بنکوڵی کردن. هەر بۆیەش کۆمیتــەی کوردســتان بــۆ پاراســتنی رێکخراوەکــانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەلاماری پۆلیس، بڕیاریدا پێوەندی تەشکیلاتیی خــۆی لەگــەل حیزبی توودەی ئێران بپسێنێو یەکەمین بەردی بناغەی تەشکیلاتی سەربەخۆی حیزبی دێموکرات دابنێ. بە واتایەکی دیکــە کۆمیتــەی کوردســتان ســەربەخۆی تەشــکیلاتی حیزبــی دێمــوکراتی کوردستانی هێنایەوە جێگای خۆی.

لە گرنگترین هەنگاوەکانی کۆمیتەی کوردستانو بە چەشنێکی گشتی رێکخراوەکانی حیزبــی دێموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا پێك هاتنی یەکــەمین کۆنفرانســی حیــزب بــوو. بــە داخــەوە لەسەر چەندوچــۆنی ئــەم کۆنفرانســە نــە زانیارییــەکی بەرچــاو لــە دەســت دایــەو نــە بەڵگــەو سەنەدێکیش بە دەستەوەیە کە بە دڵنیاییەوە پشتی پێببەسترێ.

ئێمە ئێستا لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب دا رێوشوێنێکی روونمان بۆ بەستنی کۆنفرانسی حیــزب هەیە. دەزانین کە کۆنفرانسی حیزب ئەو وەختە دەبەستری کەئیمکانی گرتنی کۆنگرە نەبێو گیرو گرفتێکی واش هاتبێتە پێش کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بکا. لە هەلومــەرجێکی واش دا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە. بەڵام بە بێشك ئەو دەم ئەگەر شتێکیشــمان بــە ناوی پێڕەوی نێوخۆ بووبێ، ئەسڵێکی لەو بابەتەی لــە بــارەی کۆنفرانســەوە تێــدا نــەبووە. بــەو

---

١ـ هەر بۆ زاخاوی مێشك پێم خۆشە بیگێڕمەوە، ئەندامێکی حیزب کە منی بۆ نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات بانگهێشتن کرد، تەنیا روونکردنەوەو هاندانی بۆ من ئەوە بوو کە ئەگەر ببمە حیزبی ناوم دەچێتە تارانو تەنانەت مۆسکۆش. ئەمنیش بە ئەقڵی ئەو وەختەم پێم وابوو دەسکەوتێکی زۆر گەورەم چنگ دەکەوێ.

حاڵەش پێك هێنانی کۆنفرانسی یەکەم لەو هەلومەرجەدا هەنگاوێکی دێموکراتی‌و شۆڕشـگێڕانە بووە کە توانیویە بەشێك لە گیرو گرفتەکانی ئەو دەمەی حیزب بە باشی چارەسەر بکا.

ئەوەی لە بارەی کۆنفرانسەوە لە زارو زمانان بیستراوەو لەبیر من ماوە ئەوەیە کـە لـە بەشـی دووهەمی بەهاری ١٣٣٤دا پێك هاتووە، شوێنی کۆنفرانسەکە ناوچەی سەری مەیدان لـە نیزیـك مەهاباد بووەو خوالێخۆشبوو سید رسول دهقان (سەید رەسووڵی بابی گەورە) میوانـداری بـووە. بەشدارانی کۆنفرانس ٢٠ تا ٢٥ کەس بوونو بڕیارەکانی کۆنفرانسیش یەکەم چەسپاندنی پچڕینی پێوەندیی تەشکیلاتی لە حیزبی توودەی ئێرانو وەدەست هێنانەوەی سەربەخۆیی تەشکیلاتی بـۆ حیزب بووەو دووهەمیش هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی بەڕێوەبەری. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتـی بوون لە عزیز یوسفی، غنی بلوریان، رحمت الله شریعتی، عبدالله اسـحاقی، دوکتـور قـاسملوو، دوکتور مەولەویش وەك مشاویر دیاری کرابوو[1].

شۆڕشی ١٤ی ژووئیەی ١٩٥٨ی عێراق

ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) لە وڵاتی دراوسێمان عێراق شۆڕشێکی دێموکراتی‌و پێشکەوتنخوازانە بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لەو وڵاتەدا بەرپا کراو کۆتایی بە حکوومەتی نووری سەعیدو سیستمی پاشایەتی لەو وڵاتەدا هێنا. بێگومان شۆڕشی عێـراق یـەکێك لـە گـرنگترین ڕووداوەکـانی ئـەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. ئەو شۆڕشە کۆتایی بە سیستمێکی کۆنەپەرستی بەستراوە بە بێگانە هێناو ڕێژیمێکی دێموکراتو گەلیی لە جێگا دامەزرانـد. بێجگـە لـەوە ئـەو شۆڕشـە یەکەمین ئەڵقەی پەیمانی سـەر بـە ئیمپریالیسـتی سـەنتۆی پسـاندو ڕێگـای بـۆ خـەباتی هێـزە نیشتمانپەروەرەکان خۆش کرد. ئەو پەیمانە لە ساڵی ١٣٥٧دا بە یەکجاری لەبەر یەك هەڵوەشـاو بوو بە بەشێك لە مێژوو (ئەگەر نـەڵێین چـووە نێـو زبڵـدانی مێـژوو). دەزانـین پـەیمانی سـەنتۆ دەستەبەندی‌یەکی نیزامی بە بەشداریی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا بوو کـە یـەکێك لـە

[1] یادداشتێکی دەستنووسی کاك جەلیل گادانی، کاك حسن رستگار بە نەقڵ لە بیرەوەریی خوالێخۆشبوو سید رسول دهقان لە یادداشتێك دا بۆی نووسیبووم کە ڕێبەری‌یەکی ٥ کەسی لە عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەسعەد خدایاری، عز یوسفی، عبدالله اسحاقی‌و هاشم اقل الطلاب هەڵبژێراوە.

ئامانجەکانی دوژمنایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو و لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی ئەو سەردەمەشەوە بە گەرمی پشتیوانیی لێکرا.

شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق ئەگەر بۆ هەموو عێراق مزگێنیی ئازادیو دەست پێکردنی قۆناغێکی تازە لە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی دیاریو دەسکەوتی بەرچاوی بە دواوەو بوو. گەلی کورد لە عێراق دا بە رەسمی وەك نەتەوەیەك ناسراو لە دەستووری کاتیی ئەو وڵاتە نووسراو کە "عەرەبو کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن" زمانو ئەدەبیاتی کوردی بە شیوەیەکی کەم وێنە دەرەتانی پێشکەوتنیان بۆ پێك هاتو حیزبو رێکخراوە کوردییەکان تێکۆشانی رەسمیو ئاشکرایان دەست پێ‌کرد. لە یەك قسەدا ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەم گەلی کورد لە عێراق دا کرایەوەو ئەم گەلە فەسڵێکی تازەی لە ژیانی سیاسیی خۆیدا دەست پێ‌کرد.

بۆیە پێویست بوو باسی شۆڕشی عێراق لەم نووسینەدا بێتە گۆڕێ، چونکە ئەم رووداوە لەسەر ژیانی کوردی ئێرانو بەشەکانی دیکەی کوردستانو بە تایبەتی لەسەر خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بێ‌تەئسیر نەبوو. ئاشکرایە کە هەم لەق بوونی بناخەی پەیمانی سەنتۆ هەم بە رەسمی ناسرانی بوونی گەلی کورد لە پارچەیەکی کوردستان دا بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەسکەوتێکی پڕبایەخ بوون. بەڵام لەوەش زیاتر، بەرپابوونی شۆڕشی ژووئیەی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو کاری کردە سەر بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو کوردەکانی ئێرانو کوورەی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی زیاتر لە پێشوو نیل‌داو بەرەو پێشی برد.

رێژیمی حەمە رەزاشا کە بە هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆماری لە عێراق دا زۆر تووڕە بوو و ئەو دیاردەیەی وەك زەنگی خەتەر بۆ دەسەڵاتی خۆشی دەزانی بە هەموو تواناوکەوتبووە دژایەتیی شۆڕشی عێراقو بە پیلانگێڕانو ئاژاوەنانەوەو بە هێرشی تەبلیغاتی هەوڵی کزکردنو ئەگەر بکرابا لەنێو بردنی‌حکوومەتی تازەی عێراقی دەدا. رێبەرانی شۆڕشی عێراقیش کە هەم لەنێوخۆدا پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان پتەو دەدەیو هەم لە ناوچەدا پشتیوانیی گەلانو هێزە پێشکەوتووکانیان لە پشت خۆیان هەست پێ‌دەکرد، بە قایموقۆڵی بە دژی رێژیمی پەهلەوی

راوەستابوون. رادیۆو رۆژنامەکانی عێراق بە راشکاوی خەڵکی ئێرانو بە تایبەتی گەلی کوردیان بۆ راپەڕین بە دژی دەسەڵاتی رێژیمی پاشایەتی هان دەداو کوردستانی ئێرانیان بە "کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو" ناو دەبرد. ئەم وەزعە زەمینەیەکی لەباری بۆ پەرەگرتنی تێکۆشانی سیاسیو بەرینتر بوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیو هەر لەو کاتەدا رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات پێك هێنابوو.

بێجگە لەوانە ، نیشتمانی عێراق ببو بە پەناگەی ئازادیخوازانی وڵاتانی دراوسێو بە تایبەتی کوردستانی عێراق بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ببو بە قەڵایەك. وەزعێك پێك هاتبوو کە تێکۆشەرانی کوردی ئێران هەروەخت هەستیان بە مەترسیی راونانو گیران کردبایە، یەکسەر پەنایان دەبردە بەر کوردستانی عێراق کە لەوێ لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتی شۆڕشەوە باوەشیان بۆ دەکرایەوەو داڵدە دەدران.

ئەمانە بێگومان بارە باشەکانی کارتێکردنی شۆڕشی ٥٨ی عێراق لەسەر کوردی ئێرانو خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. بەڵام حەز دەکەم ئەگەر کەسی دیکەش لەگەڵم هاودەنگ نەبێ، بڵێم کە پێکهاتنی ئەو وەزعە تەئسیری نالەباریشی لەسەر خەباتی حیزبی دێموکرات دانا. ئەویش لانیکەم لە سێ بارەوە:

یەکەم ئەوە کە گڕگرتنی هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی لەناکاوو هەڵنەسەنگاو بوو بە هۆی ئەوە کە لەلایەك رێکخراوەکانی حیزبی بە شێوەیەکی نامەنتیقیو بێ لەبەرچاوگرتنی رێوشوێنی کاری نهێنی پەرە بگرنو بەرین ببنەوەو لەلای دیکەش ئەو قایمکاریو نهێنیکارییە کە تا ئەو دەمە لەبەرچاو دەگیرا، وەلا بنرێو تێکۆشەرانی حیزب دەسەڵاتی دەزگا جاسووسییەکانی دەوڵەت بە کەم بگرنو رێگا بۆ ناسرانی خۆیان لەلایەن پۆلیسەوە هەموار بکەن.

دووهەم ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار تێکۆشەرانی حیزب بە شێوەیەکی بەربڵاوو بێ سەرەوبەرە رێگای بەجێهێشتنی وڵاتیان گرتە بەرو لەجیاتی کاری حیزبی لەنێو کۆمەڵانی خەڵك دا وەدوای کەفو کوڵ کەوتنو ژیان لە ئۆردووگای پەنابەرایەتییان دا بۆ خۆیان هەڵبژارد. بە ڕاستی کار گەیشتبووە جێگایەك کە هێندێ کەس بێئەوەی مەترسیی گیرانیان لەسەر بێ، هەر بۆ ئەوەی

فەزای ئازادی کوردستانی عێراق ببینن و لەنێوخۆش دا وەك تێکۆشەرێکی بەرچاو سەیر بکرێن روویان کردە کوردستانی گەرمێن و مەیدانی ئەسڵیی کاروتێکۆشانیان بەجێ دەهێشت.

سێهەم و لە هەموان گرنگتر ئەوە بوو کە ژیان لە دەربەدەریداو بێکاری و دووری لە مەیدانی تێکۆشان بۆ یەکەم جار دیاردەی دووبەرکی و ناکۆکیی لەنێو کادرەکان و ئەندامانی حیزب دا دروست کرد و ئەو هەستی بەرپرسایەتی یە کە پێشتر لەنێو هاوڕێیان دا هەبوو، بەرەو کزبوون رۆشت. لەوەش بگوزەرێین کە هەر ئەو دیاردەیە تا رادەیەك بناخەی سەربەخۆیی سیاسیی لەنێو حیزب دا لەرزاندو هاوڕێکانمان بۆ قورس کردنی تای تەرازوو بەلای خۆیان دا جاروبار بەدژی هاوبیرەکانیان پاڵیان وەهێزەکانی دەرەوەی حیزب دەدا کە ئەوەی راست بێ هێندێ ئاکامی زۆر خراپی لێکەوتنەوە. بە داخەوە ناکرێ لەوە زیاتر لەم بارەیەوە بدوێین و هەر ئەوەندە دەڵێم رەحمەت لە گۆڕی بابی ئەو کەسەی ئاوارەیی و دەربەدەریی تێکۆشەرانی سیاسیی بە "دەربەدەریی لەعنەتی" ناوبرد.

## پەلاماری بەربڵاوی پۆلیس

گوتمان کە یەکێك لە زیانەکانی، یان شوێنەوارە نالەبارەکانی شۆڕشی عێراق لەسەر بزووتنەوەی کوردی ئێران لە دەست دانی کارقایمی و نهێنیکاری لەنێو ریزەکانی حیزب دابوو (دیارە خەتای ئەم دیاردەیە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر خۆمان و بە هیچ جۆر لە بایەخی شۆڕشی ژووئیەی ١٩٥٨ی عێراق کەم ناکاتەوە). لە مانگی رەشەمەی ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٩)دا کادرێکی حیزبی بەناوی سمایلی قاسملوو لە ناوچەی بانە کەوتە داوی پۆلیس و گیرا. چۆنیەتی و هۆیەکانی گیرانی ناوبراویش بۆ خۆی داستانێکی هەیە کە چەند جۆرە ریوایەتی لەسەرەوە لێرەدا چونکە بەڵگەی تەواو لەسەر هیچکام لە ریوایەتەکان لەدەست دا نیە، ئەو مەسەلەیە لە کورتی ببڕێتەوە باشترە و بۆیە لەم باسە دەگوزەرێم و دێمە سەر ئاکامەکانی:

"لە پاییزی ساڵی ١٣٣٨دا پۆلیس پەلامارێکی بەرینی هێنایە سەر رێکخراوەکانی حیزبی ئێمە. نزیکەی ٢٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیران و زۆر لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزبی ئێمە بە حەپسی ئەبەدو حەپسی دوورودرێژ مەحکووم کران. هۆی

ئەساسیی سەرکەوتنی ئـەو پـەلامارە بـوونی چەشـنی کـۆنو سـوونەتیی کـاری تەشـکیلاتیو دووبەرەکی لە سەرۆکایەتیی حیزب دا بوو".[1]

پەلاماری ساڵی ١٣٣٨ی پۆلیس بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە زۆر بارەوە ئاکـامی دڵتـەزێنی بەدواوە بوو. پێش هەموو شتێك ئەوە جێگای داخو کەسەر بوو کـە لـە ئاکـامی کەمترخـەمیو بێموبالاتی بە ئەسڵی نهێنیکاریدا وەزعێك پێك هاتبوو کە دوژمن بە ئاسـانی توانیبـووی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب بناسێو بە ئادرەسو جێگاو رێگایان بزانێ. جێگای باسە کە تەواوی ئـەو هاورێیانە لەماوەی دووسێ رۆژداو زۆربەشیان هەر لە یەکەم رۆژی پەلامارەکەدا گیرانو رەوانـەی چاڵە رەشەکانی رێژیم کران.

نوختەیەکی لاوازی حیزبی ئێمە لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە دوژمن بە جۆرێك شـارەزایی لـە شێوەی کاری رێکخستنی حیزب پەیدا کردبوو کە لە راستیدا کەس لەو گیراوانە نەما "اعتراف" نەکا. راستە ئەشکەنجەو ئازارەکە لە رادەبەدەر بوو، بەڵام ئەوە کە کـەس نـەیتوانی حاشـا بکـا زیاتر لـەوەرا هـاتبوو کـە دوژمــن هـەموو ئەڵقـەکانی ناسـیبووو دەرەتـانی حاشـاکردنی لـەو تێکۆشەرانە بڕیبوو. کار گەیشتبووە جێگایەك کە لە زیندان دا کاتێك یـەکێکیان بـۆ بـازجوویی بانگ دەکرد، ئەوانەی پێشتر بازجوویی کرابوون، پێیان دەگوت بە خۆڕایی خۆت بە کوشت مەدە، ئێمە هەموو شتێکمان گوتوە، چ دەزانی پێیان بڵێو گیانی خۆت نەجات دە.

لەوانەش خراپتر دیسان دووبەرەکی لەنێوان تێکۆشەرانی حیزب دا بوو. ئـەوان کـە هـەموویان ئەندامی حیزبێك بوونو کەوتبوونە زیندانی دوژمنێکەوە، بە ناهەق لەسەر هێنـدێ مەسـەلە لـە قەوەزی زیندان دا کەوتبوونە بەربەرەکانێ لەگەڵ یەکتر بە هیچ جۆر مەسەلەیحیزبی دێمـوکراتی کوردستان نەبوون. لە راستیدا هاوڕێیانی حیزبی ئێمە بەسەر لایـەنگرانیو موخالیفـانی حیزبـی توودەدا دابەش ببوونو خوا هەڵناگرێ هێندێك لە ئەندامانی حیزبی توودەش کە هاوکات لەگـەڵ ئەوان لە زیندان بوون لە خۆش کردنی ئاگری ئەو دووبەرەکییەدا بێتەئسیر نەبوون.

---

[1] راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب، لاپەڕە ٢٠.

شایانی باسە لەو هاوڕێیانەی ئێمە کاك عزیزی یووسفی (مەهاباد)، کاك غنیی بلووریان (مەهاباد)و کاك رەحمەتی شەریعەتی (سنە) بە ئێعدام مەحکووم کرابوونو چەند مانگیش لەژێر ئەو حوکمەدا مانەوە. بەڵام کاتێك راپەڕینی کوردەکانی عێراق بە دژی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ۱۹٦۱دا بەرپا بوو، شا ویستی بە دوژمنایەتی لەگەڵ قاسمو ونەك بە دۆستایەتی لەگەڵ کورد دەست باوێتە نێو بزووتنەوەی کوردی عێراق. بۆیە لە حاڵێك دا ئەو دەیویست خۆی وەك دۆستی کوردەکانی عێراق لە قەڵەم بدا، نەدەکرا لەنێوخۆی وڵات دا تێکۆشەرانی کورد ئێعدام بکا. ئەوە بوو کە "عفو ملوکانە"!! بۆ ئەو هاوڕێیانە دەرچوو و حوکمەکەیان لە ئێعدامەوە کرا بە حەپسی ئەبەد.

لەو هاوڕێیانە کاك رەحمەت شەریعەتی زووتر لەوانی دیکە بە داوای لێبووردن لە شا ئازاد کراو ئەوانی دیکەش بەرەبەرە کەوتنە بەر لێخوشبوونو ئاخرین دوو کەسیان کاك عزیز یوسفیو کاك غەنیی بلوریان بوون کە یەکەمیان بەهاری ۱۳۵٦و دووهەمیشیان پاییزی ساڵی ۱۳۵۷ لەژێر فشاری ئەمنێستی ئەنتێرناشناڵ (رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون)دا لە زیندان ئازاد کران. بە داخەوە کاك عزیز ماوەیەك پاش ئازادبوونی لە جۆزەردانی ۱۳۵٦دا بەهۆی نەخۆشی‌یەك کە لە زیندان تووشی هاتبوو کۆچی دوایی کرد.

لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی ئێمەدا چەندین تێکۆشەری ئازەربایجانیش بە ئێعدام مەحکووم کرابوون کە کە رێژیمی شا حوکمی ئەوانی هەڵنەوەشاندەوەو هەموویانی لەدار دا. بە داخەوە ناوی ئەو تێکۆشەرانەش لەدەست دا نیە.

## گوێزرانەوەی ناوەندی رێبەرایەتی بۆ عێراق

لە پێشەوە گوتم کە یەکێك لە شوێنەوارە نالەبارەکانی شۆڕشی عێراق لەسەر حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب وڵاتیان بەجێ‌هێشتو روویان کردە عێراق. سروشتی‌یە ئەوانەی پێش هەموو کەس دەکەونە مەترسیی راونانو گیران ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزبن. بەو پێیە بمانەوێ نەمانەوێ ناوەندی بڕیاردانو بنکەی رێبەرایەتیی حیزب لە دوای شۆڕشی ۱۹۵۸ی عێراق کەمو زۆر گوێزرایەوە بۆ عێراق. دیارە بێ ئەوەی بڕیارێکی تایبەتیو بە

ئەنقەستی بۆ بدرێ، بەڵکوو هەروا بە کردەوە بە سەر حیزبەکەمان دا سەپا. بەو زەمینەیەشەوە کە بۆ ناکۆکیو دووبەرەکی لەنێو کادری ڕێبەرایەتیو کادرەکانی خوارتردا هەبوو، بە ناچار حیزبەکەمان وەك حیزبێکی یەکپارچەو خاوەنی ڕێبەرایەتییەکی یەکپارچەو یەکگرتوو نەماو لە نێوخۆی وڵاتو لە دەرەوە دووچاری چەند دەستەیی بوو.

ئێمە ئەندامانی حیزب کە لەنێوخۆی وڵات دا دەژیاین، چاومان بڕیبووە زاری ئەوانە کە لە عێراقو بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقەوە دەهاتنەوە. با نەیشارمەوە کە پاش گەڕانەوە خوالێخۆشبوو بارزانی بۆ عێراقو بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق بە دژی حکوومەتی قاسم دەستی پێکرد، بەشی هەرەزۆری ئێمە لەجێدا چاومان لەوە بوو کە نەزەری مەلا مستەفا چیەو لە ڕاستیدا لەنێو ئەوانەش دا کە خۆیان بە ڕێبەرو دەمڕاستی حیزب دەزانی، ئەوانەمان پێ هەق بوو کە بارزانی پشتی دەگرتن. شاراروە نیە کە ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی زۆر ناڕاست بوو. چونکە لەگەڵ هەموو حورمەتێك کە هەمیشە بۆ بارزانیم هەبووەو ئێستاش هەر هەمە، حیزبی دێموکرات حیزبێکی سەربەخۆیەو دەبوایە پێوانەی ئێمە ئەندامانی حیزب بۆ هەقیو ناهەقیی هەر لایەنێك شتێکی دیکەی جگە لە پشتیوانیی بارزانی بوایە. بەڵام هەرچۆنێك بێ، ئەوە نیعمەتێك بوو کە لە کوردستانی عێراقەوە لەلایەن ئەوانەوە کە ڕێبەرایەتیی حیزبیان دەکرد بۆ ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا بەدیاری هاتبوو کە دەبوو پێی شوکرانەبژێر بین.

خۆ دیاردەی لەوە بێماناتریش هەر لەو بارەیەوە لەنێو ریزەکانی حیزب دا هەم لە ئێرانو هەم لە عێراق بەرچاو دەکەوت، ئەویش ئەوەیە کە پاش سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێو پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق دا ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش لەنێوخۆیان دا بەکردەوە بوون بە دوو دەستەو ئەو دووبەرەکییەیان بۆ بەدەنەی حیزبیش بەدیاری ناردەوە. زۆرجار دەبینرا کە ئەندامانی حیزب لە کوردستانی ئێران لەسەر ئەوە کە داخوا مەلایی لەسەر هەقن یان جەلالی، لێیان دەبوو بە هەراو پێوەندی حیزبییان لەگەڵ یەکتر دەپساند.

ناشکوری نەبێ شوێنەواری ئەم وەزعە تا ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژ لەنێو ریزەکانی حیزب دا هەر مابوو و تەنانەت پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێرانیش کەم نەبوون ئەوانەی دۆستایەتی،

یان نەبوونی دۆستایەتی لەگەڵ فلانە هێزی سیاسیی کوردستانی عێراقیان بە پێوانەی بەرهەق بوون، یان بەرهەق نەبوونی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) دەزانی.

لەوەش تاڵتر ئەوەیە کە بە داخی گرانەوە ئەو ئاوەی لەپاش شۆڕشی عێراق بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ڕژاوە، ئێستاشو ئێستاش وشکاوی نەهاتوەو جگە لە چەند ساڵی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٨ تا ١٣٦٢) هەمیشە ناوەندی بڕیاردانی حیزبو بنکەی ڕێبەرایەتیمان لە پشتەوەی سنوورەکانی نێوان ئێرانو عێراق بووە، دیاردەیەك کە هەر ئێستاش بە دەستیەوە گرفتارین.

راستو چەپ یان سەربەخۆو بەستراوە

دووبەرەکی لەنێو ئەوانەدا کە بە هەرحاڵ بە کادری ڕێبەری دەژمێردران لە زۆربارەوە لە زۆر وەخت دا سەری هەڵدەدا. بەڵام دەکرێ بڵێین تەوەری ئەو دووبەرەکییە وەك شەخس دوکتور قاسملوو لە بەلایەكو احمد توفیق (عبدالله اسحاقی) لە لایەکی دیکە بوونو لەباری سیاسیەوە ناکۆکی لەسەر بیروباوەڕی چەپو دێموکراتیو پێشکەوتنخوازانە کە دوکتور قاسملوو لایەنگری بوو، لەگەڵ بیرێکی ناسیۆنالێستی بەرچاوتەنگانە بوو کە کاك احمد توفیق بە سەمبولی دەژمێردرا. هەر ئەو دوو بۆچوونو بیرکردنەوەیە دوو هەڵوێست یان دوو سیاسەتی دیکەشیان هێنابووە کایەوە. هەرچی دوکتور قاسملوو بوو (لەگەڵ ئەوەی ناکرێ لە هەموو بارێکەوە بە بێخەتا دابنرێ) لایەنگری سەرسەختی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووو تا ئەو کاتەش کە سەری نایەوە لەو ڕێبازە دروستە لاینەدا، هەرچی کاك عبدالله اسحاقیش بوو، بە هەر دەلیلێك کە بۆخۆی پێی قانیع بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردبوو بە کلکەیەك لە پارتی دێموکراتی کوردستانو بە کردەوە لەژێر ڕێبەرایەتیی پارتیو شەخسی خوالێخۆشبوو مەلامستەفادا بەڕێوەدەڕۆیشت[1].

[1] ڕەنگە وەك نموونە خەراپ نەبێ بزانین کە تەنیا بڵاوکراوەی حیزبی دێموکرات کە اسحاقی دەری دەکرد، ناوی "دیسان بارزانی" بووو نێوەرۆکەکەشی دیفاع لە بارزانی بەرامبەر بە موخالیفانی بوو کە ژانەسەرێکی کەمی بۆ حیزب بەدواوە نەبوو.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو بەشە لە ململانەکە تا رادەیەکی زۆر کۆتـایی هـات. چـونکە کاك احمد توفیقو هاوبیرەکانی بە رێگایەك دا کە نـاکرێ لێـرەدا باسـی بکـرێ زۆر زوو دوکتـور قاسملوویان لە عێراق بەدەرکردن داو دوکتور قـاسملوو هـەتا دوای رێکەوتننامـەی ١١ی مارسـی ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی عێراقو بزووتنەوەی کورد لە ئورووپا ژیاو ئیدیعای رێبەرایەتیی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشی نەدەکرد. قاسملوو کە بـە پێچـەوانەی اسـحاقی ئـەهلی فکـرو سیاسەتو قەڵەمو نووسین بوو بـە هاوکـاریی هێنـدێ لـە دۆسـتانی بـۆ مـاوەی چـەند سـاڵێك رۆژنامەیەکیشی لە ئورووپا دەردەکرد کە ناوی "کوردستان"ی لەسەر دانابوو. بەڵام چونکە خۆی بە رێبەری حیـزب دانـەدەنا لەسـەر رۆژنامەکەشـی نەدەنووسـی ئۆرگـانی حیزبـی دێمـوکرات، ئەگەرچی لە راستیدا بیروباوەڕی حیزبی بڵاو دەکردەوە.

دیارە بە رۆیشتنەدەری دوکتور قاسملوو بەربەرەکانێ لەگەڵ بیروبـاوەڕی راسـترەوانەو رەفتـاری تەکڕەوانەی کاك عبدالله اسحاقی کۆتایی نەهات. زۆرجار کادرەکانی ریزی پێشەوەی حیـزب بـە دژی رێبازی چەوتی اسحاقی کە ئێستا ئیدی بە کردەوە حیزبی لەدەستی خۆیدا قـەبزە کردبـووو زۆرجار بە گاڵتە پێیان دەگوت حیزب، رادەوەستان. بەڵام بێسوود بوو. چونکە لەلایەك بۆ خـۆی بێبەزەییانە لەگەل موخالیفانی دەجووڵایەوەو تەنانەت پەنای بۆ تیرۆریش دەبرد (بۆ نموونە تیرۆری شەهید ئەسعەد خودایاری)، لە لای دیکەش پشتیوانیی بێئەملاو ئەولای خوالێخۆشبوو بـارزانی لە ناوبراو دەرەتانی هەرەجۆرە گەشەکردنێکی لە رەوتی پێچەوانەی رەوتی احمد توفیق بەرتەسـك کردبۆوە.

زۆر بە راشکاویش دەکرێ بڵێین هەمووی ئەو بەربەرەکانێیانە کە بە دژی دەسەڵاتی کاك احمد توفیق وەڕێ کەوتن، لە چاو سیاسەتو رێبازی ناوبراو کـەمو زۆر نێـوەڕۆکی پێشـکەوتنخوازانەو ئازادیبرانەیان هەبووە، هەر چەند ئەو بەربەرەکانێیانە زۆرجار درێژەی یـەکتر نـەبوونو هـەر لـەو کاتەدا خاوەنی خەتێکی روونی سیاسیو جاروبار خاوەنی چیهرەی ناسراوی سیاسیش نەبوون.

کۆمیتەی ساخکەرەوە

هەروەك گوترا، بەربەرەكانێ دژی تەكرەویی عبدالله اسحاقی زۆرجار سەری هەڵدەدا. مەلا ئاوارە، (مەلا احمد شەڵماشی) لەگەڵ ئەوەی قەت ئیددیعای رێبەرایەتیی نەدەكرد، بە تاقی تەنیا خەتێكی سەربەخۆی تەشكیلاتیی بەدوور لە دەسەڵاتی احمد توفیق كردبۆوە. ئەو كە لە ناوچەی سەردەشت لە دایك ببوو هەر لەوێش پێگەیشتبوو تەشكیلاتێكی پانو بەرینو پتەوی لەو ناوچەیەدا پێك هێنابوو كە هاتا ئێستاش كەمتر لە هیچ ناوچەیەكی كوردستان دا وێنەی دیتراوە. ئەو تەشكیلاتە نە لەباری فكریو نە لەباری حیزبییەوە پێوەندیی بە خەتی اسحاقییەوە نەبووو تەنیا بەناوی حیزبی دێموكرات تێدەكۆشا، بێ ئەوەی كەسێك جگە لە مەلا ئاوارە بە شێوەی تەشكیلاتی بناسێ.

جگە لەوە لە ساڵەكانی ١٣٤١و١٣٤٢دا جموجۆڵێكی دیكە بە دژی خەتی اسحاقی وەرێ كەوت كە بە ناوی كاوەو مستەفا (محەمەد ئیلخانیزادەو سەلاحەدین موهتەدی) ناوبانگی دەركردبوو. ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان هێندێ كاری سیاسیو تەشكیلاتییان لە ناوچەكانی سەردەشتو بۆكان كرد كە هەر نەبێ لەباری روون كردنەوەی فكرییەوە بەسوودبوو.

بەڵام تا پێش كۆنگرەی دووهەمی حیزب گرنگترین جموجۆڵی بەرەبەرەكانێ لەگەل عبدالله اسحاقی ئەوە بوو كە ناوی "كۆمیتەی ساخكەرەوەی حیزبی دێموكراتی كوردستان"ی لەسەر دانرابوو. ئەو كۆمیتەیە هاوینی ١٣٤٢ لە چوار ئەندام پێك هات كە بریتی بوون لە: ١ـ خوالێخۆشبوو قادر شەریف ٢ـ كاك حسن رستگار ٣ـ كاك حسین مەدەنی ٤ـ كاك سەعید كوێستانی. لە سەرەتادا ئەو كۆمیتەیە ناوێكی تایبەتیشی لەسەر خۆی دانەنابوو هەتا:

"لە پاییزی ٤٢دا ئەندامانی كۆمیتە كۆبوونەوەیەكیان لە زینوێ شێخی گرت، لەوێدا لەسەر ناوی كۆمیتەكە ساغ بوونەوەو ناویان نا "كۆمیتەی ساخكەرەوەی حیزبی دێموكراتی كوردستان" ئەگەرچی قەرار درابوو كۆمیتە لانیكەم هەتا ساڵێك بە نهێنی كاربكاو لەناو قەوارەی حیزب دا بە تەواوی جێی خۆی بكاتەوە، بەڵام پاش شەش مانگێك ئاشكرا بوو. احمد توفیق لەو یەكگرتنە تەشكیلاتییە ... ترسی رێنیشت، بە هەموو توانایەوە خەریكی تێك شكاندنو لەبەر یەك هەڵوەشاندنی بوو. هەولێ سەرەكیی ئەوە بوو مەلامستەفایان لێ تیژ بكا. كۆمیتەی ساخكەرەوەش باش لەم شتە گەیشتبوو. بۆیە لەلایەك هەولێ دەدا دڵی مەلامستەفا لەخۆی

نەرەنجێنیو لەگەڵ خۆی نەکاتە تەرەف لە هەمان کاتیش دا دەیەویست لەنێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسیی پارتیدا خۆی بێلایەن بێڵێتەوە... بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوو.سەرەتای بەهاری ١٣٤٢ هاوڕێیانی کۆمیتەی ساخکەرەوە داوای چاوپێکەوتنی مەلا مستەفایان کرد کە ئەو کات لە سەنگەسەر بوو. لە کۆبوونەوەیەکی شەش سەعاتە لەگەڵ بارزانیدا زۆر بە راشکاوی بیروڕای خۆیان لەسەر احمد توفیق دەربڕیو گوتیان احمد توفیقیان وەك سکرتێری حیزب قبووڵ نیە[١] (حازرن ڕێزیشی بگرن)، بەڵام لە ئاست سەرۆك بارزانیدا مل کەچن. بارزانی قسەکانی بۆ نەسەلماندنو لایەنی احمد توفیقی بەر نەداو گوتی: "من کاك احمد بە ئێوە نادەم" دوای روون بوونەوەی هەڵوێستی بارزانی کۆمیتەی ساخکەرەوە کەوتە بەر هەڕەشەو گوڕەشەی احمد توفیقو نەیتوانی لە ناوچەی پشدەر بمێنێتەوە. لە بانەمەڕی ١٣٤٣دا پەنای بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی لە گوندی مالوومە برد. دواتر بنکەی بۆ ناوچەی ئالان گوێستەوەو لە گوندی "گڕگاشە" جێگیر بوو[٢].

کۆمیتەی ساخکەرەوە پاش ئەو ڕووداوانە هێندێ کاری موسبەتی کردن. بۆ نموونە دوو ئەندامی دیکەی بە خۆیەوە زیاد کردی کە بریتی بوون لە مەلا ئاوارەو مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی. دوو ئەندامی موشاویریشی دیاری کردن (مەلا رەسووڵ پێشنمازو قادر قاچی، ناسراو بە مامەند). کلاسێکی سیاسیی بۆ ئەندامەکانی پێك هێنا کە لەمێژ بوو ئەو جۆرە کلاسانە لە حیزب دا دانەنرابوون. جگە لەوانە بە دەرکردنی راگەیەندراوێك هەم دامەزرانی خۆی راگەیاندو هەمیش هێندێك لە ئاکارەکانی عبداللە اسحاقیی لەقاودا. لەوانەش گرنگتر ئەوە بوو کە کۆمیتەی ساخکەرەوە سەرنجێکی تایبەتیی دایە کاری حیزبی لەنێوخۆی وڵات داو سێ تیمی تەشکیلاتیی بۆ سێ ناوچەی کوردستان پێك هێنا کە لە پووشپەڕی ١٣٤٣دا هەر سێکیان گەڕانەوە نێوخۆی وڵاتو دەستیان بە کاری تەشکیلاتی کرد.[3]

---

[١] بەراستیش احمد توفیق سکرتێری حیزب نەبوو، چونکە ئەو کاتە هەر لە حیزب دا پۆستێك بە ناوی پۆستی سکرتێر نەبوو.

[٢] یادداشتێکی دەستنووسی کاك حوسێن مەدەنی.

٣ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

**دیسان پەلاماری پۆلیس**

لە دوارۆژەکانی زستانی ساڵی ١٣٤٣ (مارسی ١٩٦٥)دا جارێکی دیکە پۆلیس پەلاماری هێنایە سەر رێکخراوەکانی حیزب. لەو پەلامارەدا کە تا دووسێ رۆژ پاش نەورۆزیش درێژەی کێشا، دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات گیرانو رەوانەی چاڵە رەشەکانی رێژیمی پاشایەتی کران. گیراوەکانی ئەم جارە حوکمی زۆر سەختیان بەسەردا نەسەپێندراو زۆربەی زۆریان پاش کەمتر لە دوو ساڵ زیندان ئازاد کران.

## فەسڵی دووهەم:
## لە کۆنگرەی دووهەمەوە تا کۆنگرەی سێهەم
## (١٣٤٣ـ١٣٥٢)

لە وەزعو حاڵێکی وادا کە پێشتر باس کرا، رێبەرایەتیی حیزب، یان باشتر بڵێین رێبەرایەتیی اسحاقی بڕیاریدا کۆنگرەی حیزب پێك بێنێ. دیارە هەوڵدان بۆ گرتنی کۆنگرە لە هەر هەلو مەرجێك داو لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ، بۆ خۆی کارێکی دێموکراتیو بەکەڵكو بەجێیە، بەو شەرتەی گرتنی کۆنگرە بە مەبەستی چارەسەری گیروگرفتەکان، یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبو وەگەڕخستنەوەی زیاتری کارو تێکۆشانی حیزبی بێ. بەڵام بەداخەوە گرتنی کۆنگرە هیچ کام لەو ئامانجانەی تێدا رەچاو نەکرابوو. چونکە:

ـ لەجێدا حیزبی دێموکرات خاوەنی تەشکیلاتێکی رێكو پێكو یەکپارچە نەبوو. لە نێوخۆی وڵات دا دەمێك بوو کەمتر سەرنج دەدرایە کاری تەشکیلاتیو ئەوەندەش کە کار دەکرا، زیاتر هێندێ ئامانجی دیکەی تێدا رەچاو دەکران، کە ئەگەرچی بەشێکیان (وەك یارمەتی کۆکردنەوە بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردی عێراق) شتێکی پیرۆز بوون، بەڵام لەسەر یەك بۆ حیزبێکی سیاسیی مەخفی لە پلەی دووهەم دا بوون. لەوەش گەڕێین کە ئەوەی لە نێوخۆی وڵات دا دەکرا

پێی بگوترێ تەشکیلات بەسەر دەستەو تاقمی جۆراوجۆردا دابەش کرابوو، کە هێندێکیان سێبەری یەکتریان بەتیر دەنگاوت.

ـ لە وەزعێکی وادا دیارە پێك هێنانی کۆنفرانسەکانو هەڵبژاردنی نوێنەرانی ناوچە جۆراوجۆرەکان ئیمکانی نەبوو. جگە لەوە کە لە هەلومەرجی خەباتی نهێنیدا بە گشتی ئەو کارە لە توانادا نیە. کە وایە بە ناچار دەبوو ئەو کەسانەی لە نێوخۆی وڵات دا بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەدا بانگهێشتن بکرێن لەلایەن رێبەرایەتیەوە دەستنیشان بکرێن، کە ئەمەیان عەیبێکی ئەوتۆی لەسەر نەبوو. عەیبی کار لەوەدا بوو کە هەم لە نێوخۆی وڵاتو هەم لە کوردستانی عێراق نوێنەرانی کۆنگرە لەنێو ئەو کەسانەدا گوڵبژێر دەکران کە لە خەتی عبداللە اسحاقی دا بوونو بەو پێیە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە مافی چوون بۆ کۆنگرە، یان ناردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە بێبەش کران.

لە رۆژانی بەسترانی کۆنگرەدا (سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣) ژمارەیك لە کادرەکانی حیزب کە لە عێراق دەژیان بەرەو گوندی سونێ (شوێنی گرتنی کۆنگرە) وەرێ کەوتن، بەو نیازە کە یان رێگایان بدرێ لە کۆنگرەدا بەشدار بن، یان لانیکەم کۆمیسیۆنێکی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بێ قسەیان لەگەڵ بکاو نوختە نەزەرەکانیان بەرێتەوە کۆنگرە. کەچی بە داخەوە چەکدارانە پێشیان پێگیراو رێگایان نەدرا لە شوێنی بەسترانی کۆنگرە نیزیك بکەونەوە.

بڕیارەکانی کۆنگرەش نیشانەیەك لە نزمیی پلەی باسە سیاسیەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون. "بەرنامەیەك کە دانراوە بێجگە لە پایەی نزمی سیاسیو فەرهەنگی، بەرنامەی حیزبێکی دواکەوتووی ناسیۆنالیستیە کە لەگەڵ رابردووی پێشکەوتنخوازیو دێموکراتیی حیزبی ئێمە رێك ناکەوێ. هێندێك بڕیاریش لەسەر چەند کەسێك لە تێکۆشەرانی حیزب وەرگیراوە کە نموونەی زاڵبوونی شێوەی پۆلیسیە لەناو حیزب دا"[1].

بۆ ئەوەی تێبگەین کۆنگرەی دووهەم چەندە لە خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوور کەوتبۆوە، رەنگە ئەوەندە بەس بێ کە بزانین لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا، ئەوەی ئێحترامو

[1] راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، لاپەڕە ٢٤.

ئێعتیباره به کۆماری کوردستانو ڕێبەرەکانی ڕەوا نەبینرابووو بیبەزەییانە درابوونە بەر پەلامار. وەختێك ئەو بەیاننامەیە بڵاوبۆوە لە هەموو جێگایەك لەگەڵ بێزاریو تووڕەیی بەدەنەی حیزب بەرەوڕوو بوو. بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووهەم ناچار بوو بۆ ئارام کردنەوەی وەزعەکە بەبۆنەی دەی خاکەلێوە ڕۆژی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێکانیەوە بەیاننامەیەك دەربکاو لەوێدا ڕێز لە یادی ڕێبەرانی حیزبو کۆماری کوردستان لە ساڵەکانی ٢٥ ـ ١٣٢٤دا بگرێ. دیارە ئەو بەیاننامەیە هەرچەند بۆخۆی شتێکی خراپ نەبوو، بەڵام بە هیچ جۆر نەیتوانی ببێتە کەفارەتی ئەو گوناهە کە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا کرابوو.

کۆنگرەی دووهەم کۆمیتەیەکی ناوەندیی لە ١٥ کەس هەڵبژارد کە ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئەمانە بوون:

١ـ عبدالله اسحاقی (احمد توفیق)

٢ـ صدیق انجیری

٣ـ سلیمان معینی (فایق)

٤ـ امیر قاچی

٥ـ ملا سید رشید حسینی

٦ـ ملا رحیم وردی (میرزا احمد)

٧ـ نەحۆ (باپیر شکاك)

٨ـ عزیز یوسفی

٩ـ غنی بلوریان

١٠ـ عبدالرحمن شەرفکندی (هەژار)

١١ـ دکتر علی مولوی

١٢ـ سید کامل امامی

١٣ـ حبیب وەرزێر

١٤ـ دکتر رحیم قاچی

١٥ـ سنّار مامدی

چاوخشاندنێك به لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییش دا دەری دەخا کە ئەو کۆنگرەیە زیاتر لەوەی لەباری سیاسی‌یەوە بۆ مەسەلەکان بچێ، بە هێندێك مەسەلەی "عاگفی"یەوە چەسپاوە. هەر وەك نموونە باشە بگوترێ هاوڕێیان عزیز یوسفی، غنی بلوریانو دوکتور علی مولوی ئەودەم لە زیندان بوونو هەڵبژاردنیان ئەگەر زیانی نەبووبێ، بەهەرحاڵ نەی‌توانیوە قازانجیشی هەبێ. مامۆستا هەژاری شاعیر هیچ وەخت ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووەو تا مردنیشی پێی وابوو نەدەبا حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگای کۆمەڵەی ژ ـ ك بگرێتەوە، کاتێکیش خەبەریان پێدابوو کە بوویە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، گاڵتەی پێ هاتبوو گوتبووی خۆ ئەمن کوردی ئێرانیش نیم.

خۆشتر ئەوە بوو کە کۆنگرە لە بڕیارێکی خۆیدا خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانیشی بە سەرۆکی حیزب دیاری کردبوو، کە هەموومان دەزانین ئەو سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان (عێراق) بووو لەجێدا زۆریش حەزی لە حیزب حیزبێنە نەدەکرد.

لەو کۆنگرەیەدا کۆمیتەیەکیش بەناوی کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز هەڵبژێردرا کە ئەندامەکانی ئەوەندی لەبیرمەو بە پرسیار بۆم ساغ بۆتەوە (؟) ئەمانە بوون:

١ـ رەئوف ملاحسن (رەئوفی خەیات)

٢ـ عبدالله معینی

٣ـ رشید فلاحی (رەشەی قاچاخچی)

٤ـ ملا قادر لاچینی

٥ـ سید حاجی کەڵەوی

٦ـ ملا کەریم ساردەکۆسانی

٧ـ ملا نەجم الدین کوکبی

٨ـ سید گاهر امینی

٩ـ مصگفی اسحاقی (برای احمد توفیق)

١٠ـ عبدالله مولوی

١١ـ سید رسول دهقان (سەید رەسووی بابی گەورە)

به وردبوونەوەیەك لــە لیســتی ئەنــدامانی كۆمیتــەی ناوەنــدی دەتــوانین تێبگــەین كــە ئــەو كۆمیتەیە شانسی سەركەوتنی لە ڕێبەری كردنی حیزبی دێموكراتو بزووتنەوەی كوردی ئێران دا هەر لە سەرەتاوە كەم بووە. چونكە تەنیا حەوت كەسی پێشەوەیان لە ریزی خـەباتی بـەكردەوەدا بوون. بەڵام هاوكاریی نێوان ئەو حەوت كەسەش زۆری نەخایاندو پێش ئـەوەی كارێـك بـۆ پـێش خستنی حیزبەكە بكەن دووچاری ناكۆكی بوون. هــەر زۆر زوو خوالێخۆشــبوو صــدیق انجــیری بــە نیشانەی نارِەزایی لە رەفتاری تەكرِەوانەی احمد توفیق لە گوندی "لێوژێ" لە ناوچـەی ناودەشـت كونجی قەناعـەتی گرتو پاش ماوەیەك بە شـێوەیەكی گومانـاوی!! كـوژرا[1]. ئـەوانی دیكـەش هاوكارییەكی ئەوتۆیان لەنێودا نەماو ئەگەرچی شتێك بـەناوی "هەیئــەتی سـكرتاریای حیزبـی دێموكراتی كوردستان" دروست كرابوو. بەڵام بە كـردەوە جـارێكی دیكـە حیـزب بـوو بـە احمـد توفیقو احمد توفیق بوو بە حیزب.

كۆمیتەی انقلابی

چەند مانگ پاش كـۆنگرەی ٢ ڕێبەرایــەتیی هەڵبــژێراوی كـۆنگرە پێوەنــدیی بــە كۆمیتــەی ساخكەرەوەوە گرتو داوای لێكرد كە بێتەوەو لــە ریزەكـانی حیـزب دا لەگـەڵ ئـەو بەشــە كـە كۆنگرەی پێك هێنابوو درێژە بە تێكۆشان بـدا. لـەو پێوەندییـەدا هەیئــەتێك لــە ڕێبەرایــەتیی هەڵبژێردراوی كۆنگرە كە پێك هاتبوون لە كاك صدیق انجیری، كاك سلیمان معینیو كـاك نــەحۆ (لە كۆمیتەی ناوەندی)و كاك عبدالله معینی، كاك رەئووف ملاحسنو كاك رشــید فلاحــی (لــە كۆمیتەی چاوەدێری بەرز)، لەگەڵ هەیئەتێك لە كۆمیتەی ساخكەرەوە پێكهاتوو لە كـاك حســن

[1] چەند ساڵ دوای كوژرانی صدیق انجیری كاتێك احمد توفیقو ملا سید رشید لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە رۆیشتنو چوونە نێو دەوڵەتی عێراق احمد توفیق لەلایە ملا سید رشید اعترافی كردبوو كە صدیق انجیری بە دەستووری ئەوو بە دەستی سەید حەسەنی برازای لە رێگای لێوژێ بۆ سوورەبان لە سەرەوژێری وەسان (سێ گوندن لە ناوچەی ناودەشتو دۆڵی باڵەیان) كوژراوە. ئەمە بوو بە هۆی لێك دابرِانی احمد تۆفیقو ملا سید رشید، چونكە ئەو پیاوە پیاوی ئینسان كوشتنو ئەو جۆرە پاكانە حیسابانە نەبوو.

رستگار، کاك سيد حسين مەدنی، مەلا ئاوارەو مەلا رەسووڵ پێشنماز کۆبوونەوەو لەسـەر ئـەوە رێك کەوتن کە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بێن بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی.

ئەو رێککەوتننامەیە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پەسند کراو لە بـەهاری سـاڵی ١٣٤٥دا ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە چوونەوە پاڵ رێبەرایـەتیی هەڵبـژێراوی کـۆنگرە. لـەو نێـوەدا خوالێخۆشبوو قادر شەریف (هاشم اقل الگلاب) کە ئەندامی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو، بە رێك کەوتنەکە رازی نەبوو، ناوبراو کە لە گوندی ورچەك لەنێوخۆی کوردسـتانی ئێـران دا بنکەیـەکی پێك هێنابوو ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە نێو برادەرانی دیکەو لێرەدا چـەند کـەس لـە هاوڕێیـانی: (حسن رستگار، مەلا ئاوارە، مامەندی قازی، رەسووڵ پێشنمازو منتقم قاچی) چوونە ورچەك تا بە زۆر یان بە خواهیشت قادر شەریف بگێڕنەوە نێو ریزەکانی خۆیان. ناوبرا بە خۆشی ملی نەداو تەقەی لێکردن. سەرەنجام پاش تەقەیـەکی کـورت گرتیـانو لەگـەڵ خۆیـان هێنایانـەوە بنکـەی سەرکردایەتی لە سونێو بەو جۆرە تۆماری تەمەنی کۆمیتەی ساخکەرەوە پێچرایەوە[١].

بەڵام بەربەرەکانێ لەگەڵ رەوتی تەکڕەوانەی احمد توفيق کۆتـایی نـەهاتو پـێش تـەواوبوونی کاری کۆمیتەی ساخکەرەوە گەرای جووڵانەوەیەکی دیکە دانرا کـە نـاوی "کۆمیتـەی انقلابیـی حیزبی دێموکراتی کوردستان"ی لەسەر دانرا. یەکەمین کەسانێك کە ئەو جەریانەیان پێك هێنـا، ئەوەندی لەبیرم بێ بریتی بوون لە کاك حەمـەدەمین سـیراجی، کـاك سمـایلی شـەریفزادە، مـەلا ئاوارەو کاك سالاری حەیدەری. ئەوانە جمو جۆڵێکی فکریو تەشکیلاتیی رێكو پێکیـان دەسـت پێکرد. لەگەل ئەوەی ئیمکاناتێکی یەکجار کەمیان لەبەر دەست دابوو توانیـان لـەنێو بەدەنـەدا جێیەك بۆ خۆیان بکەنەوە. ئەوانە بۆ ئەوەی بیروباوڕی خۆیان بلاو بکەنـەوە، نامیلکەیەکیشـیان بەناوی "تیشك" دەرکرد کە لەبەر نەبوونی دەزگای چاپ تەنیا چەند نوسخەیەکیان بە کاربۆن لێ تایپ دەکرد. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم تەنیا سێ ژمارەشیان بۆ دەرکرا.

کۆمیتەی انقلابی دواتر پەرەی گرتو دوای تەقینەوەی ناکۆکی لەنێو رێبەرایەتیی هەڵبژێراوی کۆنگرەدا هێندێ لە ئەندامانی رێبەرایەتییشیان چوونە پاڵ، لەوانە کـاك سـلیمان معینـی کـاك

---

[١] لە یادداشتێکی دەستنووسی کاك حسن رستگار وەرگیراوە.

عبدالله معینی، کاك سنار مامدی. لـه راسـتیدا هـەر ئـەو کۆمیتـەی انقلابییـەش بـوو کـە بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی کوردستانی ئێرانی بەڕێوەبرد.

## بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦

"وەزعی ناوەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٦ لە لایەکەوە ئەو فشارەی کـە بۆ حیزب دەهات لە لایەکی ترەوە، هێنـدێك لـە بەڕێوەبـەرانو کادرەکـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ناچار کرد کوردستانی عێراق بەجێ بـێڵنو بێنـەوە کوردسـتانی ئێـران. ڕێـژیمی شـا کەوتە ترسەوەو هێزێکی چەکداری زۆری بۆ لەناوبردنی ئـەوان تـەرخان کـرد. کـادرو ئەنـدامانی حیزب بێجگە لەدەست کردنەوەو بەربەرەکانێ کردن هیچ ڕێگایەکی تریان بۆ نەمایەوە. بەم جۆرە خەباتی چـەکدارانە بەسـەر هێنـدێك لـە کـادرو ئەنـدامانی حیزبـی ئێمـەدا لەلایـەن ڕێژیمـەوە سەپێندرا."[1]

پێش بەرپابوونی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ٤٦ ئەو کـادرو پێشـمەرگانەی بـە سـەردان لـە کوردستانی عێراقەوە دەگەڕانەوە کوردستانی ئێـران (لەوانـە کـە لەگـەڵ ڕێبەرایـەتیی عبداللـە اسحاقی یەك نەبوون) زۆر جار باسی ئەوەیان دەکرد کە کوردسـتانی گـەرمێن جێـی وانـی تێـدا نەماوەو باشترە بێنەوە ولاتی خۆیانو ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بە دژی ڕێژیمی شا وەڕێ بخەن. ئەوان زۆرجار ئەو مەسەلە کوردییەیان وەبیر دێنایەوە کە: "شەندە لە مەندەی کەمتر نیە".

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بـوو فکـری بـەرپاکردنی ڕاپـەڕینێکی چـەکدارانە لەلایـەن زۆر لـەو کەسانەشەوە کە دوایە ڕێبەرایەتییان کـردو تەنانـەت گیانیشـیان لەدەسـت دانـا، بـە شـتێکی نادروست دەزانرا. شەهید مەلا ئاوارە لـە نامەیـەك دا کـە سـەرەتای بـەهای ١٣٤٦ بـۆ منـی ناردبوو، نووسیبووی: "وەك دەزانی ماوەیەکە مقۆمقۆی خەباتی چەکدارانە داکـەوتووە. خـەباتی چەکدارانە بێ تەشکیلات، خەباتی چەکدارانە بێ چەكو تەقەمەنی، خەباتی چەکدارانە بێ پشتی

---

[1] ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، لاپەڕەکانی ٢٤و٢٥.

جەبهەو... داوات لیَدەکەم بە هەر جۆر بۆت دەکری مەیەڵە ئـەو فکـرە پـەرە بسـتێنیَو لـەنێو خەڵك دا جیَبگریَ".

بەوحاڵەش دیتمان ئەو راپەڕینە بەسەر هاوڕیَیانی حیزبیدا سەپێندرا. چونکە لە کوردسـتانی عێراق دا فشارێکی زۆریان بۆ دەهێنرا. هاتووچۆی برادەرانـی ئێمـە بـۆ نێوخـۆی وڵاتو کردنـی کاری حیزبی لەنێو خەڵك دا بـە گونـاهێکی کـەبیرە دادەنـرا. چـونکە رژێـمی شـا بـەو شـەرتە کۆمەگی!! بە بزووتنەوەی کوردی عێراق دەکرد کە رێگـای هـەر جـۆرە تێکۆشـانێك لـە کـوردە نارازییەکانی کوردستانی ئێران بگریَ. کار گەیشتە جێگایـەك کـە لـە ئـاخرو ئـۆخری بـەهاری ١٣٤٦دا ئەمنیەتی زۆر لە هاوڕیَیانی حیزبی لە کوردسـتانی عێـراق دا کەوتـە مەترسـییەوەو چەند کەسێکیان لیَگیرانو بۆ ماوەیەك خرانە بەندیخانەوە. لەوەش بگوزەرێین کە هێنـدێك لەوانـە بە زیندوویی یان بە مردوویی تەحویلی ئێران درانەوە[1].

بەو حاڵەش هاوڕیَیانی ئێمە بەربەرەکانیَیەکی قارەمانانەیان لە خۆیان نیشان داو ماوەی ١٨ مانگ ئاڵای خەباتی چەکدارانە بە دژی رێژیمی شایان بەرز راگرت. ئەو راپەڕینە هەر لەو کاتـەدا لەنێو خەڵکیش دا جێی خۆی کردەوەو دۆستو لایەنگرو پشتیوانی زۆر بوو. بە راشکاوی دەتوانین بڵێین ئەگەر هاوکاری کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق لەگەڵ رێژیمی شا نەبووایـە، ئـەو راپەڕینە سەرباری هەموو کەموکوڕییەکانی دەیتوانی ماوەیەکی زۆر زیـاتر لەسـەر پێـی خـۆی راوەستیَو زەبری کاریگەر لە هەیبەتی رێژیمی حەمەرەزاشا بدا.

دیارە ناکریَ هەموو شتەکان لێرەدا باس بکـرێنو "ئـەوەی لـە بـن بەرەیـە بیهێنینـە سـەر بەرەکە". بەڵام بۆ مێژوو دەبیَ بگوتریَ کـە بـە داخـەوە هاوکـاری سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی کوردی عێراق لەگەڵ رێژیمی کورد کوژی حەمەرەزا شا گەیشـتە ئـەو جێگایـە کـە پێشـمەرگەی کوردی عێراق لە نێوخۆی کوردسـتانی ئێـران دا شـان بـە شـانی هێـزە نیزامـیو ئینتیزامـیو نیوەنیزامییەکانی شا راوی کـوردی ئێرانیـان دەکـردو لـە کوردسـتانی عێـراقیش دا تەڵـە بـۆ

---

[1] بۆ نموونە ملا رحیم وردی "پاش مانگێك راگرتن لە بەندیخانەدا کاتێك دەیان ناردەوە تەحویلی ئێرانی بدەنەوە لەلایەن پێشمەرگەکانی هێزی خەباتەوە لە نزیك تەوێلە لە سنووری ئێرانو عێراق کوژرا" (کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران) نووسینی کریم حسامی ١٩٧١، لاپەڕە ٧٩.

تێکۆشەرانی حیزبی ئێمـە دادەنـرا بـۆ ئـەوەی بگیرێـنو زینـدوو یـان مردوویـان بدرێتـەوە بـە جەللادەکانی ڕێژیمی شا.

ڕاپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦ سەرمایەی ئینسانیی گەورە گەورەی تێدا لەدەست چـوون. تێکۆشـەرانی وەك ملا رحيم وردی، سليمان معينی، عبدالله معينی، ملا محمود زەنگنە، نەحۆ، مەلا ئـاوارە، سمایلی شەریف زادەو قارەمانانی وەك مینە شەمو صالح لاجانیو سید فتاحو دەیـانی دیکـە کـە یان لە مەیدانەکانی شەڕ لەگەل بەکرێگیراوانی ڕێژیمی پاشایەتیدا شەهید بوون، یـان بـەو شـێوە داخاوییە درانەوە بە ڕێژیمی پیاوکوژی شا زۆر بە زەحمەت جێگایان پـڕ دەبێتـەوە. بـەو حاڵـەش "ڕاپەڕینی ساڵەکانی ١٣٤٧ ـ ١٣٤٦ یەکێك لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانەو جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی حیزبی ئێمەدا هەیە"[(١)].

ئـەو ڕاپەڕینـە تێـك شـکا چـونکە: لـە نێوخـۆی ئێـران دا هەلومـەرج بـۆ بـەرپا کردنـی بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی لەو بابەتە ئامادە نەبوو. شا بە شانازییەوە دەیگوت ئێران جەزیرەی ئارامی نێو ئوقیانووسی پڕگێژاوی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستە، لە نێوخۆی حیزب دا نـە یەکپارچـەیی هەبوو، نە ئامادەیی ماددیو مەعنـەوی بـۆ وەڕێ خسـتنی بزووتنەوەیـەکی چـەکدارانەی پـانو بەرینو بەهێز. ڕاپەڕین نەك هەر پشتی جەبهەیەکی جێگای متمانەی نەبوو، بەڵکوو گـەورەترین زەبرەکانی لەو جێگایەوە لێ دەدران کە چاوەڕوان دەکرا بۆی ببێتە پشـتی جەبهـەو لـەو لاشـەوە هێزە سیاسییەکانی ئێران، ئەوانە کە دەرەتانی پێوەندی لەگەڵ گرتنیشیان هەبوو، هـەر وەك زۆر جاری دیکەی مێژووی ئێران کارێکیان بۆ ئەم ڕاپەڕینە لەدەست نەهاتو بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستان بە تەنیا مایەوە. حیزبی توودەی ئێـران کـە زۆریشـی بـەڵێنی هاوکـاریو پشـتگیری ماڵیو سیاسی بە ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە دابوو لە کـاتی تەنگانـەدا هـیچ هـەنگاوێکی هـەڵ نەهێنایەوەو "ئاگری سووربێ لە من دوور بێ" لە دوورەوە پاڵی دایەوە.

سەرەنجام پاش شەهید بوونی بەشـی زۆری ڕێبـەرانی بزووتنـەوە، بـە نێوبـژیکردنی هێنـدێك کەسی خێرخواز سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کـورد لـە عێـراق بـەوە ڕازی بـوو کـە ئـەو کـادرو

---

(١) ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، لاپەڕە ٢٥.

پێشمەرگانەی لە بزووتنەوەکەدا بەشدار بوون بگەڕێنەوە کوردستانی عێراقو داڵدەیان بدرێ. کەچی بە داخەوە ئەو بەڵێنەش بە تەواوی بەجێ نەگەیەندراو بەشێك لەو هاوڕێیانە پاش خۆ تەسلیم کردنەوە بە هێزەکانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق گیرانو درانەوە بە ڕێژیمی ئێران[1].

بۆیەش زۆر لەو کادرو پێشمەرگانە مەترسییان ڕێنیشتو بەناچار هەڵاتن، خۆیان تەسلیمی ئەرتەشی عێراق کرد تا بیان گەیەنێتە لای مەکتەبی سیاسیی پارتی کە ئەوەدەم لەگەڵ سەرۆکایەتی بارزانی ناکۆك بوونو لەنێو حکوومەتی عێراق دەژیان (داستانی مەلاییو جەلالی).

تێك شکانی ڕاپەڕینەکەی ٤٧ ـ ٤٦ وەزعی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێندەی دیکە شپرزە کرد. لە نێوخۆی وڵات دا جگە لە پێوەندییەکی عاتیفیو بیروباوەڕی شتێك بەناوی پێوەندیی تەشکیلاتی لەنێو ئەندامانی حیزب دا نەما. جگە لەوەش ڕێژیمی شا پەلامارێکی بەربڵاوی هێنایە سەر خەڵکی کوردستانو بە سەدان کەسی زیاتر بە شێوەی ڕەش بگیر لە زیندانەکان پەستاوت. قەسابخانەیەك کە تیمسار اویسی لە جلّدیان وەڕێی خست بۆ هەتا هەتایە لەبیر ناچێتەوەو وەك پەڵەیەکی ڕەش بە مێژووی پڕ جینایەتو خەیانەتی ڕێژیمی پاشایەتییەوە دەمێنێتەوە. دیارە ئەوەش بە نۆرەی خۆی تەئسیری لەسەر کزبوونی تێکۆشانی حیزبیو تەشکیلاتی دانا. سەرنج ڕاکێشە کە بگوترێ لە ناوچەی سەردەشت کە شوێنی تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارە[2] بوو، زیاتر لە سەد کەس گیران، بەڵام تەنیا چەند کەسیان ئەندامی حیزب لەنێودا بوون. ئەوانیش لەسەریان سابیت نەکرا کە ئەندامی حیزبن هەر بۆیەش ئەو هێرشەمان بە ڕەش بگیر ناوبرد.

لە ئاکامی بزووتنەوەی ٤٧ ـ ٤٦دا دیسان ژمارەیەکی دیکە لە تێکۆشەران کە نەکوتبوونە بەر پەلاماری ڕەش بگیر، ناچار بە ئاوارەیی بوونو لە کوردستانی عێراقو تەنانەت لە شارەکانی

---

[1] نموونە شەهیدان صالح لاجانی، سلیمان کەرقەشان، حەمەدەمین شیرێژو عبدالله بایزە قنجە بوون کە پاش تەسلیم کرانەوە بە دەستی پیاوکوژانی ڕێژیمی شا گوللە باران کران.

٢ـ مەلا ئاوارە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٧دا بەهۆی چەند خۆفرۆشی کوردەوە لە گوندی دیواڵان لە ناوچەی سەردەشت کەوتە داوو گیراو پاش چەند مانگ ئازارو جەزرەبە کێشان بەرەبەیانی ڕۆژی ١١ی خەرمانان لە شاری سەردەشت ئێعدام کرا. ڕۆحی شاد بێ.

دیکەی عێراقیش دا پەرش‌و بڵاو بوون. دیارە هەم ئەمانەو هەم ئەو کەسانە کە پێشتر لە کوردستانی عێراق بوون‌و تەنانەت ئەوانەش کە بە هیچ جۆر تێکڵاوی راپەڕینە چەکدارانەکە نەبووبوون، بۆ ماوەیەك لە ترسی گیران‌و مەترسیی تەحویلدرانەوە بە ئێران بێدەنگ دانیشتن‌و دەستیشان بە کڵاوی خۆیان داگرت، با نەیبا. بەو جۆرە لە نێو ئەندامانی حیزبی لە کوردستانی عێراقیش دا بە کردەوە شتێك نەما کە بکرێ ناوی پێوەندیی تەشکیلاتیی لەسەر دابنرێ.

## کۆنفرانسی دووهەم

لە چەند مانگ دوای تێشکانی راپەڕینەکەوە پاشماوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە هاوکاری یەك دوو کەس لە کۆمیتەی چاوەدێریی بەرز کە لە کوردستانی عێراق دەژیان‌و تۆمەتی بەشداری لە راپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦یان لەسەر نەبوو کەوتنە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەندامانی حیزب لە کوردستانی عێراق‌و دروست کردنەوەی لانی کەمی پێوەندیی تەشکیلاتی لە نێوانیان دا. جێی خۆیەتی بگوترێ کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەوانە کە لە سەرەتاوە ئیمکانی تێکۆشانی حیزبی‌یان هەبوو چوار کەسیان (ملا رحیم وردی، صدیق انجیری، سلیمان معینی‌و نەحۆ شکاك) شەهید ببوون، عبداللە اسحاقی بە فەرمانی مەلا مصگفی بارزانی لە ناوچەی بادینان دانیشتبوو رێگای هاتووچۆ بۆ ناوچەی سۆرانی پێ نەدەدراو زۆربەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتیش لەو ناوچەیەدا بوون. مابوونەوە کاك ئەمیر قازی‌و ملا سید رشید حسینی کە زۆرتر بۆ خۆیان‌و جاروباریش بە هاوکاریی سید رسول دهقان‌و کەمتر لەویش کاك رەئوف مەلا حسن‌و کاك رشید فلاحی هەوڵی سەردانی هاوڕێیانی حیزبی‌و دڵخۆشی دانەوەی ئەوانیان دەدا.

هەوڵی ئەو هاوڕێیانەو بە دەنگەوە هاتنی تێکۆشەرانی دیکەی حیزبی بوو بە هۆی ئەوە کە لە مانگی پووشپەڕی ١٣٤٨ (١٩٦٩)دا دووهەمین کۆنفرانسی حیزبی لە گوندێکی سنووریی کوردستانی عێراق پێك بێ. ئەم کۆنفرانسە لە زۆر بارەوە فەقیری‌و بێ‌دەرەتانی پێوە دیاربوو. لە نێوخۆی وڵاتەوە هیچ نوێنەرێکی تێدا بەشدار نەکرابوون ئەوانە کە لە عێراقیش دەژیان‌و "تاوان"ی بەشداری لە راپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦یان لەسەر بوو بەشی زۆریان نەیان توانیبوو نوێنەر بۆ ئەو کۆنفرانسە بنێرن. تەنانەت لە سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش، یەکێکیان (کاك احمد

توفیق) نەیتوانیبوو بەشدار بێ. جگە لەوانــەش رادەی بەشــدارانی کــۆنفرانس‌و پلــەی وشــیاریی سیاسیی ئەندامانی کۆنفرانسیش بۆ دڵ پێخۆش کردن نەدەبوو.

بەو حاڵەش ئەو کۆنفرانسە "هێندێك هەنگاوی بەکەڵکی هەڵێنایەوە. لە ناوخۆی حیزب دا بە نیسبەت ئەو ئەندام‌و کادرانەی حیزب کە لە کوردســتانی عێــراق دەژیــان یەکیــەتیی بیروبــاوەڕو کردەوەیەکی نیسبەتەن باشی پێــك هێنــاو بەرێوەبەرایەتی‌یــەکی هەڵبــژارد کــە بــۆ ژیاندنــەوەی رێکخراوی حیزبی لەناو ئەندامانی دەربەدەرو ئاوارەی حیزب دا هەوڵێکی بە کەڵکی دا".[۱]

پێویستی بە روونکردنەوە هەیە کە ئەوەدەمیش لە پێــڕەوی نێوخــۆی حیــزب دا ســەلاحییەتی کۆنفرانسی حیزبی بەو جۆرە کە ئێستا هەیە روون نەکرابۆوە. بەڵام کۆنفرانس سێ کەسی بــەناوی "ترمیم"ی کۆمیتەی ناوەندی وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوندی هەڵبژارد کە بریتی بوون لە: حسن رستگار، هێمن شیخ الاسلامی (شاعیر)و عبدالله حسن زادە. هاوڕێیەکمان کە ساڵی ١٣٥٨ بە تۆپی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو ئەو سێ کەسەی ناونابوو "بەرهەڵێخ".[۲]

لە باسی کۆنفرانسی دووهەم دا بە جێیە دوو شت وەبیر بێنینەوە. یەکەم ئەوە کە هەر چــەندە ئەو رێبەرایەتی‌یەی کۆنفرانسەکەی پێك هێنابوو، موخالیفی راپەڕینــە چــەکدارانەکەی ٤٧ ـ ٤٦ بوو، بەڵام لەو بارەیەوە مەســئوولانە جووڵایــەوەو رێــزی بــۆ خــەباتی هاوڕێیــانی بەشــدار لــەو راپەڕینەدا داناو بە حورمەتەوە ناوی شەهیدەکانی هێنا. تەنانەت لــەو پێوەندیيــەدا کــۆنفرانس پەیامێکی رەخنەگرانەشی بۆ خوالێخۆشــبوو بــارزانی‌و مەکتــەبی سیاســیی پــارتی دێمــوکراتی کوردستان (عێراق) ناردو نارەزایی لەو هەڵوێستە دەربڕی کە پارتی‌و بزووتنەوەی کــوردی عێــراق بەرامبەر بەو راپەڕینە گرتیانە پێش.

دووهەمیش پێوەندیی بە کاك احمد توفیقەوە هــەبوو. وەك گوتمــان نــاوبراو لــە کــۆنفرانس دا بەشدار نەبوو. بەڵام جگە لەوەش لــە نامەیــەك دا بــۆ کــۆنفرانس‌و لــە نامەیــەکی دیکــەدا بــۆ کۆمیتەی ناوەندی کشانەوە (استعفا)ی خۆی لە ئەندامــەتیی کۆمیتــەی ناوەنــدی راگەیانــدبوو.

---

[۱] راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، لاپەڕە ٢٨.

[۲] کاتێك دیوارێکی خانوو درزی تێدەکەوێ‌و مەترسیی رووخانی لێدەکرێ، دیوارێکی کورتی بە بەرەوە ساز دەکەن بۆ ئەوەی عومری دیوارەکە درێژ بکرێتەوە. بەو دیوارە کۆمەگی‌یە دەڵێن "بەرهەڵێخ".

کۆنفرانس ئەو لەکار کشانەوەیەی قبووڵ نەکردو کارەکەی دایە دەستی کۆمیتەی ناوەندی کە قسەی لەگەڵ بکاو ئەگەر ئیستیعفاکەی وەرنەگرتەوە، ئەو دەم لە جیاتی کۆنفرانسیش لێی قبووڵ بکا. کۆمیتەی ناوەندی دوای تەواوبوونی کۆنفرانس نامەیەکی رەفیقانەی بۆ کاك احمد توفیق نووسیو بە خوالێخۆشبوو ملا سید رشیددا بۆی نارد بۆ ئەوەی ناوبراولە نیزیکەوەش قسەی لەگەڵ بکاو قانیعی بکا ئیستیعفاکەی وەرگرێتەوە. ماوەیەك لەسەر رۆیشتنی ملا سید رشیددا تێپەری، هیچ خەبەر نەبوو. لەپر ئاگادار کراین کە احمد توفیق ئەویشی لەگەڵ خۆی بردوەو چۆتە نێو ئەرتەشی عێراق.

راستییەکەی ئەوەیە نەك هەر کۆمیتەی ناوەندی بەڵکوو هەموو تێکۆشەرانی حیزب زۆر بەو خەبەرە نارەحەت بوون. هەم لەبەر ئەسڵی کارەکە کە بە مانای بەجێهێشتنی حیزبو کارێکی سەرەرۆیانە بوو، هەمیش لەبەر ئەوە کە نیگەران بووین سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد لە عێراق ئەو کارە بە بریاری حیزبی دێموکرات دابنێو دژکردەوەیەکی توند بەرامبەر بە حیزب لەخۆی نیشان بدا. کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەیەکی بەرینی لە ئەندامانی حیزب بۆ باسی ئەو گیرو گرفتە پێك هێناو پاش دوو رۆژ باس، بریار درا هەیئەتێك بچێتە لای بارەگای بارزانیو مەکتەبی سیاسیی پارتی. هەیئەتەکە دیاری کراو بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەرێیان کردن. دیمەنی ئەو بەرێکردنەم قەت لەبیر ناچێ. تێکرای بەشدارانی کۆبوونەوە ئەو هاورێیانەیان ماچ کردو گریان، هەروا بزانە زیندانییەکی مەحکووم بە ئێعدام بۆ بن داری ئێعدام بەرێ دەکەن.

بەڵام کاتێك دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی ئێمە چوونە لای مەکتەبی سیاسیی پارتیو لە بارەگای بارزانیش چاویان بە خوالێخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی کەوت، ئەوان مەسەلەکەیان جۆرێکی دیکە وەرگرتو لەگەڵ ئەوەی لە کەردەوەی کاك احمدو ملا سید رشید ناڕازی بوون کارەکەی ئەوانیان بە کاری شەخسی خۆیان داناو دڵنیاییان دا کە هیچ تۆڵەیەك لە ئەندامانی حیزب وەرناگیرێتەوە. تەنانەت یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە هەیئەتەکەی گوتبوو "ئەوەی لەگەڵ ئێوە کراوە پەڵەیەکی رەشە بە نێوچاوانی پارتییەوە، بەڵام بەڵێن دەدەین دووپات نەبێتەوە".

دیاره دواتر دەرکەوت کە عبدالله اسحاقی، ملا سید رشیدی نیوە بە زۆرو نیوە بــە ترســاندن لەگەڵ خۆی بردوەو کاتێکیش گەیشتبوونە بەغدا ملا سید رشید لە کاك احمد توفیق جیا ببــۆوەو تا ئاخر یەکتریان نەگرتەوە. رەنگە هۆی ئەسڵیی ئەو تۆرانەی کاك سەید رەشید ئەوە بووبــێ کــە احمد توفیق لەلایی وی دانی بەوە داهێنابوو کە صدیق انجــیری بــە دەســتووری وی کــوژراوە. بــا ئەوەش لێرەدا بگوترێ کە پاش بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ کۆمیتەی ناوەندی پێوەندیی بە بە کاك احمد توفیقەوە گرتەوەو چونکە لەسەر ئیستیعفاکەی سوور بوو لە بــەهاری ١٩٧٠دا ئــەو ئیستیعفایەی قبووڵ کرد.

## دەرچوونی بەیاننامەی ١١ مارس

تەنیا لە کوردستانی عێــراق (ناوچــەی ژێــر دەســەلاتی پێشــمەرگە) رێکخراوەکــانی حیزبــی دێموکراتی کوردستان ئاهێکیان وەبەر هاتبوو. هێندێ کۆبوونەوەی حیزبی دەگیرانو جاروبــاریش بە بۆنەی جێژنەکانی حیزبەوە کۆمیتەی ناوەندی بەیاننامەیەکی بــە تایــپو کاغــەزکاربۆن بــڵاو دەکردەوە کە لە کۆبوونەوە حیزبییەکان دا بە نۆرە بخوێندرێتەوە. پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی وڵات هەم بۆ کادرەکانی حیزب زەحمەت بوو، هــەمیش لەلایــەن رێبەرایــەتیی بزووتنەوەی کوردی عێراقەوە رێگای پێنەدەدرا.

لە پاییزی ساڵی ١٣٤٨ (١٩٦٩)را دەنگۆ داکەوت کە لەنێوان شۆڕشو حکوومەتی عێراق دا مفاوچە (وتوویژ) بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق لە گۆڕێدایە. ئەو خەبەرانە ئەگەرچــی روون نەبوون، بەڵام زیاتر لە کوردەکانی عێراق بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێمــوکراتی کوردســتان دڵخۆشکەرو جێگای هیوا بوون. چونکە پێمان وابوو بە چارەسەری کێشــەی کــورد لــە عێــراق دا ئیدی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد دەستی لە بن بەردی شادا نامێنێو دەرەتانێکیش بۆ ئێمە پێك دێ کە بێترس لە گیرانو راونرانو تەحویلدرانەوە لە وڵاتی خۆمان دا کاری حیزبی بکــەینو تەنانەت شۆڕشی چەکدارانەش وەڕێ بخەین.

چەند مانگ زیاتری نەکێشا کە دەنگۆی مفاوچە وەڕاست گەڕاو خەبەری هاتووچۆی نوێنەرانی دەوڵەتی عێراقو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد بۆ لای یەکتر بــەگوێ گەیشــت. ســەرەنجام لــە

ئێـوارەی رۆژی ١١ی مارسـی ١٩٧٠دا (ئەگـەر بـە هەڵـە نەچـووبم سـاعەتی ٧ی پاشـنیوەڕۆ) بەیاننامەی مێژوویی‌و بەناوبانگی ١١ی مارس لە رادیۆی کۆماری عێراقـەوە راگەیەنـدرا. ئـەو بەیاننامەیە کە ئاکامی چەند مانگ وتووێژو سەرەنجام رێك کەوتنی سـەرۆکایەتیی بزووتنـەوەی کوردی عێراق‌و حکوومەتی ئەو وڵاتە بوو بە رەسمـی دانـی بـە ئۆتۆنـۆمیی کوردسـتانی عێـراق دانابوو رێگا چارەیەکی باشی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق بە دەستەوە دابوو.

بڵاوبوونەوی بەیاننامەی ١١ی مارس شەپۆلێك لە خۆشحاڵی‌و جەژن‌و شادمانیی نەك هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرانسەری عێراق دا وەڕێخست‌و کۆمەڵانی گـەلی کـورد لـە پارچـەکانی دیکەی کوردستانیشی‌دا هێنایـە سـەر کـەیف‌و شـادی. بـەڵام زۆرمـان نـەگوتوە ئەگـەر بڵـێین ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەمووان پتر بەو خەبەرە خۆشحاڵ بوون‌و لە هەمووان زیاتر شایی‌یان لە دڵدا دەگەڕا. بە بۆچوونی ئێمە بـە بڵاوبوونـەوەی ئـەو بەیاننامەیـە زنجـیر لـە دەست‌و پێمان کرابۆوەو لەمەولا دەمان توانی بە ئیشتیا بای باڵی خۆمان بدەین‌و بڵـێین ئێمـەش شتێکین.

بۆ ئەوەی زووتر بەشی خۆمان لەو دەسکەوتانە وەرگرتبێ کۆمیتەی ناوەنـدی کۆبوونەوەیـەکی کردو دەستەیەکی نوێنەرایەتیی لە سێ کەس: ئەمیر قازی، هێمنی شاعیرو عبداللـە حسـن زادە پێك هێنا کە بچنە خزمەتی بارزانی، هەم پیرۆزبایی ئەو رێك کەوتنەی لێ‌بکەن‌و هـەمیش لێـی بخوازن کە قەدەغەو قۆرغ لەسەر خەبات‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات هەڵبگرێ‌و دەسـتوور بـە هێزی پێشمەرگەو کۆمیتەکانی پارتی بدا پێشی کارو هەڵسووڕانی حیزبی دێموکرات نەگرن.

دوای دووجار سەردانی بارەگای بارزانی‌و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك ئیدرس وەختمان بـۆ دیـاری کرا کە لە دیلمان بچینە دیداری سەرۆك بارزانی. کاتێك چـووینە دیلمـان چ ببیـنین؟ بـە دەیـان کەسی لێ‌بوون کە بۆ پیرۆزبایی گوتن یان بۆ کاری دیکە هاتبوونە سەردانی بـارزانی. ئێمـە کـە کارەکەمان باری سیاسیی هەبوو دەبوو بکەوینە ئاخر. بۆیە هەر چەند زوو چاوپێکەوتنەکەمان بۆ پێك هات، بەڵام بۆ ئەوەی قسەی خۆمان بکەین‌و دەورەمان چۆڵ بـێ، کەوتینـە پـاش سـاعەت دووی بەیانی. بە هەر حاڵ دیداری بارزانی دەرفەتێك بوو بە ئاسانی دەست نەدەکەوت‌و بۆ ئێمـە هەر غەنیمەت بوو.

داواکانمان بە درێژی هێنایە گۆڕێو زۆر بە وردیو بە حەوسەلە گوێی بۆ راگرتین. کەچی ئەوەی راست بێ کاتێك هاتە سەر جوابدانەوە ئاوێکی ساردی بە دەستاندا کردین. بێ پێچو پەنا رایگەیاند کە لە بارەی ئێمەوە شتێك نەگۆڕاوەو ناتوانین چاوەڕوانی کۆمەگو یارمەتییەکا لە پارتی هەبێ. ئەگەریش دەمانەوێ کاری حیزبی بکەینو تێکۆشانی سیاسیمان هەبێ دەتوانین بچینە بەغداو پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بگرین. کاتێکیش ئێمە گوتمان هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ عێراق نیەو نەش هاتووین جەوازی چوون بۆ بەغدا وەربگرین، جوابی داینەوە کە ئێستا وەك جاران نیە، وەزعەکە گۆڕاوە، حوکمی زاتی هەیە، وەزیری کورد هەیەو چیوچی هەیە.

بە کورتی چاوی رەشمان کاڵ بۆوەو بە هەناسە ساردی لە خزمەت بارزانی هەستاین. گەڕانەوەی ئێمە بۆ نێو هاوڕێیانو گێڕانەوەی بەسەرهاتی سەفەرەکەمان زەبرێکی گەورەی لە کۆشکی هیوای هەمووماندا. تێگەیشتین کە بۆ گەیشتن بەو رۆژەی ئێمە چاوەڕوانی دەکەین بە داخەوە هێشتا رێگایەکی دوورودرێژ لەپێش دایەو بە تایبەتی جارێ ئەو بڕوا دوولایەنییە لە نێوان دەوڵەتی عێراقو بزووتنەوەی کورد دا پەیدا نەبووە کە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کوردی عێراق واز لە پێوەندی لەگەڵ رێژیمی شا بێنێ. بەو حاڵەش چار نەبوو دەبوو بە بەشی خوا بسازێین.

## گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو

لەو سەروبەندەدا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕابۆوە عێراق. لە بەغدا چاوی بە حەمەدەمین سیراجیو کاك یووسفی ریزوانی کەوتبوو. ئەوانیشی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، چووبووە لای خوالێخۆشبوو بارزانی بۆ پیرۆزبایی لێکردن بە بۆنەی رێککەوتننامەی ١١ی مارسەوە. لەو کاتەدا کاك ئەمیر قازی لەوێ دەبێ. لەگەڵ دوکتور قاسملوو چاویان پێك دەکەوێ. باسی گەڕانەوەی دوکتور قاسملووو یەك گرتنەوەی هەموو لایەك دەکرێو سەرەنجام رێك دەکەون کە کاك ئەمیر بگەڕێتەوە لای کۆمیتەی ناوەندی، مەسەلەکە باس بکاو دوکتور قاسملوویش لە بەغدا گیر بێ تا کاك ئەمیر خەبەری لێدەگێڕێتەوە. بەڵام هەر لەوێ دوکتور قاسملوو باسی ئەوەی کردبوو

که تەنیا نیه. بەڵکوو کاك کریم حسامی، کاك حەمەدەمین سیراجیو کـاك یوسـفی ریزوانییشـی لەگەڵە. کاك ئەمیر گەڕایەوە شوێنی کۆمیتەی ناوەندی. باشە بزانین جێگای کۆمیتەی ناوەندیش تەنیا ژوورێك لە پاڵ ماڵێکی نیشتمانپەروەردا بوو لـە گونـدی "سـەرگەی نێڵـێ" لـە ناوچـەی شارووشیان کە یەك دوو کەسی کۆمیتەی ناوەندیو یـەك دوو پێشـمەرگەی لێدەژیـان. بـە دوای گەڕانەوەدا کاك ئەمیر داوای کرد ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (کـە ئێسـتا تـەنیا چـوار کـەس مابوون: خۆیو هێمنو حسن رستگارو عبدالله حسن زاده) کۆببنەوە. لە کۆبوونەوەی کۆمیتـەی ناوەندیدا بڕیار درا کۆبوونەوەیەکی بەرین لە کادرەکانی دانیشتووی کوردستانی عێراق پێك بێو پرسیان پێبکرێ. لە بیرمە کاك ئەمیر ئەو کۆبوونەوەیەی ناونا "پلینۆم" هەر چەند رەنگە نـاوی سیمینار، یان کۆبوونەوەی مەشوەرەتیی لەسەر دانرابایا موناسبتر بوو.

هەرچۆنێ بێ هاوڕێیانمان کۆبوونەوەو مەسەلەکە هاتە گۆڕێ. لەگەڵ ئەوەی زۆر کەم کەس لـە نیزیکەوە دوکتور قاسملوویان دەناسی ، بە تێکڕا موافیق بوون کە دکتور بگەڕێتـەوەو کۆمیتـەی ناوەندی لە هەموو کاروباری حیزبیدا مەشوەرەتی پێبکا تا دەگەینە کۆنگرە یـان کۆنفرانسـێك. بەڵام بۆ وەرگرتنەوەی ئەوانی دیکەو بە تایبەتی کاك حەمەدەمین سـیراجی تووشـی کێشـەیەکی زۆر بووینو ئاخرەکەشی لەگەڵ وەرگرتنەوەی سیراجی موافقـەت هـەر نـەکرا. ئـەو کۆبوونەوەیـە نامەیەکی بۆ دوکتور قاسملوو نووسی. بانگهێشتی کرد کە بێتەوە کوردستان بـۆ کـاری حیزبـیو بەڵێنیشی پێدا کە کۆمیتەی ناوەندەی لە هەموو کاروبـاری خـۆیدا مەشـوەرەتی لەگـەڵ بکـاو تەنانەت پەیڕەوی لە نەزەرەکانیشی بکا.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە سێ کەس لە ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی چـوونە بەغـداو لەگـەڵ دوکتورو کاك حەمەدەمینو کاك یووسـف چـاومان پێـك کـەوت. لانیکـەم حەوتوویـەك بـاسو وتووێژمان بوو. لەسەر دوو مەسەلە ئێمەو دوکتور قاسملوو ناکۆکییەکی زۆرمان هەبوو. یـەکیان ئەوە کە ئێمە لەبەر نەزەری کادرەکانی حیزبی نەمان دەویست کـاك حەمـەدەمین وەربگرینـەوەو دوکتوریش پێی چەقاندبوو کە بـە بـێ ئـەو هاوڕێیانـە هاوکاریمـان ناکـا. قسـەی خۆمـان بـێ ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی حیـزب کـە پـاش شـکانی راپـەڕینی ٤٧ ـ ٤٦ رایـان کردبوو بۆ نێو حکوومەت لە ناوچەی سلیمانیو لە تەنیشت مەکتەبی سیاسیی کۆنی پـارتی بـە

چەکەوە بنکەیان هەبوو کە ئەوانیش پێوەندی‌یان بە سیراجی‌یەوە هەبووو بە هێزی چەکداری ئـەو برایانە دەژمێردران. ژمارەی ئەوانیش زۆر کەمتر نەبوو لە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی لـە ناوچـەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگەدا دەژیانو بە پەرشو بلاوی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی بوون. کە وایە لەو بارەشەوە پشتیان قایم بوو. دووهەم مەسەلە ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو قبـوولی نـەبوو لەگـەڵ کۆمیتەی ناوەندی‌یەك کە هەڵبژێراوی کۆنگرەی دووهەمە، کۆنگرەیەك کە تۆمـەتی جاسووسـیی داوەتەوە پاڵ ئەو، هاوکاری بکا. دەیەویست ئۆرگانێکی تازەی رێبەرایەتی درووست بکـرێ. جـا هەر ناوێك لەسەر دانرابا، بۆ ئەو فەرقی نەبوو.

پاش چەند رۆژ کێشەو هەرا جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێ‌کەوت. کاك حسن رستگار رای‌گەیاند کە ئەمن شەڕی قاسملووم پێ ناکرێو ئەگەر ئێوە لەگەڵی رێك ناکەون، ئەمن خواحـافیز.[1] ئـەو بڕیارە هەڵوێستی ئێمەی زۆر لاواز کردو ئاخرەکەی بەوە رازی بووین کە ئۆرگانێکی دیکە هەر بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی درووست بکەین. بەو پێیە لـە چـاخانەیەکی شـەقامی "ابونـواس" لـە بەغدا بە بەشداریی شـەش کـەس: قـاسملوو، سـراجی، رچـوانی، قاچـی، رەسـتگارو حسـن زادە کۆمیتەیەکی ناوەندیمان دروست کرد کە حەوت ئەندامی هـەبوون، ئـەو شـەش کەسـەو هێمنـی شاعیر. وام لەبیرە کاك کریم حیسامیشمان دانابوو کە بە وییەوە بووینە هەشت کەس.

ئەو کارە لەنێو بەدەنەی حیزب دا گیروگرفتێکی زۆری بۆ خولقاندین. بـە تایبـەتی ئـەوە کـە ئێمە بە پێچەوانەی بڕیاری کۆبوونەوەی شارووشیان جوولابووینەوە، هاوڕێیانی حیزبی زۆر تـووڕە کردبوو. بەلام لەلای دیکەوە یەکگرتنەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو خێری بۆ حیزبی دێمـوکرات زۆر بە دواوە بوو. بە راستی تەنیا پاش هاوکاری لەگەل قاسملوو بوو کە ئێمـە شـتێکمان لـە مانـای دروستی حیزبایەتیو کاری حیزبیو ئوسوولی حیزبی بەرچاو کەوتو کەمو زۆر فێری بووین. بـەو یەکگرتنەوە کەوتینە فکری دروست کردنی تەشکیلاتێکی رێكو پێکتر، خۆناساندن بـە حیـزبو رێکخراوەکانی کوردو ئێرانیو ناوچـەییو جیهـانیو خۆئامـادەکردن بـۆ گرتنـی کۆنفرانسـێکی

---

[1] سالی ١٣٦٧ کاتێك کاك حسن رستگارو برادەرانی لە حیزب جیابوونەوە لێم راسپارد ئەو کە ١٨ ساڵ پێش ئێستا بە دوکتور قاسملووی نەدەوێرا، چۆنە ئێستا کە دوکتور قاسملوو کە لە دنیا ناسراوە پێی دەوێری. بە داخەوە ئێستاش جوابم وەرنەگرتەوە.

حیزبیو هەوڵدان بـۆ بڵاوکردنــەوەی ڕۆژنامەیــەکی حیزبــی. هــەر لــەو ســەروبەندەدا موافقــەتی بارزانیمان وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێیانەشمان کـە لـە بـەکرەجۆ لـە ناوچـەی سـلێمانی بـوون بێنینەوە ئەو شوێنانە کە هاوڕێیانی دیکەی حیزبییان لێ دەژیان.

بە دوای ئەو کارانەدا خانوویەکمان لە بەغدا گرتو نەك بنکەیەکی حیزبـی، بـەڵکوو باشـترە بڵێم ماڵێکی حیزبیمان لەو شارە دامەزراند. لەو ماڵەدا دوکتورو هێمنو کریم حسامیو سیراجی لەگەڵ برایەکی پێشمەرگە بەناوی خالد عەلیپورو خێزانەکەی[1] بـە دایمـی دەژیـانو ئەنـدامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندییش هەر کات کاری کۆبوونــەوەو ســەفەریان هەبایــە لــەجیاتی هۆتێـل دەچوونەوێ.

با ئەوەش نەبوێرین کە هەر لەو سەروبەندەدا (بەهاری ١٣٤٩) پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگـەڵ حیزبـی بەعســی عێــراق دامــەزرا. دوکتــور قــاسملوو لــەنێو حیــزبو ڕێکخــراوو شەخســییەتە عێراقییەکان دا دۆستو برادەری زۆر بوون. ئەوەی ڕاست بێ ئێســتاش نــازانم لــە ڕێگــای کێــوە یەکەمین ئەڵقەی پێوەندییەکانی دامەزراند. دوایە بۆ خۆی بنچینەکانی ئەو پێوەندییەی هێنایــە سەر کاغەزو کران بە عەرەبیو تەسلیمی نوێنەری حیزبی بەعس کـران کـە لەلایــەن ئەوانیشــەوە پەسند کران. بە داخەوە دەقی ئەو نووسراوەیە لە دەست دا نیــە. بــەڵام لەبیرمــە هێنــدێ خـاڵی هاوبەش لەنێوان حیزبی دێموکراتو حیزبی بەعس دا باس کرابوون وەك ئەوە کە هەردوو حیــزب خەباتی دژی ئیمپریالیستی دەکەن، هەر دوولا خۆیان بە دۆستی وڵاتانی سۆسیالیســتی دەزانــن، حیزبی دێموکرات بۆ خودموختاریی کوردستان تێدەکۆشێو حیزبی بەعسیش خودموختــاری بـۆ کوردستانی عێراقی بە ڕەسمی ناسیوەو هێندێ شتی لەو بابەتە.

پاشان هەر لەو نووسینەدا هاتبوو کـە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان هـەم دۆسـتی حیزبـی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبەو هەم دۆستی پارتی دێموکراتی کوردستانە. حیزب خۆشـحاڵە کـە ئەم دوو دۆستەی ئێستا پێکەوە دۆستو هاوپەیمانن. بــەڵام ئەگــەر خوانــەکردە ڕۆژێــك ئــەم دوو دۆستەمان نێوانیان تێك بچێ، حیزبی دێموکرات دۆستایەتیی هیچ کامێکیـان بـۆ ئــەوی دیکـە

[1] ئەو هاوڕێیە ساڵی ١٣٦٧ بە دەستی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کرا. ڕۆحی شاد بێ.

وەلانانیو بە قازانجی یەکێکیان دژی ئەوی دیکە نابزوێتەوە. هەر ئـەو بناغـە پتـەوو دروسـتەی دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ حیزبی بەعسو دەوڵەتی عێراق بووە کە زۆر جـار ئێمـەی لـە گرتنـی هەڵوێستی ناڕاست بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی عێراق پاراستووەو هەمیشە لـەلای خۆمـانو نەتەوەکەمان سەربەرزین کە لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵـەتی عێـراق دا کارێکمـان بـە دژی کـوردی عێراق نەکردوەو هەر لەو کاتەدا بەرامبەر بە دەوڵتی عێراقیش هەڵوێستی دوژمنانەمان نەبووە.

پاش ئەوەی کەمێك جێی خۆمان کردەوەو دوکتور قاسملوو ئەرکی نووسینی بەرنامەو پێـڕەوی نێوخۆی حیزبی وەئەستۆ گرتو هەر لەو کاتەدا کار دروسـتایی بـۆ گرتنـی کۆنفڕانسـی حیزبـی دەستی پێکرا. لە زسـتانی سـاڵی ١٣٤٩دا بڕیارمـان دا بـۆ بڵاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی حیـزب ڕۆژنامە دەربکەینو بە پەسندی کۆمیتـەی ناوەنـدی نـاوی "کوردسـتان" بـۆ ئۆرگـانی حیـزب هەڵبژێرا کە پێشتریش هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان هەم لە دەورانـی خـەباتی نهێنـیدا ئۆرگانی حیزب بەو ناوە دەرچووبوو. هەر وەك پێشتر باسم کرد، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کـوردی عێراقو شەخسی خوالێخۆشبوو بارزانی بە دەرکردنی ئۆرگانی حیزب ڕازی نەبوون بـەڵام کاتێـك یەکەمین ژمارە لە چاپ هاتەدەرو یەکەمین نوسخەکانمان بۆ ئەوان نارد دەنگیـان نـەکردو پێشـی بڵاوبوونەوەشیان نەگرت. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو ڕۆژنامەیـە بـە دوو زمـانی کـوردیو فارسـی دەردەچێ.

## کۆنفڕانسی سێهەم

دەرچـوونی ئۆرگـانی حیـزب هـەر لـەو کاتـەدا کـە نەخشـی تـەبلیغاتی هـەبوو ڕۆڵێکـی تەشکیلاتیشی یاری کرد. کادرەکانو ئەندامانی حیـزب زۆری پـێ دڵخـۆش بـوونو بەرەبـەرەش لەنێوخۆی وڵات دا دەسـتی بـە بڵاوبوونـەوەکرد. ئەنـدامانی ژوورەوەی وڵات هـەم بـە خەبـەری یەکگرتنەوەی تێکۆشەرانی دوور وڵات هـەم بـە بڵاوبوونـەوی "کوردسـتان" گیـانێکی تازەیـان هاتەوە بەر. ئەوانیش کەم کەم پێوەندییە تەشکیلاتییەکانیان تـازە کـردەوەو نامـە نووسـین بـۆ ئۆرگانی حیزبیشیان دەست پێکرد. ئێستا وەختی ئەوە هاتبوو کە کۆبوونەوەیەکی بەرینی حیزبی

بگیرێو ڕێبەرایەتی‌یەکی نوێ بۆ حیزب بە شێوەی هەڵبژێران (نە بە شـێوەی ابونـواس) دروسـت ببێو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکرێ.

لەسەر بەرنامەو پێڕەوی حیزب باشە وەبیر بێنمەوە کە پاش ئامادەکردنی گەڵاڵەکـە چـەندین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی لەسەر گیرا. ئەوەی ڕاست بێ ئەو کۆبوونـەوە حیزبی‌یانـە (هـەر نەبێ بۆ من) زیاتر وەك کلاسی کادر دەچوون. چونکە یەکەم جار بوو باسی سیاسی بەو جۆرە کە دوکتور قاسملوو لێی شارەزا بوو دەهاتە نێو کۆبوونەوەکانی حیزبی دێموکرات. بێشـك هـەمووی ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەزەرو بۆچوونی بەسوودمان لەسەر بەرنامـەو پێـڕەو هـەبوو، بەڵام ئەمەگناسی حوکم دەکا کە بڵێم نەخشی مامۆستاو تئۆری‌زان هەر بە دوکتور قاسملوو بوو.

پاش گرتنـی کۆنفرانسـە حیزبی‌یـەکان ـ تـەنیا لـەنێو هاوڕێیـانی دانیشـتووی عێـراق دا ـ سەرەنجام لە مانگی جۆزەردانی ١٣٥٠ (ژوئەنی ١٩٧١)دا کۆنفرانسی سێهەمی حیزب لە شـاری کۆیە لە ئوستانی هەولێری کوردستانی عێراق بەسترا. بە داخەوە بۆ ئەم کۆنفرانسـەش نـەکرابوو لە نێوخۆی وڵاتەوە نوێنەر هەڵبژێرین. بەڵام ئیدی کۆنفرانسی سێهەم لـەباری سیاسـی‌یەوە پلـەو پایەیەکی دیکەی هەبوو:

**"کۆنفرانسی سێهەم بەهۆی پەسندکردنی بەرنامـەو پێـڕەوی نـاوخۆ چـەند ئەسـڵی گـرنگو پێشکەوتووانەی لەناو حیزب دامەزراند کە لە دوارۆژیش دا تێکۆشانی حیزب هەر لەسـەر ئـەو ئەسلانە درێژەی دەبێ.**

**کۆنفرانس ستراتیژیو تاکتیکی حیزبی لە قۆناغی ئەوڕۆی خەباتی نەتەوەکەمان دا دیاری کرد کە بە بێ ئەوان هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی ناتوانێ لە خەبات دا سەرکەوی.**

**کۆنفرانس ڕێگای خەباتی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران ڕوون کردەوەو نەتەوەکەمانی لەو سەرلێشێواویو کوێرەوەری‌یانە ڕزگار کرد کە لە ساڵەکانی دوایی‌دا هێندێ لادەرو گێرەشێوێنو خۆپەرست تووشیان کردبوو.**

**کـۆنفرانس دۆســتو دوژمنــەکانی لــە مەیــدانی ژوورەوەو دەرەوەدا دیــاری کــردو خــەباتی یەکگرتووی نەتەوەی کوردی لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی هەموو گەلانی ئێــران بــە هۆیــەکی گرنگی سەرکەوتنی خەبات دانا"**[1].

جێگای باسە کە هەتا کۆنفرانسی سێهەم ناوی حیزبی ئێمە **"حیزبی دێمــوکراتی کوردســتان"** بە تەنیا بوو. بەڵام چونکە زۆروەخت خەڵکی دەرەوە لەگەڵ پارتی دێمــوکراتی کوردســتان لێیــان تێك دەچوو لەو کۆنفرانسەدا بڕیار درا ناوی ئێران بەدوای ناوی حیزب داو لــەنێو پرانتێــزدا زیــاد بکرێ. ئەم ناوە بەم جۆرە مایەوە هەتا کۆنگرەی چوارەم. پێش بەسترانی کۆنگرەی چوارەم هێندێ لە تێکۆشەرانی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئێران لەسەر دانانی ناوی ئێران لە پرانتێزدا تێبینی‌یــان هەبوو. ئەوان ئەمەیان بە نیشانەی ئەوە دادەنــا کــە حیزبــی دێمــوکرات بــۆ هــەموو بەشــەکانی کوردستان یەك حیزبەو دانانی ناوی ئێران لە پرانتێزدا بۆ ئەوەیە نیشان بدا لقی حیزب لــە ئێــران دا مەبەستە. بۆ لابردنی ئەم گومانە لە کۆنگرەی چوارەم دا پرانتێزەکە لابراو ناوی حیزب بوو بە **"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"**.

دیارە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب کاری زۆر بــوون، ئوســولی حیزبیــی پەســند کــرد، ڕێبــازی سیاسیی داڕشت، بەرنامەو پێڕەوی تازەی بۆ حیــزب پەســند کــردو کۆمیتــەی ناوەنــدیی تــازەی هەڵبژارد کە لە ١١ کەس پێك هاتبوو بەم ناوانە:

١ـ دوکتور قاسملوو

٢ـ کریم حسامی

٣ـ محمد امین سراجی

٤ـ هێمن

٥ـ حسن رستگار

٦ـ رسول پێشنماز

[1] کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران)، ژمارە ١٧، جۆزەردانی ١٣٥١ ژوئەنی ١٩٧٢. لاپەڕە ١ یادی ڕووداوێکی گرینگ.

٧ـ سيد رسول دهقان

٨ـ قادر وردی

٩ـ کەریم حداد

١٠ـ امیر قاچی

١١ـ عبدالله حسن زاده

پاش تەواوبوونی کۆنفڕانسیش لە کۆمیتەی ناوەندیدا ئەم پێنج کەسە وەك دەفتەری سیاسی هەڵبژێران:

١ـ دوکتور قاسملوو ـ سکرتێر

٢ـ کریم حسامی

٣ـ محمد امین سراجی

٤ـ هێمن (شاعیر)

٥ـ عبدالله حسن زاده

بەڵام مەسەلەیەك لە کۆنفرانس دا هاتە گۆڕێ کە بۆ حەقیقەتو مێژوو بەجێیە بە درێژی باسی بکرێ، هەر چەندیش لە مەسەلە بنەڕەتی‌یەکانی کۆنفڕانس نەبوو.

عبدالله اسحاقی کە پێش کۆنفڕانسی دووهەم استعفای لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی کردبوو پاش چەند جار داواکردنی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبوو استعفاکەی وەرگرێتەوە، پاش ئەوەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە (کۆمیتەی ناوەندی هەڵبـژێراوی کۆنگرەی دووهەمو کۆنفڕانسی دووهەم) پێی ڕاگەیەندرا کە استعفاکەت قبووڵ کراوە کەوتە هەڵتۆز هەڵتۆزو کاری سەرەڕۆیانەو دژی حیزبی. هەر بەینێك نا بەینێك بەیاننامەیەکی دەردەکردو ئەوەی نەدەبوو ئەندامێکی حیزب بە قەڵەمی دابێ دەی‌نووسی‌و خۆشی بە حیزبو کۆمیتەی ناوەندی‌و هەموو شتێك دادەنا.

ئەو رەفتارەی اسحاقی ناڕەزایی‌یەکی زۆری لەنێو بەدەنەی حیزب دا دروست کردبوو. بۆیە لە کۆنفڕانس دا بە توندی داوا کرا کە لە حیزب دەربکرێ. خەریك بوو بڕیاری دەرکردن بدرێ کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو هاتە دەنگو گوتی هاوڕێیان! ئەمن دەزانم احمد توفیق

سەرەرۆیەو خەتای حیزبیی لەسەرە. لەنێو ئێوەش دا کەس نیە بە قەدەر من لەلایـەن نـاوبراوەوە خەراپەی لەگەڵ کرابێ. بەڵام ئێمە ئێستا خەریکی دامەزراندنو جێگیرکردنی ئوسـوولی حیـزبین. چۆن دەکرێ هەر لێرەدا بۆ خۆمان پێشێلی بکەین. ئەو برایە ئەندامی حیزبە. دەبێ بـانگ کـرێ بۆ کۆبوونەوەی حیزبی، قسەی لەگەڵ بکرێو هەوڵ بدرێ رەفتاری خۆی باش بکـا. ئەگـەر خـۆی ئیسلاح کردو رێوشوێنی حیزبیی بەجێ هێنا چ باشتر. ئەگەریش نا، ئەوددەم کۆمیتـەی ناوەنـدی دەتوانێ دەری بکا. کۆنفرانس بۆچـوونەکەی دوکتـۆری پەسـەند کـردو روون کردنـەوەی وەزعـی حیزبیی احمد توفیقی بە کۆمیتەی ناوەندی ئەسپارد.

لە دوای کۆنفرانس کۆمیتەی ناوەندی دوو کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی بۆ قسەکردن لەگەڵ اسحاقی دیاری کردن: محمدامین سراجیو عبدالله حسنزادە، ئەم دوو کەسە لانی کەم سێ جار لەگەڵ ناوبراو دانیشتن و زۆر دڵسۆزانە هـەوڵیان دا قـانێعی بکـەن بگەرێتـەوە ریزەکـانی حیزبو واز لە تەکرەوی و دوژمنایەتی لەگەڵ حیزب بێنێ. بە داخەوە ئەو پیاوە کە وادیـار بـوو تووشی نەخۆشی سادیسم بووە، تەنیا شەرتی بۆ گەرانەوە بۆ نێو ریزەکانی حیزب ئـەوە بـوو کـە ئەو هێندێ کەس دەناسێ کە دەزانێ جاسووسن. بەڵام ئـەو بـۆی دەداو ناکـەون. کەوایـە دەبـێ حیزب بانگیان کاتە بەغداو بیان داتە دەستی اسحاقی کە بە قسـەی خـۆی جێگـای بـۆ حـەپس کردنو ئەشکەنجەو ئازارو اقرارپێکردنیان هەیە. ئـەوددەم ئەوانـە ئیعـدام دەکـاو دێتـەوە لەگـەڵ حیزب. هەرچەندیش هەوڵ درا کە بڵێ ئەو کەسانە کێن، حازر نـەبوو ناویـان بـەرێ. دەیەویسـت نامەیەکی مۆرداری کۆمیتەی ناوەندی، یان دەفتەری سیاسی بدرێتێ کە لەوێدا حیزب بـەرعۆدە بووبێ ئەو کەسانە تەسلیم بکا، جا ئەو حازر دەبێ ناوەکانیان بڵێ.

لەو لاشەوە کارەکانی خـۆی وەك بەیاننامـە دەرکـردن و بـەدگۆیی حیزبـی درێـژ پـێداو لـە دوژمنایەتیی حیزب دەسـتبەردار نـەبوو. سـەرەنجام لـە مـانگی بـەفرانبار ١٣٥٠دا کۆمیتـەی ناوەندی بە بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکی کورت لە رۆژنامەی کوردستان دا دەرکردنی احمد توفیـق لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی راگەیانـد. دەقیئاگاداریيەکـە ئەمـە بـوو: " عبداللـە

اسحاقی(احمد توفیق) له بەر زۆر کردەوەی وا کە لەگەڵ ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێك ناکەوێ‌و له بەر جووڵانەوەی دژی حیزبی، له حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) دەرکرا[1].

هەرچەند ئەو کارەیش نەیتوانی احمد توفیق له دووژمنایەتیی حیزب بگێڕێتەوەو چی له دەست هات بە دژی حیزب درێغی نەکرد، بەڵام چەند مانگ دواتر کاتێك خەبەرمان زانی کە احمد توفیق له لایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیراوە، دوکتۆر قاسملوو داوای له دەفتەری سیاسی کرد چیمان له دەست دێ بۆ ئازادکردنی ناوبراو بیکەین. له ماوەی چەند مانگ دا نوێنەری پێوەندی‌یەکانی حیزب چەندین جار داوای ئازادکردنی احمد توفیقی له دەوڵەتی عێراق کرد. ئاخرەکەی پێیان گوتبوو کە تەسفیر کراوە، واتە له عێراق دەرکراوە. احمد توفیق هەروا بێ‌سەروشوێن ڕۆیشت‌و دواتر هێندێك زانیاری دەست کەوتن کە بە داخەوە نەماوەو لە زیندان دا(ئێستا بە هەر دەلیلێك؟) مردوە.

ئەمانە بۆیە باش بوو بنووسرێن، چونکە هێندێك کەس کە هەروا بە خێرا خۆیان دوژمنایەتیی دوکتور قاسملوویان دەکرد بڵاویان کردبۆوە کە گۆیا دوکتور لە گیرانی احمد توفیق دا خەتاباره. دووباره دەڵێم، ناشکوری نەبێ ئێستاش وەختی ئەوە نەهاتوە کورد بتوانێ هەموو شتێك بە راشکاوی بێنێتە سەر کاغەز. ئەگینا ڕەنگە بکرابایە شتی زیاتر لەو بارەیەوە بنوسین. ئەوەی گرنگەو ئەمانەتێکە لە سەر شانی نووسەری ئەم دێڕانەو هەموو کەسێکی بەویژدان و ئاگادار لە مەسەلەکان، ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو نەك هەر خەتایەکی لە گیرانی اسحاقی‌دا لەسەر نەبوو، بەڵکوو هەوڵێکی یەکجار زۆریشی بۆ ئازادکردنی دا کە بە داخەوە سەرنەکەوت. ئەوانە کە تۆمەت‌و بوختانیان بۆ قاسملوو هەڵ دەبەست، بە راستی قاسملوویان نەدەناسی و ڕەنگە هەر نەشیان توانیبایە رووحی بەرزی قاسملوو بناسن.

<u>یەکەمین شەهیدانی ئەم قۆناغە</u>

---

[1] - رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٢، بەفرانباری ١٣٥٠، ژانویەی ١٩٧٢، لاپەڕە ٢.

به دوای کۆنفرانسی ۳دا جموجۆڵی تەشکیلاتی دەستی پێکردو له نێوخۆی وڵات دا بەشـێکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی حیزبی بووژانەوە.ڕۆژنامەی کوردسـتان کـە لـە دەرەوە دەردەچـوو، بـە شێوەیەکی جێگای ڕەزامەندی دەگەیشتە دەستی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە نێوخـۆی وڵات و پێشوازیی باشیشـی لێدەکـرا. تەنانـەت لـە تـاران و لـە نێـو خوێنـدکارانی زانسـتگەش دا ڕێکخراوی حیزبی دروست ببوو و نووسراوەکانی حیزب لە نێو خوێندکارانیش دا بڵاو دەکرانەوە.

یەکێك لەو کادرانە کە لەو مەیدانەدا چالاکانە هەوڵیان دەدا هاوڕێ ملا قادر وردی ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. ئەو زۆر جار لە کوردستانی عێراقەوە بـە نهێنـی دەگەڕایـەوە ژوورەوەی وڵات و کاری تەشکیلاتیی دەکرد. لە یەکێك لەو سەفەرانەدا هاوڕێ وردی لەگەڵ تێکۆشەرێکی دیکەی حیزب بە ناوی محمـد صـدیق، ڕۆژی ۲ی خاکـەلێوەی ۱۳۵۲لـە شـاری بانـە لـە مـاڵی هاوڕێیەکی حیزبی دەداوی پلیس کەوتن. لە هەوڵدانێك دا بۆ دەربازبوون هاوڕێ قـادر وردی بـە گوللەی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی شا شەهید کراو هاوڕێ محمد صدیقیش بە برینداری بە دیـل گـیرا. هەر لەو ڕۆژەدا هاوڕێ عزیز مصگفیزادە خانەخوێی هاوڕێ قادر وردییش گـیراو لەگـەڵ کـاك محمد صدیق ڕەوانەی زیندان کران.

" هێشتا خوێنی هاواڵ قادر وردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی ئێمـە لـە کۆڵانـەکانی شاری بانە وشك نـەببۆوەو حیـزب و گەلەکـەمان هـەر لـە پـەژارەی شـەهیدی نـەمرو ڕۆڵـەی چاونەترسی گەلەکەمان ملا قادردا بوون، کە هەواڵدەرەکانی هەنـدەران هـەواڵی تـاوانێکی تـازە حکوومەتی خوێنخۆری حەمەرەزاشایان بـڵاو کـردەوە. شـا پەنجـەی دەسـتی خـۆی بـە خـوێنی ئەندامێکی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێتر لە ڕۆڵە زەحمەتکێشەکانی گـەلی کـورد سوور بوو. بە پێی دەنگو باسـی بڵاوکـراوە ڕۆژی ۲٦ی خاکـەلێوە محمـد ڕەمـەزانیو حسـێنی توفیقی لە شاری سنە لە لایەن هێزە ڕەشەکانی حکوومەتی شاوە کوژران"[1]. پێویسـتە بگـوترێ کە شەهید حسێن توفیقی ئەندامی حیزبیش نەبوو، بەڵام هەر ئەوە کە بیروباوەڕی ئازادیخوازانـەو

[1] – ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ۲۵، خاکەلێوەی ۱۳۵۲، ئاوریلی ۱۹۷۳.

دژی دیکتاتۆریی له سەر دانابوو له قامووسی ڕێژیمی شادا بۆ داسەپاندنی حوکمی ئێعدام بە سەریدا بەس بوو.

هاوڕێیان محمد صدیقو عەزیز مصگفی زادەش پاش نیزیکەی هەشت مانگ چەشتنی ئازارو ئەشکەنجە رۆژی ۱۰ی خەزەڵوەری ۱۳۵۲له شاری سنه به دەستی پیاوکوژانی ڕێژیمی پەهلەوی گوللەباران کرانو تێکەڵ به کاروانی شەهیدانی ڕێگای رزگاری بوون.

شەهید بوونی هاوڕێ قادر وردی و گیرانی هاوڕێیان محمد صدیقو عەزیز مصگفی زاده زەبرێکی قوورس بوو له ڕێکخراوەکانی حیزب درا. چونکه نەك هەر ناوچەی بانه بەڵکوو له هێندێ شوێنی دیکەش تێکۆشەرانی حیزب کە جۆرێك پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە هەبووکەوتنە مەترسیی راونان و گیران و بەشێك لەوان ناچار بوون ڕێگای بەجێهێشتنی وڵاتو پەنا بردن بۆ کوردستانی عێراق بگرنه بەر. جگە لەوانە هێندێکیش له ئەندامان گیرانو بەهەرحاڵ ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ ماوەیەك تووشی پاشەکشە هاتن.

شەهید بوونی قادر وردی هەم له کوردستانی عێراق هاودەردییەکی بەرینی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) وەڕێخست و هەم بۆ یەکەمین جار رەنگدانەوەیەکی باشی له ڕاگەیاندنە گشتییەکانی دەرەوەدا هەبوو. تەنانەت له سوئێد خۆپیشاندانیش بۆ بێزاری دەبڕین له دژی ئەو تاوانەی ڕێژیمی شا وەڕێ خرا.

## فەسڵی سێهەم :

## له کۆنگرەی سێهەمەوە تا کۆنگرەی چوارەم(۱۳۵۸ ـ ۱۳۵۲)

کۆنفرانسی سێهەم نوختەگۆڕانێکی گرنگی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) بوو که له زۆر بارەوە ئەم حیزبەی بەرەو پێش بردو ئێمه لەمەوبەر به کورتی باسمان کرد. بەو حاڵەش بۆ ئەوەی هەموو ئاڵوگۆڕەکانی کۆنفرانس بارێکی شەرعیو ئوسووڵی به خۆیانەوه بگرن پێویست بوو کۆنگرەیەکی حیزبی بگیرێ. بۆ وێنه له پێرەوی نێوخۆی پەسەند کراوی کۆنفرانسی سێهەم دا لەو جێیەدا که باسی کۆنفرانسی حیزبی کراوه گوتراوە: " له هەلومەرجێکی وادا کۆنفرانس سەلاحییەتی کۆنگرەی هەیە" بەلام خۆ ئەم ئەسڵه پێشتر له کۆنگرەی حیزبیدا بڕیاری لەسەر

نەدرابوو تا باری شەرعیو قانوونی بە خۆیەوە بگرێ. مەسەلەکە هەر ئەوەندە بوو کە نەدەکرا دوو ساڵی دیکەش دەست لەسەردەست دانێین و کارێك نەکەین، هەتا دەرەتانی بەستنی کۆنگرەمان بۆ پێك دێ. لەوەش گەڕێین کە ئەگەر حیزب کۆنفرانسی نەگرتایەو بە دوای کۆنفرانسدا ڕێکخراوەکانی حیزبی زیندوو نەکرابانایەوە، لە جێدا ئیمکانی گرتنی کۆنگرە هەر پێك نەدەهات. چونکە هەمووومان دەزانین کە کۆنگرە لە ئەندامی ڕێبەرایەتی و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزب پێك دێ.

هەڵبەت وەك لە پێشەوە گوتمان کادری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات هەم لە کۆنفرانسی دووهەمو هەم لە کۆبوونەوەی بەغدا دا کۆمیتەی ناوەندییەکی هەڵبژاردبوو کە لە هیچ نووسراوەیەکی حیزبیدا باسی ئەو شێوە هەڵبژاردنە نەکرابوو. بەڵام وەك ئەندامێکی حیزبیو وەك کەسێك کە بۆ خۆی لە هەمووی ئەو هەڵبژاردن و هەڵبژێرانانەدا بەشدار بووە، بە هیچ جۆر لێیان پەژیوان نیم و هەرسێکی ئەو ڕووداوانە بە لاپەڕەی پڕشنگداری مێژووی حیزبو بە کارێکی شۆڕشگێڕانەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی دەزانم. پاکانەشم ئەوەیە کە هەرچی دواتر بە دەستمان هێناوە لە سەر بناخەی ئەو کارە بە ڕواڵەت پێچەوانەی ئوسووڵانە بنیات نراوە.

بە هەر حاڵ، خۆ نەدەکرا بۆ چەندین ساڵی دیکەش حیزبی دێموکرات لە دەورانی گوازتنەوەدا بژی. بەڵکوو دەبوو هەوڵی بەستنی کۆنگرە بدرێ تا هەموو پەسەندکراوەکانی کۆنفرانس جارێکی دیکە لەوەێدا پەسەند بکرێنەوەو حیزب بکەوێتە سەر ڕێبازی سروشتیو ئاسایی خۆی. ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتای دووهەمین ساڵی دوای کۆنفرانسی سێهەم دا کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا کۆنگرەیەکی حیزبی پێك بهێنێو لەو پێناوەدا کەوتە هەوڵو تێکۆشان. ئەم کۆنگرەیە سەرەنجام لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣زایینی)دا بە بەشداری ٤٩ ئەندام لە دەربەدەریو لە شاری بەغدا پێتەختی عێراق گیرا.

لەگەڵ ئەوەی لە کاتی گرتنیکۆنگرەدا حیزبی ئێمە هەم لە باری تەشکیلاتییەوە یەکپارچە بوو و هەم باشترین جۆری یەکیەتیی سیاسیی تا ئەو وەختە لە نێو ریزەکانیدا هەبوو، لە سەر مەسەلەیەکی گرنگ هەم لە ڕێبەرایەتی و هەم لە نێو بەدەنەدا ناکۆکیی بیروباوەڕ زۆر توند بوو: دوکتور قاسملووی نەمرو هێندێکی دیکە لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو کۆنگرەیەی لەپێشمانە،

کۆنگرەی دووهەمە. چونکە ئەو کۆنگرەیە لە ساڵی١٣٤٣دا بەستراوە شەرعی نەبووە. بەشێکی دیکەش (کەنووسەری ئەم دێڕانە یەکێك لەوان بوو) پێیان وابوو کۆنگرەی تازەمان کۆنگرەی سێهەم دەبێ چونکە دەبێ مێژووی هەموو حیزبێك بریتیە لە رووداوەکانی، بە باش‌و خەراپ و راست و چەوت و سەرکەوتن‌و تێشکانیەوە.

ئەو باسە لە دەفتەری سیاسی دا بە لای نەزەری دوکتۆرو هاوفکرەکانی دا شکایەوەو لە کۆمیتەی ناوەندیش دا هەر بە قازانجی بۆچوونی وان نەزەری لە سەر درا. بۆیە لە سەر راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی نووسرا" راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)"و هەر بەو جۆرەش لە کۆنگرەدا خوێندرایەوە. بەڵام هەر لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکە دەنگی نارەزایی لە نێو ئەندامانی کۆنگرەدا بەرز بۆوەو سەرەنجام کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ بڕیاری لەسەر درا کە کۆنگرەی دووهەم لەگەڵ ئەوەی کەم وکوڕیی هەبووە، بەشێکە لە مێژووی حیزب‌و بە رەسمی دەناسرێ و کۆنگرەی ئێستامان کۆنگرەی سێهەمە.

لە سەر مەسەلەیەکی دیکەش هێندێك ناکۆکی هەبوو. ئەویش لێکدانەوە لەسەر راپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ـ٤٦ بوو. زۆربەی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو رووداوە یەکێك لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی حیزبەو دەبێ شانازی پێوە بکرێ، هێندێك کەسیش (لە پێشیانەوە کاك ئەمیری قازی) پێیان وابوو کە لەبەر ئەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرە بڕیاری لە سەری نەداوە، ئەو بزووتنەوەیە کارێکی ناحیزبی‌یانەیەو ئەو رێبەرانەی بزووتنەوە کە ماون دەبێ سزا بدرێن. لە سەر ئەمەیان ئاسانتر بە نەتیجە گەیشتن و بزوتنەوەی ٤٧ـ٤٦ پەسەند کراو بە فەسڵێکی زێڕینی مێژووی حیزب دانرا.

کۆنگرەی سێهەم لەگەڵ کۆنگرەی دووهەم و کۆنفرانسی پێش خۆشی جیاوازی‌یەکی زۆری هەبوو. پێش هەموو شتێك، ئەم کۆنگرەیە بە پێی ئەسڵەکانی پێڕەوی نێوخۆی پێك هاتبوو. هەم لە نێو ئەندامانی حیزب لە عێراق و هەم لە نێو هاوڕێیانی‌دانیشتووی ئورووپا نوێنەرانی کۆنگرە بە هەڵبژاردن دیاری کرابوون و ئەگەرچی لە نێوخۆی وڵات دا دەرەتانی پێك هێنانی کۆنفرانس‌و هەڵبژاردنی نوێنەران نەبوو، بەڵام لەوێش بە پێی دابەش بوونی رێکخراوەکان نوێنەر بانگهێشتن کرابوو. بە داخەوە لە بەر هەل ومەرجی سەخت و دژواری خەبات هەموو ئەوانەی لە ژوورەوەی

ولات بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا بانگ کرابوون، نەیان توانیبوو بێن. بەڵام هەرچـۆنێك بـێ لەگـەڵ کۆنفرانسەکانی دووهەمو سێهەم کە هیچ نوێنەرێکی هاوڕێیانی نێوخـۆی ولاتیـان تێـدا بەشـدار نەبوو، فەرقی زۆری بوو.

ئەمجار بۆ کۆنگرەی سـێهەم راپـۆرتێکی سیاسـی لـە پلەیـەکی بـەرزدا لـە لایـەن کۆمیتـەی ناوەندی‌یەوە ئامادە کرابوو کە هەڵسەنگاندنێکی وردی رابردووی حیزب و هەلو مەرجی خەباتی گرتبووە خۆی و خەتە گشتی‌یەکانی سیاسەت و رێبەری حیزبی دەست نیشـان کردبـوو. شـایانی باسە کە لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی‌دا بۆ یەکەم جار خـەباتی چـەکدارانە بەشـێوەی ئەسـڵیی خەبات بە دژی رێژیمی حەمەرەزاشا دانرابوو، هەر لەو کاتەدا دەست نیشان کرابوو کە ئەم شـێوە خەباتە بە دڵخواز هەڵنەبژێراوە، بەڵکوو رێژیمی شا بە سەر هێزە شۆڕشـگێڕەکانی‌دا سـەپاندوە.[1] بۆ ئەم کۆنگرەیە گەڵاڵەی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزب بە شێوەیەکی نوێو زانسـتی ئامـادە کرابوو و بۆ خوێندنەوەو دەربڕینـی نـەزەرو بیروبـاوەڕ درابـووە دەسـتی نوێنـەرانی بەشـدار لـە کۆنگرەدا.

لە پاش هەمووی ئەوانەش پلەی وشیاریی سیاسیی بەشدارانی کۆنگرە بە بەراورد کردن لەگەڵ کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی پێشتر زۆر لە سـەرێ بـوو و باسـەکانی کـۆنگرە لـە پلەیـەکی بـەرزی سیاسی‌دا بوون. لە بیرمە بۆ خۆم لە هاوڕێیەکی نوێنەری کۆنگرەم پرسی" باسـەکانی کـۆنگرەت پێ‌چۆنن؟" لە وەڵام دا گوتی:" جا بڵێم چی؟ بـاسو منـاقشـەی وەزیرەکـانو ئەنـدامی پارلـمـانی دەوڵەتانیش هەر ئەوەندە پڕنێوەرۆکن. "بەڵام چ بکەین ئێمە کوردین و بێ‌کەس".(ئەو هاوڕێیـە یەکێك لەو نوێنەرانە بوو کە لە نێوخۆی ولاتەوە بەشداری کۆنگرە ببوون).

بە پێك هاتنو تەواو بوونی کۆنگرەی سێهەم حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) لە هـەموو بارێکەوە جێگای شیاوی خۆی گرت. بەرنامەو پێڕەوەکەی ئەمجارە پەسەندکراوی کـۆنگرە بـوونو شەرعییەتی تەواویان هەبوو، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لـە کۆنگرەیـەکی شـەرعی و خـاوەن

---

١ـ راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، لاپەڕە ٤٧.

سەلاحییەت دا هەڵبژێرابوونو راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی کە کۆنگرە پەسەندی کردبوو، چرای رووناك کەرەوەی بەرپێی تێکۆشەرانی حیزب بوو و زۆر نوختەی بە هێزی دیکە.

کۆنگرەی سێهەم کۆمیتەی ناوەندییەکی ١٥ کەسی هەڵبژارد کە ئەندامەکانی بریتی بوون لەمانە:

١ـ دوکتور قاسملوو

٢ـ کریم حیسامی

٣ـ محمد امین سیراجی

٤ـ امیر قاچی

٥ـ هێمن(شاعیر)

٦ـ کەریم حداد

٧ـ رەسووڵ پیشنماز

٨ـ دوکتور سلگان اگمیشی

٩ـ محمد مهتدی

١٠ـ دوکتور حسن پور

١١ـ هاشم کریمی

١٢ـ محمد رەسوڵ حسەن پور

١٣ـ سلام شفیعی

١٤ـ اسماعیل حاجی

١٥ـ عبداللەحسن زادە

شایانی باسە کۆمیتەی ناوەندییش لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا ئەم پێنج هاورێیەی بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژارد:

١ـ دوکتور قاسملووـ سکرتێر

٢ـ کریم حیسامی

٣ـ محمد امین سراجی

٤ـ دوكتور سلگان اگمیشی

٥ـ عبداللەحسن زادە

بەرەوپێش چوونی حیزب هەم لە باری سیاسی و دیپلۆماسی، هەم لە باری تەبلیغاتی و هەم لە باری تەشکیلاتیی‌یەوە دوای کۆنگرەی سێهەم رەوتێکی خێراتری بە خۆیەوە گرت. رێکخراوەکانی حیزب لە زۆر ناوچەدا بووژانەوەو پێوەندیی تەشکیلاتی‌یان لەگەڵ رێبەرایەتی پتەوتر کردەوە. ناساندنی حیزب بەدنیای دەرەوەی حیزب چ لە ئێران، چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، چ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو چ لە رادەی جیهانی دا چەند هەنگاوێك بۆ بەرەوپێش چوو. بە تایبەتی پێوەندی لەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی کە ئەودەم (بە هەق یا بە ناهەق) بایەخێکی زۆری پێ دەدرا زۆر چوو بۆ پێشو کەمتر جەژنو موناسەبەتێك لە سەفارەتەکانی ئەو ولاتانە لە بەغدا پێك دەهات کە نوێنەرانی ئێمەی بۆ بانگهێشتن نەکرێن. بە کورتی دەورانی هەڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) بوو.

<u>شەڕی ئۆکتۆبری نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان</u>

لە یەکەم رۆژەکانی ئۆکتۆبری **١٩٧٣**دا شەڕێکی تازە لە نێوان ئیسرائیلو عەرەبەکان دا هەڵگیرسا. لەو شەڕەدا ئیسرائیل بە جۆرێك فشاری بۆ سەر سووریە هێنا کە شاری دیمەشق پێتەختی سووریە کەوتە بەر هەڕەشەی گیران. ئەگەرچی لەو کاتەدا دەوڵەتی عێراق نێوانی لەگەڵ سووریە خۆش نەبوو، بەلام بە دەرکردنی بەیاننامەیەك رایگەیاند کە بە هەموو قورسایی خۆیەوە دەچێتە نێو شەڕو دیفاع لە خاکی عەرەب دەکاو بەکردەوەش بێ‌راوەستان ئەرتەشی عێراق بەرەو سووریە بەڕێ کەوت و لەگەڵ ئەرتەشی ئیسرائیل کەوتە شەڕەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوە عێراق کە لەگەڵ ئێرانیش نێوانی ناخۆش بوو، بۆ ئەوەی لە پشتی جەبهەی خۆی نیگەران نەبێ رایگەیاند کە هەموو ناکۆکی‌یەکانی لەگەڵ ئێران رادەگرێو ئامادەیە گیروگرفتەکانی لەگەڵ ئێران بە رێگای وتووێژ چارەسەر بکا. هەرچەندی ئەو دوو هەنگاوەی عێراق راستەوخۆ پێوەندی بە حیزبی ئێمەوە نەبوو و بە تایبەتی بڕیاری دیفاع لە ولاتانی عەرەبی بڕیارێکی نەتەوەپەروەرانەو بەجێ بوو، بەلام بۆ حیزبی دێموکرات ئاکامێکی نالەباری بەدواوە بوو:

چەند مانگێك بوو بە موافقەتی دەوڵـەتی عێـراق رادیۆیەکـەمان بـە نـاوی" رادیـۆ دەنگـی کوردستانی ئێران" وەڕێ خستبوو. کە عێراق بڕیاری چوونە نێو شەڕو ئاسایی کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئێران دا، بە ئێمەی راگەیاند کە هەقتان نیە لە رادیۆکەتان دا باسـی ئێـران بکـەن. ئێمـە گوتمان رادیۆی ئێمە لە جێدا بۆ باسی دەوڵەتی ئێرانو لە قاودانی سیاسەتەکانی دانراوەو ئەگـەر قەرار بێ باسی ئێران نەکەین، رادیۆ کەڵکی نامێنێ. بەڵام هەرچی گوتمان جێی نەگرتو لە ئاکام دا کە ئێمەش حازر نەبووین مەرجەکانی عێراق قبووڵ بکەین، رادیۆکەمان پێ داخرا.

شایانی باسە لە ساڵی ١٩٧٢یش دا رادیۆکەمان بە ناوی "دەنگی ئازادیخوازانی ئێران" وەڕێ خست کە بە سێ زمانی کوردیو فارسیو تورکی بەرنامەی بڵاو دەکردەوەو کوردییەکـەی ئێمـە بەڕێوەمان دەبردو تورکیو فارسییەکەشی هێندێ رێکخراوی دیکەی ئێرانی. ئەویش هەر لەسەر رووداوێکی لەم چەشنە ناچار بوو بێدەنگ بێ.

<u>تازە بوونەوەی شەڕ لە عێراق</u>

بەداخەوە ئەم دەورانی گەشە کردنە زۆر بەردرێژ نەبوو. بەرەبـەرە لـە یـازدەی مارسـی سـاڵی ١٩٧٤ نیزیك دەبووینەوە. لـە سـاڵی ١٩٧٠دا کاتێـك رێككەوتننامـەی ئۆتۆنـۆمی لـە نێـوان بزووتنەوەی کوردو دەوڵەتی عێراق دا مۆر کرابوو، چوار ساڵ ماوە دانرابوو کە لەوەدا زەمینە بۆ خودموختاربوونی کوردستانی عێراق ئامادە بکـرێو ئـەمجار دەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی بـە رەسمـی کاروباری خۆیان دەست پێبکەن. شایانی باسە کە دەورانی نیازپاکیو باوەڕ بـە یـەکتر بـوون لـە نێوان دەوڵـەتی عێـراق و رێبـەرانی بزووتنـەوەی کـورددا ئەگـەریش بتـوانین بڵـێین دوای ١١ی مارسی١٩٧٠ پەیدا ببوو، درێژخایەن نـەبوو. زۆر زوو لـە یـەکتر کەوتنـە گومـان و چـەندجار هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەریەکتر لە نێوانیان دا پەرەی گرت و پێوەندییـەکانیانی تـا رادەی لێـك پچڕان برد.

ناخۆشتر ئەوە بوو کە لە سێ ساڵو نیوەی ئەوچوار ساڵەدا نەپرژابوونە سەر ئەوەی کارێـك بـۆ دانانی قانوونی خودموختاری و دیاری کردنی ناوچەی خودموختار بکەنو نوختە نەزەرکانیان لێك نیزیك بکەنەوە. تەنیا لە شەش مانگی دوایی و لە کـەشو هەوایـەکی زۆر نالـەباری بـڕوا پێـك نەکردن دا هەر لایەنەی خەریك بوو گەلاڵەی خۆی بـۆ قـانوونی خودموختـاری ئامـادە دەکـردو

جاروباریش کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو لایەنەو جاروبار حیزبی شیوعی عێراق دا پێك دەهات. هێندێ جاریش شەخسی دوکتۆر قاسملوو (نەك حیزبی دێموکرات) بۆ هێندێك کۆبوونەوەو مەشوەرەت بانگ دەکرا.

وەزعەکە جۆرێك بوو کە دەکرێ بڵێین هیچ کەس ئۆمێدی ئەوەی نەبوو لە ١١ی مارسی ١٩٧٤دا خودموختاری کوردستانی عێراق بە رەزامەندیی هەردوولا رابگەیەندرێ‌و وەك ١١ی‌مارسی ١٩٧٠ بکرێتە جەژن‌و شادمانی. بە پێچەوانەوە هەموو لایەك نیگەرانی ئەوەبوون کە پاش تەواو بوونی چوار ساڵەکە جارێکی دیکە شەڕو کوشتو کوشتار دەست پێ‌بکاتەوەو ئەوەی بنیاتیش نراوە برووخێندرێ.

شاراوە نیە کە حیزبی دێموکرات نەی‌دەتوانی خۆی لە ژێر تەئسیری رووداوەکانی کوردستانی عێراق بدزێتەوە. چونکە نوختەی حەرەکەت‌و ناوەندی بڕیاردانی‌و بەشێکی زۆر لە کادرە چالاکەکانی لە عێراق‌و بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق بوون. بۆیە بە دەست پێ‌کردنی وتووێژی نێوان پارتی‌و دەوڵەتی عێراق لەسەر قانوونی حوکمی زاتی و سنووری ناوچەی حوکمی زاتی لە نێو رێبەرایەتیی حیزبی ئێمەدا باس و مەشوەرەت لە سەر هەڵوێستی دوارۆژی حیزب بەرامبەر بە رووداوەکانی کوردستانی عێراق دەست پێ‌کرا. مەسەلە ئەوە نەبوو کە ئەگەر شەڕ هەڵگیرسایەوە ئێمە پشتیوانی لە کام لابکەین. چونکە وەك لە پێشەوە گوتمان ئەو بەشە لە رۆژەکانی هەوەڵی پێوەندیمان لەگەڵ عێراقەوە بڕیاری لەسەر درابوو. ئێمە رامان گەیاندبوو ئەگەر رۆژێك بە پێچەوانەی ویستی ئێمە لە نێوان پارتی دێموکرات‌و حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب دا ناکۆکی پەیدا بێ، ئێمە لەو نێوەدا بێ لایەنین و بە زیانی لایەکیان پشتیوانی لە لایەکەی دیکە ناکەین. گیروگرفتی بنەڕەتی ئێمە ئەوە بوو، کە بۆ پاراستنی خۆمان و هاورێیانمان و لەوەش گرنگتر بۆ ئەوەی ئەو بێ‌لایەنی‌یە بپارێزین دەبێ چ بکەین و لە کوێ دانیشین.

ئەندامانی حیزب لە عێراق بە رواڵەت چوار رێگایان لە بەردەم بوو کە دەبوو یەکیان هەڵبژێرن: یەکەم گەڕانەوە بۆ ئێران و دەست پێکردنی خەباتێکی نهێنی‌و تەشکیلاتی کە دیارە زۆری نەدەخایەندو دەی کێشایە خەباتێکی چەکدارانە. دووهەم کۆبوونەوە لە ناوچەی ژێر

دەسەڵاتی پێشمەرگەو ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورددا، سێهەم گوازتنەوەی هەموو ئەندامانی حیزب بۆ شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەرتەشو دەوڵەتی عێراق و چوارەم ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی عێراق.

بەڵام خۆ هیچ کام لەو ڕێگایانە ئەوەندە تەختو هەموارو بێ دڕكو داڵ نەبوون. چوونەوە بۆ ئێرانو هەڵگیرساندنی خەباتێکی چەکدارانە بێ ئامادەیی لە هیچ بارێکەوە، نەك هەر جۆرێك خۆکوشتن بوو، بەڵکوو بە مانایی وەشاندنی زەبرێکی گەورە لە ژیانی گەلەکەشمان بوو. کۆبوونەوە لە کوردستانی عێراق جگە لەدەست و پێبەستران لە باری کاری سیاسیو تەشکیلاتیو تەبلیغاتییەوە، ڕووداوە تاڵەکانی دەیەی پێشووی وەبیر دێنانەوەو لەرزەی دەخستە ئەندامی هەموو دڵسۆزێکەوە. گوازتنەوەی هەموو ئەندامی حیزب بۆ شارەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت جگە لە زۆر گیرو گرفتی ئابووریو کۆمەڵایەتی مەترسیی ئەوەی لێدەکرا کە حیزب نەتوانێ بێلایەنی خۆیو سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ، یان تووشی ڕووداوی نەخوازراوی دیکە ببێ. ڕۆیشتن بۆ دەرەوەش جگە لەوە کە بە ڕاستی مومکین نەبوو، چونکە بە مانای پەنا بردنی سەدان کەسو بگرە سەدان بنەماڵە بۆ وڵاتانی بێگانە بوو، ئێمەشی وەك حیزبێکی سیاسی لە وڵاتەکەمانو میللەتەکەمان دوور دەخستەوەو تووشی مەرگی سیاسیی دەکردین. بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر نەمان توانی بڕیاری خۆمان ساغ بکەینەوە.[1]

سەرەنجام دوای چەندین کۆبوونەوەی باسو وتووێژ لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە هیچ کام لەو چوار ڕێگایە هەڵنەبژێرین و ڕێگایەکی نێوەڕاست لە نێو هەموویان دا بگرینە پێش. بەو مانایە کە هەم ڕێبەرایەتی و هەم بەدەنە لە یەك جێ کۆنەبنەوە. لە ئاکامی پەسەند کردنی ئەو بڕیارەدا ئەندامانی ڕێبەرایەتی بەم چەشنە دابەش بوون: ١ـ دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیمان **محمد** ڕەسول حسن پورو سلام شفیعی لە نێوخۆی وڵات بە نهێنی دەژیان. ٢ـ دوکتۆر شتویو **محمدی**

١ـ لەو نێودا تەنیا برادەرێکمان کاری خۆی ئاسان کردبۆوە. کاك کریمی حسامی هەر دەیگوت ئەوەی پێناوێ. ڕاوەستن با شەڕ دەست پێ بکاتەوە بزانین کێ پشتیوانی لە کێ دەکا. ئەودەم ئێمەش خۆمان ساغ دەکەینەوە. وەختێك پرسیارمان کرد دەرکەوت مەبەستی ئەوەیە کە وەختێك شەڕ هەڵگیرسایەوە، وڵاتانی سوسیالیستی پشتیوانی لە هەر لایەك بکەن حیزبی ئێمەش لەگەڵ ئەو لایە دەبێ، کە بە خۆشییەوە ئەو نەزەرە کە جۆرێك گۆی لە مەستی بوو ڕەت کرایەوە.

مهتدیو امیری قاچی له ئورووپـا بـوون و بڕیـار درا دوکتـۆر قـاسملووش بچـێته ئۆرووپـا. ٣ـ عبداللەحسن زادەو رسول پیشنماز بچـنه ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە بـۆ ڕێکخسـتنی کاروباری ئەو هاورێیانه کە لەو ناوچانه دەژیانو بۆ ئەوەش کـه نـەهێڵن تووشـی لاڕێ بـوون لـه ڕێبازی حیزب بن. ٤ـ هاشمی کریمیو کریم حداد و اسماعیل حاجی که ماڵیان له سـلێمانی بـوو، له جێی خۆیان بمێننەوەو ٥ـ کریم حسامیو محمدی سیراجی و دکتر اگمیشیو هێمن له بـه غـدا بن. قازانجی ئەو دابەش بوونه ئەوە بوو که هەرچەند کاری حیزبیمان لەنگو لـۆر دەبـوو، بـەڵام هەر نەبێ له باری سیاسییەوە فشـاری هـیچ لایـەنێکمان زۆر نەدەهاتـه سـەرو دەمـان تـوانی سەربەخۆیی سیاسیمان بپارێزین.

وێڕای ئەو دابەش بوونه بڕیاریش درا ئۆرگانی حیزب" کوردستان" له بەغـدا دەربچـێ. کـریم حسامی بەرپرسی سیاسیو هێمن بەرپرسی ئەدەبیی ڕۆژنامـه بێ. نامیلکەی نێوخـۆیی حیـزبیش " تێکۆشەر" کـه پێشـتر لـه بەغـدا دەردەچـوو لـه کوردسـتان دەربچـێو بەرپرسـی سیاسـیو ئەدەبییەکەی عبداللەحسن زادە بێ، که به داخەوە" کوردستان " له ماوەی یـەك سـاڵدا تـەنیا دوو ژمارەی لێدەرچوو. بەو جیاوازییەوە کە" کوردستان" مانگانه بوو. بەڵام "تێکۆشەر " نێو به نێو بڵاو دەکرایەوە.[1]

گەیشتینه دەوروبەری مانگی مارسو تازەبوونەوەی شەڕ گومانی تێدا نەما. بۆیه بڕیاری لێك بڵاو بوونی کۆمیتەی ناوەندی به کردەوە جێبەجێ کرا. ساڵی ١٩٧٤ ساڵێکی پڕکارەسـات بـوو. بێجگه لەوە که شەڕی کوردستانی تێدا هەڵگیرسایەوە، سروشـتیش وادیـار بـوو لەگـەڵ کـوردە هەژارەکە سازگار نیه. بەهارێکی تەڕو تووشی هەبوو. لافاو زۆر له ڕێگاکانی خەراپ کردبـوونو زۆر پردیشی لەبن ڕا هەڵکەندبوون. لەو حاڵەش دا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد عێلجاڕی دابوو و داوای له خەڵك کردبوو که شارەکان بەجێبهێڵنو بچنه پاڵ پێشمەرگە. بەڕاستی خەڵکیش بـه دەنگ بانگەوازی پارتییەوە چووبوون. له یەکەم مانگی بەهاردا رووت کردبایـه هـەر گونـدێکی

---

١ـ کاك کریمی حسامی له بیرەوەرییەکانیدا وا نیشان دەدا کە"کوردستان"و "تێکۆشەر" لەو ماوەیەدا هەردووکیان له بەغدا دەر دەچوون. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیه کە لێرەدا باس کرا. تەنانەت کاری تایپو تەکسیریش بۆخۆم دەم کرد. چونکه ئەو برادەرانەی ئەو کارەیان دەکرد له بەغدا بوون و لای ئێمه جگه له خۆم کەسی لێ نەبوو تایپو تەکسیر بزانێ.

کوردستانی عێراق، بە سەدانو جاری وابوو بە هەزاران میوانت تێدا دەدی کە بە وەزعێکی شپرزە لە ماڵان دا جێگایان بۆ دەکرایەوەو نان دەدران.

ئەو تەقو رەوە بە رواڵەت بۆ ئەوە بوو کە بەڵکوو پێشی دووبارە بوونەوەی شەڕەکە بگرێ. بەڵام بەداخەوە نەك هەر ئەو سوودەی نەبوو بەڵکوو بە پێچەوانە، ئەو خەڵکە زۆرو زەبەندە بوون بە هۆی فشارێکی زۆر بۆ سەر رێبەرایەتیی بزووتنەوە لە لایەكو خەڵکی دێهاتی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە لایەکی دیکە. سەرەنجام بۆ سووك کردنی ئەو بارە رێگای ئێرانیان بۆ کرایەوەو بە سەدانو هەزاران کەسی لە ئێرانی شادا بوونە پەنابەر کە ئەو کارەش دیسانەکە ئاکامی لەباری بەدواوە نەبوو. چونکە بمانەوێ نەمانەوێ ئەو خەڵکە بوونە بارمتەیەك لە دەشتی شادا بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست دا وەك ئامرازێکی فشار بە دژی بزووتنەوەی کورد بە کاریان بێنێو لەو رێگایەوە مەرجەکانی خۆی بسەپێنێ.

هەروەك پێش بینی دەکرا رێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی عێراق لە سەر قانوونی حوکمی زاتی رێك نەکەوتنو ئاخرەکەی لە رۆژی ١١ی مارسی ١٩٧٤ دەوڵەتی عێراق بە چەشنێ یەك لایەنە قانوونی حوکمی زاتیی ناوچەی کوردستانی راگەیاند. ئەم کارە بە ئاشکرا بە مانای دەرهاوێشتنی پارتی لە حیسابی حوکمی زاتی و نیزیك بوونەوەی شەڕ بوو. زۆری پێ نەچوو کە شەڕێکی گەرمو ماڵ وێرانکەر لە سەرانسەری کوردستان دا هەڵگیرسایەوە.

هەرچەند وەك لە پێشەوە گوترا لە مێژ بوو بێباوەڕی لە نێوان دەوڵەتو رێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دا سەری هەڵ دابوو، بەڵام بە هیچ جۆر ناکرێ نەخشی دەوڵەتی حەمەرەزاشا لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردستانی عێراق لە بیر بکەین. شا کە دوژمنایەتی‌یەکی دێرینەی لەگەڵ عێراق هەبوو، و لە جێش دا دژی کوردو دژی وەدەست هاتنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان دا بوو، هەوڵێکی زۆری دا ئەو دوو دوژمنە بە گژ یەك دا بکا، تا وەك دەڵێن بۆ خۆی لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ. کاربەدەستانی رێژیمی شا قەولی پشتیوانی بێسنووریان بە سەرۆکایەتیی کورد لە عێراق دابوو. هەر بۆیەش ئەم قسەیە کەوتبووە سەر زارو زمانان کە دەوڵەتی عێراق بە هەر چەکێك لە کوردەکان بدا،

کوردەکانیش بەو چەکە لێی دەدەنەوە. ئەو "هەر چەکێك"ە فڕۆکەو تانگو مووشەكو هەموو شتێکی دەگرتەوە.

بەڵام کاتێك شەڕ دەستی پێکردەوە هەموو لا دیتیان کە وادەو بەڵێنەکانی شا هەر بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕەکە بوونو" پشتیوانیی بێسنوور"ی شا لە چەکی سووكو نیوە قورس بەو لاوەتر ناچێ. لە سەرانسەری کوردستان دا فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەرتەشی عێراق وەك بازی برسی بۆ نێچیر دەگەڕان. بەڵام لە زۆر جێگا تەنانەت دۆشکایەکیش بۆ تەقە لێکردنیان نەبوو. دیارە ئەرتەشی شا هێندێ تۆپی دوورهاوێژو چەند مووشەکی دژی هەوایی‌و چەند دەزگا ئاگرباری دژی هەواییشی هێنابوونە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. بەڵام ئەوانە نەدرابوونە دەستی پێشمەرگەو سەربازانی شا بۆ خۆیان بە کاریان دێنان بۆ ئەوەی هەرکات بە قازانجی ڕێژیمی شا بوو تەقە بکەن و هەروەختیش شا بە سەلاحی نەزانی بێدەنگ بن.

ئەم سیاسەتە زۆر زەبری لە بزووتنەوی کوردی عێراق دان کە پسپۆڕانی سیاسی‌و نیزامی دەبێ لێیان بکۆڵنەوەو باس کردنی هەموویان لە توانای ئەم نوسینە، یان باشترە بڵێم ئەم نووسەرە بەدەرە. بەڵام گەورەترین زیانی ئەم دیاردەیە بۆ بزووتنەوەی کورد بە باوەڕی من دوو شت بوو: یەکەم ئەوە کە پێشمەرگەی کورد ئەو بڕوا بەخۆبوونەی جارانی لە خۆیدا شك نەدەبردو زیاتر چاوی لەوە بوو داخۆ تۆپە دوورهاوێژەکانی ئێرانو بە گشتی ئەرتەشی شاو ڕێژیمی شا چی دەکەن. دووهەمیش ئەوە کە وەختێك ڕێژیمی شا لە شەڕەکان دا ببووە لایەنی ئەسڵی، سروشتی بوو کە لە ئاشتییش دا دەبێتە لایەنێکی ئەسڵی‌و بگرە لایەنی بڕیاردەریش. ئەرتەشی عێراق توانی بۆ ماوەیەکی کەم زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان لە دەست پێشمەرگە دەربێنێ‌و هێزی بزووتنەوەی کورد لە هێڵێکی باریکی نیزیك سنووری ئێرانو عێراقدا بخاتە ژێر فشار. کار گەیشتە رادەیەك کە لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٧٤دا بەشێ لە پێشمەرگەکان ماڵو منداڵیان بەڕێ کردبووە ئێرانو لەو حاڵەدا هەرکامە بەشێکی زۆر لە وەختی خۆشی بە سەردانی بنەماڵەکەیەوە تێپەڕ دەکرد.

لەو وەزعو حاڵەدا مقۆمقۆی ئەوە کە ئێرانو عێراق ڕێك دەکەونو ئێران پشتی کوردەکان بەردەدا لەم لاو لەو لا داکەوت. لە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٣دا ڕۆژنامەنووسێکی بێگانەلە

حەمەرەزا شای پرسی:" لەوانەیە ئێوە لەسەر حیسابی کوردەکان لەگـەڵ دەوڵـەتی عێـراق رێـك کەون؟" شا لە وەڵام دا گوتی: " ئێمە هیچ وەخت نیازامان نیە کوردەکان بفرۆشین. بـەڵام دیـارە وەختێك دوو لایەن پێك دێن، لایەنی سـێیەم دەبـی شـتێك بـدۆڕێنێ". ئـە م جوابـەی شـا لـە راستییدا لەوە روونتر بوو کە پێویستیی بە لێکدانـەوە هـەبێ. کەچـی بەداخـەوە سـەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد هەوڵی ئەوەی نەدا بە وەخت لە چنگ ئەو مەترسییە کە هەڕەشەی لێ دەکـرد رزگاری بێوهەوڵو تەقەڵای هێندێ لایەنی دۆستی کوردیش، بۆ نموونە یەکیەتیی شـوورەوی کـە نووسەری ئەم دێڕانە بۆ خۆی ئاگاداری گۆشەیەکی بوو، لەم بارەیەوە بە ئاکام نەگەیشت.

ئاخرەکەی ئەوە بوو کە لە سەرەتای مانگی مارسی ١٩٧٥دا کاتێك کۆبوونـەوەی رێکخـراوی ئوپێك لە ئەلجەزیرە پیتەختی ئەلجەزایر پێك هات، شای ئێـرانو جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی عێراقو سەرۆکی ئێستای عێراق صدام حسێن بـە نێوبژیکـەریی هـەواری بوومیدیەن یەکتریان دیتو رێککەوتننامەی بەناوبانگی شەشی مارس ١٩٧٥یان ئیمزا کرد. ئەم رێککەوتنە هێندێ نـاکۆکیی کـۆنی نێـوان ئێـرانو عێراقیشـی بـە تایبـەتی لـە بـارەی"شـگ العرب"ەوە تێدا چارەسەر کران، بەڵام شابەیتی قەسیدە لەوێدا کۆتایی هێنان بە پشتیوانیی شـا لە بزووتنەوەی کوردو تەنانەت ئەگەر پێویسـت بـێ هاوکـاریی هـەردوو دەوڵـەت بـە دژی ئـەو بزووتنەوەیە بوو.

لێرەدا مەکتەبی سیاسیی پارتی هەوڵێکی دا کە رێگایەك بـۆ رێـك کـەوتن لەگـەڵ دەوڵـەتی عێراق بدۆزێتەوەو تەلیگرافی ئاشتیخوازانەشی لە رێگای سـوپای عێراقـەوە بـۆ کاربەدەسـتانی دەوڵەت لێدا. بەڵام عێراق لەگەڵ ئێران رێك کەوتبوو، هەر جۆرە وتووێـژێکی لەگـەڵ نوێنـەرانی کورد رەت کردەوەو بەم جۆرە راپەڕینی چەکدارانەی چاردە ساڵەی کوردی عێراق لە دوارۆژەکـانی تەمەنی خۆی نیزیك کەوتەوە، تا لە نێوەڕاستی مارس دا بە رەسمی هەموو جۆرە بەربەرەکانییەك تەواو بوو و هێزەکانی نێو بزووتنەوە، یان تەسلیمی عێراق بوونەوە یان رۆیشتن بۆ ئێران.

لە ماوەی ساڵێك شەڕی نێوان دەوڵەتی عێراقو کوردەکان دا حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە وەزعێکی باش دا نەبوو. دیارە هەر ئەوە کە حیزب توانی مانو سـەربەخۆیی سیاسـیی خـۆی بپارێزێ، دەسکەوتێك بوو. بەڵام ئەگەر ئەوەندەی لێدەرکەین کارێکی ئەوتۆی بـۆ پتـەو کردنـی

جێ پێی خۆی لە دەست نەهات. پێوەندی نێوان بەشەکانی ڕێبەرایەتی کارێکی ئاسان نەبوو. بۆیە بە کردەوە هەر بەشە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە هەرکوێ بوون تەنیا بە کاروباری دەوروبەری خۆیان رادەگەیشتنو ئەو دەرەتانە نەبوو کە هەموو پێکەوە بۆ هەموو کاروباری حیزبی باس بکەنو بڕیار بدەن. ئەو بەشە کە لە کوردستانی عێراق دەژیان، دەبوو دەست بە کڵاوی خۆیان دا بگرن با نەیباو بیرکردنەوە لە تێکۆشانی تەشکیلاتی لە ژوورەوەی وڵات کەمتر بە مێشك دا دەهات. چونکە ئاکامی دڵتەزێنی لێ چاوەڕوان دەکرا.

لە دوارۆژەکانی پێش ڕێککەوتنی ٦ی مارسی ٧٥ی ئەلجەزیرە دا قەول و قەرارمان دانا کە ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە عێراق دەژیان لە سلێمانی یەکتر ببینینو کۆبوونەوەیەك لەسەر وەزعی خۆمان بکەین. ئەوانەمان کە لە ناوچەی پێشمەرگە بووین، لە ڕێگای سلێمانی دابووین کە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر بڵاوکرایەوە. هەر چۆنێك بوو ڕێگای خۆمان بڕیو ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ڕۆژی هەشتی مارس گەیشتینە سلێمانیو لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە کە لە سلێمانی بوون یەکترمان دیتەوە. ئەوانەش کە لە بەغدا بوون هەموویان نا، تەنیا کاك کریم حسامی هاتو چەند ڕۆژێك پێکەوە رازو نیازو دەردی دڵمان کرد. ڕاستییەکەی گیرو گرفتی نێوان خۆمان زۆر بوو. بەڵام وەزعی تازەی کوردستانی عێراق تا رادەیەکی زۆر گیرو گرفتەکانی پێشووی وەبن خۆی داو زیاتر بیر لەوە کرایەوە کە چی بکەین.

دوا بڕیار کە کۆمیتەی ناوەندی، یان بڵێین ئەو بەشە لە کۆمیتەی ناوەندی کە کۆببوونەوە، لەسەری ڕێك کەوت ئەوە بوو کە پەیامێك بدا بە سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کوردو لە سەرووی هەموویانەوە بارزانی و داوای لێ بکا کە ئەوە خەیانەتەی شا بێجواب نەهێڵێتەوە. بە خۆیو هێزەکانیەوە ڕوو بکاتە ئێرانو بە دژی شا دەست بە کار بێ. حیزبی دێموکراتیش دەستبەجێ بەیاننامەیەك دەردەکاو لە خەڵکی کوردستانی ئێران دەخوازێ پشتیوانی لەو حەرەکەتە بکەنو بۆ خۆشی هەموو ئەندامانو لایەنگرانی بۆ بەشداری لەو ڕاپەڕینەدا بەسیج دەکا.

ئەو پەیامە بە نووسەری ئەم دێڕانە سپێردرا کە بیگەیەنێتە بارەگای بارزانیو مەکتەبی سیاسی. بەڵام کاتێك گەیشتمەوە ناوچەی سەرکردایەتی (باڵەکایەتی) بەداخەوە کەسی وانەمابوو

که قسەی لەگەڵ بکرێو تەنانەت هەموو کەس دەبوو وریای خۆی بێ لەو بێسەروبەرەیی‌و هەرکەس هەرکەسی‌یەدا کە درووست ببوو بۆ پارە یان بۆ چەك گوللەیەکی لێنەدرێو نەکوژرێ.

دەوڵەتی عێراق رایگەیاندبوو کە لە رۆژی یەکەمی مانگی ئاوریلەوە سوپا دەچێتە هەموو ناوچەکان‌و ئەوانەی چەکی خۆیان تەسلیم نەکردبێتەوە، دەگرێو سزایان دەدا. ئێمەش ژمارەیەك پێشمەرگەمان هەبوون کە لە گوندێکی"شارووشیان" بە ناوی " ئاشقولکە" بنکەیەکمان بۆ کردبوونەوە. ئەمجار نەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئەو برادەرانە کە لە بەغداو سلێمانی دەژیان‌و بێخەبەری لەوە کە چیان بە سەر هاتوەو نیگەرانی لەوە کە ئەگەر سوپای عێراق بچێتە ناوچە چۆن بتوانین سەربازانی عێراقی حاڵی بکەین کە ئەمانە کێن‌و چ کارەن، ببوو بە" دەردی سەرباری هەموو دەردان".

بۆ دەرهاتن لەو نیگەرانی‌یانە بە هەر جۆر بوو نووسەری ئەم دێرانە خۆی گەیاندە شاری قەلادزەو لە رێگای هێندێ دۆست‌و برادەرەوە نامەیەکی لەگەڵ برادەرانی دانیشتووی بەغدامان گۆڕیەوە. بەدوای ئەوەش دا بە هەر کوێرەوەری‌یەك بوو خۆی گەیاندە بەغداو بەرەبەرە ئەو گیروگرفتانە چارەسەر کران. ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە لە رێگای قەلادزەدا سواری ئێستر بووم، نەدەڕۆیشت‌و ئەمنیش بە پەلە بووم، تێمەوە ژەنی، جیفرکێکی هەڵاویشت‌و بەری دامەوە، بە سەر گاشە بەردێك دا کەوتم و دەستم شکاو وەك رۆستەمی یەك دەست بەرەو هەوارگەی یاران کەوتمە رێ. بە هەرحاڵ جارێکی دیکە بەشی زۆری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە بەغدا یەکیان گرتەوە. بەڵام چۆن؟ لە راستی دا وەك حیزبێکی سیاسی دەکرێ بڵێم دەست‌و پێمان بەسترابوو. نەك هەر رێگای ئەوەمان نەبوو پێوەندی‌یەکی باشی تەشکیلاتی لەگەڵ ژوورەوەی وڵات دامەزرێنین، بەڵکوو پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەو ئەندامانەی حیزب کە لە کوردستانی عێراقیش‌و تەنانەت لە شارەکانیش دەژیان کارێکی دژوار بوو. ئێمە بە پاسپۆرت لە عێراق نەبووین، تا بتوانین بە پاسپۆرت لە نێو وڵاتەکەدا بگەڕێین. هیچ پسوولەیەکی هاتوو چۆشمان پێ نەبوو و لەرێگاکانیش دا لە هەرچەند کیلۆمترێك نوختەیەکی پشکنین هەبوو داوای ناسنامە یان پسووڵەی هاتوچۆی دەکرد.

دەوڵەتی عێراق کە تازە لەگەڵ ئێران رێك کەوتبوو، نەی دەویست لە جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی ئەلجەزایردا نووختەیەکی بێتەوە سەرێ. بۆیە رێگای جموجوڵی بە ئێمە نەدەدا. پێشتر رۆژنامەی حیزب لە بەغدا دەردەچوو. ئەمجار رێگای ئەوەشیان لێ گرتین. داوامان کرد ئەو برادەرانەمان کە لە ئورووپان هەر بۆ کۆبوونەوە بگەڕێنەوە عێراق، ویزای عێراقیان نەدانێ. لەو حاڵەدا ناچار بووین بۆ هێندی مەشوەرەت لەگەڵ برادەرانی رێبەرایەتی لە دەرەوە کە دوکتۆر قاسملووی سکرتێریشیان لەگەڵ بوو، دوو کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی" کریم حسامی و عبداللەحسن زادە" بچنە ئورووپاو لەوێ یەکتر ببینن. چاك بوو عێراق لەگەڵ ئەو سەفەرە موخالفەتی نەکردو ئەو دوو کەسە توانیان سەفەری دەرەوە بکەنو چاویان بە دوکتۆرو ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی لە ئورووپا بکەوێو هەر نەبێ پێداچوونەوەیەك بە وەزعی حیزب دا بکەن.

## تەشقەڵەی حیزبی توودە

مەسەلەیەکی کوردی دەڵێ:" جوو ئەگەر موفلیس بوو خزمی دوورو قەرزی کۆنی وەبیر دێتەوە". لەو سەرو بەندەداو سەرباری ئەو هەموو میحنەتە، رێبەرایەتیی حیزی توودەی ئێرانیش کەوتەوە بیری ئەوە" لەو تەندوورە نانێکی پێ ببرێ" پەیامێکی دووروودرێژی بڵاو کردەوەو لەگەڵ باسی شکاندنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی کردە بەشێك لە مەسەلەکەو رێبەرایەتیی" بەقسەی پەیامەکە" دەستی راستیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)ی بە شەرێکی مەسئوولییەتی ئەو شکانە و بەرپرسی هەمووی ئەو دواکەوتنانە دانا کە بەسەر بزووتنەوەی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێران هاتوون.

بەدوای ئەو سوغڕاو کوبرایەدا پەیامی حیزبی توودە داوای لە تێکۆشەرانی کورد کردبوو کە رێکخراوەکانی زیندوو بکەنەوەو پێوەندی بە حیزبی دایك (حیزبی توودە)وە بگرنو سوننەتی شۆڕشگێڕانەی یەکیەتیی تەشکیلاتی زیندوو بکەنەوە" کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە؟". لە واقیع دا حیزبی توودە هەر لەو پەیامەدا دانی بەوە دانابوو کە ئەو حیزبە لە نێو

خەڵکی کوردستانی ئێران دا کرپارو لایەنگرێکی نیە. بۆیــە ناچــارە داوا بکــا کــە تێکۆشــەرانی کورد رێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات زیندوو بکەنەوەو بە خەرجو بەراتی خۆیان ببنە داردەستی حیزبی دایك!

پەیامی حیزبی توودە لە ژمارەی ٢٦ی رۆژنامەی "مردم"دا چاپ کرابوو چــەند جــاریش لــە رادیۆ پەیکی ئێرانەوە خوێندرایەوە. بەڵام خۆش ئەوەبوو هیچ کام لەو کەسانە کە حیزبــی تــوودە دەیەویست هەڵیان خەڵەتێنێ، بایەخێکیان پێنــەداو بەدەنگیــەوە نەچــوون. چــونکە بەراســتی پەیامەکە پڕبوو لەتۆمەتو بوختانو بەراوەژوونیشان دانــی راســتیی‌یەکان. هــەر بــۆ نموونــە ئــەو پەیامــە وای نیشــان دابــوو کــە گۆیــا "حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێــران لــە ســاڵەکانی ٢٥ـ١٣٢٤دا لە هاوکاری نیزیك لەگەڵ حیزبی توودەی ئێرانو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجــان دا دامەزرا"وە[1]. لە حاڵێك دا ئەوانەی شارەزای مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی ئێــرانن هەموو دەزانن کە ئەوکاتەی " حیزبی دێموکراتی کوردســتان دامــەزرا، نــە حیزبــی تــوودە لــەو مەڵبەندانەدا رێکخراوی هەبوو و نە فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانیش دامەزرابوو".[2]

پاشانیش ئەوە کە ئیدیعا کرابوو گۆیا حیزبی دێمکراتــی کوردســتان (ئێــران) هــەتا شــکانی بزووتنەوەی کوردی عێراقیش وەك کلکەیەکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان (عێراق) جووڵاوەتەوە، درۆیەکی ئاشکرابوو. چونکە حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٤٩وە رێبازی پێشکەوتووانەی خــۆی گرتبووە پێشو لە هەموو بارێکــەوە ســەربەخۆیی سیاســی و ســەربەخۆیی بڕیــاردانی وەدەســت هێنابۆوە.

دەرکردنی ئەو پەیامە نەك هــەر کــارێکی نادۆســتانە، بــەڵکوو رەفتــارێکی زۆر هەلبازانــەو گێرەشێوێنانەش بوو. بــە تایبــەتی کــە حیزبــی دەیەویســت لــە هەســتی برینــداربووی خــەڵکی کوردستان لەو هەل ومەرجە ناسکەدا کەڵکی خراپ وەربگرێو لەو رێگایەوە بــە نــانو نەوایــەك بگا. وەڵامی ئەو پەیامــە لــە لایــەن کــاك کریمــی حیســامیی‌یەوە ئامــادە کــراو نووســەری ئــەم

---

١ـ کوردستان، ژمارە٣٧، گەلاوێژی ١٣٥٤، ئووتی ١٩٧٥.

[2] ـ سەرچاوەی پێشوو.

یاداشتانەش هێندێ شتی گەلاڵە کرد. بەڵام کاتێك لە بێرلینی ئاڵمانی رۆژئاوا کۆبووینەوەو وێڕای باسی زۆر مەسەلەی حیزبی ئەو باسەشمان هێنایە گۆڕێ، دوکتۆر قاسملوو نەزەری وابوو کە هەردوو جوابەکە تونــدنو هەڵچونیان تێدایەو بۆیە بڕیار درا وەڵامەکە جارێکی دیکە بنوسرێتەوەو دەسکاری بکرێ. ئەوە بوو پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە، دوکتۆرو نووسەری ئەم دێڕانە چەند رۆژێك زیاتر لە بێرلین مانەوە، هەم ئەم وەڵامە دەسکاری پێویستی تێدا کراو هەم چەند وتارێکی دیکەش ئامادە کران بۆ ئەوەی ژمارەیەکی" کوردستان" یان لێ ساز بکرێ.

ساڵێك دوای تێکچوونی وەزعی کوردستانی عێراق حیزبی دێموکراتی کوردستان ویستی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی پێك بێنێ. کاتێك داوای ویزا بۆ برادەرانی ئورووپا کرا، دەوڵەتی عێراق موافقەتی نەکرد ئەو کۆبوونەوەیە لە بەغدا بێ، بەڵام قەولی دا بۆ سەفەری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (ئەوانەی لە عێراق دەژیان) بۆ دەرەوەی وڵات هاوکاری بکا. لەو کاتەش دا دەوڵەتی بولغارستان بۆ ئەوەی توووریست بۆ وڵاتەکەی راکێشێو پارەی قوورسی دەست کەوێ نوێنەرایەتی‌یەکی" باڵکان تووریست"ی لە هێندێ وڵاتان کردبۆوە کە خەڵك دەیان توانی کرێی تەیارەو خەرجی مانەوە لە بولغارستان هەر بە پارەی وڵاتەکە بدەنو بە فڕۆکەی بولغاری سەفەر بکەنو لەوێش لە سەر خەرجی دەوڵەت بمێننەوە. ئێمەش لەوە کەڵکمان وەرگرت و لە رێگای باڵکان تووریستەوە لە شاری"ڤارنا" لە سەر لێواری دەریای رەش جێگامان گرت و هەم ئەوانەی عێراقو هەم ئەوانەمان کە لە ئورووپا بوون روومان کردە ئەو شارەو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیمان پێك هێنا. بەڕاستی بۆخۆم تاریخی سەفەرەکەم لە بیر نیە، بەڵام وەك کاك کریم حسامی نووسیویە:" رۆژی١٢/٥/١٩٧٦ بە فڕۆکە هەموومان چووینە ڤارناو بۆ رۆژی دوایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەست پێ‌کرا".[1]

کۆبوونەوەی ڤارنا کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو نەبوو. لە راستی‌دا کۆبوونەوەی دوای شکەست و ناکامی بوو و بە پێچەوانەی وەختی سەرکەوتنو فەرعانی کە ناکۆکی‌یەکان لە بیر دەچنەوە، لەو جۆرە وەختانەدا جیاوازی بیروباوەڕو ناکۆکییەکان زیاتر خۆ دەردەخەنو گیانی هاوکاریو

---

[1] ـ کەریم حیسامی: لە بیرەوەریەکانم ١٩٧٥ـ١٩٧٩ بەرگی پێنجەم، ستۆکهۆلم ١٩٩١، لاپەڕەی ٩٩.

هاودەردی لاواز دەبێ. نووسەری ئەم دێڕانــە کــە پێشــتر اســتعفای دابــوو، ســەرەڕای ئیســراری هاوڕێیان ئیستعفاکەی وەرنەگرتەوەو بە ناچار لێی قبوولّ کـرا. وەزعەکـەش جۆرێـك نـەبوو کـە برادەرانی دانیشتووی ئورووپامان بـۆ کـارو تێکۆشـان زیـاتر بگەڕێنـەوە نێوخـۆی وڵاتو یـان تەنانەت عێراقیش.

تەنیا شت کە لەو کۆبوونەوەیەدا وەك بڕیارێکی خەباتگێڕانە پەسەند کرا، گەڵاڵەیەك بـوو بـە ناوی (سیا ـ می) واتە سیاسی ـ نیزامی کە بە پێی ئەو هێندێ ئۆرگانی بچوك بچوکی حیزبـی درووست دەبوون کە بە چەکەوە دەگەڕانەوە کوردستانی ئێرانو کاری سیاسیو تەشکیلاتی‌یان لـە نێو خەڵك دا دەکردو هەر کاتێکیش پێویست بایە دەستیان بـۆ عەمـەلیاتی چـەکدارانە دەبـرد. بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە ئەو گەڵاڵەیەش بە مردوویی لە دایك بـوو و هـیچ کاتێـك چـووکترین هەنگاو بۆ جێبەجێ کردنی هەڵنەگیرا. لە ڕاستیش دا لە هەل ومەرجی ئەو ڕۆژگارەدا سیامی لە پرۆژەیەکی خەیاڵی زیاتر نەبوو.

ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە ئێران دا

ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٦ بە بۆنەی چلەمین ڕۆژی شەهیدانی قوومـەوە ڕاپـەڕینێکی بـەر بڵاو لە شاری تەورێز پێتەختی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بەرپا بوو.خـەڵکی ڕق هەسـتاو هێرشـیان کردە سەر بانکەکانو دامو دەزگا دەوڵەتی‌یەکان، چەند بانكو ئیدارەی دەوڵەتیو چـەندین دەزگـا ماشێنی دەوڵەتی ئاگر تێ بەردانو لە شـەڕو پێکـدادانی نێـوان پـۆلیسو کۆمـەڵانی خـەڵك دا ژمارەیەك کوژرانو بریندار بوون. ئەگەرچی پێش ٢٩ی ڕێبەندانیش هێندێك بەربەرەکانێ لەگـەڵ مەئموورانی ڕێژیمی شا لە شارەکانی دیکەدا ڕوویان دابوو و ڕاپەڕینی تەورێز بۆ خۆی بە بیانووی چلەی شەهیدانی قومەوە ڕێك خرابوو، بەڵام بۆ هەموان ڕوون بوو کە ڕاپەڕینی تـەورێز سـەرەتای قۆناخێکی تازە لە خەبات بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌یە. ئەم ڕووداوە هەم لە نێوخۆی وڵات دا بـۆ شارەکانی دیکە بوو بە سەرمەشقو نموونەو هەم لە ڕادەی جیهـان دا دەنگدانەوەیـەکی بـەربڵاوی هەبوو.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە دەوڵەتی عێراقیش بە جۆرێك داوای لە حیزبی دێمـوکرات کـرد کە دەبێ لە عێـراق بچـێتەدەر، یـان ئەندامـەکانی بـەرەسمی ببنـە پەنابـەری سیاسـیو واز لـە

تێکۆشانی سیاسی بێنن. کۆمیتەی ناوەندی (دیارە ئەوانەی لە عێراق بوون) کۆبوونەوەیەکی بە بەشداریی بەشێك لە کادرەکانی حیزبی بۆ باسی ئەو مەسەلەیە لە بەغدا پێك هێنا. دوای باسێکی تێروتەسەل لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە ئەگەر دەوڵەتی عێراق هەر ئیسراری هەبێ، حیزب نەچێتە ژێر باری چوونەدەر لە عێراق. بەڵکوو ژنو منداڵو پیرو پەك کەوتە بکاتە پەنابەرو کادرەکان و ئەندامانی حیزبیش لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەری بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵاتو خەباتی سیاسیو تەشکیلاتی خۆیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا درێژە پێبدەن. یان باشترە بڵێین پەرە پێبدەن.

لە بەر گۆڕانی وەزعی ئێرانو سست بوونی بناخەکەی حکوومەتی پەهلەوی یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بوو، دەوڵەتی عێراق فشارێکی زۆری نەهێنا کە حەتمەن عێراق بەجێ بهێڵن. بەڵام لە لای دیکەوە ئالۆ گۆڕەکانی ئێران فشارێکی گەورەی مەعنەوییان هێنابوو کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بگەڕێنەوە نێو خەڵکی خۆیانو لە دوورەوە گوێ بۆ دەنگو باسی ئێران هەڵ نەخەن. ئەوە شتێك بوو کە هەمووان هەستیان پێ دەکرد. کەچی زۆر کەم بە دەنگی ئەو بانگەوازە ویژدانییەوە دەچوون. ئەوەی راست بێ تەنیا کەس کە بێقەیدو شەرت ئامادە بوو بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵاتو کاری حیزبی بکا خوالێخۆشبوو سید رەسوول دهقان ( سەید رەسووڵی بابی گەورە) بوو. ئەو هەر لە بەهاری **١٣٥٧**دا بە تاقی تەنیا گەڕایەوە کوردستانی ئێرانو بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ لە ناوچەکانی مەهابادو نەغەدەو پیرانشار لە نێو خەڵك دا کاری کرد.

هاورێیانی دیکە دوو بەش بوون. بەشێك ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە بەراستی زۆر بەکەمی خۆیان لە کاری عەمەلی دەدا. بە جۆرێك کە هەتا ئاخرو ئۆخری پاییزی **١٣٥٧**کە وەك لەمەودوا باسی دەکەین بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گەڕانەوە ئێران، بە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حەوتوویەك لە نێوخۆی وڵات دا نەبیوون. بەشی دیکەش کادرەکانی دەرەوەی ڕێبەرایەتیی بوون. ئەوان ( کە نووسەری ئەم دێڕانەش یەکێك لەوان بوو) دەیان گوت کۆمیتەی ناوەندی دەبێ لە دوو کار کارێك بکا: یان زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی (جگە لە کەسێك دوو کەس کە بۆ کاری حیزبی پێویستە لە دەرێ بێ) بگەڕێنەوە وڵات ـ کە لەو حاڵەدا

کادرەکانی دیکەش وەك پێشمەرگە لە خزمەتیان دان ـ یان دەبێ واز لە سەلاحییەتی ڕێبەرایەتی بێنێ‌و ئەو سەلاحییەتە بداتە ئەو کەسانەی حازر دەبن بچنەوە وڵات‌و لە نێو خەڵکی خۆیان دا خەبات بکەن. ئەم کێشەیە هەروا بە چارەسەرنەکراوەی مایەوە. شۆڕشی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت و حیزبی دێموکراتیش کە دەبوو لە جەرگەی خەبات‌و تێکۆشان دا بێ لە گوێی گا دا نووستبوو. جگە لە سید رسول دهقان تەنیا کەسانێك کە سەفەری نێوخۆیان کرد کاك ملا حسن شیوەسەڵی‌و نووسەری ئەم دێڕانە بوون. کاك حەسەن بۆ خۆی سەفەری کرد منیش لەگەڵ کاك سید رسووڵ بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژێك سەفەرێکی ناوچەی مەنگووڕایەتی و سەرشاخان لە ناوچەی مەهابادم کرد.

لە ئاخرو ئۆخری هاوینی ٥٧دا دوکتۆر قاسملوو گەڕایەوە بەغدا. ئەمن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبووم‌و ئاگام لێ نەبوو لە نێو کۆمیتەی ناوەندی دا چ گوزەراوەو چ باسکراوە. بەڵام ئەوەی ئێمە کادرەکانیش لێی ئاگادار بووین ئەوە بوو کە دوکتۆر ئیسراری هەبوو هەرچی زووترە بگەڕێنەوە وڵات[1]. چونکە بە راشکاوی دەیگوت راپەڕینی ئەمجارە شتێکی دیکەیە، شا حەتمەن دەڕوا ئەگەر ئێمە بە وەخت نەچینەوە نێو خەڵکی کوردستان خۆمان سەرمان بێ‌کڵاو دەمێنێتەوە. بەو حاڵەش خۆدزینەوە لە مەسئولیەت‌و ئامادەنەبوونی ئەندامانی ڕێبەرایەتی بۆ گەڕانەوە هەروا لە ئارا دا بوو. کادرەکانی خوارەوەی کۆمیتەی‌ناوەندییش لە سەر قسەی خۆیان سوور بوون‌و ئەمجارە کاك سید رسول دهقانیشیان لەگەڵ هاوفکر بوو کە ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی نەگەڕێتەوە پێویستە سەلاحییەتی ڕێبەری بدا بەو کەسانە کە دەچنەوە نێوخۆی وڵات. پاش باس‌و کێشەیەکی زۆر سەرەنجام کۆمیتەی ناوەندی ملی بۆ داخوازی ئەو هاوڕێیانە راکێشاو لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی کە سێ کادری دەرەوەیی کۆمیتەی ناوەندی: ١ـ سید رسول دهقان ٢ـ ملاحسن شێوەسەڵی ٣ـ نووسەری ئەم دێڕانەشی تێدا بوون، بڕیار درا کۆمیتەیەکی تازەی ڕێبەری بە ناوی "زاگرۆس" دابمەزرێ‌و هەموو سەلاحییەتێکی کۆمیتەی ناوەندی

---

١ـ لە دانیشتنێك لەگەڵ دوکتۆر پێی لەسەر پێویستی گەڕانەوە دادەگرت، کاك حسن رستگار سەری هێنایە بن گوێی من‌و گوتی: شا حیسابی رۆیشتوە. گووتم بە چ ڕا دەزانی وەڵامی دامەوە: ئەو کابرایە بۆن دەکا. ئێستا کە لە ئورووپا ڕا هاتۆتەوەو ئاوا پێ‌لەسەر چوونەوە دادەگرێ، دڵنیام شا دەڕوخێ.(نووسەر)

بگوێزرێتەوە بۆ ئەو کۆمیتەیە. زاگرۆس لە جێدا لە سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دوکتۆر قاسملوو، کاك امیری قاچیو کاك هاشمی کریمی و سێ ئەندامی کادری دیکە: سید رسول دهقان، ملاحسن شێوەسەڵیو عبداللەحسن زادە پێك هاتبوو. بەلام بڕیارەکە ئەوە بوو هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پاش گەڕانەوەی زاگرۆس بە یەکجاری بگەڕێتەوە نێوخۆی ولات، ببێتە ئەندامی ئەو کۆمیتەیەو هەر کاتێکیش هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گەڕانەوە ولات زاگرۆس هەڵوەشێو کۆمیتەی ناوەندی سەلاحییەتەکانی وەربگەڕێتەوە.

بەم جۆرە لە نێوەڕاستی پاییزی ١٣٥٧دا زاگرۆس ئامادەی گەڕانەوە بوو. لەو حاڵەدا لەگەڵ موخالەفەتی دەوڵەتی عێراق بەرەوڕوو بووین. نوێنەرانی پێوەندی پێیان ڕاگەیاندین کە ئێمە ڕێگا نادەین کەس لە سنوورەکانی ئێمە بچێتەوە، بەلام حازرین بلیتی فڕۆکەتان بۆ بکڕین بۆ هەرجێیەك داوا دەکەنو لە سنووری هەر ولاتێکەوە دەچنەوە ئازادن. دیارە ئەوە بۆ ئێمە، ئەویش لەو بزمار بەگایەدا دەستی نەدەدا. بۆیە بڕیارمان دا بە دزیو بە قاچاغیو بە نۆرە بگەڕێینەوە. بۆ ئەوەش کە عێراقییەکان هەست پێنەکەن ڕۆیشتووینەوە، دوکتۆر قاسملوومان خستە دوای هەمووان کە لەگەڵ کاك سید رسول بگەڕێنەوە. بە هەرحاڵ لە ماوەی هەشت نۆ ڕۆژێك دا ئەو شەش کەسەی ناومان بردن لەگەڵ کاك سلیم بابانزادە کە لە سوئید ڕا گەڕابۆوەو بێ ئەوەی ئەندامی زاگرۆس بێ حازر بوو بگەڕێتەوە ولات، عێراقمان بەرەو نیشتمان بەجێ هێشت. چەند ڕۆژ دوای گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانە کاك حەمەدەمینی سیراجیش گەڕایەوەو بە پێی بڕیار، بوو بە ئەندامی زاگرۆس. هاوڕێیانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی هەتا دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا بیریان لە گەڕانەوە نەدەکردەوەو تەنانەت هێندێکیان هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی ئێمە، بۆ سەیرو سیاحەت ڕێگای ئورووپایان گرتە بەر. دوایەش کە ڕێژیم ڕووخا ڕێگاوبان خۆش بوون بە چەورو شیرینی و بە تەقەی دەهۆڵو زوڕناوە گەڕانەوە بە هەزاران فیشەکیان بە سەر هەڵ تۆقیو سەر لە نوێ بوونەوە ڕێبەر.

## زاگرۆس لە نێوخۆی ولات

وەك پێشتر گوترا، بە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەك ئەندامانی زاگرۆس گەڕانەوە نێوخۆی ولاتو هەرکامە چووە شوێنی دیاریکراوی خۆی. هێشتا زاگرۆس لە عێراق بوو کە بڕیار درابوو

ئەندامەکانی لە ژوورەوەی وڵات بەم جۆرە دابەش بن: دوکتۆر قاسملوو بۆ تاران، امیری قاچی بۆ کرماشان، هاشمی کریمی بۆ سنە، سید رسوڵ بۆ ناوچەی پیرانشار و نەغەدە، حەسەن شێوەسەڵی بۆ ورمێو عبداللەحسن زادە بۆ مەهاباد، سلیم بابانزادە کە ئەندامی زاگرۆس نەبوو بۆ بۆکان دیاری کراو پاشانیش حەمەدەمین سیراجی کە هاتەوەبۆ سەقز دانرا.

دەبێ بگوترێ کە زاگرۆس هەتا پاش رووخانی رێژیمی شا بە کردەوە وەك ئۆرگانێك کاری بۆ نەکرا. چونکە ئەندامەکانی لێك بلاو بوونو ئیمکانی کۆبوونەوەو بڕیاردانیان نەبوو. بەداخەوە یەك دوو ئەندامی زاگرۆسیش زۆر کەم بۆیان کرا بچنە شوێنی کارو تێکۆشانیان و کاری تێدا بکەن (کاك امیری قاچیو کاك هاشمی کریمی). ئەگەر قەرار بایە بیروڕا گۆڕینەوەیەك هەبێ دەبوو بە تەلەفوون بکرێ کە ئەویش زیاتر لە نێوان دووکەس دا دەبوو و شێوەی بڕیاڕی بە کۆمەڵی وەرنەدەگرت. تەنیا ناوەندی بڕیاردان (کە لە راستیدا بە بڕیاریش ئەو سەلاحییەتەی پێنەدرابوو) مەهاباد بوو. لەوێ کاك غنی بلووریان لەگەڵ عبداللەحەسەن زادە ئیمکانی کۆبوونەوەو بیروڕا گۆڕینەوەیان هەبوو کاتێك لە سەر شتێك رێك دەکەوتن، بە تەلەفۆن نەزەری دوکتۆر قاسملووشیان دەخواست و ئەوەندەی پێویست بایە برادەرانی دیکەش بە تەلەفۆن ئاگادار دەکران. لەو نێوەدا دوو سێ جاریش دوکتۆرر هاتەوە مەهابادو کۆبوونەوەی سێ قۆڵی گیرا.

کاری زاگرۆس ئیشکالێکی دیکەشی هەبوو. ئەویش ئەوە کە پێش گەڕانەوە بۆ وڵات هێندێ بڕیاری دابوون کە لەگەڵ وەزعی نێوخۆ رێك نەدەکەوتنو نەش دەکرا بێکۆبوونەوە پێچەوانەی بڕیارەکان رەفتار بکرێ. بۆ نموونە بڕیار درابوو ئەندامانی زاگرۆس نهێنی بنو لە هیچ شوێنێك لە چوار پێنج کەس زیاتر نەیان ناسن. هەروەها دەبوو لە ماوەی یەك ساڵ دا ئەوانەی دەهێنرێنە نێو تەشکیلاتی حیزب ژمارەیان یەك لە هەزاری دانیشتوانی شارەکان بێ. یانێ لە شارێکی وەك مەهاباد کە ئەو دەم حەشیمەتەکەی بە پەنجا هەزار کەس دادەنرا، بەرپرسی مەهاباد پاش ساڵێك کار کردن ئەمجارە حەقی هەبوو٥٠ کەس بێنێتە نێو ریزەکانی حیزبو حەقیشی نەبوو پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ زیاتر لە سێ کەسیان هەبێ. کەچی کارکردن لە نێوخۆی وڵات لەو سەرو بەندەدا جۆرێکی دیکەی دەخواست. بۆ نموونە ئەگەر دوکتۆر قاسملوو پێش رووخانی شا لە میتینگێکدا قسەی بۆ خەڵك کردبایە، رەنگ بوو بە قەدەر دوو ساڵ کاری تەشکیلاتی

شوێنەواری دانابایە. جگە لەوەش، بۆ نیشاندانی نفـووزی حیـزب و بـۆ ئـەوەی حیـزب بتوانـێ دروشمەکانی بەرێتە نێو خەڵك هێزی زۆری چەند هەزار کەسی لە هەر شارێك پێویست بوو.

کەچی لە سەر بڕیاری پێشووی زاگرۆس ئێمە نەمان دەتوانی هیچ لەو کارانە بکەین. بەش بە حاڵی خۆم لە مـەهاباد بـۆ قەرەبووکردنـەوەی نـەبوونی ئەنـدام و لایـەنگری زۆری حیزبـی، بـە هاوکاری چەند لاوێکی دڵسۆزو چەند خوشکێکی تێکۆشـەر دوو ڕێکخـراوی سـێنفیم بـە نـاوی یەکیتی لاوانی مـەهابادو یـەکیتی ژنـانی مـەهاباد دامەزرانـد کـە لـە وەختـی خۆنیشـاندانو کۆبوونەوەی فرەوان دا دەبوونە هێزی ئینسانیی حیزب بێ ئەوەی بەرەسمی ناوی حیزبیان لە سـەر بێو سەر بە حیزبی دێموکرات بن. (دوای مەهاباد شارەکانی دیکـەی کوردسـتانیش ئـەم جـۆرە یەکیتی‌یانە دانران و دەستیان بە کار کرد). بەڵام لە بیرمە کاتێك بۆ رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لە مەهاباد خەڵکمان بۆ ڕێپێوانو کۆبوونەوە لە مزگەوتی سوور بانگهێشتن کردبوو، شەوی دووی ڕێبەندان پێشنیارم کرد کە بەیانی بچم لە مزگەوتی سوور بە ناوی خۆم قسـە بـۆ خـەڵك بکـەم، کەچی بەو بیانووە کە زاگرۆس بڕیاری داوە ئێمـە بـە نهێنـی بـژین، دوکتـۆر قـاسملوو و لەگـەڵ ویش دا کاك غنی موافقەتیان لە سەر نەکرد.

ڕووداوەکان ئەوەندە خێرا دەچوونە پێش کە ئێمە پێیان ڕانەدەگەیشتین. بە تایبەتی کـە هـەم ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووین و هەم بە هێندێ بڕیاری وشك دەست و باڵمان بەسترابوو. بۆیە زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وەختێك ڕێژیمی شا رووخا لە ڕاستی‌دا بەسەرمان دا رووخا. چـونك لە هیچ بارێکەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکرابوو، کادری پێویستیمان بـۆ وەڵامدانـەوەی ئەرکـەکانی ئەو قۆناغە بۆ پەروەردە نەکرابوو کە هیچ، هەر نەشمان بوو.

لە بیرمە کاتێك دوا حکوومەتی زەمانی شا دامەزرا، هەرچەند خوالێخۆشبوو شاپوور بەختیار لە یەکەمین نوتقی خۆی دا هێرشی کردە سەر کوردو بە جیاوازیخوازی دانا، بەڵام چـونکە داوای کرد خەڵك حیزبی دڵخوازی خۆیان دامەزرێننو لە کاروباری سیاسیی وڵات دا بە شدار بن. ئێمە لە مەهاباد بڕیارمان دا کە نابێ لەگەڵ بەختیار موخالفەت بکەین. چونکە ئەو پیاوە ڕێگای بـە تێکۆشـانی حیزبەکـەمان داوەو ئـەوەش دەرفەتێکـە بـۆ ئێمـە کـە ڕێکخراوەکـانی حیزبـی ببوژێنینەوەو پەرەیان پێ بدەین. هەر بە دوای بڕیاری منو کاك غنی دا دوکتۆر قـاسملووش لـە

تارانەوە تەلەفۆنی کردو داوای کرد کە شتێك بە دژی بەختیار نەنووسین. ئـەویش ئـەو هۆیانـەی باس کرد کـە ئێمـە باسمـان کردبـوون. بۆیـە کاتێـك لـە یـەکێك لـە شـارەکانی کوردسـتانەوە بەیاننامەیەکمان بۆ هات کە ئەندامێکی زاگرۆس نووسیبووی و لەوێدا هێرشـی کردبـووە سـەر بەختیار لە مەهاباد بڵاومان نەکردەوەو تەلەفۆنیشمان بۆ هاورێیەکەمان کرد کـە لـە شـارەکەی خۆشی وا بکا کۆبکرێتەوە.

روخانی رێژیمی پاشایەتی

ئەگەر لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٧دا رووخانی رێژیم تەنیا بۆ خاوەن نـەزەرانی سیاسـی جێگـای پێش بینی بوو، لە یەکەم مانگەکانی پاییزی ئەو ساڵەوە هـەموو خـەڵکی ئێـرانو زۆریـش لـە دەوڵەتانی دنیا مەسەلەی رووخانی شایان بە مەسەلەی مانگو حەوتوو دەزانی. لەو نێوەدا تەنیا هێندێ وڵاتی سۆسیالیستی لە پێش هەمووشیانەوە وڵاتی گەورەو دراوسێی ئێران شوورەوی بوو کە نەیان دەیویست ئەو راستی‌یە تێ بگەن. راگەیاندنی حکوومەتی نیزامـی لـە تـاران و شـارە گەورەکانی دیکەی ئێران دا، دانی ئیمتیازی مادیو زیادکردنی مووچەی کارمەنـدانی دەوڵـەتو گۆڕینی یەك لە دوای یەکی کابینـەکان هیچیـان نـەیان تـوانی کارێـك بکـەنو پێشـی بڕیـاری یەکجارەکیی خەڵکی ئێران بگرن کە لێ بڕابوون کۆتایی بـە تەمـەنی ٢٥٠٠سـاڵەی سیسـتمی پاشایەتی لە ئێران دا بێنن. لە دوا مانگەکانی پێش رووخانی رێژیم دا حەمەرەزاشاش" دەنگـی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیست"، بەڵام ئیدی درەنگ ببوو.

لە لایەکی دیکەوە پشتیوانانی رێژیم لە دەرەوەش تێ گەیشتبوون کە شا ئیدی کـەڵکی وانـی پێوە نەماوەو بۆ ئاڵتێرناتیوێك دەگەڕان کە پاش لاچوونی شا بتـوانێ قازانجـەکانیان لـە ئێـرانو ناوچەدا بپارێزێ. لە بەر ئەوەی تا ئەودەمیش ناتەبایی هەرەزەقی نێوان وڵاتـانی سـەرمایەداریی رۆژئاوا دنیای دەرەوەی خۆیان ناتـەبایی لەگـەڵ کمـۆنیزمو وڵاتـانی سوسیالیسـتیو بەتایبـەتی شوورەوی بوو، وادیار بوو سیستمێکی مەزهەبی وەك ئەو رێژیمە کە دوای لاچوونی شـا بـە سـەر وڵاتەکەمان دا زاڵ بوو، ئاڵتێرناتیوی دڵخوازی وان بوو. هەر بۆیەش بەرە بـەرە دۆسـتەکانی شـا پشتی خۆی و رێژیمەکەی ئەویان بەرداو کەم کەم روویـان کـردە ئـەو دامو دەزگـا ئایینی‌یـە کـە چاوەڕوان دەکرا جێگای رێژیمی شا بگرێتەوە.

له بیرمانه  له ئاخری رۆژەكانی بەفرانبای ۱۳۵۷دا شا بەناوی گۆیا معالجه سەفەری دەرەوەی كرد. بەڵام هەم شاو هەم خەڵكی ئێران دەیانزانی كە ئەمە سەفەری یەكجاریی شـایەو جـارێكی دیكە چاوی بە ئێران ناكەوێتەوە. خۆ هەر لەو سەرو بەندەش دا بنەماڵەی شـا لـە راسـتیدا لـە ئێران بنەبڕ ببوونو هەرچیش لە دارایەتیی خەڵكی ئێران" بە وەزن سووكو بە قیمەت گران" بوو لەگەڵ خۆیان بردبوو.

چـەند رۆژ دوای رۆیشـتنی شـا لـە ۱۲ی رێبەنـدانی ۱۳۵۷دا ئایەتوڵڵاخومـەینی وەك سەردارێكی سەركەوتوو لە فەڕانسە گەڕایەوە ئێرانو گەروەترین پێشوازی لێكرا. خـەڵكی ئێـران رەنگە قەت ئەو دیمەنەیان لە بیر نەچێ كە پـێش گەیشـتنەوەی خومـەینی هەواڵنووسـێك لـەنێو فڕۆكەدا لێی پرسی ئێستا كە گەیشتووینەوە ئاسمانی ئێران چ هەستێكت هەیە؟ نـاوبراو بـە نێـو چاوانێكی گرژەوە لە تاقە یەك وشـەدا وەڵامـی دایـەوە كـە"هـیچ". بـەو حاڵـەش گەڕانـەوەی خومەینی جووت باقیە كردنەوەی ئەو راستییەیە بوو كە سەفەری شا گەڕانـەوەی بـە دواوە نیـە. رۆژی دوای رۆیشتنی شا رۆژنامە بەخەتی درشت نووسی: "شاه رفـت"و رۆژی دوای گەڕانـەوەی خومەینیش هەر بەو خەتە درشتە نووسی: "امام یٌمد". پێم وایە بۆ هەموو شارەزایەكی دنیـای سیاسەت یەكەمیان بە مانای تەواوبوونی دەورەیەكی مێژوویىو دووهـەمیان بـە مانـای دەسـت پێكردنی دەورەیەكی دیكە بوو. بەڵام بە داخەوە كەم كەس هەبوو بزانێ ئەو دەورەیەی  بە هاتنی خومەینی دەست پێدەكا چ رۆژەڕەشییەكی خەڵكی ئێران بەدواوەیەو چۆن لە دواچارەكی سـەدەی بیستەم دا وڵاتەكەمان سەدان ساڵ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

رۆرژانی راپەڕینی خەڵكی ئێران بە دژی رێـژیمی پاشـایەتی رۆژانێكـی پـڕ جـۆشو خـرۆشو هەوڵو تێكۆشانو هەرلەو كاتەدا پڕ دەسكەوت بوون. هەرمانگـەو هـەر رۆژە راپـەڕینی خـەڵك هەنگاوێك دەچووە پێشو دوژمن چەند هەنگاو پاشەكشەی دەكرد. زۆر پێش رووخـانی شـا دامو دەزگا پۆلیسییەكان خڕ كرابوونەوە، لە هـەموو شـارو شارۆچـكەكان شـووڕا دامـەزرابوونو بـە كردەوە حكوومەت لە دەست خەڵك دا بوو. خوا نەی بڕێ هـەر رۆژەش حیزبێـكو رێكخراوێـكو دەستەیەكی تازە وەك كارگ لە زەوی هەڵ دەتۆقیو كەسیش خۆی لە كەس بە كەمتر نـەدەزانی. هەمووی پێشڕەو و هەمووی رزگاریدەر بوو. ئـەوەش كـە فكـری لێ نەدەكرایـەوە یـەك گـرتنو

بەرنامەدانان بۆ دوارۆژ بوو. لەو سەروبەندە دا قسەیەکی زۆر جوان لە کۆڕوکۆمەڵە سیاسی‌یەکان دا باو بوو کە دەیگوت هەموو کەس دەزانێ چیی ناوێ، بەڵام کەس نازانێ چیی دەوێ.

بە راستیش ئەو قسەیەی سەرەوە لە جێی خۆیدا بوو. دروشمی" مەرگ بر شاە" وێردی زمانی هەمووان بوو، کەچی بیرێکی جیددیو بە کۆمەڵ لەوە نەدەکرایەوە کە پاش رووخانی رێـژیمی شـا چ رێژیمێك جێگای بگرێتەوە. لەو نێوەدا پیاو هەق بڵێ ئاخونـدەکان بەرنامــەیان هــەبوو. ئــەوان هێشتا زۆری نەما بوو بۆ رووخانی شا کە دروشمــی" جمهــوری اســلامی" یــان بــەرز دەکــردەوەو لایەنگرانی خویانیان بۆ بەسیج کرد.  لە حاڵێك دا هێزە چەپو شۆڕشگێڕەکان نە هیچـیان ئـەو توانایەیان هەبوو بە تەنیا کارێك بکەنو نە بەرنامەیەکیان بـۆ یــەکگرتنو دروشمێکـی هاوبــەش هەبوو. رەنگە بکرێ بلێین لە یەك شت دا هاودەنگ بــوون ئــەویش ئــەوە کــە زۆر جــار دەبوونــە بلێندگۆی دارو دەستەی خومەینیو دروشمەکانی ئەوانیان دووپات دەکردەوە.

هێشتا دوا کابینەی رێژیمی حەمەرەزاشا جێی خۆی خۆش نـەکردبوو (لـە راسـتی‌دا قـەتیش خۆشی نەکرد) کە یەکەم کابینەی رێژیمی ئیسلامی دامەزرا. ئایەتوڵلا خومــەینی بــە دەرکردنــی فەرمانێك خوالێخۆشــبوو "مهــدی بازرگــان"ی وەك ســەرۆك وەزیــر ناســاندو نــاوبراویش پــاش پێکهێنانی کابینە، لە جیاتی "خدایگان شاهنشاە ئریامهر" کابینەی خۆی بە "حچرت امــام " ناساند. ئەگەرچی دارودەستەی شا کابینەی بازرگانیان بە "حکومەت سایە" ناو دەبرد. بەڵام بـۆ هەموو کەس دیار بوو کە ئەو کابینەیە شانسی مانەوەی زۆر لە کابینەی ئاغای بەختیار زیاترە. لە یەك دوو ململانێی دەسەڵاتو دەسەڵات نواندیش دا کە دوو کابینەی رەقیب لە خۆیان نیشــان دا، بە ئاشکرا لاوازیو بێ بناخەیی کابینەی بەختیار و بەهێزی کابینەی بازرگان دەرکەوت.

سەرەنجام پێش نیوەڕۆی رۆژی ۲۲ی رێبەندانی ۱۳۵۷(۱۱ی فیوریەی ۱۹۷۹) ئەرتەشی شـا رای گەیاند کە لە نێوان دوو کابینەی رەقیب دا بێلایەنەو خەڵکی ئێران بۆ خۆیان بڕیاری خۆیــان دەدەن. ئەو بێلایەنی رای گەیاندنە بێ ئەم لاو ئەولا بــە مانــایی رووخــانی کابینــەی بــەختیارو زیاتر لەوەش کۆتایی رێژیمی ۲۵۰۰ ساڵەی پاشــایەتی لــە ئێــران دا بــوو. ئــەوە بــوو کــە پــێش خۆرئاوای رۆژی ۲۲ی رێبەندان دەرکەوت" شــاپور بــەختیار" لــە ئێــران رای کــردەوەو دەورانــی حکوومەتــەکانی کۆتــایی هــاتوە. وەك دەزانــین بازرگــان و بــەختیار ئەگەرچــی لــەو دەورانــەدا

کەوتبوونە دوو سەنگەری بەرامبەری یەکتر، پێشتر لە یەك سەنگەردا ببوونو هەردووکیان لە تێکۆشەرانی پێشووی جەبهەی میللی بوون. بۆیە زۆرکەس خوالێخۆشبوو"مهدی بازرگان"یان بەوە تاوانبار کرد کە ڕێگای راکردنی بەختیاری خۆش کردوەو نەیهێشتووە بکەوێتە دەستی جەلادەکانی ڕێژیمی نوێ. لەو پێوەندییەدا یەکێك لە ڕۆژنامەکانیش بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەو تۆمەتەی دایە پاڵ بازرگانو نووسی: "بختیار از مرز بازرگان گـڎشت" کە هەم دەی توانی مەبەست سنووری"بازرگان" لە نێوان ئێرانو تورکیەدا بێو هەمیش دەکرا ئاماژە بۆ ئاغای بازرگان بی.

روونە کە رووخانی ڕێژیمی ملهوڕی پاشایەتی بە چ رادەیەك مایەی خۆشحاڵیو پێخۆشبوونی خەڵکی ئێرانو بە تایبەتی خەڵکی کوردستان بوو. لە هەموو ناوچەکانی وڵات دا جەژنو شادمانی وەڕێ کەوتو لە زۆر جێگاش بنکەو پێگەکانی ژاندارمریو شەهربانی، دوو داردەستی ڕێژیمی شا بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران پەلامار درانو چەك کران. لە هێندی جێگا یەك لەوان لە دەورووبەری تاران پادگانە نیزامییەکانیش کەوتنە بەر هێرشی کۆمەڵانی خەڵكو ئاداریان بەسەر پاداریانەوە نەما. بە پێی هێندێك ئاماری ناتەواو تەنیا لە پادگانەکانی دەوروبەری پێتەخت نیزیکەی یەك میلیۆن چەك کەوتە دەستی ڕۆڵەکانی گەل.

جێی داخ ئەوەبوو کە بەشی هەرەزۆری ئەو چەکانە نە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش کەڵکیان لێ وەرگیرا نە لە بەربەرەکانێ لەگەڵ دیکتاتۆریەتی مەزهەبیدا کە هەر زوو چنگو ددانی بە خەڵك نیشان دان بەکارهاتن. بەڵکوو زیاتر وەك شتومەکێکی بێبایەخو سامانێکی بەهەرزان دەسکەوتوو لە بازاڕدا هەڕاج کرانو بەشێکیشیان تەسلیمی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کرانەوە تا سەر لە نوێ لە سەرکوتی خەڵکی ئێران دا بە کاریان بێنێ. تەنیا لە کوردستان بە خۆشییەوە وەزعەکە جۆرێکی دیکە بوو. لەم ناوچەیەدا ئەگەرچی حاشا ناکرێ کە دیسان ئەو چەکانە کڕینو فرۆشتنیان پێکراو هێندی کەسی پووڵ پەرەست گیرفانیان لێ پڕکردن، بەڵام جێی شانازی بوو کە بەشێکی بەرچاو لەو چەکانە کەوتنە دەستی ڕێکخراوی سیاسیو ئینسانی مەسئوول کە بۆ دیفاع لە مافو ئازادییەکانی خەڵك کەڵکیان لێ وەرگیرا. مایەی

شانازییه که تا ئێستاش کوردستانی خۆڕاگر له بەرامبەر دیکتاتۆری مەزهەبیدا بە چۆك دا نەهاتوەو هەروا چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادییه.

حیزبی دێموکراتو ڕێژیمی ئیسلامی

هەر له سەرەتای دەست پێکرانی ڕاپەڕینەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) لە دوو مەسەلەدا بۆچوونێکی واقیع بینانەی هەبوو. یەکەم ئەوە کە نێوەڕۆکی داروودەستەی خومەینی باش ناسیبوو. بەو مانایە کە قەت پێی وا نەبوو کە ئەمانە هێزێکی بەڕاستی ئازادیخوازو پێشکەوتوونو دەتوانن‌و دەیانەوێ ئەگەر بە دەسەڵات گەیشتن داخوازە دێمۆکراتییەکانی کۆمەڵانی خەڵك دابین بکەن. دووهەمیش ئەوە کە پێی وابوو ئەمانە شانسی سەرکەوتن‌و بە دەسەڵات گەیشتنیان لە هەموو دەستەو تاقمە سیاسییەکان زیاترە. هەر بۆیەش حیزبی دێمۆکرات لە زووە کەوتە بیری ئەوە کە ڕێگایەك بۆ نیزیك بوونەوە لە خومەینی‌و حاڵی کردنی لە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان بدۆزێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە بەڵکوو بتوانێ موافقەتی خومەینی بۆ لای بەڕەسمی ناسینی مافەکانی خەڵکی کوردستان رابکێشێ‌و پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی گەلی کورد ناچار نەبێ دەورێکی تازە لە خەبات‌و قوربانیدان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانی دا دەست پێ بکا.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە حیزب لە زۆر ڕێگاوە کەوتە هەوڵ‌و تەقەلا. هێشتا ئاغای خومەینی لە شاری نەجەف لە عێراق بوو کە دەوفتەری سیاسی دەستەیەکی نوێنەرایەتیی پێکهاتوو لە محمد امین سیراجی‌و نووسەری ئەم دێڕانەی ناردە سەردانی، نوێنەرانی حیزب بە هەر زەحمەتێك بوو خۆیان گەیاندە شوێنی دانیشتنی خومەینی‌و بە نووسینی یادداشتێك داوای چاوپێکەوتنیان لێ‌کرد. بەڵام ناوبراو ئەو داوایەی قبووڵ نەکردو نوێنەرێکی خۆی بە ناوی "محمود دعائی" ( کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا ماوەیەك بوو بە سەفیری ئێران لە عێراق‌و ماوەیەکیش سەرپەرستی "اگلاعات" بوو) ناردە لایان. دیارە ئەم نوێنەرە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو جگە لەوە کە گوێ بۆ قسەکانی نوێنەرانی حیزب ڕاگرێ و یاداشتیان بکا. ئەم قسانە گەیشتنەوە خومەینی یان نا و جوابێکیان هەبوو یان نا؟ ئێستاش روون نەبۆوە.

کاتێکیش خۆمەینی لە" نۆفـل لۆشـاتۆی" پـاریس دەژیـا، دوکتـۆر قـاسملووی شـەهید چـووە سەردانیو هەولّی دا قسەی لەگەڵ بکا. ئەو جارەش هەرچەند دوکتۆر توانیبووی بچێتە "تەکیـە"ی ئیمام، بەڵام خۆمەینی موافقەتی نەکردبوو بە تەنیا بیبینـێو ئاشکراشـە کـە قسـەکانی دوکتـۆر قاسملوو شتێك نەبوون لە مەجلیس دا کە هەموو جۆرە خەڵکێکی لیٚدانیشتوون بێنە گۆڕێ.

چەند رۆژ پاش گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێرانیش کۆمیتەی ناوەندیی حیـزب لـە نامەیـەکی زۆر دۆستانەدا پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی هێزە شۆڕشـگێڕەکانی ئێرانـی لیٚکـرد، رێـزی بـۆ خـەباتو تێکۆشانی شێلگیرانەی ناوبراو داناو داوای لیٚکرد بۆ پێك هێنـانی یەکیـەتیو نیزیکـی لـە نێـوان دەستەو تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا هەوڵ بداو رێگا نەدا دەسکەوتەکانی راپـەڕین بکەونـە پـاوانی دەستەیەكو تاقمێکی دیاری کراوەوە. لە دوابەشی ئەم نامەیەدا کە رۆژی ۱۹ی رێبەنـدانی ۱۳٥۷ بۆ خومەینی نووسرابوو، داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێرانیش بەم چەشنە باسیان لیٚکرابـوو:

" جەنابت لە یەك ساڵی دواییدا نیشانت داوە کە دەتوانی بـە غـیرەتو ئازایەتییـەکی بیٚوێنـەوە لەگەڵ مەسەلەکان بەرەوڕوو بی. وەرە ئەم بتەش کە ناوی نراوە تۆمەتی جیاوازیخوازیو یەکێکە لە پاشماوەکانی رێژیمی شوومی پەهلەوی تێك بشکێنەو بە ناوی مرۆڤایـەتیو دادپـەروەری دیفـاع لـە مافەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بکە. دڵنیابە مێژوو هەرگیز ئەو خزمەتە پڕشنگدارەی لـە بـیر ناچیٚ.

ئێمە هیواداریـن جەنابت لەو بارەیەوە رێنوێنی پێویست بدەیـە دەوڵـەتی "مهنـدس بازرگـان " هەتا مەسەلەی دابین کردنی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلانی ئێران لە بەرنامەی خۆیدا بگونجێنیٚو بەم جۆرە پشتیوانی هەموو خەڵك بۆ لای خۆی ڕاکێشیٚ". [1]

رۆژی ۱۱ی رەشەمەی ۱۳٥۷ لە سەر بانگهێشتی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان میتینگێکـی سەد تا سەدو پەنجا هەزار کەسـی لـە سـتادیۆمی وەرزشـی شـاری مـەهاباد پێـك هـات. لـەو میتینگەدا دوکتوری شەهید پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی خوێنـدەوە. لـەو پەیامـەدا

---

١ـ لە رووی دەقە فارسییەکەیەوە کراوە بە کوردی. چونکە دەقە کوردییەکەی ئەگەریش لە کاتی خۆی بووبیٚ، لە دەست دا نەبوو.

جارێکی دیکه لـه شۆڕشـی ئێـرانو دەسـکەوتەکانی پشـتیوانی کرابـوو، خـەڵکی کوردسـتانو سەرانسەری ئێران بۆ یەکیەتیو برایەتی بانگهێشتن کرابوونو ئامادەیی حیزب بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزە نیشتمان پەروەرەکان نیشان درابوو. هەر لەوێدا بەرامبەر بە پیلانـەکانی دوژمنـانی شـۆڕش هوشدار درابوو لە هەموو رێکخراوە سیاسیـیە پێشکەوتووەکان داوای وشیاری کرابوو.

به کورتی، هەرچی لە توانای حیزبی دێموکرات دا هەبوو بە کار برا بۆ ئەوەی گەلی کـورد لـە سێبەری رێژیمی تازەدا بە لانی کەمی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی بگاو ناچار نەبێ بۆ وەدەسـت هێنانی مافەکانی پەنا بۆ خەباتێکی توندوتیژو سەختو دژوار بەرێ . بەڵام دیار بوو جوابدانەوە بـە داخوازە رەواکانی گەلانی ئێرانو چینو توێژە دێموکراتییەکانی خەڵك لەگەڵ جەوهەری رێژیمی تـازە بە دەسەڵات گەیشتوودا ناتەبایی هەبوو. بۆیە هەموو ئەو هەوڵو تەقەلایانە (بەداخـەوە) بێئاکـام بوونو خۆمەینیو رێژیمەکەی لە هەموو دەرفەتێك بـۆ گێچـەڵ فرۆشـتن بـە گـەلی کـورد کـەڵکیان وەرگرت تا سەرەنجام شەڕێکی درێژخایەنیان بـە سـەر گەلەکـەمان دا سـەپاند کـە هـەتا ئێسـتاش درێژەی هەیە.

گرتنی پادگانی مەهاباد

رۆژی ۲۲ی رێبەندانی ۵۷ هـەر بـە ئاگـاداربوون لـە رووخـانی رێـژیمی شـا لـە زۆربـەی شـارو شارۆچـکەو گونـدەکانی کوردسـتان دا(هـەروەك زۆر بەشـی دیکـەی ولات) بنکـەکانی پـۆلیسو ژاندارمری کەوتنە بەر پەلاماری خەڵكو چەك کران. بۆ شەوی ۲۳ی رێبەندان فکری گرتنی پادگانی مەهاباد کەوتە سەری رێبەرانو نوێنەرانی هێندێك لە رێکخراوە چەپەکان. ئەو شەوە نووسەری ئـەم دێڕانە لە ماڵی کاك غنی بلووریان بوو کە هەیئەتێك لە نوێنەرانی ئەم رێکخراوانە بۆ باس لە سـەر ئەو مەسەلەیە هاتنە لای کاك غنی ، چونکە ئەو کاتە ئەمن بە نهێنی دەژیام، خۆم لـەو نوێنەرانـە ئاشکرا نەکردو لە ژورێکی دیکە دانیشتم. پاش ئەوەی مەسەلەکەیان باس کرد بوو کـاك غنـی بـە بیانوویەك خۆی دزیەوەو هاتە لای من گوتی ئەو برایانە بۆ شتێکی وا هاتوون. ئەتۆ نەزەرت چـیە. پاش باسێکی کورت بەو ئاکامە گەیشتین کە کـاك غنـی هـەوڵ بـدا قانێعیـان بکـا کـە پادگـانی ئەرتەشی لەگەڵ پاسگایەکی ژاندارمری فەرقی هەیەو وا بە هاسانی تەسلیم نابێ . کەوابێ باشـترە هێرش نەکەنە سەر پادگان و خەڵك بە کوشتن نەدەن.

به رواڵەت نوێنەرەکان بە قسەی کاك غنی قانیع ببوون و قەولیان دابوو کە ئەو کارە نەکەن. کەچی بۆ بەیانی هەر ئەوەندەمان زانی لە دەوری پادگان بوو بە تەقە. تەقەو لێکدان تا ئێواریێ کێشاو ئەگەر باشم لە بیر مابێ پەنجاو شەش کەس شەهیدو بریندار بوون، بێئەوەی پادگان بگیرێ. زەرەرو زیانی نێو پادگانیش بۆ کەس روون نەبۆوە. ئەم هێرشە فەرماندەرانی پادگانی تا رادەیەکی زۆر وشیار کردەوەو هەر بۆیە کەوتنە خۆسازدانو سەنگەر لێدانو ماوەی دوو سێ رۆژێك دا هەموو بەرزاییەکانی پشتی پادگانیان کردە سەنگەر.

بەڵام حیزبی دێموکرات دەیزانی هەتا کاتێك پادگانی مەهاباد بەو فەرماندەرە شاپەرستانەیەوە لە جێی خۆی مابێ، خەڵکی مەهاباد ناتوانن تامی ئازادی بچێژنو رووخانی رێژیمی شا بە تەواوی هەست پێبکەن. چونکە پادگانی مەهاباد لە راستیدا لە نێو شار هەڵکەوتووەو هەمیشە چاوەدێری بەسەر جەم وجوڵی خەڵك دا دەکا. بۆ ئەوەی ئەو کۆسپە لەسەر رێگای تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات هەڵ گیرێو خەڵکی مەهاباد جارێکی دیکە شارەکەیان بە ئازادی ببیننەوەوخەڵکی کوردستانیش بە گشتی پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان رزگارو سەربەست ببینن، حیزبی دێموکرات کەوتە فیکری پێوەندی گرتن لەگەڵ هێندێك ئەفسەری نیشتمانپەروەری نێو پادگانو هەروەها چەند ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ لە دەرەوەی پادگانی مەهاباد و لە سەرووی هەموویانەوە شەهید سەرگورد عەباسیی نەمر. هەر لەو کاتەدا حیزب کەوتە هەوڵی هێز کۆکردنەوەو لە زۆربەی ناوچەکانی دەورووبەرەوە هێزی چەکداری هێنایە مەهاباد.

سەرەنجام هەموو کاردروستاییەك بۆ گرتنی پادگان کراو هێزی چەکدار لە چواردەوری پادگان دامەزرا. بەڵام رۆژی ٣٠ رێبەندان کە رۆژی دیاریکراو بۆ گرتنی پادگان بوو، بە خۆشییەوە لە ئاکامی نەخشەیەکی زیرەکانەی ئەفسەرانو دەرەجەدارانی نیشتمانپەروەری نێو پادگان دا ئەم بنکەی سەرکوتو زەبرو زەنگە بە بێ شەڕ تەسلیم بوو و تەنیا رووداوی خوێناوی تەقەی سەربازێك لە سەرتیپ پزیشکپور فەرماندەری پادگان بوو کە بە خۆشییەوە ئەویش برینەکەی کاریگەر نەبوو. بەزوویی بەرێ کرا بۆ تارانو پاش ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەرچوو.

پاش گیرانی پادگانی مەهاباد یەکێك لە ئەفسەرانی گەلی کرا بە فەرماندەری پادگانو پەیامێك بۆ مەرکەز لێدرا کە پادگانی مەهاباد بە دەستی خەڵكو ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر گیراوەو

فەرماندەریی تازە بە شۆڕشی سەرانسەری خەڵکی ئێران وەفادارە. رادیۆی تارانیش لە بەرنامەی خەبەری سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆدا خەبەری رزگارکردنی پادگانی مەهابادی خوێندەوەو بە یەکێك لە سەرکەوتنەکانی شۆڕشی دانا. کەچی دوایە کە دەوڵەت تێ گەیشت فەرماندەریی تازەی پادگان بە ئامانجەکانی خەڵك‌و شۆڕش وەفادارە، ١٨٠ دەرەجە وەرسووڕاو گرتنی پادگانی مەهابادی بە کاری" اوباش و چدانقلاب" ناو برد. دیارە فەرماندەری پێشووی پادگان لە مەرکەزیش داوای کۆمەکی کردو فڕۆکەکانی ئەرتەش لە سەر شاری مەهاباد بۆ ترساندنی خەڵك دیواری دەنگیان شکاند. بەڵام چونکە شەڕێك لە ئارادنەبووو پادگانیش بە خۆشی تەسلیم ببوو تەقەیان نەکردو گەڕانەوە.

شایانی باسە، شەوی پێش گیرانی پادگان هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ بە ناو ئارام کردنەوەی وەزعو پرسینی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان هاتبووە مەهابادو لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان دانیشتنێکی هەبوو. بەڵام ئەو هەیئەتە نە دیارییەکی بۆ خەڵکی کوردستان پێبوو، نە سەڵاحییەتی هیچ چەشنە بڕیارێکیشی هەبوو. هەیئەتی دەوڵەت بە گرتنی پادگانی مەهاباد زۆر قەڵس بوو و پێی وابوو ئەو کارە بێحورمەتی‌یەکە کە بەو هەیئەتە کراوە، کە دیارە بۆی ڕوون کرایەوە کە گرتنی پادگانی دەمێکە نەخشەی بۆ کێشراوەو رۆژی بۆی دیاری کراوە. وەك هەموو کارێك لەو چەشنەش وەدواخستنی دروست نەبووە، بۆیە لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ کراوەو وەدوا نەخراوە، ئەگینا بە هیچ جۆر نیازی بێحورمەتی بە هەیئەت لە گۆڕێدا نەبووە.

راگەیاندنی خەباتی ئاشکرا

رۆژی ١١ی رەشەمەی ساڵی١٣٥٧ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ راگەیاندنی سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی خۆی میتینگێکی گەورەی لە ستادیۆمی شاری مەهاباد پێك هێنا. لەو میتینگەدا بێجگە لە خەڵکی شاری مەهاباد نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستان‌و زۆر لە حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکان‌و ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانی نێوخۆی وڵاتیش بەشدار بوون، پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەباتی نهێنی، حیزبی دێموکرات رایگەیاند کە لەمەودوا خەباتی ئاشکراو قانوونیی خۆی دەست پێدەکا.

هەر لەو میتینگەدا دوکتور قاسملووی نەمر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی شی کردنەوەو وێڕای دووپات کردنەوەی پشتیوانی لە لایەنی دژی ئیمپریالیستی شۆڕشی ئێران ئیشارەی بە گێرەشێوێنیی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆنو دوژمنانی شۆڕشی کردو ئاشکرای کرد کە حیزبی دێموکراتو گەلی کورد بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمنان دەست لە سەر دەست دانانیشن. دوکتور قاسملوو هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵو هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی بۆ یەکیەتیو تەباییو هاوکاری بانگهێشتن کردو ئەو ڕاستییەی وەبیر هێنانەوە کە دێموکراسی لە وڵاتەکەمان دا ڕیشەی نیەو بۆ ئەوەی هەموومان لەو فەزا ئازادە بەرووخانی ڕێژیمی شا پێك هاتوە، بەباشی کەڵك وەرگرین، پێویستە مەشقی دێموکراسی بکەین، واتە فێر بین دێموکراسی چۆن بەکار بێنین.

## هەڵوەشانی زاگرۆس

هەروەك لە پێشەوە لە جێگای خۆیدا گوترا "زاگرۆس" لە سەر ئەو بنەڕەتە دامەزرابوو کە هەرکات ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گەڕانەوە وڵات ئەو کۆمیتەیە هەڵوەشێو کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵاتی خۆی وەربگرێتەوە. لە بەختی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێژیمی شا زوو ڕووخاو هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەڕانەوەی ئەو هاوڕێیانی پێك هات. بیە هەموویان گەڕانەوە وڵاتو لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوە ندیدا کە بە بەشداری هەموو ئەندامانی زاگرۆس پێك هات، هەڵوەشانی ئەو کۆمیتەیە ڕاگەیەندرا. کۆمیتەی ناوەندی داوای لە سێ ئەندامی زاگرۆس (کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوون) کرد ببنە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی. بەڵام هەرسێکیان ئەو پێشنیارەیان ڕەت کردەوە.

پێویستە وەبیر بێنینەوە کە هەر بە گەڕانەوەی کۆمیتەی زاگرۆس بۆ وڵات کاك غنیبلووریان بوو بە ئەندامی ئەو کۆمیتەیەو دوای هەڵوەشانەوەی زاگرۆسیش کرا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو تەنانەت دەفتەری سیاسیش. پاساوی ئەو بڕیارەش ئەوەبوو کە ئەو هاوڕێیە کاتێك چۆتە زیندان ئەندامی ڕێبەرایەتی بووە. ئێستا حەق نیە پاش ٢٥ ساڵ زیندانی بوون پایەی بەرپرسایەتی وی لە حیزبدا بێتە خوار. بێجگە لەوە کۆمیتەی ناوەندی چەند کەسێکی وەك موشاویر دیاری کرد کە بە داخەوە تەنیا سێ کەسیانم لە بیرە.ئەوانیش بریتی بوون لە:

١ـ شەهید دوکتور صادق شرفکندی

۲ـ خوالێخۆشبوو دوکتور رحیم سیف قاچی

۳ـ کاك جلیل گادانی

شەری یەکەمی شاری سنە

وەك لە پێشەوە باس کرا، کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەتێکی بۆ سەرکوتی گەلی کورد و نیشاندانی رقو قینو دوژمنایەتیی قووڵی خۆی بەرامبەر بەو گەلە زۆر لێکراوە لە دەست نەدا. لە سەرو بەندی نەورۆزی ۱۳۵۸دا و تەنیا پێنج حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش، پاشماوەکانی ڕێژیمی پاشایەتیو بە کرێگیراوانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە پادگانی سنەدا داخی خۆیان بە خەڵکی ئەو شارە قارەمانە رشتو کوشتارێکی باشیان لە پیرو لاوو ژنو پیاو و گەورەو چووکی ئەو شارە کرد.

فەرماندەرانی پادگان هێرشی خەڵك بۆ سەر بنکەی ژاندارمریو چەك کردنی ئەو بنکەیەیان کردە بیانوو بۆ ئەو پەلامارە بەربلاوە. لە حالێك دا وەك پێشتر گوتمان لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی ولاتدا بنکەکانی پۆلیسو ژاندارمری چەك کرابوونو لە زۆر جێگاش پەلامار برابووە سەر پادگانەکانی ئەرتەشو چەكو چۆڵەکەیان بە تالان برابوو بێئەوەی کوشتارێکی وا بێبەزەیانەی خەڵکی بێدیفاعی بە دواوە بێ.

لەماوەی چەند رۆژ شەڕی دەورووبەری شاری سنەدا بەکرێگیراوانی نێو پادگان بە تۆپو خۆمپارەو دۆشکاو هێلیکۆپتێرەکانی هەوا نیروزیش بە راکێتو شێست تیر گەرەکە بێدیفاعەکانی دەوروبەرو نیزیکی پادگانەکانیان دایە بەر ئاگرو ئاسنو بە پێی ئامارێکی ناتەواو نیزیکەی چوارسەدو پەنجا کەسیان لە خەڵکی ئەو شارە فیداکارە قەلاچۆ کرد. لێرەدا بوو کە ناوی نەورۆزی خوێناوی شاری سنە وەك بەڵگەیەکی دژی گەلی بوونی رێژیمی ئیسلامی لە مێژووی کوردستان دا تۆمار کراو هەر لەو پێوەندییەش دا درووشمی" در بهار ئزادی جای ئزادی خالی" کەوتە سەر زاروزمانان.

بۆ ئەوەی خۆمان لە حەق گوتن نەبواردبێ، بە جێیە ئەو راستییە بگوترێ کە هێندێك رێکخراوی بچووكو کەم ئەزموونیش لە خولقاندنی ئەم وەزعەدا بێ ئەئسیر نەبوون. ئەوان کە لەو سەرو بەندەدا بەربەرەکانی دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) یان لە هەر مەسەلەیەکی

دیکه بەولاوە گرنگتر بوو، کەوتبوونە سەر ئەو خەیاڵە کە مادام حیزبی دێموکرات پادگانی مەهابادی گرتوە، بۆ پاراستنی پارسەنگی هێزەکان دەبێ ئەوانیش پادگانی سنە(کە گرنگتریشە) بگرن. بەڵام لەوە بێ خەبەر بوون کە گرتنی پادگانێکی نیزامی بە هێزێکی نارێكوپێكو بە بێ بەرنامەیەکی وردی نیزامیو بێئەوەی لە نێو ریزەکانی دوژمن دا هاودەستو هاوکارێك هەبێ، هەروا ئاسان نیە.

وابزانم سێ رۆژ لە دەست پێکردنی شەڕەکە رابردبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهابادەوە هێزێکی سەد تا سەدو پەنجا کەسیی لەگەڵ چەند کامیۆن خواردەمەنیو جلو بەرگ کە لە کۆمەکی خەڵك پێك هاتبوون، نارده شاری سنە. بە گەیشتنی پێشمەرگەکانی حیزب، رێبەرانی ئەو رێکخراوانەی باسمان کردن لە جیاتی خۆشحالی نیگەرانی دایگرتنو پرتەو بۆڵەیان دەست پێکرد کە گۆیا حیزبی دێموکرات فرسەت تەڵەبی دەکاو ئێستا کە بە هەوڵو هیممەتی وان پادگانی سنە خەریکە تەسلیم دەبێ! دەیەوێ خۆی بکاتە شەریکی ئەو سەرکەوتنەو گرتنی پادگان بە ناوی خۆی تەواو بکا. هەر بۆیەش هیچ هاوکارییەکی ئەو هێزەی حیزبی دێموکراتیان نەکردو ئەوەندەی بۆیان کرا، نەشیان هێشت پێشمەرگەکانی حیزب لە جبهەی شەڕەکە نیزیك بکەونەوە.

سەرەنجام پاش ئەوەی پادگانی سنە لە باری رۆحیو نیزامییەوە تەقوییەت کرا، بە هاتنی هەیئەتێکی دەوڵەت بۆ سنەو دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوەکانو هێندێ شەخسییەتی وەك مامۆستا شێخ عزالدین حسێنیو ئاغای موفتیزادە شەڕەکە راگیراو "گەمارۆ"ی دەوری پادگان کۆتایی هات. ئاکامەکانی ئەو شەڕە بۆ رێژیمی ئیسلامی دەرکەوتنی جەوهەری دژی ئینسانی ئەو رێژیمە، بۆ رێکخراوە سیاسییەکانی بەشدار لەو عەمەلیاتەدا ناکامیو بۆ خەڵکی شەریفی شاری سنە لە دەست دانی ژمارەیەکی زۆر لە خۆشەویستانیو چەندین میلیۆن تمەن زەروزیانی ماڵی بوو.

## چوونی هەیئەت بۆ لای خومەینی

سەرباری هەموو ئەو نیازخراپییانە کە رێبەرانی حکومەتی ئیسلامیو دەستو پێوەندەکانیان لە کوردستان دەبینرا، حیزبی دێموکراتی کوردستانو دلسۆزانی دیکەی گەلی کورد وازیان لە هەوڵو تەقەلای ئاشتیخوازانەی خۆیان نەدێنا. ئەوان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات لەو باوڕەدا بوون کە ئەگەر نەش کرێ کار بەدەستانی رێژیمی ئیسلامی بە قبووڵکردنی داخوازە رەواکانی

گەلی کورد رازی بکرێن، هەوڵو تەقەلای ئاشتی لانی کەم ئەو قازانجەی دەبێ کە ئەگەر رۆژێـك لـە نێوان دەوڵەتو هێزە وڵاتپارێزەکانی کورد دا شەڕ هەڵگیرسا، خەڵکی کوردســتان حیزبــە نیشــتمان پەروەرەکان بە خەتابار دانانێن. بە راستیش وابوو. لە ئاکامی پــەلاماری نیزامــی رێــژیم بــۆ ســەر کوردستان دا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێدیفاع شەهید بون، بە هەزاران کەس خرانە بەندیخانــەو ئەشکەنجەو ئازار دران‌و تەنانەت ئیعدام کران، بە سەدان بنەماڵە دوور خرانەوەو بــە میلیــارد تمــەن زیانی ماڵی بە خەڵك گەیشت. کەچــی جارێــك لــە جــاران خــەڵك ســەرکۆنەی حیزبــی دێمــوکراتی کوردستانیان نەکردو تۆمەتی هەڵگیرساندنی شەڕیان نەدایە پاڵ. چونکە باشیان دەزانی حیــزب بــۆ دوورخستەوەی زیانەکانی شەڕ لە کۆمەڵانی گەلی کورد چەند تێکۆشاوەو چەند نیازپاکی لــە خــۆی نیشان داوە.

بە مەبەستی هێنانەگۆڕی داخوازە رەواکانی گەلی کــورد لەگــەڵ بەرپرســانی رێــژیمی تــازەو لــە سەرووی هەموویانەوە شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە مەرکەز کرد کە موافەقەت بکا دەستەیەکی نوێنەرایــەتی حیــزب بچــێتە تــاران‌و قــوم چــاویان بــە ئاغــای خومەینی‌و ئاغای بازرگان سەرۆك وەزیری دەوڵەتی کاتی بکەوێ. ئەو داوایە موافەقــەتی لــە ســەر کراو رۆژی ٧ یا ٨ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ هەیئــەتێکی رەسمیــی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتان بــە سەرۆکایەتی دوکتور عبدالرحمن قاسملوو بەرەوە تاران وەڕێ کەوتن. ئەم هەیئەتە کە چەند کەس لــە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و چەند تێکۆشەری دیکەی حیزبی تێدا ئەندام بوون لە شاری قوم چاویان بە ئایەتوڵڵاخومەینی کەوتو لە سەر مەسەلەی کوردو گیروگرفتەکانی ناوچە قسەیان لەگەڵ کــرد. بەڵام ناوبراو دیدارەکەی لە چوارچێوەی زیارەتێکی تەکیەی شێخ دا هێشتەوەو جوابی داخوازەکــانی نەدایەوە. لەو بارەیەوە بە رواڵەت مەسەلەکانی حەواڵەی ئاغای بازرگان سەرۆك وەزیر کرد[١].

رۆژی ١١ی خاکەلێوە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوی بە ئاغــای بازرگــان کــەوتو مەسەلەکانی لەگەڵ هێنایە گۆڕێ. دوکتور قاسملوو پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە دەوڵەتی کاتی

---

١ـ هاوینی ساڵی ١٣٥٨یش هەیئەتێکی هەشت کەسی لە لایەن خەڵکی مەهابادەوە چوونە لای ئاغای خومەینی‌و کە نووسەری ئەم دێڕانەشیان لەگەڵ بوو. لەو چاوپێکەوتنەش دا خومەینی مەسەلەکەی هەر بە مەوعیزەو ئامۆژگاری تەواو کردو بە ناو چارەسەری مەسەلەکانی حەواڵەی کاربەدەستانی دەوڵەت کرد.

راگەیاندو داوای کرد کە ڕێگا بدرێ هەیئەتی حیزبی دێموکرات لـە ڕێگـای ڕادیـۆو تەلەویزیۆنـەوە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شـی بکاتـەوە. هـەروەها داوای کـرد بـۆ ئـەوەی داخوازەکانی خـەڵکی کوردسـتان لـە قـانوونی ئەساسـیدا بگونجێنـدرێن ڕێگـا بـدرێ نوێنـەرانی کوردستانیش لە دانانی ئەو قانوونەدا بەشدار بن. هەر لەو دیدارە دا دەستەی نوێنەرایەتیی حیـزب گەلاڵەیەکی بۆ دابین کردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان پێشکەشی سەرۆك وەزیر کرد.

خوالێخۆشبوو بازرگان خۆشحاڵی خۆی لەو چاوپێکەوتنە دەربـڕی، ئەسـڵی خودموختـاریی بـە شتێکی باش‌و قابیلی قبووڵ داناو رایگەیاند کە گەلاڵەی حیزبی دێموکرات موتالا دەکا. هـەروەها رایگەیاند کە کۆمیسیۆنێك لە وەزیرانی دیفاع‌و نێوخۆو کار پێك هاتوە بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنـەرانی واقیعیی کوردستان لە مەسەلەکان بکۆڵنەوە. لە بـارەی ڕادیـۆ تەلەویزیۆنیشـەوە گـوتی مانعێـك نابینم‌و ئێوە خۆتان لەگەڵ بەرپرسانی ڕادیۆو تەلەویزیۆن قسە بکەن‌و وەخت وەربگرن.

بە داخەوە هەمووی ئەو وادەو بەڵێنانە بێ بەرهەم بوون. نە ڕێگا درا نوێنەرانی کورد لە ڕێگـای ڕادیۆو تەلویزیۆنەوە قسە بۆ خەڵکی ئێران بکەن، نە داخوازەکـانی خـەڵکی کوردسـتان چـووکترین ئاوڕیان درایەوە سەر و نە کۆمیسیۆنی وەزیرانیش هەرگیز لەگەڵ نوێنـەرانی واقێعـی کوردسـتان مەسەلەکانی خستە بەرباس. هۆی هیچ کام لەوانەش نیازخراپیی ئاغـای بازرگـان نـەبوو، چـونکە ناوبراو وەك ئینسانێکی سیاسی‌و تێکۆشەرێکی نیشتمانی زەرفیەتی وەلامدانەوە بـە داخوازەکـانی کوردستانی تێدا هەبوو. بەڵام گیروگرفتەکە ئەوەبوو کە ئاغـای سـەرۆك وەزیـریش هـەر ئەوەنـدەی نوێنەرانی حیزبی دێموکرات دەسەڵاتی بڕیـاردان لـە سـەر ئـەو مەسـەلانەی هـەبوو. لـە ئاکـام دا هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە ڕاستیدا بە دەستی بەتاڵ لە دیداری ڕێبەرانی ڕێژیمی تـازە گەڕایـەوە کوردستان.

<u>ڕێفراندۆمی دیاری کردنی نیزام</u>

رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ بە رۆژی رێفراندۆم بۆ دیاری کردنی سیستمی حکوومەتی دوای رووخانی رێژیمی شا دیاری کرابوو[١]. بەروالەت ئەمە هەنگاوێکی دێموکراتیك بوو کە رێژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو دەیهاویشت. خەلکی ئێران رێگایان پێدەدرا کە لە لێپرسینێکی گشتیدا سیستمی حکوومەتیی دلخوازی خۆیان هەلبژێرن. کەچی لە پشت پەردەی ئەو هەنگاوە دێموکراتیکەوە خراپترین شێوەی زەوتکردنی هەقی هەلبژاردن شاردرابۆوە. ئەو بەرگەیەی خەلك لە رێفراندۆم دا دەبوو لە سنووقی باوێن سپی نەبوو کە هەرچی پێیان خۆشە لێی بنووسن، سیستمی جۆراوجۆری رێژیمە ناسراوەکانی دنیاش لەو بەرگەیە نەنووسرابوون تا هەرکەسە چی پێ باشە هەلی بژێرێ. لە بەرگەی رێفراندۆم دا خەلکی ئێران سەرپشك خرابوون لە نێوان رێژیمی تازە گۆڕکراوی پاشایەتیو رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێك هەلبژێرن.

خەلکی ئێران رێژیمی پاشایەتییان ناسیبوو، زۆریشیان مەینەتو مەرارەت بە دەستیەوە چەشتبوو. جگە لە بەشێك لە ئاخوندە دەسەلاتدارەکان کەسیش نەی دەزانی کۆماری ئیسلامی بەری چ دارێکە. ئەو سیستمە نە لە هیچ کوێی دنیا تاقی کرابۆوەو نە لە هیچ قاموسێکیش دا لێك درابۆوە. رێژیمی تازە دامەزراو بەو ژیستە دێموکراتییەی، سمۆرەی نێو تەلیسی بە خەلکی ئێران دەفرۆشت کە دیار نەبوو ساغە، نەخۆشە، گەورەیە، چووکە، زەردە، سوورە، بۆرە، پیرە یان جەحێلە. لەبەر ئەوەش کە رێژیمی پاشایەتی هەر ئەو رێژیمە بوو کە ئەو هەموو قوربانییە لە پێناو رووخاندنیدا درابوو، لە راستیدا بەشدارانی رێفراندۆم هەقی هەلبژاردنیان نەبوو. ئەو رێفراندۆمە مەسەلی کوردیی وەبیر دێنیەوە کە دەلێ: "کەوت دەوێ ئەوە سمۆرە، سمۆرەت دەوێ ئەوە سمۆرە".

لەبەر ئەو راستییە زەقانە حیزبی دێموکراتو بەشی هەرە زۆری خەلکی کوردستان بە نیشانەی نارەزایی لە دێموکراتی نەبوونی رێفراندۆم ئەم لێپرسینە گشتییەیان تەحریم کردو تێیدا بەشدار نەبوون. ئاکامی لێپرسینی گشتیش لە پێشەوە روون بوو، چونکە لە لایەك زۆر کەم کەس حازر بوون دەنگ بۆ گەرانەوەی رێژیمی پاشایەتی بدەنو لە لایەکی دیکەش دەمڕاستەکانی رێژیم بەشتێکی

---

[١] ـ ئێستا بۆچی زیاد لە هەمووان رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی ئیعدامی پێشەوا قاضی محمدو هاورێکانی بۆ رێفراندۆم دیاری کرابوو؟ بۆ خۆی پرسیارێکە، تۆ بلێی بە رێکەوت بوو بێ؟

غەیری کۆماری ئیسلامی رازی نەدەبوون. خومەینی هەر زوو رایگەیاندبووکە:"کۆماری ئیسلامی بەڵێ، یانێ ئیسلام بەڵێو کۆماری ئیسلامی نا، یانێ ئیسلام نا" بۆیە رۆژی ۱۲ی خاکەلێوە کە ئاکامی رێفراندۆم راگەیاندرا دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی بە زۆربەی نیزیك بە تەواوی دەنگەکان هەڵبژێراوە.

لەگەڵ ئەوەش کە حیزبی دێموکرات لەو رێفراندۆمەدا بەشدار نەببوو، دواتر رای گەیاند کە رێز بۆ دەنگی زۆربەی خەڵکی ئێران دادەنێو بە تایبەتی لەو بابەتە کە رۆژی ۱۲ی‌خاکەلێوەی ۱۳۵۸ رۆژی کۆتایی هاتن بە دەورانی رەشی دیکتاتۆری پاشایەتی‌یە، ئەو رۆژە بەرۆژێکی مێژوویی دەزانێ. بەم جۆرە نیزامی کۆماری ئیسلامی بوو بە ئاڵتێرناتیوی سیستمی ۲۵۰۰ ساڵەی پاشایەتی‌و مەسەلی کورد هاتەدی کە دەڵێ"لە کۆلکی رەویەوەو بەسەر بەرازی داکەوت".

شەڕی نەغەدە

پاش میتینگی ۱۱ی رەشەمەی ۱۳۵۷ لە مەهاباد وەك سوننەتێکی لێ هات کە لە هەموو شارەکانی کوردستان دا میتینیگ ساز دەکراو لەوێدا وێڕای قسە کردن بۆ خەڵكو شی کردنەوەی سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی حیزب بنکەی حیزبی لەو شارە بە ڕەسمی دەکرایەوەو تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێدەکرد. ئەو کارە لە هێندێ شاری کوردستان بەڕێوە چوو بوو، نۆرەگەیشتبووە سەر شاری نەغەدە، شارێك کە بەشێکی زۆری یان زۆرتری دانیشتوانی ئازەربایجانین. حیزبی دێموکرات وای دانابوو کە میتینگی شاری نەغەدە لەهی شارەکانی دیکە رێكو پێکترو گەورەتر بێو لەوێدا بێجگە لە سیاسەتە گشتی‌یەکانی حیزب، لە سەر برایەتی‌و هاوکاری دوو گەلی کوردو ئازەربایجانی پێ دابگیرێو بناخەیەکی نوێ بۆ هاوخەباتیی رۆڵەکانی ئەم دوو گەلە دابمەزرێ. هەر بۆیەش لە زۆر ناوچەی کوردستانەوە نوێنەر بۆ ئەم میتینگە بانگ کرابوون، بێخەبەر لەوەی کە پاشماوەکانی رێژیمی شاو دەمڕاستەکانی کۆنەپەرەستی چ پیلانێکیان دژی کوردو بۆ لە خوێن وەردانی ئەو میتینگە بە دەستەوەیە.

رۆژی ۳۱ی خاکەلێوەی ۱۳۵۸ میتینگی نەغەدە بەرپا کراو دەیان هەزار کەس لە کوردو ئازەری‌یەکانی تێدا بەشدار بوون. لە یەکەم ساتەکانی‌کاری رەسمیی میتینگ دا هێشتا شەهید دوکتور قاسملوو یەکەمین جوملەکانی وتاری خۆی نەخوێندبۆوە کە لە ژوورەوەو دەرەوەی میتینگ

تەقە دەست پێ‌کرا بێ‌ئەوەی روون بێ لە کوێوە تەقە دەکرێو لە کێ تەقە دەکرێ. تۆمەز بە کرێگیراوان بە پێی نەخشە دابەش بوون و بۆ شێواندنی میتینگەکەو لەویش زیاتر بۆ ناکام هێشتنەوەی ئامانجەکانی پێك هێنانی ئەو کۆبوونەوە ئاشتیخوازانەیە لە چەند نووختە دامەزراون. میتینگ ناچار بوو بڵاوەی لێ بکاو شەڕێکی نەخوازراو بە پیلانی کۆنەپەرەستی بە سەر دوو گەلی کوردو ئازەریدا سەپا. ئەو شەڕە تەنیا چوار رۆژی خایاندو دوایە بە دەخالەتی ئەرتەش بە قازانجی ئازەرییەکان کۆتایی هات. بەڵام لەو ماوە کورتەدا بە سەدان کەس لە رۆڵەکانی دوو گەلی برای ئازەربایجانی‌و کورد شەهیدو بریندار‌بوون،و بە هەزاران ماڵە کورد ماڵو هێلانەی خۆیان تەرە بوون کە هێشتاش هێندێکیان نەگەڕاونەوە شوێنی خۆیانو لە هەمووی خراپتر ئەو شەڕە شوێنەواری نالەباری لە سەر پێوەندی دۆستانەی نێوان ئەو دوو گەلە دانا کە تا ئێستاش بە تەواوی نەسڕاوەتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە هەروەك گوترا ئەو شەڕە ئاکامی پیلانێکی چەپەڵی پاشماوەکانی رێژیمی شاو بەکرێگیراوانی رێژیمی ئیسلامی دژی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکرات بوو. بەڵام بە هیچ جۆر درووست نیە لێرەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە بێ خەتا لە قەڵەم بدرێ. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە دوور بوونی رێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە وڵاتو هێندێك هەستی، دەتوانم بڵێم منداڵانەی بەرپرسانی ناوچەی نەغەدە بوونە مایەی ئەوەی حیزبی دێموکرات لە ناسك بوونی هەلو مەرجی ئەو شارە حاڵی نەبێو تێنەگا کە پێکهێنانی میتینگێکی دەیان هەزار کەسی ـ کە بەشێکی زۆریشیان چەکدار بوون ـ دەتوانێ چ کارەساتێکی دڵتەزێنی بەدواوە بێ.

شەڕی نەغەدە بە دەرچوونی بەیاننامەیەکی هاوبەش کۆتایی هات کە لە شارۆچکەی **"محمدیار"** لە نێوان ئەندامانی هەیئەتی نیازپاکیی مەهاباد کە یەکی لە ئەندامانی فەرمانداری مەهاباد بوو لە لایەكو ئوستانداری ئازەربایجانی رۆژئاواو باوەڕپێکراوەکانی شارەکانی ورمێو نەغەدە لە لایەکی دیکەوە ئیمزا کرابوو. کەچی هەر لەو کاتەدا کە ئەندامانی هەیئەتی کورد بۆ لێك جیا کردنەوەی هێزەکان چووبۆوە سێڕیانەی **"محمدیار"** یەکێك لە هاوسەفەرەکانی ئەو هەیئەتەو

ئەندامێکی بە وەفای حیزب بەناوی عیمان کریمی خەڵکی بانە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە رفێندراو بێسەرو شوێن کرا کە پاش چەند ڕۆژ جەنازەی بێگیانی لە چۆمی گادەردا دۆزرایەوە[1].

مەسەلەی زەوی‌و زارو شەڕی مەنگوڕان

[1] ـ لە کۆبوونەوەی محەمەدیار بیرەوەریەکی تاڵم هەیە کە ناتوانم لێرەدا نەی گێڕمەوە. ئەمن وەك نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی هەیئەتی "حسن نیت" بووم‌و بە ئیعترافی ئوستانداری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا نوێنگەی نیازپاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم. یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی ئازەربایجانی برایەك بوو بە ناوی ماشەڵڵاخانی بووزچلوو کە وەکیلی‌داد گووستەری بووو جارێك لە سەردەمی ڕاپەڕین دا لە مەهاباد وتارێکی خوێندبۆوە زۆری حورمەتی کوردەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو. کەچی ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو کابرایە بۆ تێکدانی وەزعەکە کردی، بەڕاستی لە هیچ پاسدارێکی نەخوێندەواری دەمارگرژیش نەدەوەشایەوە. بۆ نموونە:

**١ـ** کابرایەکی عەجەمی پیری هێنایە ژووری  کۆبوونەوە کە وە ك بارانەی بەهار فرمێسکی  دەڕژاندو لە خۆی دەدا. ماشەڵڵاخان گوتی بابە بە خۆڕایی شەڕی خۆتان دێشێنن، حیزبی دێموکرات شەڕ ڕاناگرێ، ئەوەتا ئەم بەیانی‌یە هێرشی کردۆتە سەر مەحمەشەی خوارێ‌و قەڵاچۆی لە ژن‌و منداڵی ئازەری‌یەکان خستوەو ئەم کابرایە ئێستا لەوێڕا هاتوە کە ژن‌و منداڵەکەی هەمووی کوژراون‌و تەنیا خۆی دەرباز بووە. وەك لە غەیبەوە ئیلهامم بۆ کرابێ وەدەنگ هاتم‌و وتم درۆیە. حازرم ئێستا بۆ ڕوون بونەوەی ڕاستی‌یەکان بچمە مەحمەشەی خوارێ. یادی بەخێر رحیم خڕازی کە ئەندامی هەیئەت بوو گوتی ئەمنیش لەگەڵت دێم. هەستاین سواری جیبەکەی میرزا ڕەحیم بووین‌و چوینە مەحمەشە. کە گەیشتینە وێ دنیایەکی ئارام‌و بێدەنگ بوو. کۆمەڵێك لە خەڵکی ئاوایی لە بەر دەرکی قوتابخانەکە دانیشتبوون، بە گەرمی پێشوازیان لێ کردین‌و گوتیان بچینە ماڵێ، گوتمان سوپاستان دەکەین. بەڵام ئێمە بۆ شتێکی وا هاتووین. بە کورتی سوورەتجەلەسەیەکیان نووسی‌و سێ مامۆستای قوتابخانەو چەند کەیخودای ئاوایی ئیمزایان کردو بردمانەوە. لەوێدا نووسرابوو کە لەم گوندەدا هیچ شتێك ڕووی نەداوە.

**٢ـ** پاش ئارام بوونەوەی فەزای کۆبوونەوەکە دیسان ماشەڵڵاخان چووە دەرەوەو پاش ماوەیەك هاتە ژوورەوە، گوتی بابە بێ سوودە، هەر ئێستا تەرمی سەربڕاوی منداڵە عەجەمێکی سێمانگەیان لە چۆمی گادەڕە گرتۆتەوە کە کوردەکان سەریان بڕیوە. هێندەش بە هەستێکی "بریندار"ەوە قسەی دەکرد کە بەڕاستی فەزای کۆبوونەوەکە غەم دایگرت. ئوستاندار ڕووی تێکردم گوتی ئاغای حسن زادە بەڕاستی ئەوە جەنایەت نیە؟ دیسان بەڕاستی گومانم نەبوو کە درۆیە. لە وەڵام دا گوتم ئاغای ئوستاندار، شەڕ بۆ خۆی خراپەو شتی خراپیشی تێدا دەقەومێ، بەڵام دەبێ هەموومان ئافەرین بۆ عەقڵ‌و فەراسەتی ئاغای بووزچلوو بنێرین کە منداڵی سێمانگە، ئەویش سەربڕاوی دەناسێتەوە کە منداڵە ئازەری‌یە. کەوام گوت بە هەق ئوستاندار وەك فەنەر چووە سەریەك‌و دیسان فەزای کۆبوونەوەکە ئارام بۆوە. ئەمانەم هەر بۆیە نووسی کە کەس بە دوو قسەی لووس‌و چەور بڕیار لە سەر نیازپاکی‌و سەداقەتی نەدرێ.

بە رووخانی ڕێژیمی شاو هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی هەروەك بە دوای هەموو شۆڕشو ڕاپەڕینێك دا باوە، زۆر مەسەلەی کۆمەلایەتی سەریان هەلّ داو زۆر ناکۆکیو گێرەو کێشەی کۆن زیندوو بوونەوە. لە کوردستانی خۆمان ڕەنگە بتوانین بلێین لە هەموویان گرنگتر مەسەلەی زەویوزار بوو. ئەو مەسەلەیە کە لە دەورانی شادا بە هەراو هۆریاو جاڕو جەنجالێکی یەکجار زۆری تەبلیغاتیەوە هاتەگۆڕێو ناوی نرا یەکێك لە بەندەکانی شۆڕشی شاو میللەت، لە ڕاستیدا هەرگیز چارەسەر نەکرا. مەئموورە بەرتێل خۆرو چاوچنۆکەکانی ڕێژیمی شا لە کاتی دابەشکردنی زەویوزاردا پێش ئەوەی لە فکری چارەسەری کێشەی زەویزاردا بن، لە خەمی پڕکردنی گیرفانی خۆیان دا بوون. بۆیە لە هەموو جێیەك لە ئاغاو جوتیار کێ توانیبای بەرتیلی باشترو پوولّی زیاتر بدا بە بەرپرسانی دەولّەتی، دەیتوانی بەشی باشتر لە زەویوزارو کانیو ڕوبار بۆ خۆی مسۆگەر بکا. هەر بۆیە زۆر کەسی موستەحەق یان هەر زەوییان بەر نەکەوتبوو، یان ئەوەندەیان بەرکەوتبوو کە ناچار بوون بیفرۆشنەوە یان جێی بێلّنو ڕوو لە کاری فەعلەییو خشت بڕیو شتی لەو بابەتە بکەن. زۆر لە خاوەن ملّکەکان بەشی هەرەزۆرو بە کەلّکی زەوییەکانی خۆیانیان لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا بە ناوی خۆیانو ئەندامانی بنەمالّەکانیانەوە سەبت کردبوو و تەنیا هێندێك بە قەولی کوردی "کەس نە کێلّێو بەردەرەق" یان بە سەر جوتیاران دا دابەش کردبوو. کەمیش نەبوون ئەو جوتیارە دەولّەمەندانە کە بە دانی بەرتیل زەوییەکی زۆریان بە ناوی خۆیانەوە نووسیبوو و دەرو دراوسییەکانیان دەم لەپووش کردبوو.

لەو پێوەندییەدا لە زۆرجێگا جووتیارە بێ زەوییەکان داوای دابەشکردنەوەی زەوییان دەهێنایە گۆڕێو پێیان وابوو ئێستا کە لە ئێران دا شۆڕش کراوە دەبێ ئەو زولّمەی لە زەمانی شادا لێیان کراوە لە سەریان وەلابچێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئاغاو خاوەن مولّکەکان کە ئیسلاحاتی ئەرزییان بە کردەوەیەکی زالّمانەی ڕێژیمی شا دەرهەق بە خۆیان دادەنا، لە زۆر جێگا لە جووتیارەکانیان هەلّ دەپێچاو داوایان لێدەکردن زەویوزارەکەیان بدەنەوە بە وانو یان وەك دەورانی ئاغاو ڕەعیەتی ملّکانەیان بدەنێ.

ئەم مەسەلەیە دوو هەلّوێستی ناتەبای دوولایەنی ناتەباشی لێبووە سەربا. لە لایەك کاربەدەستانی دەولّەتو بە تایبەتی ژاندارمریو کۆمیتەچییەکانی ورمێ دەستیان لە پشتی

دەرەبەگەکان دەداو چەکو تەقەمەنی‌یان بە سەردا دابەش دەکـردن بـۆ ئـەوەی " هـەقی خۆیـان" ! وەرگرنەوە. دیارە مەبەستی بنەڕەتییشیان سازکردنی ئاژاوە لە کوردستان بوو. لە لایەکی دیکـەش هێندێك ڕێکخراوی بچووکی تازە بە سەرداکەوتوو بۆ ئەوەی"شۆڕشگێڕ" بوونی خۆیان نیشان بـدەن بێ‌لێکدانەوەی ئاکامی کارەکانیان جوتیارانیان بەگژ ئاغاکان دا دەکردو هانیان دەدان کـە بـە زۆر بچن ئەو زەوی‌یانە کە بە ناهەق یان تەنانەت بە هەقیش لە دەستی کۆنـە ئاغاکـان دا مـابوون، بـە قازانجی خۆیان بکێڵن.

بەو جۆرە لەو هەلو مەرجە ناسکەدا لـە کاتێکـدا کـە گـەلی کـورد ئـەو پـەڕی پێویسـتی بـە یەکیەتی‌و پتەوکردنی ریزەکانی هەبوو، گێرەو کێشەیەکی ناوەختو لاوەکی لە کوردستان دا سـەری هەڵ دا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەست کردن بە مەسئولییەتو تێگەیشتنی هەلو مەرجی ناسکی ئەو سەردەمە هەوڵێکی زۆری‌دا ئـەو ئـاگرە دامرکێنـێ‌و چارەسـەری مەسـەلەی زەوی‌وزار هەڵگرێ بۆ قۆناخی دوای چارەسەری مەسەلەی گرنگتر لەوە، واتە مەسەلەی مافو ئازادیی‌یـەکانی گەلی کورد. لەو پێوەندی‌یەدا حیزب بەیاننامەیـەکی بڵاوکـردەوە کـە بـە داخـەوە ئەسـڵەکەی لـە بەردەست دا نیە. بەڵام لەوێ دا لە هەر دوو لایەنی کێشەی زەوی‌وزار (جوتیارو خـاوەن ملـك) داوا کرابوو کە بۆ پاراستنی قازانجی گشتی، ناکۆکیی‌یەکانیان لە سەر مەسەلەی زەوی‌وزار هەڵ بگرن بۆ ئەو کاتە کە دەوڵەتی تازە قانوونی نوێ بۆ چارەسەر کردنـی گیروگرفتـی زەوی‌وزار پەسـەند دەکـاو هەتا ئەو کاتە قانوونەکانی پێشتر رەچاو بکرێن‌و کەس دەست بۆ زەوی‌وزاری کەسێکی دیکـە درێـژ نەکا. هەر لەو بەیاننامەیەدا گوترابوو کە شتێکی سرووشتی‌یە ئەگـەر خـاوەن ملکـەکان بیانـەوێ دەستدرێژی بکەنە سەر مافەکانی جوتیاران، حیزبی دێمـوکرات بـە هـەموو توانایـەوە دیفـاع لـە جوتیاران دەکا.

کێشەی زەوی‌وزارو ئاژاوەگێڕی هێندێك لە کاربەدەستانی ڕێژیم هەروا بەردەوام بوو. بەتایبـەتی لە ناوچەکانی ورمێ‌و مەهاباد ئاڵۆزی‌یەکە بەرچـاوتر بـوو. حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانیش لـە هەموو ڕێگایەکی مومکینەوە لە هەوڵی دامرکاندنـەوەی ئـاگری ئاڵۆزیەکـە دا بـوو. لـە مـانگی جۆزەردانی ١٣٥٨دا بۆ حیزبی دێموکرات روون بۆوە کـە ئاغاکـانی مـەنگوڕان بـە سـەدان چـەکی برنەویان لە ژاندارمری ورمێ وەرگرتووە، هـەر بـە پشـتگەرمی بـەو چـەکانەو وادەو بەڵێنـەکانی

ئەرتەش‌و ژاندارمری داوایان لە جوویتاران دەکرد کە پێویستە ملکانەی ١٥ ساڵی رابردوویان بدەنێ. لێرەدا حیزب بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو ویڕایی ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە داوای ئارام کردنەوەی وەزعەکەی کرد. لە بەشێکی بەیاننامەکەدا گوتی: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...لە هەموو خەڵکی کوردستان، لە وەرزێرانی زەحمەتکێشی دێنشین لەو عەشیرەتە نیشتمانپەروەرانە کە لە رابردووش دا فریوی دوژمنانی گەلیان نەخواردوە، لە زەحمەتکێشانی شار، لە بازاڕییان، لە روناکبیران‌و لە هەموئینسانێکی بە شەرەف داوا دەکا کە بە یەکیەتیی کردەوە پێشی ئەم نەخشە دژی گەلی‌یە بگرن‌و لە گەرادا خاشەبڕی بکەن"[١].

لەو لاشەوە حیزب هەوڵ‌و تەقەلایەکی زۆری لەگەڵ ئاغاکان دا کە ئەو چەکانە تەسلیم بکەنەوەو دەست لە ئاژاوەو شەڕفرۆشی هەڵبگرن. بە داخەوە ئەو هەوڵ‌و تەقەلایە سوودێکی نەبوو. سەرەنجام ئاغا مەنگوڕەکان هێندێ بنکەیان لە ناوچەی مەنگوڕان بۆ خۆیان کردەوەو بە دەرکردنی بەیاننامەیەك رایان گەیاند کە ناوچەی مەنگوڕان ناوچەی پاوانکراوی خۆیانەو هیچ حیزب‌و رێکخراوێك هەقی نیە پێی دابێ" باڵدار بی باڵی دەوەرێنێ‌و ناڵدار بێ ناڵی دەوەرێنێ".

کاتێك ئەوان وەڵامی هەڵوێستی نەرمی حیزبی دێموکراتیان وا بە توندی دایەوە، ئیدی وەختی دەست بەکار بوون هات. دەبوو دەرسێکیان پێ بدرێ کە بۆ عەشیرەتەکانی دیکەش‌و بۆ خاوەن موڵکانی ناوچەکانی دیکەش ببێتە پەند. ئەوە بوو کە پاش دوا هوشداری حیزب بە ئاغاکان هێزی پێشمەرگە پەلاماری دان‌و هێزی بێ‌پایان‌و بێ سنووری جووتیارانیش لێ یان وەدەست هات. ئاغا مەنگوڕەکان لە بەرامبەر هێزی گەل دا خۆیان پێ ڕانەگیراو لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەك دا لێك بڵاوبوون‌و زۆربەی چەکەکانیان لێ‌وەرگیرایەوەو زۆر کەسیشیان لێ بەدیل گیران کە پاش ماوەیەکی کورت ئازاد کران. بەداخەوە لەو شەڕەدا کە دەرەبەگەکان سەپاندیان چەند پێشمەرگەی حیزب کە تەنیا ناوی شەهید"ملا قادر عباسی‌و سید قادری سیدی"م لە بیرە شەهیدو برینداربوون‌و چەند کەسیش لە مەنگوڕەکان کوژران.

---

[١] ـ بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ١٣٥٨/٤/٢، " کوردستان" ژمارە ٥٦، پووشپەڕی١٣٥٨

پاش تێك شكاندنی ئەو سەربزێوی‌یەی مەنگوڕەكانیش حیزبی دێموكرات دوچاری لـە خۆبـایی بوون نەهات‌و سیاسەتی ئوسولیی خۆی وەلا نەنا. لە بەیاننامەیەك دا كە بـە بۆنـەی تـەواو بـوونی شەڕی مەنگوڕانەوە لە ژێر ناوی " تێك شكاندنی پیلانی كۆنەپەرەستی" دا دەری كرد،حیـزب ئـەو سەركەوتنەی بە سەركەوتنی خەڵكی كوردستان دانا و ڕێزی لە هاوكاریی چین‌و توێـژەكانی كۆمـەڵ‌و كۆمەڵە سیاسی‌یەكان ناو دووبارە پێی لە سەر سیاسەتی ئوسوولیی خۆی داگرتەوە كە:

"حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە سەر ئەو بیروڕایەیە كە هەل‌ومەرجی ناسكی ئێسـتا دا دەبێ قانوون‌و ڕێ‌وشوێنەكانی كە ئێستا لە گۆڕێدان ڕێزیان لێبگیرێ. نە ئاغاكان هەقیان هەیە بـە قازانجی خۆیان ئەو پێوەندی‌یانە تێك بدەن‌و نەقازانجیش لەوە دایە كە جووتیارەكان دەسـت بـۆ ئـەو مافانە درێژ بكەن كە لەو قانوونانەدا بۆ ئاغاكان دیاری كراون، وڵاتـی كوردسـتان پـتر لـە جـاران پێویستی بە هێمنی‌و نێوان خۆشیی هەموو چین‌و توێژە دێموكراتی‌یەكان هەیە". [1]

هەروەك ڕاستی‌یەكی مێژووی خەراپ نیە بزانرێ كە هیچ كام لەو دەستەو تاقمە" شۆڕشگێڕ"انە كە بە گوریس زەوی‌یەكانیان دابەش دەكردو جووتیارانیان لە دژی خاوەن مڵكەكان هـان دەدا تاقـە فیشەكێكیان لە دژی ئاغا مەنگوڕەكان نەتەقانـدو تـەنیا چـریكەكانی مـانۆڕێكی كـورتی یـەك سەعاتیان لە مەهابادەوە تا نیزیكەی بنكەی مەنگوڕەكان لە دوڵـی ئافـان دا ئـەوانیش نەكەوتنـە شەڕەوەو بەرەودوا گەڕانەوە.

هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان

لە هەموو وڵاتانی دنیا باوە كە كاتێك وڵات بە سەربەخۆیی دەگا، یـان شۆڕشـێكی تێـدا بـەرپا دەكرێ، مەجلیسێك بە ناوی مەجلیسی دامەزرێنان (مجلس مؤسسان) بۆ پەسەند كردنـی قـانوونی بنەڕەتی (قانونی اساسی) هەڵدەبژێردرێ. بەڵام كۆماری ئیسلامی كە هیچ شـتێكی وەك وڵاتـانی دیكە نەدەچوو، دەبوو لەمەش دا جیاوازیی هـەبێ. بۆیـە ڕاگەیەنـدرا كـە لـە جیـاتی مەجلیسـی دامەزرێنەران مەجلیسی خوبرەگان هەڵدەبژێرێ. " ڕەزا بە قەزای خودا" هەموو لا قبووڵیان كـرد، بەو بۆچوونە كە ئەوەی گرنگە نێوەڕۆكی مەسـەلەیەو ناوەكـە گیروگرفتێـك دروسـت ناكـا. كەچـی

---

[1] ـ بەیاننامەی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ١٣٥٨/٤/٥، هەر ئەو سەرچاوەیە.

تەرکیبی مەجلیسی خوبرەگان دەری خست کە مەسەلەکە ئەوەندەش ساکار نیەو لە راستیدا ئەو مەجلیسە لە باری نێوەرۆکیشەوە شتێکی تازەیە. چونکە پتر وەك تەکیەو خانەقا دەهاتە بەرچاو تا مەجلیسی قانوون دانان.

بە هەرحاڵ نوێنەرانی مەجلیسی خوبرەگان بە پێی ئوستان دابەش کرابوون. بۆ ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا ـ کە مەهاباد ناوەندی بزووتنەوەی کوردی ئێرانیش لەودا هەڵکەوتوە ـ سێ نوێنەر دیاری کرابوون. ئەگەر بە بەد گومانی دانەنرێ رەنگە ئەوەش هەر بۆ ئەوە بوو بێ کە شەخسییەتی سەربەخۆ نەدرێ بە شوێنێکی وەك مەهابادو " مەترسی"ی چوونی کوردێك لەو ناوچەیەرا بۆ مەجلیس لە کۆماری ئیسلامی دوور بخرێتەوە. هەر چۆنێك بێ لە لایەن کوردەکانەوە ئەم سێ کەسە بۆ ئەندامەتیی مەجلیسی خوبرەگان کاندیدا کران: دوکتور قاسملوو، کاك غنی بلووریان لە حیزبی دێموکراتو ملارحیم عّباسی سەربەخۆ.

رۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ هەڵبژاردنی ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان لە سەرانسەری وڵات دا بەرێوە چوو. خوا هەڵناگرێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پێش رۆژی هەڵبژاردنیشو لە کاتی هەڵبژاردنیش دا چی لە دەستیان هات بۆ پێشگیری لە هەڵبژاردنی کاندیدا کوردەکانو بە تایبەتی دوکتور قاسملوو درێغییان نەکرد. بەو حاڵەش ئاکامی هەڵبژاردن نیشانیدا کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بە ١١٣٧٧٣ دەنگ بە ئەندامانی ئەو مەجلیسە هەڵ بژێراوە. سەرنج راکێش ئەوە بوو کە لە زۆر حەوزەی هەڵبژاردنی نێو شاری ورمێ کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئازەربایجانین دوکتور قاسملوو لە پێشەوەی کاندیداکانی دیکە بوو. لەو حاڵەدا دەبوو کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە چوونی کەسێکی وەك قاسملوو بۆ مەجلیس رێگای دیکە بدۆزێتەوە. چونکە ئەو مەجلیسە مەجلیسی نوێنەرانی فکری رێژیمی دەسەلاتدار بوو، لە کاتێك دا قاسملوو نوێنەری هەڵبژێراوی خەڵكو پارێزەری قازانجەکانی ئەوان بوو.

لێرەدا بووکە ئاژاوەگێری لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەست پێکراو لە هەموو ناوچەکانی ئێرانەوە هێندی عوونسری چاو و گوێ بەستراو و دەمارگرژ بە قورمیش کراوی بەرەوەو کوردستان وەرێ خران، بۆ ئەوەی "کوفر"! لە کوردستان ریشەکێش بکرێ. پێش کرانەوەی مەجلیس بە چەند رۆژێك شەڕێکی کۆنەپەرەستانە لە شاری پاوە بە سەر خەڵك دا سەپا، کە بوو بە سەرەتایەك بۆ

هێرشێکی سەرانسەری بۆ هەموو کوردستان. لەگەڵ ئەوەی نیازی کاربەدەستانی رێژیم بۆ هەموو کەسو رەنگە پێش هەمووان بۆ دوکتور قاسملوو روون بوو، دوکتور قاسملوو سوور بوو لەسەر ئەوەی بچێتە تاران بۆ بەشداری لە مەجلیس دا. چونکە خەڵك متمانەیان پێ کردوەو ناکرێ پشت لەو متمانەیە بکا، بەڵام کۆمیتەی ناوەندی ئەو نەزەرەی رەت کردەوەو نەیهێشت دوکتور بچێتە مەجلیس. چونکە ئاشکرابوو ئەو رێژیمە یەکێ وەك دوکتور قاسملوو تەحەمووڵ ناکاو ئەگەریش نەی کوژێ لە جیاتی مەجلیس دەی نێرێتە بەندیخانە.

سەرەنجام مەجلیسی خوبرەگان لە رۆژی "مێژوویی" ٢٨ی گەلاوێژی ساڵرۆژی کودیتا "پیرۆز"ەکەی شاو زاهیدی دا کرایەوەو هەر لەو رۆژە "پیرۆز"ەش دا فتوای جهاد دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی‌یەوە دەرچوو. ماوەیەك دوای کرانەوەی مەجلیسی خوبرەگان کاتێك ئەندامانی مەجلیس چوونە لای خومەینی، ناوبراو پەردەی لەسەر نیازخەراپی کۆماری ئیسلامی هەڵدایەوەو بە هێنانەگۆری باسی کوردستانو دوکتور قاسملوو گوتی: "ایکاش ێمده بود، من خیال داشتم اگر بیاد همینجا نگرش دارم" ( بریا هاتبا، ئەمن نیازم هەبوو ئەگەر بێ هەر لێرەدا رایگرم). لێرەدا بۆ هەمووان دەرکەوت کە کاربەدەستانی رێژیمو لە سەرووی هەمووانەوە خومەینی چەندە لەگەڵ خەڵکی کوردستان نیازپاکن، چەندە رێز بۆ قانوون دادەنێنو چوونی دوکتور قاسملوو بۆ مەجلیس چ مەترسی‌یەکی گەورەی لەسەر گیانی ناوبراو بە دواوە بوو.

## شەڕی ٣ مانگە

بە دەرچوونی فتوا بەدناوەکەی خومەینی بۆ هیچ کەس گومان لەوەدا نەما کە رێژیمی ئیسلامی بڕیاری داوە داخی دڵی خۆی بە گەلی کورد برێژێ. پاش سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات دا کۆمەڵانی خەڵكو رۆڵەکانی گەلانی زۆرلێکراو ویستو داخوازەکانی خۆیانیان لەگەڵ حکوومەتی تازە هێنایە گۆڕێ، کە هەمووی ئەو داخوازانە بە سەرکوتو ئاگرو ئاسن وەڵام درانەوەو لە گەرووی خنکێندران. لەو نێوەدا هەر کوردستان بوو کە قورسو قایم لە مەیدان دا راوەستابوو و لەسەر داوای مافو ئازادی‌یەکانی سوور بوو. بەو پێیە کوردستان کۆسپی سەر رێگای سەقامگیربوونی دیکتاتۆریەتی مەزهەبی بوو و دەبوو لەسەر رێ لابچێ! لە هەموو لاوە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کراو لە زۆر شوێن دەسکەوتەکانی خەڵك پەلامار دران.

دیاره مەهاباد کە بە شێوەی سوننەتی  ناوەندی بزووتنەوەی کوردی ئێران بوو و لەم قۆناخەش دا ببووە ناوەندی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە راستیدا ستادی بەڕێوەبەریی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، زیاتر لە هەموو ناوچەکان چقڵی چاوی کۆنە پەرەستی بوو. بۆیە وێڕای هەڵگیرسانی شەڕ لە شیمالو جنووب کۆنەپەرستی لە دوو جبهەوە هێزی بۆ پەلاماردانی مەهاباد کۆکردەوەو  لە دوو میحورەوە هاتە پێش. بۆ حیزبی دێموکرات روون بوو ئەگەر لە نێو شاری مەهاباد دا بەربەرەکانیی چەکدارانە بکرێ، بیانوویەکی دڵخواز دەکەوێتە دەستی رێژیمی ئیسلامی بۆ ئەوەی ئەو شارە لەگەڵ خاك تەخت بکا. بۆیە هێشتا هێزە پەلاماردەرەکان لە هەردوو میحوەری ورمێو میاندواوەوە دەیان کیلۆمیتریان مابوو بگەنە مەهاباد کە حیزب لە ئاگاداریيەك دا داوای لە خەڵکی مەهاباد کرد شارەکەیان بەجێ نەهێڵنو بەڵێنی پێدان کە لە نێو شاردا شەڕ ناکا.

لەو هەلومەرجەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٤ ساڵ خەباتی سەختو دژوار بۆ یەکەم جار جەژنی دامەزراندنی خۆی بە ئاشکرا لە کۆبوونەویەکی دەیان هەزار کەسیدا لە شاری مەهابادو راست لە پەنای پادگانی مەهاباد دا کە تا چەند مانگ لەوەو پێش  بنکەی سەرکوتی خەڵکی کوردستان بوو بەرپا کرد. ئەو جەژنە ئەوەندە بەشکۆ بوو کە بەڕاستی فرمێسکی خۆشیو شادمانیی لە چاوی زۆربەی بەشدارانیدا قەتیس کردبوو. حیزب هەر لەو موناسەبەتەدا جارێکی دیکە پێی لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەك و هەوڵی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە لایەکی دیکەوە داگرت. بەڵام هەر لەو کاتەدا رایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەڵامی داخوازکانی خەڵکی کوردستان نەداتەوەو کوردستانی خۆڕاگر پەلامار بدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانی کۆمەڵانی گەلی کورد ئامادەیە چەکدارانە لە مانو مافو ئازادیيەکانی خەڵکی کوردستان دیفاع بکا.

لەبەر ئەوەی هێرش بۆ سەر مەهاباد مسۆگەر بوو، هەردوای ٢٥ی گەلاوێژ بەرەبەرە بنکەکانی حیزب لە شار وەدەرکەوتنو زەمینە بۆ چۆڵ کردنی یەکجاری شار لە هێزی پێشمەرگە خۆش کرا. هەر بۆیە رۆژی ١٢ی خەرمانانی ١٣٥٨ کاتێك هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هاتنە مەهاباد لە راستیدا لەگەڵ بەربەرەکانيیەك بەرەوڕوو نەبوونو بە ئاسانی ئەو شارەیان گرتەوە. دیارە بەشی

زۆری خەڵکی مەهاباد بە پێی متمانەیەك کە حیزبی دێموکراتیان هەبوو لە ماڵی خۆیان مانەوە بەو حاڵەش بەشێك لە خەڵکی شار لە ترسی تەشقەڵی هێزە پەلاماردەرەکان شاریان بەجێ هێشت کە بە خۆشی‌یەوە زۆربەیان بە زوویی گەڕانەوە سەر جێگاو ڕێگای خۆیان.

نیگەرانی حیزبی دێموکرات لە قەلاچۆی خەڵکی مەهاباد بە بیانووی ئەوە کە پێشمەرگە لە نێو شاردا شەڕی" پاسدارانی ئیسلامی" کردوە، بە خۆڕایی نەبوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سیاسەتی لە نێوبردنی خەڵکی کوردستانی گرتبووە پێش‌و لەو جێگایانە کە زەبرێکی لە لایەن پێشمەرگەوە لێ‌دەدرا تۆڵەی لە خەڵکی بێدفاع دەکردەوە.

" جینایەتی ڕۆژی۱۱ی خەرمانان ساڵی ۱۳۵۸ لە گوندی قاڕنێ، نموونەیەکی هەرە بەرچاوی بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانی‌یە سەبارەت بە خەڵکی کوردستان بوو. چەند ڕۆژ پێشتر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێوان ئاوایی‌یەکانی "قاڕنێ"و "دووئاو"و لە شوێنێك بە ناوی "جەواڵەرەشە" دەستێکی باشیان لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وەشاندبوو. بەم بەهانەیە، گوندی قاڕنێ کە لە چەند کیلۆمیتریی شاری نەغەدەو لە سەر ڕێگای پیرانشار– نەغەدە هەڵکەوتووە، لە هەموو لایەك ڕا گەمارۆ درا.

بە ڕواڵەت "لەشکریانی ئیسلام" بە نیازی دیتنەوەی پێشمەرگە ڕوویان لەو ناوە کردبوو. خەڵکی بێ‌دیفاعی ئاوایی لە نێو ئاوایی و لە مووچەو مەزرادا خەریکی ئیش و کاری ڕۆژانەیان بوون و لە بەر ئەوە کە پێشمەرگەیەك لەو دەوروبەرە نەبوو بە دیتنی ئەفرادی ڕێژیم نیگەرانی‌یەکی ئەوتۆیان لە دڵ دا پێك نەهات. بەڵام کاتێك لە پڕ لە هەموو تەپۆڵکەو بەرزایی‌یەکانی دەوروبەری دێ را کەوتنە بەر بارانی گوللە بە جیددی دڵەخورپەیان تێ‌کەوت و بە پەلە بەرەو ئاوایی و نێو ماڵ و خێزانیان رایان کردەوە. هێندەی پێ‌نەچوو چەند تانك و ژمارەیەك ماشێن لە ئاوایی نزیك بوونەوە و ژـ۳ بە دەست و قەمەهەڵگر لێیان دابەزین و بەنێو کوچەو کۆڵانەکانی دێ وەربوون. پاسدارو کۆمیتەچی‌یەکان قین و نەفرەتیان لێ‌دەباری و لە ڕەنگ و ڕوو و ڕەفتاریان را دیار بوو تینووی خوێنن. مەلا محمود مامۆستای ئاوایی زۆر زوو لە مەبەستیان گەیشت. قورئانەکەی سەر تاخچەی هێنا خوارو بۆ لایان وەڕێ کەوت. قورئان لەو حاڵەدا تەنیا دڵگەرمیی مامۆستاو خەڵکی ئاوایی بوو. بەڵام ڕێزگرتن لە قۆرئان و وەڵامی سڵاوی مەلا

ڕێژنەیەك گوللە لە سینگی مەلا بوو. ئیدی خەڵکی بێدیفاعی ئاوایی حیسابی تەواویان هاتە دەست. بەڵام مەخابن کە ڕێگای دەرباز بوون و خۆحەشاردان نەبوو. جینایەتکاران پۆل پۆل بە ماڵان وەردەبوون، دارودیواریان دەدایە بەر دەستڕێژی گوللە و هەرکەسیان دەدیت لە لاو و پیر،بە زەبری قۆنداغی تفەنگ لە ماڵیان دەهێنا دەرو، لە بەر دەرگای ماڵ، لەنێو کووچەو لە پێش دەرگای مزگەوت، لە خوێنی خۆیان دا شەلاڵیان دەکردن. دوای چەند سەعات کوشتار بەرەبەرە حەزیای دڵی خوێن خۆرەوەیان بۆ ماوەیەکی کاتی دامرکا. تەرمی ٦٨ کەس لە نێو ماڵ و کووچەو کۆڵانەکانی دێدا وەسەر خوێن کەوتبوو. دوای ئەو مەئموورییەتە "شەرعی"یە، سەربازانی ئسلام بۆ دەسخۆشانە وەرگرتن بەرەو بارەگای فەرمانڕەواکانیان گەڕانەوەو "قارنێ"یان لە نێو ماتەم و خوێن دا هێشتەوە. بەم کارەساتە دڵتەزێنە، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، بە تەواوی لە نێوەرۆکی ڕێژیمی ئاخۆندی و لەشکریانی بەناو پارێزەری ئیسلام گەیشتن".[1]

کۆنەپەرەستی، مەهابادی بە ئاسانی بۆ گیرا، بەڵام ئەو شارە پاروویەك نەبوو بە ئاسانی لە گەرووی دژیگەلییەکان بچێتەخوار. ئێوارەی ١٢ی خەرمانان بەرپرسێکی حیزبی لە کۆبوونەوەیەکی چەند هەزار کەسیدا لە شاری سەردەشت کە بەشێك لە ئاوارەکانی مهابادیشی تێدا بەشدار بوون گوتی بە پێچەوانەی بۆچوونی کاربەدەستانی ڕێژیم گیرانەوەی مەهاباد کۆتایی کار نیە، بەڵکوو سەرەتای خەباتێکی قارەمانانەی درێژخایەن بە دژی زەوتکەرانی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە. دوای ئەوەش بە چەندرۆژێك کۆمیتەی ناوەندی لە بەیاننامەیەك دا رای گەیاند کە حێزبی دێموکراتی کوردستان خەباتێکی درێژخایەن بە شێوەی شەڕی پارتیزانی دەست پێدەکا.

نابێ بشاردرێتەوە کە هێزی پێشمەرگە ـ کە جارێ ئەزموونێکی ئەوتۆی لە خەباتی چەکدارانەدا نەبووـ بە گیرانەوەی مەهاباد بۆماوەیەکی زۆر کورت تووشی جۆرێك بێسەرەوبەرەیی هات. هەر بۆیەش تەنیا دو سێ ڕۆژ دوای گیرانەوەی مەهاباد هێزێکی ڕێژیم بە ئاسانی توانی لە ڕێگای بانەوە بگاتە سەردەشت و ئەو شارەش بگرێتەوە. ئەو دوو سەرکەوتنە

---

١ـ رۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ١٤١، خەرمانانی ١٣٦٧، سێپتامبری ١٩٩٨، لاپەڕە ٥.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان تا رادەیەکی زۆر لەخۆبایی کرد. بۆیــە هــەر بــەدوای گیرانــەوەی سەردەشت دا لە دوو لاوە پەلاماری رێگای پیرانشارـ سەردەشتیان دا.هێزێکی پۆشتەو پــەرداخی رێژیم کە رۆژی ۲۱ خەرمانان لە سەردەشتەوە بەرەو پیرانشار وەرێ کەوت و رەنگە بەنیاز بــووبێ بە ئاسانی لە نیوەی رێگادا لەگەڵ ئەو هێزە کە لە لای پیرانشارەوە دەهات یــەك بگرێتــەوە، لــە نێوان گوندەکانی واوان و گــرژاڵ دا کەوتــە کــەمینی ژمارەیــەکی کــەم لــە قارەمانــانی حیزبــی دێموکرات. ئەو هێزە کە بە هەموو چەکێکی مۆدێرن تەیار بوو و بــە هێلی‌کــۆپتریش پشــتیوانی لێ‌دەکرا لەگەڵ شکانێك بەرەورووبوو کە دوور نیە ئێستاش لە بیر ئەفرادی بەشدار لەو هێرشەدا نەچووبێتەوە. ئەوان نیزیك بە هەشتا کەسیان لێ‌کوژرا، تانکیان لێ‌شکاو بە برینــدارێکی زۆرەوە گەڕانەوە بۆ پادگانی سەردەشت و بەو شکستە تێ‌گەیشتن کە بە قەولی هەژاری شاعیر:

"کوردەواری لە دەمی بێگانە          شیرە تریاك نیە، وەك سندانە"

بەداخەوە لەو شەڕەدا کادرێکی زۆر بــەوەجی حیــزب بــە نــاوی عوسمــان یەزدانپــەناه ناســراو بە"جەلال میراوەیی" بە بێ چەك و بە ناشارەزایی کەوتە کەمین و بە دیل گیرا. هێزی پەلاماردەر کەوا بە سەرشۆڕی گەڕابۆوە سەردەشت هەر بە گەیشتنەوەی بۆ پادگان بێ موحاکەمەو لێپرســین ئــەو رۆڵــە فیــداکارەی کــوردی گوللــەباران کــرد. یــادی بــەخێرو رووحــی شــاد. لــەو شــەڕەدا پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو.

هێشتا هێزەکانی رێژیم لــە نێــو شــاری مــەهاباد جێگایــان خــۆش نــەکردبوو کــە یەکــەمین بزووتنەوەی ناڕەزایی خەڵکی قارەمانی شار بە رووی بەکرێگیراوان دا تەقیەوە.خەڵکی مهاباد لە خۆپیشــاندانێکی بــەرین دا وەفــاداریی خۆیــان بــە حیزبــی دێمــوکرات و بزووتنــەوەی میللیــ دێموکراتیکی گەلەکــەیان دەربــڕی و دڵگرانیــی خۆیــان لــە گەڕانــەوەی هێــزی ســەرکوتکەر بــۆ شارەکەیان بە کاربەدەستان نیشان دا. ئەو دوو حەرەکەتە ـ یەك لــە شــاخ و یــەك لــە شارــ لــە ماوەیەکی یەکجار کورت دا لە هەموو کوردستان دا دەنگیان دایەوەو گوڕو تین و وزەو ئیمانێکی تازەیان بە بەر تێکۆشەرانی رێگای رزگاری‌دا کرد.

ئەو شەڕە کە کۆنەپەرەستی بۆ وێرانکردنی‌کوردستان و بە چۆك داهێنــانی خەڵکەکــەی هــەڵی گیرساندبوو، بە کردەوە بوو بە ئاگرێك کــە بــەربووە تــەخت و بــەختی دەمڕاســتەکانی کۆمــاری

ئیسـلامی. شـارو گونـدو چـیاو پێدەشـت و چـۆڵ و ئـاوەدانی وەك یـەك لـە بـن پێـی هێـزە پەلامارده‌رەکان دا کەوتنە لەرزین و لە هەموو شارەکان و لە تەواوی ڕێگاوبانـەکان دا ڕۆڵـەکانی کورد حەماسەیان خوڵقانـدو ئازایـەتی‌یان نوانـد. ئەگـەر بمانـەوێ داسـتانی ئـەو قارەمانەتی‌یـە بگێڕینەوە بە ڕاستی دەبێ ئەنجومەنێکی بۆ پێك بێ کە سەدان و هەزاران لاپەڕە کتێبی لە سـەر بنووسن. زۆری پێ نەچوو کە شاری بۆکـان بـە دەسـتی ڕۆڵـەکانی گـەل ئـازاد کـراو لـە هێـزی پەلامارده‌ر پاك کرایەوە. بەڵام مەهاباد چی؟ ئەو شارە یەکپارچە بوو بە حەماسەو قارەمانـەتی‌و نەبەزی‌و فیداکاری. هەموو کۆڵانێك سەنگەرو هەموو ماڵێك بنکەی حەسانەوەی پێشـمەرگەبوو. هەر بۆیەش زۆری پێ نەچوو کە شەقامەکانی شار بوونە گۆڕستانی پەلامارده‌ران و زبڵدانی تانـك و زرێپۆش و ماشێنە سووتاوەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران.

لە ئاکامی ئەو قارەمانەتی‌یەی خەڵکی شارو هاوکاریی نێوان پێشـمەرگەو خـەڵك دا زۆر زوو شاری مەهاباد جارێکی دیکە کەوتەوە دەستی پێشمەرگەو بنکەکانی حیزبی دێموکرات لـە نێـو شـاردا دەسـتیان کـردەوە بـە کاروتێکۆشـانی خۆیـان. ئەرتەشـی کۆمـاری ئیسـلامی ئەوەنـدە بێ‌دەسەڵات ببوو کە ناچاربوو لە پادگانەوە بە هێلی‌کۆپتێر بنکەو پایـەگاکانی دەوروبـەری شـار تەداروك بکا. لە یەك قسـەدا ویسـتی خـەڵك بەسـەر تـۆپ و تانـك وهێـزی چـەکداری ڕێـژیمی کۆنەپەرستان دا سەرکەوتبوو.

## گرتنی سەفارەتخانەی ئەمریکا

لێرەدا لەسەر ئیزنی خوێنەرە بەڕێزەکان کـەمێك لـە باسـەکە دوور دەکەومـەوەو پـەرانتێزێك دەکەمەوە. "ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ کۆمەڵێك کە ناوی "خوێندکارانی موسوڵمانی پەیڕەوی خەتی ئیمام"یان لەسەر خۆیان دانابوو، پەلاماریان بردە سەر سـەفارەتی ئـەمریکا لـە تاران و هەموو کارمەندانی ئەو سـەفارەتەیان بـە بارمتـە گـرت. ئەگەرچـی دەوڵـەتی کۆمـاری ئیسلامی بە رواڵەت ئەو کردەوەیەی بە کاری تاقمێك خوێندکار لـە قەڵـەم دەداو دەیەویسـت وا بنوێنێ کە گۆیا ئاگای لێ نیە، بەڵام تەبلیغاتێکی یەکجار پان وبەرینی لەسەر وەرێ خست و ئەم شاکارەی بە نیشانەیەکی دژی ئیمپریالیست بوون و پێشکەوتوو بوونی رێژیم دانا.

هێندێ حیزب و ڕێکخراوی پەسن بێژی ڕێژیمیش ئەوەندەی دیکە ئەو هەنگاوەی "دژی ئیمپریالیستی"یەیان گەورە کردەوەو تەنانەت ڕێکخراوی وا هەبوو کە ئەندام و لایەنگریشی گۆیا لە نێو "خوێندکارانی موسوڵمانی پەیرەوی خەتی ئیمام"دا هەبوون و بە ئاشکراش شانازیی پێوە دەکرد. هەرچەند ئەو ڕێکخراوە بۆ خۆی مارکسیست بوو، بەڵام لە خەبات دژی ئیمپریالیزم دا موسوڵمان و مارکسیست دەیان توانی لەیەك سەنگەردا بن و ئیشکالی نەبوو!!

سەیرتر ئەوەبوو تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش یان بە ئاشکرا چەپڵەیان بۆ ئەو کارە قانوون شکێنانەیە لێدا، یان لە باشترین حاڵەت دا بێدەنگی یان لەبەرامبەری دا گرتە پێش. لەو نێوەدا تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوێست و بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو. حیزب لە بەیاننامەیەك دا کە بەداخەوە، ئەویش وەك زۆر شتی دیکە لەبەر دەست دا نیە، رایگەیاند کە لەگەڵ ئەوەی حێزبی دێموکرات لە کۆنەوە تا ئێستا خەباتی دژی ئیمپریالیستیی بەرێوە بردوە، ئەو هەنگاوەی ڕێژیمی ئیسلامی بە شتێکی پێچەوانەی ڕێوشوێن و قانوونە نێونەتەوەیی‌یەکان دەزانێ و مەحکوومی دەکا. حیزبی ئێمە ئەو کارەی بە هەوڵ و تەقەلایەك بۆ لارێ کردنی بیرورای خەڵکی ئێران لە مەسەلە بنەڕتی‌یەکان دەزانی و بە هیچ جۆر فریوی ئەو فەزایەی نەخوارد کە پروپاگەندەچی‌یەکانی ڕێژیم پێکیان هێنابوو. هەر ئەوددەمیش ئێمە پێمان وابوو ئەم کردەوەیە زەبرێکی گەورە لە ئیعتیباری ئێران دەداو لەسەر خەڵکی ئێران زۆر بە گران دەوەستێ.

وەك لە بیرمانە هەرچەند هەوڵ و تەقەلای دەوڵەتی کارتێر بۆ نەجات دانی بارمتە ئەمریکایی‌یەکان لەگەڵ شکستێکی ئابڕووبەرانە بەرەوڕوو بوو، بەڵام سەرەنجام کۆماری ئیسلامی پاش ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگرتنی بارمتەکان لە موعامەلەیەکی ریسواو بێئاکام لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆناڵد ڕێگان دا ئەوانی ئازاد کردو ئەوەی بۆ ئێرانی کۆماری ئیسلامی مایەوە بەدناوی و تەریك مانەوە لەکۆمەڵگای جیهانی‌دا بوو. هەر لەو کاتەدا دووکەڵی ئاگرەکە چووە چاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیشەوەو ئەم کارەو سیاسەتە نەزانانەو چەوتەکانی ڕێژیم ئەوانی لەگەڵ زۆر گیروگرفتی ئابووری و سیاسی بەرەوڕوو کرد. ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان، یان وەك مەسەلی کوردی دەڵێ "بێینەوە سەر خەتێ".

لـە جەنگـەی ئـەو سـەرکەوتنە مەزنانـەدا کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دێمـوکرات ڕۆژی ١٣٥٨/٧/٢٠ نامەیەکی سەرئاوەڵای بۆ گەلانی ئێران و حیـزب و ڕێکخـراوە نیشـتمانی و پێشکەوتووەکان و شەخسییەتە نیشتمانی و مەزهەبیەکان بڵاوکردەوە کـە دەنگدانەوەیـەکی بـەر بڵاوی هەبوو. لەو نامەیەدا نوسیبووی:

"ئێمە ئەم نامەیە لە هەلومەرجێکدا دەنووسین کـە لـە ڕاسـتیدا جگـە لـە هێنـدێ شـاری کوردستان... سەرانسەری کوردستان کەوتۆتە بەر دەستی پێشمەرگە کوردەکان...

حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لـەم قۆناخـە ناسـکەی شۆرشـی ئێرانـدا لابردنـی هـەموو گیروگرفتەکان و چارەسەری هەموو مەسـەلەکان، بەتایبـەتی مەسـەلەی کوردسـتان لـە ڕێگـای وتووویژی ئاشتیخوازانەوە لە جاران بە پێویست تر دەزانێ و دووپـات دەکاتـەوە کەئەمـە تـەنیا ڕێگایە...

ئەم نامەیە لە بێدەسەلاتی‌یەوە نەنووسراوە، وەزعی نیزامی و سیاسی کوردسـتان بـۆ حیزبـی ئێمە لە هەموو وەختێك لە بارترەو پشتیوانی خەڵکی کوردستان لـە حیزبەکـەمان هـەرگیز بـەو ڕادەیە نەبووە. بەو حاڵەش ئێمە پێمان وایە لە شەڕی براکوژیدا سەرکەوتوو و تێشـکاوێك نیـە. ڕاوەستانی ئەم شەڕە بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێرانەو بۆ پاراستنی دەسـکەوتەکانی شۆڕشـیش پێویستە".

لەو نامەیەدا چوار شەرت بۆ تەقە ڕاگرتن دانرابوون کە بریتی بوون لەمانە:

"١ـ ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان لە کوردستان و سەرانسـەری ئێرانـدا دابـین بکـرێن و حیزبـی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ بکاتەوە.

٢ـ پاسدارە لاوەیی‌یەکان کە مایەی دووبەرەکی و ئاڵۆزین لە هەموو شـوێنەکانی کوردسـتان بانگ بکرێنەوە.

٣ـ ڕێگای ئەرتەش نەدرێ دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەربداو تەنیا خـەریکی ئـەرکی خۆی بێ کە دیفاع لە سنوورەکان و تەواوەتیی خاکی ئێرانە.

٤ـ زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ئازاد بکرێنو ئیعدامی خەباتگێران ڕابوەستێ".

سیاسەتی ئاشتیخوازانەو هەڵوێستی روونی حیزبەکەمان بێ وەڵام نەمایەوەو سەرەنجام لە ٢٦ی خەزڵوەری ١٣٥٨دا ئایەتوڵڵا خومەینی کە سێ مانگ پێشتر فتوای جیهادی لە دژی گەلی کورد دابوو، لە راستیدا دانی بە شکستی خۆیدا ناو پەیامێکی بۆ "برایانی کورد" بڵاو کردەوە. لەو پەیامەدا خومەینی داوای لەهەموان کردبوو کە لوولەی چەکەکانیان بکەنە دوژمنی هاوبەش و بەڵێنیشی دابوو کە گیروگرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان خەڵکی کوردستان چارەسەر بکرێن و هەروا بەڵێنی دابوو کە دەستوور بە هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت بدا لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان وتوویژی زیاترو جیددیتر بکا. شایانی باسە پێش دەرچوونی پەیامەکە هەیئەتێك بە بەشداری ئاغای داریوش فروهرو ئاغای هاشم صبّاغیان و مهندس عزتالله سحابی بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد پێك هاتبوو کە یەك دوو جاریش هاتبوونە کوردستان و لەگەڵ هێندێ نوێنەری کورد لە حیزبی دێموکرات و کەسانی دیکە دانیشتبوون.

پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی رێگای چارەسەری سیاسیی مەسەلەی کوردی نیشان نەدابوو، هیچ، لەجێدا باسی مافەسیاسییەکانی گەلی کوردیشی نەکردبوو. بەڵام حیزبی دێموکرات کە هەر لە سەرەتاوە لایەنگری چارەسەی ئاشتیخوازانەی مەسەلەکە بوو و رایگەیاندبوو کە:"مەسەلەی کورد رێگا چارەی نیزامیی نیە" وەڵامی ئەو پەیامەی بە زمانێکی زۆر دۆستانە دایەوە. بەم جۆرە پاش سێ مانگ شەڕ بە دەرچوونی پەیامی خومەینی دانشتنێکی سەرەتایی لەگەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت تەقە لە سەرانسەری کوردستان دا راگیراو هەر بۆیەش شەری هاوینی سالی ١٣٥٨بەناوی شەڕی سێ مانگە لە مێژوودا تۆمار کرا.

بە دوای دەرچوونی پەیامی خومەینیدا لە سەر داوای دەفتەری سیاسی سیمینارێکی بەرین لە کادرەکانی حیزب وبەرپرسانی کۆمیتەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لە ئاوایی دۆڵەتۆوی مامەشان لەنیزیك سنووری عێراق پێك هات. لەو سیمینارەدا بە درێژی لە بارەی ئەو پەیامەدا قسە کراو نوختە بەهێزو لاوازەکانی هەڵسەنگێندران. لە سەر یەك بەشدارانی سیمینار لەو باوەرەدا بوون کە پێویستە پێشوازی لەو پەیامە بکرێ و هەوڵ بدرێ شەڕو کوشتاری زیاتر تووشی خەڵکی کوردستان نەکرێ. پاش تەواوبوونی سیمینار دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەشێك لە

ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کادرەکانی بنکەی دەفتەر بەرەو مەهاباد وەرێ کەوتن و پاش دوو ڕۆژ گەیشتنەوە مەهاباد. لە مەهاباد لە میتینگێك دا کە ڕۆژی ٢٩یان ٣٠خەزەڵوەر ڕێك خرا دوکتور قاسملوو بە ڕەسمی پێشوازی لە پەیامی خومەینی کردو ئامادەیی حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی بۆ وتوویژ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد نیشان دا. تەنانەت لە قسەکانی خۆیدا وشەی"لبّیك"ی بە کار هێنا کە نیشانەی ئەوپەری نیازپاکی بوو. بەڵام بزانین وتوویژ تا چ رادەیەك نیازپاکیی کاربەدەستانی لێ دەرکەوت؟

## دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردو وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت

لە دوای بڵاو بوونەوی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی زۆر لە بنکەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان گەڕانەوە شارەکان و بنکەی ڕێبەرایەتیی زۆربەشیان لە شاری مەهاباد جێگیر بوو. پێش گەڕانەوە بۆ شارەکان و دوای باس و موناقەشەیەکی زۆر لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی کورددا دەستەیەکی نوێنەرایەتی بە ناوی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد پێك هاتبوو کە ئەندامەکانی ئەمانە بوون:مامۆستا شێخ عزالدّین حسینی سەرۆك، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەمڕاست (سخنگو)و کۆمەڵەو چریکە فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران، لقی کوردستان ئەندام. دیارە وەك لە پێشەوە باسمان کرد لە لایەن دەوڵەتیشەوە دەستەیەکی سێ کەسی بە ڕواڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد دامەزرابوو.

دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد پاش گەڕانەوە بۆ مەهاباد بە هاوکاریی هێندێك پسپۆڕو شارەزاو بە تایبەتی قانوون زانی گەورەی کورد جەنابی صارمالدین صادق وزیری گەڵاڵەیەکی بۆ خودموختاری پەسند کرد بۆ ئەوەی ببێتە بناخەی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی. ئەم گەڵاڵەیە کە لە ٢٦مادّەو ٩ ڕوونکردنەوە پێك هاتبوو، لە جێدا بە فارسی نووسرابوو کە ئێمە لێرەدا وەری دەگێڕینە سەر زمانی کوردی:

گەڵاڵەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەربارەی خودموختاریی کوردستانی ئێران

ماددەی ١ـ کوردستانی ئێران سەرزەوینێکە لە چوار چێوەی جوغرافیایی ئێران دا کە لەباری مێژوویی‌یەوە شوێنی دانیشتنی هۆزەکانی کورد بووەو ئێستاش زۆربەی دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد پێك هاتوون. ئەم سەرزەوینە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئوستانەکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ئازربایجانی رۆژئاوا دەگرێتەوە.

ماددەی ٢ـ کوردستانی ئێران بەشێك لە ولاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە پێوەندیی قوولی مێژوویی، ئابووری، سیاسیو فەرهەنگی هاوپێوەندیی نەتەوەی کوردی دانیشتووی وێی لەگەڵ نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران دا پتەوکردوە.

ماددەی ٣ـ دەسەلاتی نەتەوەی کورد بەسەر سەرزەوینی کوردستانی ئێران دا بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی یەکیەتیی سیاسی، ئابووریو تەواوەتیی خاکی ولاتی ئێران دا بە کار دەبرێ.

ماددەی ٤ـ دەوڵەتی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دابین کردنی یەکیەتیی سیاسی و تەواوەتیی خاکی ولات دەسەلاتی پێوەندیدار بەم مەسەلانەی خوارەوە لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا بەڕێوە دەبا:

الف ـ کاروباری پێوەندیدار بە دیفاع لە سنوورەکان، سەربەخۆییو تەواوەتیی خاکی ئێران لە بەرامبەر دەستدرێژی بێگانەکان دا کە بە هۆی هەرسێك هێزی زەوینیو هەواییو دەریایی سوپاوە بەڕێوە دەچێو بە هۆی ئۆرگانەکانی حکوومەتی ناوەندی‌یەوە سەرپەرستی دەکرێ.

ب ـ کاروباری پێوەندیدار بە سیاسەت و پێوەندی‌یەکانی دەرەوەو هەروەها پێوەندی لەگەڵ کونسولگەرییەکانی دەولەتانی دەرەوە کە لە سەرزەوینی کوردستانی ئێران جێگیرن، لە سەلاحییەتی دەوڵەتی ناوەندی دایە.

ج ـ بازرگانیی دەرەوەو گومرکەکان و ئەو سیاسەتە گشتی‌یانەکە پێوەندی‌یان بەم مەسەلانەوە هەیە، بەهۆی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی ناوەندی‌یەوە بەڕێوە دەبرێن و سەرپەرەستی دەکرێن.

د ـ بەرنامەدانانی درێژخایەنی ئابووری، کە پێویستی بە دەسمایەی زۆروزەوەند هەیە، و رێکخستن و بەڕێوەبردنی سیستمی دراوی و ئەرزیی ولات لە سەلاحییەتی ئۆرگانەکانی دەوڵەتی مەرکەزی دا دەبێ.

ڕوونکردنەوەی١: لە بارەی کاروباری دیفاعی‌یەوە، دەبێ هەمیشە ئەم ئەسڵە لە بەر چاو بگیرێ کە پادگانەکان و دام و دەزگا نیزامی‌یەکان دەبێ هەمیشە لە سنوورەکان و دوور لە شارەکان بن، بە جۆرێك کە بە بیانووی پێداویستی‌یە نیزامی‌یەکان و شتی لەو بابەتە هیچ کارێك نەکرێ کە بکێشێتە دەست تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا.

ڕوونکردنەوەی٢: سەرباز وەزیفەکانی دانیشتووی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دەبێ لە پێگە نیزامی‌یەکان و سەربازخانەکانی کوردستان دا خزمەتیان پێ بکرێ.

ڕوونکردنەوەی٣: لەو ئیدارە ناوچەیی‌یانەدا کە پێوەندی‌یان بە بازرگانیی دەرەوەو گومرکەکان و بەرنامەدانانی درێژخایەنی ئابووری و بەڕێوەبردنی سیستمی دراوی لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستان دا هەیە، دەبێ لە کارمەندانی خۆولاتی کەڵك وەرگیرێ.

مادّەی٥: جگە لەو شتانەی لە مادّی ٤دا باس کراون, بەکار بردنی دەسەلات لە هەموو کاروبارێکی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دا بێ هیچ هەڵاواردنێك لە سەلاحییەتی ئۆرگانەکانی خودموختاری‌دا دەبێ.

مادّەی٦: ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی دەسەلاتداریی نەتەوەی کورد لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران دایە. ئەم ئەنجومەنە هەر دوو ساڵ جارێك لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد، ڕاستەوخۆ، نێهێنی و گشتیی هەموو دانیشتووانی کوردستانی ئێرانەوە هەڵدەبژێرێ و پێك دێ.

ڕوونکردنەوە: هەر پەنجاهەزار کەس لە دانیشتووانی سەرزەوینی کوردستانی ئێران نوێنەرێك بۆ ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان هەڵدەبژێرن.

مادّەی ٧ـ ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان هەموو ڕێوشوێنێکی پێوەندی‌دار بە پێڕەوی نێوخۆی‌خۆی‌و هەروەها بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی شارودێ‌وە دادەنێ‌و پەسند دەکا.

مادّەی ٨ـ ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی قانوونە گشتی‌یەکانی وڵات هەموو قانوون و ڕێوشوێنێکی بەکاربراو لەدەزگاکانی خودموختاری‌دا و هەروەها بودجەی تایبەتی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان پەسند دەکا.

مادّەی ٩ـ ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان، حکومەتی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگیو ئینتیزامی سەرزەوینی خودموختاری کوردستان هەڵدەبژێرێ.

مادّەی١٠ـ حکومەتی خودموختاری کوردستان لە بەرامبەر ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان دا بەرپرسایەتی هاوبەشی دەبێ و هەرکام لە ئەندامانی حکومەتی خودموختاریش بە تەنیا بەرامبەر بە ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان بەرپرس دەبن.

مادّەی ١١ـ ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان ماف و ئەرکی سەرشانیەتی کە هەلومەرجی تێکوشانی ئازاد و دێموکراتیی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بوارەکانی ئازادیی حیزبەکان و کۆبوونەوەکان و چاپەمەنی و بیروڕا دەربڕین و قەڵەم و بیروباوەڕو مەزهەب و ئەنجومەنە دێموکراتییەکان و هەقی مانگرتن لە هەموو سەرزەوینی کوردستان دا پێك بێنێ و بە وردی چاوەدێریی بەڕێوەچوونی ڕێوشوێنەکانی لەلایەن هێزی ئیجراییەوە بکا.

مادّەی ١٢ـ بودجەی کوردستانی خودموختار بە هۆی حکوومەتی خودموختاری کوردستانەوە ڕێك دەخرێ و بە ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستان پێشنیار دەکرێو پاش پەسندکران بەڕێوە دەبرێ.

مادّەی ١٣ـ سەرچاوەکانی دابین کردنی بودجەی کوردستانی خودموختار بریتین لە:

الف ـ ماڵیات و باج و داهاتە ناوچەییەکانی دیکە.

ب ـ بەشێك لە بودجەی گشتیی وڵات کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دەدرێ بە حکوومەتی خودموختاری کوردستان.

مادەی ١٤ ـ بەرنامەدانان بۆ هەڵدانو پێگەیشتنی ئابووری لە سەرزەوینی کوردستان دا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو دواکەوتوویییە کە بەهۆی زۆرداریی نەتەوایەتییەوە دروست بووە، واتە پێکهێنانی پێشەسازیی نەتەوایەتیی، پەرەپێدانیکشتوکاڵ و ئاژەڵداری، پێشخستنی کاروباری ئاوەدانکردنەوەو خوشگوزەرانیو خزمەتە گشتییەکان بە جۆرێك کە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی گەلی کورد گۆڕانی بەسەردا بێ، جگە لەو شتانە کە لە بەندی (د)ی مادەی (٤)دا باس کراون، بەشێك لە ئەرکەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستانە.

روون كردنەوەی مادەی١٤: پاش دەركردنی بودجەی كاروباری دەوڵەتی ناوەندی لە داهاتە گشتی‌یەكان بودجەی پەرەپێدانی ئابووریو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بە پێ رادەی حەشیمەت لە نێو ناوچە جۆراوجۆرەكانی وڵاتدا دابەش دەكرێ. پێوانەی دابەشكردنی ئەم بوودجەیە جۆرێك دەبێ كە بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو پاشكەوتوویی‌یە ئابووری‌یە كە بە هۆی زۆرداریی نەتەوایەتی‌یەوە دروست بووە، بەشی دانیشتووانی ئەم ناوچانەو یەك لەوان كوردستانی خودموختار بە پێی پلەی پاشكەوتوویی‌یەكەیان زیاتر لە داهاتی نێونجیی سەرانسەری وڵات دەبێ.

مادەی١٥ـ زمانی كوردی لە هەموو ئیدارەكانی سەرزەوینی خودموختاری كوردستاندا چ ئیدارەكانی ئۆرگانە خودموختارەكانو چ ئیدارەكانی دیكە زمانێكی رەسمی‌یە، لەگەڵ دووپات كردنەوەی ئەو خاڵە كە زمانی فارسی هەر وەك جاران زمانی رەسمیی سەرانسەری ئێران بە كوردستانیشەوەیە.

مادەی ١٦ـ لە سەرزەوینی خودموختاری كوردستانی ئێراندا فێركردن لە هەموو پلەكاندا بە سەرەتاییو نێوێنجیو بەرزەوە بە زمانی كوردی دەبێ، بەڵام خوێندنی زمانی فارسییش پاش تەواو بوونی ساڵی چوارەمی سەرەتایی لە هەموو قوتابخانەكانی سەرزەوینی كوردستانی ئێراندا بە زۆری (اجباری) دەبێ.

روونكردنەوە: كەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەكان لە سەرزەوینی خودموختاری كوردستانی ئێراندا هەقیان هەیە فەرهەنگو دابو نەریتی خۆیان بپارێزنو برەو پێ بدەنو لە قوتابخانەكاندا بە زمانی زگماكی دەرس بخوێنن.

مادەی ١٧ـ پێكهێنانی دامو دەزگاو ناوەندەكانی فێركردن و فەرهەنگ و بەرنامەدانان بۆ تێكۆشانی ئەو دامودەزگاو ناوەندانە لە سەرزەوینی خودموختاری كوردستانی ئێراندا لە هەموو پلەكانی سەرەتاییو نێونجیو بەرزدا بەشێك لە دەسەڵاتەكانی حكوومەتی خودموختاری كوردستانی ئێرانە.

روونكردنەوە: ناوەندی رادیۆ تەلەویزیۆنی سەرزەوینی خودموختاری كوردستان لەژێر چاوەدێری حكوومەتی خودموختاری كوردستانی ئێراندا بەڕێوە دەبرێ.

مادەی ١٨ـ پاراستنی ئەمنییەتی نێوخۆو کاروباری نەزم راگرتن لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا لە شارو دێ بە هۆی هێزەکانی پێشمەرگەوە کە بە رەسمی لەلای حکوومەتی خودموختاری کوردستان دادەمەزرێن، دابین دەکرێ.

مادەی ١٩ـ بەرپرسانی نەزمو پاراستنی شارو دێ لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا راستەوخۆ لەلایەن حکوومەتی خودموختاری کوردستانەوە دیاری دەکرێنو بەرامبەر بەو بەرپرس دەبن.

مادەی٢٠ـ هەموو ساڵێ ژمارەیەك خوێندکار لەلایەن حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێرانەوە بۆ دابینکردنی پێداویستیی هێزە دیفاعی‌یەکانی سەرزەوینی خودموختار بۆ خوێندن دەنێردرێنە قوتابخانە نیزامی‌یەکان. رێکخراوە پێوەندیدارەکانی حکومەتی ناوەندی لەسەریانە هەموو پێداویستیەکانی فێرکردنو پەروەردەی ئەو خوێندکارانە پێك بێننو پێداویستیەکانی چەکدارکردنی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی نێوخۆی کوردستان بە شێوەیەکی ماقووڵو گونجاو دابین بکەن.

مادەی٢١ ـ دەسەڵاتی قەزایی لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا بە جیا لە هێزەکانی دیکە بە هۆی دادگای سەربەخۆوە بەکار دەبرێ.

مادەی ٢٢ـ دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەمەسەلە عورفی‌یەکاندا بە پێی قانوونە عورفی‌یەکانی سەرانسەری وڵاتو ئەو قانوونانە کە لە لایەن ئەنجوومەنی نەتەوایەتیی کوردستانی خودموختارەوە پەسند کراونو لەچوارچێوەی سەلاحییەتەکانی ئەو ئەنجوومەنەدا دانراونو لەگەڵ ئەسڵە پەیرەویکراوە حقوقی‌یەکانو بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی جیهانیی حقوقی مەدەنی رێك دەکەون، حوکم دەدەنو لەو مەسەلانەش دا کە پێوەندی‌یان بە"احوال شخصیه"وە هەیە بە پێی قانوونە مەزهەبی‌یەکانی هەردوو لای کێشەکە دەجووڵێنەوە.

مادەی ٢٣ـ لقێکی دیوانی بەرزی وڵات لە سەرزەوینی خودمورختاری کوردستانی ئێراندا جێگیر دەبێو داوای پێراگەیشتنەوە لە حوکمی دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەم لقەدا لێی دەکۆڵرێتەوە.

روونکردنەوە: دادپرسین لە دادگاکانی سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێراندا بە هەردوو زمانی کوردیو فارسی جێبەجێ دەکرێ.

مادەی ٢٤ـ بۆ بەهێز کردنی یەکیەتیی گەلانی ئێران جگە لەوە کە دانیشتووانی سەرزەوینی کوردستان وەك بەشەکانی دیکەی ئێران نوێنەرانی خۆیان دەنێرنە ئەنجوومەنی نیشتمانی، ژمارەیەکی دیاریکراو کە لەگەڵ حەشیمەتی کوردستان رێك بکەوێ لە ئۆرگانەکانی حکوومەتی ناوەندیدا (کۆڕی وەزیرانو وەزارەتخانەکان) بەشدار دەبن.

مادەی ٢٥ـ بۆ دەستەبەر کردنی بنەڕەتەکانی خودموختاریو پاراستنی مافەکانی هەموو گەلانی ئێران"شورای بەرزی گەلانی ئێران" لە ناوەندی وڵات پێك دێ و هەرکام لەگەڵنی ئێران سێنوێنەر دەنێرنە"شورای بەرزی گەلانی ئێران".

روونکردنەوە: سێ کەس نوێنەری سەرزەوینی خودموختاری کوردستانی ئێران لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کوردستانەوە دەستنیشان دەکرێن.

مادەی ٢٦ـ هەموو قانوونەکانی پەسندکراو لە ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراندا ئەگەر پێوەندییان بە پێوەندیو مافەکانی گەلانی ئێرانەوە هەبێ، دەبێ لە"شورای بەرزی گەلانی ئێران"دا بێنە گۆڕێو پەسند بکرێن.

دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد

١٣٥٨/١٠/٤

سەرنج راکێشە کە بگوترێ دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی پێك هاتبوو، هیچ وەخت لەگەڵ هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت کە ئەویش هەر بە رواڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد سەبارەت بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد دروست ببوو، پێکەوە دانەنیشتن کە بە شێوەیەکی جیددی نوختە نەزەرەکانی خۆیان بێننە گۆڕێو قسەیان لەسەر بکەن. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەگەر لە پێشەوە هەر بە گومان وا دیار بوو دەوڵەت زیاتر لەوە بە دوای چارەسەری مەسەلەی کورد دا بگەڕێ، لە دوای وەدەست هێنانی وەخت بۆ خۆ ئامادە کردن عەودالە، دواتر بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیو لە سەروی هەموویانەوە خومەینی چ نیازێکی دوژمنانەیان دەرهەقی

خەڵكی‌كوردستان هەیە. خومەینی لە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی خـۆی‌دا "بـەدخوازانی" لە نێوان ناخۆشی نێوان گەلی كوردو دەوڵەتی مەركەزی‌دا بە تاوانبـار زانیبـوو بـەڵام دوایـە بـۆ هەموو خاوەن نەزەرێك دەركەوت كە بۆ خۆی سەردەستەی هەموو بەدخوازەكانی گەلی كوردە.

پیاو هەق بڵێ لە لایەكی دیكەشەوە كەم‌و زۆر خەتا هەبوو، هێندێك لە ئەنـدامانی دەسـتەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد، نەك هەر بە قسە، بەڵكوو بە نووسراوەی رەسمییش دەیاننووسـی ئێمـە بۆ ئیفشاگەری موزاكەرە دەكەین. بەڕاستییش هەر وایان دەكرد. چونكە راست لەو وەختانەدا كە نوێنەرانی دەوڵەت دەهاتنە كوردستان بۆ ئەوەی گۆیا لەگەڵ نوێنەرانی گەلی كورد وتووێژ بكەن، ئەو دۆستانە بەیاننامەی توندوتیژیان دەردەكردو چی جنێوو قسەی نـاخۆش بـوو بـە دەوڵـەتیان دەگوت. ئەوانیش كە هەروەك گوتمان لە بنەڕەتەوە نیازیـان پـاك نـەبوو، دەرچـوونی ئـەو جـۆرە بڵاوكراوانەیان دەكردە بیانوو بۆ ئـەوەی بـەڕەسمی دانەنیشـن‌و زیـاتر وەخـت بـۆ خۆسـازدانەوەی كۆماری ئیسلامی وەدەست بێنن.

سەرەنجام دەوڵەت‌و ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت رایان گەیاند كە حـازر نـین لەگـەڵ نوێنەرانی حیزب‌و رێكخراوە سیاسی‌یەكان بۆ باسی مەسەلەی كـورد دابنیشـن‌و وتووێـژ بكـەن. حیزبی دێموكراتی كوردستان لەگەڵ ئەوەی باوەڕی وابـوو ئەمـە بیانوویەكـە بـۆ خۆدزینـەوە لـە وتووێژێكی جیددی، داوای لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كـورد كـرد كـە ئـەو بیانوویـەش لـە نوێنەرانی دەوڵەت ببڕێ. هەر بۆیە بڕیار درا كە ئەگەرچی ئەندامانی دەسـتەی نوێنەرایـەتی لـە نوێنەرانی حیزب‌و رێكخراوەكان پێك هاتبوون، لە كۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی تایبـەتی دەوڵەتـدا ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد تەنیا بەناوی خۆیان بناسرێن‌و باس لەوە نەكرێ كـە سەر بە چ حیزب‌و رێكخراوێكن. بە رواڵەت نوێنەرانی دەوڵەتیش ئەمەیان قبووڵ بوو. هەر چەند لە راستی‌دا زۆربەی ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی كورد بـۆ ئـەوان ناسـرابوون‌و دەیـان زانی هەركامیان سەر بە چ حیزب یان رێكخراوێكە.

لە دوارۆژەكانی حەزەڵوەری ١٣٥٨ەوە تا ئاخری مانگی بەهاری ١٣٥٩زۆر جار نوێنـەرانێك بە مەسئوولییەتی جۆراوجۆرەوە هاتنە كوردستان بەتایبەتی مەهابادو لەگەڵ بەرپرسانی كوردیش چاوپێكەوتنیان هەبوو.بەڵام تەنیا یەكجار لە دوارۆژەكانی سەرماوەزی ٥٨دا هەیئەتی تایبـەتیی

دەوڵەت بە هەر سێ ئەندامیەوە بە رواڵەت بۆ وتووێژی جیددی لـە سـەر داخوازەکـانی خـەڵکی کوردستان هاتە مەهابادو بڕیار درا لەگـەڵ دەسـتەی نوێنەرایـەتیی گـەلی کـورد وتوویـژ بکـا. بەڕاستی ئەوجارەش لە لایەن نوێنەرانی دەوڵەتەوە نیازپاکیی تەواو بۆ چارەسەری گیروگرفتـەکان لە ئارادا نەبوو. قەرار بوو دانیشتنەکە لە فەرمانداریی مەهاباد بێ. ڕۆژی پێش ئـەو دانیشـتنە حیزب پیاوماقوولانی شاری بانگهێشتن کردبوو کە ڕۆژی ۲۹ی سەرماوەز لە سالۆنی فەرمانداریی مەهاباد کۆ ببنەوە. یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت ئەو هەلەی قۆزتـەوەو بـێ ئاگاداریی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد چوو قسەی بۆ کردن و خوا هـەڵناگرێ بەشـی زۆری قسەکانیشی هێرش بۆ حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستان بوو. بۆیە یەکێك لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردیش ناچار بوو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا جوابی بداتەوە کە ئەمـە بـوو بـە هۆی جۆرێك دڵ ئێشانو گلەیی کردنی ئەو دۆستەمان.

بەهەر حاڵ یەکەمینو دوامین کۆبوونەوەی ڕەسمیی دەستەی نوێنەرایەتیی گـەلی کـورد لەگـەڵ هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت لە یەکێك لە ژوورەکـانی فەرمانـداری مـەهاباد پێـك هـات. پـاش بەخێراتن هەروەك بۆتە باو هەر دوولا دەبوو ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی خۆیـان بناسـێنن. ئەگەر باشم لە بیر بێ ئاغای سەباغییان ئەندامانی هەیئەتی دەوڵـەتی ناسـاندو نـۆرە گەیشـتە مامۆستا شێخ عزەالدین سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتیی گـەلی کـورد. زۆر بـە سەرسـوڕمانەوە دیتمان مامۆستا یەك بە یەك نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی لە دەستەی نوێنەرایەتیی گـەلی کورددا بە ناوی ڕێکخراوەکانیانەوە بە نوێنەرانی دەوڵەت ناساند.لە کاتێکدا پێشتر لەسـەر ئـەوە ڕێك کەوتبووین کە ناوی حیزبەکان نەبرێو بیانوو نەدرێتە دەستی نوێنەرانی دەوڵەت. هەیئـەتی تایبەتیی دەوڵەت کە هەروەك گوتمان لـە جـێدا بۆیـە نـەهاتبوون وتوویـژێکی جیـددی بکـەنو هیچیان بۆ گەلی کورد پێنەبوو، ئەمەیان قۆزتەوەو گوتیان ئێمە ناتوانین لەگەڵ کۆمەڵەو چریکی فیدایی وتوویژ بکەینو تەنانەت حازر نین لەگەڵیشیان دابنیشین. بەم جۆرە ئەو تەنیا کۆبوونـەوە ڕەسمی‌یە بێ‌ئەوەی بچێتە نێو باسی مەسەلەکانەوە کۆتایی هـاتو قـەتیش جـارێکی دیکـە دوو هەیئەت بەو جۆرە پێکەوە کۆ نەبوونەوەو یەکتریان نەدی.

ئێستا کە باسی وتووێژو دەستەی نوێنەرایەتیو گەلاڵەی خودموختاریمان کردوە، بەجێیە باسێکیش لە خودگەردانی بکەین. چونکە لەو رۆژانەدا مەسەلەی خودگەردانیو گەلاڵەی خودگەردانییش زۆر جار قسەی لێدەکراو لەسەر زارو زمانان بوو. لەوەش گەڕێین کە هێندێك خەڵك خودگەردانیيان کردبوو بە هاومانای سەرگەردانی.

ئەوەندەی لە بیرم مابێ خودگەردانی دووجار ناوی هاتە گۆڕێو دوو گەلاڵەشی بۆ ئامادە کران. جاری یەکەم پێش دەرچوونی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ئایەتوڵڵا خومەینی بوو. هەیئەتێکی دەوڵەت هاتە مەهابادو لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دانیشت. ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەت هەر ئەو سێ کەسە بوون کە پێشتر باسیان کرا (صبّاغیانو فروهرو سحابی)، هەیئەتی حیزبی دێموکراتیش غنی بلوریان، کریم حسامی، عزیز ماملێو نووسەری ئەم یادداشتانە بوون. لەو دانیشتنەدا باسێك لە خودموختاریو مەسەلەی کورد نەهاتە گۆڕێو وتووێژەکان تەنیا لە دەورووبەری شەڕ راگرتندا دەسووڕان. پاش ئەو دانیشتنە ئەمن گەڕامەوە بنکەی دەفتەری سیاسیو برادەرەکانی دیکە لە مەهاباد مانەوە. تۆمەز دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی تووده پێکهاتوو لە ئاغایان عموئیو شلتوکی ئەو کاتە لە مەهاباد بوون. دوای گەڕانەوەی من ئەو دۆستانە چاویان بە کاك غنی کەوتبووو گەلاڵەیەکیان بە ناوی گەلاڵەی خودگەردانی دابوویە بۆ ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی گەلاڵەی خۆی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد پێشکەش بە هەیئەتی دەوڵەتی بکا.

کاك غنی چەند رۆژ دواتر گەڕایەوە دەفتەری سیاسیو راپۆرتی سەفەری خۆی دا بە دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت کە یەکێك لە ئەندامەکانی، نووسەری ئەم دێڕانە بوو. شابەیتی راپۆرتی کاك غنی گەلاڵەی خودگەردانی بوو. بە داخەوە ئەو گەلاڵەیە لە دەست دا نیە کە لێرەدا بیخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان. ناشمانەوێ رەخنەیەك لە سەر نێوەرۆکی گەلاڵەکە باس بکرێ، چونکە ئەوەی راست بێ شتێکی زۆرم لە بیر نەماوە. بەلام لە بارێکی دیکەوە حەز دەکەم داستانی ئەو گەلاڵەیە بگێڕمەوە: گەلاڵەی خودگەردانی بە بەخێرهێنانی هەیئەتی دەوڵەت بۆ کوردستان دەستی پێ دەکردو بە سوپاسی دووبارە لە هەیئەتی دەوڵەت و

هیواداری دەربڕین بۆ سەرکەوتنی وتووێژەکان کۆتایی دەهات. بە ڕاستی زۆر بە زەحمەت تا تەواو بوونی کاك غنی لە خوێندنەوەی گەلاڵەکە خۆم پێ ڕاگیرا. بەزەییم بە گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا هات. کاتێك کاك غنی لێ بۆوە، بە دڵگەرمی‌یەوە بە rووی‌دا تەقیمەوە.

گوتم هیچ عەیبت نەکرد گەلی کوردو حیزبی دێموکراتت ئەوەندە هێنایە خوار کە حیزبی توودە نەك هەر گەلاڵەی داخوازەکانی بۆ ئامادە بکا، بەڵکوو بەخێرهێنانی مێوانانیشی بۆ بنووسێ! یانی حیزبی دێموکرات کەسێکی نیە بە فارسی بڵێ بەخێربێن! ڕاستی‌یەکەی ئەو گەلاڵەیە هەر بەوەندە زیندە بەچاڵ کراو جارێکی دیکە نەهاتەوە گۆڕێ.

جاری دووهەم ناوی خودگەردانی لە زمانی ئەندامانی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەتو ڕاست لە زمانی ئاغای داریوش فرووهەر بیسترا. ئەو زۆر جار ئەو ناوەی بە دەم دا دەهات. قسەی خۆمان بێ هیچ وەختیش بە نووسراو شتێکی بە ناوی گەلاڵەی خودگەردانی تەسلیمی نوێنەرانی حیزبی ئێمە، یان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد نەکرد. بەڵام ڕۆژی ۵۸/۹/۲۹(۱۹۷۹/۱۲/۲۰) شتێك بە ناوی "مافو ئەرکەکانی ناوچە خودگەردانەکان"لە ڕۆژنامەی"اگلاعات"دا بڵاو کرایەوە. وەرگێڕاوی کوردیی ئەم گەلاڵەیە لە لاپەڕەکانی ۲۹۲تا ۲۹٤ی بەرگی حەوتەمی بیرەوەریی‌یەکانیی کاك کریم حسامی‌دا چاپ کراوە کە لێرەدا دەقی ئەو وەرگێڕاوە بڵاو دەکەینەوە:

"الف ـ حقوق:

١ـ مەرزبانی، سیاسەتی دەرەوە، بازرگانی‌و گومرك، بەرنامەڕێژیی ئابووریی سەرانسەری، تەنزیمی‌بوودجەو ماڵیات، پۆستو تیلگراف، ڕێگای ئاسنو هەوایی‌و دەریایی، سەنعەتی قورسو نەوتو گاز، لە دەسەڵاتی دەوڵەتی‌ناوەندی‌دا دەبن.

تەواوی کاروباری مەحەللی، بەرنامەی ئاوەدانیی ناوچە، پەرەپێدانی ئابووری‌و کشتو کاڵ، پەروەردەو فێرکردن، دەرمانو لەشساغی، ڕێگاوبانو خانووبەرەو ئاوەدانی، چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوە لە دەسەڵاتی ناوچەی خودگەرداندا دەبن.

٢ـ کاربەدەستی ئیدارەکانی ناوچەی خودگەردان بە پێشنیاری شوورای ناوچەو پەسند کردنی وزارەتخانەکان لە خەڵکی ناوچە دەبن. بەڵام ئەو کاربەدەستانەی کە ئەرکی کاروباری ناوەندی‌یان

له ئەستۆیە، بە پێشنیاری وەزارەتو پەسندکردنی شورای ناوچە دیاری دەکرێن. ئوستاندارو فەرماندار بە پێشنیاری وەزارەتی نێوخوو پەسند کردنی شوورای ناوچە دیاری دەکرێن.

٣ـ کارمەندی دادگاکان لە لایەن شوورای ناوچەوە پێشنیار دەکرێنو پاش پەسند کردنی دەوڵەت دەست بە کار دەکەن. بەڵام حوکمی دادگاکان لە دیوانی بەرزی کیشوەردا دەسکاری دەکرێنەوە.

هێزی ئینتیزامیی پۆلیسی شارو گوند لە خەڵکی ناوچە پێك دێت. سەرۆکی ژاندارمەریو شارەوانی بە پێشنیاری وەزارەتی نێوخۆو پەسندی شوورای ناوچە دیاری دەکرێن. کاروباری تری ناوچە وەك مارەو تەڵاقو شەرعو دابو رەسمی ئایینی کە لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی دەرنەچن، لە دەسەڵاتی شوورای ناوچەی خودگەرداندا دەبن.

ناوچەی خودگەردان هەقی هەیە جگە لەو بەشەی کە لە بودجەی گشتی وەری دەگرێ، لە ناوچەشدا ماڵیاتی پێویست وەرگرێ. لە دابەشکردنی بودجەی دەوڵەتیدا، بەشی زیاتر بدرێ بە ناوچە دواکوتووەکان بۆ ئاوەدان کردنەوەیان.

لە ناوچەی خودگەرداندا خوێندنی زمانی قەومی وەك کوردی، ئازەریو بەلووچی لە کلاسی یەك هەوراز لەگەڵ زمانی فارسی دەبێ. نامە نووسین بە هەرتك زمانی ناوچەییو فارسی رەسمی دەبێ. بەڵام نامەی نێوان ئیدارەکانی دەوڵەتی بە فارسی دەبن.

لەهەر ناوچەیەك دا زانکۆیەکی زانستو فەننی دادەنرێ کە دەرسەکان بە زمانی فارسی دەبن. لقێکی کولتوورو ئەدەبیات بە زمانی قەومەکانی ئێرانی دادەنرێ. لە زانستگای تارانیش کورسیەکی زمانی قەومەکانی ئێران دادەنرێ.

رادیو تەلەویزیۆن لە هەموو ناوچەکان سەر بە مەرکەز دەبن. بەڵام سەعاتی زیادییش بۆ بەرنامەی ناوچەکان دادەنرێ. چاپەمەنیو رۆژنامە بە زمانی مەحەللی ئازادو لە دەسەڵاتی ناوچەی خودگەرداندا دەبن.

ب ـ ئەرکەکان:

١ـ هەموو ناوچەکانی خودگەردان بۆ پاراستنی سەربەخۆییو تەواویەتی خاکی ئێرانو یەکێتیی میللیی ئێرانییەکان تێدەکۆشن.

٢ـ ناوچەی خودگەردان بۆ یەکێتیی میللیی گشت قەومەکانی ئێرانــی لــە هــەموو هۆکارێـك وەك حیزبو ڕێکخراوو ئەنجومەن کەڵك وەردەگرێ. قانوونی ئەساسیی دەوڵەت چاوەدێری دەکـا، کاربەدەستانی ناوچەی خودگەردان لە بەرامبــەر قانوونـدا بــەرپرس دەناســێ. لــە بــارەی نــەزمو فەرهەنگو بارودۆخی ئـابووری، دەوڵـەتی ناوەنـدی ئاگـادار دەکـا. سـەرباز دەدا بــۆ خزمــەتی لەشکری، بەڵام لە ناوچەی خودگەردان خزمەتی سەربازی دەکەن. ئەوپەڕی دەرەتـانو کارسـانایی بۆ هاتوچۆی ئەرتەشو پێداویستییەکانی پێك دێنێ".

وەك دەبینین گەڵاڵەی خودگەردانی لە ڕاستیدا لانی کەمی مافـە نەتەوایەتییـەکانی گـەلانی ئێرانیشی تێدا نەگونجاوە. ئەگەرچی ئەو گەڵاڵەیە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی کوردستانو مەسەلەی کورددا هاتۆتە گۆڕێو نووسراوە. بەڵام بە هیچ جۆر باسـێکی لــە کوردسـتانو مەسـەلەی کـورد نەکردوە. دەبێ بگوترێ ئەگەر گەڵاڵەی خودگەردانی مافو ئازادییەکانی گـەلانی ئێرانــی تێـدا جێ کرابانەوە، حیزب ئەم لایەنەی نەك هەر بە خراپ نەدەزانی، بگرە زۆر زیاتریش پێشوازیی لێ دەکرد. "کەمو کوڕیی بنەڕەتیی ئەم گەڵاڵەیە دان پێدانەنانی بوونی گـەلانی زۆرلێکـراوی ئێـرانو گوێ نەدان بە ستەمی نەتەوایەتیو لایەنە جۆراوجۆرەکانیەتی.

ئەم گەڵاڵەیە بۆ لابردنــی سـتەمی نەتەوایـەتی لـەباری سیاسـیو ئـابووریو فەرهەنگییـەوە پێشنیار نەکراوە، بەڵکوو ئامانجی، دانی هێندێك دەسەڵاتی ئیدارەی نێوخۆیی بـە ئۆسـتانەکانە. عەیبی دیکەی ئەو گەڵاڵەیە ئەوەیە کە زاراوەی داتراشراوو نـاڕوونی خودگـەردانیی لـە جێگـای مەفهوومی ڕوونو زانستیی خودموختاری داناوە. دیارە هێندێ خاڵی موسـبەت هــەر چـەند زۆر کەمیش لەو گەڵاڵەیەدا بەرچاو دەکەون: بۆ وێنە دەتوانین بەڕەسمیناسینی زمانی کوردیو ئەسڵی سپاردنی ئیتیزاماتی نێوخۆ بە شووراکان ناو بەرین". [1]

## هێندێ هەوڵو تەقەلای دیکە

---

[1] ١ـ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەم، بە زمانی فارسی، لاپەڕە ٦٤

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هــەوڵی ئــەوەبوو ئەگــەر بگونجــێ لــە ڕێگــای وتووێــژی ئاشتیخوازانەوە هــەر نــەبێ مافــە بنەرەتیــەکانی خــەڵکی کوردســتان بــە دەوڵەتــی مەرکــەزی بسەلمێنێ‌و ئەگەر لەو بارەیشەوە سەرنەکەوت لانی کەم بە خەڵکی کوردستانی نیشــان دابــێ کــە ئەوەی لە دەستی هاتوە بۆ گەیشتن بە ئاشتی‌و تەبایی کردوویــەتی. کاتێــك وتووێــژی هەیئــەتی تایبەتیی دەوڵەت‌و دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بــەو بیــانووە پڕوپووچــەی دەوڵــەت‌و بــەو بێ‌تاکتیکی‌یەی مامۆستا گەیشتە بن بەست، حیزبی دێموکرات کەوتە هەوڵ‌و تەقەلای ئەوە کــە ڕێگایەکی دیکە بۆ وتووێژو دیالۆگ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت بدۆزێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە حیزب داوای کرد هەیئەتێك بنێرێتە قــوم‌و چــاوی بــە ئایــەتوڵڵا خومــەینی بکەوێ‌و نوختە نەزەرەکانی خۆی لەگەڵ باس بکا، بەو هیوایە ئەگەر قبووڵی کردن دەســتوور بــە کاربەدەستانی دەوڵەت بدا لەو بارەیەوە وتووێژی زیاتر لەگەڵ نوێنەرانی کورد بکەن. لەگــەڵ ئــەو داخوازە رووی خۆش پێشان دراو بەداخــەوە لــە بــیرم نیــە لــە چ وەختێــك دا بــوو، دەســتەیەکی نوێنەرایەتیی بە ئەندامەتیی نووسەری ئەم دێڕانەو موهەندیس ئاریایی‌و کاك احمد قاچی چــوونە قوم. لە بیرمە لە تارانەوە یەکێك لە باوەڕپێکراوەکانی ئاغای خومەینی بە ناوی دوکتــور صــدر، کە دیارە رووحانی بووو پیاوێکی زۆریش زیرەك‌و بە رواڵەت نیازپاك بــوو لەگــەڵمان هــات‌و لــە قومیش لە دەفتەری کاری ئاغای ناصر مکارم شیرازی کە ئاخوندێکی شارەزاو نیزیکی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو و کاتی خۆشی لە زەمانی شادا دوور خرابۆوە بۆ مــەهاباد پێشــوازیی لێ کــردین. ناوبراو لە راستی دا وەك نوێنەری ئیمام قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد.

لە یەکەم دیداردا ئاغای شیرازی پێی گوتین کە بە داخەوە ئیمام نەخۆشەو زەحمەتە بتوانێ بتان بینێ. بەڵام ئەمن قسەکانی ئێوەی عەرز دەکەم داخــوا چ دەفــەرموێ. رۆژێــك دواتــر ئاگــاداری کردین کە ئیمام ناتوانێ بتان بینێ، بەڵام ئەحمەد ئاغای کوڕی کردۆتــە وەکیــل قســەتان لەگــەڵ بکا. دیداری ئەحمەد ئاغا لەماڵی ئاغای مکارم شیرازی رێك خــرا، ئێمــە داخوازەکــانی گــەلی کوردمان بۆ باس کردو ئاغای شیرازیش یادداشتی دەکردن. پاش تەواو بــوونی قســەکانی ئێمــە،

ئاغای شیرازی رووی کرده احمدئاغاو گوتی نەزەرت چیە؟ جوابی دایەوە: ئەگەر ئەمانە داخوازی خەڵکی کوردستان بن، پێم وایە ئیمام قبوولیان دەکا.[1]

رۆژێکی دیکەش ماینەوە جواب نەبوو ناچار گەڕاینەوە مەهابادو بڕیار درا دوایە بە تەلەفۆن یەکتر ئاگادار بکەینەوە. هەیئەت گەڕایەوە مەهابادو راپۆرتی کاری خۆی دایەوە بە دوکتور قاسملوو کە دیارە ئەویش لەگەڵ دەفتەری سیاسی باسی کردبوو. دوو سێ رۆژ دواتر ئاغای مکارم شیرازی تەلەفۆنی کرد، گوتی ئیمام لە ئوسوولدا داواکانی ئێوەی بە لاوە پەسند بووە.بۆیە داوا دەکەین بیان کەنە گەلاڵەو بۆمان بنێرن تا پتر لێیان ورد بینەوە.

دوکتور قاسملوو داوای لە من کرد ئێستا کەوایە بۆ خۆت شتێك ئامادە بکەو هەر بۆ خۆشت بیبەوە بۆ قوم. بە هەر حاڵ داخوازەکانم هێنایە سەر کاغەزو پاش پێوەندی‌یەکی دیکەی تەلەفۆنی لەگەڵ ئاغای شیرازی بۆ جاری سێهەم [2] زیارەتی قومم بە نسیب بوو بۆ ئەوەی گەلاڵەکە تەسلیمی ئاغای شیرازی بکەم.بەڵام ئەم جارەیان بە تاقی تەنیا بووم.

ماوەیەك دوای گەڕانەوەی دووبار بۆ مەهاباد ئاغای شیرازی بە تەلەفۆن پێی راگەیاندینەوە کە داخوازەکان بەمەنتیقی دانراونو لە سەریەك هومێدی قەبووڵکرانیان زۆرە. دیارە ئەمە مزگێنی‌یەکی خۆش بۆ. بەڵام نە ئەوان داوایان کردبوو دووبارە بچینەوەو نە ئێمەش دەرەتانی سەفەرمان هەبوو. چونکە لە تەداروکی کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بووین.

بۆ ئەوەی لایەنی ئینسافمان بەر نەدابێ، پێم خۆشە ئەو راستی‌یە بڵێم کە جاری پێشێ وەختێك پێیان گوتین ئاغا نەخۆشە باوەڕمان نەکرد. کەچی ئێمە هەر لە تاران بووین کە هێنایانە وێ بۆ عیلاجو پێم وایە دواسەفەریشی بوو. ئیدی نەگەڕایەوە قومو تا ساڵی ١٣٦٨ کە کۆچی دوایی کرد هەر لەوێ مایەوە.

## ـ فەسڵی چوارەم:

---

١ـ داخوازەکان پوختەیەك لە گەلاڵەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بوون.

2ـ جاری یەکەم لە هاوینی ٥٨دا لەگەڵ هەیئەتێکی ٨کەسی چووبوومە قوم کە ئەو جارەیان چاومان بە ئاغای خومەینیو ئاغای شەریعەتمەداریش کەوت.

راوەستانی شەڕی کوردستان بە دوای دەرچوونی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینی دا ئەگەر بۆ رێژیمی ئیسلامی ئەو دەرفەتەی پێك هێنا پشوو تازە بکاتەوەو خۆی بۆ شەڕێکی بەربلاوتر ئامادە بکا، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە هێندێ بارەوە قازانجی هەبوو. بە ڕاستی ئەوەی بوو بە هۆی تێشکانی پەلاماری کۆنەپەرستیو سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە، زیاتر ئیمان بە ڕەوایی داخوازەکانی گەلی کورد بوو. ئەگینا وەختێك شەڕی سێ مانگە بەسەر گەلەکەمان دا سەپا، حیزبی دێموکرات نە خاوەنی هێزێکی رێكوپێکی پێشمەرگە بوو، نە پێشمەرگەی دەورە دیتووی بە ئەزمونی زۆر بوون، نە بەرنامەیەکی بۆ شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی دارشتبوو، و لە هەموو ئەوانەش گرنگتر نە خاوەنی تەشکیلاتێکی رێكوپێكو کارزانو رێبەرایەتییەکی بەهێز بوو. بە دوای رووخانی رێژیمی شاو هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامی داو بە تایبەتی دوای راگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە دەیانو بگرە سەدان هەزار کەس لە رۆڵەکانی گەلی کورد روویان کردە ریزەکانی حیزب. دیارە حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی ئەو دەرفەتە لە کیس بداو دەست بە سنگی ئەو خەڵکە تامەزرۆیەوە بنێ. بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو کە ئەو هەموو هێزە ئینسانییە بەو کادرە کەمەوە کە حیزب هەیبووو لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتە کە هەم حیزب و هەم خەڵك لەگەڵیان بەرەوڕوو بوون، بە ئاسانی نە رێك دەخراو نە تەنانەت بە تەواوی دەش ناسرا. هەر بۆیە ئازاد بوونی شارەکان لە پاش شەڕی سێ مانگەو راوەستانی شەڕ(هەرچەند بە شێوەی کاتییش) ئەو دەرفەتەی پێك هێنا کە حیزب لە هەموو ناوچەکان دا تێکۆشانێکی بەرینی تەشکیلاتی دەست پێ بکا. دیارە لە لادێ ئەو کارە هەر لە رۆژەکانی شەڕی سێ مانگەدا دەستی پێکرابوو. چونکە بەشی هەرەزۆری گوندەکان هەر ئەودەم لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوونو لەلای دیکەش خەباتی چەکدارانەو ئەو سەرکەوتنە بەرچاوانە کە پێشمەرگە وەدەستی دێنان بۆ خۆیان هۆکارێکی لە باربوون بۆ ئاسانکردنەوەی کاری تەشکیلاتیو زیاد بوونی ئۆگریی رۆڵەکانی گەل بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

دیارە یەکەمین ئەرکی گرنگ کە لەو قۆناخەدا دەکەوتە سەرشانی ڕێبەرایەتیی حیزبو تەواوی ڕێکخراوەکانی، ئامادە کردنی کۆنگرەی حیزبی بوو. زیاتر لە شەش ساڵ بەسەر کۆنگرەی سێیەمی حیزبدا تێپەر ببوو. بەو پێیە هەر لە باری ئوسوولی حیزبی‌یەوە گرتنی کۆنگرە پێویستیی پەیدا کردبوو. بەڵام لەوەش زیاتر لە وڵاتی ئێمەدا ئاڵوگۆڕێکی گرنگ رووی دابوو کە دەبوو لێکدانەوەی لە سەر بکرێو سیاسەتەکانی حیزب بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی تازە گەڵاڵە بکرێنەوە. ئاخر زۆر لە لێکدانەوەکانی حیزب بۆ قۆناخی پاش سەرکەوتنی شۆرش ئیدی کۆن بوون. جگە لەوانەش، بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناخەی حیزب پێویستیی بە ڕێبەرایەتی‌یەکی بەهێزترو بەربەرینتر لە جاران هەبوو.

بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی پیرۆزی بەستنی کۆنگرەی چوارەم لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە، هەر وەك هەمیشە باوە، کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە دانراو جموجۆڵ بۆ بەستنی‌کۆنفرانسەکانی حیزبی دەست پێ‌کرا. ئەم دەرفەتە نەدەبوو بە فیڕۆ بدرێو پێویست بوو لە فەزای ئازادی ئەو سەردەمە بۆ بەرپا کردنی کۆنگرەیەکی حیزبی ئەوپەڕی کەڵك وەرگیرێ.

هەوڵو تێکۆشانی کۆمیتەی ئامادە کردن زوو هاتە سەر بەر. راپۆتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەم لە لایەن شەهیدی نەمر دوکتورقاسملووی ڕێبەرەوە ئامادە کرا بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەسکاری کران بۆ ئەوەی لە کۆنگرەدا نەزەریان لە سەر بدرێو پەسند بکرێن، کۆنفرانسەکانی شارستان یەك بەدوای یەك داگیرانو نوێنەرانی خۆیان بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا هەڵ بژارد، نوێنەرانی هێندێ حیزبو ڕێکخراوی دۆستو هێندێ شەخسییەتی نیشتمانپەروەری بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی یەکەمی کۆنگرە(کۆبوونەوەی کردنەوەی کۆنگرە)دا بانگهێشتن کرانو لە زۆر حیزبو ڕێکخراوو شەخسییەتی ئێرانیو کوردستانیو بێگانەی دۆستی کوردیش داوا کرا پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرە بنێرن. بە کوورتی هەموو کاردروستایی‌یەکی پێویست بۆ پێکهێنانی کۆنگرە بە ئەنجام گەیشتو سەرەنجام رۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨(١٩ی فیوریەی١٩٨٠) کۆنگرەی چوارەمی حیزب لە سالۆنی سینەما ئومێدی شاری مەهاباد دەستی

به کار کرد. له کۆنگرەی چوارەمدا ٣١٠ نوێنەر بەشدار بوون کە هەرکامێکیان نوێنەری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب بوون.[1]

کۆنگرەی چوارەم هێندێ سروشتی تایبەتی هەبوون کە پێویستە لێرەدا قامکیان لەسەر دابنرێ. پێش هەموو شتێك ئەم کۆنگرەیە یەکەمین کۆنگرەی حیزب بوو کە تەواو بە پێی بەندەکانی پێڕەوی نێوخۆی حیزب بەرپا کرابوو. هەموو ئەندامانو موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەرانی هەموو رێکخراوەکانی حیزبی تێدا بەشدار بوون. ئەمجار پاش٣٤ ساڵ خەباتی سەختو دژوار ئەمە یەکەم کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بوو کە بە ئازادی لە نێوخۆی وڵاتو راست لە شاری مەهاباد پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان دەبەسترا. لەو کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار میوانانی حیزب بەشدار بوونو پەیامیان خوێندەوە. تەنانەت میوانی وامان هەبوو کە تا کۆتایی کاروباری کۆنگرە لە هەموو کۆبوونەوەکان دا لەگەڵمان بوو.[2]

لەهەمووی ئەوانە گرنگتر، ئەو کۆنگرەیە لە راستیدا کۆنگرەی هەموو خەڵکی کوردستان بوو.یەکێك لە میوانانی کۆنگرە جۆربەجۆریی ئەندامانی کۆنگرەی بە نیشانەی گەلیبوونی حیزبی دێموکرات داناو هەر ئەوەی کردە بەڵگەی ئەو راستییە کە حیزب نوێنەری هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستانە. ئۆگریی کۆمەڵانی خەڵك بە چارەنووسی ئەم کۆنگرەیەوە لە گێڕانەوە نایە. هەرکات نوێنەرانی کۆنگرە لە کۆبوونەوەی رەسمی دەهاتنە دەرێ، لەگەڵ سەدان کەس لە خەڵکی مەهاباد بەرەوڕوو دەبوون کە لە کووچەو کۆڵانەکانو شەقامی نیزیك سالۆنی کۆنگرە راوەستابوونو زۆر بەتامەزرۆیی بە دوای هەواڵی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەدا دەگەڕان. جگە لەوەش رۆژانە بە سەدان تەلەفۆن لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە دەهاتن کە هەواڵی کۆنگرەو ئاکامی کاروباری کۆنگرەیان دەپرسی. جێی خۆیەتی بە نیشانەی ئەمەگناسی لە خەڵکی تێکۆشەری مەهاباد ئەوەش زیاد بکەین کە لە ماوەی کاری کۆنگرەدا هەموو نوێنەرانی

---

١ـ ئەگەر باشم لەبیر بێ بۆ هەر ٢٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزب نوێنەرێك دیاری کرابوو. بەو پێیە نێزیك بە شەست هەزار ئەندام لە کۆنگرەی چوارەمدا بەشدار بوون.

٢ـ سارم خانی سادق وەزیری کۆنە ئەندامی حیزبو تێکۆشەری ناسراوی کۆرد.

کۆنگرە میوانی خەڵکی بەشەرەفی ئەو شارە بوونو بە گەرمیو ڕێزو خۆشەویستییەوە میوانداریyان لێدەکرا.

کۆنگرەی چوارەم ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی پەسند کرد. لەو ڕاپۆرتەدا پشتیوانی لە شۆڕشی ئێرانو دەسکەوتەکانی کرابوو و پێ لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا داگیرابوو و ئامادەیی حیزب بۆ هەوڵو تێکۆشان لەو پێناوەدا نیشان درابوو. هەروەها دابین کردنی مافە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی هەموو چینو توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵ داوا کرابوو و پێویستیی دابین کردنی دێموکراسیو ئازادییە دێموکراتییەکان وەبیر هێنرابۆوە. لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتییەوە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی دا هاتبوو کە:

"دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران کە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێك دێنێن، چ بە شێوەی خودموختاری، چ بەشێوەی فیدراتیو نەخشێکی گەورە لە دروست کردنی سەقامگیر بوونی سیاسی لە وڵات دا یاری دەکا...

چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بۆچوونی زانستیو ئازایەتیی شۆڕشگێڕانەی دەوێ. دەبێ ئەو ڕاستییە دووپات بکرێتەوە کە تا وەختێك مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی بنچینەیی لەئێران دا چارەسەر نەکراوە، چاوەڕوانیی دروست بوونی سەقامگیریی سیاسی لە وڵات دا لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە زیاتر نیە. ئەوە کە دەڵێن لە پێش دا دەبێ ئاسایش و هێمنی جێگیر بکرێ و ئەو جار مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکرێ بۆچوونێکی ناراستە. بەپێچەوانە بۆ پێکهێنانی ئاسایش و هێمنی دەبێ لە پێش دا بەرەسمی دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دا بنرێ و پاشان لە فەزاییەکی ئارام دا بە کردەوە مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکرێ."[1]

کۆنگرەی چوارەم بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی پەسند کرد. بە پێی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی کە بەسەر وەزعی سیاسیی وڵات دا هاتبوو، بەرنامەی حیزبی دێموکراتیش ئاڵو گۆری زۆر تێدا

١ـ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەم، بە زمانی فارسی، لاپەڕە٧٣.

بوو. بەتایبەتی سەرەتای بەرنامە کە لێکدانەوی وەزعی سیاسیی ئێرانو کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و جیهانی تێدایە زۆر دەسکاری کرابوو. لە پێڕەوی نێوخۆش دا هێندێ دەسکاریی گرنگ کرابوون کە لە هەموویان گرنگتر بە باوەڕی خۆم هەڵگرتنی مەرجی دوو ساڵ رابردووی حیزبی بۆ کاندیداکانی ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بوو. ئەو کارە بەو مەبەستە کرا کە ئەو رووناکبیرانەی لە نێوخۆی وڵات دا ژیابوون و لە وەزعی نێوخۆی ئێران شارەزابوون، بەڵام تازە ببوونە ئەندامی حیزب بتوانن بێنە نێو کۆمیتەی ناوەندی. کەچی تاقیکردنەوە دەری خست ئەو مەرجە بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی بەخۆڕایی دانەنراوەو کەسانێك کەکەمتر لە دوو ساڵ لە ریزی حیزب دا تێکۆشانیان بووبێ، ناکرێ زۆر حیسابیان لە سەر بکرێ. لەو کەسانە کە لە سایەی لابردنی مەرجی دوو ساڵ رابردووی تێکۆشانی حیزبی دا بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، تەنیا یەك کەسیان بۆ حیزب خێری دایەوە، ئەوانی دیکە پێش تەواو کردنی ساڵێك تێکۆشان لە کۆمیتەی ناوەندیدا، حیزبی دێموکراتیان بەجیٚهێشت. هەر بۆیەش لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب دا ئەو مەرجە هاتەوە جێی خۆی.

لە گۆنگرەی چوارەم دا بێجگە لە کۆمیتەی ناوەندی، ئۆرگانێکی دیکەی رێبەرییش بە ناوی کۆمیسیۆنی بازرەسی هەڵبژێردرا. خوا هەڵ ناگرێ ئەو ئۆرگانەش بۆ حیزبی دێموکرات خێرێکی تێدا نەبوو. بۆیە ئەویش خۆی و ناوەکەی لە کۆنگرەی پێنجەم دا سڕانەوە.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چوارەم ئەمانە بوون:

١ـ دوکتور قاسملوو

٢ـ غنی بلوریان

٣ـ جلیل گادانی

٤ـ دوکتور شرفکندی

٥ـ مصگفی شلماشی

٦ـ نوید معینی

٧ـ احمد عزیزی

٨ـ فاروق کیخسروی

٩ـ دوکتور رحیم سیف قاچی

١٠ـ ستّار مامدی

١١ـ جهانگیر اسماعیلزاده

١٢ـ رحمان کریمی

١٣ـ سرگرد عبّاسی

١٤ـ ابوبکر هدایتی

١٥ـ قادر عبدی

١٦ـ سید رسول دهقان

١٧ـ مصگفی هجری

١٨ـ حسن شیوەسەڵی

١٩ـ حسن رستگار

٢٠ـحسین مدنی

٢١ـ امیر قاچی

٢٢ـ کمال دبباغی

٢٣ـ هاشم کریمی

٢٤ـ عبدالله حسن زاده

٢٥ـ فوزیە قاچی

٢٦ـ هێمنی شاعیر وەك ئەندامی ئیفتیخاری

کۆمیتەی ناوەندی لە یەکەم کۆبوونەوەی پاش کۆنگرەدا دوکتور قاسملووی وەك سکرتێری حیزب هەڵبژاردو ئەم شەش کەسەشی وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کرد:

١ـ غنی بلوریان

٢ـ جلیل گادانی

٣ـ دوکتور شرفکندی

٤ـ امیر قاچی

٥ـ مصگفی شلماشی

٦ـ عبدالله حسن زاده

ئەندامانی کۆمیسیۆنی بازرەسییش بریتی بوون لە:

١ـ فتاح کاویان

٢ـ دکتر خسروی

٣ـ مهندس ئەریایی

٤ـ سروان افشین

٥ـ صدیق قوی پنجه

٦ـ محمد پور ئەژر

٧ـ قادر شهابی

٨ـ سرهنگ ربیعی

٩ـ سرهنگ قادری

١٠ـ علی حسنیانی

١١ـ سعید سلگانیان

کۆمیتەی ناوەنـدیی هەڵبـژێراوی کـۆنگرەی چـوارەم لـە کۆبوونـەوەی دوای کـۆنگرەو چـەند کۆبوونەوەیـەکی دیکـە دا ئـەم هاوڕێیانـەی خوارەوەشـی وەك موشـاویری کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژاردن:

١ـ سید حسن هاشمی

٢ـ گه عەتیقی

٣ـ حسین ابراهیمی

٤ـ رحمان حاجی احمدی

٥ـ ملا رحمان کاژەیی

٦ـ عیمان اسراری

٧ـ حکیم رچایی

٨ـ فريدون ميتران

٩ـ گه حق گلب

١٠ـ شاپور فيروزى

١١ـ رسول پيشنماز

١٢ـ حسن شرفى

١٣ـ سيد على رحمانى

١٤ـ عزيز ماملى

١٥ـ زبيده گالب پور

یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارو هەڵوێستی حیزب

لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ەوە جارو جەنجاڵێکی زۆر بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین سەرکۆمار لە نیزامی ئیسلامی دا دەست پێکرا. کاربەدەستانی رێژیم هەوڵیان دەدا ئەو هەڵبژاردنە بکەنە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری دێموکرات بوون گەلی بوونی کۆماری ئیسلامی. قسەش لەوەدا نیە کە هەڵبژاردنی ئازادو دێموکراتیی هەر نیهادێکی دەوڵەتی لە هەر سیستمێکی حکوومەتی دا بۆ خۆی نوێنگەیەکی دێموکراسییە. بەڵام دێموکراسییەکەی کۆماری ئیسلامی تا دەهات کەم رەنگ‌و کەم رەنگتر دەبوو و مەیدانەکەی بەرتەسکتر دەبۆوە. لە دەیان کەس کە خۆیان بۆ پۆستی سەرکۆماری کاندیدا کردبوو، تەنیا ١١ کەس مانەوە کە ناویان لە لیستی کاندیداکان بمێنێتەوەو لەوانیش تەنیا سێ کەسیان گەیشتنە دوا قۆناغی ململانەی هەڵبژاردنو ناویان چووە نێو سندووقەکانەوە.

لە بەر ئەوەی ئاغای مسعود رجوی لە بەرنامەی خۆی دا رایگەیاندبوو کە هەوڵ دەدا مەسەلەی کورد لە رێگای وتووێژەوە چارە سەر بکاو گەلاڵەی ٢٦ مادەیی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردیش وەك بناخەیەك بۆ وتووێژ قبووڵە، حیزبی دێموکرات لە بیاننامەیەك دا رایگەیاند کە لە هەڵبژاردنی سەرکۆمار دا بەشدار دەبێ و دەنگیش بە ئاغامسعود رجوی دەدا. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە بە پێی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی لە راستیدا کوردەکان نەیان

دەتوانی کاندیدایان بۆ پۆستی سەرکۆماری هەبێ. هەر بۆیەش لە کوردستان کەس بۆ ئەو پۆستە خۆی کاندیدا نەکرد.

دەزانین کە یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە رۆژی ٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨دا بەڕێوە چوو. پاش خوێندەوەی دەنگەکان دەرکەوت ئاغای ابوالحسن بنیصدر بەزیاتر لە١١ میلیۆن دەنگەوە ململانەی هەڵبژاردنی بردۆتەوەو بۆتە یەکەمین سەرکۆماری ئێران. ئەوانەش کە لە نیزیکەوە، بنی صدر دەناسن یان گوێ بۆ قسەکانی رادەگرن و نووسراوەکانی دەخوێننەوە، دەزانن کە ناوبراو ئێستاش خۆی بە سەرکۆماری هەڵبژێراوی ١١ میلیۆن ئێرانی دەزانێ و لە سەرکار لابردنی خۆی لەلایەن خومەینیەوە بە شتێکی ناڕەواو پێچەوانەی قانون دادەنێ. گومان لەوەدا نیە کە لابردنی ئاغای بنیصدر لە پۆستی سەرکۆماری هەنگاوێکی نادێموکراتی و تۆڵەی ئەو کەمە بیروڕا ئازادە بووکە ناوبراو جاروبار لە مەسەلە سیاسییەکان دا دەری دەبڕی. بەڵام بەش بە حاڵی خۆم لەبارەی هەڵبژێرانی ئاغای بنیصدرەوە بیرەوەریەکم هەیە کە گێڕانەوەی بە پێویست دەزانم. ئەویش لەبەر ئەوە کە نیشان دەدا جەنابی سەرکۆمار هەروەك دەرکردنەکەی لە لایەن خومەینییەوە بوو، هەڵبژێرانەکەشی بە ڕاسپاردەی خومەینی بوو. ئەگینا بۆ خۆی نفووزێکی وای لەنێو خەڵکی ئێران دا نەبوو کە گرەوی هەڵبژاردن لە ئاغایان مدنی و حبیبی بەرێتەوە. ئێستا بیرەوەریەکەم: پێشتر باسی ئەوەم کردوە کە چەند جار لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژی ئاشتی و دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران دا چوومە قوم. لە بیرم نیە چەندی مابوو بۆ کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆمار کە بە سەفەر چووبوومە قوم.هێشتا لە تاران بووم کە بە"فەرمان"ێکی ئیمام ناوی ئاغای رجوی لە لیستی کاندیداکانی سەرکۆماری سڕایەوە. کاتێك چوومە قوم و چاوم بە ئاغای مکارم شیرازی کەوت لە یەکێك لە دانیشتنەکان دا لێی پرسیم حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردن دا بەشدار دەبێ یان نا؟ لە وەڵام دا گوتم وەختێك لە مەهاباد ڕا هاتم قەرار بوو بەشدار بین و دەنگیش بۆ ئاغای رجوی بدەین، بەڵام ئێستا دەبینم ئەو لەو گەردوونە دەرکراوە، نازانم حیزب بڕیارێکی دیکەی داوە یان نا؟ ئاغای شیرازی گوتی دۆستانە پێت دەڵێم ئێوە لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن، بە قازانجتانە، گوتم ئاخر هیچ کام لە کاندیداکان شتێکیان بۆ کورد لە بەرنامەی کاری خویان دا نەگونجاندوە. نازانین

دەنگ بۆ کێ بدەین. گوتی دەنگ بەو کەسە بدەن کە هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی نەزەری لەگەڵتان باش بێ. گوتم مەبەستت ئاغای حبیبییە. گوتی نا! گوتم ئاخر"حوزەء علمیّە" پشتیوانیی لەو کردوە. کە وام گوت، لە یەك قسەدا گوتی:"ئەمە رواڵەتی مەسەلەیە. سەرۆك کۆماری داهاتووی ئێران ابوالحسن بنیصدرە."

ئەو رستەیە ئەوەندە روون بوو کە گومانێکی بۆ من نەهێشتەوەو تێگەیشتم ئاغای خومەینی لە نێو کاندیداکان دا پشتیوانی لە ئاغای بنیصدر دەکا. کاتێك گەڕامەوە مەهاباد ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ دوکتور قاسملوو باس کردو بە کردەوەش دیتمان هەروا دەرچوو.هەڵبەت ئەمە بە نۆرەی خۆی رادەی دێموکراسییەکەی رێژیمی کۆماری ئیسلامییش نیشان دەدا. بەڵام بەهەرحاڵ دەردەخا کە یازدە میلیۆن دەنگەکەی ئاغای بنیصدر زیاتر بۆ خومەینی دراون نەك بۆ ئەو. بەو حاڵەش ئەمە شتێك لە شەخسییەتی دوکتور بنیصدر کەم ناکاتەوە. چونکە ئەو نیشانی دا کە پێشکەوتووتر لە ئاخوندەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەو جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە.

## گەڵاڵەی شەش مادەیی

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنی سەرکۆمار دا بەشدار نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاغای بنیصدر لەهێندێ لێدوانی خۆیدا رایگەیاندبوو کە باوەڕی بە خودموختاری لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆییدا هەیە، حیزب بە دروستی زانی کە دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرکۆمار بنێرێتە تاران. بۆیە هەر لە رۆژەکانی کۆنگرەدا نامەیەك بۆ ئاغای بنیصدر نووسراو داوای چاوپێکەوتنی لێکرا. دەقی نامەکە لەبەر دەست دا نیە، بەڵام لەبیرمە نووسرابوو کە: راستە ئێمە لە هەڵبژاردن دا بەشدار نەبووین و دەنگمان بە جەنابت نەداوە، بەڵام ئێمە رێز بۆ دەنگی زۆربەی خەڵکی ئێران دادەنێین و جەنابت بە سەرکۆماری هەموو ئێران دەزانین. بۆیە پێمان خۆشە وەختێك دیاری بکەی کە دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی ئێمە بۆ وتووێژ دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بێتە تاران و چاوی بە جەنابت بکەوێ.

لە نێو ئەو پەیامانەدا کە کۆنگرەی چوارەم بۆ حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتەکانی ناردبوون، پەیامێکیش بۆ ئاغای بنی‌صدر هەبوو کە بەم پاراگرافە کۆتایی دەهات:

"پێداگرتنی ئاغــای ســەرکۆمار لەســەر خودموختــاریی گــەلان لــە بــەڕێوەبردنی کاروبــاری نێوخۆیی داو لەسەر ئازادیی بــەیان و مــافی کــەلك وەرگــرتن لــە دەزگــای تەبلیغاتی‌یــەکان بــۆ دەربڕینی بیروباوەڕ و بەرتەسك کردنەوەی ناوەندەکانی بڕیاردان و یەك خستنی هــەوڵ و تەقــەلای خــەڵك لــە ڕێگــای بنیاتنــان و بووژاندنــەوەی ئــابووریی بێسەروســامانی وڵات دا، مزگێنیــی بەڕێوەبردنی وڵات بە هۆی کارگێڕی (مدیریّت )یەکی لێزان و خاوەن تەدبیرەوە دەدا بە ئێمە. هەر بۆیە ئێمە بە ئومێدەوە چاو لە داهاتوو دەکەین و هیوامان وایە ئەم پێش بینی‌یە هەرچەند بکرێ زووتر بێتەدی".[1]

کۆنگرەی چوارەم ڕۆژی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ (٢٤ی فیوریەی ١٩٨٠) کۆتایی هات. بــەدوای تەواو بوونی کۆنگرە دا وەڵامی ئاغای بنی‌صدر هاتەوە کە ڕۆژی ٩ی ڕەشەمەی بۆ چــاوپێکەوتن لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب دیاری کردبوو. ڕۆژی ٨ی ڕەشەمە هەیئەتێکی پێنج کەســی لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی بەرەو تاران وەڕێ کەوتن و ڕۆژی دواتر چاویان بــە ســەرکۆمار کــەوت. ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب بۆ لای سەرکۆمار بریتی بوون لە: ١ـ غنی بلوریان، ٢ـــ عبدالله حسنزادە (لە دەفتەری سیاسی)، ٣ـ فوزیە قاچی، ٤ـــ نویــد معینــی (لــە کۆمیتــەی ناوەندی)، ٥ـ احمد قاچی (دۆستێکی حیزب کە لە تاران دەژیا).

لە سەرەتای دانیشتنەکەدا ئاغای بنی‌صدر زۆر توند بە گژ ئەندامانی دەستەی نوێنەرایــەتیی حیزب دا هاتەوەو لە ڕاستی دا بە زمانێکی دیپلۆماتانە بەشێك لەو تۆمەتانەی دایە پــاڵ گــەلی کورد کە دەسەڵاتدارانی کۆن و نوێی ئێران و بەگشــتی شۆوینیســتەکان لــە کوردەکانیــان دەدەن. بەڵام پیاو هەق بڵێ وەختێك یەکێك لە ئەندامانی دەســتەی نوێنەرایــەتیی حیــزب داخوازەکــانی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی بۆ ڕوون کردەوە، هەڵوێستی گۆڕی و داخی خــۆی لــە بــەرخۆردی پێشووی دەربڕی. ئاغای بنی‌صدر پاش تەواو بوونی قسەکان گوتی ئەگەر داخوازەکــانی خــەڵکی

---

١ـ اسناد کنگرەی چهارم حزب دمکرات کردستان ایران، بەزمانی فارسی، لاپەڕە٨٩.

کوردستان ئەمانەن، ئێوە بیان کەنە گەڵاڵەیەك و بم دەنێ، هەر ئەم ئێوارەیە دەیدەم بـە شـوورای ئینقیلاب و هەوڵ دەدەم موافەقـەتی بـۆ وەربگـرم. دەسـتەی نوێنەرایـەتیی حیـزب داوای کـرد ژوورێکی بۆ چۆل بکرێ تا بتوانێ داخوازەکان بکاتە گەڵاڵەیەك و بیداتەوە بە ئاغای سەرکۆمار.

ئەوەبوو کە ژوورێکیان لە کۆشکی سەرۆك وەزیری بۆ هەیئەت چۆل کردو گەڵاڵەی ٦ مـادەیی کە ٨ مادەی پاشکۆشی لەگەڵ بوو لەو ژوورەدا ئامـادە کـرا. شـایانی باسـە لـە چـاوپێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب و سەرۆك کۆمار دا ئەندامانی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت (ئاغایان داریوش فروهر، هاشم صبّاغیان و عزت الله سحابی)یش بەشدار بوون. گەڵاڵەی ٦ مـادەیی کـە ناوی شەش ئەسڵی خودموختاریی لە سەر دانرابوو، بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١ـ گەلی کورد لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و تەواوەتیی خاکی وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دا مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی بە شێوەی خودموختاری وەربگرێ و ئەم مافانە لـە "مـتمم"ی قانوونی ئەساسی دا بگونجێندرێن.

٢ـ چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تاریخی و جوغرافیـایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەك دیاری بکرێ.

٣ـ کوردسـتانی خودموختـار شـوورایەکی سەرانسـەری لـە هەڵبـژاردنێکی ئـازاد، نهێنـی، راستەوخۆ و گشتیدا هەڵبژێرێ.

٤ـ شوورای سەرانسەریی کوردستان هەیئەتێکی ئیجرایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئـابووری، فەرهەنگی، ئیداری و ئینتیزامی هەڵبژێرێ.

٥ـ زمـانی کـوردی لـە سـەرزەوینی خودموختـاری کوردسـتان دا بـۆ نامەنووسـینی نێـوان ئیدارەکان و خوێندن لە تەنیشت زمانی فارسی بە رەسمی بناسرێ.

٦ـ هـەموو کاروبـاری نێوخـۆیی چ ئیـداری و چ ئـابووری و فەرهـەنگی و کۆمەڵایـەتی و ئینتیزامی بە ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار بسپێردرێ.

لە کۆتایی گەڵاڵەکەدا پێشنیار کرابوو بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعـی کوردسـتان و سـڕینەوەی شوێنەوارەکانی ساڵێك شەڕی نێوخۆیی کوردستان ئەم کارانەی خوارەوە بکرێن:

١ـ لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە جۆرێك لە ڕووداوەکانی کوردستان دا بەشدار بوون دەربچێ.

٢ـ یارمەتی مانگانە"مستمری" بدرێ بە میراتگرانی شەهیدانی کوردستان.

٣ـ بەرپرسانی کارەساتی"قارنێ" بدۆزرێنەوەو سزا بدرێن.

٤ـ هەموو ئەو کەسانەی لە شەڕەکانی کوردستان دا کەم ئەندام بوون مووچەی خانەنشینییان بدرێتێ.

٥ـ هەموو زیندانییەکان لەهەردوو لاوە بێقەیدو شەرت ئازاد بکرێن و هەموو ئەو کارمەندانەی بە تۆمەتی بەشداری لە ڕووداوەکانی کوردستان دا دەرکراون، دوورخراونەوە، یان بۆ جێگای دیکە ڕاگوێزراون بێنەوە سەر کارەکانیان و ئەوانەی دەرکراون مووچەی ئەو چەند مانگەی دواییشیان پێبدرێ.

٦ـ زەرەرو زیانی ماڵی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە پێك هەڵپڕژانەکانی ئەم دواییەدا زیانی ماڵییان وێ کەوتوە ببژێردرێنەوە.

٧ـ هەموو ئەفسەران و دەرەجەدارانی کورد کە بە هۆی مەسەلەی کوردستانەوە شوێنی مەئمووریەتی خۆیان بەجێهێشتوە لە ئورگانە ئینتیزامییەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان دا خزمەتیان پێبکرێ.

٨ـ بڕیارنامەی پێوەندیدار بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵوەشێتەوە.[1]

ئەو گەڵاڵەیە هەر بۆ ئەوە ئامادە کرابوو کە ئەگەر بکرێ لەپێش دا ئەسڵە گشتییەکانی خودموختاری لە لایەن دەوڵەتەوە بەرەسمی بناسرێن و پاشان لە فەزایەکی باشتر دا وردەکارییەکان قسەیان لەسەر بکرێ. بەڵام سەیر ئەوە بوو هەر لەنێو ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب دا دوو بۆچوون لەسەر ئەو شەش ئەسڵە هەبوون. یەکیان دەیگوت ئەمانە

---

١ـ تلاش در راه تفاهم، بە زمانی فارسی، انتشارات و تبلیغات حزب دمکرات کردستان ایران، اسفندماه ١٣٥٩، بەرگی٢، لاپەڕە٤٠ـ ٣٨.

پوختەی گەلاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردن و ئەوی دیکە پێی وابوو پوختەیەکن لە خودگەردانی.[1]

بێینەوە سەر باسەکە. گەلاڵەی ٦ ماددەیی تەسلیمی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت کرا کە بیدا بە سەرکۆمارو ئەویش بۆ بڕیار لە سەردان پێشکەش بە"شورای انقلاب"ی بکا. ئێوارەی ڕۆژی دیدارەکە لە دەفتەری "حزب ملت ایران"ەوە تەلەفۆنیان بۆ نووسەری ئەم دێرانە کرد، گوتیان ئاغای فروهر گوتوویە ئەمشەو تەماشای تەلەویزیۆن بکەن، سەرکۆمار لە بارەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەلاڵەی پێشکەش کراوەوە قسە دەکا. لەبەر ئەوەی ئاغای بنیصدر بە روونی و بە راشکاوی داخوازەکانی قبووڵ کردبوو، لە لایەکی دیکەشەوە پێشتر ئاغای ناصر مکارم شیرازی پێی راگەیاندبووین کە ئیمام نەزەری لە سەر داخوازەکانتان باش بووە پێمان وابوو گەلاڵەکە لە "شورای انقلاب"یش دا پەسند کراوە. بۆیە بە تامەزرۆیی چاوەڕوانی بەرنامەی خەبەریی سەعات ٨ی ئێوارەی تەلەویزیۆن بووین. لە لایەکی دیکەشەوە نووسەری ئەم دێرانە تەلەفۆنی بۆ مەهاباد کردو بە زەحمەتێکی زۆر دوکتور قاسملووی دیتەوەو داوای لێ‌کرد شەوێ چاو لە بەرنامەی تەلەویزیۆن بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر تێبینییەکیان لەسەر قسەکانی سەرکۆمار هەبوو دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب لە تارانی لێ ئاگادار بکەن. بە کورتی ئێمە لە تاران و برادەرانی دیکەمان لە کوردستان (بۆ یەکەم جار و دواجار) لە سەعاتی ٨ی ئێوارەوە تا کوژانەوەی تەلەویزیۆن وریای بەرنامەکان بووین تا بزانین ئاغای بنیصدر چ مزگێنییەکی بۆ خەڵکی کوردستان پێیە. کەچی نە لەگەڵڵەی ٦ مادەیی و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان ناوێك لە تەلەویزیۆن دا بەرچاو کەوت و نە لە ئاغای سەرکۆمار خەبەرێك بیسترا.

بۆ بەیانی کاتێك لەسەر داخوازی ئاغای فروهر سەرمان لە دەفتەری حیزبی میللەتی ئێران دا بۆی باس کردین کە سەرکۆمار لەسەر قسەی خۆی ماوەو گەلاڵەکەی بە تەواوی قبووڵ بووە،

---

[1] ـ وتوویژی چاپەمەنی غنی بلوریان و عبدالله حسن زادە لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئێوارەی تاران "کیهان و اطلاعات"ی رۆژی ١٣٥٨/١٢/١١. لە مەهاباد کە رۆژنامەکانیان خوێندبوونەوە، هێندێ کەس گوتبوویان عبدالله حسن زادە نەزەری حیزبی دێموکرات دەردەبڕێ و کاك غنی نەزەری حیزبی توودە.

بەڵام کاتێك داویە بە "شورایانقلاب" هەر بێ سێودوو ڕەت کراوەتەوە. لێرەدا جارێکی دیکە دەرکەوت کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی لە دەورانیخومەینیدا سەرکۆمارو سەرۆك وەزیر چەندە مۆرەیەکی بێدەسەڵاتن. ئێمە دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتیش وەك لە چیرۆکە کوردییە کۆنەکان دا دەیان گوت:"کاڵەمان دڕاو چمان پێنەبڕا".

## هەڵبژاردنی مەجلیس

یەکێك لە هۆیەکانی داخوازی حیزبی دێموکرات بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری قەدەغە کردنی تێکۆشانی حیزب ئەوەبوو کە بتوانێ بەرەسمی لەهەڵبژاردنی یەکەم دەورەی مەجلیسی شوورای میللی دا بەشدار بێ‌و لە هەموو حەوزەکانی کوردستاندا کاندیدا دیاری بکا. چونکە هەر لە سەرەتای زستانی ١٣٥٨ەوە خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی مەجلیس دەست پێکرابوو. هەروەك گوتمان داخوازەکانی حیزب و یەك لەوان هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە نابەجێ و زاڵمانەیە.[1] لەلایەن شووڕای ئینقیلابەوە ڕەت کرایەوەو بەو پێیە حیزب نەیدەتوانی بەرەسمی کاندیدا بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس بناسێنێ. بەڵام بەشداربوون لەو هەڵبژاردنەدا شتێك نەبوو کە حیزبی دێموکرات بتوانێ وازی لێ بێنێ. چونکە جگە لە بایەخێك کە مەجلیسی قانوون دانان بۆ هەر وڵاتێك و هەر حیزبێك هەیەتی بۆ حیزبی دێموکرات گرنگ بوو هەم رادەی نفووزی خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵك دا هەڵسەنگێنێتەوەو هەم بە دەوڵەت نیشان بدا کە ئەگەر بە ڕاست دەیەوێ لەگەڵ نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کورد بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی کوردستان قسە بکا، ئەو نوێنەرانە کێن و سەر بە چ حیزبێکی سیاسین.

بەو وەزعەوە تەنیا ڕێگا ئەوەبوو کە کاندیداکانی حیزب بە ناوی خۆیانەوە ناونووسی بکەن و ناوێك لە حیزبەکەیان نەبەن. جێی خۆیەتی بگوترێ کە لە نێو دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دا ئەو فکرەش باس کرا کە دەستەی نوێنەرایەتی بەسەر یەکەوە کاندیداکانی دیاری بکاو هەر

---

١ـ لە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکۆماردا کاتێك باسی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبی دێموکراتمان کرد، بەڕاستی گاڵتەی پێهات. گوتی ئەو هەموو حیزب و ڕێکخراوە کە ڕۆژ تا ئێوارەی جنێو بە دەوڵەت دەدەن هەڵوەشاوە ڕانەگەیەندراون. چۆن دەبێ حیزبی دێموکرات کە ئامادەی پشتیوانی لە شۆڕشە، قەدەخە بکرێ.

چوار لایەنی ئەندام لە دەستەی نوێنەرایەتی‌دا داوا لە لایەنگرانیان بکەن دەنگیان بۆ بدەن. بەڵام لەسەر ئەوە کە ئەو کاندیدا هاوبەشانە چەند کەسیان لە حیزبی دێموکرات بن و چەندیان لە ڕێکخراوەکانی دیکە ڕێك نەکەوتین. حیزبی دێموکرات داوای دەکرد زیاتر لە نیوەی کاندیداکان حیزب دیاری‌یان بکا. ڕێکخراوەکانی دیکەش ئامادە نەبوون تەنانەت نیوەی کاندیداکانیش بدەن بە حیزب. سەرەنجام حیزبی دێموکرات بە تەنیا کاندیداکانی دیاری کردن و ئەندامەکانی دیکەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردیش لەگەڵ هێندێ وردە ڕێکخراوی دیکە یەکیان گرت و کاندیدای هاوبەشیان ناساندن.جگە لەوانە حیزبی توودەش هێندێك کەسی کاندیدا کرد و کاندیدای واش هەبوون کە سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێك نەبوون.

ئەگەرچی لە ناونووسی‌دا هیچ کام لە کاندیداکان ناوی حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیانیان نەهێنابوو، بەڵام هەم خەڵك و هەم دەوڵەتیش دەیان زانی هەرکام لەکاندیداکان سەر بە کام حیزبی سیاسی‌یە. بەتایبەتی چونکە هەر حیزبێك یان ڕێکخراوێك بە پۆستەرو بەیاننامە یان بە پێك هێنانی میتینگ و کۆبوونەوەی تەبلیغاتی داوای لە خەڵك دەکرد دەنگ بۆ کاندیدای جێگای پشتیوانی خۆی بدەن. بەراستییش جم و جۆڵی هەڵبژاردن کەم وێنە بوو و خەڵك بە ئۆگری‌یەوە خۆیان بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئامادە دەکرد. ڕۆژی هەڵبژاردنیش دەوری سندووقەکانی هەڵبژاردن بەراستی قەڵەباڵغ بوو.

ڕۆژی ١٣٥٨/١٢/٢٤ (١٩٨٠/٣/١٤) ڕۆژی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس بوو. ئەو ڕۆژە لە کوردستان ڕۆژێکی یەکجار خۆش و تاووساو بوو. بە حەقیش ئۆگریی خەڵك بە بەشداربوون لەو هەڵبژاردنەدا ڕۆژەکەی هێندەی دیکە جوان و دڵڕفێن کردبوو. شایانی باسە هەموو کاندیدایەك لەسەر هەموو سندووقێکی هەڵبژاردن کەسێکی وەك چاوەدێر دانابوو.جگە لەوەش نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی لەسەر هەموو سندووقەکان ئامادە بوون. بە شاهیدی هەمووان و بەتایبەتی بە ئیقراری نوێنەرانی دەوڵەت هەڵبژاردن لەوپەڕی ڕێکوپێکی دا بەڕێوە چوو و هیچ فێڵ و تەلەکەیەکی تێدا نەکرا.

ئاکامی هەڵبژاردن لە کوردستان ئەوەبوو کە بێجگە لە دوسێ حەوزە کە هەڵبژاردن کەوتە قۆناغی دووهەم، یان بە هێندێك بڕوبیانوو لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاگیرا لە هەموو ناوچەکان دا ئەو

کاندیدایانە سەرکەوتن کە حیزبی دێموکرات پشتیوانی لێ کردبوون. بەم جۆرە جارێکی دیکە خۆشەویستی و نفووزی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵك دا بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوت. بەڵام دوژمن لە جیاتی ئەوەی تەسلیمی نەزەری زۆربەی خەڵکی کوردستان بێ و ڕێز بۆ هەڵبژاردنی خەڵك دابنێ، سیاسەتێکی دیکەی گرتە بەرو بڕیاری دا دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ حیزبی خاوەن نفووز و خۆشەویستی خەڵکی کوردستان زیاتر پەرە پێبدا. کاندیداکانی حیزبی دێموکرات لە ٥٧٪ تا ٩٧٪ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا بوو و لەو جێگایانەش کە هەڵبژاردن کەوتە قۆناغی دووهەم کاندیداکانی حیزب لە پێشەوەی کاندیداکانی دیکە بوون.

شتێکی چاوەڕوان کراو بوو کە ڕێژیمی ئیسلامی ڕێگا نەدا نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵك بچنە مەجلیسی شوورای میللی، بەتایبەتی کە لە لایەن حیزبی دێموکراتیشەوە کاندیدا کرابوون. ئەوە بوو کە ئاکامی هەڵبژاردن لە کوردستان دا بەتاڵ کرایەوەو پاش زاڵ بوونەوەی کۆنەپەرستی بەسەر شارەکان دا شانۆسازییەك بە ناوی هەڵبژاردنی نێودەورەیی وەڕێ خراو چەند کەسی جێگای پەسندی کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا بەناوی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ناردرانە مەجلیس.

باشە ئەوەش بخرێتەوە بیر کە مەجلیس هەروەك لە پێشەوە ناوبراو، لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامییش دا بە مەجلیسی شوورای میللی ناو برابوو. بەڵام هەردوای تەواوبوونی هەڵبژاردن هێندێ لە دەمارگرژو پاوانخوازەکان ناوی مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌یان خستە سەر زاروزمانان و سەرەنجام لە یەکەم چاوپێکەوتنی نوێنەرانی مەجلیس لەگەڵ ئایەتۆڵلا خومەینی دا ناوبراو "فەرمان"ی دا کە بکرێتە مەجلیسی شوورای ئیسلامی. ئیدی قانوونی ئەساسی چیی نووسیوە گرنگ نیەو فەرمایشی ئیمام لە سەرووی هەموو قانوونێك و هەموو قانوون دانەرێکە!!

دیسان گێچەڵی حیزبی توودە

لە فەسڵی سێهەمی ئەم کتێبەدا باسێکمان لەبارەی گێچەڵ فرۆشتنی حیزبی توودەوە بۆ خوێنەرە بەڕێزەکان گێڕایەوە. ئەوی ڕاست بێ بە پێچەوانەی نیازپاکیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەگەڵ ئەوە کە هێندێ دیداری دۆستانە لە نێوان ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە دا روویان دابوو، ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە وازی لە دژایەتی لەگەڵ

حیزبی دێموکرات نەهێنابوو. رەنگە بە ئاسانی بکرێ بڵـێین هـۆی ئـەو دژایەتی‌یـەش جگـە لـە بێ‌ئەمەگی و نمەك بە حەرامیی رێبەرانی حیزبی توودە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. چـونکە لـەنێو حیزب و رێکخراوە ئێرانی‌یەکان دا تەنیا حیزب کە دوژمنـایەتیی لەگەڵ حیزبی تـوودە نـەدەکرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، تەنانەت لـەو کاتـەش دا(١٩٧٥) کـە توودەیی‌یـەکان قۆڵیان لە هەڵوەشاندنی حیزبی دێموکرات هەڵماڵیبوو، حیزبی دێموکرات پێشنیاری پێ‌کردن کـە واز لەو خەیاڵانە بێنن و ئەگەر دەیانەوێ لە نێو کۆمـەڵی ئێـران دا جێ‌پێ‌یـەك بۆخۆیـان پەیـدا بکەنەوە،با هەوڵی بووژاندنەوەی کۆنە تەشکیلاتەکەی خۆیان بدەن و لەو پێوەندیی‌یەش دا حیزبی دێموکرات ئامادەیە بۆ دابین کردنی رێگای هاتوچۆی کادرەکانیان یارمەتی‌یان بدا.

بەڵام وادیار بوو حیزبی توودە لەوە نائومێد بووە کە بە نـاوی خـۆی و بـە هـەوڵ و تەقـەلای کادرەکانی خۆی بتوانێ جارێکی دیکە لە ئێران دا ئیعتیبار پەیدا بکاتەوە. بۆیە رێبـەرانی ئـەو حیزبە بڕیاریان دابوو لە کاناڵی حیزب و رێکخراوەکانی دیکەوە بچـنە نێـو کۆمـەڵانی خـەڵك و سیاسەتەکانیان لەو رێگایەوە دەرخواردی لاوانی بە هەستی وڵاتەکەمان بدەن. بەڵایەك کە حیزبی توودە بەو رەفتارە بەسەر رێکخراوێکی بە نفووزی وەك"رێکخراوی چریکە فیدایی‌یـەکانی گـەلی ئێران"ی هێنا، لە شارەزایانی ئاڵوگۆڕەکانی بیست ساڵی دوایی شاراوە نیە.

کورتی بکەینەوە، هەروەك پێشتر باسم کرد لە سەرەتای دەسـت پێکردنـی هـەوڵ و تەقـەلای وتووێژی نێوان بزووتنەوەی کوردو نوێنـەرانی دەوڵـەت دا رێبـەرانی حیزبـی تـوودە گەڵاڵەیـەکی خودگەردانی‌یان دابوو بە کاك غنی بلووریان کە بە ناوی نەزەری حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێران لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت باس بکرێ و بە ناوی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە دەوڵەت داوا بکرێ.

تەنانەت، پێش ئەو وەختەش، لە زۆر جێگا حیزبی توودە هێندێك لە لایـەنگرانی خـۆی هـان دابوو کە خۆیان بخزێننە نێو رێکخراوەکانی حیزبـی دێمـوکرات و لـەو رێگایـەوە بیروبۆچـوون و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە دەرخواردی تێکۆشەرانی دێموکرات بدەن. دیارە توودەیی‌یەکان لـە نێـو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتیش دا کەسانێکیان هەبوو کە خزمەت بـە سیاسـەتەکانیان بکـەن.

لەوانە دەتوانین کاك محمد امین سیراجی و کاك غنی بلوریان ناو بەرین.[1] ئەوانە هــەوڵیان دەدا بــۆ ئەوەی زیاتر ئیمکانیان هەبێ داخوازەکانی حیزبی توودە لــەنێو ڕیزەکــانی حیزبــی دێمــوکرات دا بچەسپێنن، مەرکەزی باشتر لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا وەدەست بێنن. لەیەکەم کۆبوونــەوەی دوای گەڕانەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە عێراق دا کە بە بەشداریی هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی زاگرۆس پێك هات، کاك محمد امین پێشنیاری کرد کە بۆ ئەوەی دەوڵەتی شــووڕەوی حازر بێ پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبی دێموکرات دامــەزرێنێ، کــاك غنــی ببێتــە ســکرتێری حیزب. دەلیلی دیکەی کاك محمد امین بۆ ئەو پێشنیارە ئەوەبوو کە کاك غنی ٢٥ ساڵ لە زیندان دا ماوەتەوە.

لەگەڵ هاتنەگۆڕی ئەو پێشنیارە یەکێك لە ئەندامەکانی کۆبوونەوە لە کاك محمــد امــین هاتــە جواب و هەر دوو دەلیلەکەی ڕەت کردنەوە. پوختەی نەزەری ئەو هاوڕێیە ئەوە بوو کە کاك غنی هەر لەبەر ئەوە کە ٢٥ ساڵە لە زیندان بووە و ئاگای لە ڕووداوە سیاســیەکانی دنیــا و هــەل و مەرجی نێوخۆی ئێرانو ناوچە نیە، ناتوانێ پۆستێکی وا گرنگ لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا بــەڕێوە بەرێ. پاشانیش سکرتێری حیزبی دێموکرات لە کۆبوونــەوەی حیزبــی دێمــوکرات و بــە نــەزەری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ، نــە لەســەر ویســتی مۆســکۆ و ڕێبــەرانی حیزبــی کۆمونیستی شووڕەوی. بە خۆشی‌یەوە پێشــنیاری کــاك محمــد امــین هــەر بەوەنــدە قســەیە ڕەت کرایەوە. دوایەش دەرکەوت کە ئەو پێشنیارە لە تاران لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبــی تــوودەوە بــە کاك محمد امین دیکتە کراوە.

پاش تەواو بوونی کۆنگرەی چوارەمیش دیسان کاندیداتۆریی کاك غنی بۆ ســکرتێری هاتــەوە گۆڕێ و ئەمجارەیان لایەنگری زیاتریشی هەبوو. ڕاستە کاك محمــدامین لــە کۆمیتــەی ناوەنــدی دا نەمابوو، بەڵام ئەوانەی دوایە بەناوی تاقمی حــەوت کەســی ناســران و دوو ئەنــدامی کۆمیتــەی ناوەندی کە ئەوانیش کەم و زۆر هەر لەو خەتەدا بوون پشتیوانی‌یان لە کاك غنی کرد.

---

١ـ ئەوانە پاش هەڵوەشانی تاقمی حەوت کەسی بوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەو تەنانەت کاك غنی بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسیش. دوایەش لە بەیاننامەیەك دا پێیان لەوە نا کە لە نێو حیزبی دێموکرات دا کاریان چ بووە.

کاتێکیش دوکتور قاسملوو بە زۆربەی دەنگی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێر هەڵبـژێردرا کـاك غنی داوای کرد کە وەك سەرۆکی حیزب دیاری بکرێ. ئەو داوایـەش لـە بـەر ئـەوەی لـەجێ دا پۆستێك بەناوی سەرۆکی حیزب لە پێڕەوی نێوخۆدا پـێش بینـی نـەکرابوو، بـێ ئـەوەی بدرێتـە کۆمیتەی ناوەندی رەت کرایەوە.

بەڵام خۆ هاورێیانی توودەیی لەوە سەرسەخت تر بوون بەو ئاسانی‌یە لە کۆڵ بنەوە. ئەوان کـە خەیاڵی ئەوەیان کەوتبۆوە سەر کە گویا لە رێگای خۆرێکخسـتن لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی‌یەوە دەتوانن بەرە بەرە بن پێی ئاخوندەکان بەتاڵ بکەن و لە"کودیتایەکی بێ خوێنرێژی"دا دەسەڵاتی ئێران بگرنە دەست، لە نێوخۆیان دا پەیمانیان دابوو هەموو موخالیفانی کۆمـاری ئیسـلامی بـە میتۆدی تایبەتیی خۆیان لە مەیدان وەدەر نێن. چونکە ئیمکـانی رووبەرووبوونـەوەی راسـتەوخۆ لەگەڵ حیزبی دێموکراتیشیان نەبوو تەنیا رێگا ئەوە بوو ئەم حیزبە لەنێوخۆدا کرمێ بکەن. هـەر بۆیە لە رێگای گوێ‌لەمستەکانی خۆیانەوە کە ئێسـتا لـە نێـو رێبەرایـەتیی حیـزبیش دا چـەند کەسێکیان لەگەڵ بوون کەوتنە دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە لە ریزەکانی حیزب دا.

ئاشکرایە کە توودەیی‌یەکان ناچار بوون بۆ پووچەڵ کردنەوەی هەر جۆرە بیروبـاوەرێکی دژ بـە پاوانخوازیی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی و بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەرچەشنە بیرێکی ئـازاد هێنـدێ تیئۆریی شۆرشگێرانەش داتاشن. ئەوەبوو کـە مەسـەلەی خـەبات دژی ئیمپریالیزمیـان گـەورە کردەوەو ئەو تیئۆریەیان پەرە پێدا کە قۆناخی ئێستا قۆناخی خەبات دژی ئیمپریالیزمـەو هـەتا کاتێك مەترسیی ئیمپریالیزم لەگۆڕێدایـە نابـێ هـیچ مەسـەلەیەکی دیکـەی وەك خـەبات بـۆ دێموکراسی و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی زۆرلێکراو بێتە گۆڕێ. لەبەرە ئەوەش کـە حیزبـی دێموکرات ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی بوو، پێویست بوو پێش هەموو جێیەك و زیاتر لـە هـەموو جێیـەك بـۆ چەسـپاندنی تیئـۆریی "گـرنگتر بـوونی خـەبات دژی ئیمپریالیزم" لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا هەوڵ بدرێ.

لەبەر ئەوەش کە رێبەرانی حیزبی توودە دەیان زانی حیزبی دێموکرات ئـەو حیزبـە نیـە تـازە فێـری خـەباتی دژی ئیمپریالیسـتی بکـرێ و ئـەم حیزبـە لـە سەرانسـەری مێـژووی ژیـانی خەباتگێرانەی خۆی دا حیزبێکی دژی ئیمپریالیستی بـووە، بـە ناچـار دەبـوو بۆهەڵخەڵەتانـدنی

هێندێ کەسی ساویلکە بوختانی تازە بابەت بۆ حیزبی دێموکرات هەڵبەستن و تۆمەتی بەستراوە بوونی بدەنە پاڵ. حیزبێك کە بە درێژایی ژیانی، بە ئیقراری راشکاوانەی رێبەرەکانی نەك هەر بەستراوە، بەڵکوو گوێ لە مستی بێگانە بووە، حیزبی دێموکراتی بەوە تاوانبار دەکرد کە بەستراوە بە دەوڵەتی عێراقە و بە دەستوری عێراق بە قازانجی دەوڵەتی عێراق بەربەرەکانی لەگەڵ نیزامی "دژبەئیمپریالیزم"ی کۆماری ئیسلامی دەکا. سروشتی‌یە کە دەبوو بۆ تێکدانی ریزەکانی حیزبی دێموکرات ئەو چەکە "تازە کەشف کراو"ە بدرێتە دەست نفوزی‌یەکانی حیزبی توودە تا لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا بەکاری بەرن.

لێرەدا بوو کەئالۆزی‌یەکی فیکری و تەنگ و چەڵەمەیەکی بەرچاوی تەشکیلاتی بە دەسکیسیی ئەو توودەیی‌یانە کە خزابوونە نێو رێزەکانی حیزبی دێموکرات[1] بیروزەینی رێبەرایەتی و بەدەنەی حیزبیان بەخۆیانەوە خەریك کردو بۆماوەی چەند مانگ بەناچار بەشێك لە وەخت و ئێنێرژیی کادرەکانی حیزب بۆ پووچەڵ کردنەوەیان تەرخان کرا. گوێ‌لەمستەکانی حیزبی توودە لە نێو رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دا کە بۆخۆیان شاهیدی سەربەخۆیی فیکری و سیاسیی حیزبی دێموکرات بوون و بەچاوی خۆیان دەیان دی ئەم حیزبە چۆن دیفاع لە سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی دەکا، باوەڕیان بەوە نەبوو کە بۆخۆیان لەنێوی دا دەژیان و لەنێو ریزەکانی حیزب و تەنانەت لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییش دا ئەو تاوانە بێ بناخەو پڕوپووچانەیان کاوێژ دەکردەوە کە توودەیی‌یەکان بۆ حیزبی دێموکراتیان هەڵدەبەستن.

سەرشاخان و شێوەجۆ

لە خۆبواردنی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت لە وتووێژێکی جیددی لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، لەتەبلیغاتی ژەهراویی رادیۆ تەلەویزیۆن و رۆژنامە دەوڵەتی‌یەکان، لە چەکدارکردنی عەشیرەتەکان لە شیمال و ناوەندی کوردستان، لە لەشکرکێشی ئەرتەش‌و سوپای پاسداران و بە کورتی لە هەموو نیشانەکان ڕا دیار بوو کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ پەلاماریکی

---

١ـ هێندێك لە توودەیی‌یەکانی نێو حیزبی دێموکرات هەر زوو دانیان بەوە دانا کە لە حیزبی توودەوە ناردراونە نێو حیزبی دێموکرات و پاشانیش کە پیلانی تاقمی حەوت کەسی تێك شکا هەموویان چوونەوە نێو حیزبی توودە، یان وەك بۆخۆیان دەڵێن"حیزبی دایك".

بەربلاوتر بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان ئامادە دەکا. ئیدی بۆ هەمووان دەرکەوت کە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینییش هەر بۆ ئەوە بووە کە هێزەکانی رێژیم دەرفەتێك بۆ خۆرێکخستنەوە پەیدا بکەن. لە وەزعێکی ئەوتۆ دا دروست نەبوو ناوەندی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات هەروا بێخەیاڵ لە مەهاباد لە بن دەستی پادگانێکی پۆشتەو پەرداخی ئەرتەش و سوپای پاسداران دا بمێنێتەوە. بەتایبەتی کە هەموو بەرزاییەکانی دەورووبەری شاریش بە پێگەو بنکەی نیزامی تەنرابوون. بۆیە هەر لە سەرەتای بەهاری ١٣٥٩وە بیر لەوە کرایەوە کە جێگایەك بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی لە دەرەوەی شارەکان ساز بکرێ. ناوچەی سەرشاخان بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراو هێندێ ژووری قایم، بەڵام بەڕاستی ناخۆش و شەدار کە وەختە بڵێم مەترسییان بۆ گیانی ئینسانەکان لە مەترسیی تۆپ و خۆمپارە کەمتر نەبوو، لە بن زەوی دا دروست کران. دوای ئامادە بوونی چەند دانەیەك لەو ژوورە کەس نەدیتوو، وکەس نەبیستووانە کەم کەم بنکەی دەفتەری سیاسی گوێزرایەوە بۆ ئەو جێگایە. دیارە لە بەر ئەوەی ئەو شوێنە یەکجار کوێستان و بەفرگرە، هەر لە سەرەتاوە روون بوو کە بۆ فەسڵی زستان و بەفر و سەرما بەکار نایە. لە ئاکام دا هەر دوای گوازتنەوە بۆ سەرشاخان ناچار بووین بیر لەوە بکەینەوە کە جێگایەکی گەرمێنتر و لە بارتر بۆ بنکەی زستانیمان بدۆزینەوە.

پاش گەڕان و چاولێکردن چەند جێگای جۆراجۆر سەرەنجام جێگایەك لە نیزیك شێوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت پەسند کراو هێندێ خانووبەرەی باشتری لێ دروست کران کە لە نێوەڕاستی پاییزدا دەفتەری سیاسیی بۆ گوێزرایەوە. لە پاییزی ساڵی ١٣٥٩وە تا پاییزی١٣٦١ بنکەی دەفتەری سیاسی هەر لەو شوێنە کە دوایە بە "دۆڵی دێموکرات" ناوبانگی دەرکرد، مایەوە.

ژیان لە سەر شاخان و شێوەجۆو دوایەش هێندێ شوێنی دیکەی وەك ئالانی سەردەشت و نەڵۆسە لە ناوچەی گەورکی سەردەشت و بێهەنگوین لە ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات ژیانێکی بەڕاستی سەخت و دژوار بوو. چونکە سەرباری ئەوەی کە ئەو شوێنانە لەنێو جەرگەی هێزەکانی دوژمن دا بوون و هەمیشە مەترسیی هێرشی دوژمنیان لەسەر بوو، لەباری پێداویستییەکانی ژیانیشەوە یەکجار ناتەواو بوون. رەنگە تەنیا دوو مانگ ژیان لە

گوندی پشت شکاو لەسەر سنووری عێراق لە شەڕی سێمانگەی ساڵی ١٣٥٨دا لەوە ناخۆشتر و دژوارتر بووبێ. بەڵام بەو حاڵەش نەك هەر ئێستا شانازیی پێوە دەکەین، بەڵکوو ئەودەمیش ورەو هێزی پێدەداین کە لەنێو خەڵکی خۆمان و لەسەر خاکی خۆمانین. هەزار خۆزگە بەو ڕۆژانە.

تاقمی حەوت کەسی

گێرەشێوێنییەکانی حیزبی توودە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا کاری خۆیان کرد. ناکۆکیی لەنێو کۆمیتە ناوەندیدا پەرەی گرت و گەیشتە ڕادەی تەقینەوە. بۆ ئەوەی بەڵکوو بتوانرێ ڕێگاچارەیەك بۆ وەزعەکە بدۆزرێتەوە، کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەیەکی کورتی یەك ڕۆژەی لە گوندی "برایمە" لە ناوچەی مەنگوڕان و لەنیزیك مەهاباد پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا کاك غنی بلوریان کە وا دیار بوو باش قورمیش کراوە، نووسراوەیەکی دووروودرێژی لە باخەڵی دەرهێناو خوێندیەوە کە گۆیا هەمووی ئیفشاگەری لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. پاش تەواو بوونی نووسراوەکەی ـ کە بێشك نووسینی خۆی نەبوو[1] ـ هەڕەشەی کرد کە ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی نەچێتە ژێر باری نەزەرەکانی خۆی و هاوبیرەکانی، ئەو نووسراوەیە بڵاو دەکاتەوە.

باشە ئەوەش بگوترێ کە کاك غنی بۆ ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی بترسێنێ، بە هۆی یەکێك لە قوڵەچۆماغەکانیەوە هێزێکی پێشمەرگەشی هێنابوو لە دەوروبەری شوێنی کۆبوونەوەکە دایمەزراندبوون. بەلام کۆمیتەی ناوەندی و بەتایبەتی ڕەقیبەکانی کاك غنی "لەو دارانە نەبوون بەو پشووە بایانە بلەرزن". بۆیە نەچوونە ژێر باری هەرەشەو گوڕەشەو ئۆلتیماتۆمەکانی کاك غنی. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆچوونەکانی کاك غنی بلوریانی بەخۆبەدەستەوەدان و

---

١ـ کاتێك کاك غنی لەخوێندنەوەی نووسراوەکە تەواو بوو، گوتم کاك غنی دەکرێ بمدەیەی بیخوێنمەوە، گوتی نەخەیر ناکرێ. دەزانم ئەتۆ پێت وایە من تەپڵی "میان تهی"م و هیچم لە دەست نایە. گوتم ئەمن شتی وام نەگوتوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەتۆ کە لە ژیانت دا لاپەڕەیەکت بۆ حیزب نەنووسیوە چۆنە بۆ نووسین دژی حیزب بوویە میرزا مهدیخان، ئەگەر خێرخوایەك بۆی نەنووسیوی.

مەیدان چۆڵ کردن لە قەڵەم دا ـ بەڕاستییش هەر وابووـ و بڕیاری دا لەسەر ڕێبازی خۆی، ڕێبازی سووربوون لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد و چەك دانەنان و تەسلیم نەبوون بەردەوام بێ.

مەسەلێکی کوردی هەیە، دەڵێ ئاسنگەر لە بەیانی‌یەوە تا نیوەڕۆ شاگردەکەی دەنگدا: بیدەمێنە جۆشە، بیدەمێنە جۆشە. نیوەڕۆیە کە هاتەدەر، نێوکەتەشی!! سەرەنجام وەك مەسەلی فارسی دەڵی"کوه موش زائید". هەڕەشەی کاك غنی وەدی هات و لە ئاخر ڕۆژەکانی بەهاری ١٣٥٩دا بەیاننامەیەکی نیزیك بە ٣٠ لاپەڕە بەناوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بڵاو کرایەوە کە کاك غنی بلوریان، دوکتور رحیم سیف قاچی، خوشکە فوزیە قاچی، کاك فاروق کیخسروی، کاك نوید معینی، کاك احمد عزیزی و هێمنی شاعیر ـ کە لە کۆنگرەدا وەك ئەندامی "افتخاری"ی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرابوو ـ ئیمزایان کردبوو.

لەو بەیاننامەیەدا حیزبی دێموکرات بە شەڕەهەڵایسێن و بەستراوە بە بێگانەو زۆر شتی سەیرو سەمەرە ناوبرابوو و کۆماری ئیسلامییش بە ڕێژیمێکی دژی ئیمپریالیستی و پێشکەوتوو ناسرابوو. سەرنج ڕاکێش ئەوەبوو کە ئەوانەی بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو، ناویان لە خۆیان نابوو "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوی کۆنگرەی چوارەم" هۆیەکەشی ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی چوارو لە ئەدەبیاتی کۆنگرەی چوارەم دا لەباری دژی ئیمپریالیستیی شۆرشی ئێران پشتیوانی کرابوو و ئامادەیی بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد دەربڕابوو. ئیدی بیریان لەوە نەکردبۆوە کە ئەو ئەدەبیاتە هیچ کام لەوان کەمترین شوێنەواریان لە نووسینی دا نەبووەو تەواوی ئەو سەنەدانەی لە کۆنگرەی چوارەم دا پەسند کراون و ئێستا ئیدی سیاسەت و بیروبۆچوونی حیزبی دێموکراتن، ئەو کەسانە نووسیویانن کە ئەو جەنابانە بە دەرچوو لە ڕێبازی کۆنگرەی چوارەمیان دادەنێن. هەر لەبەر ئەوەش کە لە ڕاستی دا ئەدەبیاتی کۆنگرەی چوارەمیان وەك خوێندنەوەش باش نەخوێندبۆوە نەیان دەزانی کە کۆنگرەی چوارەم تەئکیدی لەسەر درێژەدانی خەبات و تەسلیم نەبوون لە بەرامبەر زۆرداری دا کردوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە هێندێ نیگەرانیی فیکریی بۆ دڵسۆزانی کورد دروست کرد. بەڵام ئەو نیگەرانی‌یە زۆری نەکێشا. دەفتەری سیاسی هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی

ئەو بەیاننامەیەدا شتێکی زۆر کورتی لە ژێر ناوی "خەیانەتی تاقمی حەوت کەسی"دا بڵاو کردەوە. لەوێ دا وێڕای راگەیاندنی رۆیشتنی ئەو چەند کەسە لە حیزب باسی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی هێنابووە گۆڕێو هیوای دەربڕیبوو کە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانە بە جاش بناسێ. ئەو بەشەی نووسراوەکە هێندێك کەسی دەروێش سیفەت و کەم چیکڵدانەی لەنێو رێبەرایەتیی حیزبیش دا تووڕە کرد. چونکە وادیار بوو ئەوانە بۆ کەسێك کە چەند ساڵ لە ریزەکانی حیزب دا خەباتی کردوە یان چەند ساڵی زیندانی کێشاوە خەیانەتیان بە حەڵاڵ دەزانی.

بە هەر حاڵ کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی خۆیدا کردەوەی "تاقمی حەوت کەسی"ی بە خەیانەت داناو کۆمەڵانی خەڵکیش پێش کۆمیتەی ناوەندی هەڵوێستی لێبڕاوانەی خۆیان گرتبوو. دەفتەری سیاسی کە ئەودەم بنکەی خۆی گوازتبۆوە سەرشاخان داوای لە ئەندامێکی دەفتەر کرد بچێتە مەهابادو خەڵکی بۆ بەشدار بوون لە میتینگێك دا بانگهێشتن بکا، تا سکرتێری گشتی حیزب لە سەر ئەو مەسەلەیە قسە بۆ خەڵك بکا. ئەو هاوڕێیەمان پاش دوو رۆژان هاتەوە گوتی هیچم بۆ نەکرا. ناکرێ لە مەهاباد دژی غنی بلوریان قسە بکرێ. لێی وەجواب هاتم گوتم لە منوتۆ یەکێکمان خەڵکی مەهابادمان نەناسیوە. ئەمن پێم وایە خەڵکی مەهاباد پێش ئێمە غنی بلوریانیان ناسیوەو حیسابی خۆیان لەگەڵ یەك لا کردوە. ئەمن حازرم بچمە مەهابادو خەڵکی دەعوەت بکەم، جا بزانم چەند هەزار کەس کۆ دەبنەوە.

هەر ئەو رۆژە چوومە شارو بە بیاننامەیەکی کورتو بە بڵێندگۆ خەڵکم دەعوەت کرد کە سەعاتی ٤ی ئێوارێ لەمەیدانی چوارچرا کۆ ببنەوە. خەبەریشم ناردەوە سەرشاخان کە دوکتور قاسملوو بێتە مەهاباد. سەعات چوار لە مەیدانی مەهابادو هەموو ئەو شەقامانەی دێنەوە مەیدانەکە دەرزیت هەڵاویشتبا نەدەکەوتە سەر عەرز. کەچی راست لە وەختی دەست پێکردنی بەرنامەکەدا یادداشتێکیان دامێ کە نووسرابوو دوکتور بۆی ناکرێ بێ و دەبێ کۆبوونەوەکە بکەوێتە سبەینێ ئێوارێ.

زۆر بە شەرمەزارییەوە چوومە پشتی میکرۆفۆن و خەبەرەکەم بە خەڵك راگەیاند و وێڕای داوای لێبووردن داوام لێکردن سبەینێ هەر لەو وەختەدا بێنەوە چوارچرا. ئەوی راست بێ هەموو گیانم نیگەرانی بوو. پێم وابوو خەڵکەکە تۆراون و سبەینێ زۆر کەم دێن و نەزەری برادەرەکەم

وەڕاست دەگەڕێ. کەچی سەعاتی چواری ڕۆژی دواتر دیتمان حەشیمەت بە هەزاران کەس زیاتر لە حەشیمەتی ڕۆژی پێشترە. لەبیرمە دوکتور قاسملوو مەسەلەی تاقمی حەوت کەسیی زۆر بە کەم گرت و لەپێش دا لێکدانەوەیەکی لەسەر وەزعی سیاسیی وڵات کرد. دوایە بە چەند دەقیقەیەك باسی ئەو تاقمەی کرد و لە یەك ڕستەدا کورتی کردەوە کە گوتی: فەلسەفەبافیی پێناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە چەك دابنێین یان دانەنێین. زیاتر لە شەست هەزار کەس یەکدەنگ هاواریان کرد: دای‌نانێین.

چەند ڕۆژ دواتر تاقمی حەوت کەسی لێوەشاوەترین و خۆشەویست ترین کەسی خۆیان دانابوو کە قسە بۆ خەڵك بکا. کاك احمد عزیزی ـ کەبە خۆشی‌یەوە ئێستا گەڕاوەتەوە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ـ کادری هەرە زاناو بە وەجی ئەو تاقمە بوو، لە شەڕی سنەش دا بریندار ببوو، بەدارشەقە دەڕۆیشت، ئەویان دیاری کردبوو کە قسە بۆ خەڵك بکا. بەڵام هەرکە ویستبووی باسی دوکتور قاسملوو بکا، ئاپۆرای خەڵکەکە لێی وەدەنگ هاتبوون و قسەیان پێ‌گوتبوو. سەرەنجامیش مەیدانەکەیان چۆل کردبوو.

بەو پێیە تاقمی حەوت کەسی لە ڕاستی دا کەوتنە بەر ڕەق و تووڕەیی خەڵك. بەڵام خۆیان و مامۆستاکانیان بە ئاسانی لە روو نەچوون. ئەوان کە پێیان وابوو ئەگەر هێندێك خۆشخزمەتی بۆ کۆماری ئیسلامی بکەن "ئیمامی ئۆممەت" دڵی نەرم دەبێ و خودموختاری‌یەکیان دەداتێ کە لە لای خەڵکی کوردستان بە ڕووی خۆیانیەوە بگرن، هیچیان تێدا نەهێشتەوە. تۆمەتیان لە حیزبی دێموکرات دا، بوختانیان بۆ هەڵبەست، جنێوی زۆریان پێداو بەوەش دڵیان سوکنایی نەهات جاسووسی‌یان لەسەر کرد. لە جاسووسی‌یەکەش دا ئەوەندە چوونە پێش کە بە نووسراو ئەو "خزمەتە شۆرشگێڕانە"یەیان کرد. لەبیرمە ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە کە بە درۆ تێی دا گوترابوو دوو ئەفسەری بەعسی عێراق بە ناوەکانی سەروان فلان و سەرگورد فلان (ناوەکانم لە بیر نەماون) لە گوندی "بەیرەم" مەشق بە ئەفرادی قاسملوو دەکەن. گوندی بەیرەم کۆنە پاسگایەکی لێبوو کە حیزب کردبووی بە نەخۆشخانەو چەند نەخۆش و بریندارێ تێدا کەوتبوون. هێلی کۆپتێرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی ئەو چاوساغی‌یەی "هاوڕێیان"دا نەخۆشخانەکەیان بە توندی بۆمباران کردو چەند کەس لە بریندارەکانیان بۆ جارێکی دیکە بریندار کردەوە. ئەوی

راست بێ لەبیرم نەماوە کەس شەهید بوو یان نا. بەم جۆرە بۆ هەموو کەسێکی بە ئینساف دەرکەوت ئەو تاقمەو لەو وەختەدا شیاوی لەقەبی جاش و خائین و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە بوون و ڕاستی ئەو ناوانە بۆ ئەو "هاورێ یانە" کالآی بەقەد بالآ بوون.

تازە بوونەوەی شەڕ

هێشتا ساڵی ١٣٥٩ نوێ نەببۆوە کە ئاژاوەگێڕی و لەشکەرکێشی لە شیمال و جنووبی کوردستان دەستی پێکردو بەرەبەرە تەنیەوە تا لە یەکەم مانگەکانی بەهاردا لە زۆر شوێن شکڵی شەڕێکی کۆنەپەرەستانەی قەلآچۆکردنی گەلی کوردی بەخۆیەوە گرت. لە شیمالی کوردستان ئەرتەش بە پشتیوانیی کۆنە دەرەبەگەکان پەلاماری دێنشینەکانی داو بە تانك و تۆپ و فانتۆم و هێلیکۆپتێرو هەموو چەشنە چەکێکی ماڵوێرانکەر جووتیارانی دایە بەر ئاگر. لە جنووبی کوردستانیشەوە بە بیانووی ئەوە کە گۆیا مەترسیی هێرشی عێراق لە گۆڕێ دایەو ئەرتەش دەیەوێ بچێتە سنوورەکان هێزی زۆرو زەوەندو پۆشتەو پەرداخ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان وەڕێ کەوت و لە زۆر شاری وەك سنە، سەقز، بانەو هتد لافاوی خوێنی وەڕێ خست. لە شەڕی دووهەمی شاری سنەدا بە پێی هێندێ ئاماری ناتەواو دوو هەزار و چوارسەد کەس لە خەڵکی بێدیفاع شەهید بوون. سەرهەنگ صدری فەرماندەی پادگانی سنە بە خۆڕانانەوە دەیگوت ئێمە لە هەر سەعاتێك دا چوارسەد گوللە خۆمپارە لە نێو شار دەدەین کە پڕیشکی هەر کامێکیان دووسەد میتر بە چواردەوری خۆی دا بلآو دەبنەوە.

ڕۆژی ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دواجار نامەیەکی سەرئاوەلآی بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی نووسی و پیلانەکانی فەرماندەرانی ئەرتەشی وەبیر هێنانەوە. لەو نامەیەدا داوا لە خومەینی کرابوو کە لە لایەك موافەقەتی خۆی لەسەر شەش ئەسڵی خودموختاری رابگەیەنێ بۆ ئەوەی رێگا بۆ پەیدا بوونی نیازپاکی لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی کوردستان دا خۆش ببێ. لە لای دیکە دەستور بە هێزەکانی ئەرتەش بدا بگەڕێنەوە پادگانەکان و دەست لە ئاژاوەگێڕی هەڵبگرن. لە کۆتایی نامەکەدا هاتبوو:

" ئێستاش کە بەدخوازان سەرلەنوێ وەزعی کوردستانیان ئاڵۆز کردوەو هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە،

حیزبێك كە زۆربەی نیزیك بە تەواوی خەڵكی كوردستان پشتیوانننی، بۆ دواجار هوشـدار دەدەیـن كە ئەگەر پەلاماری ئەرتەش و ژاندارمری و پاسداران بۆ سەربزووتنەوەی كوردستان رانەوەستێ و كوشتاری خەڵكی كوردستان درێژەی هەبێ، پێشمەرگەكان بە پشتیوانین هەموو گـەلی كـورد بـە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان دەكەن و ئاشكرایە لە روانگەی خـەڵكی كوردسـتان و گـەلانی ئێرانەوە بەرپرسایەتیی شەڕی براكوژی لە ئەسـتۆی كاربەدەسـتانی دەوڵـەتی مەركـەزی دەبـێو نەتەوەی كـورد رێگـا نـادا بـە بیـانووی خـەبات دژی ئیمپریـالیزم بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕانە، دێموكراتی و دژی ئیمپریالیستی گەلی كورد سەركوت بكرێ"[1]

شەڕی ئەمجارە شەڕێكی چـەپەڵترو بێبەزەییانـەتر لـە شـەڕی هـاوینی سـاڵی ١٣٥٨بـوو. كۆنەپەرستی نەك هەر هەموو ئیمكاناتی نیزامیی خۆی بۆ سـەركوتی بزووتنـەوەی دێمـوكراتیی خەڵكی كوردستان خستبۆ كـار، بـەڵكوو لـەباری ئـابوریو كۆمەڵایەتییشـەوە شـەڕی خـەڵكی كوردستانی دەكرد.گەمارۆیەكی ئابووریی ئەوەندە توندی خستبۆ سـەر كوردسـتان كـە تەنانـەت دەرمـانی نەخۆشـان و شـیری وشـكی منـداڵانیش بـە ناوچـەكانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە نەدەگەیشت. رێژیم نەخۆشخانەو دەرمانگاكانی بە كردەوە داخستبوو. قوتابخانـەكانیش لەدەسـت كەمبوون یان نەبوونی كەل و پەلی فێركردن دەیان ناڵاند. دیـارە كۆمـاری ئیسـلامی بەوەشـەوە نەوێستاو بەرەبەرە زۆربەی قوتابخانەكانی لادێی داخستن و رێگای نەدا مامۆستاكانی ئـەو جـۆرە قوتابخانانە بچنەوە سەر كلاس. لێرەدا پێویست بوو هاواری خەڵكی زۆرلێكـراوی كوردسـتان بـە گوێی رێكخراوە دێموكرات و پێشكەوتووەكانی جیهان و شەخسییەتە سیاسی‌یە بەشەردۆسـتەكان و ئەنجومەنە ئینسان دۆستەكان و رێكخراوەكانی دیفاع لە مـافی مـرۆڤ بگـا. ئـەوەبوو دوكتـۆر قاسملووی نەمر ئەم نامەیەی خوارەوەی لە رۆژی ١٩٨٠/٤/٢٥ (١٣٥٩/٢/٥)دا بڵاو كردەوە كـە ئەگەرچی دەم و دەست تەئسیرێكی دانەنا، بەڵام بوو بە یەكەم هەنگاو بۆ ئاگاداربوونی دنیـا لـە مەینـەتی خـەڵكی كوردسـتان و دواتـر كۆمـەك و هـاودەردی و هاوكـاریی كۆروكۆمەڵـە ئینساندۆستەكانی بۆ لای گەلی زۆرلێكراوی كوردی ئێران راكێشا:

---

١ـ تلاش در راه تفاهم، انتشارات و تبلیغات حزب دمكرات كردستان، جلد ٢، اسفندماه ١٣٥٩، لاپەڕە ٦٢ـ٦١

"دۆستانی بەرێز!

جارێکی دیکە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە ئێران دا شـەڕێکی تـازەی وێرانکردنـی دژی خـەڵکی کوردستان دەست پێکردوە. هەر ئێستا لە شارەکانی سـنە، سـەقزو بانـە، ئەرتـەش بـە چـەکی مۆدێرنی فانتۆم و هێلیکۆپتێر و تۆپ و تانك خەڵکی کوردستان دەکوتـێ. ئامـانجی دەسـەڵاتی فەرمانڕەوا لەو شەڕە، لەنێو بردنـی بزووتنـەوەی دێمـوکراتیی کوردسـتانە کـە بۆتـە سـەنگەری ئازادیی ئێران. تا ئێستا هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان، ژنان و پیرەپیـاوان و منـداڵانیان لـە شارو گوندەکانی کوردستان دا قەڵاچۆ کردوە. سەدان ماڵ لە شارەکانی سنەو سەقزو بانەدا وێـران بوون. کوردستان لە گەمارۆی ئابووریدایە، نە شـتوومەکی خواردەمـەنی، نەسـووتەمەنی و نـە دەرمان ناگاتە کوردستان. ئێمە داواتان لێدەکەین جارێکی دیکـە دەنگـی بێزاریـی خۆتـان دژی تاوانـەکانی دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوا لـە تـاران بـەرز بکەنـەوە. بـیروڕای گشـتیی جیهـان دژی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئێران کە بە دەستووری سەرکۆمار دەجووڵێتەوە، هان بدەن و ڕێگا نەدەن بوونی نەتەوەیەك کە تەنیا گوناهی دیفـاع لـە دێموکراسـی لـە ئێـران و مـافی نەتەوایەتییـە، بکەوێتە بەر مەترسیی لەنێو چـوون. لـە کۆمـەگی مـادی و معنـوی بـە خـەڵکی زۆرلێکـراوی کوردستانی ئێران دریغ مەکەن. کۆمەك بکەن و مەهێڵن نەتەوەیەك لەبەر چاوی مرۆڤایـەتی لـە خاك و خوێن دا بنێژرێ.

لەگەڵ سلاوێکی زۆر

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

عبدوالرحمن قاسملوو

١٩٨٠/٤/٢٥

## ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران

پێش هەڵگیرسانی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ تـا ئـەو کاتـەی دەفتـەری سیاسـی لـە مەهاباد بوو، ڕۆژنامەی "کوردسـتان" ئۆرگـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە تیراژێکـی زۆردا بـڵاو دەکرایەوەو بۆ هـەموو شـارەکانی کوردسـتان و بـۆ تـارانیش دەنێـردرا. بـەڵام بـەدوای شـەڕی

سیٚمانگەدا جگە لەوە کە ئیمکانی چاپی ژمارەیەکی زۆر و بڵاوکردنـەوەی "کوردسـتان" لـەنێو شارەکان دا نەما،لەراستی دا دەرکردنی رۆژنامە بە شێوەی مانگانەش وەزەحمەت کەوت. وەختی وابوو بە چەند مانگ ژمارەیەکی بەتایپ و پۆلیکۆپی لیبڵاو دەکرایەوە. ئـەویش لـە تیراژێکـی زۆر کەم دا. بەو پیٚیە لە حاڵێك دا ئەرك و بەرپرسایەتییەکانی حیزبی دێموکرات زۆر لـە جـاران زیاتر ببوون، لەباری تەبلیغاتییەوە لە وەزعێکی زۆر نالەبار دا بوو. جگە لەوانەش لەبەر ئـەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون، رۆژنامە نەیدەتوانی ئەلقەیەکی باشی پێوەندی لـە نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵك دا بیٚ.

هەر بۆیە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ را فکر وەڕیٚ خستنی رادیۆیـەك کـە ببێتـە زمـانی حـاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو کادری رێبەرایەتیی حیزب دا سەری هـەڵ دا. پـاش هـەوڵ و تەقەلایەکی زۆر دوو دەزگای گەورەی بیٚسیم کە دەکرا وەك رادیۆ کەلکیان لیٚوەرگیریٚ ، لـەم لاو لەو لا پەیدا کران و یەکێکیان بەشێوەیەکی کاتی وەڕیٚ خراو بە شێوەی تاقیکردنەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرنامە.[1] دوای دەست پێکردنی بەناو وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی گـەلی کـوردو دەوڵەتی مەرکەزیدا هەم لەبەر هێندێك هۆی فەننی و هەم بۆ ئەوەی بڵاوکردنـەوەی بەرنامـەیی رادیۆیی نەبێتە بیانوویەکی دیکە بە دەست نوێنەرانی دەوڵەتەوە رادیۆکە راوەستا. تا لە مـانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩دا جارێکی دیکە رادیۆکـە وەکـار خرایـەوەو بـەناوی"رادیـۆی دەنگـی کوردستانی ئێران" دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد. شایانی باسـە کـە جگـە لـەوەی رادیۆ بۆ ماوەیەك بەرنامەی تاقیکردنەوەی بڵاو کردەوە، بەرنامە رەسمییەکانیشی دووجار دەست پیٚکران. لەپێش دا بۆ سەعاتی نۆی شەو دانرابوو و رۆژی ٢٤ یان ٢٥ی جۆزەردان دەستی بـەکار

[1]ـ کاك کریم حسامی کە لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە تا چەند ساڵ لەمەوبەر قارەمانی هەموو داستانێکە!! لە بیرەوەرییەکانی خۆی دا وەڕیٚخستنی رادیۆش وەك هەموو شانازیەکانی دیکەی حیزب بەناوی خۆیەوە تۆمار دەکا و هەموو رێبەرایەتیی حیزب بە بیٚخەبەر دادەنیٚ. بەش بەحاڵی خۆم ئەوکاتە ئەندامی رێبەری نەبووم و نەخشێکیشم لە وەڕیٚ خستنی رادیۆ دا نەبووە. بەراستیش کاك کریم و هەروەها خوالێخۆشبوو سەید رەسولّی بابی گەورە کە تەنیا کەسە کاك کریم ناوی دەبا لەو پێوەندییەدا زەحمەتی زۆریان کێشاوە. بەڵام ئەو ئیددیعایەی کاك کریم کە گۆیا رێبەرایەتیی حیزب هیچ ئاگای لە کاری پەیدا کردن و وەکار خستنی رادیۆ نەبووە، وەك زۆربەی ئیددیعاکانی ئەو برایە ناڕاستە.

کرد. کەچی پاش دوو رۆژ دەرکەوت لە هێندێ شوێنی زۆر نیزیك نەبێ نەبیستراوە. لە ئاکام دا کادری فەننیی رادیۆ بریاری دا وەختەکەی بگۆڕێ و بیکاتە سەعاتی حەوتی دوای نیوەڕۆ. ئەم قۆناخەی کاری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران رۆژی ٢٧ی جۆزەردانی سالّی ١٣٥٩ دەستی بەکار کرد. رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران کەلێنێکی یەکجار گەورەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕ کردەوە. ئەم رادیۆیە کە بە راستی ببوو بە موونیسی هەموو بنەماڵەیەك لە شارو گوندی کوردستان و بە ئاسانی دەکرا بلێی بە میلیۆن گوێگری ئۆگری هەیە، نەك هەر لەباری تەبلیغاتی‌یەوە هەموو کەم و کۆڕی‌یەکانی نەبوونی رۆژنامەی پڕ کردبۆوە، بەڵکوو لە راستی‌دا وەك کادرێکی چالاکی تەشکیلاتییش کاری دەکردو خەڵکی لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ دەکردەوە. هەم ئۆگریی ئەندامانی حیزب و بەتایبەتی ئیشکەرانی رادیۆ و هەم پێوەندیی گیانیی کۆمەلاّنی خەڵك بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بەڕاستی بێوێنە بوو. پێ‌بەپێی بەرەو پێش چوونی رەوتی بزووتنەوە رێبەرایەتیی حیزب بۆ بەرەو پێش بردنی رادیۆ هەوڵی دا. پێرسۆنێلی رادیۆ بێ‌باك لە هەموو تاڵی و سوێرییەکانی ژیان و مەترسیی بۆمباران و تۆپ باران رۆژ لە رۆژ دڵگەرمتر لەو رادیۆیەدا کاریان دەکرد و کۆمەلاّنی خەڵکیش نەك هەر بە ئۆگرییەوە گوێیان لە هەموو بەرنامەکانی رادیۆ رادەگرت، بەڵکوو هەرکاتێکیش رادیۆ پێویستیی بە کۆمەگی وان هەبوو بە هاواری گەیشتن و فیداکارییان لە پێناو دا کرد. لە ماوەی نیزیك بە پازدە ساڵ کاری رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراندا ئەم رادیۆیە دەوری ١٥ جار جێگای گۆڕی و زۆر جاریش لەسەرشان و پیلی هاونیشتمانانی دڵسۆز دەیان کیلۆمیتر بە چیاو چۆڵ و شیو و دۆڵی کوردستان دا گەڕا تا جێگایەکی قایمتر پەیدا بکا، بەلاّم لەو ماوەیەدا تەنیا یەك رۆژ لە پاییزی ساڵی ١٣٦٢دا کاری نەکرد، ئەویش بە دەزگایەکی بێ‌سیم تا رادەیەك جێی پڕ کرایەوەو بە خەڵك راگەیەندرا کە ئەمڕۆ لەبەر هێندێك هۆی فەننی رادیۆی دەنگی کوردستان بەرنامە بلاّو ناکاتەوە.

بەداخەوە ئەو رادیۆیە کە دوژمن هەرگیز زەفەری پێ نەبردبوو بە دانانی دەیان دەزگای بلاّوکردنەوەی پارازیتیش بێ‌دەنگی نەکرد، لە زستانی ساڵی ١٣٧٣دا بەدەستی دۆستان بێدەنگ کرا و ئەو دۆستە خۆشەویستە لە کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان (هەموو بەشەکانی کوردستان نەك

هەر کوردستانی ئێران) دابڕا. پاش داخستنی چەند رۆژەی بە رواڵەت کاتی‌و مەسەڵەحەتی سەرەنجام رۆژی ٢٧ی رەشەمەی ١٣٧٣، ٨ی مارسی ١٩٩٥ دەستەیەك پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لەسەر داوای کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا لە ئێران دا بنکەی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانیان داگیر کرد و پێشی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆیان گرت.

داخستی رادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن یەکیەتیی نیشتمانیەوە بۆ زۆر کەس و لایەن جێگای سەرسوڕمان و هەر لەو کاتەدا داخ و کەسەر بوو. زۆر حیزب و رێکخراوی سیاسی بە رەسمی نارەزایی خۆیان لە رەفتاری یەکیەتیی نیشتمانی دەربڕی و لەزۆر لاوەش نامەی نارەزایی دەربڕین بۆ سەرکردایەتیی یەکیەتیی نووسران و وێنەکەیان درا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەنێو ئەوانەدا کە نامەیان بۆ یەکیەتیی نیشتمانی نووسی، لە حیزب و شەخسییەتی کوردەوە هەبوو تا رێکخراو و شەخسییەتی ئێرانی و تەنانەت بێگانەش. بەڵام بەداخەوە دیسان یەکیەتیی نیشتمانی لەژێر فشاری کۆماری ئیسلامی‌دا گوێی لە هەموو ئەو داخوازیانە خەواند کە بۆ رێگادان بە بڵاوبوونەوەی سەرلەنوێی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کرابوون.

دیارە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراق بە شێوەی جۆراوجۆر دڵگرانی و نارەزایی خۆیان لە داخستنی رادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و هاودەردیان لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرد. ئەمانە هەموویان وڵامدانەوە بە بانگەوازی حیزبی دێموکرات بوون کە لە بەیاننامەی رۆژی ١٣٧٣/١٢/٢٧دا هاتبوو. ئەمەش دەقی ئەو بەیاننامەیە کە لەژێر سەردێڕی "رەفتارێکی نادۆستانەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان"دا دەرچوو بوو:

*هاونیشتمانە بەرێزەکان!*

*حیزب و رێکخراوە ئێرانی و کوردستانیەکان!*

*کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان!*

*دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری نێوخۆی کوردستانی عێراق دا هەتا دێ، زیاتر پەرە دەگرێ و بێ پەردەتر خۆی دەنوێنێ. ئەم رێژیمە نەك هەر دوژمنی کوردی ئێران، بەڵکوو دوژمنی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانە. هەربۆیەش بە هەموو*

ڕێگایەك دا هەوڵ دەدا ئەم بزووتنەوەیە بێ ئیعتیبار بکا، دەست لە کاروباری وەربدا ئەگەر نەکرا دەستەمۆی بکا، بەلاڕێیی دا بەرێ و تووشی شکانی بکا.

ئەوە چەند مانگێکە کاربەدەستانی ئێران فشارێکی زۆریان خستۆتە سەر یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی " رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران"ی پی دابخەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەڤاڵانی یەکیەتیی نیشتمانی چەند جار داوایان لە ئێمە کرد کە بۆ خۆمان و بۆ پاراستنی بەناو مەسڵەحەتی یەکیەتیی نیشتمانی رادیۆکەمان دابخەین. بەلام ئێمە نەچووینە ژێر باری ئەو داوایە و روونمان کردەوە کە ئەو کارە نەك هەر بە زیانی حیزبی ئێمە و کوردی ئێرانە، بەڵکوو زەبر لە ئیعتیبار و ئابڕووی یەکیەتیی نیشتمانی و بزووتنەوەی کوردی عێراقیش دەدا و شوێنەواری نالەبار لەسەر پێوەندیی برایانەی خەڵکی ئەو دوو بەشەی کوردستانیش دادەنێ.

بە ڕواڵەت هەڤاڵانی یەکیەتی ئەو بۆچوونەیان پێ دروست بوو و ماوەیەك بوو داخوازی داخستنی رادیۆ بێ دەنگەی لێ کرابوو. کەچی بەداخی گرانەوە ڕۆژی ۱۳۷۳/۱۲/۲۷ (۱۹۹۵/۳/۱۸) دەستەیەك لە پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان دەوری بنکەی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانیان داو بۆ ڕازی کردنی یەکێك لە سەرسەخت ترین دوژمنانی گەلی کورد ئەو رادیۆیەیان داخست.

ئێمە لەکاتێك دا پڕ بەدڵ لەو کردەوە غەیرە دۆستانەیەی یەکیەتیی نیشتمانی بەداخین، پێش هەموو شتێك داوا لە یەکیەتی دەکەین برایەتیی کوردی ئێران و عێراق بە وادە و بەڵێنی بەدرۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕێتەوە و دەسبەجێ دەستوور بدا پێشمەرگەکانی یەکیەتی دەوری بنکەی رادیۆ چۆڵ بکەن و ڕێگا بدەن رادیۆکەمان بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی دەست پێ بکاتەوە.

پاشان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کوردستانی ئێران و عێراق کە زیاتر ئۆگری بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانن داوا دەکەین، هەرکامە بە ڕێگای خۆیدا داوا لە یەکیەتیی نیشتمانی بکەن کۆتایی بە داگیر کردنی بنکەی رادیۆی حیزبی دێموکرات بێنێ و نەچێتە ژێر باری فشاری کۆماری ئیسلامی.

*هەر لەو کاتەدا لە کۆروکۆمەڵە سیاسی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان داوا دەکەین فشـار بخەنـە سـەر دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی واز لە دەست تێوەردانی کاروباری نێوخۆی کوردستانی عێراق بێنێ و لەو رێگایەوە فشار لەسەر حیزبی ئێمە و رێکخراوەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی کوردی ئێرانیش کەم بکەنەوە.*

*گومان لەوەدا نیە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو پیلانـە دژی ئینسـانیەی هـەروا بـۆ بچـێتە سەر، لە دوارۆژدا بەوەندە ناوەستێ و دیسان فشار دەخاتە سەر رێکخراوەکانی نێـو بزووتنـەوەی کورد لە عێراق بۆ ئەوەی کاری نادروست تر و نادۆستانەتر و تەنانەت ئابرووبەرانـەش دەرحـەقی خەباتگێرانی کوردی ئێران بکەن.*

*هیواداریـن هەموو حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان، بەتایبـەتی لـە کوردسـتانی عێـراق دا دەنگی خۆیان بخەنە گەڵ دەنگی ئێمە و نارەزایی لەو کردەوەیەی یەکیەتیی نیشـتمانی دەربـبڕن. بێ‌گومان راست کردنەوەی ئەو هەڵەیە پێش هەمووان بە قازانجی یەکیەتیی نیشتمانی تەواو دەبێ و ناهێڵێ رابردووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی یەکیەتی بە کردەوەیەکی وا نارەوا خەوشدار بێ.*

*بە ئاواتی هاودڵی و هاودەنگیی هەموو لایەك.*

*دەفتەری سیاسیی*

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*١٣٧٣/١٢/٢٧ (١٩٩٥/٣/١٨)*[1]

<u>یەکەم شەهیدی کۆمیتەی ناوەندی لەم قۆناغەدا</u>

سەرگورد حەبیب الله عباسی یەکێك لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی کوردی خەڵکی مەهاباد بوو. ئەو لەکاتی راپەڕینی گەلانی ئێران دا لـە تـاران خزمـەتی دەکـرد. هـەر لـەوێ لەگـەڵ حیزبـی دێموکرات پێوەندیی گرت و وەك لایەنگرێکی چالاك دەستی کرد بە تێکۆشان. پاش سـەرکەوتنی

١ـ رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ٢٢٠، لاپەڕە ١، خاکەلێوەی ١٣٧٤ (ئاوریلی ١٩٩٥)

٢ـ بۆ حەقیقەت و تاریخ دەبێ بگوترێ ساڵی ١٣٦١ موجاهیدینی گەلی ئێران لەنێو شاری ورمێ ئەو تاوانبارەیان بە سزای کردەوەی خەیانەتکارانەی خۆی گەیاند.

شۆرش گەڕایەوە مەهاباد و لە بەرنامە دانان و گرتنی پادگانی مەهاباد دا نەخشێکی بەرچاوی یاری کرد.

لە شەڕی سێ مانگەیساڵی ١٣٥٨دا خزمەتی گەورەی بە پێگەیاندنی پێشمەرگە کردو لە بەرەکانی شەڕیش دا لەهەر جێیەك پێویست با، ئامادەی خزمەت و فیداکاری بوو. بۆیە بوو بە خۆشەویستی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا.

دوای کۆنگرە سەرگورد عباسی بوو بە بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد. دوژمن زۆری لێ دەخەفتا و هەمیشە لە پیلانگێڕان دا بوو بۆ ئەوەی بتوانێ لەنێوی بەرێ. سەرەنجام کۆماری ئیسلامی زەفەری پێ برد. ڕۆژی **٣١**ی خەرمانانی **١٣٥٩** پاسدارێکی خەڵکی ورمێ کە گۆیا دوستی سەرگورد و عامیلی نفووزیی ئەو لەنێو ڕێژیم دا و لەگەڵ پاسدارێکی دیکە دەچنە شوورای نیزامی و داوای چاوپێکەوتنی سەرگورد دەکەن. سەرگورد ئیجازەی چاوپێکەوتن بە بەناو "هەوکار"ەکەی خۆی دەداو کابرا بە چەکێکی ئوتوماتیکەوە ڕێگا دەدرێ بچێتە ژووری سەرگورد. پاش چەند دەقیقە ناوبراو دەستڕێژ لە سەرگورد و هاوکارەکانی دەکاو دەسبەجێ سەرگورد و هاوکارێکی بەناوی سەروان احمد چلبی دەکوژێ و دەردەپەڕێ.

پاش ئەنجامی ئەو عەمەلیاتە هەردوو پاسدار بەرەو پادگانی مەهاباد را دەکەن و پێشمەرگەکانیش وەدوایان دەکەون. لە ئاکامی تەقەی پێشمەرگەکان دا پاسدارێك دەکوژرێ. بەڵام تاوانباری ئەسڵی خۆی دەگەیەنێتە پادگانی مەهاباد. مەرگی سەرگورد عەبباسی داخێکی گرانی لەسەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دانا و سەنەدێکی دیکەی خستە سەر پەروەندەی پڕ لە غەدر و خەیانەتی دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەتی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئاخوندی.

### شەڕی ئێران و عێراق

هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە ئەم ڕێژیمە نێوانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق خۆش نەبوو. زۆر لە لایەنگرانی ئایەتوڵڵا خومەینی و شەخسی خۆشی، جواب کردنی خومەینی لە عێراقیان لە ساڵی **١٣٥٧**دا وەك دوژمنایەتیەکی گەورەی عێراق دەرهەقی ڕێژیمی

ئیسلامیی ئێران تەماشا دەکرد و لە هەوڵی تۆڵە ئەستاندنەوە بوون. زۆر جاریش دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی لە خوتبەی نوێژی جومعەو قسەکانی دیکەیان دا باسی پێویستیی رزگار کردنی عێراق و رووخاندنی رێژیمی بەعسییان دەکرد. لەو لاشەوە عێراق کە بە شێوەیەکی گشتی کەم وابووە نێوانی لەگەڵ ئێران خۆش بێ و زۆرجار لە مێژوودا ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران سەریان کێشاوەتە شەڕ و پێك هەڵپڕژان، بە هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامی زۆر سەرخۆش نەبوو. لەلای دیکەشەوە، ئەو بێ سەرەوبەرەیییە کە پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران دا پێك هاتبوو، رەنگە بۆ دەوڵەتی عێراق وەك دەرفەتێك چاو لێ کرابێ، بۆ ئەوەی تای تەرازوو لە کێشەی دەیان ساڵەی نێوان دوو وڵات دا بەلای خۆی دا داشکێنێ.

هەمووی ئەمانە پێوەندیی نێوان ئێران و عێراقیان رۆژ بە رۆژ بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەبرد. بەتایبەتی ئاژاوە نانەوەو تۆپ باران و تەنانەت بۆمبارانی هەوایی پاسگا سنووریەکانی عێراق لە جنووب لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە، وەزعەکەی زیاتر ئاڵۆز کردبوو. کار گەیشتە جێگایەك کە سەرۆکی ئێستای عێراق لەبەرچاوی بیروڕای گشتیو لە بەرامبەر دووربینەکانی تەلەویزیون دا رێککەوتننامەی ساڵی ۱۹۷۵ی ئەلجەزایری دادڕی و یەك لایەنە ئەو رێککەوتننامەیەی هەڵوەشاندەوە.

بەدوای ئەو رووداوەدا پێوەندیی نێوان دوو وڵات ئاڵۆزتر بوو و ناکۆکیەکان شێوی ئاشکراتریان بەخۆوە گرت. سەرەنجام رۆژی ۳۱ی خەرمانانی ۱۳۵۹ (۲۲ی سێپتامبری ۱۹۸۰) ئەرتەشی عێراق پەلامارێکی بەربڵاوی بۆ سەر خاکی ئێران دەست پێ کرد و لەماوەی چەند رۆژێکی کەم دا پێوانەیەکی بەربڵاوی لە ناوچەکانی جنووبی وڵاتی ئێمە داگیر کرد. بەم جۆرە ئێران و عێراق بە رەسمی کەوتنە حاڵەتی شەڕەوەو بۆ ماوەی هەشت ساڵ بە هەموو توانای نیزامیی خۆیانەوە یەکتریان پەلامار دا. شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی پڕ تەلەفات ترین شەڕی ناوچەیی بوو. جگە لەوەش زەبرێکی زۆر توندی لە ئابووریی هەردوو وڵاتدا کە رەنگە تا دەیان ساڵی دیکەش هیچ کامێکیان نەتوانن پشت لەژێر باری ئاکام ناڵەبارەکانیدا راست بکەنەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی باسە نە لێکدانەوەی هۆیەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە، نە دیاری کردنی تاوانباری ئەسڵی لە هەڵگیرسانی شەڕدا و نە بەراوردی زیانەکانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرەیە. ئەو کارە لە حەوسەڵەی ئەم نووسینەو توانای نووسەر بە دەرەو دەبێ لایەنی پسپۆڕو لێزان و شارەزا قۆڵی لێ هەڵماڵن. ئەوەی لێرەدا جێی باسە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بەو شەڕە وەڵامی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە هەڵوێستی مەسئوولانەی حیزبەکەمانە.

*"کۆمیتەی ناوەندیی حیزب چەند رۆژ دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق لە پەیامێکی رەسمیدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر ئێرانی مەحکووم کرد و رای گەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی داخوازە بنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستان بە رەسمی بناسێ، حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. کۆمیتەی ناوەندی هەر لەو کاتەش دا ئاشکرای کرد کە پەلاماری عێراق بۆ سەر ئێران تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیە کە هەمیشە باسی ناردنەدەری شۆرشیان کردوەو خەڵکی وڵاتانی دراوسێیان لەدژی دەوڵەتەکانیان هان داوە. دیارە نیازپاکیی ئێمە وەك هەمیشە بێ وەڵام مایەوەو تەنانەت ئەنجامی پێچەوانەشی هەبوو. چوونکە دوا بەدوای ئەو پەیامە هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ سەر خاکی کوردستان توندوتیژتر بوو".*[1]

حیزبی ئێمە وەك هیندێك رێکخراوی دیکەی سیاسی تووشی وڵاتپارێزیی بە درۆ (میهن پرستی کاژب) نەبوو، و بە قازانجی دەسەڵاتدارانی رێژیم رۆڵەکانی خۆی بە کوشت نەدا.[2] بەڵام

---

١ـ راپورتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی پێنجەم، سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠، لاپەرە ٢٠.

٢ـ هیندێ حیزب و رێکخراوی وەك توودە و موجاهیدین بێ قەید و شەرت هێزەکانی خۆیان نارده بەرەکانی شەڕی ئێران و عێراق. بەڵام رێژیمی ئیسلامی نەك هەر ئەو کارەیان بە هەنگاوێکی نیشتمان پەروەرانە حیساب نەکرد بەڵکوو هەر لە بەرەکانی شەڕدا لە پێشەوە تێکۆشەرانی ئەوانی دایە بەر دەستڕێژ و زۆر کەسی بە غەدر و خەیانەت لێ کوشتن.

لەماوەی هەشت ساڵ شەڕی نێوان دوو دەوڵـەتی ئێـران و عێـراقیشدا هـیچ کاتێـك هەڵوێسـتی نیشتمانپەروەرانەی خۆی وەلا نـەنا، هـەرگیز لەگـەڵ هێزەکـانی ئەرتەشـی عێـراق عەمـەلیاتی هاوبەشی بەدژی ئەرتەشی ئێران ئەنجام نەدا و زۆر جـاریش بەتونـدی و بـە راشـکاوی پـەلاماری هەوایی ئەرتەشی عێراق بۆ سەر شارەکان و شوێنە بێدیفاعەکانی مەحکووم کرد.

دیارە لەماوەی هەشت ساڵی شەڕی ئێران و عێـراق دا حیزبـی دێمـوکرات وازی لـە بـەرگریی چەکدارانەی بەدژی پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی نەهێنا. بەڵام ئـەو شـەڕە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ بەکرێگیراوانی کونەپەرستی دەیکرد، هەم لە نێـوەرۆك و هەم لە ئامانجەکانیدا بەتەواوی لەگەڵ شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لێك جیاواز بوون. لـەحاڵێك دا شەڕی ئەوان شەڕێکی کلاسـیکی جەبهـەیی بـوو، شـەڕی حیزبـی دێمـوکرات بـەدژی هێـزی سەرکوتکەر شەڕێکی بەرتەسکی پارتیزانی بوو و لە حاڵێك دا شەڕی ئەو دوو دەوڵەتە لە هەردوو لاوە شەڕێکی دەستدرێژی کەرانە و مەزنیخوازانـە بـوو، شـەڕی خـەڵکی کوردسـتان شـەڕێکی دیفاعی بوو بە مەبەستی پاراستنی مافی گەلی کـورد و ناچـار کردنـی ڕێـژیمی دەسـەڵاتدار بـە بەرەسمی ناسینی مافی نەتەوایەتیی ئەو گەلە لە چوارچێوەی ئێران دا.

## کاروباری کۆمەڵایەتی

لە پێشەوە باسمان کرد کە ڕێژیمی ئیسلامی دووهەم شـەڕی کوردسـتانی لەگـەڵ گەمارۆیـەکی توندی ئابووری بۆ سەر کوردستان تێکەڵ کـرد و لـەباری خـۆراکی و دەرمـان و لـەش سـاغی و پەروەردە و فێر کردنەوە بێ بەشیەکی زۆری بەسەر کوردسـتان دا سـەپاند. لـە حاڵـەتێکی وا دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران وەك بەڕێوەبـەری بزووتنـەوەی هەقخوازانـەی گـەلی کـورد پێویست بوو بە پێی توانا لە فکـری رایی‌کردنـی گیروگرفتـە کۆمەڵایەتیـەکانی خـەڵك دا بـێ. شتێکی سروشتییشـە کـە وەختێـك هـەزاران کیلـۆمیتر لـە خـاکی کوردسـتان لـەژێر دەسـتی پێشمەرگەدا بوو، ڕۆڵەکانی گەل بۆ چارەسەر کردنی هەموو ناکۆکیەکانی خۆیان سـکالایان بـردە بەر بنکەکانی پێشمەرگەو ڕێکخراوەکانی حیزب.

بۆ ڕاگەیشتن بەو مەسەلانە پێویست بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم ئۆرگـانێکی تایبـەتی تـەرخان بکـا و هـەم قـانوون و ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ چارەسـەری گیروگرفتـە

کۆمەڵایەتیەکان دابنێ. هێشتا بنکەکانی حیزب لە شارەکان بوون کە حیزبی دێموکرات کەوتە فکری دانانی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی. بەتایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیم مافی خوێندن بە زمانی زگماکیی بۆ منداڵانی کورد بەرەسمی بناسێ. بەڵام کاتێك دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و مەدرەسەکانی لادێی داخستن و نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی (کە هەر لەجێش دا زۆر کەم بوون) بێ دوکتور و دەرمان هێشتەوە، ئەرکی حیزب قورستر بوو و بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێ خستنی قوتابخانەکانی لادێ و هێندێ نەخۆشخانەو دەرمانگا بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندارەکان پێویستیەکی زیاتری پەیدا کرد.

لێرەدا بوو کە حیزب کۆمیسیۆنێکی بەناوی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی دامەزراند. کاری ئەو کۆمیسیۆنە سەرپەرستیی قوتابخانەکان و کاری پەروەردە و فێرکردن، وەڕێ خستن و ئیدارەکردنی نەخۆشخانە و دەرمانگاکان و ڕاگەیشتن بە ناکۆکی‌یەکانی خەڵك لەسەر مەسەلەی ئاو و زەوی‌و زار و هەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکە بوو. کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپەراندنی کاری خۆی کۆڕی پەروەردە و فێرکردن و بەشێکی قەزایی پێك هێنا و بە هاوکاریی هێندێك پسپۆڕو لێزان قانوونێکی سزادانی گشتیی دانا کە تێکەڵاو بوو لە قانوونی مەدەنیی وڵات و هێندێ مەسەلەی تایبەتیی کوردستان.

شاراوە نیە کە چارەسەریی ئەو هەموو گیروگرفتە لەگەڵ ئەو هەموو بێ‌ئیمکاناتی و بێ ئەزموونیە کارێکی چەند سەخت و دژوار و تاقەت پڕووکێنە. بەو حاڵەش حیزبی دێموکرات لەو مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا و خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێ خستنی قوتابخانەکان کرد و لەباری لەش ساغی و دەرمانیشەوە تا ڕادەیەکی زۆر خەڵکی لە تەنگانە ڕزگار کرد. هەر لێرەدا پێویستە ڕێز لە دڵسۆزی و فیداکاریی ئەو هاونیشتمانە کورد و غەیرە کوردانە بگیرێ کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم تەنانەت لە پێتەختیشەوە بە کارتون و تەنانەت بە کامیۆن دەرمان و کەل وپەلی پزیشکی‌یان کۆ دەکردەوە و بە قاچاغی و دوور لە چاوی دوژمنانی ئازادی دەیان گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان.

کاری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن دا بەرهەمی باشی بەدەستەوە دا. *"لە ساڵی خوێندنی ٦٠ـ ١٣٥٩دا لە هەموو ناوچە رزگارکراوەکان بەپێی توانا بەشێك لە قوتابخانەکان کرانەوە و بۆ نموونە لە ناوچەی مەهاباد ژمارەی ئەو قوتابخانانەی بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپرسراوانی حیزب کرابوونەوە لە ١٤٠ قوتابخانە زیاتر بوو"*[1] لە زۆربەی ناوچە رزگارکراوەکان دا کلاسی پێگەیاندنی مامۆستا "تربیت معلم" وەڕێ خراو بۆ ساڵی خوێندنی ٦١ـ١٣٦٠ لە هەموو ناوچەکان دا ژمارەیەکی زۆر زیاتر قوتابخانەی لادێ بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزب و فیداکاری مامۆستایانی شۆرش لە کچ و کوڕ وەڕێ خران و تەنانەت لە هێندێ جێگا قوتابخانە بۆ منداڵان دانرا کە پێشتر هیچ وەخت قوتابخانەی دەوڵەتیان لێ نەبوو.

شایانی باسە لە ساڵەکانی ٦٠تا٦٢دا کتێبە دەرسیەکانی پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی بە زمانی کوردی ئامادە کران و بە چاپ گەیشتن و لە قوتابخانەکانی ناوچەی رزگارکراودا بەرەبەرە خوێندن بە زمانی کوردی جێی خۆی گرت. لەوکاتەوە تا ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرپرسایەتیی خوێندنی منداڵانی کادرو پێشمەرگەی لە ئەستۆیە و بە چەشنێکی جێگای ڕەزامەندی و شانازی ئەو ئەرکە پیرۆزە بەجێ دەگەیەنێ.

لەبواری دەرمانی و لەش ساغیدا لە ڕۆژەکانی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ڕا حیزب دەستی کرد بە وەڕێ خستنی لانیکەمی نەخۆشخانە و دەرمانگا و بەرەبەرە لەباری چەندی و چۆنییەوە پەرەی پێدان. کار گەیشتە جێگایەك کە لە ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٢دا لە زۆر ناوچەکانی کوردستان بەشی هەرە زۆری پێداویستییە دەرمانیەکانی خەڵك لە نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی حیزب دابین دەکرا.

لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری لەش ساغی و دەرمانیدا شەرتی وەفاداری و ئەمەگناسییە کە یارمەتی و هاوکاریەکانی دوو ڕێکخراوی پزیشکیی فەڕانسەیی بەناوەکانی ئیدمیدیکاڵ ئەنترناسیۆنال (یارمەتییە دەرمانیە نێونەتەوەییەکان)و میدسەن دومۆند (پزیشکانی جیهان) بەڕێز و حورمەتەوە وەبیر بێنینەوە. ئەو دوو ڕێکخراوە بەشەردۆستانە، یەکەمیان لە ساڵی

1ـ راپورتی کۆنگرەی ناوەندی بۆ کونگرەی پێنجەمی حیزب، سەرماوەزی ١٣٦٠ ـ لاپەرە ٦٥.

١٣٦٠و ئەوی دیکەیان لە ساڵی ١٣٦٢ەوە بە هاواری خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانی ئێرانەوە هاتوون. لەو کاتەوە تا ئێستا بە دەیان ئەکیپی پزیشکیان ناردۆتە نەخۆشخانەکانی حیزب، بە هەزاران پێشمەرگەیان عەمەل کردوە کە زۆریانیان لە مەترسیی مەرگ نەجات داوە، بە دەیان هەزار نەخۆشیان دەرمان کردوەو چەندین تۆن دەرمان و کەل وپەلی نەخۆشخانەیان لە خێرخوازانی وڵاتی خۆیان و وڵاتە ئوروپاییەکانی دیکە کۆکردۆتەوە و گەیاندوویانەتە خەڵکی کوردستان.

گرینگیی کاری ئەو دۆستانە ئەو کاتە باشتر دەردەکەوێ کە هەڵوێستی ئینسانیی وان لەگەڵ هەڵوێستی پزیشکە کوردەکان بەراورد بکەین. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تەنیا چوار پزیشکی کورد لە نەخۆشخانەکانی حیزب دا خزمەتی نەخۆش و برینداری کوردیان کردوە کە ئەوەی لە هەموان زیاتر ماوەتەوە دەوروبەری دوو ساڵ و ئەوی کەمتر ماوەتەوە نزیك بە تەنیا مانگێکی کار بۆ نەخۆشخانەکانی ناوچەی رزگارکراو کردوە. لێرەدا سپاس بۆ خزمەتی ئەو چوار پزیشکە کوردە و سێ پزیشکی غەیرە کوردی ئێرانی کە هەرکامیان ماوەیەکی چەند مانگی کاریان لە نەخۆشخانەکانی حیزب دا کردوە. بەڵام هەزاران سوپاس و پێزانین و ئەمەگناسی بۆ دوو رێکخراوی A.M.I و M.D.M کە لە هەزاران کیلۆمیتر دوورترەوە بە هاواری خەڵکی کوردستان گەیشتوون و بە هەزاران سەعات لەبن سەری نەخۆش و برینداری کورد دا دانیشتوون.

کاروباری قەزایی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیش ئەگەرچی نایشارمەوە لە هێندێ بارەوە زیانی زیاتر لە قازانجی بوو، [1] بەڵام خزمەتی زۆر گەورەی بە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هاونیشتمانان کردوە. تەنانەت پاش ئەوەش کە ناوچەی رزگارکراو لەدەستی پێشمەرگەدا نەماوە، زۆر لە هاونیشتمانان چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکییەکانیان هێناوەتە لای حیزب و لەسەر دەستی بەشی قەزایی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی یەك لایان کردوون. ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەکی یەکجار روونی خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات لەنێو دڵ و دەروونی کۆمەڵانی گەلی کورد دایە.

---

١ـ بۆ نموونە وەختێك وای لێ هاتبوو رووت کردبایە هەر کۆمیتەی شارستانێك چەند ژنە هەڵگیراوت دەدیت کە دەبوو بەرپرسانی حیزب مشووری مەسڵەت کردنیان بخۆن، لەکاتێك دا پێشتر ئەوانە دەچوونە ماڵە مەلا و ماڵە پیاوماقووڵەکان و بێ دەخالەتی دەزگا دەولەتییەکان بەپێی عورفی خۆولاتی مەسڵەتیان دەکرد و زۆریش باشتر بوو. بەهیچ جۆر دروست نەبوو وەختی کادرەکانی حیزبی بۆ چارەسەری ئەو جۆرە مەسەلانە تەرخان بکرێ.

لە کارەکانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، یەکی دیکەش راگەیشتن بە مەسەلەی زەوی و زار بوو. بێجگە لەوە کە کێشە و ناکۆکی‌یەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی زەوی و زارەوە دەهاتنە بەشی قەزایی، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ناوچە سەدان هەکتار زەویی بەسەر دێنشینە بێ زەوی و کەم زەویی‌یەکاندا دابەش کرد، ئەمەش هەرچەند لەگەڵ جۆرە کەم و کۆڕیی‌یەك تێکەڵ بوو. بەڵام بەهەرحاڵ جۆرێك جێ‌بەجێ کردنی ئەو بەندەی بەرنامەی حیزب بوو کە دەڵێ:

*"زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا. بۆیە پێویستە لە شێوەی ئێستای مالیکییەتی زەوی‌دا ئاڵوگۆڕێکی گرینگ بە قازانجی دێنشینانی زەحمەتکێش و بێ زەوی رووبدا".*

موجاهیدین و شوورای نیشتمانی بەرگری

رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران کە یەکێك لە دوو رێکخراوی گەورەو بە نفووزی سەرانسەری لە ئێران بوو، لە سەرەتای هاتنە سەرکاری رێژیمی ئیسلامی‌دا زیاتر لە رێکخراوەکانی دیکە خۆی لە رێژیمی تازە بە نزیك دەزانی. هەوڵی ئەو رێکخراوە ئەوەبوو کە لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی تووشی بەربەرەکانیی توندوتیژ نەبێ و لە رێگای تێکۆشانی سیاسی‌و هەڵبژاردنی ئازادەوە دەسەڵات وەدەست بێنێ. یان لە دەسەڵات دا بەشدار بێ.

هەربۆیە لە سەرتای کاردا لەگەڵ ئەوەی موجاهیدین لە مەیدانی سیاسی‌دا زۆر چالاك بوون، هەوڵیان دەدا خۆیان لەو حیزب و رێکخراوانە کە بەجۆرێك موخالەفەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی فەرمانرەوا دا دەکرد، دوور رابگرن. بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر لە ساڵێك دوای دامەزرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٥٩دا گەڵاڵەیەکی بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی بڵاو کردەوە. لەو گەڵاڵەیدا هێندێ ئامانجی هاوبەشی هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکان باس کرابوون و لە هەمووان داوا کرابوو گەڵاڵەکە بخەنە بەر لێکۆڵینەوەو موتالاو تێ بکۆشن لەسەر هێندێك ئامانجی هاوبەش رێك بکەون و بەرنامە و خەباتێکی یەکگرتووانە بۆ نەجاتی ئێران لەو مەترسی‌یانە کە هەڕەشەیان لێی دەکرد، دابنێن.

ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کە لەگەڵڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا گونجابوون، بریتی بوون لە: کۆتایی هێنان بە نفووزی سیاسی، ئابووری، نیزامی و فەرهەنگیی ئیمپریالیزم، دابین کردنی دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێران دا، دابین کردنی مافە

سیاسی و ئابووریو كۆمەلآیەتی‌یەكانی كرێكاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتكێشانی شار و لادێو دابین كردنی مافە نەتەوایەتی‌یەكانی گەلانی زۆرلێكراوی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێكی ئازاد و سەربەخۆدا.

لەگەڵلەكەدا هاتبوو كە یەكەم جار ئەو بەرەیە لە ڕێكخراوی موجاهیدینی گەل، ڕێكخراوی چریكە فیدایی‌یەكانی گەلی ئێران و حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران پێك دێ. كەچی موجاهیدین بۆ پاراستنی ئەو وەزعە كە لە تاران بوویان لەو بارەیەوە هاوكاری‌یان نەكردو حازر نەبوون لەسەر چوندوچۆنی بەرەو بەرنامە و ئامانجەكانی وتووێژ بكەن. ئەوە لەكاتێك دا بوو كە لەجیٚدا موخالیفی پێك هێنانی بەرەش نەبوون.

بەلآم ئەو هەلۆێستە دۆستانەیەی موجاهیدینیش هەروەك نیازپاكیی حیزبی دێموكرات و گوێ لە مستیی هێندێك ڕێكخراو لەلایەن كۆماری ئیسلامییەوە بە پاوانخوازیو سەركوت وەلآم درایەوەو بەرەبەرە موجاهیدین تەنگیان پێ هەڵچنا و ناچار بوون كەم و زۆر روو بكەنە خەباتی نهێنی. لێرەدا پێوەندی‌یەكی نزیكتر و پتەوتر لەنێوان موجاهیدین و حیزبی دێموكرات دا دەستی پێ كرد. لە زستانی ساڵی ١٣٥٩دا كاتێك سكرتێری گشتیی حیزب لە سەفەری دەرەوەی وڵات بوو، لەسەر داخوازی موجاهیدین چاوی بە نوێنەرێكی وان كەوت و لاپەڕەیەكی تازە لە پێوەندیی نێوان دوو ڕێكخراودا كرایەوە.

هەر لەو ساڵەدا بڵاوكراوەی **"مجاهد"** وتووێژێكی دووردرێژی لەگەڵ دوكتور قاسملووی نەمر پێك هێناو بڵاوی كردەوە. ئەو كاتە **"مجاهد"** بە شێوەیەكی نیوە ئاشكراو نهێنی لە سەدان هەزار نوسخەدا لە سەرتاسەری ئێران دا بڵاو دەكرایەوە. ئەو كارەی **"مجاهد"** ئەو پیلانی بێدەنگی‌یەی تێك شكاند كە بەدژی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی كورد و حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران وەڕێ خرابوو. ڕێژیمی ئیسلامی دەیەویست خەڵكی ئێران لە ڕووداوەكانی كوردستان بەتەواوی بێخەبەر بن. بۆیە نە بۆخۆی لە دەزگا تەبلیغاتی‌یەكانیەوە دەنگ و باسی كوردستانی بڵاو دەكردەوەو نە ڕێگای دەدا لە نووسراوەی حیزب و ڕێكخراوەكانی دیكەش دا شتێك لەو بابەتە بڵاو بێتەوە. هەربۆیە بڵاو كردنەوەی وتووێژی دوكتور قاسملوو لە **"مجاهد"**دا بە هەق

کارێکی ئازایانه بوو، که کۆمەکێکی زۆری بە روون کردنەوەی زەینی هاونیشتمانان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان کرد.

پێ بەپێی ئالۆزتر بوونی پێوەندیی نێوان موجاهیدین و دەوڵەتی مەرکەزی، پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و موجاهیدین بەرەو پێش دەچوو. لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا موجاهیدین خۆپێشاندانێکی گەورەیان لە تاران وەڕێ خست. پێشتر ئەوان و هێندێ ڕێکخراوی دیکە رایان گەیاندبوو کە میتینگێك بەمەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە لابردنی ئاغای بنیصدر لە پۆستی فەرماندەری گشتیی هێزەکان بەرپا دەکەن.[1] بەڵام کاتێك ڕێژیم ڕێگای ئەو میتینگەی نەدا، موجاهیدین خۆپێشاندانی رۆژی ٣٠ی جۆزەردانیان وەڕێ خست. ڕێژیمی خومەینی کە لەلایەك لە دەربڕینی هەر دەنگێکی ناڕەزایی زراوی چووبوو و، لەلای دیکەش تا رادەیەك جێپێی خۆی بە قایم دەزانی بە دژی ئەو خۆپێشاندانە دەست بەکار بوو. هەزاران کەس لە ژـ٣ بەدەستانی رژاندە سەر شەقام و ئیجازەی تەقە لە خۆپێشاندەرانی پێ دان. بەپێی ئەو ئامارانەی کە ئەودەم بڵاو کرانەوە بە هەزاران کەس لە خۆپێشاندەران کوژران، بریندار بوون یان گیران و رەوانەی زیندان کران. بەدوای ئەو رووداوەدا دوژمنایەتی نێوان موجاهیدین و ڕێژیمی خومەینی شێوەی رەسمی و ئاشکرای بەخۆوە گرت و ئیدی موجاهیدین ناچار بوون تاکتیکی بەربەرەکانیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم تا رادەیەکی یەکجار زۆر دەسکاری بکەن. شایانی باسە رۆژی ١٣٦٠/٤/١ ئاغای بنیصدر لە پۆستی سەرکۆماریش دەرکرا.

دوای ئەو رووداوە لە مانگی پووشپەڕی ١٣٦٠دا دەستەیەك لە موجاهیدین خۆیان گەیاندە کوردستان و لەپەنای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات جێگیر بوون. حیزب بە باوەشی گەرم و ئاوەڵا ئەو موجاهیدانەی وەرگرت. هەموو ئیمکاناتی جێگا و ڕێگا و ژیان و حەوانەوەو چەك و تەقەمەنیی بۆ دابین کردن و لەراستیدا لە هەموو بارێکەوە وەك بەشێك لە حیزبی دێموکرات و نەك وەکوو پەنابەرو میوان چاوی لێ دەکردن.

---

١ـ ئاغای بنیصدر رۆژی ٢٠ی جۆزەردان لە پۆستی فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکان دەرکرابوو.

بەدوای ئەوەدا موجاهیدین داوایان کرد بەرنامەیەکی رادیۆیی لە دەزگاکانی "فرستندە"ی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو بکەنەوە. حیزب بە دڵێکی فرەوانەوە لەگەڵ ئەو داوایەش رووی خۆشی نیشان داو بەرنامەی رادیۆیی موجاهیدین دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد. لەو لاشەوە موجاهیدین دەنگ وباسی کوردستانیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە بڵاوکراوەی ئۆرگانی خۆیان دا بڵاو دەکردەوەو بە کورتی پێوەندییەکی باشی هاوکاری و دۆستایەتی لەنێوان دوو رێکخراو دا بەرقەرار بوو.

کاتێك لەساڵی ١٣٥٩دا ناکۆکی لە نێوان ئاغای بنیصدر و ئاخوندەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا پەیدا بوو، یان باشتر بڵێین خۆی دەرخست، سەرکۆمار بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە رەقیبەکانی بەهێز بکا لە موجاهیدین نزیك بۆوە. ئەوانیش لەسەر یەك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتی کۆنەپەرستانەو پاوانخوازانەی ئاخوندەکان ئامادەییان بۆ هاوکاری لەگەڵ بنیصدر و پشتیوانی لە سیاسەتەکانی هەبوو. لەوە زیاتر، حیزبی دێموکراتیش لە میتینگێکی دەیان هەزار کەسیدا رایگەیاند کە ئەگەر ئاغای سەرکۆمار داخوازەکانی گەلی کورد بە رەسمی بناسێ و رایبگەیەنێ، حیزب بەرامبەر بە ئاخوندەکانی نێو دەسەڵات پشتیوانیی لێ دەکا.[1]

بەڵام ئاغای بنیصدر وەك مەسەلەی کورد دەڵێ: "لە ناڵێشی دەدا و لە بزماریش". ئەگەر لەلایەك بۆ راکێشانی سەرنجی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و هێندێك هەڵوێستی پێشکەوتووانەی وەك قبووڵکردنی شەش ئەسڵی خودموختاریی لەخۆی نیشان دەدان، لەلای دیکە لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەگەر بکرێ دڵی تاقمێك لە ئاخوندەکان و هەر نەبێ ئایەتوڵڵا خومەینی بەدەست بێنێ. بۆ نموونە هەر لە پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان دا ئەوە ئاغای بنیصدر بوو کە فەرمانی دەدا هەتا ئاخر پێشمەرگەی کورد چەك نەکرێ، سەربازەکان نابێ پۆتینەکانیان داکەنن.

---

١ـ ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە لەو هەڵوێستەی حیزب پەژیوانم. چونکە نە ئاغای بنیصدر بۆ دابین کردنی مافەکانی گەلی کورد کارێکی لەدەست دەهات، نە رێژیمیش رێژیمێکی دێموکراتی بوو کە لەبارەی سەرکۆمارەوە پرس بە بیروڕای گشتی بکا، تا پشتیوانی ئێمە و خەڵکی کوردستان بۆ ئاغای بنیصدر هەبێ.

ئیدی وەك لە میتینگێك لە مەهاباد دا گوتمان بیری لەوە نەکردبۆوە کە بەستەزمانانە لاق و لەتەریان لە پۆتینەکان دا بۆگەن دەکا.

هەر لەبەر ئەو رارایییەی ئاغای بنیصدر، کاتێك پێش وەلانرانی لە پۆستی سەرکۆماری داوای لە ئاغای مسعود رجوی کرد شوورایەکی بەرگری پێك بێنێ و بەرنامەیەکیشی بۆ ئەو شوورایە پێشنیار کرد، حیزبی دێموکرات پێشوازییەکی لەو دەست پێشخەرییە نەکرد. دیارە لەبەر خاتری دۆستایەتیی موجاهیدین، حیزب هەڵوێستی ئاشکرای بەرامبەر بە بەرنامەی ئاغای بنیصدر نەگرت، بەڵام لە یادداشتێکی رەسمی بۆ موجاهیدین دا لەبارەی ئاغای بنیصدرەوە نووسی کە ئێمە: *"نە بە سەرۆکی شوورای بەرگریمان قبووڵەو نە بەرنامەکەشی بە شتێکی پێشکەوتووانە دەزانین. چونکە ئەو بەرنامەیە داخوازە ئەساسییەکانی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێرانی تێدا نین".* [2]

بەڵام دوای راکردنی ئاغای بنیصدر و ئاغای رجوی لە ئێران (کە هەرچەند وەك موجاهیدین ئەو راکردنە بە "پرواز تاریخساز" نازانم، پێم کارێکی گەورە و نیشانەی نفووزی موجاهیدین بوو)، کاتێك ئاغای رجوی لە پاریس شتێکی بەناوی "بەرنامەی دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی" بڵاو کردەوە لەبەر ئەوەی ئەو بەرنامەیە بەشی زۆری داخوازە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران تێدا گونجێندرابوو، حیزبی دێموکرات زۆر زوو پشتیوانیی لێ کرد: *"پێویستە لێرەدا ئێمە دووپاتی بکەینەوە کە ئێمە نە لە رابردوودا و نە ئێستاو نە لە داهاتووشدا ئامادە نەبووین و نابین بچینە نێو هیچ بەرەیەکەوە کە داخوازە ئاساسییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە بەرنامەی خۆی دا نەگونجاندبێ.*

*پاش پێوەندیو وتووێژێکی زۆر لەنێوان رێبەرایەتیی حیزبی ئێمەو موجاهیدین دا رۆژی پێنجی خەزەڵوەری ١٣٦٠ حیزبی ئێمە لە نامەیەکی رەسمیدا بۆ کاك مسعود رجوی چوونی خۆی بۆ نێو شوورای میللیی بەرگریی پێراگەیاند".* [1]

---

٢ـ راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزب، سەرماوەزی ١٣٦٠، لاپەرە ٣.

١ـ سەرچاوەی پێشوو.

پێویستە وەبیر بێنینەوە کە ئێمە بەرنامەی دەوڵەتی کاتییشمان بە تەواوی قبووڵ نەبوو و هێندێ کەم و کوڕیمان تێدا بەدی دەکرد و هەربۆیەش هیچ وەخت نە ئیمزامان کردو نە خۆمان لە بەرامبەریدا بە"متعهد" زانی. بەڵام ئاغای رجوی قەولی دا کە ئەگەر حیزب زووتر بچێتە نێو شووراو بەو جۆرە قورسایی‌یەکی زیاتر بە شوورا ببەخشێ، لە دانانی ئەرکە فەوریەکانی دەوڵەتی کاتی (وظایف مبرم دولت موقت)دا ئەو کەم و کوڕی‌یانە قەرەبوو دەکرێنەوە. بەڕاستیش ئەرکە فەوری‌یەکانی دەوڵەتی کاتی لەچاو بەرنامەی دەوڵەتی کاتی زۆر پێشکەوتووانەترو پڕ نێوەرۆکتر بوون.

بە پێچەوانەی بۆچوونی موجاهیدین کە دەڵێن: *"خودی بوونی موجاهیدین لەم ناوچەیەدا بۆ حیزبی دێموکرات پاڵپشتێکی بەنرخی سیاسی بووە"*، [2] هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و موجاهیدین هێندێ گیروگرفتی بۆ حیزب تێدا بوو. باسی ئەوە ناکەین کە زۆر لە رێکخراوە سیاسی‌یەکان نێوانیان لەگەڵ موجاهیدین خۆش نەبوو و هاوکاریی حیزب لەگەڵ وانیان بە شتێکی ناڕاست دەزانی. چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئەو هاوکارییە هەڵوێستی موجاهیدین لەبەرامبەر رەقیبەکانیان دا بەهێز دەکاو هەرواش بوو. بەڵام بەڕاستی لەنێوخۆی کوردستان دا زۆر کەم کەس ئەوانی قبووڵ بوو و زۆربەی خەڵك ئەو هاوپەیمانەتی‌یەیان بەدڵ نەبوو. لە هەر کۆبوونەوەیەکی حیزبی و میتینگێکی گەورەی خەڵك دا یەکێك لەو پرسیارە بنەڕەتییانە کە لە بەرپرسانی حیزب دەکران ئەوە بوو کە چۆن متمانە بە موجاهیدین دەکەن.

بەو حاڵەش لەو هەل ومەرجەدا هاوکاریی نێوان حیزب و موجاهیدین بەباوەڕی من سوودی بۆ هەردوولاو، بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێرانیش هەبوو. لەو باوەڕەش دام ئەگەر موجاهیدین لە ساڵەکانی دواتردا ئەوەندە تووشی خۆ بە زل زانین و پاوانخوازی نەبان، لەگەڵ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەکەوتبانە دوژمنایەتی و شێلگیرانە بەو ئەسلانە کە قبووڵیان کردبوون وەفادار مابانەوە، هاوکاریی نێوان ئەو دوو هێزە سەرەکی‌یە دەیتوانی ببێتە مێحوەرێك بۆ کۆکردنەوەی بەشێکی زیاتر لە هێزە نیشتمانی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن. لە حاڵەتێکی وادا رەنگ

---

٢ـ ایران زمین، ضمیمه شمارەی ٤٤ـ پنجشنبه ١٧ فروردین ١٣٧٤، لاپەرە ٢.

بوو ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێران وەزعێکی باشتر لە ئێستای هەبوایەو لە جێدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیبا بەو جۆرە گاڵتە بە چارەنووسی گەلانی ئێران بکا.

بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە یان حیزبی دێموکرات موجاهیدینی نەناسیبوو، یان ئەوان لە ساڵەکانی دواتردا زۆر زیاد لە ئەندازە خۆیان لێ گۆڕا لە دروشمە نیشتمانی و دێموکراتی‌یەکانیان دوور کەوتنەوە، ئەگەرچی ئەو دروشمانە بە ڕەسمی لە بەرنامەی کار و تێکوشانیان نەسڕابنەوە. داستانی چەند ساڵ هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ موجاهیدین و لەنێو شوورای نیشتمانیی بەرگری‌دا داستانێکی دووردرێژە و ئەگەر بە وردی باسی بکرێ بۆ خۆی کتێبێکی چەند سەد لاپەڕەیی‌یە. بۆیە لێرەدا ئەو باسە کۆتایی پێ دێنم و ئەگەر بکرێ لە فەسلەکانی دیکەدا جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەری بۆ ئەوەی تەنیا هۆیەکانی چوونەدەری حیزب لە شوورا، یان باشتر بڵێم دەرکرانی حیزبی دێموکرات لە شوورای نیشتمانی بەرگری شی بکەمەوە.

شەڕێکی نەخوازراو

یەکێك لە تاڵترین ڕووداوەکانی ئەو دەورەیە لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شەڕە دزێوە و نەخوازراوە بوو کە لەنێوان حیزبی ئێمە و پارتی دێموکراتی کوردستان ـ عێراق دا کە ئەودەم بە "قیادە موقت" دەناسرا، ڕوویدا. لێرەدا ناکرێ بە درێژی بچینە نێو باسی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە. بەڵام وەك ڕووداوێکی گرنگی مێژوویش ناکرێ لەم باسەدا بەتەواوی خۆی لێ ببوێرین. بەناچار دەبێ بەکورتی ئاماژەی بۆ بکرێ.

شەڕو پێك هەڵپڕژانێك کە هاوینی ساڵی ١٣٦٠دا لەنێوان حیزبی دێموکرات و پارتی‌دا قەوما و چەندین مانگ درێژەی هەبوو، لەسەر ئەوە هەڵگیرسا کە هەندێك کەسی شەڕهەڵایسێن و بەدخوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە دانەوەی گڵکۆی خوالێخۆشبوو مەلا مصگفی بارزانی و دەرهێنانی تەرمەکەی تاوانبار کرد. بەداخەوە ڕێبەرایەتیی پارتی زۆر بە ئاسانی ئەو تۆمەتە ناڕوایەیان وەرگرت و بەهەر دەلیلێك بوو باوەڕیان بەو بوختانە کرد. هەربۆیەش لەپێش دا هێرشێکی تەبیلیغاتی‌یان دژی حیزبی دێموکرات وەڕێ خست و پاشانیش کەم کەم زەمینەیان بۆ شەڕو پێك دادان پێك هێنا. بەڵام ڕاستی‌یەکەی چۆن بوو؟

ڕۆژی ١٠ پووشپەڕی ١٣٦٠ "لە شنۆوە خەبەر بە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی ئێمە گەیشت کە تاقمێکی خۆفرۆش و خوانەناس بە شەو گڵکۆی مەلا مصگفی بارزانیان داوەتەوە و تەرمەکەیان دزیوە. بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی ئێمە زۆر بەو خەبەرە ناڕەحەت بوو و بە ڕەسمی لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە ئەو تاوانەی وەك کردەوەیەکی دژی ئینسانیو دژی ئیسلامی مەحکووم کرد. بەخۆشی‌یەوە هەر ئەو ڕۆژە خەبەر گەیشت کە تەرمەکە دۆزراوەتەوە و بە حورمەتەوە تەسلیمی بنەماڵەکەیان کراوەتەوە. دیسانیش کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە و تێبکۆشێ ئەو تاوانبارانە بدۆزێتەوە و بە سزای خۆیان بگەیەنێ. لەو بارەوە ڕێنوێنی و دەستووری پێویست بە کۆمیتەی شارستانی حیزب لە ناوچەی شنۆ درا".

ئەوانەی بوختانی دزینی تەرمی بارزانی‌یان بۆ حیزبی دێموکرات هەڵبەست، بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە گۆیا زۆر باش ئاگایان لە چەندو چۆنی ڕووداوەکە هەیە، خوالێخۆشبوو سەید ڕەسووی بابی گەورەیان وەك مۆرەی ئەسڵی لەو کردەوە دژی ئینسانی‌یەدا ناو برد. لەحالێك دا هەر ئەو کاتە کە ئەم تاوانە ڕوویدا حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پێك هێنابوو و سید رسول دهقانیش وەك ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەدا ئامادە بوو.

پاشان، جگە لەوە کە تاوانی دژی ئینسانیی لەو بابەتە هەرگیز لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەوەشاوەتەوە و ناوەشێتەوە، کاك سید رسول دهقان خۆشی بەراستی ڕێزو حورمەتی بۆ خوالێخۆشبوو بارزانی هەبوو. بە باوەڕی من ئەگەر دنیایان پێ دابایە، نەك هەر ئەو بێحورمەتی‌یەی بە گڵکۆی بارزانی نەدەکرد، بەڵکوو حازر نەدەبوو بەردێکیش بە کێلەکەی‌دا بدا. کەوایە لەراستی‌دا ئەو دەستە کە زەینی ڕێبەرایەتیی پارتیی شێواندو ئەو شەڕە نەخوازراوەی بەسەر گەلی کورددا سەپاند، هەر ئەو دەستەش بوو کە گڵکۆی بارزانیی دایەوە و تەرمی بارزانیی لەژێر خاك دەرهێنایەوە.

بەهەرحاڵ، هێندێ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی بۆ پێش گرتن لە هەڵگیرسانی شەڕو ناکۆکی کەوتنە نێوان و لەسەر پێشنیاری وان بڕیار درا کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی حیزبی شیوعیی عێراق، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان (عێراق) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان (قیادە موقت) پێك بێ و لە مەسەلەکە بکۆڵێتەوە. ئەو

کۆمیسیۆنە بە بەشداریی نوێنەرانی هەر سێ حیزب جگە لە پارتی پێك هات و بۆ لێکۆڵینەوە روویان کردە ناوچەی شنۆ و شوێنی رووداوەکەو کاری خۆیان بە وردی دەست پێ کرد. بەڵام بەداخی گرانەوە بەپێچەوانی هەموو هەوڵو تەقەلایەکی حیزبە نێوبژێکەرەکان، پارتی دێموکراتی کوردستان ئێستاش و ئێستاش نوێنەرانی خۆی نەناردە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و هیچ چەشنە یارمەتی‌یەکی نەکرد.

کابرایەکی شنۆیی هەبوو بەناوی رەحیم میران کە کاتی خۆی پارێزگاری لە گڵکۆی خوالێخۆشبوو بارزنیی پێ سپێردرابوو و بەپێی قاعیدە پێش هەموو کەس دەبوو لێکۆڵینەوە لەورا دەست پێ بکرێ. پارتی دێموکراتی کوردستان ئەو کابرایەشی لەجیاتی سزادان لەباوەشی خۆی گرت و هەرچی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە هەوڵی دا پارتی رازی نەبوو بۆ تاقە سەعاتێك ئەو کابرایە بێتە بەردەم ئەو کۆمیسیۆنە بۆ وەڵام دانەوە. بەو پێیە کاری کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە بێئاکام مایەوە و پاش چەند رۆژێك کە دەرکەوت پارتی ئامادەی هاوکاری نیە، کۆمیسیۆن بێ ئەوەی کارەکەی گەیاندبێتە ئاکامێکی دڵخواز بە ناچار بڵاوەی لێکرد.

ئاکامی ئەو کارە ئەوەبوو کە پارتی پاش چەند حەوتوو هێرشی تەبلیغاتی و نێڵدانی هەستی "تۆڵە ئەستاندنەوە" لە ئەفرادی خۆیو بەتایبەتی لە بارزانی‌یەکان دا، راستەوخۆ هێرشی چەکدارانەی بۆ سەر شوێنەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی شنۆ و ورمێ دەست پێکرد و بەم جۆرە شەڕێکی نارەوای براکوژی بەسەر رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان دا سەپا. ئەو شەڕە سەرەرای ئەوەی بوو بە شەهید و بریندار بوونی دەیان کەس لە پێشمەرگە و خەڵکی بێدیفاع و زەرەر و زیانێکی زۆری بە خەڵکی گوندنشینی ئەو ناوچانە گەیاند، زەبرێکی کاریگەریشی لە پێوەندیی برایانەی رۆڵەکانی گەلی کورد لە هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق دا وەشاند.

پاش ئەوەی شەرهەڵایسێنەکان بە رواڵەت ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆیان وەدەست هێنا، شەڕەکە بە کردەوە راگیرا. بەڵام شوێنەوارەکانی هەتا چەند ساڵ دواتریش لە پێوەندیی نێوان ئەم دوو حیزبە کوردستانی‌یەدا مانەوە. لەراستیدا تەنیا دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی عێراق بوو کە رێبەرایەتیی پارتی و شەخسی کاك مسعود بارزانی سەریان لە بنکەی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات هەڵێناو بێئەوەی لەو بارەیەوە لێدوان و وتووێژێك بکرێ یان

بەياننامەيەك دەربچێ، پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و پارتی رەوتی ئاسایی بوونەوی گرتە پێش. بەخۆشی‌یەوە لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو رەوتە بەرەوپێش رۆیشتوەو ئێستا پێوەندی‌یەکی ساڵم و دۆستانە لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا بەرقەرارە. نەفرین لە شەڕی براکوژی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە، بەتایبەتی لە کوردستان و، نفرین لە هەرکەس کە دەبێتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی.

ـ فەسڵی پێنجەم:
لە کۆنگرەی پێنجەمەوە تا
کۆنگرەی شەشەم (١٣٦٢ ـ ١٣٦٠)

کۆنگرەی پێنجەم

پاشی کاردروستایی‌یەکی تەواو رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێراوی هەموو رێکخراوەکانی حیزب لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات پێك هات. ئەو کۆنگرەیە لە گوندی شێوەجۆ لە ناوچەی گەورکی سەردەشت و لەنزیك بنکەی دەفتەری سیاسی بەسترا. ئامادەکردنی کۆنگرەی پێنجەم لەزۆر بارەوە جێگای لیٚفێربوون و ئەزموون لیٚوەرگرتن بوو. پاش ئەو ئاڵۆزی‌یە فیکری‌یە کە بە جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لەنێو ریزەکانی حیزب دا پەیدا بوو، بۆ حیزبی دێموکرات گرنگ بوو کۆنگرەیەکی پڕنێوەرۆك بگرێ، مەسەلە سیاسی‌یەکان بەباشی لێك بداتەوەو رێبەرایەتی‌یەکی لێوەشاوە و بەتوانا هەڵبژێرێ کە بتوانێ خەباتی گەلی کورد لەو قۆناغە ناسکەدا رێبەرایەتی بکا. کۆنگرەی پێنجەم لە هەموو ئەو بوارانەدا باش ئامادە کرابوو. لە تەواوی شارستانەکان دا کۆنفرانسی حیزبی بەسترابوو و، ژمارەیەکی زۆر لە تێگەیشتووترین و لێوەشاوەترین ئەندامانی حیزب بەتایبەتی لە ریزی لاوەکان دا وەك نوێنەری کۆنگرە هەڵبژێرابوون.

لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە پێداچـوونەوەیەکی ورد بـە بەرنامـەو پێـڕەوی نێوخـۆو تێکـڕای سیاسەتەکانی حیزب دا کرابوو، و ڕێبازی سیاسیی حیزب بە جۆرێك بۆ پێشـنیار بـە کـۆنگرەی پێنجەم ئامادە کرابوو کە وەڵامـدەری هەلومـەرجی دوای کـۆنگرەی چـوارەم بـێ. وەك دەزانـین کۆنگرەی چوارەم لە هەل ومەرجی تەقەوەستان و لەکاتی هەوڵو تەقـەلا بـۆ وتوویـژی ئاشـتیدا پێك هاتبوو. بۆیە تێکرای پەسندکراوەکانی کۆنگرە کەم و زۆر شەقڵی ئەو هەلومەرجـەیان پێـوە دیار بوو. لەکاتێك دا دوای کۆنگرەی چوارەم زۆر شت گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، ڕێژیمی خومەینی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و دڕندانەی بەدژی خەڵکی کوردستان دەسـت پـێ کردبـوو، کـە هـەموو هیوایەکی بە گەیشتن بە ئاشتی و وەدیهاتنی داخوازە ڕەواکانی گەلی کـورد لـەنێو بردبـوو. بـەو پێیە سروشتی بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بـە بڕیارەکـانی کـۆنگرەی چـوارەم دا بچێتەوە و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕێژیمی خومەینی سەرلەنوێ داڕێژێتەوە. هەرواش کرا.

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەیی و ناوچەیی‌یەکان و بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی تـازەی وڵات ئامـادە کرابـوو، بەرنامـە و پێـڕەوی نێوخۆی حیزب سەرلەنوێ نووسرابوونەوە، ئاڵوگۆڕی پێویستیان تێدا کرابـوو، و بـۆ پێشـنیار بـە کونگرە ئامادە کرابوون و هەڵوێستی تازەی حیزب بەرامبەر بە ڕێژیم کە بریتی بوو لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە گەڵاڵە کرابوو. شایانی باسە کە لەچـەند مـانگ پـێش کـۆنگرەوە لەسـەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی هاتبووە نێو ئەدەبیاتی حیزب.

هەرچەند بە ڕواڵەت ڕەنگە چووك بێتە بەرچاو، بەڵام خەراپ نیە باسێکیش لـە ئامـادەکردنی جێگای کۆنگرە بکرێ. دوژمن کە دەیزانی حیزب بە نیازی گرتنی کۆنگرەیە، بەتونـدی لـەفکری زەربەلێدانی‌دا بوو. لە بنکەکانی حیزب ساڵۆنێکی وا گەورە نەبوو کـە بتـوانرێ کـۆنگرەی تێـدا ببەسترێ و گرتنی کۆنگرە لە مزگەوتەکانی لادێیش کە تەنیا جێگا بوون بتوانی کـۆنگرەی تێـدا بگری، ئاسان نەبوو. چونکە لەلایەك دەبوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژ شـوێنی نوێـژ و تاعـەتی خـەڵك داگیر بکرێ و لەلایەکی دیکەش ئیمکانی ئاشکرا بوونی شوێنی کۆنگرە زۆر دەبـوو. گومـانیش لەوەدا نەبوو کە کۆنگرەی حیزبی دێموکرات نەك لە مزگەوتێکی لادێ، بەڵکوو لە ماڵی کابـەش دا بگیرێ، ڕێژیمی خومەینی چووکترین دوودڵی لە بومبارانی‌دا ناکا.

بۆیە دەفتەری سیاسی بڕیاریدا لە شوێنێکی نزیك بنکەی دەفتەر ساڵۆنێکی تازە دروست بکا. ئەو کارە زیاتر وەك خەیاڵ دەچوو. چونکە مانگی سەرماوەز بوو، لەزۆر جێگا بەفر باریبوو. بەو حاڵە لە ماوەی تەنیا حەوتوویەك دا ساڵۆنی کۆنگرە ئامادە کراو بە جۆرێکیش ئامادە کرا کە نە ئەندامانی حیزب لە دەوروبەری دەفتەری سیاسی و نە خەڵکی گوندی شێوەجۆ هەستیان بەوە نەکرد کە لەو نزیکانە شوێنێك بۆ بەستنی کۆنگرە دروست دەکرێ. بۆیە ڕۆژی دیاریکراو کاتێك نوێنەران لە دەفتەری سیاسی‌یەوە سواری ماشین بوون بۆ ئەوەی بچنە جێگای کۆنگرە زۆربەی نزیك بە تەواویان خۆیان بۆ سەفەرێکی دەیان کیلۆمەتری ئامادە کردبوو. وەختێك پاش ڕۆیشتنی تەنیا کیلۆمیترێك ڕێگا، ماشینەکان ڕاگیران و گوتیان دابەزن هەموان پێیان وابوو شتێك رووی داوە. چونکە زۆر کەس لەوانەی لە دەوروبەری دەفتەر دەژیان لە ڕۆژەکانی پێشتر دا چەندجار بەوێدا ڕۆیشتبوون و هەستیان بە هیچ نەکردبوو. ئەمە بۆخۆی بەڵگەیەك لە نهێنی‌کاری و شێوەی دروست بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە بوو.

کۆنگرەی پێنجەم ئەوەندە باش ئامادە کرابوو کە لەگەڵ ئەوەی زۆر مەسەلەی گرنگی تێدا باس کرا و بڕیاریان لەسەر درا، لەماوەی تەنیا چوار ڕۆژ دا کارەکانی خۆی تەواو کرد. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا. بەرنامەی حیزب و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پاش باس و لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل دەسکاری کران و بە کورتی هەموو بڕیارو ئامۆژگاری‌یەکانی کۆنگرە، یان بە تێکڕای دەنگ، یان بە زۆربەی نزیك بە تەواوی دەنگەکان پەسند کران و لە ئاخر ڕۆژی کاری کۆنگرەدا کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەمانە بوون:

١ـ دوکتور قاسملوو

٢ـ جلیل گادانی

٣ـ فتاح کاویان

٤ـ دوکتور شرفکندی

٥ـ مصگفی هجری

٦ـ حسین مدنی

٧ـ مهندس أریانی

٨ـ گیفور بگحاییی
٩ـ مصگفی شلماشی
١٠ـ امیر قازی
١١ـ سید رسول دهقان
١٢ـ نبی قادری
١٣ـ حسن رستگار
١٤ـ رحیم محمدزاده
١٥ـ علی مهرپرور
١٦ـ عبدالله بهرامی
١٧ـ حکیم رچاییی
١٨ـ هاشم کریمی
١٩ـ سعید کوێستانی
٢٠ـ احمد جاویدفر (هەژار)
٢١ـ عزیز مامڵێ
٢٢ـ کمال دباغی
٢٣ـ علی کاشف پور
٢٤ـ حسن شرفی
٢٥ـ عبدالله حسن زاده
ئەم کەسانەی خوارەوەش وەك ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێران:
١ـ سید حسن هاشمی
٢ـ علی کتابی
٣ـ عبدالله ابراهیمی
٤ـ رحیم بغدادی
٥ـ گاهر علیار

٦ـ شاپور فیروزی

٧ـ غنی غنی‌پور

٨ـ بهروز کرد احمدی

کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی دوای کـۆنگرەدا ئـەم کەسـانەی خـوارەوەی وەك ئەنـدامی دەفتەری سیاسی هەڵبژارد:

١ـ دوکتور قاسملوو ـ سکرتێر

٢ـ دوکتور شرفکندی ـ جێگر سکرتێر

٣ـ مصگفی هجری

٤ـ مصگفی شلماشی

٥ـ جلیل گادانی

٦ـ فتاح کاویان

٧ـ عبدالله حسن زادە

شایانی باسە کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە پلینـۆمی دوای کـۆنگرەو پلینۆمـەکانی دواتـردا ئـەو هاورێیانەشی وەك موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرد:

١ـ ملا رحمان کاژەیی

٢ـ ملا حسن شێوەسەڵی

٣ـ غفور همزەای

٤ـ همایون اردلان

٥ـ جعفر حامدی

٦ـ عەزیز لحیمی

٧ـ عقیم افسر

دوای شەهیدبوونی کاك احمد جاویدفر (هەژار) کـاك بهـروز کـرد احمـدی لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەندی‌یەوە کرا بە ئەندامی ئەسڵیی ئەو کۆمیتەیە.

دوو بڕیاری گرنگ

لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پێنجەم هەرچەند پێشتریش کەم و زۆر باسیان کرابێ ئاماژە بە دوو بڕیاری گرنگ بە پێویست دەزانم. یەکەمیان بڕیاری چوون بۆ نێو شوورای نیشتمانی بەرگری، یان باشتر بڵێین پەسند کردنی چوونی حیزب بۆ نێو ئەو شوورایەیە. وەك لە بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەدا باس کراوە، پاش لابرنی ئاغای بنیصدر و راکردنی ناوبراو و ئاغای مسعود رجوی بۆ دەرەوەی ولات شوورایەك بەناوی "شوورای نیشتمانیی بەرگری بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامی" پێك هات. لەراستیدا هێزی سەرکیی ئەم شوورایە لەکاتی دامەزرانیدا تەنیا رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران بوو. لەبەر پێوەندییەکی دۆستانە کە ئەوکات لەنێوان حیزبی دێموکرات و رێکخراوی موجاهیدین دا هەبوو و لەوەش زیاتر لەبەر بایەخ و قورسایی‌یەك کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیدانی خەباتی بە کردەوەدا هەیبوو، رێکخراوی موجاهیدین بە جیددی داوای لە حیزب کرد بچێتە نێو ئەو شوورایەو حیزبی دێموکراتیش بەو ئاواتە کە شوورا قۆناغی یەکەم بێ بۆ پێك هێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی ئەو داوایەی قبووڵ کرد. دوای هێندێ وتووێژی بەکەڵك، ئاغای رجوی رۆژی ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و رێبەرایەتیی حیزب نووسی:

"کاك عبدالرحمن قاسملوو، برایان و دۆستانی بەرێزی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

*لەگەڵ سلاوی شۆڕشگێرانەو ئارەزووی سەرکەوتنی بەرگریی قارەمانانەی هەموو گەل، وێنەی رِوونووسی بەرنامەی شووڕای میلیی بەرگری و دەوڵەتی کاتیی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەم نامەیە بۆ ئاگاداریی هاونیشتمانە خۆشەویستە کوردەکان پێشکێش دەکەم. تکام ئەوەیە بە لێکدانەوەی نوقتە نەزەرەکان و ماددەکانی بەرنامە، کوردستانی بەرێز لەبارەی وەدیهاتنی مافە مێژوویی‌یەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا ئاگادار بکەن. مەبەست قبووڵ کردنی ئەسڵی پیرۆزی خودموختاری لە چوارچێوەی تەواوەتیی ئەرزیی هەموو نیشتمانی خۆشەویستمان دایە. هەروەها وەبیر دێنمەوە کە مەبەست لە وشەی "نێوخۆیی" کە جاروبار بەدوای وشەی "خودموختاری" دا دەنووسرێ تەنیا پێ داگرتن لەسەر تەواوەتیی ئەرزیی ولات و پووچەڵ کردنەوەی تەبلیغاتی ناڕەوای خومەینی لەدژی بەرگریی رەوای خەڵکی*

*کوردستانە، بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەو بەرگرییە عادڵانەو شۆڕشگێڕانەیە بە جیاوازیخوازی تاوانبار بکا.*

*ئەمجار بەو هۆیەوە مەئموورییەت دەدرێ بە جەنابت تا بە تێک گەیشتنی تەواوەوە ئەوپەڕی هەوڵو تەقەلای پێویست بۆ یەکگرتوو کردنی هەموو هێزە نیشتمانیو گەلییەکانی کورد لەدەوری ئەو بەرنامەیە بەکار بێنی.*

*بەهیوای سەرنخوون بوونی هەرچی زووتری ڕێژیمی دژی گەلی و دژی ئیسلامیی خومەینی و بە ئارەزووی هاوکاریی تەواوی هەموو هێز و شەخسییەتەکانی پێشکەوتنخواز و خەباتکەر".*

لە وەڵامی ئەم نامەیەدا دوکتور قاسملووی نەمر ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ئاغای رجوی نارد و بەم جۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەسمی بوو بە ئەندامی شووڕای نیشتمانی بەرگری:

*"لەگەڵ دروود و سڵاوی شوڕشگێرانە و بەدوای ئەو وتووێژانەدا کە لەبارەی شووڕا و ئامانجەکان و ڕێکخراوەی شووڕاوە کراوە، بە لەبەرچاو گرتنی بەرنامەی شووڕای میللی و دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی کە بە ئیمزای تۆ و ئاغای بنیصدر بڵاو بۆتەوە، وێڕای ڕاگەیاندنی موافەقەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەسڵە گشتییەکانی ڕاگەیاندراوی بەرنامەی ناوبراو و بەتایبەتی لەگەڵ پێداگرتن لەسەر ئەسڵی پیرۆزی خودموختاریی کوردستان، بەرەسمی چوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ نێو شووڕای میلیی بەرگری بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی کۆماری دێموکراتیکی ئیسلامی ڕادەگەیەندرێ. نوێنەری حیزب بۆ بەشداربوون لە شووڕادا بەجیا دەناسێندرێ.*

*بەجێیە سڵاوی گەرم و شۆڕشگێرانەی برایانی پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ قارەمانە خەباتکارەکانی موجاهید بنێرم کە بە خوێنی خۆیان هەر ڕۆژەو هەر سەعات حەماسە دەخوڵقێنن و مێژووی خەباتی شۆرشگێرانەی نیشتمانی خۆشەویستمان، ئێران لە جاران زیاتر دەوڵەمەند دەکەن.*

*لەگەڵ دڵنیایی لە سەرکەوتن*

جێی خۆیەتی لێرەدا بگوترێ کە هەر وەك لە نامەی دوکتور قاسملوودا هاتووە، حیزبی دێموکرات تەنیا ئەسڵە گشتییەکانی بەرنامەی شوورای نیشتمانیی بەرگریی قبووڵ کردوون و هیچ وەخت بەند بەندی ئەو بەرنامەیەی پەسند نەکردوەو خۆی بەرامبەر بەوان بە بەرپرس نەزانیوە. بەو حاڵەش ئەوی راست بێ چوونی حیزب بۆ نێو شوورا، جۆرێك پەلەپەل و هەڵنەسەنگاندنی تێدا بوو. هۆی ئەم پەلەپەلش دوو شت بوو: یەکەم ئەوە کە بمانەوێ نەمانەوێ کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی هاوپەیمانە کۆمونیستەکانی جۆرێك تەریك مانەوەی بەسەر حیزبی دێموکرات دا سەپاندبوو و، حیزبی ئێمە زۆر کەم دەنگی بە بەشەکانی دیکەی ئێران و دنیای دەرەوە را دەگەیشت. بەو پێیە پێویستییەکی زۆری بە دەرهاتن لەو وەزعە هەبوو کە دوژمن بەسەریدا سەپاندبوو. هۆی دووهەمیش ئەوەبوو کە ئێمە لە شاخ و شوورا لە پاریس ئیمکانی وتووێژی زیاترمان نەبوو. تەنانەت بۆ تاریخ بگوترێ باشە کە نامەی دوکتور قاسملوو بە خەتی خۆی نەنووسرابوو، بەڵکوو کاغەزی مۆر و ئیمزا کراوی دابوو بە شەهید دوکتور شرفکندی کە ئەگەر لە پاریس بە سەڵاحی زانی نامەیەکی لەو بابەتە بۆ ئاغای رجوی بنووسێ و تەسلیمی بکا. کاتی نووسینی نامەکەش دەرەتانی وتووێژ لەبارەی چەندو چۆنی مەسەلەکەوە نەبوو.

بەهەحاڵ مەسەلەی چوونی حیزب بۆ نێو شوورا ئەگەرچی هێندێ تێبینیو ناخۆشحاڵیی لەسەر دەربڕان لە کۆنگرەی پێنجەم دا قبووڵ کراو بوو بە بەشێك لە سیاسەتی رەسمیو پەسند کراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەمە ئەگەرچی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پێش کۆنگرە بە سەرکەوتن دەژمێردرێ، بەڵام لەسەر یەك بۆ حیزبی دێموکرات وەك ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو دەبێ چاو لێ بکرێ، کە لە داهاتووی خەباتی سیاسیی حیزب دا دەبێ دەرسی لێ وەربگیرێ.

دووهەم بڕیاری گرنگی کۆنگرەی پێنجەم هەڵگرتنی دروشمی رووخانی رێژیمی خومەینی بوو. ئەم بڕیارە لە دوو بارەوە جێگای سەرنج بوو. یەکەم ئەسڵی بڕیارەکە. چونکە لەپاش کۆنگرەی چوارەم لەگەڵ ئەوەی رێژیم شەڕێکی توندوتیژی چەکدارانەی بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاندبوو، هەتا بەرەبەری کۆنگرەی پێنجەم حیزب دروشمی رووخاندنی رێژیمی نەدەدا. بەڵام چونکە بێزاری لە کردەوەو سیاسەتەکانی رێژیم یەکجار زۆر بوو لە کۆنگرەی پێنجەم دا ئەم دروشمە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کرا و لەراستیدا هیچ کەس موخالەفەتی لەگەڵ نەکرد.

باری دووهەمی مەسەلەکە چەشنی داڕشتنی دروشمەکە بوو. هەروەك لـە راپـۆرتی کۆمیتـەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمدا هاتوەو لەزۆر سەنەدو بەڵگـەی دیکـەش دا دووپـات کراوەتـەوە، دروشمەکە دەڵێ: "بڕووخێ ڕێژیمی دژی گەلی و کۆنەپەرستی خومەینی" بەو مانایە کـە دروشمـی رووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەدراوە. ئەم کارەش بۆ خۆی لەبـەر دوو هـۆ بـوو: یـەکیان ئەوە کە ئێمە تازە چووبووینە نێو شووڕایەك کە ئامانجی، دامەزرانـدنی کۆمـاری دێمـوکراتیکی ئیسلامی بوو. لەو حاڵەدا نەدەکرا لە لایەك دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی بدەین و لـەلای دیکە بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدەین. ناشکوری نەبێ وشـەی "دێموکراتیـك"ی پاش کۆماری ئیسلامیی شووڕاش زیاتر بۆ راکێشانی سەرنجی لایەنە سیاسی‌یەکان هاتبوو. هـۆی دووهەمیش ئەوەبوو کە حیزب لەوە دەترسا کـە دانـی دروشمـی رووخانـدنی کۆمـاری ئیسـلامی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە دژایەتی لەگەڵ ئیسلام دابنرێ. ئەمەش شتێك بوو کـە حیزبـی ئێمە نە بڕوای پێ هەبوو، نە دەویست بەجۆرێك بدرێتە پاڵی. چونکە گەورەترین دەسمایەی حیزبی دێموکرات لە خەباتی سیاسیی خۆیدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتانن‌و، سروشـتی‌یە کـە حیـزب هیچ وەخت نایەوێ ئەو دەسمایە و پشتیوانە لەدەست بدا.

کەچی دواتر دەرکەوت موسوڵمانانی کوردی ئێـران زۆر باشـتر لـە ئێمـە حیسـابی ئیسـلام و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لێك جیا کردۆتەوە. زۆرجار لە موسوڵمانانی زۆر بەدین دەبیسترا کە ڕێژیمیان بە کۆماری نا ئیسلامی ناو دەبرد و تەنانەت زۆری واش هەبوون کە دەیان گـوت ئەگـەر ئیسلام ئەوە بێ کە خومەینی بەڕێوەی دەبـا، حاشـا لـە ئیسـلام. هەربۆیـەش لـە کۆنگرەکـانی دواتردا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم دروشمەی دەسکاری کردو کردیە: بڕووخێ ڕێـژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران".

## خەسارێکی گەورە

سەروان ئەحمەدی جاویدفەر کە لەنێو حیزب و پێشمەرگەدا بە "کاك هەژار" دەناسـرا یـەکێك لە ئەفسەرە شۆرشگێرو نیشتمانپەروەرە کوردەکـانی نێـو ئەرتەشـی شاهەنشـاهی بـوو. هێشـتا ڕێژیمی شا لەسەر کار بوو کە پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتـەوە گـرت و دەسـتی بـە تێکۆشـانی سیاسی کرد. لە گرتنی پادگانی مەهاباد دا نەخشێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو. دوایـەش لـە

عاملاندن و پێگەیاندنی پێشمەرگەدا بە حەق خزمەتی گەورەی لەدەست هات. بەهۆی ئەو سروشتە تایبەتی‌یانەوە کاك هەژار زۆر زوو لە ریزەکانی حیزب دا جێی خۆی کردەوە. هاوینی ساڵی ١٣٥٩ بەرەسمی بوو بە فەرماندەری هێزی شەهید پێشەوا و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد. لەو مەسئوولییەتەدا هەژار ئەوەندەی دیکە لێوەشاوەیی‌و دڵسۆزیی لەخۆی نیشان دا و زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی کادرەکان و ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب و هەموو خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی مەهاباد. هەژار هەر لەباری نیزامییەوە کادرێکی لێوەشاوە نەبوو، بەڵکوو لەباری وشیاریی سیاسییشەوە لەریزی هەرە پێشەوەی تێکۆشەرانی حیزبدا دیار بوو. ***"هەموو ئەندامانی حیزب و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان کاك هەژاریان وەك کادرێکی تێکۆشەری سیاسی و فەرماندەرێکی پسپۆری نیزامی دەناسی. هەمووان خۆشیان دەویست و رێزیان بۆ دادەنا. هەربۆیەش لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا رۆژی ١٣٦٠/٩/١٧ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا"*** .[1]

بەڵام بەداخەوە تەمەنی کاك هەژار لەو مەسئوولییەتەدا زۆر کورت بوو. رێژیم هێرشێکی زۆر گەورەی بۆ گرتنەوەی رێگای بانە سەردەشت دەست پێ‌کردبوو، لەسەر داوای بەرپرسانی ئەو جەبهەیە کاك هەژار بۆ رێك وپێك کردنی کاروباری هێزی پێشمەرگە سەردنی ناوچەی بانەی کرد. رۆژی ١٣٦٠/٩/٢٢ کەوتە بەر پریشکی تۆپی دوژمن و شەهید کرا. شەهید بوونی هەژار داخێکی گەورەی لەسەر دڵی هەموو دڵسۆزانی کورد و بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی مەهاباد دانا. پیاوێکی نیشتمانپەروەری ئاییینی لەسەر گڵکۆی کاك هەژار لەکاتی ناشتنی‌دا گوتبووی: ***"ئەمرۆ خودموختاریان بدەنێ زەرەرمان کردوە. چونکە خودموختاری هەر بایی خوێنی کاك هەژارە و خوێنەکانی دیکەمان لە زیادی‌یەن"*** . ئەمە نیشانەیەك لە خۆشەیستیی کاك هەژار لەنێو رۆڵەکانی گەلی کورددا بوو. ئەگینا گەلی کورد لە پێناوی دێموکراسی و خودموختاری‌دا زۆر رۆڵەی دیکەی کردوونە قوربانی‌و ئێستاش هەر ئامادەیە لەو رێگایەدا خەبات بکا و قوربانی بدا. بەم جۆرە هەژار تەنیا پێنج رۆژ دوای هەڵبژێرانی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ماڵ

---

١ـ بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی ١٣٦٠/٩/٢٥ "کوردستان" ژمارە ٨١ لاپەرە ٦.

ئاوایی لە حیزب و گەلەکەی خواست و درێژەدانی ڕێگـای خـۆی بـە هـاوڕێو هاوسـەنگەرەکانی سپارد.

هەڵوێستی مەسئوولانە

دوو ساڵ پاش هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق کە مەرگ وماڵوێرانیـیـەکی یـەکجار زۆری بۆ هەردوو وڵات بەدواوە بوو، دەوڵـەتی عێـراق (بەهـەر هۆیـەك بـوو) ڕایگەیانـد کـە تـەواوی هێزەکانی خۆی لەخاکی ئێران دەکێشێتەوە و ئامادەیە گیروگرفتـەکانی لەگـەڵ ئێـران بـەڕێگای ئاشتیخوازانەدا چارەسەر بکا. عێراق ئەم بڕیارەی بـە کـردەوەش جێبـەجێ کـردو هـەتا ئـاخری بەهاری ١٣٦١ هێزەکانی خۆی لە زۆربەی خاکە داگیرکراوەکانی ئێران بانگ کردەوە. بەم کـارەی عێراق بەڕواڵەت دەلاقەیەك بەرووی ئاشتیدا کرایەوەو ئەو هیوایە پێك هات کە شەڕو خوێنرێژی لەنێوان دوو دەوڵەت دا کۆتایی پێبێ.

بەڵام ڕێژیمی خومەینی بەپێی نێوەرۆکی شەڕخوازانەو ئاژاوەگێرانەی خۆی، نەك هەر پێشوازیی لەو هەڵوێستەی عێراق نەکردو زەمینەی کۆتایی هێنان بەو شەڕە پێك نـەهێنا، بـەڵکوو بڕیـاری عێراقی بە نیشانەی شکستی ئەو وڵاتـە دانـا و بڕیـاریدا ئـەمجار شـەڕەکە بەرێتـە نێـو خـاکی عێراقەوە. لێرەدا بوو کە دروشمـی بـێنێوەرۆکی "ڕزگـار کردنـی قـودس لـەڕێگای کەربـەلاوە" گەیشتە ئاسمان و لەشکری "ڕاهیان کربلا" بەرەو جەهەننەمی شەڕو کوشتار وەڕێ خرا.

ڕۆژی ٢٢ی پووشـپەڕی ١٣٦١هێرشـی بـەربڵاوی ئەرتـەش و سـوپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسلامی بۆنێو خاکی عێراق دەست پی کراو بە دیان و بگرە سـەدان هـەزار لـە لاوانـی ئێـران ڕەوانەی مەیدانەکانی شەڕ کران. ئەرتەشی عێراق کە ئێستا مانـا و مـەفهوومێکی دیکـەی لـە شەڕەکەدا دەدیو ئەگەر جاران خۆی وەك داگیرکەری وڵاتێکی دراوسـێ دەهاتـە بەرچـاو، ئێسـتا وڵاتەکـەی خـۆی لەبەرامبـەر دەسـتدرێژیی وڵاتێکـی بێگانـەدا دەدی، دیفـاعێکی جانانـەی لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژییەدا لەخۆی نیشان دا. بۆیە هەر لە یەکەم حەوتووی هێرشی ئێران بـۆ سەر خاکی عێراق دا بە هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی خەڵکی ئێران بوون بـە قوربـانیی سیاسـەتی مەزنیخوازانە و پەلاماردەرانەی خومەینیو کوژران و بریندار بوون.

شایانی باسه عێراق موافەقەتی کردبوو کە ئەگەر ڕێژیمی خومەینی شەڕ ڕابگرێ و وتووێژی ئاشتی دەست پێبکا. ڕێگا بە ئەرتەشی ئێران بدا بە خاکی عێراق دا تێپەڕێ و بۆ "ڕزگار کردنی قودس" دەست بەکار بێ. جگە لەوە، هێندێ لە دەوڵەتانی خەلیجیش بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە ئەگەر ئێران تەقەوەستاندن قبووڵ بکا، زەرەر و زیانی ماڵی بۆ ببژێرنەوە. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕێژیمی شەڕو قەیران و ئاژاوەو ئاڵۆزییە، هیچ کام لەو پێشنیارانەی قبووڵ نەکردو قۆناغێکی پڕ تەلەفات تر و درێژتری لە شەڕی دوو وڵاتی دراوسێدا دەست پێکرد.

دەزانین کە ئەو قۆناغەی شەڕی ئێران و عێراق شەش ساڵی کێشا. لەو شەڕەدا هەموو جۆرە چەکێکی کۆمەڵ کوژ و تەنانەت قەدەغەکراویش بەکار براو بە سەدان هەزار کوژراو برینـدار و سەدان میلیارد دۆلار زیانی ماڵیی بۆ هەردوو وڵات بەدواوە بوو. ئەوە کە لەو شەڕەدا چ گوزەراوەو چ زیانێکی قورس وە ئابووریی ئێران و عێراق کەوتوەو، ئەوە کە ئاکامەکانی شەڕ لەسەر پێشکەوتنی ئێران و عێراق و پێوەندیی دراوسێیەتی نێوانیان چ بوون، هێچیان جێگای باسی ئێمە نین. لێرەدا مەبەست وەبیر هێنانەوەی هەڵوێستێکی مەسئوولانەو هەر لەو کاتەدا ئازایانەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر خاکی عێراق گرتیە پێش.

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد کە وەختێك هێزەکانی ئەرتەشی عێراق پەلاماری ئێرانیان دا، حیزبی دێموکرات چەندە بە ڕاشکاوی ئەو هێرشەی بە دەستدرێژی بۆ سەر خاکی وڵاتەکەمان زانیو مەحکوومی کرد. لێرەش دا حیزبی ئێمە بەپێی سیاسەتی ئاشتیخوازانەو ئوسوولیی خۆی دژایەتی لەگەڵ ئاژاوەگێری و لەشکرکێشیی دەوڵەتی ئێران نیشان دا و دەستدرێژیی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر عێراقی مەحکووم کرد. لە بەیاننامەیەك دا کە ڕۆژی ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٦١ بەو بۆنەیەوە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەرچوو، گوترابوو:

*"حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەستدرێژیی بێشەرمانەی خومەینی بۆ سەر خاکی عێراق کە بێگومان دەبێتە هۆی بەکوشت چوونی دەیان هەزار کەس لە لاوەکانی وڵاتی ئێمە، بەتوندی مەحکووم دەکەین و ئەو کارە بە جینایەتێکی گەورە دەزانن کە ئاخوندە*

*خوێنمژەکان دەرحەق بە گەلانی ئێرانیان کردوە. حیزبی ئێمە ئەم دەستدرێژی‌یە بە یارمەتی کردنی راستەوخۆ بە ئیسرائیل بۆ کزکردنی ریزی وڵاتە عەرەبی‌یەکان و بەتایبەتی موقاوەمەتی قارەمانانەی فەلەستین دەزانێ و بە بەشێك لە نەخشەکانی ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە قەڵەم دەدا. بە رێکەوت نیە کە دەستدرێژی بۆ سەر عێراق لەکاتێك دا دەست پێ دەکا کە ئیسرائیل فیدایی‌یەکانی فەلەستینی لە رۆژئاوای بێرووت دا گەمارۆ داوە"*

شایانی باسە کە لەو کاتەدا ئیسرائیل هێزەکانی خۆی بردبووە نێو خاکی لوبنان و فەلەستینی‌یەکانی لە جنووبی لوبنان دەر کردبوو. پاشانیش گەمارۆی بێرووتی دا و فشاری بۆ فەلەستینی‌یەکانی هێنا کە تەسلیم بن. بەڵام موقاوەمەتی ئازایانەی ئەوان و وەدەنگ هاتنی کۆڕو کۆمەڵە عەرەبی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان مەسەلەکەی بەوە تەواو کرد کە فەلەستینی‌یەکان تەنیا چەکی سووك لەگەڵ خۆیان بەرن و بە سەلامەتی لە بێرووت وەدەر کەون. لەو شەڕەدا ئیسرائیل رادەیەکی زۆر لە چەك و جبەخانەی فەلەستینی‌یەکانی بە تاڵان برد، کە دوایە رێژیمی خومەینی ئەو رێژیمەی کە ئیددیعای دەکرد قودس رزگار دەکا، بایە پەنجا میلیون دۆلار لەو چەکانەی لە ئیسرائیل کڕیەوە.

لەبیرمانە رێژیمی خومەینی گوێی بۆ دەنگی نارەزایی خەڵکی ئێران و نێوبژیکەرانی نێونەتەوەیی شل نەکرد و هەروەها درێژەی بە شەڕ لەگەڵ عێراق دا. تا سەرەنجام لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ خومەینی جامی ژەهری خواردەوەو بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قبووڵ کرد. قبووڵ کردنی ئەم بڕیارنامەیە کە ساڵێك پێشتر دەرچووبوو، بە کردەوە بەمانای دەست بەردانەوەو قبووڵی شکست و ناکامی لە بەرەکانی شەڕدا بوو.

<u>شەڕی رێگای پیرانشار ـ سەردەشت و هێزی پشتیوان</u>

هاوکات لەگەڵ دەستدرێژی بۆ سەر خاکی عێراق، رێژیمی خومەینی هێرشێکی پان و بێ‌رەحمانەشی بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان دەست پێ کرد. لەو هێرشەدا بە دەیان هەزار کەس لە بەکرێگیراوان و هەڵخەڵەتاوانی رێژیم بەشدار بوون و هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرنیش بەکار برا. هێزەکانی رێژیم لەو هێرشەدا تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاند و پێشمەرگەو

خەڵکی بێدیفاعیان وێکڕا پەلامار دا. لە ئاکام دا زیانێکی یەکجار قورسی گیانیو ماڵی بە هاونیشتمانان گەیشت و زۆر گوندی کوردستان خاپوور کران. بەڵام چونکە حیزبی دێموکرات پێش دەست پیێ کرانی پەلامارەکە لە نەخشەی دوژمن ئاگادار بوو و ئەو نیازە گڵاوەی ڕێژیمی لەقاو دابوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەییەکی باشی بۆ بەرەنگاری هەبوو هەربۆیەش بە کرێگیراوانی ڕێژیم زەبرێکی قورسیان لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی گەل وێ کەوت و بە هەزاران کەسیان لێ کوژرا و بریندار بوو.

لەو نێوەدا جەبهەیەك کە لە هەمووان زیاتر لەلایەن ڕێژیمەوە بایەخی پێ دەدرا، ڕێگای نێوان پیرانشار و سەردەشت لە نزیك سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق بوو. ئەم ڕێگایە هەم بۆ دوژمن و هەم بۆ بزووتنەوەی کوردو، حیزبی دێموکراتی کوردستان بایەخێکی ستراتیژیکی هەبوو. لەبەر ئەوەی هەموو کوردستان هەر بەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩دا خرابووە بە گەمارۆیەکی توندی ئابووری، حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی کورد ناچار بوون بەشی هەرەزۆری پێداویستییەکانیان بە شێوەی قاچاغ و نیوە قاچاغ لە عێراقەوە بێنن. کەوابوو پاراستنی ئەو ڕێگایە، بەتایبەتی لەکاتێك دا بەرەو پاییز و فەسڵی سەرماو ڕێبەندان دەڕۆیشتین بایەخێکی زۆری هەبوو.

دوژمنیش ڕاست هەر بەو هۆیەوە دەیەویست ئەو ڕێگایە بگرێتەوەو لەڕاستیدا مەبەستی ئەوەبوو بە گرتنی ڕێگای تەداروکاتیی حیزب گەمارۆیەکی دیکە بخاتە سەر بزووتنەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بە گشتی. هەربۆیەش بە دەیان هەزار کەس لە بەکرێگیراوانی خۆی هێنابووە ئەو جەبهەیەو لە دوو لاوە (لە پیرانشارو سەردەشتەوە) هێرشێکی توندی بۆ گرتنەوەی ڕێگاکە دەست پێ کردبوو. ئەو حەماسە و قارەمانەتییە کە پێشمەرگە لەو جەبهەیەدا لەخۆیان نیشان دا بەحەق لە شانازییەکانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەیگەلی کوردستانە. لە موقابیلیش دا ئەو تەلەفاتەی ڕێژیمی خومەینی بۆ گرتنەوەی ئەو ڕێگایە حازر بوو بیدا، نیشانەیەك لە کەللەشەقیی ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە بوو. هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا زیاتر لە چوارسەد شەهید و بریندای هەبوو. هێزەکانی ڕێژیمیش بە لانی کەمەوە سێ تا چوار هەزار کوژراو بریندایان لێکەوت. سەرەنجام لە ئاخر و ئوخری پاییزی ئەو ساڵەدا هێزەکانی ڕێژیم توانیان ڕێگای پیرانشار

سەردەشت بگرنەوە. بەڵام ئێستاش و ئێستاش نەیانتوانی پێشی هاتوچۆی پێشـمەرگەو تەنانـەت تەداروکاتیش بگرن.

لەکاتێك دا رێگای پیرانشار ـ سەردەشت هێرشێکی وا گـەورە و بـەربڵاوی لەسـەر بـوو، لـە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش شەڕ گەرم بوو. بۆیە ئەگەرچـی هێـزی پێشـمەرگە لـە ناوچـەی سەردەشت و پیرانشار بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی بەشدار لـە هێرشـی رێـژیم دا زۆر کـەم بـوو و پێویستیی بە هێزی کۆمەکی هەبوو، بە کردەوە نەدەکرا لەهیچ ناوچەیەکی دیکـەی کوردسـتانی ئێرانەوە هێزی کۆمەکی بێتە یاریدەی پێشمەرگەکانی پیرانشـار و سەردەشـت. لێـرەدا بـوو کـە دەفتەری سیاسی بڕیاری دا داوای هێزی کۆمەکی لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردسـتان (عێـراق) بکا. ئەمەش زیاتر بەو مەبەستە بوو کـە ئەگـەر بکـرێ، رێگـای پیرانشـار ـ سەردەشـت هـەتا بەهاری ساڵی ١٣٦٢ لەدەست نەچێ. چونکە دەفتەری سیاسـی و ناوەنـدی تـەداروکاتیی هێـزی پێشمەرگەی کوردستان هێشتا لەوبەری ئەو رێگایەو لە ناوچەی گەورکی سەردەشت بوون.

بـۆ راگەیانـدنی ئـەو داوایـە بـە سـەرکردایەتیی یەکیـەتیی نیشـتمانی، دەفتـەری سیاسـی نوێنەرایەتیی دا بە نووسەری ئەم دێڕانە. بەداخەوە وەك زۆربەی رووداوەکان رۆژی سەفەر بـۆ لای سەرکردایەتیی یەکیەتی لە گوندی "تووژەڵ" لە ئاخرین نوختەی سنووری نێوان ئێـران و عێـراقم لەبیر نیە. ئەوەندەم لەبیرە لای عەسر بوو کە گەیشتمە بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی. لەو کاتەدا تەنیا مام جەلال خۆی لەوێ بوو. پاش بەخێراتن و چاك و چۆنی مەسەلەکەم لەگەڵ هێنایە گۆڕێ. لەبیرمە راست بەم جۆرەشم باسی کرد کە بۆ داوایەك هاتووم کە ئەگەر ئێسـتا یەکیـەتیی نیشتمانی لە حیزبی دێموکراتی داوا بکا، حیزب بۆی جێبەجێ ناکرێ.

بە کورتی باسم کرد کە ئێمە دەمانەوێ ئـەم سـاڵ رێگـای پیرانشـار ـ سەردەشـت بپـارێزین. چونکە رێگایەکی گرنگی تەداروکاتی هەم بۆ پێشـمەرگەو هـەم بـۆ خـەڵکی ئاسـاییە. لەبـەر ئەوەش کە لە هەموو ناوچەکان شەڕمان لەسەرە، ناتوانین پێشمەرگە لە شوێنی دیکـەوە بێنینـە یارمەتیی پێشمەرگەکانی ئەو جەبهەیە. بۆیـە هـاتووم داوا بکـەم ئەگـەر بۆتـان بگونجـێ ئێـوە چەندسەد پێشمەرگەیەك بنێرنە کۆمەگمان، هەتا بەفر رێگا و بانەکان دەگرێ. ئەودەم هێزەکـانی دوژمن ناتوانن پێشڕەوی بکەن، مام جەلال لە وەڵام دا گوتی ئەمە شتێکە کـە دەبـێ مەکتـەبی

سیاسی بڕیاری لەسەر بدا. بەڵام لە ئێستاوە دەتوانم پێت بڵێم یەکیەتیی نیشتمانی ئەم سەروەرییە لەکیس خۆی نادا.

بەداوی ئەم قسانەدا مام جەلال بە تەلەفون و بە بێسیم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئاگادار کرد کە بۆ نان خواردنی شەو بێنە بارەگای خۆی. دوای نان و چا خواردن ئەمن گوتم ئەمن کەمێك ماندووم، حەز دەکەم ڕێگام بدەن بچم ئیستراحەت بکەم. مام جەلال وەڵامی دامەوە کە دەزانم مەبەستت چیە. نەخێر، ماندوو بوون و ماندوو نەبوونی تێدا نیە. ئەمە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسییە، ئەتۆش ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیو فەرقیش لە نێوان حیزب و یەکیەتیدا نیە. کەوایە هەتا ئاخری کۆبوونەوەی دادەنیشی. دیارە بەڕاستی مەبەستی منیش هەر ئەوەبوو کە بە بێ من قسەی خۆیان بکەن. بۆیە کاتێك هەمووان گوتیان کە دەبێ بەشداری کۆبوونەوەکە بی، لەگەڵیان دانیشتم و بە حوزووری من بڕیاریان دا پێشمەرگە بنێرنە کۆمەگمان. هەر ئەو شەوە بە بێسیم داوایان لە هەموو بەشەکانی پێشمەرگەی یەکیەتی کرد کە بەرەو سنوور بکەونە ڕێ. لە کورتی بیبڕمەوە لە ماوەی حەوتوویەك دا زیاتر لە هەزارو پێنج سەد پێشمەرگەی یەکیەتی گەیشتە سنوور و بەسەر جەبهەکان دا دابەش بوون.

بە بڕوای من هاتنی پێشمەرگەکانی یەکیەتی بۆ یاریدەی پێشمەرگەکانی دێموکرات یەکێك لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە و هەر دەبێ واش سەیر بکرێ. یەکیەتی نیشتمانی بە هەموو قورسایی خۆیەوە شانی دایە بەر ئەو ئەرکە نەتەوەییە. بەشێك لە تەداروکاتی ئەو هێزە لەباری چەکو تەقەمەنییەوەش هەر یەکیەتی بۆ خۆی وەئەستۆی گرت و تەنانەت شەخسی مام جەلال بارەگایەکی لە خەتی پێشەوەی جەبهە کردەوەو چەند حەوتوو لە نزیکەوە سەرپەرستیی کاروباری جەبهەکەی کرد. فەرماندەر و پێشمەرگەکانیش بەهەق فیداکاریان نواند و حەماسەیان خوڵقاند. ئەوەی لەبیرم بێ لانیکەم یازدە پێشمەگەی بەوەجی یەکیەتی لەو دیفاعە پیرۆزەدا شەهید بوون و بە دەیان کەسیشیان لێ بریندار بوون.

لەنێو قارەمانەکانی ئەو حەماسەیەدا پێم خۆشە یادی وتەیەکی بەنرخی شەهید مولازم خولە بکەمەوە. ناوبراو لە شەڕدا گوللە لە (نخاع شوکی)ی درابوو و فەلەج ببوو. کاتێك هێناویانە پشتی جەبهە سەرم داو ئەحواڵم پرسی و گوتم ماڵی دوژمن خەرابێ. ئەگینا حەیفە لاوێك و

قارەمانێکی وەك تۆ تووشی ئەم چارەنووسە بێ. لە وەڵام دا بە ورەیەکی یەکجار بەرزەوە گوتی ئەوە هیچ نیە، هەر باکیشت نەبێ. ئەمن تەنیا یەك مەراقم لە دڵدا هەیە، ئەویش ئەوە کە لە عێراق کردم، لە ئێران کردم، نەگەیشتم لە تورکیاش بیکەم. بەداخەوە مولازم خولە هەر بەو برینەوە چوو و شەهید بوو. رووحی خۆی و هەموو هاوسەنگەرە شەهیدەکانی شادو یادیان بەخێر.

لەوکاتەدا ئەمن بەرپرسی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بووم. دەفتەری سیاسیی هەردوولاش لەسەر ئەوە ساغ ببونەوە کە باسی بەشداریی پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لەو شەڕانەدا نەکرێ. بەڵام بەڕاستی بۆ من زۆر تاڵ بوو کە ناوێك لەو قارەمانەتیو گیانبازی‌یە نەبرێ. بۆیە لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لەگەڵ دوکتور قاسملووی نەمرو مام جەلال دا بە راشکاوی گوتم ئەمن عەزاب دەچێژم لەوەی کە ناوێك لەو برایانە لە رادیۆدا نیە. ئێستا کە ناکرێ بەناوی خۆیان باسیان بکەین تکا دەکەم موافەقەت بکەن کە بەناوی "هێزی پشتیوان" لە خەبەرەکان دا باسیان لێ بکەین. بەخۆشی‌یەوە لەسەر ئەو پێشنیارە موافەقەت کراو بەم جۆرە هەم گیروگرفتەکەی ئێمە چارەسەر کرا، هەم ناوی هێزی پشتیوان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرا.

لەو سەردەمەدا موجاهیدین جاروبار خەبەرەکانی ئێمەیان لە رادیۆی خۆیانەوە بڵاو دەکردەوە. دیارە ئەو بەشە کە پێوەندیی بە هێزی پشتیوانەوە هەبوو، هەر بەو جۆرە کە ئێمە دەمان نووسی لە رادیۆ موجاهیدیش دا بڵاو دەبۆوە. بەڵام کاتێك موجاهیدین تێگەیشتن مەبەست لە هێزی پشتیوان چیە، هاواریان لێ بەرز بوو، و ئەمەیان کردە بەڵگەی "تجزیە گلبی"!! کاتێکیش بۆمان روون کردنەوە کە بۆچی ئەوان دەبێ بەوە قەڵس بن کە کوردێکی عێراقی بێ لە پێناوی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"دا خۆی بە کوشت بدا، بە رواڵەت قانیع بوون و بێدەنگەیان لێ‌کرد. ئێستا تا چەند باوەڕیان کردوە؟ هەر بۆخۆیان دەزانن.

مانگی دیفاع لە ئازادی

هێرشی کۆنەپەرستی بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەتی رێگای پیرانشار– سەردەشت لە مێژووی شەڕو پەلامارەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دا کەم

وێنە بوو. بۆیە پێویست بوو کۆمەڵانی خەڵك لە دڕندەیی ڕێژیم و پێویستیی دیفاع لە ماف و ئازادییەکانیان ئاگادار بکرێنو، بۆ خەباتێکی بێ ئەمان هان بدرێن. بۆ بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی، سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور قاسملووی شەهید لە پەیامێکی رادیۆیی‌دا ماوەی نێوان ٢٠ی خەرمانان تا ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦١ی وەك ***"مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجوودییەتی گەلی کورد"*** ڕاگەیاندو داوای لە کۆمەڵانی خەڵك کرد کە لە هەموو ناوچەکان دا بۆ دیفاع لە ئازادی و شەرەفی خۆیان وەکار کەون و ***"کچ و کوڕ و ژن و پیاو و گەنج و پیر لەو دیفاعەدا بەشدار بن"*** .

لەو پەیامەدا دوکتوری نەمر ئەرکەکانی کۆمەڵانی خەڵك، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی بەرگریی میللی و بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی بەوردی دەست نیشان کردبوو و، پاش ئیشارە بە نەخشی زۆر لە توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری وەك یەکیەتیی لاوان، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی شۆرش و خەڵکی لادێ، ئەرکەکانی خەڵکی کوردستانی بەم جۆرە پوختە کردبوونەوە:

*"بەکورتی تەواوی خەڵکی کوردستان دەبێ هەموو هێز و تواناو ئیمکانی خۆیان بۆ جەبهە تەرخان بکەن. هەموو شتێك بۆ جەبهەو هەموو ئیمکاناتێك بۆ سەنگەر، ئەوەیە شیعاری ئەمڕۆی سەرانسەری کوردستان"* .

دوای تەواو بوونی ئەو مانگەش دوکتور قاسملوو لە پەیامێکی دیکەدا مانگی هێرش بۆ سەر دوژمنی ڕاگەیاند کە لە ٢٠ی زەربەرەوە بۆ ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٦١ دەگرتەوە. بەڕاستی بەدەنگەوە هاتنی خەڵکی کوردستان لە مێژووی گەلی کوردو گەلانی ناوچەدا کەم وێنە بوو. لە زۆربەی شوێنە گشتی‌یەکان دروشمی *"هەموو شتێك بۆ جەبهە، هەموو ئیمکانێك بۆ سەنگەر"* لە دارو دیوار و لەسەر کاغەز نووسرابوو. کۆمەڵانی خەڵك جانانە دیفاعیان لە ماف و ئازادی‌یەکانیان دەکردو هەمووان بیریان لە تێك شکاندنی پەلاماری دوژمن و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆرش دەکردەوە. مانگەکانی دیفاع لە ئازادی و هێرش بۆ سەر دوژمن نموونەی هەرەبەرزی هاوپێوەندی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بوون. هەر ئەو هاودەردی و هاوپێوەندییەش دوژمنی دژیگەلیی لە گەیشتن بە

ئامانجە دژی ئینسانییەکانی‌دا ناکام هێشتەوەو تا ئێستا رەمزی مان و سەربەرزیی حیزبەکـەمان و گەلەکەمانە.

گوازتنەوەی بنکەی رێبەرایەتی

لەگەڵ هەموو ئازایەتی و لەخۆبووردوویی‌یەك کە هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان و بـە گشـتی کۆمەلاّنی خـەڵك لـەخۆیان نیشـان دا، سـەرەنجام رێـژیمی ئیسـلامی تـوانی رێگـای پیرانشـار ـ سەردەشت بگرێتەوە. دەوڵەت بڕیاری دابوو هەر نرخێك پێویست بێ بۆ گرتنەوەی ئەو رێیە بیداو ئاشکراشە کە لە حاڵەتێکی وادا دەوڵەتێك دەتوانێ ئامانجە نیزامی‌یەکانی وەدی بێنێ. هـەر لـە یەکەم رۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٦١ەوە، پێش بینی دەکرا کە ئاخرەکەی دەوڵەت کۆنترۆڵی ئـەو رێگایە بگرێتە دەست. لە وەزع و حـاڵێکی وادا دروسـت نـەبوو بنکـەی رێبەرایـەتیی حیـزب و هێندێ بنکەی سـابیتی دیکـە وەك نەخۆشـخانە و زینـدان و رادیـۆ هـەر لـەجێی خۆیـان و لـە نێوەڕاستی بەرەکانی شەڕدا بمێننەوە. بۆیە پێویسـت بـوو فکرێـك بـۆ راگـوازتنی ئـەو بنکانـە بکرێتەوە. شایانی باسـە کـە هـەر لـە یەکـەم مانگـەکانی سـاڵی ١٣٦١دا فکـری راگـوازتنی نەخۆشخانەو رادیۆو زیندان کرابوو. ئەویش بەم جۆرە:

بنکەی رادیۆ کە تا ئەو کاتە نزیك گونـدی شـێلمان لـە ناوچـەی گـەورکی سەردەشـت بـوو، راگوێزرا بۆ شوێنێك لە نزیك ئاڵی‌یەمەران لە ناوچەی نەڵێن و شوێنێکی نزیك سـنوور. بناغـەی نەخۆشخانەیەکی زۆر رێك و پێك لە دۆڵی خدراوێ لەنزیك شارۆچکەی میراوێ دامەزراو کـارێکی زۆریشی لێ کرا، کە بەداخەوە پێش تەواوبوونی، ئەو ناوچەیە کەوتە دەستی هێزەکانی دوژمـن و ئەو جێیە هەرچـەند ماوەیـەك نەخۆشـخانەی گـەڕۆکی لێبـوو، قـەت نـەکرا بـە نەخۆشـخانە. لەراستیش دا دروست کردنی نەخۆشخانە لەجێیەکی وەك خدراوێ هەر لەجێدا کارێکی نادروست بوو. زیندانیش گوێزرایەوە بۆ نزیك گوندی ئاڵوەتان و هێندێك خانووبەرەشی بۆ دروست کران کـە ئەویش لەراستی‌دا پێش تەواو بوون بەجێ ما.

باشە هەر لێرەدا ئەو بەشە تەواو بکەین کە هەم بنکەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و هەم زیندانی ناوەندی پاش دووجار جێگا گۆڕین سەرەنجام پێش تەواو بوونی پاییزی ١٣٦١ راگـوێزران بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت لە نزیك سنووری عێراق کە تـا ئـەودەم هێـزی ئەرتـەش و سـوپای

پاسدارانی بۆ نەچووبوو. بێگۆمان یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێژیم لە گرتنەوەی ڕێگای پیرانشار ـ سەردەشت کە گەمارۆخستنی بنکەی دەفتەری سیاسی بوو. کەوابوو مانەوەی ئەو بنکەیە لە شێوەجۆ و لەنێو جەرگەی هێزەکانی دوژمن دا دروست نەبوو. هەربۆیە کەم کەم فکری ڕاگوێزتنی بنکەی دەفتەری سیاسی بۆ شوێنێکی پشتی جەبهە جێی خۆی کردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش شوێنی باشتر لە ئالان دەست نەدەکەوت. ئەوە بوو لە نێوەڕاستی پاییز ڕا بنکەی دەفتەری سیاسی گوێزرایەوە ئالان و لە گوندی مەزرێ لە نزیك گوندی بەناوبانگی بێتووش جێگیر بوو.

بەو حاڵەش لەبەر ئەوەی جارێ بەشێکی بەرچاو لە ناوچە شاخاوییەکان لە مەڵبەندەکانی ڕەبەت و مەهاباد و بۆکان و شنۆو پیرانشار و شیمالی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو، و تەداروکی لە ناوچەی ئالانەوە دژوار بوو، دەفتەری سیاسی بەراستی نەزانی ئەو ناوچەیە چۆل بکا. لێرەدا دەفتەری سیاسی بوو بە دوو: یەکیان سیاسیی ژمارە ١ کە بنکەکەی لە گوندی نەڵۆسە لە ناوچەی ڕەبەت بوو و دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی: کاك جەلیل گادانی و نووسەری ئەم دێڕانەی لێ بوون. ئەوی دیکەش دەفتەری سیاسیی ژمارە ٢ بوو کە شەهیدانی نەمر دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیان کاك مستەفا هیجریو کاك فەتاح کاویان و کاك مستەفا شەڵماشیی لێ بوون. تەداروکی بەشی جنووب لە ئەستۆی دەفتەری سیاسیی ژمارە ٢ بوو و، کاروباری ناوچەکانی شیمال و ناوەندیش بە دەفتەری ژمارە ١ سپێردرابوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ساڵی ١٣٦١دا ڕێگای سەردەشت ـ پیرانشاری گرتبووە، ساڵی ١٣٦٢ی بۆ گرتنەوەی هەموو جادەکانی نێوخۆی کوردستان دانابوو. لە هەموو ناوچەکان هێرش بۆ گرتنەوەی ڕێگا سەرەکییەکان دەست پێ کرا. هێرش بۆ ناوچەی ڕەبەت هەر لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢دا دەستی پێکرد. بۆیە تا پاییزی ئەو ساڵە دەفتەری سیاسیی ژمارە ١ دووجار ناچار بوو جێگای خۆی بگۆڕێ. لە مانگی خاکەلێوەدا گوازتیەوە بۆ گوندی چۆمەڵ لە نزیك ڕێگای مەهاباد ـ سەردەشت و دواتریش کە ئەو ڕێگایە کەتە دەستی هێزەکانی ڕێژیم باری کرد بۆ گوندی بێهەنگوین لە ناوچەی مەنگوڕی مەهاباد. ئاخرەکەشی کە فەسلی ساردو سەرما دەستی پێکرد و دەرکەوت کە مانەوە لەو ناوچە کوێستانە بۆ زستان زۆر دژوارە، ئەو بنکەیەی دەفتەری سیاسی هەڵوەشا و لەگەڵ دەفتەری ژمارە دوو تێکەڵ بووەوە.

تۆماری تەمەنی کۆماری ئیسلامی زۆری بە کوشت و کوشتارە و قەتلوعام و تالان بڕۆو تاوانی دژی ئینسانیو ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان پڕ کراوەتەوە. کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی شارەکانی سنە، سەقز، بانەو نەغەدەو زۆر گوندی وەك قارنێ، قەڵاتان، سوفیان، سەرووکانی، حەڵبێو کوێکان و حەسەن لۆلان و... دوور خستنەوەی سەدان بنەماڵەی کورد بۆ ناوچە دووردەستەکانی وڵات، وێران کردنی سەدان گوند، سووتاندنی هەزاران هەکتار زەویو زاری خەڵکی هەژاری لادێ، گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەو ئازاری ئازادیخوازانی کورد هەر کامە بەشێك لە کارنامەی رەشی ئەو حکوومەتە پێك دێنن کە هەژدە ساڵە بەناوی دینەوە سواری شان و ملی گەلانی ئێران بووە.

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییش دا بە دەیان جار کیژان و لاوانی کورد بە تاك و بە کۆمەڵ کەوتوونە بەر دەسڕێژی بەکرێگیراوانی داخ لە دڵی کۆماری ئیسلامی. بەڵام جینایەتێك کە کاربەدەستانی ڕێژیم لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ (٢ی ژووئەنی ١٩٨٣)دا دەرهەقی لاوانی مەهاباد ئەنجامیان دا، بەڕاستی دڕندانەو پڕ شوورەیی بوو. لەو ڕۆژەدا بەناو پارێزەرانی ئیسلام بە یەك جار ٥٩ تێکۆشەری خەڵکی مەهابادیان دایە بەر دسڕێژی گوللەی ناهەقی و خەیانەت بێ‌ئەوەی ئەوانە تاوانێکی شیاوی ئەو سزا سەختەیان (تەنانەت بەپێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییش) ئەنجام دابێ‌و، بێ ئەوەش لە دادگایەکی ئاشکرا و قانوونی‌دا موحاکەمە کرابن.

لەنێو ئەو ٥٩ کەسەدا لە بێ‌لایەنەوە هەبوو هەتا ئەندامی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان. بەڵام زۆربەی زۆریان لە لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بەڵگەیەك لەسەر ئەندامەتیان لەدەست جەللادەکانی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا نەبوو. بەداخەوە لەبەر نەبوونی بەڵگەی روون دەرەتانی ئەوە نیە لە بەرامبەر ناوی هەرکام لەو شەهیدانەدا ناوی ئەو ڕێکخراوە سیاسی‌یە بنووسین کە ئەندام یان لایەنگری بوون. بەو حاڵەش ناکرێ ناوی ئەو ٥٩ شەهیدە کە دەتوانین بە ٥٩ مەشخەڵی ڕێگای رزگاری کوردستان و سەرانسەری ئێران و ٥٩ شەهیدی دڕندەیی‌و

ئینسانکوژیی رێـژیمی ئیسـلامی‌یان دابنـێین، لێـره‌دا تۆمـار نـه‌کرێ. نـاو و شـۆره‌تی ئـه‌و ٥٩ شه‌هیده‌ی ڕێگای دێموکراسی و خودموختاری به‌م جۆره بوو:[1]

١ـ ملا حسن لاجوردی

٢ـ علی صلاحی

٣ـ علی غواره

٤ـ مصگفی فقری

٥ـ شکری نادری

٦ـ صالح مام براهیمی

٧ـ سید محمود محمدی

٨ـ کریم کاوه

٩ـ یوسف حسن زاده

١٠ـ سلیمان حسین زاده

١١ـ ابراهیم امینی

١٢ـ محمد فاروق بازیار

١٣ـ یوسف حبیب پناه

١٤ـ کریم رحیمیان

١٥ـ کمال کریمی

١٦ـ هه‌ژار کریمی

١٧ـ انشاءالله نادری

١٨ـ ابوبکر شکری

١٩ـ خدر رنگینی

٢٠ـ علی باژیان

١ـ ناوه‌کان له رۆژنامه‌ی "کوردستان" ژماره ٩١، جۆزه‌ردان و پووشپه‌ڕی ١٣٦٢، لاپه‌ره ٢٤و٢٥ وه‌رگیراون.

٢١ـ فریدون شنگه

٢٢ـ محمد سلیمی

٢٣ـ رحمان خچرپور

٢٤ـ احمد کهروبی

٢٥ـ مقصود محمدی

٢٦ـ صالح فرهودی

٢٧ـ کامران زائر حجازی

٢٨ـ علی أباده

٢٩ـ سیامك سقزی

٣٠ـ عباس یوسفی

٣١ـ حسین کلهری

٣٢ـ احمد محمود کندو

٣٣ـ محمدامین احمدی

٣٤ـ منصور جناح

٣٥ـ وفا الیاسی

٣٦ـ محمد مسعودی

٣٧ـ محمد ابوبکر

٣٨ـ سید ابراهیم احمدی

٣٩ـ خالد صفائی

٤٠ـ خالد رحیمی ێژر

٤١ـ حسن رحیمیان

٤٢ـ کمال چاوشینی

٤٣ـ یوسف ایازی

٤٤ـ خالق بارزانی

٤٥ـ مصگفی عصمتی

٤٦ـ علی گلپرست

٤٧ـ رحمان رحیمی

٤٨ـ عبدالله تحریریان

٤٩ـ علی مزنه

٥٠ـ کاڤم خاتونی

٥١ـ عباس حسین پور

٥٢ـ محمد حسینی

٥٣ـ محمود دریزەای

٥٤ـ همایون نیلوفر

٥٥ـ محمد امین صفا

٥٦ـ محمد علیالی

٥٧ـ علی بانەیان

٥٨ـ حسن جهانیان

٥٩ـ غلامرچا بارزی

سنوور بەزاندن

هێرشی بەربلاوی رێژیم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان بەرەبەرە دەرەتانی راگرتنی بنکەی سابیتی بەرتەنگ کردەوە. بە پەلاماری زەمینیو هەوایی بۆ سەر ناوچەی ئالان کە دەفتەری سیاسیو نەخۆشخانەو بنکەی رادیۆو چاپەمەنی و بەکورتی هەموو ئۆرگانەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی لێ جێگیر ببوون، ئەمنییەتی ئەو ناوچەیە بەتەواوی کەوتە مەترسییەوە. هەربۆیە لە ئاخرو ئوخری هاوینی ١٣٦٢دا بەداخەوە حیزب ناچار بوو بیر لە سنوور بەزاندن و گوازتنەوەی بنکەی دەفتەری سیاسی بۆ نێو خاکی عێراق بکاتەوە.

یەکێك لە کۆسپە سەرەکییەکانی سەر رێگای ئەو کارەش ئەوەبوو کە تەواوی هێڵی سنووریی نێوان ئێران و عێراق لە ناوچەی کوردستانی عێراق دا بە ناوچەی قەدەغەکراو ناسرابوو و لەمێژ

بوو لە دانیشتوانی چۆل کرابوو. جگە لەوەی لە بەرەبەری فەسڵی باران و بەفر و سەرما و سۆڵەدا دەرفەرتی دروست کردنی خانوو بۆ ئەو هەموو ئۆرگانە نەبوو، هەر وەرگرتنی موافەقەتی دەوڵەتی عێراق بۆ جێگیر بوون لە ناوچەی قەدەغەکراو دا پێویستیی بە وەختێکی زۆر هەبوو کە بەهیچ جۆر لەگەڵ وەزعی حیزب لە ناوچەی ئالان رێك نەدەکەوت. بەرەبەرە هێزەکانی رێژیم لەناوچە نیزیك دەبوونەوەو بەردەوامیش دەورووبەری دەفتەری سیاسی لە ژێر ئاوری هێزی هەوایی‌و توپخانەی دوورهاوێژدا بوو.

لەوحاڵەدا چار نەبوو جگە لەوەی کە پێش ئەوەی بەرەسمی موافەقەتی دەوڵەتی عێراق وەرگین، هێندی بنکەی سووکبار لە ناوچەی ماوەت (شینکایەتی) کە لەگەڵ ئالانی سەردەشت هاوسنوورە، جێگیر بکەین و ئەم جار دەوڵەتی عێراق ئاگادار بکەین کە ئێمە لەو ناوچەیە هەین و داوا بکەین کە بە هێزەکانی ئەرتەش دەستوور بدەن، تۆپ بارانمان نەکەن. سروشتی‌یە کە دەوڵەتی عێراق ئەو کارەی پێ ناخۆش بوو، بەلاّم بەهەرحاڵ تازە کەوتبووە بەرامبەر (امرواقع)و پیاو هەق بڵێ جگە لە کەندو کۆسپی هاتوچۆ گیروگرفتێکی دیکەمان لەلایەن هێزەکانی ئەتەرشی عێراقەوە بۆ دروست نەکرا. ئەوە بوو کە بەرەبەرە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی راگوێزران و لە یەکێك لە شەوەکانی خەزەڵوەری ١٣٦٢دا (بەداخەوە بە وردی لەبیرم نیە) کە هیزەکانی رێژیم توانیان بەرزایی ستراتیژیکی "نۆڕێ" لە ناوچەی ئالان بگرنەوە، دوا بارو دوا نەفەرەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی لە زێی چووك کە لەو شوێنە راست لەنێوان هەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق دا دەڕوا، پەڕینەوە.

جێگای باسە کە لەگەڵ ئێمە بنکەکانی رێکخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران و کۆمەڵەش سنووریان بەزاندو ئەوانیش هەر لە ناوچەی شینکایەتی و لە نزیك بنکەکانی حیزب جێگیر بوون. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بێجگە لە هێندێ شوێنی تایبەت وەك زیندان و رادیۆ، تەواوی ئۆرگانەکان و هەروەها بنەماڵەکان ئەو ساڵەو تا چەند مانگ لە ساڵی ١٣٦٣ش هەر لە چادر، یان وەك ئەودەم ناویان لێنابوو، لە خانووی پەڕۆدا دەژیان. خوا هەڵناگرێ زستانەکەشی زۆر ئەهل و سەهل نەبوو و ساردو سەرما زۆری خەڵك و بەتایبەتی ژن و منداڵ ئازار دا و لە

ئاوربارانی دووراودووری تۆپخانەش بێبەش نەبوون. بەو حاڵە تێکڕا بــە ورەیــەکی بــەرزەوە ئــەو زستانەیان بەسەر بردو هەمووان وێکڕا بۆ چارەسەریی گیروگرفتەکان هاوکارییان کرد.

کورتەباس

مەسەلەیەك کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە کورتەباس ناسراوەو لە ساڵی ١٣٦٢ زیاتر خۆی نواندو بوو بە باسی هەرە گــرنگ و ئــاڵۆزی کــۆنگرەی شەشــەم، رابردوویــەکی لــەوە درێژتری هەیە. دەزانین حیزبی دێموکرات ئەگەرچی حیزبێکی نەتەوەییو ناوچەیییە، بــەڵام هــەر لە سەرەتاوە لە پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی شوورەویو حیزبی کومونیستی شوورەویدا بــووەو ئــەو نیزیکییە وای کردوە حیزب هێندێك بناخەی فکری و تەنانەت هێنــدێ سیســتمی تەشــکیلاتیش لەو حیزبە وەربگرێ. لەسەر یەك حیزبی دێمکــرات ئێســتاش خــۆی لــە ریــزی هێــزە سیاســییە چەپەکانی ئێران و کوردستان دا دەبینێو ئەمەش بە نوختەیەکی بەهێزی خۆی دەزانێ.

بەو پێیە حیزبی دێموکرات هەم بەرنامەکەیو هەم پێــڕەوی نێوخــۆی کــەم و زۆر وێکچــوونی لەگەڵ بەرنامەو پێڕەوی حیزبە کۆمونیستەکان دا هــەبووە و بەتایبــەتی دیفــاع لــە کرێکــاران و جووتیاران و چینە زەحمەتکێشەکان بە گشتی و توێژە خەڵکییەکانی کۆمەڵ (رووناکبیران، ژنان و لاوان و...) یــەکێك لــە شــانازییەکانی ئــەو حیزبەیــە. هــەر بــەو پێیــە "ســانترالیزمی دێموکراتیك"،"پەیڕەوی لە تیئۆریی زانستی" و "سۆسیالیزم" و زۆر شتی دیکە لەو ئەسڵانە کە زیاتر لەنێو حیزبە کومونیستەکان دا پەیڕەویان لێ دەکرێ، لە کۆنەوە بە شێوەیەك کەوتوونە نێــو بەندەکانی بەرنامە، یان پێڕەوی نێوخــۆی حیزبــی دێمــوکراتی کوردســتانی ئێرانــەوە. جگــە لــە ماوەیەکی کورت (١٣٤٩ــ١٣٣٩) کــە حیزبــی دێمــوکرات لــەژێر تەئســیری هێنــدێ تــەوژمی لاوەکیدا لە رێبازی خۆی دوور کەوتبووەوە، ئەم حیزبی هەمیشە خــۆی بــە یــەکێك لــە حیزبــە چەپەکان و بە دۆستی حیزبە کومونیستەکان و وڵاتانی سوسیالیستی داناوە.

بەڵام دوکتور قاسملووی نەمر کە هەم رووناکبیرێکی گــەورە بــوو کــە چــەند زمــانی زینــدووی دەزانین و لە زۆر مەیدان دا موتالایەکی زۆری هەبوو و هەمیش بۆخۆی ماوەیەکی زۆر لە وڵاتانی سۆسیالیســتی ژیــابوو و، هێنــدێك لــە کــەم و کوڕیــەکانی سیســتمی سۆسیالیســتیی بــۆ دەرکەوتبوون، هەر پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٣٤٩ (١٩٧٠)دا هــەوڵیدا هێنــدێ

ئاڵوگۆڕ له بۆچوونه‌كانی حیزبی‌دا پێك بێنێ. پێویسته بگوترێ كـه شـه‌هید قـاسملوو بـاوه‌ڕێكی قووڵی به سۆسیالیزم هه‌بوو، له‌باری بیروباوه‌ریشه‌وه ماركسیست بوو. به‌و تێبینی‌یه‌وه كـه ئـه‌و ده‌روێش سیفه‌ت یان باشتر بڵێم نۆكه‌ر سیفه‌ت نه‌بوو. باوه‌ڕی به سه‌ربه‌خۆیی حیزبـی دێمـوكرات هه‌بوو، سه‌ربه‌خۆ بیری ده‌كرده‌وه‌و پێی وا نه‌بوو ئه‌وه‌ی له یه‌كیه‌تیی شووره‌وی، یـان لـه وڵاتـانی دیكه‌ی سۆسیالیستی ده‌گوزه‌رێ ته‌واوه‌و كه‌م و كوڕیی تێدا نیه.

ره‌نگه چه‌ند ساڵ ژیان له چیكۆسلۆواكی‌و دیتنی ئه‌و رووداوانه‌ش كه ساڵی ١٩٦٨ له‌و وڵاتـه روویان دا و ناوی "به‌هاری پراگ"یان لێ به‌جێ ما، له‌و ئاڵو گۆڕه فیكرییانه‌ی شه‌هیدی نـه‌مردا بێ‌ته‌ئسیر نه‌بووبن. جێگای باسه ئه‌وه‌نده‌ی بۆ خۆم بیسـتوومه‌و زانیومه‌تـه‌وه، دوكتـور قـاسملوو ته‌نیا شه‌خسییه‌تی كوردو ئێرانی‌و به گشتی بێگانه‌ی چێكۆسلۆواكی بوو كه ساڵی ١٩٦٨ هاتنی ئه‌رته‌شی شووره‌وی بۆ ئه‌و وڵاته به غه‌ڵه‌ت زانی. دیـاره ئـه‌م هه‌ڵوێسـته‌ی زۆر گـرانیش له‌سـه‌ر ته‌واو بوو. چونكه له ئاكامی به‌دگۆیی "هاورێیانی" تـووده‌یی‌دا، نـه‌ك هـه‌ر بۆخـۆی، بـه‌ڵكوو خێزانیشی كه خه‌ڵكی چیكۆسلۆواكی بوو له‌و وڵاته ده‌ركران.

به‌هه‌رحاڵ چونكه سۆسیالیزم هه‌ر له كۆنه‌وه له‌نێو حیزبی دێموكرات دا وه‌ك ئامانجێك سه‌یری ده‌كراو دوكتور قاسملوو بۆخۆشی به سه‌ختی لایه‌نگری بوو، كاتێـك پـێش كۆنفرانسـی سـێهه‌می حیزب مه‌ئمووریه‌تی گه‌ڵاڵه كردنی به‌رنامه‌و پێڕه‌وی نێوخـۆی پـێ سـپێرا، سوسـیالیزمی وه‌ك ئامانجی دوارۆژی حیزب له به‌رنامه‌دا گونجانـدبوو. هـه‌ر لـه‌و كاتـه‌ش دا چـونكه لـه نیزیكـه‌وه دیتبووی كه له وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا دێموكراسی‌و ئازادیی ده‌ربڕینی بیروباوه‌ڕ نیـه، پاشـگری دێموكراتیكی بۆ سۆسیالیزمه‌كه دانابوو، بـه‌و مانایـه كـه "سۆسـیالیزمی دێموكراتیـك"ی بـۆ ئامانجی دوارۆژی حیزب پێشنیار كردبوو.

كاتێك له كۆنفرانس دا باسی به‌رنامه و پێڕه‌و هاته گۆڕێ ئه‌و به‌نده له به‌رنامـه كێشـه‌یه‌كی زۆری له‌سه‌ر دروسـت بـوو. هێنـدێ كـه‌س پێیـان وابـوو كـه گـوترا سوسـیالیزم، ئیـدی "ئـاو راده‌وه‌ستێ" و زیادكردنی هـه‌ر پێشـگر و پاشـگرێك ئه‌گـه‌ر ئیمانیشـی پـێ لـه‌ق نـه‌بێ، هـه‌ر گوناهێكی كه‌بیره‌یه. به‌شێك له به‌شدارانی كۆنفرانسیش لایـه‌نگری پێشـنیاری دوكتـور قـاسملوو بوون. ئێستا هه‌ردوولاش چه‌نده له مه‌سه‌له‌كه حاڵی بوون باسێكی دیكه‌یـه‌و خـۆی لێ ببـوێرین

باشتره. سەرەنجام چونکە هەردوو لا نەیان توانی یەکتر قانیع بکەن، لەجیاتی دێموکراتیك وشەی دادپەروەر بە سۆسیالیزمەوە لکێندراو بوو بەوە کە "ئامانجی دوارۆژی حیزب کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستی‌یە".

هەرچەند ئەو بەندەی بەرنامە لە گۆنکرەی سێهەمیش دا (رەزبەری ١٣٥٢ــ سێپتامبری ١٩٧٣) هەر بەم جۆرە پەسند کرایەوە، بەڵام شەخسی دوکتور قاسملوو هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ئەو سۆسیالیزمەی وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب لە بەرنامەدا گونجێندراوە پاشکری دێموکراتیکی بەدواوە بێ مەبەستی سەرەکییشی ئەوەبوو کە ئەو بۆچوونە لە مێشکی ئەندامانی حیزب دەربێ کە هەرچی حیزبە کومونیستەکان و وڵاتانی سۆسالیستی گوتیان دەبێ حیزبەکانی وڵاتانی دنیای سێهەم دووپاتی بکەنەوەو هەقیان نیە گومانی تێدا بکەن. هەربۆیە لە کۆنگرەی چوارەمیش دا (رەشەمەی ١٣٥٨ــ فێوریەی ١٩٨٠) دیسان ئەو بەندە هاتەوە بەرباس و موناقەشە، بەو فەرقەوە کە ئەمجارە موخالیفاتی بۆچوونی دوکتور قاسملوو زۆرتریش بوون و لەو لاوەش ڕا رێنوێنی دەکران. ئاکام ئەوە بوو کە لەوکۆنگرەیەدا ئەو بەندەی بەرنامەی حیزب دەسکاری کرا، بێ ئەوەی بگوترێ کە خوانەخواستە "*سۆسیالیزمی مەوجوود*" غەڵەت لە زاتی‌دا هەیە. ئەمجارەیان ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە "*پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی کە بناخەکەی لەسەر بنچینە زانستی‌یەکانی دروست کردنی سۆسیالیزم دامەزرابێ*" .

گەیشتینە کۆنگرەی پێنجەم (سەرماوەزی ١٣٦٠ــ دێسامبری ١٩٨١) دیسان مەسەلەی سۆسیالیزمی دێموکراتیك یان نادێموکراتیك سەری هەڵدایەوە. ئاکام ئەوەبوو کە لەو کۆنگرەیەش دا دیسان یاری بە وشەکان کراو شتێك دانرا کە ئەگەرچی هەموو لا لەسەری رێك کەوتن، بەڵام نە مەفهومێکی ناسراوی هەبوو و، نە ئامانجی هیچ لایەنێکیشی هێنایەدی. ئەمجارەیان ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان بوو بە "*پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی کە وەلا مدەری هەل و مەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان بێ*" .

لەئاکامی ئەو رەوتە دوورو درێژەدا بوو کە ساڵی ١٣٦٢(١٩٨٣) کاتێك لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی‌دا ئەو باسە هاتە گۆڕێ، وا بەباش زانرا دوکتور قاسملوو بۆچوونەکانی خۆی

لەبارەی سۆسیالیزمی دێمکراتیکەوە بێنێتە سەر کاغەز بۆ ئەوەی هاوڕێیانی حیزبی بیخوێننەوەو لێی ئاگادار بن. لێرەدا بوو کە دوکتوری شەهید ئەو باسەی لەژێر ناوی ***"کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم"*** دا گەڵاڵە کردو درا بە کۆمیتەکانی حیزبی. ***"کورتەباس"*** بە زمانێکی رەوان و دوور لە فەزڵفرۆشی نووسرابوو. لەوێدا هێندێ کەم و کۆڕیی سیستمی سۆسیالیستی لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا باس کرابوون و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی بەرامبەر بەو وڵاتانە پێشنیار کرابوو. زۆر بە کورتی گوترابوو کە ئێمە نە دەبێ دوژمنی وڵاتانی سۆسیالیستی بین و هەرچی گوتیان رەتی بکەینەوە، نە دەبێ گوێ لە مستیان بین و هەرچییان گوت بە قسەیان بکەین و لەبەری بنووسینەوە. سیاسەتی دروست ئەوەیە دۆستیان بین. دوو دۆست جاری وایە نەزەریان وەك یەکەو جاری واشە هەرکامە بۆچوونێکی هەیە.

سروشتییە کە ئەو نووسینەی دوکتوریش، دەروێشەکانی شووڕەویو وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی روون نەکردەوەو زۆر کەس لەزۆر حیزبی جۆراوجۆردا بە نووسراو هێرشیان کردە سەریو تۆمەتیان لێداو قسەیان پێ گوت. بەڵام ئەو باسە لەنێو ریزەکانی حیزب دا شوێنەواری خۆی داناو مێشکی زۆر لە هاوڕێیانی روون کردەوە. هەر بۆیەش لە کۆنگرەی شەشەم دا (رێبەندانی ١٣٦٢ـ ١٩٨٤) نەك هەر کورتەباس پەسند کرا، بەڵکوو سۆسیالیزمی دێموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاتە نێو بەرنامەی حیزبیشەوە.

داخوا مەبەستی دوکتور قاسملوو لە سۆسیالیزمی دێموکراتیك، ئەو **"سۆسیال دێموکراسی"**یە بووە کە لەزۆر وڵاتی سەرمایەداریدا وەك سیستم جێگیر بووەو زۆر حیزبی سوسیالیست و سۆسیال دێموکراتیش هەوڵی جێگیرکردنی لە وڵاتەکانیان دا دەدەن؟ ئەمە پرسیارێکە دەکرێ ئێمە جوابی جۆراوجۆری پێ بدەینەوە. ئەوەش کە ئێستا دوای رووخانی شووڕەوی و تێکچوونی بلووکی سۆسیالیستی دیسان سۆسیالیزم یان سۆسیالیزمی دێموکراتیك بۆ ئەوە دەبن بکرێنە ئامانجی حیزبێکی سیاسی و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟ شتێکە جێگای موناقەشە. بەڵام شتێك کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە دوکتوری شەهید بە هیچ جۆر مەبەستی لە سۆسیالیزمی دێموکراتیك، سۆسیال دێموکراسی نەبوو. چونکە هەر بۆخۆی لە "کورتەباس" دا بە ڕاشکاوی دەڵێ:

*"سۆسیالیزمی دێموکراتیك لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی فەرقی هەیە. سۆسیال دێموکراسی ڕێبازێکی ڕێفۆرمیستی‌یە کە بەناوی سۆسیالیزم دیفاع لە سەرمایەداری دەکا. لەحاڵێك دا سۆسیالیزم بە مانای هەڵوەشانی سەرمایەداری بە تەواوی و پێك هێنانی کۆمەڵێکی نوێ‌یە".*

ـ فەسڵی شەشەم

ـ لە کۆنگرەی شەشەمەوە تا

کۆنگرەی حەوتەم (١٣٦٤ـ ١٣٦٢)

<u>کونگرەی شەشەم</u>

بەستنی بەوەختی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەماوەی ١٧ساڵی دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا بە هەق نیشانی پابەند بوونی ئەو حیزبە بە پاراستنی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب دایە. لەوەتا کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەمان دا هاتۆتە سەرکار، حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەباتێکی سەخت و دژواری چەکدارانە بەرەورووبەو، هەمیشە بنکەکانی لەژێر مەترسیی بۆمباران و تۆپ باران و کردەوەی تیرۆریستیی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی‌دا بوون. بەو حاڵەش زۆربەی زۆری کۆنگرەکان بەو جۆرە کە پێڕەوی نێوخۆ دیاری کردوە، لەوەختی خۆیان دا گیراون. لەنێو هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا دەکرێ بگوترێ ئامادە کردن و پێك هێنانی دەرەتانی بەستنی کۆنگرەی شەشەم لە هەمووان دژوارتر بوو، و هەربۆیەش زیاتر لە هەمووان نیشانی سووربوونی حیزب لەسەر پاراستنی دێموکراسیی نێوخۆیی‌و جێبەجێ کردنی ئەسڵەکانی پێڕەوی نێوخۆی حیزب بوو.

کۆنگرەی شەشەم لە زستانی ساڵی ١٣٦٢دا بەستراو سروشتی‌یە کە کاری ئامادە کردنی لە هاوین و پاییزی ئەو ساڵەدا بوو. لەو فەسڵەی عەمەلیاتی نیزامیش دا هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێندێ سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو. تا ئەو پاییزە تەواوی ڕێگا ئەسڵی‌یەکانیان گرتبووەوەو بنکەو پێگەی نیزامی‌یان لێ دامەزراندبوون. جگە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی نێوان سێ‌کوچکەی مەهاباد‌ـ پیرانشار‌ـ سەردەشت هەموو ناوچە ئازاد کراوەکان کەوتبوونە بەردەستی هێزەکانی ڕێژیم و لەوەش زیاتر بنکەی ڕێبەرایەتیی ناچار ببوو سنووری نێوان ئێران و عێراق

ببڕێو لەخاکی کوردستانی عێراق دا جێگیر ببێ. لەو وەزعەدا هەوڵی ڕێـژیم ئـەوەبوو دەرەتـانی پشت ڕاست کردنەوە بە حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە نەداو وەك کاربەدەسـتانی ڕێژیم ناوی دەبەن کۆتایی بە "غائلەی کردسـتان" بێنـێ. بۆیـە لـە هـەموو جێیـەك بـە شـوێن تێکۆشەرانی حیزبەوە بوو و، بەتایبەتی زۆریش هەوڵی دەدا کە بەستنی کۆنگرە تێـك بـدا، یـان هەر نەبێ وەدوای بخا.

لەم لاشەوە حیزب نەك هەر لەسەر بەستنی کۆنگرە سوور بوو، بـەڵکوو لەسـەر ئـەوەش پێـی دادەگرت کە هەموو کۆنفرانسەکانی حیزبی لەنێوخۆی وڵات و لەسەر خـاکی کوردسـتانی ئێـران بگیرێن و هەرواش کرا. بۆیە لەزۆر جێگا کۆنفرانسەکانی حیزبـی کەوتنـە بـەر ڕەهێڵـەی ئـاوری تۆپخانەو بەداخەوە لە یەکێك لەو هێرشانەدا لە کۆنفرانسی شارستانی بانە کادرێکی زۆر بەوەجی حیزبی بەناوی عومەر ڕەحیمی شەهید بوو.

بۆ جێگای کۆنگرە شوێنی بنکەی ڕێبەرایەتی لەبەرچاو گیرابوو. بەڵام وەك لـە پێشـەوە بـاس کرا، تاقە خانوویەك چیە لێی نەبوو. ماوەیەك بیر لەوە کرایەوە لە گوندێکی کوردستانی عێراق و لە مزگەوتێك دا کۆنگرە بگیرێ، دوایە ئەو فکرەش وەلا نرا. چـونك لەلایـەك دەبووینـە مایـەی نارەحەتیی خەڵکەکەو یەك خەستنی نوێژ و تاعەتی خەڵك بۆ ماوەی چەند ڕۆژ، لـەلای دیکـەش ئێمە لە ناوچەی قەدەغەکراو دەژیاین کە هیچ ئـاوەدانیی لێ نـەمابوو و ئەگـەر ویسـتبامان لـە مزگەوتەکان دا کۆنگرە بگرین، دەبوو زۆر دوور لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە فکری جـێو ڕێدا بین. بۆیە بڕیار درا هەر لەنێو چادرەکانی بنکەی دەفتەری سیاسی‌دا جێگا بۆ کۆنگرە ساز بکرێ. ئەوەبوو کە هەرچۆنێك بوو هەزار بلووکێکمان پەیدا کردو ساڵۆنێکمان ساز کـرد کـە دیوارەکـەی بەشێکی بلوك بوو، بەشی سەرەوەشی نایلۆن و سەرەکەشی پـاش دارەڕایـەکی شـاش و بـاش بـە نایلۆن داپۆشـرابوو. کاتێـك ڕۆژی بەسـترانی کـۆنگرە (٢ی ڕێبەنـدانی ١٣٦٢ـــ ٢٢ی ژانویـەی ١٩٨٤) نزیك بووەوەو نوێنەرانی کۆنگرە بەرە بەرە گەیشتنە شوێنی دیاریکراو، هێزەکانی ڕێـژیم هەستیان بە بوونی کۆنگرە لەو جێگایە کردو بە توندی دایانە بەر ڕەهێڵـەی تـۆپی دوورهاوێـژ و کاتیووشا. بەخۆشی‌یەوە جێگای کۆنگرەو بنکەی ڕێبەرایەتی وەبەر نەهاتن و لـە ئاکـام دا هـیچ زیانی گیانی پێ نەگەیشت. دوایەش بە دوو ڕێگادا پێشی بەردەوام بوونی هێرش بۆ سەر شـوێنی

کۆنگرە گیرا: یەکەم ئەوە کە پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت بەڕاستی دیوارێکی گوشتینیان لەبەرامبەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم دا دروست کردو بەجۆرێك مەشغوولیان کردن کە نەپرژێنە سەر پەلاماردانی شوێنی کۆنگرە (پێشتر بەرنامەیان هەبوو لە ڕێگای زەمینییەوە پەلاماری بدەن)و تەنانەت بیر لێ کردنەوەشی. دووهەمیش ئەوە کە لە ڕێگای نفووز بۆ نێو هێزەکانی ڕێژیمەوە هێندێ زانیاریی ناڕاستمان لەبارەی شوێنی کۆنگرە دانێ کە بوو بە هۆی ئەوەی ماوەی چوار ڕۆژ شوێنێکی چۆلی دوور لە جێگای کۆنگرە بە چەکی دوورهاوێژ بکوتن.

شایانی باسە ئەوانەی کە ئاگایان لەو نهێنییە هەبوو، لە چوار پێنج کەس تێ نەدەپەڕین. بەڵام کاتێك بڕیار دراو ڕاگەیەندرا کە کۆنگرە هەر لەو جێگایەو هەر لە خانووی نایلۆن دا دەگیرێ، هیچ کەس ترسی ڕێ نەنیشت و بە ورەیەکی بەرزەوە ڕوویان کردە سالۆنی کۆنگرە. کۆنگرەی شەشەم هەروەك چەند مانگ پێشتر لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بڕیاری لەسەر درابوو، ڕاست لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا دەستی بەکار کرد. ئەمەش نیشانەی چاونەترسیو پشوو لە سەرەخۆیی ڕۆڵەکانی دێموکرات بوو. ئەم کۆنگرەیە یەکێك لە چەند کۆنگرەی حیزب بوو کە میوانیشمان بۆ بانگهێشت کردبوون. لە ڕێکخراوە ئێرانییەکان، ڕێکخراوی (مجاهدین خلق)و هێندێ ڕێکخراوی دیکە نوێنەریان هاتبوو و لە ڕێکخراوە کوردستانییەکانیش هەیئەتێکی پایەبەرزی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان (عێراق) بە سەرپەرستیی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بەشدار بوو. بەڕاستی بۆ وەبیر هێنانەوە دەبێ کە لەحاڵێك دا جاروبار دەنگی تەقینەوەی تۆپە قورسەکانی ڕێژیم لەگەڵ دەنگی بەشدارانی کۆنگرە لە میکرۆفۆن دا بلاو دەبووە، هەموو ئەوانەی لە سالۆنی کۆنگرەدا ئامادە بوون (بە ئەندامانی کۆنگرەو میوانەکانەوە) بێ ترس و دڵەخورپە قسەی خۆیان دەکردو کەس بیری لە ترس و نیگەرانی نەدەکردەوە.

کۆنگرە پاش کرانەوەی بە سروودی "ئەی ڕەقیب)و دەقیقەیەك بێدەنگی بە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، گوێی بۆ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کە لەلایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووی مامۆستاوە پێشکەش کرا. پاشان نۆرە درا بە میوانەکان کە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بخوێننەوە. پێم خۆشە وەبیر بێنمەوە کە هەم پەیامی موجاهیدین وەك چالاکترین هێزی سەرانسەریی ئێران و

هەم پەیامی یەکیەتیی نیشتمانی وەك هێزی هەرە چالاکی کورد لەو سەردەمەدا، نیشانەی ڕێـزو حورمـەتی حیزبی دێموکرات لەنێو هێزە سیاسییەکانی ئێرانی و کوردستانیدا بـوون و هـەر لـەو کاتەش دا بوونی ئەو دوو هێزە سەرەکی‌یە لەو کۆنگرەیەدا دەرفەتێك بوو بۆ لێك نزیك بوونەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی هەقخوازانەی گـەلی کـورد لـە دەرەوەی ئێران. دیارە پاش پێشکەش کردنی پەیامی پیرۆزبایی، میوانەکان کۆنگرەیان بەجی هێشت و تـا دوا رۆژی کاری کۆنگرە کە جارێکی دیکە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆتاییدا بانگهێشت کران گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

کۆنگرەی شەشەم کە بە بەشـداریی نزیکـەی ٢٣٠ کـەس لـە تێکۆشـەرانی حیـزب بەسـترا، کۆنگرەیەکی زیندوو و، هەر لەو کاتەدا کۆنگرەیەکی پڕ کێشەو جەنجاڵ بوو. باسی هەرە ئـاڵۆزی ئەو کۆنگرەیە هەر ئەو مەسەلەی کورتەباس بوو کە لە فەسڵی پێشوودا باسمان لێکرد. ئەو باسـە چەند کۆبوونەوەی کۆنگرەی بە خۆیەوە خەریك کردن و تەنانەت دووسێ جاریش فەزای کـۆنگرەی ئاڵۆز کرد. هێندێك کەس کە تا ئەودەمیش زیاتر گوێیان لە قسەی حیزبە کومونسیتەکان و بـە تایبەتی بیروبۆچوونی شووڕەوییەکان دەگرت، تا بیروبۆچونی حیزبی خۆیان، پێیان وابوو لکاندنی پاشگری دێموکراتیك بە سۆسیالیزمەوە کفـری ١٢ ئیمامـەو حیزبـی دێمـوکرات لـە نێـوەرۆکی شۆرشگێرانەی بە تاڵ دەکا. بەشێکیش سـەریان لـەوە سـووڕ مـابوو کـە ئەنـدامانی حیزبێکـی دێموکرات کە ناویشی دێموکراتەو، دێموکراسیش بەشی یەکەمی درووشمـە سـتراتیژیکی یەکـەی پێك دێنێ لە دێموکراسی سڵ بکەنەوەو وەك جندۆکە لە "بسم الله" برەنەوە... جێگای باسە کە ژمارەی لایەنگرانی هەرکام لەو دوو خەتەش ئەوەندە لێك نزیك دیار بوو کە بە ڕاسـتی نـەدەکرا لێك بدرێتەوە کامیان بە سەر ئەوی دیکەدا سەردەکەوێ. وەختێك دوای چەندین سەعات بـاس و وتووێژ بەشدارانی کۆنگرە نەیان توانی زمانێکی هاوبەش لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە بدۆزنەوە، بە ناچار پەنا بۆ دەنگ وەرگرتن براو لە ئاکام دا لایـەنگرانی سۆسـیالیزمی دێموکراتیـك بـە ١٠٨ دەنگ بەرامبەر بە ١٠٠ دەنگ سەرکەوتن. نیزیکەی بیست کەسیش دەنگیـان بـۆ هـیچ لایـەك نەدا.

له کۆنگرەی شەشەم دا وێرای پەسندی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی کـە لێکدانەوەیـەکی وردی هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیی ئەو سەردەمی تێدا بوو، و ئەرکەکانی تێکۆشەرانی حیزبی بۆ قۆناغی تازە دەست نیشان کردبوو، بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبیش دەسکاری کران و پەسند کرانەوەو هێندێ بڕیاری گرنگیش لە بارەی کاروتێکۆشـانی حیزبـی و پێوەنـدی حیـزب لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازەنەی سەرانسەری یەوە پەسند کران.

یەکێك لە بڕیارە گرینگەکانی کۆنگرەی شەشەم پەسند کردنی گەلاڵـەی شـووڕای نیشـتمانیی بەرگری بۆ خودموختاری کوردستان بوو کە چەند مانگ پێشتر بە بەشـداری نوێنـەرێکی حیـزب ئامادە کرابـوو و، وەك یـەکێك لـە سـەنەدە مێـژوویی یـەکانی شـووڕا پەسـند کرابـوو. جێـی وەبیرهێنانەوەیە کە هەر لەو کۆنگرەیەدا جـارێکی دیکـە پشـتیوانیی لـە شـووڕای نیشـتمانیی بەرگری کرابوو، و هیواداری دەربڕابوو کە ***" شووڕا هەنگاوی زیـاتر لـە یەکخسـتنی کۆمـەڵانی بەرینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی خومەینی هەڵێنێتەوەو هوویییەتی تایبەتی خۆی وەك کۆگای هێزە ئازادیخوازە ڕاستەقینەو ڕەسەنەکانی ئێـران نیشـان بـداو لـە داوڕۆژدا بتوانـێ ئـەو هێـزە نیشتمانپەروەرانەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ کە جارێ لە دەرەوەی شووڕا دان"*** .[1]

بەڵام هەر لەو کاتەدا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی ـ کە لە کـۆنگرەی شەشـەم دا پەسـند کـرا باسی هێندێ لە کەم و کۆری یەکانی شووڕاشی کردبوو. ڕاپۆرت دوای باسی هێندێ گیروگرفتـی نێو شووڕا گوتبووی:***" جێگیر بوونی جەووێکی دێموکراتی و خۆ پاراستن لە سەپاندنی ئیدئۆلوژی یەکی تایبەتی لە نێو شووڕادا ئەم چەشنە گیروگرفتانە هاسانتر دەکا. مەسـەلەیەکی ئەساسـیی دیکە ئەوەیە کە ماهییەتی خودی شووڕا بە جوانی دیاری بکرێ... شووڕا دەبێ نیشان بـدا کـە هی یەك یا دوو ڕێکخراو نیە، نوێنەری هەموو ئەو ڕێکخراو و شەخسـییەتانەیە کـە ئەنـدامی شووڕان"*** .[2]

[1]- خاڵی ٢ لە بڕیارنامەی کۆنگرەی شەشەم، لەسەر خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران.

[2]- ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەم، لاپەرەی ٥٥و ٥٦.

کۆنگرەی شەشەم پاش پەسند کردنی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی ودەسکاریی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب و پەیام و بڕیارنامەکان، لە دوابەشی کارەکانی دا ئەنـدامانی ئەسـڵی و جێگـری کۆمیتەی ناوەندی بە چەشنی خوارەوە هەڵبژارد:[1]

١ـ دوکتور قاسملوو ئەندام
٢ـ دوکتور شرفکندی "
٣ـ جلیل گادانی "
٤ـ حسن شرفی "
٥ـ هاشم کریمی "
٦ـ حسن رستگار "
٧ـ حسن شیوەسەڵی "
٨ـ گاهر علیار "
٩ـ همایون اردلان "
١٠ـ حسین مدنی "
١١ـ رحیم محمدزاده "
١٢ـ شاپور فیروزی "
١٣ـ دوکتور خلیقی "
١٤ـ مصگفی هجری "
١٥ـ مصگفی شلماشی "
١٦ـ حکیم رچاییی "
١٧ـ غفور حمزەای "
١٨ـ نبی قادری "
١٩ـ علی کاشف پور "

---

١ـ بە پێی یادداشتی کاك هاشم کریمی.

٢٠ـ فتاح كاويان "
٢١ـ عبدالله بهرامی "
٢٢ـ جهانگیر اسماعیل زاده "
٢٣ـ کریم علیار "
٢٤ـ بابا علی مهرپرور "
٢٥ـ عبدالله حسن زاده "
٢٦ـ ابوبکر راد جێگر
٢٧ـ محمدامین مجیدیان "
٢٨ـ رحمان رحیمی(چەکۆ) "
٢٩ـ جعفرحامدی "
٣٠ـ فتاح عبدلی "
٣١ـ صدیق فرخیان "
٣٢ـ مراد قادری "

دوای کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی به شێوەی خوارەوە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەڵبژارد:

١ـ دوکتورعبدالرحمن قاسملوو ـ سکرتێری گشتی
٢ـ عبدالله حسن زاده جێگری سکرتێر
٣ـ دوکتور صادق شرفکندی ئەندام
٤ـ حسن رستگار "
٥ـ حسن شرفی "
٦ـ جلیل گادانی "
٧ـ هاسم کریمی "

ئەم چەند کەسەش وەك موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران:

١ـ صدیق بابایی
٢ـ عبدالله عزت پور

٣ـ سنار مامدی

٤ـ حسن ایوب زاده (مامۆستا گۆران)

دیدارێك

له فەسڵی پێشوودا باسمان کرد که موجاهیدین به هاوکاری نێوان ئێمەو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان له دژی رێـژیمی کۆمـاری ئیسـلامی دا قـەڵس بـوون و ئەمـەیان بـە نیشـانەیەك لـە جیاوازیخوازی دەزانی.

بەڵام بەره بەره وا دیاربوو ئەو گومانـەیان دەڕەوێ و باشـتر بـۆ مەسـەلەکه دەچـوون. یـەك دووجارباسی ئەوەیان کرد که حەز دەکەن جۆرێك پێوەندی له نێوان وان و یەکیەتیی نیشـتمانیی کوردستان دا دابمەزرێ. بۆیه کاتێك کۆبوونەوەی کردنەوەی کۆنگرەی شەشەم دا لەگـەڵ دەسـتەی نوێنەرایەتیی یەکیەتی ئاشنا بوون، پێشنیاریان به دوکتور قاسملوو کـرد کـه چـاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ مام جەلال و هەڤالەکانی بۆ پێك بێنێ. کاتێکیش دوکتور پێشنیارەکەی بـە مـام جـەلال راگەیاند، ئەو زۆر به گەرمی پێشوازی لێ کردو دیدارەکه له چادرێکی دەفتەری سیاسی دا پێـك هات.

ئەوەندەی له بیرم بێ له لایەن یەکیەتی یەوە مام جەلال و کاك نەوشیروان مستەفا، لـە لایـەن موجاهیدینەوە ئاغای محمد علی جابرزادەو ئاغای ابراهیم ژاکری و له حیزبیش دوکتور قاسملوو و نووسەری ئەم دێڕانە بەشـداری دانیشـتنەکە بـوون. لـە سـەرەتای پێـك گەیشـتنەکەدا دوکتـور فەرمووی نەخشی ئێمە تەواو بوو، ئێمە واسیتەی پێکەوە دانیشتنی ئێوە بـووین. کەوایـە ئێـوە قسەی خۆتان بکەن و ئێمە به جێتان دێڵین. بـەڵام لـە پـێش دا برادەرانـی یەکیـەتی و دوایـەش دۆستانی موجاهید گوتیان ئێمە شتێکی نهێنی باس ناکەین و حەز دەکەین ئێوە هـەر لەگـەڵمان بن. بۆیه دوکتور رازی بوو که ئێمەش تا تەواوبوونی کۆبوونەوەکه دانیشین.

دیداری موجاهیدین و یەکیەتی زۆر دۆستانه دەستی پێ کردو هـەردوولا ئـۆگریی خۆیـان بـۆ پێك هێنان و درێژەدانی پێوەندی دۆستانه و هاوکاری نیشـان دا. بـەڵام لـە نێـو قسـەکانیان دا شتێك هاتە گۆڕێ که برادەرانی یەکیەتی زۆریان پێ سەیر بوو و به راسـتی لێـی هەڵبەزینـەوە، هەرچەند لەو کۆبوونەوەیـەدا وەسـەر خۆشـیان نـەهێنا. بـەڵام ڕەنگـە هـەر ئەمـە یـەکێك لـە

کۆسپەکانی درێژەی دۆستایەتیی نێوان ئەم دووانە بوبێ. وەك دەزانین یەکیەتی و موجاهیدین نەك هەر هیچ وەخت پێوەندی هاوکاری و دۆستایەتی یان لە نێودا دانەمەزرا، بەڵکوو بەداخەوە ناکۆکیشیان لە نێودا درووست بوو و هێندێ رووداوی زۆر تاڵیشیان لە نێوان دا قەوما کە بێ گومان خێری هیچ لایەکیان تێدا نەبوو. ئەو شتە کە برادەرانی یەکیەتیی لێ هەڵ بەزینەوە بەم جۆرە بوو: ئەو کاتە جەنگەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو( ئەو شەڕە ساڵی ۱۹۸۰ هەڵگیرساو ساڵی ۱۹۸۸ کۆتایی هات). لە لایەك ئاغای "مەسعود رەجەوی" وەك بەرپرسی شووڕای نیشتمانیی بەرگری پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئاغای گارق عزیز جێگری سەرۆك وەزیری عێراق ئیمزا کردبوو. لەلای دیکەش یەکیەتیی نیشتمانی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق لە وتوویێژ(مفاوچە) دابوو. کاتێك لە نێو قسەکان دا باس هاتە سەر وتوویێژی نێوان یەکیەتی و دەوڵەتی عێراق، ئاغای جابرزادە گوتی وتوویێژی ئێوە لەگەڵ عێراق ئیشکالی نیە. پاش ئەوەی (برادر مسعود) رێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ گارق عزیز ئیمزا کردوە، بۆ ئێوەش رەوایە لەگەڵ دەوڵەت وتوویژ بکەن.

برادەرانی یەکیەتی لەو قسەیە زۆر سەیر هەڵ سڵەمینەوە، بەڵام هیچ دەنگیان نەکرد، هەتا کۆبوونەوەکە تەواو بوو. پاشان بە ئێمەیان گۆت: بە راستی کارکردن لەگەڵ ئەمانە دژوارە. خۆ ئەمانە خۆیان بە میحوەری عالەم دەزانن. پێیان وایە دەوڵەتی عێراق تا دوێنێ نامەشرووع بووەو قسە لەگەڵ کردنی خەیانەت بووە. بەڵام ئێستا کە پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ وان مۆر کردوە بۆتە رێژیمێکی مەشرووع و "ئیجازە" بە ئێمەش دەدەن وتوویێژی لەگەڵ بکەین، بە ڕاستیش قسەکانی دۆستانی موجاهید بە راشکاوی ئەمەیان دەگەیاند. بە هەر حاڵ، ئەوەی لە بیرم بێ و ئاگام لێ بێ ئەم چاوپێکەوتنە هەروەك یەکەم دیداری نێوان موجاهیدین و یەکیەتیی نیشتمانی بوو، دوا دیداریش بوو.

## هێندێ ئاڵۆزی لە سەر کورتەباس

وەك لە پێشەوە گوترا، ئەو شتە کە لە حیزبی دێموکرات دا بە ناوی "کورتەباس" ناوبانگی دەرکرد، هەم ماوەیەکی زۆر بوو لە نێو ریزەکانی حیزب و بە تایبەتی لە نێو ئەندامانی رێبەرایەتی دا کێشەی لە سەر بوو، هەم لە کونگرەش دا باس و موناقشەیەکی زۆری لە سەر

کراو و ناکۆکی یەکی توندی بیروبۆچوونی لە سەر دەرکەوت. بە پێی قاعیدە دوای کۆنگرە دەبوو مەسەلەکە ببڕێتەوەو ئەندامانی حیزب(چ موافیق و چ موخالیف) پەیرەوی لە بڕیاری کۆنگرە بکەن. بەڵام چونکە دەست تێوەردانی ئەم لاوئەولا کۆتایی نەهاتبوو، بەشێك لە ئەندامانی حیزب کە پێشتر لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیك موخالیف ببوون، درێژەیان بە بەرهەڵستیی خۆیان داو لە هەر شوێنێك بۆیان لوابایە بە دژی ئەو بەندە لە بەرنامەی حیزب تەبلیغاتیان دەکردو بەوەشەوە نەدەوێستان و چەندی لە دەستیان هاتبا بوختانیان بۆ بەشێك لە کادری ڕێبەرایەتیی حیزب و لی سەرووی هەمووانەوە دوکتور قاسملوو هەڵ دەبەست.

دەفتەری سیاسی هەوڵێکی زۆری لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وەك ئینسانێکی دێموکرات نەزەری زۆرایەتی قبووڵ بکەن و بچنە ژێر دیسیپلینی حیزبی و ئەگەر هەر قانیع نین، قسەی خۆیان بۆ کۆنگرەیەکی دیکە هەڵبگرن، بەڵام سوودی نەبوو. ئەوان کە بە ڕواڵەت خۆیان بە کومونیست دەزانی و دەش زانین لە نێو حیزبە کومونیستەکانی ئەو سەردەم دا چ دیسیپلینێکی قایم حاکو بوو، هەقیان بە خۆیان دەدا لە هەموو جێیەك قسەی خۆیان بکەن و ئەندامانی حیزب"روون" بکەنەوە. سەرەنجام دەفتەری سیاسی ئاخر قسەی لەگەڵ کردن و پێی ڕاگەیاندن کە ئەگەر بە پێی پێرەوی نێوخۆی حیزب، دیسیپلینی حیزبی بەڕێوە نەبەن، لە نێو ریزەکانی حیزب دا جێگایان نامێنێ. لێرەدا چونکە بەشێك لەو کادرانە هەر نەچوونە ژێر دیسیپلین، تەنیا چوار کەس لەوانە لە حیزب دەرکران و چەند کەسێکیش هەر لەو پێوەندی یەدا ریزەکانی حیزبیان بە جێهێشت، کە ئەگەر بە هەڵە نەچووبم بە هەموویانەوە لە قامکی دوو دەستان زیاتر نەبوون .

کەچی موخالیفانی حیزبی دێموکرات هەنگامەیەکیان لە سەر ئەو مەسەلەیە ساز کرد، ئەوپەڕی دیار نەبێ. وایان نیشان دا کە گۆیا هەزاران کەس لە ریزەکانی حیزب دەرکراون، یان لەسەر سیاسەتی "بەستراوەیی بە ئیمپریالیزم و لیبرالیزم"!! ریزەکانی حیزبیان بە جێهێشتوە. سەرنج راکێش ئەوەبوو کە هەمووی ئەو "لایەنگرانەی سۆسیالیزمە ناب" یەنایان بردە بەر ولاتانی "ئیمپریالیستی"و لە باوەشی "سەرمایەداریو بورژوازی" دا حەسانەوەو سۆسیالیزمیان بە دێموکراتیك و نادێموکراتیکەوە لە بیر خۆ بردەوە. ئەوەندەی ئەمن بزانم تەنیا یەك نەفەر لەو هاورێییانە، ئەویش بە دەم و نەك بە نووسین و بە شێوەی رەسمی دانی بەوە دانا کە لەو

لێکدانەوەیەدا بە هەڵە چووەو هەق بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. ئەمەش تەنیا وەختێك بوو کە گۆرباچۆف لە شوورەوی گلاسنۆست و پریسترویکای هێنایە گۆرێ و دیفاعی لە دێموکراتی کردنی سۆسیالیزمی مەوجوود کرد.

هەرچەند نەزەر گۆرانی ئەو هاورێ بەرێزە بۆ شەخسی من یەکجار مایەی خۆشحاڵی بوو، بەڵام ئێستاش لەوە بەداخم کە تا ئەو وەختەی باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە کوردێك دەبیست، ئەوەی بە جۆرێك خەیانەت و بەستراوەیی بە ئیمپریالیزم دەزانی. کەچی کاتێك هەر ئەو قسانەی لە بێگانەیەك بیستن، باوەری پێکردن و تێگەیشت کە هەق بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. خۆزگە رۆژێك دەهات کوردیش لەو خۆبەکەم زانینە رزگاری دەبوو و ئەوەندە چاوی لە زاری بێگانە نەدەکرد.

**<u>فێرگەی سیاسی ـ نیزامی</u>**

کاری فێرکردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا رابردوویەکی کۆنی هەیە. باسی کۆماری کوردستان و سەردەمی نهێنی لە نێوخۆی وڵات دا ناکەین. ئەوی لێرەدا بە کورتی باسی دەکەین، کاری فێرکردن لە دوای راپەرینی گەلانی ئێران و رووخانی رێژیمی پاشایەتی یە. ئەوەندەی پێوەندیی بە بەشی سیاسی یەوە هەیە، حیزبی دێموکرات لە هەموو دەورانێك باوەری بەوە هەبووە کە ئەندامی حیزبی ئەوکاتە دەتوانێ باشتر خزمەتی ئامانجەکانی حیزب و گەلەکەی بکا کە پتر بزانێ و زیاتر شارەزای سیاسەتی حیزب و ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بێ. بۆیە ئەو حیزبە هەمیشە بە پێی تواناو لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی پێگەیاندنی ئەندامانی خۆی داوە. بەڵام راهێنانی نیزامی بە شێوەی رێك و پێك ئەو کاتە دەستی پێ کرا کە بۆ حیزبی دێموکرات دەرکەوت رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی بەرەسمی ناسینی داخوازەکانی گەلی کورد، خەیاڵی سەرکوتی یەکجاری ئەم گەلەی لە سەر دایە.

دوای شەری سنەو شەری نەغەدە لە ئاخرو ئۆخری بەهاری ١٣٥٨دا یەکەمین دەورەی فێرکردنی نیزامی بە شێوەیەکی سەرەتایی پێك هات کە هێندێك لە پێشمەرگەکانی فێری بەکارهێنانی هێندێ لە چەکەکان کرد.

له ڕێکەوتی ١٣٥٩/٣/٢٠دا، واتە ساڵێك دوای ئەو دەورەیە، کلاسێکی سیاسی ـ نیزامی بە بەشداری ٤٥ کەس لە ئاوایی سەردەراباتی ناوچەی بۆکان پێك هات کە لەوێ دا هەم مەسەلە سیاسی یەکان و هەم هونەرە نیزامی یەکان دەرس دەدران و دەکرێ بڵێین ئەمە سەرەتای دامەزرانی فێرکردنێکی بە نێوەرۆکی سیاسی ـ نیزامی لە حیزب دا بوو.

بە دوای ئەوەدا زۆر دەورەی سیاسی، نیزامی، یان سیاسی ـ نیزامی بە شێوەی نارێك و نارەسمی پێك هێنران، هەتا لە بەهاری ساڵی ١٣٦٢دا کلاسێکی دایمیی فێرکردنی حیزبی بە ناوی زانکۆی سیاسی ـ نیزامی لە ناوچەی ئالانی سەردەشت کرایەوە. لە زانکۆی سیاسی ـ نیزامی دا بە شێوەیەکی سیستماتیك لاوە پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی لە لایەن مامۆستایانی سابیتی زانکۆوەو هەروەها لە لایەن ئەو مامۆستایانەوە کە لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزب ڕا بۆ دەرس گوتنەوە بانگهێشتن دەکران،لە باری سیاسی و نیزامی یەوە رادەهێنران.

لە پاش کۆنگرەی شەشەمی حیزب (ڕێبەندانی١٣٦٢) ناوی زانکۆ کرا بە "فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و، لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم ناوەندە فێرکاری یە کیژو لاوە تێکۆشەرەکان لە بواری جۆراوجۆری سیاسی، نیزامی، دەرمانی و ... دا پێدەگەیەنێ.

لە سەر یەك لە دوای دامەزرانی یەکەمین دەورەی سیاسی ـ نیزامی تا جەژنی پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات فێرگەی سیاسی ـ نیزامی نیزیك بە ١٠٠ دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە زیاتر لە ١٠ دەورەی مودیریەت و دەیان دەورەی لە بوارەکانی تەخریب، فیلم هەڵگرتن، بەکارهێنانی چەکە سووك و قورسەکان و ... داکردۆتەوە کە بە هەزاران کیژ و لاوی تێکۆشەریان تێدا پەروەردە کراون.

فێرگەی سیاسی ـ نیزامی ئێستا ئۆرگانێکی گەورەو رێك و پێکی حیزبی یە کە بەشی جۆراوجۆری لێ دەبنەوە. بەڵام پێمان خۆشە تەنیا یەکێك لەو بەشانەی لێرەدا بە کورتی باس بکرێ، ئەویش کۆڕی هونەری یە.

هونەر بە گشتی و بە تایبەتی کۆڕی هونەری لەو شتانەن کە سەرباری هەموو گیروگرفتەکانی ڕێگای خەبات، حیزبی دێموکرات هیچ کاتێك لێیان غافڵ نەبووە. زۆر باشم لە بیرە حیزبی دێموکرات ساڵی ١٣٥٨ بۆ نیشاندانی سەمفۆنیی"کاووکێ" کە لە لایەن هونەرمەندانی شاری

سنەوە بە سەرپەرستیی کاك اقبال حاجبی ئامادە کرابوو، خەرجێکی لە مەهاباد کرد کە ئـەودەم بەشێکی بەرچاو لە هەموو دارایی نەغدیی حیزب بـوو. ئەمـە نیشـانەیەك بـوو لەوەکـە حیـزب بایەخێکی زۆر بۆ هونەرو کاری هونەری دادەنێ.

بە دوای ئەوەدا هەم لە دەورووبەری دەفتەری سیاسی و هەم لە کۆمیتەکانی شارستان لاوانـی خاوەن بەهرەو هونەرمەند کەم و زۆر بۆ کاری هونەری هان دراون و خزمـەتی هونـەریان کـردوە. بەڵام تەنیا لە دەوروبەری دەفتەری سیاسی شتێکی رەسمی بە ناوی کۆڕی هونەری دامەزراوە. ئەم کۆڕە لە سەرەتادا سەر بە ناوەندی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ماوەیـەك لە ژێر سەرپەرستیی کۆمیسیۆنی کۆمەلایـەتی دا کـاری کـردوە سـەرەنجام لـە پـاش کـۆنگرەی هەشتەم(رێبەندانی ١٣٦٦) خرایە سەر فێرگەی سیاسی ـ نیزامی.

ئێستا کۆڕی هونەری لە سێ بواری بنـەرەتیی فـیلم و عـەکس، شـانۆو مووزیـك دا چـالاکی دەنوێنێ و خاوەن زۆر بەرهەمی هونەری لە بوارەکانی شانۆ، نەققاشی، مووزیك و فیلم دایە.

## شەڕی کۆمەڵە

یەکێك لە ناخۆشترین و پڕزیانترین رووداوەکانی مێژووی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان ئـەو شەڕە نەخوازراوە بوو کە لە نێوان حیزب و کۆمەڵە دا هەڵگیرسا. باسی ئەو شەڕە لـەم فەسـڵەی ئەم نووسینەدا لە بەر ئەوە نیە کە ئەو شەڕە لە نێـوان کـۆنگرەی شەشـەم و حەوتـەمی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەڵگیرسابێ. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە وا بە باش زانـرا یـەك جـار باسی بکرێ و بۆ یەك جارەکەش ئێرە بە جێتر بوو. چونکە بەداخـەوە لـە سـاڵەکانی نێـوان دوو کۆنگرەی ٦و٧ی حیزب دا شەڕی حیزب و کۆمەڵە بە چەشنێکی کەم وێنە پەرەی گرت و ئەگـەر جاران زیاتر وەك تێکهەڵچوونێکی ناوچەیی سەیر دەکرا، ئەمجارە بوو بـە شـەڕێکی سەرانسـەریی کوردستان. شاراوە نیە کە ئەو شەڕە زیانێکی زۆری لە هەردوو لاو لە ئاکـام دا لـە بزووتنـەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران داوە.

بێئەوەی بمانەوێ ئیدیعا بکەین کە حیزبی دێموکرات و تێکۆشـەرەکانی لـە پێوەنـدی خۆیـان لەگەڵ کۆمەڵەدا تووشی هیچ هەڵەو کەم و کوڕی یەك نەبوون، بە دڵنیایی یەوە دەتوانین بلێین کە هۆی سەرەکیی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان ئـەو دوو رێکخـراوەدا هێنـدێ لێکدانـەوەو بۆچـوونی

ڕێبەرانی کۆمەڵە لە بارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوون. زۆر پێش ئەوەی شەڕو پێك هەڵپڕژانی چەکدارانە ڕوو بدا، ڕێبەرایەتیی ئەو ڕێکخراوە کە لە کوردستان دا بە کۆمەڵە ناسراوە ـ بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە ناوی تەواوی چیە، یان ئەوە کە ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە، یان بەشێك لە حیزبێکی گەورەتر ـ لەو باوەڕەدا بوو کە ئەرکی هەرە گرنگ و مێژوویی کۆمەڵە بەربەرەکانی لەگەڵ نفووزی حیزبی دێموکرات و تێك شکاندنی "سام و هەیبەتی بورژوازی کورد"ە. ئەوکاتە کە دەرەتانی خەباتی سیاسی و پێك هێنانی میتینگ و خۆپێشاندان و قسە کردن بۆ کۆمەلانی خەڵك لە شارو گوندەکان هەبوو، سەری زمان و بنی زمانی هەموو قسەکەرەکانی کۆمەڵە هاندانی گوێگرانیان بۆ دوژمنایەتیی حیزبی دێموکرات بوو. ئێستا خەڵك چەندە گوێی بۆ قسەکانیان دەگرت، شتێکی دیکەیەو خەڵکی کوردستان پێش کۆمەڵەو لەگەڵ کۆمەڵە و دوای کۆمەڵە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەم حیزبە دیاری کردوە.

بەربەرەکانیی ڕێبەرانی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبی دێموکرات زۆر جار شێوەی یەکجار نامەنتیقی بە خۆیەوە دەگرت. وای لێ هاتبوو هەر شتێك حیزبی دێموکرات بی گوتایە، کۆمەڵە بە ئەرکی خۆی دەزانی بەربەرەکانیی لەگەڵ بکا. ئەگەر لەو پێناوەدا کۆمەڵە لە شارستانەتی و ڕێوشوێنە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای جیهانیش دوورکەوتبایەوە، بە لایەوە گرنگ نەبوو. بۆ نموونە حیزب ژن بە ژنەی قەدەخە کردبوو، ئەوان جەوازی ژن بەژنەیان دەدابەو بنەماڵانەی دەیانەویست موعامەلەی "پایاپای" بە کچەکانیان بکەن. حیزب بڕینی جەنگەڵی قەدەخە کردبوو، ئەوان بەدێنشینەکانیان دەگوت جوابی حیزب مەدەنەوە، جەنگەڵ ملکی خۆتانەو بچن بیوری تێ کێشن.

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆری هەوڵ دا کۆمەڵە تێگەیەنێ کە ئەو ڕەفتارە زیان بە بزووتنەوەی کورد دەگەیەنێو فەزای کوردستان ئالۆز دەکا. حیزب دەیگوت باشترە هەرکام لە ڕێکخراوەکان کاتێك قسە بۆ خەڵك دەکەن، تەبلیغ بۆ سیاسەت و دروشمەکانی خۆیان بکەن و هێرش نەکەنە سەر ڕێکخراوەکانی دیکەو سیاسەتەکانیان. چونکە هەم خەڵکی کوردستان تاقیکردنەوەیان لە سەر دێموکراسی نیە و هەمیش لە حاڵێك دا هەموو چەکدارن و بە پێچەوانەوە هەموو کەسیش زەرفییەتی سیاسیی پێویستی نیە، مەترسیی شەڕو

تێکهەڵچوونەکانی چەکدارانە لە گۆڕێ دایە. بەڵام ڕێبەرانی کۆمەڵە نەدەچوونە ژێربارو"روونکردنەوە"ی کۆمەڵانی خەڵکیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی و، وا دیاریوو بەراستییش پێیان وایە بەو"روونکردنەوە" یە دەتوانن حیزبی دێموکرات لە مەیدان دەرکەن و بۆ خۆیان جێی بگرنەوە.

بەهەرحاڵ، ئەو سیاسەتە زۆرجار لە نێوان ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کۆمەڵەدا ئاڵۆزیی پێك هێنا. ڕاستی یەکەی ئەوەبوو ئەوان لە هەر جێیەك ئیمکانیان دیتبایە، هەوڵیان دەدا ڕێگای قسەکردن و سەرهەڵبڕینیش بە تێکۆشەرانی حیزب نەدەن و لە زۆر جێگا میتینگ و کۆبوونەوەکانی حیزبیان دەشێواند. لە بەرامبەر دا ئەگەر لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دا زیاتر هەست بە مەسئوولییەت دەکراو هەوڵ دەدرا ڕێگا بە ئاڵۆزبوونی وەزع لە کوردستان دا نەدرێ، لە نێو تێکۆشەرانی حیزبیش دا کەسانی دەمارگرژو کەم سیکەدانە هەبوون کە سووکایەتی و جنێودانی کادرەکانی کۆمەڵەیان پێ قبوول نەدەکراو لەم لاولەولا بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژ لە نێو لایەنگرانی هەردووڵادا دروست دەبوو.

بەڵام بەرەنگاریی چەکدارانە لە نێوان ئەم دوو ڕێکخراوە لە بەهاری ۱۳۵۹ دا رووی دا. شەوی ۱۳۵۹/۲/۱۲ دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و دەستەیەك پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ناوچەی سەردەشت تووشی یەکتر دەبن. کاتێك یەکتر دەنگ دەدەن پێشمەرگەکانی حیزب دەیان ناسن و پێیان دەڵێن ئێمە دێموکراتین و دەزانین ئێوەش کۆمەڵەن و تەقە مەکەن. کە چی ئەوان لەگەڵ ئەوەی بە ناویش بانگیان لێ دەکرێ، تەقە لە تێکۆشەرانی حیزب دەکەن. لە ئاکام دا کادرێکی حیزبی بە ناوی رسول عبداللهی ناسراو بە فەقێ عەلیی رەسووی ئاڵی شەهید دەبێ.

هەرچەند خەتای کۆمەڵە لەو ڕووداوەدا زۆر ئاشکرا بوو و هاورێیانی حیزبی یەکجار زۆر نارەحەت بوون و داوای تۆڵە ئەستاندنەوەیان دەکرد، بەڵام ڕێبەرایەتیی حیزب ڕێگای نەدا ئاڵۆزی یەکە پە رەبستێنێ و مەسەلەکەی پووش بە سەر کرد.

ئەو روداوەش بەداخەوە نەك هەر ڕێبەرانی کۆمەڵەی نەهێنایە سەر ئەو باوەرە کە بۆ کەم کردنەوەی ئاڵۆزییەکان هەوڵ بدەن، بەڵکوو بە جۆرێکیش هانی توندوتیژ کردنی هەڵوێستیان بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات. بە نەزەری وان"بورژوازی" نەی وێرابوو بەرەنگاریان ببێتەوەو

کەوایە باشتر بوو زەبری گرچــووبڕتری لێ بــدەن و لــە مەیــدانی وەدەر نــێن. بەهــەرحاڵ، لێــرەدا نامانەوێ برینەکان بکولێنینەوەو هەموو رووداوەکان وەبیر بێنینەوە.

لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٦٣ دا چەند جار تێکهەڵچوونی چەکدارانە لــە نێــوان دوو رێکخراوەدا رووی دا. سەرنج راکێش ئەوەبوو کە هەروەخت لــە جــێ یــەك پێــك هەڵپــژرانێك دەبوو، حیزب هەوڵی دەدا رووداوەکە هەر لەو جێیە گەمارۆ بــداو ئاگرەکــە بکوژێنێتــەوە. بــە پێچەوانەوە کۆمەڵە ئامادەباشی سەرانسەریی رادەگەیاندو لە هەر جێیەك بــۆی کرابایــە کــادرو پێشمە رگەو ئەندامانی حیزب و تەنانەت لایەنگرانیشــی دەدایــە بــەر پــەلامار. دەیگــرت، دەی کوشت و بارمتەی دەگرت و سووکایەتیی دەکرد.

لە هەمووی خەراپتر ئەوەبوو کۆمەڵە، بە تایبەتی دوای ئەوەی حیزبی کومونیستی پێك هێنا، شەڕی نێوان خۆی و حیزبی دێموکراتی بە ئەرکێکی شۆرشــگێرانە زانــی و هەمیشــە ئەنــدامانی خۆی بە گیانی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەم حیزبە پەروەردە دەکرد. کۆمەڵە کۆمەڵی کــوردەواری بــە دوو بەشی سەرمایەدارو پرۆلیتاریا دابەش دەکرد. بۆ خۆی نوێنەری بێ ئەم لاوئەولای پرۆلیتاریــا بوو، حیزبی دێموکراتیش نوێنەری بۆرژوازی. جا چونکە ناتەبایی لە نێوان ئــەم دووانــەش دا لــە ئاشتی نە هاتوویە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە سەریان بوو هەوڵ بدەن بــۆرژوازی لــە نێــو بەرن. بە راستی وەزعێکیان پێــك هێنــابوو کــە هــەر ئەنــدام و لایــەنگریکی کۆمەڵــە گومــانی لەدروستیی شەڕی کۆمەڵە بە دژی حیزب دا هەبایە، هەست بە شەرمەزاری بکاو خۆی بە خــائین بزانێ.

رێبەرایەتیی کۆمەڵە کاری گەیاندبووە جێگایەك کە شەڕ لەگەڵ حیزبی دێموکراتی بــە واجــب تر لە شەڕ دژی هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دادەناو ئەندامانی خۆی وا پەروەردە دەکــرد کە ئەگەر لایەکیان دێموکرات بێ و ئەو لایەکیان پاسداری کۆنەپەرەستی بێ، شەڕی دژی حیزبــی دێمــوکرات بکــەن و واز لــە شــەڕی پاســداران بێــنن. دەلیلیشــیان بــۆ ئــەو "رێنــوێنی یــە شوورشگێرانەیە" ئەوەبووکە:

*"ئەوە کە حیزبی دێموکرات بە سەر کوردستان دا زاڵ بێ یان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لـە نێوەڕۆك دا فەرق ناکا. هەردووکیان هۆی سەرکوتی کۆمەڵان و پارێزەری سیستمی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك بە هۆی سەرمایەوەن".* [1]

*"لەوحاڵەدا نابێ لەدەست چوونی یەك یان تەنانەت چەند بەش یـان ناوچـەش لـە بەرامبـەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بە گرنگ بزانین. چونکە هــەروەك گوتمـان مــودارا لەگــەڵ حیزبـی دێموکرات بە مانای لە دەست چوونی ناوچەیەك بۆ ئێمە و دانی بە حیزبی دێموکراتە".* [2]

*"ئێمە دەبێ لە بیرمان بێ کە سەرەنجام ئەوە ئێمەین کە لە هەلومەرجی سەختیش دا درێژە بە خەباتی خۆمان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەدەین، نەك حیزبی دێموکرات. ئاخرەکەی ئـەوە ئێمەین کە شێلگیرانە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بۆ لە نێو بردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی شۆرشـگێرانەی ئـەوان ڕێبەرایـەتی دەکـەین نـەك حیزبـی دێموکرات. کەوابوو ئێمە ئەگەر تەنانەت ناوچەیەکیش لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا لە دەست بدەین، بەڵام بتوانین وەڵا مێکـی ددان شـکێن بـە جینایەتـەکانی حیزبـی دێمـوکرات بدەینەوە، لەو حاڵەدا بە پاراستنی هێزەکانمان دەتوانین لە داوڕۆژدا مشووری هێزەکانی ڕێژیم لەو ناوچەیەش دا بخۆین".* [1]

بۆ ئەوەش هەموو بزانن کە ئەو فەرمانە"شورشگێرانە" یە دەبێ لە لایەن چ سەرچـاوەیەکەوە دەرچوبێ یان دەربچێ، کۆمەڵە بە راشکاوی دەڵێ"ئەمە تەنیا دەفتەری سیاسی، یـان کۆمیتـەی ناوەندی دەتوانن تەشخیسی بدەن ئەم ئامادەیی‌یەتان هـەبێ کـە بـە یـەك فـە رمـانی دەفتـەری سیاسی و بە پێی بەرنامەیەك کە دەفتەری سیاسی دیاریی دەکا، دەسبەجێ و بـێ هـیچ ئـەم لاو ئەولایەك بەرەنگاری هێرش و جینایەتەکانی(!!!) حیزبی دێموکرات ببنەوە."[2]

---

١ـ جزوەی "لزوم اقدام قاطع و بموقع علیه ماجراجوئیهای حزب دمکرات". ١٣٦٢/٦/١٤.

٢ـ هەر ئەو جێیە.

١ـ هەر ئەو جێیە.

٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە.

قسەی خۆمان بێ خەڵکی کوردستانیش دیتیان کە کۆمەڵە چەندە"لە هەلومەرجی سەختیش دا درێژە بە خەباتی "خۆی" دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی "دەداو چەندەش" شێلگیرانە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بۆ لە نێوبردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە کوردستان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی شۆرشگێرانەی ئەوان رێبەرایەتیی" دەکا. ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێ کە دۆستانی کۆمەڵە بە قەولی کوردی تەقەیان لە تفەنگێ نەهاتوەو بە پاسدارێکی کۆنەپەرەستی یان نەگوتوە پشتی چاوت برۆیە.

شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵە چەند جارو هەر جارەی لە ناوچەیەك سەری هەڵدایەوە. ئەگەر بە ئینسافەوە قسە بکەین دەبێ بڵێین هاورێیانی دێموکراتیش لە تەواوی ئەو شەڕانەدا بێخەتا نەبوون. بەڵام جیاوازی نێوان حیزب و کۆمەڵە لەو پێوەندی یەدا دوو شت بوو:

یەکەم ئەوە کە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی ئەوەی بوو فەزایەك لە کوردستان درووست بێ کە دەرەتانی شەڕو پێك هەڵپژران لەنێو بەرێ، یان بە لانی کەمی بگەیەنێ. لە حاڵێك دا رێبەرایەتیی کۆمەڵە ئەو شتەی کە ناوی نابوو" لە قاودانی بورژوازی" بە ئەرکی مێژوویی خۆی دەزانی و لە هەر مینبەرێك کە دەستی کەوتایە بە شێوەی ناشیرین قسەی بە حیزبی دێموکرات دەگوت و بە داخەوە هێندێ جاریش تێکۆشەرانی حیزب تەحریك دەبوون و دژکردەوەی توندیان لە خۆیان نیشان دەدا.

جیاوازیی دووهەمیش ئەوەبوو کە وەك پێشتریش گوتمان، ئەگەر لە جێگایەك شەڕ و تێکهەڵچوون رووی دەدا، حیزب تێدەکۆشا هەر لەوێ ببڕێتەوەو بۆ جێگاکانی دیکە نەتەنێتەوە. بەڵام کۆمەڵە لە هەموو شوێنێك ئامادەباشی رادەگەیاندو لە هەر کوێیەك بۆی لوابایە کادرو پێشمەرگەو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی بە شێوەی جۆراوجۆر پەلامار دەدا. تەنانەت پاییزی ساڵی ١٣٦٢ کاتێك لە ناوچەی مەریوان و سنە تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکان دا درووست بوو، رێبەرایەتیی کۆمەڵە لە نیزیك گوندی گەڵالەی ناوچەی شینکایەتیی کوردستانی عێراق، رووبەرووی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب( کە هەر وەك پێشتر گوتم هەموو ئۆرگانەکانی لە چادردا بوون) سەنگەری لێ داو و حاڵەتی شەڕی راگەیاند. پێویستە بگوترێ نێوانی دەفتەری سیاسی حیزب و بنکەی رێبەرایەتیی کۆمەڵەش تەنیا گردێکی چووکەڵە بوو کە ئەفرادی

کۆمەڵە بە شەو هاتبوون بە دیوی دەفتەری سیاسی داو راست لە رووبەرووی چادری دوکتور قاسملوو دۆشکای رووسی یان دامەزراندبوو. مەودای دۆشکاکەو چادری دوکتور قاسملوو کەمتر لە سەد میتری هەوایی بوو.

لە بیرمە یەکێك لە رێبەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە زۆریش بە دۆستی کۆمەڵە دەناسرا، میوانمان بوو و قسەی خۆمان بێ بۆ نێوبژییش هاتبوو. کاتێك چاوی بەو دۆشکایە کەوت گوتی ئەو بۆ لێیان نادەن. ئەمن بم ئەمشەو نای خەمە سبەینێ خرپیان دەکەمەوە. دوکتور قاسملوو لە وەڵام دا گوتی جا ئەگەر وا بکەین فەرقی ئێمەو کۆمەڵە چ دەبێ. با بۆ تاریخ ئەوەش بڵێم ئەو جۆرە کارانەی کۆمەڵە زیاتر لە ترسەوە دەهاتن تا ئازایەتی، و شەڕکەری. چونکە بێ ئەوەی حیزب دەستیان لێ بوەشێنێ شەوێك خرپیان کردەوەو هەڵاتن و زۆر لە چادرەکان و کەل و پەلی بنکەکانیشیان ـ کە بۆ رانەگوێزرابوون ـ بە دەستی خۆیان ئاگر تێبەردا. لە بەرامبەر ئەم وەزعە ئەو سیاسەتەی کۆمەڵە دا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ساڵی ١٣٦٣ بە مەبەستی گێڕانەوەی کۆمەڵە لە دوژمنایەتی و شەڕهەڵایساندن بڕیاری دا ئەگەر جارێکی دیکە کۆمەڵە لە جێگایەك و لە ناوچەیەك شەڕ هەڵایسێنێ، حیزب لە هەموو ناوچەکان دا شەڕی لەگەڵ دەکاو رێگا نادا لە هەر کوێیەك بە قازانجی خۆی زانی شەڕ بە سەر حیزب دا بسەپێنێ. دیارە ئەم بڕیارە بەڕەسمی بڵاو کرایەوەو رێبەرایەتیی کۆمەڵەش لێی ئاگادار کرایەوە.

چەند مانگ پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە رۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٣ (١٦ی نوامبری ١٩٨٤) شەرێکی قورس لە ناوچەی هەورامان قەوما کە ژمارەیەکی زۆری لە هە ردوولا تێدا لە نێو چوون، بە تایبەتی کۆمەڵە زیانێکی قورسی گیانیی وێکەوت و بنکەکانیشی لەو ناوچەیە پێچۆڵ کران.

دەفتەری سیاسی حیزب بەو رووداوە زۆر دڵگران بوو و بڕیاری دا لە بارەی مەسەلەکەوە لێکۆڵینەوە بکرێ و پێشی پەرەگرتنی تێکهەڵچوونەکان بگیرێ. لێکۆڵینەوە بە تایبەتی لەبەر ئەو پێویست بوو کە کۆمەڵە ئیدیعای دەکرد ژمارەیەك لە ئەفرادی پاش گیران ئیعدام کراون. بۆ ئەو مەبەستە هەیئەتێکی هاوبەش لە نوێنەرانی حیزب و کۆمەڵەو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پێك هات و ئەو هەیئەتە لە نزیکەوە لە مەسەلەکەی کۆڵیەوە.

پێویسته بگوترێ هەر لە یەکەم حەوتووەکانی دوای ڕووداوەکـەدا لـە سـەر بڕیـاری دەفتـەری سیاسی حیزب بنکەکانی کۆمەڵە لە هەورامان دامەزرانەوە زۆربەی زۆری چـەك و کـەل و پـەلی بنکەکانیان وێدرایەوە. بەڵام لە هەموو ئاکارو کردەوەی کۆمەڵە دیار بوو کە خۆی بۆ هێرشێکی گەورە بۆ سەر حیزبی دێموکرات و بە قەولی خۆیان بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە ئامادە دەکا. ئـەوە لـە حاڵێك دا بوو کە کەم وەخت و لە کەم جێ پێوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵە وەك ئـەو ماوەیـەی هەورامان باش و بە بەرنامە بوو. لەو ماوەیەدا هەردوولا پێکەوە هاوکاریـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی هەم دوژمن زەفەریان پێنەباو هەم کەسانی گێرەشێوێنیش وەزعەکە تێك نـەدەن. بـەڵام کۆمەڵـە پەیتا پەیتا هەرەشەی دەکردەو هەم بە رادیۆ و بە نووسراو هەم بە کۆبوونەوە بۆ ئەفرادی خۆی بۆ پەلاماردانی حیزبی دێموکرات هان دەدا.

سەرەنجام لە نیوەشەوی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٦٣(٢٦ی ژانویەی ١٩٨٥)دا ئەفرادی کۆمەڵـە بـە کەڵك وەرگرتن لە نیازپاکی حیزبی دێموکرات و تەنانەت لە ڕێگای بە کارهێنانی نهێنی شـەوەوە کە پێشگیری لە نفووزی دوژمن لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵەدا دانرابوو، پـەلاماری بنکەکانی حیزبیان داو ١٩ کەسیان لێ شەهید کردن. لە نێـو ئـەو ١٩ شـەهیدەدا برینـدارێك و کەیبانووەی ماڵێك هەبوون کە برینندارەکە لەوێ دەژیـا. دیـارە پێشـمەرگەکانی حیـزب کـە لـە یەکەمین ساتەکانی شەڕ دا فریو درابوون و غافڵگیر کرابوون، دواتر خۆیان ڕێـك خسـتبۆوەو دژە هێرشیان کردبوو سەریان کە لە ئاکام دا جـارێکی دیکـە بنکـەکانیان پێچـۆڵ کردبوونـەوەو ١٤ کەسیان لێ کوشتبوون. هێشـتا یەکـەمین پێوەنـدیی بێسـیمی لـە نێـوان دەفتـەری سیاسـی و کۆمیتەی هەورامان نەگیرابوو کە کۆمەڵە بە نامەیەك دەفتەری سیاسی حیزبی ئاگادار کـرد کـە گۆیا لە هەورامان شەڕ بووەو داوای کرد بوو هەیئەتی هەردوولا بۆ چاری گیروگرفتەکە کۆبینەوە. دیارە ئەوان بۆیە وا زوو ئاگاداری ڕووداوەکە بـوون، چـونکە بـە دەسـتووری خۆیـان و بـە پێـی بەرنامەی لە پێش دا دارێژراوی خۆیان قەومابوو.

دەفتەری سیاسی حیزب لە وەڵامی ئەو نامەیەی کۆمەڵەدا هەر ئەوەندەی نوسی کە گومانمـان نیە ئەو شەڕە لە لایەن ئەفرادی ئێوەوەو بە ئاگاداری ئێوە بە سـەر هاورێیـانی ئێمـە داسـەپاوەو بۆیە لەگەڵ کەسانێك کە بەو شێوەیە کەڵك لە نیازپاکی ئێمە وەردەگرن، وتووێژکمان نیە.

به دوای ئەو دەستدرێژی یەدا شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوان حیزب و کۆمەڵە دا هەڵگیرسا کە چەند ساڵ درێژەی کێشاو بە داخەوە زیانێکی قەرەبوونەکراوی بە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران گەیاند. کە گوتمان شەڕێکی سەرتاسەری، مەبەستمان سەرتاسەری ئەو ناوچانە بوو کە هێزەکانی هەردوولایان لێ هەبوون. ئەگینا کۆمەڵە لە مێژ بوو لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان دا حوزووری نەبوو.

پێویستە بگوترێ کە لەبەر ئەوە کۆمەڵە خۆی لە شەڕی چەکدارانە دژی کۆماری ئیسلامی دزیەوەو ئەفرادی چەکداری لە نێوخۆی وڵات دا نەما، لە ساڵی ١٣٦٧ بەم لاوە بە کردەوە شەڕەکە راوەستابوو. بەڵام حاڵەتی شەڕ لە نێوان ئەم دوو رێکخراوە کوردستانی یەدا هەتا ١٧ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٩ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەك لایەنە، تەقەوەستانی راگەیاندو کۆمەڵەش قبوولی کرد، لە نێوانیان دا هەر بەردەوام بوو. دیارە ساڵی ١٣٦٧یش ئەوکاتە کە بەشێك لە کادروپێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ریزی خۆیان لە ریزەکانی حیزب جیا کردەوە ویەك لایانە شەڕیان دژی کۆمەڵە راگرت، کۆمەڵە لە هەڵوێست گرتنێکی لووت بەرزانەدا ئاگربەسی بی دژی حیزب راگەیاند. لە راگەیەندراوی رۆژی ٣ی بانەمەڕی١٣٦٧ی کەمەڵەدا باس لە "سەرلێ شێواوی"، "گەندەڵ بوون"بێ ئاسۆیی"ناتەوایی سیاسی"، "بوحران"،"بونبەست"ی حیزبی دێموکرات هاتبوو و ئیددیعا کرابوو کە لە کوردستان "لە دڵی پێوەندەکانی سەرمایەداری دا چینی کرێکار(دیارە مەبەست کۆمەڵە بوو) وەزعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوتۆی پەیدا کردوە کە ئیتر دەتوانێ ببێتە کۆڵەکەی هەموو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی یەکان". دوایەش گوترابوو کە حیزبی دێموکرات ئیدی ئەوە نیە کە بتوانێ هیچ مەترسی یەك بۆ کۆمەڵە پێك بێنێ و بۆیە نابێ کۆمەڵە هەر فکری خۆشی پێوە خەریك بکا.

لە بەرامبەر ئەو لووت بەرزیە بێبناخەیەداو لە بەر ئەوە کە کۆمەڵە پێی وانەبێ کە ئیدی حیزبی دێموکرات فاتیحەی خوێندراوە، و چونکە لە راگەیەندراوی کۆمەڵەدا باسێك لە ئاشت بوونەوە و چارەسەری گیروگرفتەکان نەکرابوو، حیزبی دێموکرات جوابی موسبەتی بەو تەقەوەستانە نەدایەوە.

له ماوەی چەند ساڵ شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵەدا زۆر لایەن هەوڵی خێرخوازانەیان بۆ وەستاندنی شەڕەکە لە خۆیان نیشان دا هێندێ لایەنیش ویستیان بە قازانجی خۆیان کەلکی تەبلیغاتی لێ وەرگرن.

ئەگەرچی لەبەر پێداگرتنی کۆمەڵە لە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی و لەبەر ئەوە کە حازر نەبوو هیچ پێوانەیەك بۆ رێك و پێك کردنی پێوەندییەکانی نێوان خۆی و حیزبی دێموکرات قبووڵ بکا، شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە زۆوتر رانەوەستا. بەڵام هەوڵی دڵسۆزان جێگای سوپاس و رێزلێنان و نیشانەی هەستی مەسئوولییەتیان بەرامبەر بە چارەنووسی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بوو، کە بە جێیە لەم یادەدا سوپاسیان لێ بکرێ.

لە نێو ئەوانەدا کە دەیانەویست بە دژی حیزبی دێموکرات کەڵکی تەبلیغاتی لەو شەڕە وەربگرن خەراپ نیە باسی سەرگەرمی یەك بکەین کە ساڵی ١٣٦٦ هێندێ لایەن لە ژێر ناوی"٦ جەرەیانی سیاسی" داوەری یان خست. بە جێیە لێرەدا دووشت باس بکرێ: یەکەم ئەوە کە هەرچی لێرەدا دەگوترێ پێوەندیی بە هەلومەرجی ئەوساوە هەیەو بە هیچ جۆر ئاوێنەی پێوەندی نێوان حیزب و ئەولایەنانە لە هەلومەرجی ئێستادا نیە. چونکە بە خۆشی یەوە ئێستا لەگەڵ هێندێ لەوانە حیزبی دێموکرات پێوەندی باشی دۆستانەی هەیە کە نیشان دەدا ئێستا ئیدی ئەوان راستییەکانی کوردستانی ئێران باشتر دەناسن. دووهەمیش ئەوەکە بە هەر رادەیەك نیازپاکی و هەوڵی دڵسوزانە لە کاری ئەو دڵسوزانەدا بووبێ، جێگای رێزلێنانەو بەهەرحاڵ سوپاسیان لێ دەکەین.

ئەو "٦ جەرەیانە" کە بریتی بوون لە مامۆستا شێخ عزالدین حسینی، چریکە فیدایی یەکانی گەلی ئێران، چریکە فیدایی یەکانی گەلی ئێران (ئەرتەشی رزگاریدەری گەلانی ئێران)، رێکخراوی چریکە فیدایی یەکانی گەلی ئێران، دەفتەری سیاسی رێکخراوی کرێکارانی شورشگێری ئێران(رێگای کرێکار)و کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانی ئێران، بێ ئەوەی تاقە جارێکیش بێنە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات و راوتەگبیری لەگەڵ بکەن، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵە بڕیارنامەیەکیان دەرکردبوو کە لەوێ دا داوا لە هەردوو لا کرابوو:

*١ـ دەسبەجێ کۆتایی بە شەڕ بێنن.*

***٢ـ ناكۆكی یەكانیان بە ڕێگای سیاسی دا چارەسەر بكەن.***

***٣ـ پابەندی ئازادی تەبلیغ و تە رویج و هەقی تێكۆشانی سیاسی ـ نیزامی بن.***

ئەوەی راست بێ چونكه هەڵوێستی بەشی زۆری ئەو"٦جەرەیانـە" بەرامبــەر بــە حیــزب زۆر نادۆستانه بوو، حیزبی دێموكرات راستەوخۆ جوابێكی بە وان نەدایەوە. بەڵام له نامەیــەك دا بــۆ ڕێكخراوی كرێكارانی شوڕشگێری ئێران(ڕێگای كرێكار) سوپاســی كــردن كــە ســەرنجیان داوەتــە بزووتنەوەی كوردو پێیان له سەر پێوەندی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێــران داگرتوه. پاشان لە جوابی ئەو سێ خاڵەدا كه له بڕیارنامەكەدا هاتبوون نووسی:

١ـ"ئەگەر قبووڵ دەكەن كه دەست پێكردنی ئەو شەڕە داخاوی یه شتێكی لــە ناكــا و كتــوپڕ نیە، بەڵكوو لوتكەی ناكۆكیی چەند ساڵەی نێوان دوو ڕێكخراوە، ئەودەم باوەڕ دەكەن كه كۆتایی پێ‌هێنانی دەسبەجێ ئەو شەڕەش پاش ئەو هەمـوو زیانه كه بە بزووتنەوە گەیشتوە، بێ‌هێنــدێك ڕێككەوتنی ئوسوولیی پێشتر، بە كردەوە لەگەڵ ڕاستی‌یەكان سازگار نابێ و بە كردەوە ئیمكانی سەرهەڵدانەوەی تێكهەڵچوونی چەكدارانه هەمیشه له ئارادا دەبێ.

٢ـ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران شانازی دەكا كه باوەڕو پابەندبوون بە ئازادی تــەبلیغ و تەرویجی بیروبۆچوون و هەقی تێكۆشانی سیاسی و نیزامی هەمیشه بە بەشــێك لــە پرەنســیپه بنەرەتی یەكانی خۆی زانیوەو له ماوەی هەشت ساڵ خەباتی سەخت و خوێناوی كوردستان دا بــە هەموو تواناوە بۆ پاراستن و پیادەكردنی تێ‌كۆشاوە.

بەو حاڵه قبووڵ دەكەن كه وەختێك لەگەڵ هەقی تێكۆشانی نیزامی دەتوانرێ موافقەت بكرێ كه ئەو تێكۆشانه دژی ڕێژیمی دژی ئینسانیی ئاخوندی بێ، نەك دژی حیزبی دێموكرات یان هــەر ڕێكخراوێكی سیاسیی دیكه...

هیــوادارین بــە پاراســتنی ئەســڵی بێ‌لایــەنی و ئینســاف و بــە تایبــەتیی واقیــع بینــی لــە هەوڵەكانتان دا سەركەوتوو بن".[1]

---

١ـ ٦ جریان سیاسی و درگیریهای كومله و حزب دمكرات، مردادماه ١٣٦٦، صفحه ١٢.

به دوای ئەو نامەیەدا رۆژی ١٣٦٦/٤/٢٤ چریکە فیدایی یەکانی گەلی ئێران لە نامەیەك دا کە لە لایەن "کۆمیسیۆنی هەڵبژێراوی ٦ جەرەیانی سیاسی" یەوە نووسیبووی داوای کردبوو سەعاتی دەی بەیانی ٢٨ی پووشپەر کۆبوونەوەیان لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزب هەبێ.

دەفتەری سیاسیی حیزب رۆژی ٦٦/٤/٢٥ لە وەڵامی ئەو نامەیەدا نووسی کە" ***بە داخەوە لەبەر کاری زۆر لە حەوتووی داهاتوودا دەرفەتی وەرگرتنی ئێوە دۆستانمان نیە. ئێمە خۆمان لە یەکەمین دەرفەت دا، بەڕێزتان لەو بارەیەوە ئاگادار دەکەینەوە"*** .[1]

کەچی زۆر بە داخەوە دیتمان کە رۆژێك دواتر ئەو ٦ جەرەیانە سیاسی یە بە ناوی بێلایەن و نێوبژیکەرە! لە ئۆلتیماتۆمێك دا نووسیبوویان:"لە بەر گرینگیی مەسەلەکە، ئاشکرایە کە پاش تەواو بوونی ماوەی دیاری کراو(٢ی گەلاوێژی٦٦) وەرنەگرتنەوەی جوابی ئێوە لە لایەن ئێمەوە بە مانای ... بێمەیلیی حیزبی دێموکرات بە کۆتایی هێنانی تێکهەڵچوونەکان و جێگیرکردنی ئاشتی دادەنرێ."[2]

وەڵامی ئەو ئۆلتیماتۆمە بە نامەیەکی دۆستانەی دەفتەری سیاسی درایەوە کە لەوێدا دەفتەری سیاسی داخی خۆی لە کەم سیکەدانەیی نێوبژیکەران و لە بێلایەن نەبوونی وان دەربڕیبوو و دانانی چەند رۆژ دواکەوتنی دیدارەکە بە نیشانەی "بێمەیلیی حیزبی دێموکرات بە کۆتایی تێکهەڵچوونەکان"ی بە نیشانەیەکی ئاشکرای بێئینسافی و بێلایەن نەبوونی ئەو دۆستانە دانابوو. پاشانیش هەر لەو نامەیەدا ئەو راستی یەیان وەبیر خرابووەوە کە حیزبی دێموکرات لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی خوێناوی لەگەڵ رێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی دا دەری خستوە لە هەڕەشەو ئۆلتیماتۆم ناترسێ. کەوایە لەگەڵ ئەوەی بەدڵەوە ئامادەیە گوێ بۆ قسەو پێشنیاری دۆستانی نیازپاك رابگرێ، هەموو چەشنە هەڕەشەو ئۆلتیماتۆمێك بە توندی رەت دەکاتەوە.

---

١ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، لاپەڕە ١٣و ١٤.

٢ـ هەر ئەو سەرچاوەیە، لاپەڕە ١٥.

پێویسته وەبیر بێنینەوە کە هەر لە ڕێگای ئەو ٦ جەرەیانە سیاسی یـەوە حیزبـی دێمـوکرات پێشنیارەکانی خۆی بۆ ڕاگرتنی شەڕ بۆ کۆمەڵە ناردبوو کە کۆرتی بەم جۆرە بوون:

"حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە قبووڵ دەکەن کە:

١ـ بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیـەکی ڕەسـەنی شۆڕشـگێرانەیەو حیزبیـی دێمـوکرات و کۆمەڵە هەرکام بە پێی هێزی خۆیان تێی دا بەشدارن.

٢ـ فەرمانڕەوایی و کارە ئیجرایی یەکان لە کودرسـتان دا دەبـێ ویسـت و ئـیرادەی خـەڵکی کوردستان دەربڕن. حیزبی دێموکرات بە پێی پێوانە پێشنیارکراوەکان(ژمارەی شەهیدان، ژمارەی پێشمەرگەکان، ئاوڕدانەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشوو، و پان و بە رینیی مەڵبەندی ژێر دەسەڵات) نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستانە هەر بۆیە تا وەختێـك خـەڵکی کوردسـتان لـە دواڕۆژدا بـە ئازادی جۆرێکی دیکە بڕیار نەدەن فەرمانڕەوایی و کـارە ئیجـرای یـەکان لـە ئەسـتۆی حیزبـی دێموکراتی کوردستان دەبن...

٣ـ پاش ڕێککەوتن لە سەر شێوەی بەڕێوەبردن و ئەو قانوونانە کە بەڕێوە دەچن و هەروەها لە سەر بەراوردی هێزەکان دەتوانرێ کۆمەڵەش هەم لە فەرمانڕەوایی (حکومت) و هەم لـەو داهاتـە کە لە گومرگ و ماڵیات و شتی دیکەی لەو بابەتە بە دەست دێ، بە پێی قورسایی خۆی بەشدار بکرێ.

٤ـ پاش ڕێککەوتن لە بارەی تەقە وەستاندنەوە، لە ڕێگـای وتووێـژەوە بناخـەکانی هـەنگاو ڕێکخستن و هاوکاریی نیزامیی حیزبی دێمـوکرات و کۆمەڵـەش بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی هێـزە چەکدارەکانی ڕێژیمی خومەینی بە ڕێککەوتنی هەردوولا دیاری دەکرێن".

سەیر ئەوەبوو پێش ئەوەی کۆمەڵە وەڵام بداتەوە"نێوبژیکەر" ەکـان ئـەو پێشـنیارانەیان ڕەت کردەوەو کۆتایی یان بە هەوڵ و تەقەلاکانیان هێنا.

لە نامەیـەك دا کـە ڕۆژی ٣ی گەلاوێـژی ١٣٦٦ کۆمیسـیۆنی هەڵبـژێراوی ٦ جـەرەیان بـۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی نووسیبوو، گوترابوو:

"بۆ ئاگاداریتان، پێشنیارەکانی ئێوە بۆ کۆتایی هێنان بە تێکهەڵچـوونی چـەکدارانە لەگـەڵ کۆمەڵە تەنیا بۆ ئاگادار کردن بۆ کۆمەڵە بەڕێ کران.

له بەر ئەوەی ٦ جەرەیانی سیاسی ئەو "پێشنیار"انە بە پێچەوانەی رەوتی ئەو هەنگاوانە دەزانێ کە تا ئێستا بۆ کۆتایی هێنان بە تێکهەڵچوونی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەو گەیشتن بە ئاشتی هاوێژراون، بۆیە وەدواکەوتنی لەلایەن ئێمەوە لە گورێ دا نابێ".[2]

رەنگە پێویستی بە دووپات کردنەوە نەبێ کە لە ماوەی شەش ساڵ (٦٩_١٣٦٣) شەڕی سەرانسەری، یان حاڵەتی شەڕ لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا زیانێکی یەکجار زۆر بە هەردوو لاو لەوانیش گرنگتر بە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران گەیشت.

ئەوندە خوێنەی لەو شەڕە نێوخۆیی یەدا رژا ئەگەر لە بەربەرەکانی دژی دوژمنانی ئازادی دا بەخت کرابایە، دەی توانی سەرکەوتنی بەرچاوی سیاسی و نیزامی بۆ خەڵکی کوردستان بە دیاری بێنێ. لەوەش بگوزەرێین کە زیانە رەوانی یەکانی ئەو شەڕە لەسەر خەڵکی کوردستان زۆر زۆر زیاتر لە زیانە ماڵی و گیانی یەکانی ئەو شەڕە بوون.

ئەمجار لە ماوەی چەند ساڵ شەڕدا ئەوەی لە رادیۆو رۆژنامەش دا هەردوو هێز بە یەکتریان گوت، بەڕاستی جێگای پەند لێ وەرگرتنە. کاتێك هەردوولا لەرادیۆوە باسی "سەرکەوتنەکان"ی خۆیان لە شەڕی براکوژی دا دەکرد، کەسێك ناشارەزا بایە حەتمەن پێی وابوو لە شەڕی دژی دوژمنانی ئازادی دا ئەو سەرکەوتنانەیان بە دەست هێناوە. لە هەق دەرنەچین حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە قەت نەگەیشتە ئەو رادەیە کە کۆمەڵە پێی گەیشت. چونکە بێجگە لە جنێو و قسەی سووك، کۆمەڵە لە تەبلیغاتی خۆی دا ئەوەندە خۆی بەو شەڕە "چینایەتی"یەوە رادەنا کە زۆر جار بە ئاشکرا ژمارەی زیانە گیانی یەکانی حیزبی زیاتر لەوە کە هەبوو نیشان دەدا. بۆ نموونە وەك لە پێشەوە گوتمان لە پەلامارە"مێژوویی"یەکەی ٦ی رێبەندانی ١٣٦٣ی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە هەورامان ١٩ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب شەهید ببوون، بەڵام کۆمەڵە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە رەقەمی ٣٨ کەس نەهاتۆتە خوارێ.

---

٢ـ هەر ئەو سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٦ تا ٢١.

وادیارە کوشتنی ١٩ کەس لە تێکۆشەرانی ڕێگـای ڕزگـاری بـۆ سـابیت کردنـی"شورشـگێری" کۆمەڵە بەس نیە.

ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە حیزب و کۆمەڵە هەردووکیان لەو کارەساتەدا بەرپرسـن و تووشـی هەڵەی سیاسی و چەوتیی لێکدانەوە هاتوون. بەڵام بەو حاڵـەش زۆر بێئینسـافی‌یە کـە خـەتای هەردووکی ئەمانە وەك یەك لە قەڵەم بدرێ. ئەگەر بمانەوێ بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە خۆمان بگـرین دەکرێ بڵێین کە هەرچەند مەبەسـتی حیـزب لـە بڕیـاری هەڕەشـەی سەرانسـەری کردنـی شـەڕ پێشگیری لە شەڕ بوو، بەڵام ئێمە هەلومەرجەکەمان باش هەڵ نەسەنگاندبوو و نـەمان توانیبـوو پاشەڕۆژی بڕیارێکی لەو بابەتە لە هەموو بارێکەوە پێش بینی بکەین. پاشانیش ڕاستی یەکـەی ئەوەیە وەك دژکردەوەیەك بەرامبەر بە کۆمەڵە ئێمەش جاروبار تووشی دەمـارگرژی (تعصـب)ی ڕێکخراویی هاتین و چاومان لە کەم و کوڕی یەکانی لای خۆمان پۆشی.

بەڵام لە بارەی کۆمەڵەوە شتەکە زۆر لەوانە گەورەترە. کۆمەڵە لە سەرەتاوە تا ئێستا خۆی بە دوژمنی چینایەتیی حیزبی دێموکرات دەزانێ و تەبلیغیشی لە سەر دەکا. بـە نـەزەری کۆمەڵـە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە دوو دوژمنن کە بە بێ لە نێوچـوونی یـەکێکیان ناتـەبایی یـەکان چارەسەر ناکرێ. جگە لەوە کۆمەڵە تا ئێرەش هیچ میعیارێـك بـۆ هەڵسـەنگاندنی پشـتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك لە خۆی و لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە قبووڵ ناکا. ئەو نوێنەری بـێ ئـەم لاوئەولای هەموو خەڵکی زەحمەتکێشەو هەرکەسیش پێـی وا نیـە بـا سـەری خـۆی لـە بـەردی ڕاکێشێ! کۆمەڵە ئێستاش ئەو ڕاستی یە قبووڵ ناکا کە لە کۆمەڵێکی وەك کۆمەڵی کوردەواری داو لە حاڵێك دا لایەنگرانی زۆربەی هێزە سیاسی‌یەکان چەکیان لـە شـان دایـە، نـاکرێ ڕۆژ تـا ئێواری جنێو و قسەی سووك بە یەکتر بڵێن و چاوەڕوانیش بن کە هیچ شتێك ڕوو نەدا.

بە هەمووی ئەوانەوە ئاواتی من و هـەموو خێرخـوازان ئەوەیـە، ئـەوەی تـا ئێسـتا لـە نێـو هێزەسیاسی‌یەکانی کوردستاندا(بە هەموو پارچەکانیەوە) ڕووی داوە بەس بێ و جـارێکی دیکـە کوردی شۆرشگێر تفەنگ بە کوردی شۆرشگێڕەوە نەنێ. ئەوانەش کە لە ڕیـزی گـەل دەردەچـن و دەبنە داردەستی دوژمنانی ئازادی، خەڵکی کوردستان بە هی خۆیانیان نـازانن و بـە هاوکـاریی

هەموو لایەك پێویستە بەربەرەکانی یان بکرێ هەتا گەرانەوەیان بۆ رێگای  راست، یـان لـە نێـو چوون و برانەوەیان.

**هاتنە دەر لە شوورا**

یەکێك لـە رووداوە گرنگـەکانی مێـژووی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـە نێـوان کۆنگرەکانی شەشـەم و حەوتـەم دا هاتنــەدەر، یـان دەرکرانـی حیزبـی دێمـوکرات لـە شـوورای نیشتمانیی بە رگری بوو. برانی حیزبی دێموکرات لە شوورا هەم دەکرێ ناوی دەرکرانی لـە سـەر دابنرێ، هەم دەتوانرێ بە هاتنەدەری حیزب لە شوورا بژمێردرێ. چـونکە وەك لەمــەودوا روونـی دەکەینەوە ئەوەی دۆستانی موجاهید بە پێی رەفتاری ئەودەمیان  بە سەر ئەنـدامانی شـوورایان دا سەپاند، لە راستی دا دەرکردنی حیزبی دێموکرات لە شوورا بوو. بەلام چـونکە ئـەو بریـارەی شوورا بە پێچەوانەی مەتنی راشکاو روونی ئەساسنامەی شوورا بوو، بە ئاسانی دەکـراو دەکـرێ بریارەکە بە نارەوا بێ ئیعتیبار دابنرێ. هەربۆیەش سـێ حـەوتوو پـاش دەرچـوونی بریارنامــەی شوورا دەفتەری سیاسیی  حیزب لە راگەیەندراوێك دا، هاتنەدەری حیزب لە شوورای نیشـتمانیی بەرگری بە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران راگەیاند.

هەروەك لە پێشەوە باسمـان کـرد لـە کـۆنگرەی شەشــەمی حیـزب دا وێـرای خۆشـحالّی لـە پەسندکرانی گەلاّلەی خودموختاری کوردستان لە شوورداداو لەگەڵ پێداگرتن لە سـەر پێویسـتیی پاراستن و بە هێزکردنی شوورا لە سەر ئەوش پێ داگیرابوو کە پێویستە شوورا ئـاڵوگۆری بەسـەر دا بێ، هوویەتی تایبەتیی خۆی پێبدرێو بە کۆرتی دێموکراتیزە بکرێ. ئەو داوایانەو زۆر شتی دیکە سەبارەت بە پێك هێنانی ئاڵوگۆر لە شوورادا زۆر پێش کۆنگرەی شەشەمیش لـە شـوورادا باس کرابوون و تەنانەت باس و موناقەشەی  توندیشیان هەم بە نامە و هـەم لـە کۆبوونـەوەکانی شووردا لەسەر کرابوو. هـەر ئـەو گەلاّلـەی حودموختـاری یـە کـە باسمـان کـرد، پـاش بـاس و کێشەیەکی زۆری نێوان حیزبی دێموکرات و ئەندامانی دیکەی شـوورا بـە تایبــەتی موجاهیــدین ئامادە کراو پەسند کرا. تا ماوەیەکی یەکجار زۆر موجاهیدین  و هاوفکرەکانیان بەو بیانووە کە دانانی گەلاّلەیەکی وا تــەنیا لــە ســەلاحییەتی"**مجلس مۆسسـان**" دایـە، خۆیـان لـە نووسـین و پەسندکردنی شتێکی وا دەپاراست . بـەلاّم حیزبـی دێمـوکرات کـە ئـەو بیـانووەی بـە دروسـت

نەدەزانی رۆژی ٢٠ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢، واتە زیاتر لە هەشت مانگ پێش کۆنگرەی شەشەم لە نامەیەك دا بۆ موجاهیدین نووسی:

"ئاشکرایە کە ئەو ئیستدلالە بە هیچ جۆر بیاخەیەکی راستی نیە، چونکە شوورا لە ئێستاوە سەرکۆمار(ئاغای بنی صدر) و سەرۆك وەزیر (ئاغای رجوی) و بە گشتی سیستمی سیاسیی داهاتووی ولاتی دیاری کردوەو بۆ هیچ کامیان چاوەڕێی دامەزرانی (مجلس مۆسسان) نەبووە.

کەوایە چۆنە کە وەختێك مەسەلەی دیاری کردنی نێوەرۆکی خودموختاری دێتە گۆڕێ ـ هەر ئەو خودموختاری یە کە ئاغای مسعود رجوی وەك سەرۆکی شوورا وەك ئەسلێکی پیرۆز قبوولی کردوە ـ باس لەسەر وی حەوالەی "مجلس مۆسسان" دەکرێ؟

حیزبی ئێمە تا ئێستا بۆ پاراستنی یەکیەتیی هێزەکانە ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی ئەوانەی لە شوورای نیشتمانی بەرگریدا کۆبوونەوە، بۆچوونە نادێموکراتی یەکان و رفتارە نا ئوسوولی یەکانی رێکخراوی موجاهیدینی لەنێو شووراو لە کوردستان قبوولّ کردووەو، لەو بارەیەوە تەنیا بە وەبیرهێنانەوە(تـژکر)و رەخنەگرتن وازی هێناوە. بەلام رێکخراوی موجاهیدینی گەل و ئەندامانی دیکەی شوورا دەبێ ئەو راستی یە تێگەیشتبن کە حیزبی دێموکرات بە پێی بەرپرسایەتی یەك کە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان هەیەتی ناتوانێ چاو لەو کارەی شوورا، یانی رەت کردنەوەی گەلاڵەی خودموختاری بپوشێ و پووش بە سەرەی لێ بکا، بە پێچەوانە، لە بەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمە گرنگە، رێبەرایەتیی حیزب ناچارەهەڵوێستی تازەی شوورا بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران رابگەیەنێ.

ئاگادار بوونی خەڵکی کوردستان لە هەڵوێستی شوورا، هێندێ ئاکامی دەبن کە بەشێکیان دەکرێ پێش بینی بکرێن. بۆ نموونە گومانی تێدا نیە کە رەت کرانەوەی ویستی بنەڕەتیی خەلکی کوردستان، ویستێك کە زیاتر لە چوار ساڵە بۆ وەدی هێنانی لە دژی رێژیمی خومەینی شەڕ دەکەن و لەو رێگایەدا نارەحەتی و فیداکاری یەکی زۆریان قبوولّ کردوەو هەزاران شەهیدیان داوە، ئەندامەتیی حیزبی ئێمە لە شوورا دا دەخاتە ژێر پرسیار".

دوای چوونەدەری ئاغای بەنی سەدر لە شووراش کۆمیتەی ناوەندی لە نامەیەك دا کە رۆژی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٣(١٥ی ئووتی ١٩٨٤) بۆ ئاغای مەسعوودی رەجەوی و ئەندامانی شوورای نارد، پاش باسی چوونەدەری ئاغای بەنی سەدرو باسی ئەوە کە حیزبی دێموکرات لە زۆر شت دا ناکۆکیی بیروبۆچوونی لەگەڵ ناوبراو هەبووە نووسیبووی:

" بە نەزەری حیزبی ئێمە، ئێستا وەختی ئەوە هاتوە کە شوورا لە هەموو ئەو بەندو داوانەی بوونی ئاغای بەنی سەدر درووستی کردبوون ئازاد بکرێ. بۆیە پێشنیار دەکەین:

١ـ چاو بە بەرنامەو بەڵگەکانی شوورادا بخشێندرێتەوەو مۆری بەنی سەدریان لێ بسرێتەوە.

٢ـ پێوەندی نێوخۆی شوورا لە جاران زیاتر دێموکراتیزە بکرێو هەموو رێوشوێنێکی نادێموکراتی لە نێو ببرێ.

٣ـ لەگەڵ هەموو ئەو رێکخراوو شەخسییەتانە کە بوونی ئاغای بەنی سەدریان بە کۆسپی هاوکاریی خۆیان لەگەڵ شوورا دەزانی ـ بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە بە راستیان بووە یان نا ـ پێوەندی بگیرێو بۆ راکێشانیان دەرگای وتووێژی راشکاوانەو دۆستانە بکرێتەوە.

٤ـ بە رەسمی ناسینی مافی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران (بە شێوەی خودموختاری یان فیدرالیزم) بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەکە ئەو گەلانە خەباتی بۆ دەکەن یان نا، ئیعتباری شوورای نیشتمانیی بەرگری دەباتە سەرێ...

٥ـ لە بارەی جێگاو نەخشی شووراوە تا ئێستا لە نێو زۆر لە ئەندامانی شووراو بگرە لە نێو هەموویان دا ناکۆکی هەیە. هێندێك شوورا وەك پارلمان سەیر دەکەنو هێندێك بە شتێکی وەك بەرەی دەزانن. ئێستا وەختی ئەوە هاتوە کە جێگاو نەخشی شوورا بە روونی دیاری بکرێ.

٦ـ بە پێچەوانەی ویسیتی زۆربەی ئەندامانی شووراو رەنگە هەمووشیان، هێشتا شوێنەواری سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکی دیاری کراو لە نێو شووردا بەرچاو دەکەوێ. بە چوونەدەری ئاغای بەنی سەدر زەمینەی تەواو پێك هاتوە کە ئەم گیروگرفتەش بە قازانجی هەموو ئەو هێزانە کە لە شوورادا کۆبوونەوەو بە دژی کۆنەپەرستیی سەدەکانی نێوەراست خەبات دەکەن، چارەسەر بکرێ.

٧ـ دەبێ شوورا نوێنەری ڕێکخراوو شەخسییەتەکانی ئەندامی بێ و لەوەش زیاتر دەبێ نوێنەری زۆر لەو توێژانە بێ کە لە شووڕادا نوێنەریان نیە، نەك نوێنەری یەك دوو ڕێکخراو. بۆیە شوورا دەبێ کەسایەتیی تایبەتی سەربەخۆ لە هەموو ڕێکخراوێکی هەبێ...

٨ـ بۆ ئەوەی شوورا ببێتە خاوەنی کەسایەتیی تایبەت بە خۆی پێشنیار دەکەین لە داهاتوویەکی نیزیك دا هەم ئورگانی شوورا بڵاو بێتەوە هەم رادیۆی شوورا دەست بەکار بکا.

٩ـ بۆ ئەوەی شوورا کەسایەتیی تایبەت بە خۆی دەست کەوێ، دەبێ هەموو ڕێکخراوو شەخسییەتەکان بە شێوەی جیددی لە کاروباری چالاکیی شوورا دا بەشدار بن و وەك پێشوو کارەکانی شوورا تەنیا بە ڕێکخراوی موجاهیدینی گەل نەسپێردرێن. حیزبی ئێمەش بەش بە حاڵی خۆی ئامادەیە ئیمکاناتی خۆی هەم لەباری ماڵی و هەم لە باری پێرسونیلی یەوە بنێتە ژێر دەسەڵاتی شووڕای نیشتمانیی بەرگری.

١٠ـ شوورا بۆ تێکۆشانی خۆی لە نێوخۆی وڵات دا دەبێ بەرنامەیەکی کار دابنێ. لەبەرئەوەی ئەرکی مێژوویی شوورا ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتە، شوورا دەبێ ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجە ڕوون بکاتەوە. مانەوە لە چوارچێوەی هێندێ درووشمی وەك "بمرێ ڕێژیمی خومەینی" "یان" خەباتی چەکدارانە شێوەی تەوەرەیی (محوری) خەباتە" کە زۆر بە جێ لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئەندامی شووڕاوە دەدرێن بە تەنیا بەس نیە.

١١ـ پێشنیار دەکەین شوورا کۆبوونەوەکانی داهاتووی بۆ باسی ئەو مەسەلانە تەرخان بکا..."

شایانی باسە کە برایانی موجاهید کە ئەودەمیش هەروەك ئێستا بۆ خۆیان هەموو کارەکانی شووڕای نیشتمانیی بەرگریان دەکردو پیاو هەق بڵێ هەموو خەرجی شووڕایان دابین دەکردو لە ئەنجام دا جگە لە هێندێك بڕیار کە لە کۆبوونەوکانی شووڕادا دەدران، هەموو بڕیارەکانی شووڕاشیان دەدا، بەو جۆرە پێشنیارانە زۆر نارازی بوون. پێویستە ئەوەش زیاد بکەین کە ئەو یادداشتانەی لە نێوان حیزبی دێموکرات و موجاهیدین دا لەسەر پێوەندی یەکانی نێوخۆی شوورا ئاڵوگۆڕ کراون و تا ئێستا بەشی هەرە زۆریان بڵاو نەکرانەوە، بۆ خۆیان کتێبێکی تەواون و هەربۆیەش لێرەدا ناکرێ باسی هامووبان بکرێ.

موجاهیدین دەیانەویست تەواوی بڕیارەکان و کارەکانی شوورا لە پاوانی خۆیان دا بێ‌و لە ڕاستی دا شوورا ناوێکی دووهەم بۆ ڕێکخراوی موجاهیدین بێ. بۆیە بە توندی دژی ئەو پێشنیارانەی حیزب و هێنانەگۆڕو باس کردنیان لە شوورای نیشتمانی بەرگریدا بوون. ئاخر ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەندامی شووراش هەروەك حیزبی دێموکرات لە ڕەفتاری نادێموکراتیی موجاهیدین و پێوەندی نابەرامبەر لە نێوخۆی شوورادا نارازی بوون و، ئەگەر ئەو پێشنیارانە لە شوورادا باس کرابان زۆر وێ دەچوو پەسند بکرێن. ئەوەدەم موجاهیدین تەنیا ڕێگایان دیارە وێتۆ کردنی بڕیارەکان دەبوو، کە وێتۆی بڕیارێکی وەك دێموکراتیزەکردنی شووراش بە قازانجی هیچ ڕێکخراوێك نەبوو. جێی خۆیەتی باس بکرێ کە ڕێکخراوەکانی دیکەو هەروەها شەخسییەتەکانی ئەندامی شوورا بە ڕاستی هەر بەناو ئەندام بوون، ئەگینا زۆر کەم بایەخیان پێ‌دەدراو زۆر کەم تەئسیریان هەبوو. بۆ نموونە جگە لە دوکتور قاسملوو تەواوی ئەندامانی شوورا وەختێك دەچوونە کۆبوونەوەکانی شوورا وەك ئینسانێکی گومان لێکراو لە لایەن پۆلیسەوە تەفتیشیی بەدەنی دەکران.

لە کۆبوونەوەکانی شووراش دا هەروەختێك یەکێك لەو ئەندامانە شتێکی گوتبایە کە بە دڵی موجاهیدین نەبوایە، یەکێك لە موجاهیدین لێی وەدەنگ دەهات و دەی گوت: "اقا ما خون میدیم". بەو جۆرە کابرا ناچار دەبوو بچێتە قەپێلکی خۆیەوەو زمانی گرێ بدا. بەڵام نەدەکرا بە حیزبی دێموکرات بڵێن" ما خون میدیم". چونکە حیزبی دێموکرات چەندین بەرابەری موجاهیدین لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی خومەینی دا شەڕی دەکردو خوێنی دەدا.

لەو هەلومەرجەدا برایانی موجاهید لە بیانوویەك دەگەران کە خۆی پێ لەو تەنگانەیە ڕزگار بکەن و "شەڕ"ی حیزبی دێموکراتی پێ لە سەر خۆیان کەم بکەنەوە. سەرەنجامیش ئەو بیانووەیان دەست کەوت و پێیەوە نووسان. داستانەکە بەو جۆرە بوو:

هەر لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٢ ڕا کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە ڕایان دەسپارد کەدەوڵەت دەیەوێ کۆتایی بە شەڕی کوردستان بێنێ‌و لەگەڵ حیزبی دێموکرات وتووێژ بکا. وەڵامی حیزب ئەوەبوو کە ئەگەر دەوڵەت نیازێکی وای هەیە با بە ڕەسمی ڕابگەیەنێ کە دەیەوێ مەسەلەی کوردستان لە ڕێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکا. ئەوەدەم حیزبی

ئێمە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ و رەنگە رێکخراوە سیاسی یەکانی دیکەی کوردستانیش هەر ئەو کارە بکەن. بەڵام "نوێنەران"ی رێژیم پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کە پێویستە چاوپێکەوتنێك بە نهێنی هەبێ کە داخوازەکانی حیزبی دێموکراتی تێدا باس بکرێن. ئەودەم بەرەسمی وتووێژ دەست پێ بکا. حیزب لەو باوەڕەدا بوو کە رێژیم بە هیچ جۆر نەزەرو سیاسەتی نەگۆڕاوەو هەر دەیەوێ گومان بۆ خەڵك درووست بکاو دردۆنگی لە نێو رێکخراوە سیاسی یەکان دا پێك بێنێ. بۆیە دەیەوێ بە رواڵەت بە نهێنی وتووێژ بکا. بەڵام هەر بۆخۆشی پێی خۆشە ئاشکرا بێ.

سەرەنجام پاش یەك دوو چاوپێکەوتنی سەرەتایی دەفتەری سیاسی موافەقەتی کرد کە یەك جار نوێنەری خۆی بنێرێ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت یەکتر ببینن. ئەویش بەو مەرجە کە ئەوانەی دێن بۆ چاوپێکەوتن نوێنەری دەوڵەت لە تەواوەتی خۆی دا بن، نەك ئۆرگانێکی تایبەتی، ئیعتبارنامەیان پێبێ کە نیشان بدا سەلاحییەتیان هەیە بە ناوی دەوڵەتەوە قسان بکەن و وتووێژیش لە سەر داخوازە سیاسی یەکانی خەڵکی کوردستان بێ. بە درۆ (هەڵبەت دوایە دەرکەوت درۆیە) پێیان راگەیاندن هەمووی ئەو مەرجانەیان قبووڵە و دوای یەکەم چاوپێکەوتنیش بەرەسمی و بە ئاشکرا درێژە بە وتووێژ دەدەن.

بۆیە لە رۆژەکانی هەوەڵی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٣ دا هەیئەتێك لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە لە گوندی "بێتووش"ی ناوچەی ئالانی سەردەشت چاوی بە "نوێنەران"ی دەوڵەت کەوت. کەچی هەر لە یەکەم دیداردا دەرکەوت شەرتەکانیان بە جێ نەهێناوە. بە رواڵەت نوێنەرێکی سەرۆك وەزیریان لەگەڵ بوو. بەڵام نە ئیعتبارنامەیان پێبوو، نە هاتبوون لە سەر داخوازە سیاسی یەکانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکەن. بەڵکوو لە راستی دا هاتبوون سۆراغی دووکەس لە مۆرەکانی رێژیم بزانن کە وا دیار بوو لە تێکهەڵچوونەکان دا کوژراون. دەیانەویست ئەگەر لە لای حیزب زیندانی بن، بە هێندێ زیندانی کورد بیان گۆڕنەوە. تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە خوالێخۆشبوو میناخانم خێزانی کاك"عومەر قازی"یشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو کە ئەودەم کاك عومەر زیندانی بوو، دەیانەویست ئەو خوشکە فشار بۆ نوێنەرانی حیزب بێنێو داوا بکا مێردەکەی بە گۆڕینەوە بۆ ئازاد بکا.

نوێنەرانی دەفتەری سیاسی هەر بە دیتنی وەزعەکە تێگەیشتن کە ئەوانە بۆ وتووێژی سیاسی نەهاتوون وتەنانەت لە پێش دا نەزەریان ئەوەبوو هەر قسەشیان لەگەڵ نەکەن. بەڵام دوایە پاش مەشوەرەت لەگەڵ یەکتر بڕیاریان دا بیان دوێنن داخوا لە چی دەگەرێن. لە دانیشتنەکەدا دەرکەوت کە ئامانجی سەرەکیی وان لەو دیدارە روون کردنەوەی وەزعی ئەو دوو کەسەی خۆیانە. بەڵام بەهەرحاڵ باسی هێندێ لە داخوازەکانی کوردیشیان کردو لە داحوازەکانی خەڵکی کوردستانیان ـ بەو جۆرە کە حیزب تێ دەگا ـ پرسی، کە وەڵامی پێویستیان درایەوە.

شایانی باسە یەکێك لەو قسانەی کردیان ئەوەبوو کە هەرچی قورئان نەیلێ کۆماری ئیسلامی نای دا بە کوردو دەبێ ئیسلام حەکەم بێ. لە جواب دا پێیان گوترا کە ناکۆکیی ئێمەو کۆماری ئیسلامی لە سەر شرووت و ئەرکانی دەسنوێژ نیە هەتا ئیسلام حەکەم بێ. ئێمە داوای دێموکراسی و خودموختاری دەکەین و ئەوانەش لە قۆرئان دا باس نەکراون. بەڵام ئەگەر قۆرئان گوتی دێموکراسی و خودموختاری خەراپن و نابێ بدرێن بە کورد، ئێمە نامانەوێن.

بەهەرحاڵ، نوێنەرانی حیزب کە نەیان دەویست هیچ لە خەڵك بشارنەوە، لە چوون و هاتنەوەدا لای خەڵك باسیان کرد کە بۆچی چوون و داستان چ بووە. هەر زۆر زووش دەفتەری سیاسی نوێنەری موجاهیدین لە کوردستان بانگ کردو مەسەلەکەی بە درێژی بۆ گێڕایەوە. دواتریش ئەو مەسەلەیە وەك بەشێك لە راپۆرتی دەفتەری سیاسی لە کۆمیتەی ناوەندیدا باس کراو دەقی راپۆرتەکەش لە ژمارە ٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان" ئورگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا چاپ کرا کە بۆ ئاگاداریی خوێنەرە بەرێزەکان دەقی ئەو بەشەی راپۆرتەکە بە گێرانەوە لە "کوردستان" لێرەدا دێنینەوە:

"دووهەم مەسەلە کە پێویستە باسی بکەین مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی جەمهووری ئیسلامی یە. چونکە هەتا ئێستا چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمەوە پێوەندی گیراوەو داوای وتووێژ لەگەڵ حیزب کراوە. هاورێیانی حیزبی لە پێش دا لە ناوچەی مەهاباد هێندێك نوێنەری رێژیمیان دیت و قسەیان لەگەڵ کردن. پاشان لە سەرەتای مانگی گەلاوێژی ٦٣ دا لە لایەن دەفتەرەوە هەیئەتێك چوو وتووێژی لەگەڵ کردن. پێش ئەوەی ئاکامی ئەووتووێژانە رابگەیەنین پێویستە نەزەری خۆمان لە سەر وتووێژ روون بکەینەوە: کۆنگرەی پێنجەمی حیزب

نەزەری داوە و کۆنگرەی شەشەمیش دووپاتی کردۆتەوە کە لە چوارچێوەی ڕێـژیمی خومـەینی دا داخوازەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ نابێ. بۆیە حیزبی دێموکرات دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی هەڵگرتوەو ئێستاش هەر لە سەری سوورە. سەرەرای ئەوە زۆر جار پرسیار دەکـرێ کـە ئەگەر ڕێژیمی خومەینی خودموختاری بدا حیزب وتووێژی لەگەڵ دەکا؟ دیارە خەڵکی کوردسـتان بۆ خودموختاری شەڕ دەکا، شەڕێك کە پێنج ساڵە بە توندی بەردەوامە. لە ڕێگای خودموختاری دا خەڵکی کوردستان زەحمـەتێکی زۆری کێشـاوەو فیـداکاری زۆری کـردوەو شـەهیدێکی زۆری داوە. هەربۆیە ئەگەر دەوڵەت بە ڕەسمی بڵێ وتووێژ دەکەم بۆ دانی خودموختاری حیـزب ناتوانـێ بڵێ نایکەم. چونکە ئەگەر نەیکا وەڵامی خەڵکی کوردسـتان چـۆن دەداتـەوە؟ نـەزەری خـەڵکی کوردستان بۆ حیزب زۆر گرینگە، چونکە سەرمایەی هەرە گەورەی حیـزب پشـتیوانیی خـەڵکی کوردستانە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەسڵە ئەو هۆیەی کە باسی کرا بۆ وتووێژ ئامادە بووین دیارە ئێمە وەك هاوپەیمانێکی وەفادار دەسبەجێ بە سازمانی موجاهیدینی خەڵقمان ڕاگەیانـد کـە لـە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە پێشنیاری وتووێژمان پێکراوە چونکە حیزبی دێموکرات ئەو نیە کە بە دزی بچێ ڕێك بکەوێ و لە پشتەوە خەنجەر لە هاوپەیمانەکانی خۆی بدا، بەڵام ڕاشمان گەیانـد کە ئەم وتووێژە جارێ سەرەتایی یە. بە دوای ئەوەدا بڕیارمان دا کە هەیئەتێك بچێ بزانێ چـیان پێیە؟ و ئایا وتووێژێك بە جیددی لە گۆڕێ دایە یان نا؟

پاش ئەوەی هەیئەتێك لی لایەن دەفتەری سیاسـی یـەوە چـوو نوێنـەرانی دەوڵـەتی دیـت و گەڕایەوە دەرکەوت مەسەلەکە جیددی نیە. بەڵام مەبەسـتی کاربەدەسـتانی ڕێـژیم هەرچـی بـێ سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە سەر وتووێژ هەروەك گوتمان ڕوونە: تاقیکردنەوەی ئەزموون فێری کردووین کە وتووێژیش خۆیشێوەیەك لە خەباتە و ئەگـەر باشـی بـۆ بچـین دەتـوانین لـەو شـێوە خەباتەش بە قازانجی جوڵانەوە کەڵك وەربگرین. بۆیە ئێمە ئامـادەین لـەم مەیدانـەش دا لەگـەڵ ڕێژیمی خومەینی بەبەرەکانی بکەین. زۆرجار دەگـوترێ کـە ڕێـژیمی خومـەینی لـە هێنانـەگۆڕی وتووێژ مەبەستی گڵاوی هەیەو ڕاست ناکاو نیازی گۆڕاوە و پاك نیە. بەڵام لە سیاسەت دا ئەوەی ئەساسی یە نیسبەتی هێزە. ئەگەر ڕێژیمی خومەینی ئێستا بێ داوای وتووێژ بکا، بـۆ ئـەوە نیـە کە نیازی پاك بووە،بەڵکوو بۆیە ئەو کارە دەکا کـە هاتۆتـە سـەر ئـەو بـاوەرە کـە گیروگرفتـی

کوردستان به شەڕ چارەسەر ناکرێ. حیزبی دێموکرات تا ئێستا نیشانی داوه که له شەڕ دا شارەزایەو لەم بارەوه به حەق بەرێوەبەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بەڵام دەبێ نیشان بدا که به ئاگاداری له فروفێڵی دوژمن له وتووێژیش شارەزایه. بۆیه پاش لێکدانەوەو بۆ پێشگیری لەوه که رێژیمی خومەینی بتوانێ له وتووێژ به قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ له سەر دوو شت بڕیار درا:

یەکەم ـ چوارچێوەی وتووێژ له پێش دا دەبێ روون بێ که وتووێژ لەسەر داخوازه سیاسی یەکانی حیزب و خەڵکی کوردستان دەکرێ که به تەواوی روونن. داخوازەکانی حیزبی ئێمه له بەرنامەی حیزب دا هاتوون.بێجگه لەوه گەڵاڵەی شووڕای نیشتمانیی بەرگریشمان له ده ست دایه. کەوابوو ئەساس بۆ وتووێژ بەرنامەی حیزب و گەڵاڵەی شووڕایه. مەسەلەی گرینگی دیکه له وتووێژ لەگەڵ رێژیم دا ئەوەیه که حیزب وتووێژ به بێ ئاگاداری خەڵك ناکا. وتووێژ دەبێ به ئاشکراو به رەسمی له لایەن دەوڵەتی جەمهووریی ئیسلامی یەوه لەگەڵ حیزبی دێموکرات بکرێ. هەروەها وتووێژ دەبێ له کوردستان بێ و حیزب هیچ کەس بۆ تاران نانێرێ مەگەر له قۆناغێکی پێشکەوتووی وتووێژ دا، ئەویش به شەرتێك که چوونی هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ تاران بەڕەسمی له لایەن دەوڵەتەوە رابگەیەندرێ. هەموو خەڵکی کوردستان قسەی خومەینی یان له سەر چوونی سکرتێری حیزب بۆ تاران له بیره که گوتی:" ای کاش نمده بود". شتێکی دیکه ئەوەیه که هیچ پێش شەرتێك بۆ وتووێژ قبووڵ ناکەین وەك ئەوه که دەوڵەت به شەرتێك وتووێژ لەگەڵ حیزب دەکا که فلان سازمان وەدەربنرێ یان حیزب له شووڕای نیشتمانیی بەرگری بێتەدەرو...

میعیاریش هەروەك گوترا بەرنامەی حیزب و گەڵاڵەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری یه و هیچ پێشنیارێکی ئەوتۆ وەك ئەوه که ئیسلام یان قورئان میعیار بێ قبووڵ ناکەین. قورئان وشەی خودموختاری تێدا نیەو خەڵکی کوردستانیش خودموختارییان دەوێ که داخوازێکی سیاسی یه. واته وتووێژ له سەر دین و مەزهەب ناکرێ و، دین و مەزهەبی هەرکەس بۆ خۆی پیرۆزه. مەسەلەیەکی دیکه ئەوەیه که له ماوەی وتووێژ دا حیزبی دێموکرات شەڕ ناوەستێنێ مەگە ر

هێندێك شەرتی لێ قبووڵ بکرێ. ئەگەر ئەم شەرتانە قبـووڵ نـەکران تـا رێککـەوتن شـەڕ هـەر بەردەوام دبێ. ئاخر شت ئەوەیە کە حیزبی ئێمە ناتوانێ واز لە وشەی "خودموختاری" بێنێ.

ئەم وشەیە بۆ خەڵکی کوردستان بۆتە رەمزو سەمبوڵ. کەوایە نابـێ بگـوترێ کـە نێـوەرۆك گرینگەو ناو گرینگ نیە. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پێنج ساڵە بۆ خودموختاری خوێن دەدەن و هەربۆیە تازە کەس ناتوانێ واز لە وشەی خودموختاری بێنێ.

دووهەم ـ لە رابردوودا حیزب و گەلی کورد زیانیان لەوە دیتوە کە نەیان توانیـوە وتوویـژ بـە رێك و پێکی و بە شێوەیەکی ئۆسووڵی بەرێوە بەرن. بۆ ئەوەی شتی وا بۆ جارێکی دیکە دووپات نەکرێتەوە بڕیار دراوە کە بەرپرسی وتوویژ تەنیا دەفتەری سیاسی بێ و هیچ کەس لە بەرپرسـانی حیزبی یان فەرماندەرانی پێشمەرگە هیچ جۆرە وتوویژێك لەگەڵ نوێنەرانی رێژیم نەکەن و هەموو وتوویژێك حەواڵەی دەفتەری سیاسی بکەن کە بۆ ئەم مەبەسـتە ئـەفراد یـان هەیئـەتی خـاوەن سەلاحییەت دیاری دەکا".

کاتێك ئەو ژمارەیەی "کوردستان" بە دەستی دۆستانی موجاهید گەیشـت وەك نیعمـەتێکی خوایی قۆزتیانەوە و پێیەوە نووسان. گوتیان ئێستاباس باسی دێموکراتیزەکردن و نەکردنی شووڕا نیە. مەسەلەی گرنگتر ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات وتوویژ لەگەڵ رێژیمی خومەینی دەکاو ئەوەش پێچەوانەی ئوسوولی پەسندکراوی شووڕایە و تا کاتێك حیزب بـەرعۆدە نـەبێ کـە هـیچ وەخـت لەگەڵ رێژیم موزاکەرە ناکا. موجاهیدین حازر نین لەگەڵی لە شووڕادا دابنیشن. وەك پێشتر باس کرا لەو پێوەندی یەدا زۆر نامەو یادداشت و نوسراوە لە نێوان حیزبی دێموکرات و موجاهیدین و شووڕا دا پێك گۆرانەوە کە بێجگە لە دوورودرێژیی بابەتەکە، لە جێدا بڵاوبوونەوەیان لە هـەل و مەرجی ئێستا دا بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان و بززوتنەوەی سەرانسەریی ئێران نیە. بـەڵام هێنانەوەی هێندێ شت کە وەختی خۆی بە ئاشـکراو بـە شـێوەی بەیاننامـەو راگەیەنـدراو بـڵاو کراونەوە، بۆ روون بوونەوی مەسەلەکە بە پێویست دەزانین.

ئاغای رەجەوی لە پەیامی خـۆی دا بـە بۆنـەی ٢٢ی رێبەنـدانی ١٣٦٣وە هێنـدێ هێرشـی کردبووەسەر سیاسەتەکانی حیزی دێموکرات. دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیـزب رۆژی ١٩ی

رەشەمەی ١٣٦٣ لە راگەیەندراوێك دا هێنـدێ شـتی روون كـردەوە. لـەو راگەیەنـدراوەدا پـاش سەرەتایەكی كورت گوتاربوو:

"١ـ ئەوەی ئاغای رەجـەوی لـە بـارەی هاوپـەیمانی لەگـەڵ حیزبـە دێمـوكرات گوتوویـەتی، هەڵوێستی سازمانی موجاهیدینی خەڵقە، نەك هەڵوێستی شووڕای نیشتمانیی بەرگری، لـە بـەر ئەوەی هەڵوێستی شوورا پێوەندی بە نەزەری هـەموو ئەنـدامانی شـووڕاو یـەك لـە وان حیزبـی دێموكراتی كوردستانی ئێرانەوە هەیە.

٢ـ نەزەری حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە بارەی وتوویژ لەگەڵ رێژیمی خومەینی هـەر ئەوەیـە كـە لـە راگەیەنـدراوی ٣٠ی بـەفرانباری ئـەم سـاڵی دەبیرخانـەی حیزبـی دێمـوكراتی كوردستانی ئێران دا گوتراوەو ئاڵوگۆڕی بەسەر دا نەهاتوە. لەو راگەیەندراوەدا گوتراوە كە حیزب لە هەل و مەرجی ئێستا دا وتوویژی سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی رێژیمی خومەینی بە كـارێكی بـێ فایدە دەزانێ.

٣ـ حیزبی دێموكرات بە هیچ جۆر تەمای هاتنەدەر لـە شـووڕای نیشـتمانیی بـەرگری نیـە، مەگەر ئەوە كە بە پێی ئایین نامەی شوورا هەموو ئەندامانی شوورا بێجگە لە حیزبی دێموكراتی كوردستان بە دەركردنی حیزب لە شوورا دەنگ بدەن، كە دیارە لە ئەقڵ بەدوور بـە نـەزەر دەگـا رێكخراوو شەخسییەتەكانی ئەندامی شوورا ئـەو كـارە بكـەن، چـونكە هـەموویان لـە نەقشـی بەرچاوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە خەبات بۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی بە باشی ئاگادارن.

٤ـ حیزبی دێموكرات نە دەی هەوێ لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری ماڵئاوایی بكـاو نـە لـە رێكخـراوی موجاهیـدینی خـەڵق. ئێمـە بـەش بـە حـاڵی خۆمـان هیـواداریـن كـە رێكخـراوی موجاهیدینی خـەڵقیش چ لـە نێـو شـووڕاو چ لـە دەرەوەی شـووڕادا هاوپـەیمانی حیزبـی ئێمـە بمێنێتەوە.

٥ـ بە داخەوە لە پەیامی "ئاغـای رەجـەوی"دا ئیشـارەیەك بـە پێشـنیارەكانی ئوسـوولیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ باشتر بوون و بە هێزتر كردنی شوورا نەكراوە. سەرنج دان

بەو پێشنیارانەو هەروەها پێشنیارەکانی ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەندامی شووڕا، دەتوانێ لە بەرەوپێش بردنی کارەکانی شووڕا دا شوێنێکی کاریگەر دابنێ.

٦ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیواداره هەموو ئەندامانی شووڕا بە تایبەتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلّق کە بە هێزی سەرەکیی شووڕا دەژمێردرێ، بە نیازپاکی و سەبر و لە سەرەخۆیی یەوە لەگەڵ گیروگرفتەکانی نێو شووڕا بەرەرووبن و لە پاراستنی هێزەکانی نێو شووڕاو ڕاکێشانی هێزەکانی دیکە بۆ نێو شووڕا تێبکۆشن... .[1]

پێویستی بە وەبیرهێنانەوەیە کە پێش دەرچوونی ئەو ڕاگەیەندراوەش، شووڕای نیشتمانیی بەرگری لە ژێر فشاری موجاهیدین دا بە کردەوە هەموو پێوەندیەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پچڕیبوو. بەو حاڵەش دەفتەری سیاسی کاتێك ئاگادار بوو کە شووڕا لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٤دا بۆ باسی پێوەندی حیزبی دێموکرات و شووڕا کۆبوونەوە دەکا، بڕیاری دا دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بنێرێتە پاریس پێتەختی فەڕانسە کە ئەوکات هەم دەفتەری ئاغای ڕەجەوی و هەم مەرکەزی شووڕا لەوێ بوون. ئەو هەیئەتە لە شەهیدی نەمر کاك دوکتور صادق شرفکندی و نووسەری ئەم دێرانە پێك هاتبوو. پێشتر بڕیار درابوو نووسەر بۆ ماوەی شەش مانگ بە مەئموورییەتێکی حیزبی بچێتە پاریس. بەڵام دوکتور شرفکندی تەنیا بۆ ئەو مەبەستە سەفەری کرد.

لە بەر ئەوەی سەفەرەکە کەمێك بە زەحمەت سازبوو، هەیئەت ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ گەیشتە پاریس. لەگەڵ گەیشتنمان بە دەفتەری حیزب لە پاریس تەلەفۆنمان بۆ دەفتەری ئاغای ڕەجەوی کردو داوامان کرد قسەی لەگەڵ بکەین. وەڵامیان دایەوە کە ئێستا حازر نیەو پێی دەڵێین تەلەفۆنتان بۆ بکا. چەند سەعات چاوەڕێ ماین تەلەفۆن نەکرا. ئەمجار دووبارە تەلەفۆنمان کردەوە، دیسان بۆ خۆی حازر نەبوو قسەمان لەگەڵ بکا. بە ناچار قسەکانی خۆمان بەو کەسە گوت کە لە پشت تەلەفۆن قسەی دەکردو ئێستاش نەمان زانی کێیە. گوتمان ئێمە لە کوردستانەوە بە سەلاحییەتی تەواوەوە هاتووین لە کۆبوونەوەی شووڕا دا بەشداربین. هەرچەند بە

---

١ـ "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ١٠٣.

پێی ئوسوول دەبوو دەعوەتنامەمان بۆ بێ و بۆمان نەهاتوە، بەڵام کە زانیومانە کۆبوونەوە هەیە هاتووین و داوا دەکەین کات و جێگای کۆبوونەوەمان پێ بڵێن کە بە وەخت لە لاتان حازر بین. کابرا گوتی باشە خەبەرتان دەدەینەوە، کەچی ئێستاش خەبەرێکمان لەسەر کات و جێگای کۆبوونەوە وەرنەگرت.

رۆژێك یان دوو رۆژ دواتر کە نامەیەکی کورتی تەلەگرافی و بڕیارنامەیەکی شووڕامان بە ئادرەسی دەفتەری حیزب لە پاریس پێگەیشت و خوێندمانەوە تێگەیشتین کە بۆچی ڕێگایان نەدا ئێمە کە بە پێی هەموو ئوسوولێك ئەگەر بۆ دەرکردنیش بایە دەبوو لە کۆبوونەوەدا ئامادە بین، بچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. ئێستا واز لە نامەکە دێنین و وەرگێڕاوی بڕیارنامەکە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەرێزەکان. جا ئەودەم روونی دەکەینەوە بۆچی نەیان هێشت بچینە کۆبوونەوە.
"٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٤"

**<u>بڕیارنامەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری</u>**

شووڕای نیشتمانیی بەرگری بۆ روون کردنەوەی بیروڕای گشتی سەبارەت بە پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەم شووڕایەو هەڵوێستەکانی سکرتێری گشتی ئەم حیزبە، دەفتەری سیاسی و دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و بڵاوکراوەی "کوردستان" بەرامبەر بە نەزەرەکانی بەرپرس و قسەکەری رەسمیی شووڕا ئاغای رەجەوی، لە کۆبوونەوەی نائاسایی سێشەممە ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٤دا کە بە ئامادەبوونی ١٢ ئەندامی شووڕا پێك هات، بڕیاری دا هەڵوێستەکانی خۆی بە شێوەی خوارەوە دەربڕێ:

١ــ ناکۆکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەندامانی دیکەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری کە چەند مانگە درێژەی هەیە، لەسەر وتووێژی ئەم حیزبە لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی یە.

٢ـ شووڕای نیشتمانیی بەرگری بە پێی بەیاننامەی ٢١ی خاکەلێوەو ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٦٣ کە بە ئیمزای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش گەیشتوە، سەرلەنوێ دووپاتی دەکاتەوە کە ڕێژیمی خومەینی لە تەواوەتی خۆی دازەت دەکاتەوەو هەموو قۆڵەکانی نێوخۆی ئەم ڕێژیمە بە دژی شۆڕش دەزانێ.

٣ـ بۆیە شوورای نیشتمانیی بەرگری بە سەرنج دان بە بیرورا وەرگرتن لە ئەندامانی شوورا لـە کۆبوونەوەی ١٧ی بەفرانباری ١٣٦٣دا جارێکی دیکە بە راشکاوی دەڵی هەر جـۆرە وتووێـژێکی سیاسی لەگەڵ رێژیمی خومەینی بـە پێچـەوانەی مـاددەی ١ی پێـرەوی نێوخـۆی شـوورایەو وەك هەڵوەشاندنەوەی بناخەی بـوون(موجودیـت)ی شـوورا، بـە نـەمانی ئەندامـەتی لـە شـوورا دا دەژمێردرێ.(بە پێی ماددەی یەکی پێرەوی نێوخوی شـوورا:"شـوورای نیشـتمانیی بـەرگری بـۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی و جێگرکردنی دەوڵەتی کاتی پێك هاتوە").

٤ـ لە سەر ئـەم بناخەیـە لـە سـکرتێری گشـتی و دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران بانگهێشتن دەکەین بە ئیمزاکردنی ئەو سەنەدە وەك ئەندامانی دیکـەی شـوورا بە راشکاوی هەرچەشنە وتووێـژیکی سیاسـی لەگـەڵ رێـژیمی خومـەینی ـ کـە لەمەوبـەدوا بـە راگەیاندنی جیابوونەوە لە شوورا دەژمێردرێ ـ ئێستاو لـە داهـاتوودا بـە قەدەخـەو مـەحکووم بناسێ. ئەگەر ئەم سەنەدە ئیمزا نەکا درێژەی هاوکـاریی شـوورای نیشـتمانیی بـەرگری لەگـەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئەم شورایەدا لە گۆرێدا نیە".

ئێستا بزانین بۆچی موجاهیدین رێگایان نەدا نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێـران لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بن؟ موجاهیدین ئەو وەختیش دەیان زانی و ئێستاش دەزانن کە هیچ کاتێك وتووێژێکی سیاسی لە نێوان حیزبی دێموکرات و رێژیمی خومەینی دا نەببوو. وەك لە جێی خۆی دا گوتمان ئەو دیدارە شتێکی سەرەتایی بوو و هەرلەوێش دەرکەوت کە لە جێدا نوێنەرانی رێژیم بە دوای وتووێژی سیاسی دا ناگەرێن و هاتوون لە چارەنووسی دوو مۆرەی خۆیـان ئاگـادار بن.

ئەمجار بە پێی ماددەی چوارەمی پێرەوی نێوخۆی شوورا:" بریارەکانی شوورا بە زۆرایـەتیی ٢ لـە ٣ی دەنگـەکانی هـەموو ئەنـدامانی ئامـادە(لـە کۆبوونـەوەدا)و موخالفـەت نـەکردنی رێکخراوەکانی ئەندام وەردەگیرێن".[1]

---

١ـ برنامەی شورای ملی مقاومت و دولت موقت جمهوری دمکراتیك اسلامی ایران، از انتشارات دبیرخانەی شورای ملی مقاومت، سند شمارە ٢، ٣٠ تیز ١٣٦٣، صفحەی ٤٨.

ئەو بڕیارنامەیەش هەروەك گوتمان باسی دەرکردنی حیزبی دێموکرات ناکا تا بە پێی ئایین نامە پێویستی بە دەنگی موافیقی حیزب نەبێ.

موجاهیدین باشیان دەزانی ئەگەر نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەدا بەشداربن، دەنگی موخالیف بەو بڕیارنامەیە دەدەن و چونکە بە پێی ماددەی چواری پێڕەوی نێوخۆش هەموو ڕێکخراوەکانی ئەندامی شوورا لەسەر هەر بڕیارێك نەزەری موخالیفیان هەبێ هەقی وێتۆیان هەیە، دیسان لەگەڵ پێشنیارەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پێك هێنانی ئاڵو گۆڕ لە شووڕادا بەرەووڕوو دەبن، شتێك کە هەرگیز حەزیان پێ‌نەکردوە.

بەڵام دۆستانی موجاهید لەگەڵ هەموو زیرەکی خۆیان ئەو ڕاستی یەیان لەبیر چووبوو کە بە پێی ماددەی چواری پێڕەوی نێوخۆی شووڕا حیزبی دێموکرات بێ بەشدار بوون لە کۆبوونەوەش دا دەیتوانی و حەقی هەبوو ئەو بڕیارە وێتۆ بکا. ئاخر وەك دەبینین لەو ماددەیەدا نەگوتراوە موخالفەت نەکردنی ڕێکخراوەکانی ئامادە لە کۆبوونەوەدا، بەڵکوو گوتراوە" موخالەفەت نەکردنی ڕێکخراوەکانی ئەندام" واتە لە کۆبوونەوەدا نوێنەریان ئامادە بێ‌یان نا، حەقی وێتۆیان هەر هەیە.

بەهەرحاڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو بڕیارنامەیەی بە ناواریدو بێ‌ئیعتیبار زانی و ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك داوای کرد شووڕای نیشتمانیی بەرگری بە خێرایی کۆبوونەوەیەك بە بەشداری هەموو ئەندامانی شووڕا پێك بێنێ. بۆ ئەوەی ئەندامانی شووڕا پاش بیستنی نەزەراتی حیزب دوا بڕیاری خۆیان بدەن.

دەقی ڕاگەیەندراوی حیزب بەم جۆرە بوو:

***ڕاگەیەندراوی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ك.ئـ***

***لەسەر بەناو بڕیارنامەی شووڕا***

***دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانێ لە وەڵامی بڕیارنامەی ئەندامانی شووڕای نیشتمانیی بەرگری کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٤ لە ڕۆژنامەی (مجاهد)ی ژمارە ٢٤٢دا چاپ و بڵاوبۆتەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابگەیەنێ:***

١ ـ هەروەك هەمووتان ئاگادارن مەسەلەی وتووێژی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی كە لە لایەن موجاهیدینەوە هاتۆتە گۆڕێو چەند مانگە لە نێو شووراو دەرەوەی شوورا دا باس دەكرێ، بە هیچ جۆر بۆ ئەوە نەدەبوو كە كۆبوونەوەی نائاسایی شورای لەسەر بكرێ، بە تایبەتی كە ڕێكخراوی موجاهیدین و بەرپرسی شووراش دەیان زانی نوێنەری دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێگا دایەو لە ڕۆژی ٢١ی خاكەلێوەوە، دەتوانێ لە كۆبوونەوەكانی شوورا دا بەشداری بكا. كەوابوو مەبەست لە پێك هێنانی كۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی ٢٠ی خاكەلێوە ئەوە بووە كە باس و وتووێژ لەسەر ئەم مەسەلەیە لە ڕووبەڕووی نوێنەری حیزب دا نەكرێ.

٢ ـ ئاشكرایە كە بڕیارنامەی ناوبراو پێوەندیی بە مەسەلەیەكی نێو شووراوە هەیەو بڵاوكردنەوەی خێرای ئەو، لە ڕۆژنامەی (مجاهد) ژمارە ٢٤٢ی ڕۆژی ٢٢ی خاكەلێوە لە ڕاستی دا بە مانای بڵاوكردنەوەی وتووێژ و مەسەلەكانی نێو شوورایە، كە كارێكە بە پێچەوانەی ڕێوشوێن و پرەنسیپەكانی نێو شوورا.

٣ ـ بێجگە لەوە، هێندێك لە ئەندامانی شوورا لە كۆبوونەوەی ٢٠ی خاكەلێوەدا بەشداریان نەبووە، لانی كەم حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران وەك یەكێك لە ئەندامانی شوورا هەم لەگەڵ شێوەی گرتن و هەم لەگەڵ نێوەڕۆكی بڕیارنامەكە بە تەواوی موخالیفە، كەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی بەندی ٤ی پێڕەوی نێوخۆی شوورا، دەرچونی ئەم بڕیارنامەیە لە بنەرەت ڕا قبووڵ نیە و بۆ ئەوە نابێ بێتەگۆڕێ.

٤ـ بێجگە لەو خاڵانەی باس كراو لەبەرچاوگرتنی موخالیف بوون یان نەبوونی حیزبی دێموكرات لەگەڵ لێكدانەوەیەك كەلەسەر بەندی یەكەمی پێڕەوی نێوخۆی شوورا كراوە، لەڕاستی دا ئەوە كە بەندی یەكەمی بڕیارنامەكە ناكۆكیی حیزی دێموكرات لەگەڵ ئەندامانی دیكەی شوورا، (مەبەست ڕێكخراوی موجاهیدین)ە، تەنیا بە ناكۆكی لەبارەی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی دادەنێ، ڕاست نیە. ڕاستی یەكەی ئەوەیە كە سەرچاوەی ئەم ناكۆكی یە لەسەر دانی نێوەڕۆكێكی سەربەخۆ لە موجاهیدین بە شوورا لە هەموو بارێكەوەیە، ناكۆكی لەسەر

*دێموکراتیزەکردنی شوورا بە تایبەتی لەسەر دیاری کردنی خەبات بۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی یە.*

*٥ـ بیروڕای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی وتووێژ لەگەڵ رێژیمی دژی گەلیی خومەینی هەر ئەوەیە کە لە راگەیەندراوی ٣٠ی رێبەندانی ١٣٦٣ی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دا هاتوە کە گوتراوە:*

*"حیزبی ئێمە لە هەل و مەرجی ئێستادا هەموو وتووێژێکی سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی رێژیمی خومەینی بە شتێکی بێهوودە دەزانێ".*

*٦ ـ لەبەر ئەو هۆیانەی گوترا،حیزبی دێموکرات داخوازی پێك هێنانی خێرای کۆبوونەوەی شوورا بە بەشداری هەموو ئەندامانی شوورایە، هەتا لەم کۆبونەوەیەدا، هەموو ئەندامانی دوای بیستنی نەزەراتی نوێنەرانی حیزبی ئێمە ناکۆکیی بیروڕای رێکخراوی موجاهیدین و حیزبی دێموکراتیان بە باشی بۆ دەرکەوێ‌و بە ئاگاداری یەکی پترەوە دەنگ بدەن و بڕیار بدەن.*

*دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٤* [1]

بەدوای ئەم راگەیەندراوەدا حیزبی دێموکرات دوو هەفتە چاوەڕێ ما کە شووڕای نیشتمانیی بەرگری کۆبوونەوەی بەرین پێك بێنێ، بەڵام موجاهیدین بڕیاری خۆیان دابوو و بێ لەبەرچاگرتنی ئەوە کە بڕیارنامەی ٢٠خاکەلێوەی ١٣٦٤ی شوورا لە بارەی ئەساسنامەیی یەوە شەرعییەتی هەیە یان نا، نەیان دەویست جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات لێیان ببێتە (مووی دماغ). وەك دەزانین ئێستاش ئەو پێشنیارانە کە حیزبی دێموکرات و رێکخراوەکانی دیکەی ئەندامی شوورا بۆ دێموکراتیزەکردن، یان باشتر بڵێین شوورایی کردنی دابوویانن، باسیان لێ نەکراو جێبەجێ نەکران.

هەربۆیە حیزب لە رۆژی ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤دا بە دەرکردنی راگەیەندراوێك کۆتایی بە ئەندامەتی لە شووڕای نیشتمانیی بەرگریدا هێنا.

---

١ـ "کوردستان"، ژمارە ١٠٣، لاپەڕەکانی ٤٦و ٤٧.

ڕۆژەکان و مانگەکانی دوای دەرچوونی حیزب لە شوورا نیشانیان دا کە ئەو ئەندامانەی شوورا"کە باوەڕیان بە سەربەخۆیی نەزەرو هاوکاریی دێموکراتی هەیە، تا چ ڕادەیەك دەتوانن بە هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران درێژە بدەن". ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب لەبارەی چوونەدەری حیزب لە شووڕاوە:

**ڕاگەیەندراوی**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

***هاونیشتمانانی بەڕێز!***

***خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!***

*لە ساڵی ١٣٦٠ دا کاتێك بەرنامەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری لە لایەن ئاغای "ابولحسن بنی صدر"، سەرۆك کۆماری پێشوو و "مسعود رجوی"، بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانەوە ئیمزا کرا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەم بەسەر گیروگرفتەکانی پێوەندی دار بە تەرکیبی شووڕاو هەم بەسەر ناتەواوی یەکان و کەم و کوڕیەکانی بەرنامەی ئەودا، ئاگاداریی تەواوی هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هەستی بە پێویستیی پێك هێنانی تەشکیلاتێکی سیاسی، لە ڕێکخراوو شەخسییەتەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکرد، بەو هیوایەوە کە دەکرێ شووڕا لە نێوەوە کامڵترو پڕنێوەرۆکتر بکرێ، ڕای گەیاند کە ئوسوولی کوللیی بەرنامەی شووڕای قبووڵەو چوو بۆ نێو شووڕا.*

*لە ماوەی چوار ساڵ ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شووڕای نیشتمانیی بەرگری دا، پێوەندیی حیزب لەگەڵ شووڕاو ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، وەك یەکێك لە پایە بنەڕەتی یەکانی شووڕا، بە هەورازو نشێوی زۆردا تێپەڕیوە. هەموو هەوڵ و تەقەللای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ماوەیەدا بۆ ئەوە بوو کە شورا دێموکراتیزە بکرێ، نێوەرۆکێکی سەربەخۆ بەو تەشکیلاتە بدرێ، بەرنامەکەی ڕاست بکرێتەوەو تەواو بکرێ بە جۆرێك کە ویست و ئامانجەکانی زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێتەوەو ببێتە هۆی گەورەبوونەوەو بە گشتی گۆڕانی شووڕا بە جەبهە. پەسند کرانی ٣ سەنەدەکەی شووڕای نیشتمانیی بەرگری لە ڕەشەمەی ١٣٦٠ داو، بەدوای ئەوان دا پەسندکرانی گەڵاڵەی خودموختاری*

کوردستان، ئەنجامی بە کەڵکی هاوبیری و هاوفکریی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوەکان و شەخسییەتەکانی ئەندامی شووراِن.

لە ماوەی چوارساڵ ئەندامەتی لە شووراِی نیشتمانیی بەرگری دا،حیزبی ئێمە وەك هەموو هێزە سەربەخۆو ئازادبیرەکانی نێو شووراِدا، لە هەڵوێست و شێوە غەیرە دێموکراتی یەکانی باو لە نێو شووراِدا رەنجی کێشا. بەڵام بەو هیوایەی کە بە هەوڵو تێکۆشانی هەمیشەیی و هاوکاریی ئەندامانی شووراِ ئاخرەکەی روحی هاوکاری و لێك حاڵی بوون و فەزای دێموکراتی بەسەر شووراِدا دەسەڵات پەیدا بکا، بە ئەندامەتیە خۆی لە شووراِ درێژەی دەداو هەروا بۆ شووراِیی کردنی شووراِ تێ دەکۆشا.

هەروەك هەمووان ئاگادارن لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا کە لە تەمەنی شووراِی نیشتمانیی بەرگری رادەبرێ، هێندێك لە ئەندامانی شووراِ کە نەیان دەتوانی کردەوە پاوانخوازەکانی دەسەڵاتدار بە سەر شووراِدا تەحەموول بکەن، بە ناهومێدی یەوە لەوەی کە شووراِ دێموکراتیزە ببێ، لە ئەندامەتیی شووراِ کشانەوەو کۆتایی یان بە هاوکاریی خۆیان هێنا، کە ئاخرینی ئەوان "شورای متحد چپ" و ئاغای "ناصر پاکدامن" بوون و ئەمە لە حاڵێك دایە کە رێگای هاتنی ئەندامانی تازەو خاوەن نەزەری سەربەخۆ بۆ نێو شووراِ هەروا بە بەستراوی ماوەتەوە.

لە سەرەتای پاییزی ساڵی رابردوودا، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانەوە هێندێك پێشنیار، بە مەبەستی دێموکراتیزە کردنی شووراِ، رزگار کردنی ئەو لە قەیدو بەندی بێ ئەم لاوئەولای یەك رێکخراو و دانی نێوەرۆکێکی راستەقینەو سەربەخۆ بە شووراِ بە شێوەیەك کە داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکان هەموو چین و توێژە بەشخوراوەکانی کۆمەڵ و مافی نەتەوەیی و دێموکراتیی هەموو گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانی تێدا گۆنجابێ و لە کۆتایی دا بە مەبەستی دانانی بەرنامەیەکی هاوبەش و دیاری کراو بۆ رووخاندنی رێژیمی خومەینی، دران بە شووراِی نیشتمانیی بەرگری.

ئەگەر ئەو پێشنیارانە پەسند کرابان، بێشك چۆنیەتیی شووراِ بە باری مەسبەت دا بە تەواوی دەگۆرا. بەڵام زۆر بە داخەوە بە جێی ئەوەی کە ئەم پێشنیارانە بە شێوەیەکی جیددی باس بکرێن، لە ژێر پەردەی نادیارو بێ نێوەرۆکی بەناو وتووێژی حیزب لەگەڵ رێژیم دا شاردرانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران چـەندین جـار رای گەیانـد کـە: یەکـەم، هـیچ جـۆرە وتووێژێکی سیاسی لەسەر ویستەکانی خەڵکی کوردستان لەگـەڵ ررێـژیمی خومـەینی نـەکراوە. دووهەم، لەبەر ئەوەی کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا ئیمکانی وەدی هاتنی هیچ کام لە ویستە بنەرەتی یەکانی خەڵکی کوردستان، واتە دێموکراسی و خودموختاری نیـە، لـە هـەل و مـەرجی ئێستادا هەر وتووێـژێك لەگـەڵ رێـژیمی خومـەینی بـە بێکـەڵك دەزانـێ، رێکخـراوی موجاهیدین بە رواڵەت پێشوازی لەم هەڵوێسـتەی حیـزب کـرد، بـەڵام چـونکی هێنانـەگۆری مەسەلەی وتووێژ لەلایەن موجاهیدینەوە تەنیا بۆ بەهانە بوو، بە ئیسرارەوە لە حیزبیان داوا کرد کە لە هیچ هەل و مەرجێك دا خاوەنی مـافی وتووێـژکردن نـەبێ و لـە ئـەنجام دا سـەربەخۆیی بڕیاردانیشی نەمێنێ.

بـە کـورتی نـەزەری موجاهیـدین ئـەوەبوو کـە هەرچـەند رێبـەریی جووڵانـەوەی میللـی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، بە عۆدەی حیزبی دێموکراتـە، دەبـێ سـەلاحییەتی بڕیـاردان لەسەر چارەنووسی جووڵانەوە لە حیزب وەربگیرێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران نـە دەی توانی لە بڕیاردانی سەربەخۆ کە شـێلگیرانە لـە سـەری سـووره دەسـت هـەڵبگرێ و نـە سەلاحییەتێك کە پاش چل ساڵ خەبات، خەڵکی کوردستان پێیان سـپاردوە بـدا بـە کەسـێکی دیکە، لەگەڵ هـەمووی ئەمانـەش دا حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لـە هەڵوێسـتی بەرپرسانەو هەوڵ و تێکۆشانی یەکیەتی خوازانەی هاورێ لەگەڵ لەسەرەخۆیی و هێمنی دەسـتی هەڵنەگرت، تا لە رۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی ئەم ساڵدا لەگەڵ بەناو بڕیارنامەی شوورا بەرەوڕوو بوو کە بێجگە لە سەرپۆشدانان لەسەر مەسەلە بناغەیی یەکانی جێگای ناکۆکی و خۆبواردن لە باسی رووبەڕوو لەگەڵ نوێنەرانی حیزب، هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبوو.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لـە راگەیەنـدراوی رۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی خۆی دا، رەسمییەت و پێویستیی ئەو بڕیارنامەیەی چ لەباری نێـوەرۆك و چ بـە دەلیل و بەڵگەی پێرەوی نێوخـۆی ئـایین نامـەیی، خسـتە ژێـر پرسـیارو داوای پێـك هێنـانی کۆبوونەوەی شوورا بە بەشداریی هەموو ئەندامانی شوورای کرد. بەڵام ئێستا پاش تێپـەڕبوونی

دوو حەوتووش هیچ وەڵامێك بەم داوایە نەدراوەتەوەو وادیارە دەرگـای هـەر جـۆرە هاوكـاریو تەنانەت وتووێژێك لە چوارچێوەی شووڕادا بە تەواوی لەسەر حیزب داخراوە.

هاونیشتمانانی بەرێز!

هەروەك بەرچاو دەكەوێ بە تێپەڕبوونی زەمانو بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانە كـە لـەم دوایـی یانەدا لە نێو رێبەرایەتیی رێكخراوی موجاهیدینی خەڵكی ئێران دا، وەك هەڵسووڕێنەری شووڕا روویان داوە، كە نە كەس لێیان تێدەگا و نە پاكانەشیان بۆ دەكرێ، هیوای هەموانی بەوە لە نێو بردوە كە موجاهیدین شێوەكانی سكتاریستیی خۆیان وەلانێن، بە سینگێكی فراوانـەوە لەگـەڵ گیروگرفتەكانی نێو شووڕا بەرەوڕوو بن، لەسەرەخۆییو نەرمیی پێویست نیشان بدەنو حازر بـن هوییەتێكی سـەربەخۆ بـدەن بـە شـووڕا لـە رێگـای گـۆڕینی سیاسـەتو شـێوەكانی غـەیری دێموكراتیو پاوانخوازانە، شووڕا دێموكراتیزە بكەن.

هەر بۆیە حیزبی دێمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران بـە پێچـەوانەی ویسـتی دڵـی خـۆی، بـە ئەندامەتیی خۆی لە شووڕادا كۆتایی دێنێو بەرپرسایەتیی لێك بڵاوبوونی شووڕا، راستەوخۆ بە هی رێكخراوی موجاهیدینی خەڵك دەزانێو بە پێچەوانەی نەزەری ئەو رێكخراوە، لـەو بـاوەڕە دایە كە پاش هاتنەدەری حیزبی دێموكراتی كوردستان، بە عینوانی یەكێك لە پایەكانی ئەسڵیی ئەو، نەك تەنیا شووڕا بەهێز نابێ، بەڵكوو ئیدی شووڕایەك بە مانای واقیعیی ئەو لـە گـۆڕێدا نامێنێ. داهاتوو نیشانی دەدا كە ئەو ئەندامانەی لە شـووڕای نیشـتمانیی بـەرگری دا مـاون، ئەوانەیان كە باوەڕیان بە سەربەخۆیی نەزەرو هاوكاریی دێموكراتی هەیە، تا چ رادەیەك دەتوانن بە هاوكاریی خۆیان لەگەڵ رێكخراوی موجاهیدینی خەڵكی ئێران درێژە بدەن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەر لەو حاڵەدا ئامـادەیی خـۆی بـۆ هاوكـاریی دێمـوكراتیو ئوسـووڵی لەگـەڵ هـەموو حیزبـەكان، رێكخراوەكـانو شەخسـییەتە دێموكراتو پێشكەوتنخوازەكان كە باوەڕیـان بـە پێویسـتیی خـەباتی جیـددیو بـەكردەوە بـۆ رووخاندنی رێژیمی دژی گەلیی كۆماری ئیسلامیو هێنانە سەركاری رێژیمێكی دێموكراتی هەیە، رادەگەیەنێ.

*بەو هیوایە کە لە داهاتوویەکی نیزیك دا شاهیدی پێك هاتنی تەشکیلاتێکی بەرینی سیاسی لە هێزە دێموکراتو سەربەخۆی کۆماری خوازی ئێران بین.*

*دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤* [1]

چەند شەهیدی دیکەی ڕێبەرایەتی

مێژووی پەنجا ساڵەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێنی هەزاران ئەندامو دەیان هەزار لایەنگری ئەم حیزبە نەخشاوە کە لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیان دا بە دەستی دوژمنانی ئازادیو ئینسانییەت شەهید کراون. بە داخەوە لەم نووسینەدا دەرەتانی یادکردنەوەیان نیە. بەڵام چونکە یەکێك لە شانازی یەکانی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە ڕێبەرەکانی لە پێناوی ئامانجیان دا گیانیان بەخت کردووەو ئەم حیزبە زیاتر لە هەر حیزبێکی کوردستانی شەهیدی پلەی ڕێبەرایەتیی هەن، حەیفە ناوی ئەوان لەم یادداشتەدا تۆمار نەکرێ.

تێکۆشەرێکی بەوەجی ڕێگای دێموکراسیو خودموختاریو ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی ناوەندی کە لە نێوان کۆنگرەکانی شەشەمو حەوتەمو ڕاست لە ڕۆژی ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٦٣دا واتە کەمتر لە چوار مانگ دوای هەڵبژێرانەوەی دووبارەی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەهید بوو، هاوڕێ عبداللە بهرامی خەباتگێڕی ماندوویی نەناسی ناوچەی هەورامان بوو.

شەهید عبداللە بهرامی کە ساڵی ١٣٢٩ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە ناوچەی پاوە لە دایك ببوو، خوێندنی لە شارەکانی پاوەو کرماشان تەواو کردبووو پاش وەرگرتنی دیپلۆمی کشتوکاڵی، ساڵی ١٣٥٧ لە یانەی کەشاوەرزیی شاری پاوە دامەزرا. لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دا چالاکانە بەشدار بووو لە یەکەمین میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد دا کە بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب بەرپا کرا، بەشدار بوو. لەو کاتەوە چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی حیزبی دێموکرات گرێدرا.

---

١ـ "کوردستان"، ژمارە ١٠٣، لاپەڕەکانی ٤٦و ٤٧.

هاوڕێ بهرامی لـه مـاوەی پێـنج سـاڵ تێکۆشـانی سـەختو دژواردا بـه شـارەزا بـوون لـه کەندوکۆسپەکانی ڕێگای خەباتو بە هەوڵدان بۆ تەخت کردنی ڕێگای تێکۆشان لـە ئەنـدامێکی ساکارەوە بوو بە ڕێبەرێکی لێوەشاوە. لە کۆنگرەی پێنجەم دا بـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵبژێراو لە کۆنگرەی شەشـەمیش دا سـەرلەنوێ هەڵبژێرایـەوە. پـاش کـۆنگرەی شەشـەم بـە ئەندامی کۆمیتـەی ئـاژوان کـە بـۆ سەرپەرسـتیی کاروبـاری حیزبـی لـە جنـووبی کوردسـتان دامەزرابوو، هەڵبژێردرا.

هاوڕێ عبـدالله بهرامـی لـه قبـووڵکردنی بەرپرسـایەتیو بـە ئـەنجام گەیانـدنی ئەرکـەکانی سەرشانی دا ئازایەتیو فیداکاری یەکی کەم وێنەی لە خۆی نیشان دەدا. ڕێبەرێکی خەڵکی بـوو کە لەگەڵ پێشمەرگەکان وەك پێشمەرگەکان دەژیاو نموونەیەکی بەنرخی ئەخلاق بوو. ئەو ئاشـقی حیزبەکەیو ڕۆڵەی بە ئەمەگی گەلەکەی بـوو. شـانازیی بـە ئەندامـەتیی حیزبـی دێموکراتـەوە دەکردو لەوە کە پیشمەرگەی گیانفیدای ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەیـەتی هەسـتی بـە سـەربەرزیو شانازی دەکرد.

یەکی دیکە لە شەهیدانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە نێوان ئـەو دوو کۆنگرەیـەدا هـاوڕێ صـدیق فرخیان بوو. کە بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ١٣٦٤ لە هێرشـی ئـەفرادی کۆمەڵـە بۆسـەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە جنووبی کوردستان دا شەهید بوو. هاوڕێ فرخیان، ڕۆڵـەی بـەنرخی زەحمەتکێشانی ناوچەی سەقز، ساڵی ١٣٥٧ هێشـتا تێکۆشـانی ئاشـکرای حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێران ڕانەگەیەندرابوو، کە پێوەندیی بە حیزبەوە گرتو شانازیی ئەندامەتیی پێدرا.

پاش ئاشکرابوونی حیزب، ساڵی ١٣٥٨ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەقزو پـاییزی ئەو ساڵە لە شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکان لەسـەر ڕێگـای سـەقز ـ مـەریوان دا بـە تونـدی بریندار بوو. ساڵی ١٣٥٩ بوو بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارسـتانی سـەقزو لـەو پۆستە تازەیەدا نەخشێکی گرنگی لە دیفاع لە سیاسەتەکانی حیزبو ئامانجەکانی گەلی کورد دا یاری کرد. ساڵی ١٣٦٢ کرا بە بەرپرسی کۆمیتەی شارسـتانی هەوشـارو لـە ڕێبەنـدانی سـاڵی ١٣٦٢دا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

هاوڕێ صدیق فرخیان کادرێکی تێکۆشەرو قارەمانو دڵسـۆز بـوو کـە بـەڕێوەبردنی ئـەرکی حیزبی هەرچەندی قورسـتریش بایـە مانـدووی نـەدەکردو ڕۆژبـەڕۆژ لەسـەر ئـەنجام ئەرکـەکانی شێلگیرتر دەبوو. شەهید بوونی صدیق فرخیان وەك لەدەست چوونی هەموو تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات غەمو پەژارەی خستە نێو دڵی هاوسەنگەرانیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە. ئـەو کارەساتە لەو بارەشەوە دڵتەزێن بـوو کـە کـاك صـدیق نـە لـە بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ هێـزە چەکدارەکانی ڕێژیمی خومەینی دا، بەڵکوو لە پەلاماری کۆمەڵە بۆ سـەر بنکـەکانی حیـزب داو بەدەستی ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنی کورد شەهید بوو.

کۆستێکی دیکەی حیزبی دێمـوکرات هـەر لـەو دەورەیـەدا شـەهیدبوونی ئەنـدامی بـەوەجو لێوەشاوەی کۆمیتەی ناوەندی، هاوڕێ تێکۆشەر سەرگورد کەریمی عەلیار بوو. سەرگورد عـەلیار ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٦٤ی هەتاوی پـاش شـەڕێکی قارەمانانـە دژی ئەرتەشـی خومـەینی لەگەڵ سێ پێشمەرگەی هاوسەنگەری لە ناوچەی بانە شەهید کرا.

هاوڕێی شەهید چەند مانگ دوای هێرشـی نیزامیـی کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ سـەر خـەڵکی کوردستان ڕیزەکـانی ئەرتەشـی بـەجێ هێشـتو هاتـە ریـزی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانو خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی یەوە. ئەو لەبەر لێوەشاوەییو دڵسۆزیی کەم وێنەی پـاش ماوەیـەی کەم، بوو بە فەرماندەری پێشمەرگەو لە زۆر ناوچەی کوردستان دا وەك فەرمانـدەرێکی کارامـە ئەرکی پێشمەرگایەتیی بەڕێوە برد. سەرگورد عەلیار نموونەی ئەندامێکی لێوەشاوەی حیزب بوو، کادرێکی مەسئوولو پێشمەرگەیەکی بە جـەرگو قارەمـانو ئینسـانێکی بەئـەخلاق بـوو. ئـەو هەموو سروشتانە ئەویان کردبووە خۆشەویستی هەمووانو بەتایبەتی کادری ڕێبەرایەتی.

هەر بەهۆی ئەو سروشتە تایبەتی یانەشەوە بوو کە، زۆر زوو پلە تەشـکیلاتی یـەکانی بـڕیو ڕێبەنـدانی سـاڵی ١٣٦٢ لـە کـۆنگرەی شەشـەم دا بـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیـزب هەڵبژێردرا. ئەو هەڵبژاردنە بەجێیە زیاتریش بوو بـەهۆی بـەهێزبوونی هەسـتی بەرپرسـایەتیو دڵسۆزیو فیداکاری لە سەرگورد عەلیار دا. ئەو بۆ ئەنجامی هەر ئەرکێکی حیزبی کـە پێویسـت بایە بەو بسپێردرێ سەری لە رێدا بوو. عەلیار هەم لە مەیدانی کاروباری پێشمەرگایەتی دا لـە ریزی پێشەوە بوو، هەم بۆ تێگەیشتنی مەسەلە سیاسی یەکان لە رادەیـەکی بـەرزدا بـوو. هـەر

بۆیە لەلای کادرو پێشمەرگە وەك یەك خۆشەویستو جێگای ڕێز بوو. بەڕاستی شەهید بوونی سەرگورد عەلیار زیانێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکراتو گەلی کوردو خەباتی حەقخوازانەی هەموو گەلانی ئێران بەگشتی بوو.

دوو کەسی دیکە لە ڕێبەرانی حیزبی کە هەر لەو ماوەیەدا گیانیان بەختی ئازادیی گەلەکەمان کرد، شەهیدان هاوڕێ کمال دباغیو هاوڕێ گە حقگلب بوون. شەهید کمال دباغی ساڵی ١٣٢٤ لە دایك بوو. ئەو کە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا هاتبووە دنیا بە ڕەنجو کوێرەوەری توانی تا وەرگرتنی (فوق دیپلم) دەرس بخوێنێو ببێ بە مامۆستای مەدرەسەی ڕاهنمایی لە مەهاباد. لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی بەم لاوە وەك لایەنگرێکی چالاکی حیزب بیروڕای ئازادیخوازیی لە نێو مامۆستایانو قوتابی یان دا بڵاو دەکردەوە. لە ماوەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا تێکۆشانێکی بەرچاوی لە پێك هێنان و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانو بزووتنەوە ئیعترازی یەکان دا هەبوو. لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش دا بەڕەسمی بوو بە ئەندامی حیزب.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا (ڕەشەمەی ١٣٥٨) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپراسایەتیی ڕێكو پێك کردنی کۆمیتەکانی حیزب لە کرماشانو ئیلامی پێسپێردرا، کە لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا. لە کۆنگرەی پێنجەمیش دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوەو ئەمجار کرا بە بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی ناوەندی ئاژوانو بەرپرسی ڕاستەوخۆی شارستانی کرماشان. بەداخەوە مانگی بانەمەڕی ١٣٦١ هاوڕێ دباغی لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی دا لە نێو شاری کرماشان گیراو دوای چوار ساڵ ئازارو ئەشکەنجە لە زیندانەکانی ڕێژیم لە کرماشانو سنەو تارانو ورمێو دوای ئەوەی بە ڕواڵەت بە پازدە ساڵ زیندان مەحکووم ببوو، لە پاییزی ساڵی ١٣٦٤دا ئیعدام کرا. بە شەهیدبوونی کمال دباغی حیزبی دێموکرات یەکێك لە باشترینو فیداکارترین ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست دا.

شەهید گە حقگلب ساڵی ١٣٢٠ لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری شاری مەهاباد دا لە دایك ببوو. براکەی هاشم اقل الگلاب ناسراو بە "قادر شریف" یەکێك لە بەرپرسانی بەناوبانگی حیزب بوو کە ساڵی ١٣٤٩ لە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق تیرۆر کرا. گە حقگلب پاش

وەرگرتنی لیسانسی فیزیك لە دەبیرستانەكانی مەهاباد دا دەستی بە دەرس گوتنەوە كرد. بـەڵام چونكە بە ئازادیخواز دەناسرا، ساواك تێی هەڵپێچاو نەی هێشت لەو شارە بمێنێتەوە. بۆیە چـووە تاران‌و ماوەیەك لە دەبیرستانەكانی تاران كاری ئازادی كرد. دوایە لە وەزارەتی پۆست‌و تەلگراف دامەزرا.

كاك گە حقگلب هەر لە منداڵی یەوە لەگەڵ كاری سیاسی تێكەڵ‌و لەگەڵ حیزبـی دێمـوكرات ئاشنا بوو. لە سەرەتای راپەڕینی گەلانی ئێرانەوە بە ئاشـكرا دەسـتی بـە تێكۆشـان كـردو بـە چالاكی لە كاروباری جەمعیەتی كوردەكانی دانیشتووی مەركەزدا بەشـدار بـوو. دوای رووخـانی رێژیمی پاشایەتی لە وەگەڕخستنی تەشكیلاتی حیزب لە تاران دا نەخشی بەرچاوی یاری كردو لە كاتی شەڕی سێ‌مانگەی ساڵی ١٣٥٨دا ئەو و هاوڕێیەكانی، لەو تەشكیلاتە كەڵكی باشیان بـە قازانجی بزووتنەوەی كوردستان وەرگرت. لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩وە بوو بە بەرپرسی تەشـكیلاتی تاران‌و تا ئەو كاتەی گیرا خزمەتێكی زۆری بەو نەخۆش‌و بریندارانە كرد كـە لـە رێگـای نهێنـی یەوە بۆ دەرمان كردن دەچوونە تاران.

لە نێوان كۆنگرەكـانی چـوارەم‌و پێنجـەم دا كـاك گـە حقگلـب ببـووە ئەنـدامی موشـاویری كۆمیتەی ناوەندی. بەداخەوە دوژمن هەستی بە تێكۆشانی ناوبراو كردو ساڵی ١٣٦٢ لـە تـاران گیرا. سەرەنجام رۆژی ١٥ی رەزبـەری سـاڵی ١٣٦٤ لـە بەندیخانـەی "اویـن"ی تـاران بەدەسـتی بەكرێگیراوانی رێژیمی كۆماری ئیسلامی ئیعدام كرا. شەهید گە حقگلب نموونەی ئەندامێكی بـە دیسیپلین‌و بە شەخسییەتی حیزبی بوو. رووناكبیرێكی تێگەیشتووو پێگەیشتووو ئازاو خەباتگێڕ بوو. بەدڵەوە حیزبی خۆش دەویسـت‌و خۆشەویسـتی حیـزب‌و هـاوڕێ حیزبـی یەكانیشـی بـوو. زیندان‌و ئەشكەنجە ورەی پێ بەرنەداو تا سەر بە ئامانجەكانی وەفادار مایـەوە. ئـەو مردنـی بـە سەربەرزی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ژیانی بە سەربەرزی بۆ گەلەكەی وەدەست بێ.

## فەسڵی حەوتەم:

## لە كونگرەی حەوتەمەوە تا كونگرەی هەشتەم (١٣٦٤ـ١٣٦٦)

### كونگرەی حەوتەم:

**٢٥**ی گەلاوێژی ساڵی **١٣٦٤** چلەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب بوو. بەو بۆنەیەوە وێڕای بەرپاکردنی جێژنێکی گەورە (ئەوەندە کە لە شاخ و لە هەل‌و مەرجی خەباتێکی سەختو خوێناوی‌دا ئیمکانی هەیە) ئاوڕێك لە رابردووی چل ساڵەی خەباتی حیزب درایەوەو رووداوە گرنگەکانی مێژووی حیزب وەبیر هێنرایەوەو هەر بەو بۆنەیەشەوە بوو کە کتێبی **"چل ساڵ** خەبات لە پێناوی ئازادی**"** لە لایەن شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبەوە نووسراو بڵاوکرایەوە. هەر ئەو ساڵە بە پێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب ساڵی کۆنگرە بوو. ئەو دەم هەر بە دووساڵ کۆنگرە دەگیرا، کە دواتر کرا بە سێ ساڵ جارێك[١].

بەدوای **٢٥**ی گەلاوێژدا بەرەبەرە کاروباری ئامادەکردنی کۆنگرەی حەوتەم دەستی پێ‌کرد. هەل‌و مەرجەکە لە جاران سەختتر بوو. بەو حاڵەش کۆمیتەی ناوەندی لە سەر بەستنی کۆنگرەو پێکهێنانی کۆنفرانسەکانی شارستان بە مەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە سوور بوو.

کۆنفرانسەکان لە هەل‌و مەرجێکی پڕ مەترسی دا، هێندێك لە نێوخۆی وڵاتو بەشی زۆری لە ناوچە سنووری یەکانی کوردستانی عێراق گیرانو نوێنەرانی ئەندامانی حیزب بۆ کۆنگرە هەڵبژێران. لەگەڵ هەموو سەختی‌و ناسکیی قۆناغەکە دەفتەری سیاسی‌و کۆمیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەلەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە کۆنگرە لە رۆژی **٢٦**ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا دەست بەکار بکا[٢].

وەك زۆربەی کۆنگرەکانی حیزب، بۆ جێگای کۆنگرەش دەبوو لە فکردا بین. باش نەبوو کۆنگرە بەرینە دەرەوەی بنکەکانی حیزب. چونکە هەم مەترسیی پەلاماری دوژمن هەبوو، هەم چەند رۆژ دوورکەوتنەوەی ئەندامانی رێبەرایەتی لە شوێنی خۆیان بە زیانی کاروباری حیزبی بوو، بۆیە بڕیار درا کە هەر لە دەوروبەری دەفتەری سیاسی کە ئەو دەم لە گوندی "گەورەدێ" لە

---

[١] ـ لە کونگرەی دوازدەهەم دا ( ١٣٧٩) ماوەی نێوان دوو کونگرە کرا بە چوار ساڵ ـ چاپی سێهەم.

[٢] ـ ساڵی ١٣٢٤ لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا خەڵکی مەهاباد پەلاماریان بردە سەر شارەبانی وەك دوانیشانەی دەسەڵاتی مەرکەزی لەو شارە، و گرتیان. کاتێك لە ساڵی **١٣٦٣**دا کۆمیتەی ناوەندی ویستی رۆژێکی ساڵ وەك رۆژی پێشمەرگە دیاری بکا، پاش باس و راوێژێکی زۆر لە سەر ئەو رۆژە ساغ بووەوە. چونکە گرتنی شارەبانیی مەهاباد یەکەم عەمەلیاتی چەکدارانەی ئەو هێزە بوو کە دواتر بۆ یەکەم جار ناوی هێزی "پێشمەرگە"ی لە سەر دانرا.

ناوچەی چوارتای کوردستانی عێراق بوو، سالۆنێك بۆ کۆنگرە ساز بکرێو هەروا‌ش کرا. دوو کیلۆمیترێك دوورتر لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەندی کانی مێو کە نەخۆشخانەی حیزبیشی لێ بوو، ئەو سالۆنە دروست کراو لە ماوەیەکی کورتیش دا بێ ئەوەی کەسی "نامەحرەم" هەستی پێبکا ساز بوو. زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆنگرەش هەتا نەچوونە پەنای سالۆنەکە نەیان زانی لەو شوێنە شتێك دروست کراوە.

جێگای باسە، ئەوشوێنەی سالۆنەکەی لێ درووست کرا، ماوەی چەند رۆژ بە بولدوزێرکاری لێ کراو گردێك رووخێندرا بۆ ئەوەی جێگای سالۆنەکە تەخت بکرێ. هێندێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی نیگەرانی ئەوە بوون کە ئەگەر بەفرو باران زۆر بباری، پاشماوەی گردەکە هەرەس بێنێو سالۆنەکە بڕوخێنێ. بەلأم وەستایەکمان هەبوو، گوتی نیگەران مەبن، سەد سالٚ بارانی لێ بباری ئەم خاکە ناتلیسێتەوەو لە جێی خۆیی نابزوێ. کەچی تەنیا رۆژێك دوای کۆنگرە (دیارە لە تەواوی رۆژەکانی کۆنگرەدا بەفروباران لێی نەکردەوە)، بەیانی ئەگەر تەماشایان کرد، گردەکە رووخاوەو بەشی هەرە زۆری سالۆنی کۆنگرەی وەبن خۆی داوە. ئێستا جەنابی وەستا هەر لە رووی نەزانی یەوە ئەونەزەرەی دابوو یان نیازیکی خەراپیشی هەبوو، بۆ خۆی پرسیارێکە. بەهەرحالٚ کۆنگرە بە سلأمەت دەرچووو سالۆنەکە بوو بە سەدەقەی سەری ئەندامانی کۆنگرە.

هەروەك پێشتر دیاری کرابوو، رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ کۆنگرەی حەوتەم دەستی بەکارکرد. وەك هەموو کۆنگرەکانی حیزب پاش کرانەوەی کۆنگرە بە" سروودی ئەی رەقیب"و یادی شەهیدان، راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی خوێندرایەوەو بەندەکانی دیکەی دەستووری کاری کۆنگرە یەك بە دوای‌یەك دا هاتنو بۆ رۆژی ٣٠ی سەرماوەز، یانی لە ماوەی چوار رۆژدا کاری کۆنگرە تەواو بوو. لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب دا بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب دەسکاری نەکران. بەلأم راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لێکدانەوەیەکی قوولٚو تێرو تەسەلی لەسەر هەلومەرجی خەباتو وەزعی ئێرانو ناوچەو بە گشتی وەزعی دنیا پێشکەش کردبوو کە لە ماوەی دووڕۆژدا باسی لەسەر کراو پەسەند کرا.

لەو کۆنگرەیەدا چەند مەسەلەیەکی نێوخۆیی زۆر جێگای باس بوون کە بە کورتی هێندێکیان باس دەکەین:

یەکەم باسی دەرچوون، یان دەرکردنی حیزب لە شوورای نیشتمانی بـەرگری بـوو. لـە فەسـڵی پێشوودا چۆنیەتیی ئەو مەسەلەیە باس کرا. ئەوەی لێـرەدا دەبـێ بگـوترێ، زیـاتر ئەوەیـە کـە کۆنگرە زۆر بە ئاسانی ئەو چوونە دەروەی پەسەند کرد. چونکە ئەوەی راستی بێ چـوونی حیزبـی دێموکرات بۆ نێو شوورای بەرگری نیشتمانیی لە کاتی خۆی دا باش ئامادە نەکرابوو و زەمینەی بۆ پێك نەهاتبوو. لەبەر ئەوە، هەم لە نێو کۆمەڵی کوردەواریو هەم لە نێـو ریزەکـانی حیـزبو تەنانەت لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییش دا زۆر کـەس موخـالیفی بـوونی حیـزب لـەنێو شــوورِاو بەتایبــەتی پێوەنــدیی نێــوان حیــزبو موجاهیــدین بــوون. زۆر جــار لــە کۆبوونــەوە گشتیەکاندا بەرپرسانی حیزبیی لەو بارەیەوە پرسیار کوت دەکران. هەر بۆیە کاتێك مەسـەلەی هاتنەدەر لە شوورای نیشتمانیی بەرگری کۆنگرەدا هاتە گـۆڕێ، لـە کـۆنگرە بـەتێکرِای دەنـگ پشتیوانی لێ کرد. لە بەندی دووهەمی کۆنگرەدا لەو بارەیەوە گوتراوە:

"کۆنگرە هاتنە دەری حیزب لە شوورای نیشـتمانیی بـەرگری بـە کـارێکی دروسـتو بـەجێ دەزانێو هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندی بەرامبەر بە "سازمان مجاهدین خلق ایران" پەسەند دەکاو لە سەر پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیو سەربەخۆیی بڕیاردان لـە هـەموو هـەلو مـەرجێكو لـە بەرامبەر هەموو حیزبو رێکخراوێك دا بە توندی پێ دادەگرێ".

دووهەمین مەسەلە شەڕی حیزبو کۆمەڵە بوو. لەو بارەیەوە بە پێچەوانە کـۆنگرە یەکـدەنگ نەبوو. بەشێك لە ئەندامانی کۆنگرە هەرچەند کەمیش بـوون، سیاسـەتی حیـزب بەرامبـەر بـە کۆمەڵەیان بە درووست نەدەزانیو پێیان وابوو حیـزب دەبـوو بەرامبـەر بـە کۆمەڵـە گوزەشـتی زیاتری لە خۆی نیشان دابا. بەشێکی دیکە ـ کە ئەوانیش هەر کەم بوون ـ بـە لایـەکی دیکـەدا موخالیفی سیاسەتی حیزب بوون. ئەو هاوڕێیانە پێیان وابوو حیزب لە بەرامبەر کۆمەڵەدا نـەرم جووڵاوەتەوەو بەو جۆرەی پێویستە هەڵوێستی نەگرتووەو کۆمەڵانی خەڵکی رێنـوێنی نـەکردوە. ئەوانە پێشنیاریان کرد کۆنگرە لە بڕیارنامەیەك دا بە رەسمی کۆمەڵە بە"چد انقلاب" واتـە دژی شۆڕش بناسێو هەر بەو جۆرەش رەفتاری لەگەڵ بکا، کەدیارە ئەوە بەو مانایە بوو کـە حیـزب بایەخێکی زیاتر بە شەڕی کۆمەڵە بداو هێزی زیاتری بۆ تەرخان بکا.

بەڵام زۆربەی زۆری ئەندامانی کۆنگرە سیاسەتی پێشووی حیزبیان پەسەند کردەوە کە بریتی بوو لە فشار هێنان بۆ کۆمەڵە تا وەختێك مەرجەکانی حیزب بۆ رێكوپێك کردنی پێوەندییەکانی حیزبو کۆمەڵە قبووڵ دەکا. دیارە ئەمەشیان وەك بڕیاری کۆنگرەو سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە کۆمەڵە پەسەند کرا.

مەسەلەی هەرە گرنگ کە ناکۆکیی لەسەر هەبوو، لە راستی دا نەبەو جۆرە پێویستەی خۆی دەرخستو نە کۆنگرەش توانی چارەسەری بکا، شێوەی بیروبۆچوونو هەڵسوکەوتی حیزبی بوو. راستی یەکەی ئەوەیە کە ئەو بیروبۆچوونە کە لەنێو حیزب دا زۆرجار بە "خەتی توودەیی" ناو دەبراو لە کۆنگرەی چوارەمەوە لە نێو حیزب دا هەبوو، بە پەسەند کرانی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە کۆنگرەی شەشەمیش دا کۆتایی نەهاتبوو. هێشتا ژمارەیەك لە هاوڕێیانی حیزبی بە شێوەیەکی دەروێش سیفەتانە چاویان لە زاری کاربەدەستانی شوورەوی بوو. میعیار بۆ ئەوانە، نەك ئەو شتە کە بە چاوی خۆیانو لە دەوروبەری خۆیان دەیاندی، بەڵکوو ئەو شتانە بوون کە لە زمانی هێندێك کۆنە توودەیی یان توودەیی سیفەت دەیان بیستن. لەبەر ئەوەش کە ئەوانە لەنێو حیزب دا بەشێوەیەکی بەرچاو لە کەمایەتی دا بوون، پەنایان بۆ دەستەبەندیو دووبەرەکی نانەوە(بەشێوەی توودەیی) تۆمەت لێدانو بوختان هەڵبەستن دەبرد.

مل نەدانی ئەو دەستەیە لە هاوڕێ یانی حیزبی بۆ بڕیاری زۆربەی ئەندامانی حیزبو پەیڕەوی نەکردنیان لە دیسیپلینی حیزبی بەرەبەرە رێگای بۆ جیابوونەوەو لەت لەت کردنی ریزەکانی حیزب خۆش کرد تا لە کۆنگرەی هەشتەم دا بە تەواوی خۆی دەرخستو وەك لە دوایە باسی دەکەین زەربەیەکی کاریگەری لە یەکپارچەیی حیزب داو دڵساردی یەکی زۆری لە ریزەکانی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا دروست کرد. هەر لێرەدا بەجێیە بگوترێ کە ئەوانەی لە کۆنگرەی هەشتەم دا لە حیزبی دێموکرات دابڕان، بەهیچ جۆر هەموویان توودەیی سیفەت نەبوونو تەنانەت موخالیفانی ئەو بیرو بۆچوونەشیان لە نێودا کەم نەبوون. لەوەش زیاتر ئەوانە بە هیچ جۆر لە باری بیروبۆچوونەوە یەکدەست نەبوونو تەنیا نوختەی هاوبەشیان موخالەفەت لەگەڵ زۆرایەتیی حیزبی بوو. بەڵام ئاڵاهەڵگرانی ئەو

موخالەفەتە بە هەموو جۆر هەوڵیان دابوو ناڕازی یەکان ـ لەسەر هەرچی ناڕازی بن ـ یەك بخەنو لە ڕۆژی پێویست دا هەڵوێستی هاوبەشیان پێبگرن.

بێینەوە سەر باسی کاروباری کۆنگرە. کۆنگرەی حەوتەم وەك سروشتی هاوبەشی هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتە، بە شێوەیەکی چالاکانەو زیندوو و لە فەزایەکی ئازادو دێموکراتیکی دا باسەکانی خۆی کردو بڕیارەکانی خۆی دا. شایانی باسە کە ئەوەندەی لە بیرم بێ هەموو بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە بە تێکڕای دەنگ وەرگیران، یا ئەگەر دەنگی موخالیفیش بووبێ، یەکجار کەم بوو تەنانەت ئەوانەش کە ئەهلی دەستەبازی و دووبەرەکی بوون لە باسەکانی کۆنگرەدا قسەیەکی حیسابی یان نەبووو تەنیا لە بنەوە بۆ ئەوەی تای ترازوو بەلای خۆیان بشکێنن، هێندێ پرتەوبۆڵەیان دەکردو هەوڵیان دەدا کەسانێك لەنێو ریزەکانی حیزب دا دڵکرمێ بکەن.

کۆنگرەی حەوتەم وەك هەمووکۆنگرەکانی حیزبیی لە دوابەشی کارەکانی خۆی دا هاتە سەر هەڵبژاردنی رێبەرایەتی نوێی حیزبو ئەم هاوڕێ یانەی وەك ئەندامی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد:

| | |
|---|---|
| ١ـ دوکتور قاسملوو | ئەندام |
| ٢ـ دوکتور شرفکندی | " |
| ٣ـ دوکتور خلیقی | " |
| ٤ـ هاشم کریمی | " |
| ٥ـ مصگفی هجری | " |
| ٦ـ حسن رستگار | " |
| ٧ـ حسن شرفی | " |
| ٨ـ حسین مدنی | " |
| ٩ـ فتاح کاویان | " |
| ١٠ـ باباعەلی مهرپرور | " |
| ١١ـ نبی قادری | " |

| | |
|---|---|
| ١٢_عبدالله عزت پور | ئەندام |
| ١٣_ابوبكر راد | " |
| ١٤_عبدالله قادری | " |
| ١٥_ سلام عزيزی | " |
| ١٦_صديق بابايی | " |
| ١٧_عپمان رحيمی | " |
| ١٨_ محمد امين مجيديان | " |
| ١٩_علی كاشفپور | " |
| ٢٠_جليل گادانی | " |
| ٢١_عبدالحكيم رزايی | " |
| ٢٢_جعفر حامدی | " |
| ٢٣_حسن شيوەسەڵی | " |
| ٢٤_فتاح عبدلی | " |
| ٢٥_ عبدالله حسن زادە | " |
| ٢٦_ كمال كريمی | جێگر |
| ٢٧_ ايرج قادری | " |
| ٢٨_ حسن ايوب زادە | " |
| ٢٩_ عصمت عبدی | " |
| ٣٠- سعدون عباسی | " |
| ٣١_ رحمان رحيمی(چەكۆ) | " |
| ٣٢_شاپور فيروزی | " |
| ٣٣_ محمدنقيف قادری | " |
| ٣٤_ محمود دشتی | " |
| ٣٥_ ابراهيم لاجانی | " |

پێویسته بگوترێ به پێ سوننەتێك که له کونگرەکانی حیزبی دا هەیە ، هێشتا کونگرە بلاوەی نەکردبوو که کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەیەکی کورت دا دوکتور قاسملووی بە سکرتێری گشتی هەڵبژاردەوە و بە ئاگاداری کۆنگرەی گەیاند .

له پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییش دا که چەند رۆژ دواتر پێك هات ، ئەم چەند کەسە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کران :

١_دوکتور شرفکندی

٢_حسن رستگار

٣_مسته فا هیجری

٤_ هاشم کریمی

٥_حسن شرفی

٦_ عبدالله حسن زاده

له نێو ئەندامانی دەفتەری سیاسیش دا عبدالله حسن زاده بە جێگری سکرتێر هەڵبژێردرا .

جگە لەمانە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی یەوە ئەم هاورێ یانەی خوارەوەش وەك موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران :

١_رحیم محمد زاده

٢_ شاپور شجاعی فرد

٣_ عبدالله شریفی

٤_ عمر شریفزاده

٥_غفور حمزه ای

حەز دەکەم ئەوەش زیاد بکەم که له هیچ شوێنێکی ئەو یاداشتانەدا تەرتیبی ناوی ئەندامان و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی نیشانەی تەرتیبی هەڵبژاردن و ئەو دەنگانە نیە کە له کونگرەدا یان له کۆمیتەی ناوەندی دا هێناویانەتەوە . هەروەها نیشانەی جێگا و نەخشی وان له ریزەکانی حیزبیشدا نیە . هەر بۆیە زۆر جاریش تەرتیبی ناوەکان دەگۆرێ ، جگە لە ناوی دوکتور قاسملوو که هەموو جارێ له پێشەوەی ناوەکانی دیکەدا هاتوە.

دوکتور قاسملوی شەهید لە ریزی پێشەوەی ئەو ڕێبەرە کوردانە بوو کە لە بایەخی پەیوەنـدیی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان تێ گەیشتبوون و بۆ پێك هێنانی ئـەو پەیوەندییە هەوڵیان دەدا . یەکێك لـە گـرنگترین کـۆڕو کۆمەڵـە سیاسـییە نێونەتەوەییـیـەکان سوسیالیست ئەنتەرناسیونال ، یان ئەنتەر ناسیونالی سوسیالیست بوو کە تا ئێسـتاش سـاڵ بـە ساڵ لە پەرە گرتن و بەرەو پێشەوە چوون دایە .

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی دوکتۆر قاسملودا لە کۆنـەوە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ بەشێکی زۆری حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکانی ئوروپای رۆژئاوا هەبووە . لە ڕێگـای ئـەو دۆسـتانەوە دوکتـوری نـەمر هـەوڵێکی زۆری دا کـە حیزبـی دێموکرات درگای کۆنگرە و کۆبوونـەوەکانی ئەنتـەر ناسـیونالی سوسیالیسـتی بـۆ بکرێتـەوە . سەرەنجام ئەو هەوڵ و تەقالالیە بە ئاکام گەیشت و ساڵی ١٩٨٦ دوکتور قـاسملوو بـۆ خـۆی وەك نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بـوو بـە میـوانی حەڤدەهـەمین کـونگرەی ئەنتـەر ناسیۆناڵ کە لە لیما پایەتەختی پێرو پێك هات.

لەو کاتەوە حیزبی دێموکرات بۆ هەموو کـۆنگرە و کۆبوونـەوەکانی ئـەو کۆمەڵـە جیهانییـە بانگێشتن کراوە و دەستەی نوێنەرایەتی حیزب هـەموو جـارێ توانیویـەتی لـە دەوروبـەری ئـەو کۆبوونەوانـەدا لەگـەڵ زۆر شەخسـییەتی سیاسـی و نوێنەرایـەتی زۆر لـە حیزبـە سیاسـی یـە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکان وتووێژ بکاو وەزعی کوردستان و سەرانسەری ئێرانیـان بـۆ شیبکاتەوە.

هەر لەو کاتەدا حیزب هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کـە بـەرەسمی لـە ئەنتـەر ناسـیۆناڵی سۆسیالیست دا بە ئەندام وەربگیرێ تا بتـوانێ باشـتر و زیـاتر مەسـەلە سیاسـی یـەکانی لـەو مێمبەرە دا بێنێتە گۆڕێ . بە خۆشی‌یەوە ئەو هەوڵ و تەقەللایە سەرەنجام بـە ئاکـام گەیشـت و رۆژی ١١ی سێپتامبری ١٩٩٦ لە دوا رۆژی کاری بیستەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵ دا کە لـە بنکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویورك پێك هات ، بـە تێکـرای دەنـگ بـە ئەنـدام وەرگیرا.

بە داخەوە کەمتر کۆنگرەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبوە کە تا گەیشتن بە کۆنگرەی دواتر یەك یان چەند کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی شەهید نەبووبن . لە کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی حەوتەمیش دا بە داخێکی گرانەوە یەکێك لە ئەندامانی بە وەج وتێکۆشەر ، لاوێکی بەهەست و شۆڕشگێڕ کە هیوای دواڕۆژێکی روونی لێ دەکرا ، شەهید بوو.

رۆژی ٩ی مانگی خەزەلوەری ١٣٦٥ ، کەمتر لە ساڵێك دوای تەواو بوونی کۆنگرەی حەوتەم ، هاوڕێی تێکۆشەر کاك عبدالحکیم رچایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنوبی کوردستان دوای شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەرشیوی سەقز شەهید بوو .

عبدالحکیم رچایی ساڵی ١٣٣٤ لە شاری پاوە لە دایك ببوو . لە ساڵی ١٣٤١دا چووبووە قوتابخانە و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ساڵی ١٣٥٦ "فوق دیپلم"ی لە رشتەی "علوم انسانی"دا وەرگرتبوو . لەگەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا ، هاتە نێو ریزی خەباتگێڕانی حیزب و لە بەر ئەوەی شارەزایی لە نوسین و ئەدەبیات دا هەبوو ، کرا بە بەرپرسی بەشی تەبلیغات و بلاوکردنەوەی حیزب لە پاوە .

لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٨ دا هاوڕێی حکیم رچایی لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بەشدار بوو . دوای گەڕانەوە لە کۆنگرە بە ئۆگرییەکی زیاترەوە پەرەی بە کارو تێکۆشانی خۆی دا . ساڵی ١٣٦٠ لە کاتێك دا ئەندامی کۆمیتە شارستانی هەورامان بوو ، کرا بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی . لە کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم دا بۆسێ دەورەی بە دوای یەك دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە پاش کۆنگرەی حەوتەم کرا بە بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنوبی کوردستان .

## دووبارە جێگۆڕکە

لە ماوەی ١٧ ساڵ شەڕی بەرگری کوردستان دا دەفتەری سیاسی چەند جار شوێنی دانیشتنی خۆی گۆڕیوە . دەزانین کە پاش شۆڕش بنکەی دەفتەری سیاسی لە شاری مهاباد دامەزراو تا هەڵگیرسانی شەڕی سێ مانگە لە نێو شاردا مایەوە .لە دوای فتوا بەدناوەکەی خومەینی، فکری

وەدەرکەوتن لە شارەکان و پەنا بردن بۆ چیاکان ـ دۆستانی لە مێژینەی بزوتنەوەی کـورد ـ بـەرە بەرە بەهێز بوو . بۆ ئەوەی دەفتەری سیاسی غـافڵگیر نـەبێ، هـەر بـە دوای دەرچـوونی فتـوای جیهادی خومەینی دا هێندی شتی گرنگی دەفتەری سیاسی لە شار وەدەر خران و پاش گیرانەوەی شاری مهاباد بۆ ماوەیەك بنکەی دەفتەری سیاسی لە شوێنێکی بێ نـاوو نیشـانی سـنووری بـە ناوی " ئاشـی پشـت شـکاوێ " لـە نێزیـك گونـدی شـێنێ جـێگیر بـوو. دوای پـەیامی ٢٦ی خەزەلوەری خومەینی ، جارێکی دیکە دەفتەر گەڕایەوە شاری مهاباد بەلاّم ئەو ماوەیەش زۆری نەخایاندو لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩وە کەم کەم مشوری جێگاو رێگایەك لە دۆڵی شێخان و راست لە بن لوتکی لەندی شێخان لە نێوان ناوچەکانی مهاباد و پیرانشاردا خورا. بـەلاّم چـونکە ئـەو جێگایە هەم سارد و بەفر گرو هەم زۆر لە هێزەکانی دوژمن نێزیك بوو، بۆ پاییز جێگـاو رێگـای تازە لە نێزیك گوندی شیوەجۆ لە ناوچەی رەبەت دروست کرا.

پاش تەنیا دوو ساڵ مانەوە لەو شوێنە ، ئەویش کەوتە بەر پەلامارو مەترسی گیرانـەوە و لـە پاییزی ساڵی ١٣٦١ دا دەفتەری سیاسی بنکەیەکی کاتیی لە ناوچەی ئالان دامەزراند و سـاڵێك دواتریش لە ئالانەوە سنووری بەزاند و لەگەڵڵـە نیشـتەجێ بـوو . چـونکە ئـەو شـوێنەش هـەر دەستبەجێ کەوتە بەر ئاگربارانی دوژمن ، بەهاری ١٣٦٣ دەست کرا بە دروست کردنـی جێگـاو رێگا بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی و ماڵی پێرسۆنیلی دەفتەر لە گوندی " گەورەدێ " لە ناوچەی چوارتای ئۆستانی سلێمانی.

ئەوەی لێرەدا بە کورتی باسم کرد ، لە فەسڵەکانی پێشوودا بەشی زۆری بە درێژی هاتوە.بەلاّم هێنانەوە بیری لە بەر شتێك بە پێویست زانرا . وەك لەمـەودوا باسـی دەکـرێ ، سـاڵی ١٣٦٦ دەفتەری سیاسی ناچار بوو بنکەکانی بگوێزرێتەوە بـۆ بنـاری قەنـدیل و پـاش دروسـت کردنـی خانوبەرە و جێگاو رێگایەکی یەکجار زۆر ،ساڵی ١٣٧٢ جارێکی دیکە ناچار بوو بگوێزێتـەوە . بە باوڕی من ئەو جێگا گۆڕینە تا ئەو کاتەی لە نێو خاکی کوردستانی ئێران دا بـووین کـارێکی بە جی و تەنانەت پیویست بوو. چونکە زور گرنگ بوو تا بکـری بنکـەی رێبەرایـەتی زیـاتر لـە قوڵایی خاکی کوردستانی ئێران دا بمێنێتەوە ، بەلاّم پاش ئـەوەی بـە داخـەوە ناچـار بـووین لـە سنوور ئاوا بین ، جگە لە ساڵی یەکەم کە نەدەکرا بە پەلە بڕۆینە جێگایـەکی دوور لـە قـووڵایی

خاکی کوردستانی عێراق دا ، ئەوانی دیکەمان بەشێکی بە خۆڕایی بوو .وەختێك ئێمە لـە بـەر تۆپخانەی دوژمن بنکەکانی دەفتەری سیاسیمان دەگوازتەوە ، باشتر بوو هەر دوای چـۆڵ کردنـی گەلاڵە بچینە جێگایەك کە لە خاکی ئێرانەوە بە تۆپخانە لێی نەدرێ . وەختێـك ئێمـە هـەر لـە دەرەوەی سنوور بووین لە راستیدا بۆ هیچ شتێك نیزیـك سـنوور و کـەمێك دوورتـر فـەرقێکی ئەساسی یان نەبوو ، کەچی ئێمە ئیسرارمان هە بوو کە بنکەکانمان نیزیك سنووری نێوان ئێـران عێراق بن و لە ئاکام دا بایی سەدان میلیۆن تمـەن "تاسیسـات" مـان دروسـت کـردو وەخـت و ئینرژی یەکی یەکجار زۆریشمان لە سەر داناو تەنانەت لە بەشێکی دا هەم خۆمان و هەم کـوردە عێراقی یەکانی دەوروبەرمان تووشی تەلەفاتی گیانیش بووین . ئەم کارەمان تەنیا لە باری ماڵی و خەرج و مەخاریجەوە نابێ چاو لێ بکرێ . بە بـاوڕی مـن هەڵەیـەکی سیاسیشـی تێـدا بـوو . ئەویش ئەوە کە پێمان وا بوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی حورمەت بـۆ سـنوورە نێودەوڵەتی‌یـەکان دادەنێ و بنکەو ئۆردوگاکانمان پەلامار نادا . لە حاڵێکدا دەزانین ئەم ڕێژیمە هیچ ڕێزێك بـۆ هـیچ کام لە رێ و شوێنە نیونەتەوەیی یەکان دانانێ و تەواوی قانوون و پەسەند کراوەکانی کۆمـەڵگای جیهانی ئەگەر بە قازانجی سیاسەتەکانی خۆی نەبن ، پێ شێل دەکا.

بێینەوە سەر باسەکەمان . لەبەر ئەوەی گوندی "گەورەدێ " لە ناوچەیەك هەڵ کـەوتبوو کـە بە کردەوە بە جبهەی شـەڕی ئێـران و عێـراق دەژمێـردرا و لـە لایـەکی دیکـەش ناوچـەی ژێـر دەسەلاتی پێشمەرگە بوو، زۆر جار شوێنی دەفتەر و دەوروبـەری ماڵـەکانی سـەر بـە دەفتـەری سیاسی دەکەوتنە بەر ئاوری تۆپخانە و راکێتی فڕۆکە شەڕکەرەکان و کاتیۆشاو تەنانـەت چـەکی وردیش. بە تایبەتی شەوی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٥دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پـاش شناسـایی‌و گەراگرتنێکی ورد لە ناوچەی ئالانی سەردەشتەوە بۆ ماوەی چوار ساعەت و دە دەقێقـە تـەواوی ناوچەی جێگای دانیشتنی پێرسۆنێلی دەفتەری سیاسی و ماڵەکانیانی دایـە بـەر تـۆپ بـاران و کاتیوشابارانێکی بێ وێنە و بەیانی‌یەکەش لای سەعات ١٠ بۆماوەی سەعاتێك تـازەی کـردەوە .لەو ئاگربارانەدا کۆماری ئیسلامی چەکی شیمیاییشی بەکار هێنا و ئەگەرچـی بەخۆشـی یـەوە شەهیدمان نەدا، بەلاَم زیاتر لە دە کەسمان بریندار بە چەکی شیمیایی هەبوون.

ئەو ئاور بارانەو دووپات بوونەوەی بەردەوامی ئاورباران بە شـێوەیەکی سـووکترو چـەند جـار هێرشی هێزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران بۆ ناوچە و چەند شەڕێکی نێوان ئەرتەشی عێراق و هێزەکانی یەکیەتی نیشتیمانی لە دەوروبەرمان وەزعێکی وای پێك هێنا کە مانەوە لەوێ ئیدی بە سەلاح نەبێ . بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٦ەوە دەفتەری سیاسی کەوتە فکری جێ پەیدا کردن و پاش دیتنی چەند جێگاو هەوڵی وەرگرتنی موافقەتی خانەخۆێیەکان ، سەرەنجام لـە سـەرەتای پاییزی ئەو ساڵەدا موافقەت بۆ دروست کردنی جێگای دەفتەری سیاسی و بنەماڵەکانی سەر بـە دەفتەر لە بناری چیای بەناوبانگی قەندیل وەرگیراو بەو ساڵ درەنگی یەوە دەست کرا بە دروسـت کردنی خانوبەرە . بەو حاڵەش هاوڕیان قۆڵیان لێ هەڵ ماڵی و سەرەڕای تەنگیی وەختەکـەو زۆر کەند و کۆسپی سەر ڕێگا ، توانیان لانی کەمی ئیمکانات بـۆ حەوانـەوەی بنکـەکانی سـەر بـە دەفتەری سیاسی و بنەماڵەکانی ئەو بەشە لە کادر و پێشمەرگەکان کە پێویست بوو لەوێ بـن ، ئامادە بکەن ، دیارە زۆر لە خانووەکان کە وەدوا کەوتبوون ، هەر تەڕ بوون کە ئاوەدان کرانەوەو هەتا هاوێنی ساڵی دواتر وشك نەبوونەوە . بەو حاڵەش ئامادە کردنی ئەو هەموو جێگاو ڕێگایە لە ماوەیەکی وا کورت و لە کاتی سارد و سەرما و بەفر و بـاران دا بـە ڕاسـتی جێگـای ڕێـز و ئافەرین بوو.

**ڕێگا خۆش کردن بۆ جوێ بوونەوە**

مەبەست لەو بیرو ڕایە کە لێرەدا دەخرێتە سەر کاغەز ،نە دیفاع لە کەسە و نە هێرش بۆ سەر کەس . بەلاَم تەنیا بـۆ ڕوون بوونـەوەی ڕاسـتییەکان و بـۆ ئـەوەی چـاوێکی ڕخنەگرانـەمان بـە ڕابردوودا خشاندبێتەوە و بۆ دواڕۆژی خەباتەکەمان کەڵکمان لێ وەرگرتبێ ، باس کردنی هێندێك شت بە پێویست دەزانم . لەو باسەدا نە هەموو شتێك باس دەکرێ و نـە هـەوڵیش دەدرێ نـاوی کەسێك یان کەسانێك بە چاك یان بە خراپ زەق بکرێتەوە .

شتیکی سروشتی یە کە لە هەموو حیزب و ڕێکخراویك و هەر کۆمەڵێکی ئینسـانی دا بـیرو بۆچوونەکان هەموو یەك ناگرنەوە و ناکۆکی لە سەر لێکدانەوەی مەسـەلە جۆراوجۆرەکـان دێتـە پێش . لە حیزبێکی دێموکراتی وەك حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتان دا ئـەم دیاردەیـە دەرەتـانی خۆنواندن و دەرکەوتنی زیاتریشە ، بۆیە دەبینین هەموو فەسڵەکانی مێژووی ژیانی ئـەو حیزبـە

جۆرێك ناكۆكی بیر و باوڕو تەنانەت دوو دەستەیی و دووبەرەكی یان تێدا هەبووە . بە باوڕی من ئەمە نەك هەر خراپ نیە ، بەڵكوو تا ئەو جێگایە كە نەبۆتە دووبەرەكی و لەت لەت كردنی حیزب ، پێویستیشە و كۆمەگیش بە گەشەكردن و بەرەو پێش چوونی حیزب دەكا . كە وایە كەس نابێ لە سەر بوونی بیر و بۆچوونی جیاواز سەركۆنە بكرێ و راستیش نیە لە نێوخۆی ریزەكانی حیزب دا رێگای دەربڕینی بیرو ڕای جیاواز بەربەست بكرێ .

لە لایەكی دیكەوە هەر وەك سەپاندنی نەزەری كەسێك یان كەسانێك بە سەر زۆرایەتی دا دیكتاتۆری و ملهوڕی یە ، قبوول نەكردنی نەزەری زۆرایەتی لە لایەن كەمایەتیشەوە بە تێكدەری، لاساریو گێرە شێوێنی دادەنرێ . لە دنیای پێشكەوتوو وشارستانی دا رێگا بە هەمووان دەدرێ بیرو ڕای خۆیان دەر بڕن . هەر لەو حاڵەشدا كەمایەتی لە سەریەتی مل بۆ حوكمی زۆرایەتی راكێشێ . لە حیزبایەتیشدا بۆ مانەوەی یەكپارچەیی حیزبی و فەلەج نەبوونی كاروباری حیزبی رێگایەك جگە لە پەیڕەوی كەمایەتی لە زۆرایەتی (با بۆ یەك دەقێقە وا دانێین نەزەری زۆرایەتی هەڵەشە )، لە گۆڕێ دا نیە .

پاش ئەو سەرەتایە با بە ڕاشكاوی بڵێم كە لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران دا جگە لە هێندێ ناكۆكیی واریداتی كە باری فیكری و ئیدئۆلۆژی یان هەبوو، ناكۆكی یەكان هیچ وەخت باری فیكری و بیرو باوەڕییان نەبووە، بەڵكوو زیاتر جیاوازی سەلیقەو حەز كردن لە چوونە پێشی نەزەرات (بە هەر قیمەتێك بێ )، بۆتە مایەی ناكۆكی و مل بە ملە و هێندێ جار لەت لەت بوون . ئەوەی دوای كۆنگرەی حەوتەم شكڵی گرت و لە كۆنگرەی هەشتەم دا (كە دوایە باسی دەكەین) خۆی دەرخست ، شتێك بوو لەو بابەتە. با ئەوەش بڵێم كە ئەو ناكۆكی یانە كەم و زۆر شوێنەواری ناكۆكی یەكانی پێشتریان پێوە دیار بوو، بێ ئەوەی دیسان باری فیكری و عەقیدەتی یان هەبێ. ئاخر هەر وەك نموونە بڵێم هێندێك لەو كەسانە كە لە كۆنگرەی شەشەمدا بە دژی كورتەباس دەوێستان و دیفاعیان لە دیكتاتۆری پرۆلتاریا دەكرد، لە سەرتاسەری ژیانیان دا بۆ ساتێك باوڕیان بە سۆسیالیزم و كۆمۆنیزم نەبووە و لەگەڵ كرێكارو زەحمەتكێش دانویان پێكەوە نەكولێوە.

هەستەی ناوەندی ئەم ناکۆکی یانە کە لە کۆنگرەی هەشتەم دا تەقییەوە، هەر ئەوانە بوون کە لە کۆنگرەکانی پێشووشدا بە جۆرێك دژی بیرو باوڕی زۆرایەتی ئەنـدامانی کـۆنگرەو لـە نێـوان کۆنگرەکانیشدا موخالیفی نەزەری ڕێبەرایەتی، یان زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی بـوون . ئـەو دۆستانە بە ڕاستی تێگەیشتنێکی تایبەتییان لە سەر دێموکراسی هەبوو . دێموکراسی تەنیا ئەو وەختە هەبوو کە بیرو بۆچوونی وان لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا سەر کەوێ ، ئـەگینا دیکتـاتۆری هەبوو. هاوڕێیەکمان هەبوو کە شاهیدیی بۆ دەدەم ئینسانێکی خەباتگێڕو دڵسـۆزە، بـەڵام هـەر وەخت لە کۆبوونەوەدا نەزەراتی ڕەت کرابانەوە (با وەکوو بە تاقی تەنیاش مابایـەوە)، هـەر لـە کۆبوونەوە دەهاتە دەر، تووشی هەر کەس بایە دەستی دەکرد بە سکاڵا کـە "دیکتاتۆرییـە، بـۆ خۆیان چیان پێ خۆش بێ هەر ئەوەیە، گوێ بۆ قسەی کەس ڕاناگرن "و شتی لەو بابەتـە. ئێـدی نەی دەگوت ئەمن ناهەقم کە دەمەوێ نەزەری خۆم بە سەر زۆرایەتی دا بسەپێنم.

بەهەر حاڵ ناکۆکییەکانی نێوان تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی کۆنگرەکانی ٥ تا ٧ دا زیاتر لە چوارچێوەی باسەکانی کۆنگرە و هێنـدێك مـل بـادانی تاکەکەسـی ، یـان سـزادانی تاکەکەسی دا دەمانەوە ، بەڵام پاش کۆنگرەی حەوتەم بەرەبەرە شکڵیان گرت و پەرەیان ئەستاند . هەم کەمایەتی وادیار بوو بڕیاری دابوو کە لە کۆنگرەی هەشـتەم دا ئەگـەر نـەزەرەکانی سـەر نەکەون ،تەکلیفی خۆی روون بکاتەوە و هەم زۆرایەتی . یان دەقیقتر بڵێم ڕێبەریی زۆرایەتی لـە سەر ئەوە ساغ ببووەوە کە حیسابی خۆی لەگەڵ ڕێبەری کەمایەتی یـەك لا بکاتـەوە .تەنانـەت پێش بەسترانی کۆنگرەی هەشتەم، لە چەند جێگا بیسـترا بـوو کـە گوترابـوو ئـەم جـارە وەکـوو جارانی پێشوو نیە ، ئەگەر نەزەراتمان نەچێتە پێشێ، "انشعاب" دەبـێ. نـەزەراتیش خـوا هـەڵ ناگرێ زۆر جار لە چوارچێوەی وەرگرتنـی پۆسـت و دەسـەلاتی زیـاتر لـە کۆمیتـەی ناوەنـدی و دەفتەری سیاسی دا بەولاوەتر نەدەچوو.

بەم جۆرە لە حاڵێك دا حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا دەستەو یەخـەی شەڕێکی نابەرامبەر و سەخت و دژوار بوو و لە حاڵێك دا بنکەی دەفتەری سیاسی لە گـەورە دێ هەموو کاتێك لە مەترسی بۆمباران و تۆپ و کاتیووشا باران و تەنانـەت پـەلاماری زەمینـی و داگیر کراندا بوو و دەبوایە فکر لە ڕاگوازتنی کرابایەوە ، دەبوو خۆ بۆ گرتنی کۆنگرەی هەشـتەم

ئاماده بکەین . لە حاڵێکیش دا کە ئاماده کردنی جێگاو ڕێگای تـازه بـۆ بنکـەی ڕێبەرایـەتی حیزب پێویستییان بە کارو تێکۆشانێکی زۆرترو یەکدەنگی و یەکڕەنگی یەکی پتەوتر هەبوو ، مل ملانە بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی هەشتەم دا حیزب بە کام لادا بچێ و" کورسی یەکان "! اچـۆن دابەش کرێن ، دەسـتی پێ کـرد . خـوا هـەڵناگرێ زۆرایـەتی و تەنانـەت ئەوانـەی ڕێبەرایـەتی زۆرایەتی کۆنگرەی هەشتەم و تێکڕای حیزبیشیان دەکـرد ، لـە چـاو کەمایـەتی و بـە تایبـەتی سەرکردایەتیی کەمایەتی لە گۆێ گادا نووستبوون . ئەوانە کـە دوایـە بوونـە کەمایـەتی و لـە بڕیاری زۆرایەتی سەرپێچـی یـان دەکـرد، زۆر چـالاکانە هـەوڵیان دەدا ،کۆبوونـەوەیان دەکـردو هاوفکرییان بۆ خۆیان دەدۆزینەوە، کەچی زۆرایەتی پشت قـایم بـە نـەزەراتی خـۆی هـەم پـێش کۆنگرە و هەم دوای کۆنگرە ش (لانی کەم تاماوەیەك دوای کۆنگرە )پاڵی لێ دابوەوە و دەستی لە سەر دەست دانابوو .

لە فەزایەکی وادا کۆنفرانسـەکانی پـێش کـۆنگرەی هەشـتەم بەسـتران و نوێنـەرانی کـۆنگرە هەڵبژێردران . بەجێیە ئەوەش بگوترێ کە کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە بێ لەبەرچـاو گرتنـی ناکۆکیی بیرو بۆچوون لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی یەوە دیاری کرابوو و ئەندامەکانی لـە هـەردوو بەرەیان تێدابوو .

## ڕووداوێکی دڵتەزێن

لە کاتێکدا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بەپێشوازی کونگرەی هەشتەمەوە دەچـوون و هـەر لەو کاتەش دا دەست و پەنجەیان لەگەڵ گیرو گرفتەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیان نـەرم دەکرد ،خەبەری ڕووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی جـەرگبڕ بـە دەفتـەری سیاسـی گەیشـت . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕابردوویەکی پڕشوورەیی و شەرمی لە کردەوەی تیرۆریسـتی و دژی ئیخلاقی دا هەیە ، جینایەتێکی دیکەی خوڵقاندبوو . ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦ بۆمبێکی بەهێز لە شکڵی کتێبێك دا بۆ تێکۆشـەری بـەناوبانگی کـورد کـاك مـەلا حەسـەن شیوەسـەڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەری هێـزی گیـاڕەنگ لە ناوچەی سەردەشت دەنێرێ . کاتێك ناوبراو بێ خەیاڵ کتێبەکە دەکاتەوە ، بۆمـب دەتـەقێ و دنیا لە بەر چاوی تاریك دەبێ .

دەفتەری سیاسی لە سەرووی هەموویانەوە شەخسی دوکتور قاسملوو بە بیستنی ئەو خەبەرە دڵتەزێنە زۆر خەفەتبار بوون و ئەوەی دەکرا لە هەوڵ و تەقەلا بەکاریان هێنا بۆ ئەوەی خەسارەتەکە چەندی بکرێ کەمتر بێ . بە خۆشییەوە هەوڵ و هیمەتی پزیشکەکان لە عێراق و ئورووپا کاك حەسەنی لە مەترسی مردن رزگار کرد ، بەلاّم بەداخەوە هەر دوو دەستی لە کاتی تەقینەوەکەدا پەڕیبوون و دوایەش هەوڵ و تەقەللای پزیشکەکان نەیتوانی رووناکایی بۆ چاوەکانی بگێڕێتەوە و چاوەکانیشی لە دەست دان .کاك مەلا حەسەن کە تەواوی تەمەنی مێرمنداڵی و لاوێتیی خۆی لە ریزەکانی حیزب و لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کورددا بەخت کردبوو ، بە قارەمانەتی و ئازایەتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا ناوبانگی دەرکردبوو و هەر بۆیەش ببوە چەقڵی چاوی دوژمنانی ئازادی ، بەو رووداوە تاڵەش لە مەیدان دەرنەچوو .ئەو لە کۆنگرەکانی ٨ و٩ی حیزبدا وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێرایەوە و خەباتی سیاسی خۆی درێژە پێدا. لە کۆنگرەی دەیەم دا خۆی کاندید نەکردەوە ، بەلاّم هەروا لە ریزی تێکۆشەرانی حیزب دا ماوەتەوە و دیسانیش یەکێك لە خەباتگێڕانی رێگای ئامانجە پیرۆزەکانیەتی.

شتێك کە لێرەدا حەز دەکەم تۆماری بکەم ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات زیانی لە دەست چوونی فەرماندەرێکی کارامەی وەك حەسەن شیوەسەڵیی پێ گەیشت، بەلاّم بەداخەوە نەیتوانی بە وەخت ئەو جینایەتە پڕ شوورەیی‌یە لەقاو بدا و لە باری تەبلیغاتی‌یەوە وەك زیندووترین بەڵگە بۆریسوا کردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێ وەرگیرێ . بەراستی ئەو رووداوە لە هێندێ رێکخراوی دیکە دا قەومابایە، وەك تۆپ لە سەرتاسەری جیهان دا دەتەقییەوەو بۆ چەند رۆژ یەکەمین خەبەری راگەیەنە گشتی یەکان دەبوو.

## فەسڵی هەشتەم:

## لە کونگرەی هەشتەمەوە بۆ کونگرەی نۆهەم( ١٣٧٠ـ ١٣٦٦)

لەگەل هەموو ئەو کەندو کۆسپ و دژواری‌یانە کە لە سەر رێگـای کـار و تێکوشـانی حیزبـی هەبوون و لە فەسلی پیشوودا هێندێکیان باس کران، کـاری ئامـادەکردنی کـۆنگرەی هەشـتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێك و پێکی چووە پـێش و لـە پـاییزی سـالّی ١٣٦٦دا تەواوی کونفرانسەکانی شارستان بەستران و نوێنەرانی کۆنگرە هەل بژێران. بـۆ جێگـای کـونگرە زۆر جیّ بە فکردا هاتن. بـە لێکدانـەوەی دەفتـەری سیاسـی، کـونگرە لـە هـەر جیّیـەك بایـە مەترسیی ئاشکرابوون و لە ئاکام دا زەربەلێدانی هەبوو. چونکە رێژیمی کوماری ئیسلامی هـەول و تەقەللایەکی کەم وێنەی بو ناسینی شوێنی کونگرە وەکار خستبوو. لە بەر ئەوە، پاش بـاس و راوێژێکی زور بریاردرا کونگرە لە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق بگیریّ، چونکە مەترسیی ئەوەش هەبوو کە بە هۆی کۆنگرەوە شارەکەش بکەوێتە بەر پەلاماری دوژمن، بە سەلاح نـەزانرا لە مەدرەسەکان، لە هۆلە رەسمی‌یەکان و بە کورتی لـە شـوینە گشـتی‌یەکاندا کـۆنگرە بگـیریّ. چونکە وەرگرتن و ئامادەکردنی ئەو شوێنانە بو کونگرە هەم وەختی دەویست و هەم پـرس و رای کەسانێکی پێویست بوو،هەمیش بو ماوەیەك دەبوو کاری رۆژانەی جیّیەکە پـەکی بکـەویّ، کـە ئەمەش دەبووە هوی ئاشکرابوونی کۆنگرە.

بۆیە بیر لە خانوویەك، واتە مالێکی دانیشتن کرایەوە کە بە کریّ بگیریّ و پاش دووسیّ مانگ بدرێتە بە خاوەنی. دیارە پەیداکردنی خانوویەکی‌وا گەورەش کارێکی هاسان نەبوو. بـەو حالـەش خانوویەکی لەو بابەتە پەیدا کرا و بەکریّ گیرا. خانوو هەم سالۆنێکی گەورە هەبوو کە بە کەلکی بەستنی کۆنگرە هات و هەم ئاشپەزخانەوجیّ و رێی باشـی بـو نـان و چـا ئامـادەکردن هـەبوو، هەمیش ژووری نووستنی بەشی تەواوی ئەندامانی کۆنگرە و پێشمەرگەی پارێزەری کۆنگرە تێـدا بوو ـ هەر چەندیش جێگاکەیان زۆر فراوانو رەحەت نەبووـ لە ماوەی حەوتوویەك دا ئەو مالە لە هەموو بارێکەوە ئامادە کراو کەل و پەلی پێویستی بـۆ راگـوێزرا.سـەرەنجام لـە وەختـی دیـاری کراودا تەواوی بەشدارانی کۆنگرە روویان کردە مالەکەو کۆنگرە لە رۆژی ٢٨ی بەفرانباری سـالی ١٣٦٦ی هەتاوی، ١٨ی ژانویـەی ١٩٨٨ی زایینـی‌دا دەسـتی بـە کـار کـرد. هـەر لـە یەکـەم کۆبوونەوەش دا راگەیەندرا کە هەتا تەواوبوونی کاری کۆنگرە جگە لەوکەسانە کاری تەداروکاتی

دەکەن، نابێ هیچ کەس لەم خانووە بچێتە دەر. بەڕێوەبردنی ورد و بەرپرسانەی ئـەو راسـپاردەیە بوو بە هوی ئەوە دوژمن هەتا دوای تەواو بوون و راگەیاندنی تەواوبوونی کۆنگرە نەزانی کـۆنگرە کەنگێ و لە کوێ گیراوە.

بە هەر حال لەو فەزای فیکری و سیاسی‌یەدا کە پێشتر باس کرا، کۆنگرەی هەشتەم دەستی بە کارەکانی کرد. کارو باری کۆنگرە و دەستووری کاری کۆبوونەوەکانی بە شیوەی ئاسـایی هـەموو کۆنگرەکانی حیزب بەڕێوە چوو. پەسەندکردنی راپورتی کۆمیتەی ناوەندی، دوای باس و وتووێـژ، دەسکاری لە بەرنامە و پێڕەودا، دەرکردنی بریارنامە و ناردنی پەیامـەکان هـەموو بـە شـێوەی کارێکی بە کۆمەڵ و بە رەوالی کۆنگرەکانی دیکە چوونە پێش.

بەڵام لە هەموو رۆژەکانی کۆنگرەدا، چالاکیی زیاتر نە لـە سـالۆنی کۆبوونـەوە، بـەڵکوو لـە ژوورەکانی نان خواردن و حەسانەوەدا بوو. مەسەلەیەك کە بۆ بەشێك لە بەشـدارانی کـۆنگرە لـە هەموو شتێك زیاتر گرنگ بوو، هەلبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وشێوەی هەلبـژاردن و تەرکیبی کۆمیتەی ناوەندیو بە کورتی ئەو شتانە بوون کە هەق وابوو لە پلەی دووهەم دا سـەیر بکرێن.

کاتێك نۆرە گەیشتە دوابەشی کاری کۆنگرە، واتە مەسەلەی هەلبـژاردن، ئیـدی جموجوڵەکـە گوازرایەوە بۆ سالۆنی کۆنگرەش. لەوێدا ناکۆکیی نەزەرەکان خۆی نوانـدو بەربەرەکانێ‌یەکـە بـە ئاشکرا دەرکەوت. بەروالەت ناکۆکی‌یەکە لەسەر ئەوەبوو کە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەنـدی بـە شیوەی ئازادبێ، بەو مانایە کە هەر کەس بە شیوەی تاکەکەسی خۆی کاندیدا بکـاو بەشـدارانی کۆنگرەش لە ناو کاندیداکان دا دەنگ بو ئەو کەسانە بدەن کە پێیان خوشە یان پێیان باشە، یـان بە شێوەی لیستی فیکس. لەو شێوە هەلبژاردنەدا لیستێك یان چەند لیست بۆ کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار دەکرێن و دەنگدەران دەنگی خۆیان بە یەکێك لە لیستەکان دەدەن، نـە بـە یـەك یـەکی ناوەکان. ئەگەر تەنیا یەك لیستیش هەبوو، ئەوە دەنگدەران دەنگـی موافـق یـان موخـالیف بـە هەموو لیستەکە دەدەن و هەقیان نیە لەنێو ناوەکان دا هیندێکیان هەلبـژێرن و هێـدێکیان رەت کەنەوە. بەلام راستی‌یەکەی ئەوەبوو کە شێوەی هەلبژاردن مەسەلەیەکی لاوەکی بوو و مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو کە لە دوو لای ناکۆکی‌یەکە هیندیك کەس هەڵ نەبـژێردرێن، ئەوانـەی لیسـتی

فیکسیان بەلاوە پەسەند بوو. پێیان وابوو لەو ڕێگایەوە دەتوانن پێشی هەلبژاردنی ئەو کەسانە بگرن کە بوونیان لە ڕێبەرایەتیدا بە قازاج نیە و لایەکی دیکەش شێوەی هەلبژاردنی ئازادیان بۆ لە مەیدان دەرکردنی ئەو کەسانە کە حەزیان لە چارەیان نەدەکرد، بە ڕێگایەکی باشتر دەزانی.

ئەگەر بە هەلە نەچووبم ئەو باسە دوو ڕۆژی تەواو کێشەی لە سەر هەبوو، کە لەو دوو ڕۆژەدا دەیان کەس قسەیان لە سەر کرد و هەر کامە بە پێی بۆچوونی خۆی یەکێك لە دووشێوە هەلبژاردنەکەی بە باشتر یان بە خراپتر دەدایە قەلەم. سەیر ئەوەبوو هەر چەند زۆری ئەو باسانە بە ڕاستی دووپات کردنەوەی قسەکان بوون، هەر کەس پێی لە سەر ئەوە دەچەقاند کە حەتمەن دەبێ قسە بکا. بە تایبەتی ئەو هەستە لە نێو موخالیفانی لیستی فیکس دا بە هێزتر بوو. تەنانەت وەختێك پێشنیار کرا هەر یەك موافیقی لیستی فیکس قسە بکاو دوو مووخالیف، موخالیفەکان هاواریان لێ‌هەستا کە ئەوە دێموکراسی نیە و زمان بەستنەو لەو جورە قسانە. لە حالێك دا مەبەست لە پێشنیارەکە تەنیا ئەوەبوو کە لەو هەل و مەرجە ناسکەدا کۆنگرە زۆر درێژ نەبێتەوە.

لە پاش کۆنگرەی هەشتەم و ئاکامە نادڵخوازەکانی، دوو لایەنی ئەم ناکۆکیی بیروبۆچوونە زۆر شتیان بە یەکتر گوتوە و زۆرشتیان لە یەکتر "لەقاوداوە"، بەڵام شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە وابزانم تا ئێستا کەس قسەی لێ نەکردوە و بۆ تاریخ جێی خۆیەتی لێرەدا باس بکرێ: لە پێشەوە گوتمان کە شێوەی هەڵبژاردن لە ڕاستیدا مەسەلەی سەرەکی نەبوو، ئەو دوو شێوەیە وەك ڕێگایەك بو لە مەیدان دەرکردنی یەکتر دەهاتنە گۆڕێ. بە ڕاستیش هەر وابوو. فەلسەفەی هێنانە گورێ لیستی فیکس ئەوەبوو کە ڕەنگە هێندێك کەس نەتوانن لە ئورگانێك دا پێکەوە کار بکەن و ئەگەر هەڵبژاردنیش بە شێوەی ئازادبێ، لەوانەیە هەردوولایان هەڵ بژێرین، لەو حالەدا ئۆرگانی ڕێبەرایەتیی ناتوانێ بەو شێوەیەی پێویستە کار بکا و ئەمەش زیان بە حیزب و بزووتنەوە دەگەیەنێ.

ئەوانەش کە دژی هەڵبژاردن بە شێوەی لیستی فیکس بوون و بۆ ئەو بۆچوونەی خۆشیان چەندین دەلیلیان دێنایەوە و چەندین سەعات قسەیان لە سەر دەکرد، لە ڕاستیدا هەر نیگەرانی ئەوە بوون کە ئەگەر هەڵبژاردن بەو شیوەیە بێ، نەخرێنە لیستەوە، یان بکەونە لیستیکەوە کە

شانسی هەڵبژێرانی کەم بێ. هەر بۆیە لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتی یەی لەگەڵ لیستی فیکسیان دەکرد، رایان گەیاند کە ئەگەر دوکتور قاسملوو ئامادە بێ لەگەڵ هەر لیستێك کە هەڵبژێرا کار بکا، هەڵبژاردن بە شیوەی لیست قبووڵ دەکەن. دیارە دکتور قاسملوو ئەوەی رەد کردەوە و بە ئاشکرا گووتی کە بۆیە لایەنگری لیستی فیکسم کە ناتوانم لەگەڵ هەموو کەس لە چوارچێوەی کۆمیتەی ناوەندی دا کار بکەم. فیلم و شریتەکانی کۆنگرەی هەشتەم هەمووی ئەمانە نیشان دەدەن و لەوەڕا دەردەکەوێ کە دژایەتی لەگەڵ لیستەی فیکس لە بەر لیستی فیکس نەبووە، بەڵکوو لە بەر نیگەرانی لە سەرنەکەوتن لە بەربەرەکانیی هەڵبژاردن دا بووە. بە هەر حاڵ دوو رۆژ باس و کێشە و چەندین وتاری ئاگرین نەیان توانی بەشدارانی کۆنگرە بگەیەننە نەزەرێکی هاوبەش و لە ئاکام دا پەنا بۆ دەنگ وەرگرتن برا. ئاکامی دەنگ وەرگرتن ئەوە بوو کە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بە لیستی فیکس دا، نێزیکەی سێ یەکێکی بەشداران دژی لیستی فیکس وەستان و چەند کەسێکیش دەنگی بێ لایەن (ممتنع)یان داو بەم جۆرە هەڵبژاردن بە شێوەی لیستی فیکس بوو بە بریاری کۆنگرە.

بە دوای پەسەند کردنی شێوەی هەڵبژاردن دا، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن کە لە یەکەم رۆژی کاری کۆنگرەدا هەڵبژێرابوو، کەوتە کار بۆ ئامادە کردنی لیستی کۆمیتەی ناوەندی و پێشنیار کردنی بە کۆنگرە. پێویستە بگوترێ کە بە پێی سوننەتی حیزبی دێموکرات لە هەموو کۆنگرەکان هێندی کۆمیسیۆن بۆ کارەکانی کۆنگرە هەڵ دەبژێردرێن، وەك کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، کۆمیسیۆنی بەرنامە وپێڕەو، کۆمیسیۆنی بڕیار و پەیام، کۆمیسیۆنی راگەیشتن بە سکاڵای ئەندامان و شتی لەو بابەتە. ئیدی ئەمە تەنیا تایبەتی کۆنگرەی هەشتەم نەبوو و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیش تەنیا کۆمیسیۆنی ئەو کۆنگرەیە نەبووە.

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن پاش راوتەگبیری خۆی، لیستێکی ٢٥ کەسیی لەم ناوانەی خوارەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی بە کۆنگرە پێشنیار کرد:[1]

١ـ دوکتور قاسملوو ئەندام

---

١ـ بە پێی یاداشتەکانی کاك هاشم کەریمی

٢ـ دوکتور شرفکندی "
٣ـ دوکتور خلیقی "
٤ـ مصگفی هجری "
٥ـ حسن شرفی "
٦ـ باباعلی مهرپرور "
٧ـ سیدسلام عزیزی "
٨ـ فتاح عبدلی "
٩ـ حسن شیوەسەلی "
١٠ـ برایم لاجانی "
١١ـ منصور فتاحی "
١٢ـ محمد نقیف قادری "
١٣ـ جعفر حامدی "
١٤ـ تیمور مصگفائی "
١٥ـ غفور حمزەای "
١٦ـ عبدالله شریفی "
١٧ـ محمود دشتی "
١٨ـ سیدرچا درودگر "
١٩ـ عبد الله قادری "
٢٠ـ جلیل گادانی "
٢١ـ فتاح کاویان "
٢٢ـ حسێن مدنی "
٢٣ـ صدیق بابایی "
٢٤ـ عپمان رەحیمی "
٢٥ـ ابوبکر راد "

٢٦ـ صديق فيروزی    جێگر

٢٧ـ محمدعلی عنايتی    جێگر

٢٨ـ سيد احمد حسينی    "

٢٩ـ مصگفی مولودی    "

٣٠ـ عمر حميدی    "

٣١ـ عبداللها ابراهيمی    "

٣٢ـ رحمان رحيمی(چەکۆ)    "

٣٣ـ ماموستا گوران    "

٣٤ـ سەيد برايم کريمی    "

پاش خوێندنەوەی ليستەکە، نەفەرەکانی ٢٠ تا ٢٥ (جليل گادانی تا ابوبکر راد) و لە جێگرەکانيش ماموستا گوران و سەيد برايم کريمی کانديدابوونی خۆيان رەت کردەوە و ئامادە نەبوون ناويان لە ليستەکەدا بمێنێ، کە دیارە ئەمە بە جێ‌هێنانی ئەو قەول و قەرارە بوو کە بە روالّەت پێشتر لە گەڵ هاوفکرەکانی خۆيان بەستبوويان. بەلام بۆ کورت بوونەوەی وەختی کۆنگرە و بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەيەش کۆتايی پێ بێ، کۆميسيۆنی هەلبژاردن پێشنياری کرد کە ئەندامانی کۆميتەی ناوەندی تەنيا ١٩ کەس بن و کۆنگرە دەنگ بۆ پاشماوەی ليستەکە بدا کە بريتی بوون لە ١٩ ئەندامی ئەسلّی و حەوت جيگر. ئەمجارە پسوولەی دەنگدان بلّاو کرايەوەو چونکە هيچ ليستێکی ديکە نەبوو، دەنگدەران دەبوو "موافق"،"مخالف"، يان "ممتنع" دەنگ بدەن. ئاکامی دەنگ وەرگرتن ئەوەبوو کە ليستەکە بە ٥٠٪يەك دەنگ زياتر هەلّ بژێرابوو، ژمارەيەکی کەم دەنگی "ممتنع"يان دابوو و ئەوانی ديکە دژی ليستەکە دەنگيان دابوو.

بەو پێيە بە هەلّبژاردنی کۆميتەی ناوەندی کە دوابەندی دەستووری کاری کۆنگرە بوو، کارو باری کۆنگرە کۆتايی پێ هات و ئەو رۆژەش رۆژی ٢ی رێبەندان سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو. ئێوارەی ئەو رۆژە بە روالّەت بە چەوروشيرينی جەژنی ٢ی رێبەندان و جەژنی کۆتايی کۆنگرەی هەشتەم پێکەوە بە بەشداريی هەموو ئەندامانی کۆنگرە بەرپا کران و بو بەيانی‌يەکەی بەشدارانی کۆنگرە گەرانەوە شوێنی کاروتێکوشانی حيزبی خۆيان. بەلّام لە هەموو

نیشانەکان را وا دیار بوو کە ئەمە کۆتایی داستان نیە و هەر وەك پێش کۆنگرە باسی لێ‌کرابوو، کۆنگرەی هەشتەم شتی ناخۆشی دیکەی بەدوادا دێ. بەرەبەرە کۆبوونەوە و سەرپێکەوەنان و سەردان لە کۆمیتەکانی حیزبی لە لایەن کەمایەتی‌یەوە دەستی پێ‌کرد، ئاکامی کۆنگرە بە کوودیتا و خۆدی کۆنگرە بە نا دێموکراتی و ناشرعی و چی وچی ناوبرا و چەندی کرا بو شێواندنی زەینی کادر و ئەندامانی حیزب هەوڵ درا.

پاش ئەو هەوڵ و تەقەلایە، وردەوردە رۆیشتن و مال بار کردن لە بنکەکانی حیزبی دەستی پێ‌کرد، هەر رۆژە هیندێك کەس رۆیشتن و هەر شەوە شتێکی ناخۆش و نارەوا خولقا کە بە هیچ جۆر بۆیە نابێ باسیان لێ بکەن. سروشتی‌یە کە ئەوانەی دەیانەویست بەو جۆرە رێزەکانی حیزبی دێموکرات بە جێ‌بێڵن و بۆ خۆیان"حیزب" دروست بکەن، نەدەکرا دەست لە سەر دەست دانیشن و دەبوو سەر بە زۆر جێگادا بکەن بۆ ئەوەی پاڵپشت بۆ خۆیان پەیدا بکەن و "شەرعییەت بە کارەکەیان بدەن. ئەمەش سروشتی‌یە کە حیزبی دێموکرات هەم دوژمنی هەبوون و هەم لە نێو رێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش دا موخالیفی هەبوون. بەداخەوە ئەم دۆستانە لە دژایەتی حیزب دا هێچ سنوورێك نەما نەی‌برن و تەنانەت خۆیان لە مالی رێکخراوی‌وا هاوێشت کە هەر دووساڵ پێشتر داوایان دەکرد"بە دژی شۆرش" بناسرێ‌و فەرمانی لە نێوچوونی بۆ دەربچێ.

خوا هەڵ ناگرێ ئەو جۆرە رێکخراوانەش درێخیان نەکرد و چونکە ئەوانەی لە حیزبی دێموکرات رۆیشتبوون ژمارەیان زۆر زۆر لە تێکڕای ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان زیاتر بوو، ئیدی شایی‌یان لە دڵ دا دەگەڕا و لە عالەمی خەیاڵ دا فاتیحەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان خوێند. ئەوان لەوە بێ‌خەبەر بوون کە ئەو کەسانەی ریزەکانی حیزبیان بە جێ هێشتوە هەر چەندیش زۆربن ناگەنە ٢٠٪ی هەموو تێکوشەرانی دێموکرات، حیزبی دێموکرات لە سەرچاوەی هەرگیز لە بن نەهاتوی خەلکی کوردستان هەڵ دێنجێ و زۆری پێ ناچێ کە جێگای ئەو هاورێ توراوانە بە ژمارەیەکی دیکە لە دڵسۆزانی گەڵی کورد پڕدکاتەوە.

بائەوەش بگوترێ کە رێبەرایەتی هەڵبژێراوی کۆنگرەی هەشتەم پشت ئەستوور بە شەرعییەتی کۆنگرە و تارادەیەك بە هۆی بە کەم گرتنی نارازی‌یەکانەوە تا ماوەیەکی زۆر پالی لێ دایەوە وکارێکی بۆ روون کردنەوەی زەینی هاورێیانی حیزبی ئەنجام نەدا. وەختیکیش دەستی بە کار

کرد، تا رادەیەك درەنگ ببوو، تەبلیغاتی هاوڕێ یانی ناڕازی کاری خۆی کردبوو دڵی بەشێك لــە کادر و پێشمەرگەکانی کرمێ کردبوو. لەو ماوەیەدا کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەکانی خــۆی بــۆ هەڵبژاردنی دەفتەری سیاسی و دابەشکردنی کار و بەرنامە دانان بۆ کارەکانی دوای کۆنگرە پێك هێناو دەفتەری سیاسی لەم کەسانەی خوارەوە هەڵبژارد:

١_ دۆکتۆر قاسملوو- سکرتێر

٢_ دۆکتۆر شرفکندی ـ جێگری سکرتێر

٣_ مصگفی هجری ـ ئەندام

٤_حسن شرفی "

٥_ بابا علی مهرپرور "

ئەم پێــنج کەســەی خــوارەوەش لــە کۆبوونــەوەکانی کۆمیتــەی ناوەنــدی دا وەك موشــاوێری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران:

١_ عبدالله عزت پور

٢_ احمد نستانی

٣_ سید رسول سید احمدی

٤_ شاهو حسینی

٥_ کاوە بهرامی

## جیابوونەوە

مانگ و نیوێك زیاتر بە سەر کۆنگرەی هەشتەم دا تێپەڕی . لەو ماوەیەدا دەفتەری سیاســی حیزب و لە پێش هــەمووانیش دا شەخســی دۆکتــۆر قــاسملوو هــەوڵێکی زۆریــان دا بــۆ ئــەوەی ناڕازییەکان لە ڕیزەکانی حیزب دا بهێننەوە و درێژە بەکارو تێکۆشانی خۆیان بدەن . بەڵام ئــەوان کە بڕیاری یەکجاری خۆیان دابوو، زۆر کەم گوێیان بۆ ئەو جۆرە قسانە شل دەکــرد. ئەگــەر چــی هێندێك شەرتی وەك بەستنی کۆنگرەی نائاساییان هێنایە گۆڕێ شتێك کە لەو کاتەدا نەلــەباری ئەساسنامەیی‌یەوە پێویستی یەکی پەیدا کردبوو، و نە دەیتوانی مەسەلەیەکیش حەل بکا ـ بەڵام

به کردەوە خەریکی تەواو کردنــی کــاری خۆیان،واتــە جیابوونــەوەو لــەت لــەت کردنــی حیزبــی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون .

ســەرەنجام لــە رۆژی یەکــەمی ســاڵی ١٣٦٧ی هــەتاوی(٢١ی مارســی ١٩٨٨ی زایینــی )دا ئاکامی نیزیك بە دوومانگ هەڵسوورانی ئەو بەشە لە کادر و ئەندامانی حیزب کــە لــە بڕیــاری کۆنگرەی هەشتەم لە بارەی هەڵبژاردنەوە ناڕازی بوون دەرکــەوت. ئــەو دۆســتانە بــە دەرکردنــی بەیاننامەیەك ریزی خۆیان لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا کــردەوە و بــە نــاوی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" مەوجوودییەتی خۆیان راگەیانــد. لەو بەیاننامەیەدا بۆ پاساو دانی ئەو هەنگاوە نادرۆستە زۆر شت گوترابوو کە بە راستی فڕیان بە سەر حەقێقەتەوە نەبوو، زۆر تۆمەتی نــاڕەوا درابوونــە پــاڵ حیــزب و رێبــەری شــەهید دۆکتــۆر قاسملووی نەمر کە لە راستی و ئینساف بە دوور بوون. بۆ ئەوەی برینەکان نەکولێنەوە باسی ئــەو تۆمەت و بۆختانانە لێرەدا خۆ لێبواردنی باشترە. بەلاّم چاوخشــاندنێك بــە ســەر ئــەو بــەناو دە ئەسڵەدا کە ئەو دۆستانە وەك"رێبازی بنەڕەتیی سیاسەتەکانی حیزب" باسیان کردبــوون و وایــان نواندبوو کە حیزب لەو ئەسلاّنە لای داوە، رەنگە بۆ روون بوونەوەی حەقێقەت پێویست بێ.

یەکێك لەو ئەسلاّنە*" دانانی ئوسوولی دژی ئیمپریالیستی و وەلانانی سیاسەتی سازان لەگــەڵ کۆڕو و کۆمەڵە ئیمپریالیستی یەکان و ئۆپۆزیسیۆنی دژی شۆڕش بەستراوە بەوانە"* بوو . هەموو ئەوانەی حیزبی دێمۆکراتی کۆردستانی ئێران دەناسن ئەو راستی‌یە باش دەزانن کە ئەم حیزبە لــە سەرەتای دامەزرانی‌یەوە تا ئێستا جگە لە ماوەیەکی کورت ـ ساڵەکانی نێوان ١٣٣٩تــا ١٣٤٩ هەمیشە بە حیزبێکی چەپی دژی ئیمپریالیستی ناسراوە و زۆر لەوانەش کــە شــارەزای مێــژووی حێزب و رووداوەکانی نێو حیزبن، زۆر باش دەزانن کە لە ساڵی ١٣٤٩ بــەملاوە میعمــاری ئــەو سیاسەتە شەخسی دۆکتۆر قاسملوو بە پلەی یەکەم و پاشانیش هاو فکرەکانی لــە نێــو ریزەکــانی حیزب دا بوون. سەیر ئەوەیە ئێستاش و ئێستاش کەس نەیزانی ئەو ئۆپۆزیســیۆنە دژی شۆڕشــە کە حیزب لەگەڵی سازاوە کامەیە؟

یەکی دیکــە*"تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگــەڵ ولاّتــانی سۆسیالیســت و پێشــکەوتن خــواز و بــەهێز کــردن و پەرەپێــدانی پەیوەنــدی لەگــەڵ حیــزب و رێکخــراوە*

*پێشکەوتنخوازەکان و هاوپیوەندی لەگەڵ جووڵانەوە رزگاریخوازە نیشتیمانی یەکان"* بوو. حیزبی دێمـوکرات سـاڵی ١٣٢٤ لـە پیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـی سۆسیالیسـتی یەکیـەتی شـوورەوی دا دامەزراوە. بۆ ماوەیەك هاوکاری نێزیکی لەگەڵ ئەو وڵاتە هەبوە پاشانیش هەمیشـە بـۆ بـەهێز کردنی پیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و حیزبە پێشکەوتنخوازەکان و بزووتنـەوە رزگـاری خوازییەکان هەوڵی داوە و لەگەڵ زۆریشیان ئەو پیوەندییەی دامەزراندوە. ئەگەر بمانـەوێ رخنـە لە رابردووی حیزبی دێمۆکرات بگرین رەنگە ئەوە راستتر بێ کە بڵێین حیزب زیـاد لـە ئەنـدازەی پێویست هەوڵی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی داوە. چۆنکی بەراستی ماوەیـەك زۆری بۆ ئەو کارە داناوە بە دەیان نامە و یادداشتی بەو وڵاتانەو بە حیزبە فەرمان رەواکانیان داوە، بێ ئەوەی یەکیان ئەو ئازایەتییە سیاسی و ئەخلاقییەی هەبێ کە جوابی ئەو نامە و یادداشـتانەش بداتەوە.

گلەیی ئەو دۆستانەش ، هەر وەك گلەیی تودەیی و تودەیی سیفەتەکان ئەوە بـوو کـە حیزبـی دێموکرات باوڕی بە سەربەخۆیی سیاسی خۆی هەبوو، و حـازر نـەبوو ببێتـە نۆکـەر و گـوێ لـە مستی شوورەوی و هەرچی وڵاتانی سۆسیالیستی گوتیان بۆی لە مل راکێشی. مێژووش نیشـانی دا کەبۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات دەربارەی وڵاتانی سۆسیالیستی دروستتر بوون، یان هی ئـەو کەس و لایەنە دەرویش سیفەتانە کە ئەگەر لە رادیۆ بیستبایان لە مۆسـکۆ بـەفر دەبـارێ لێـرە باڵتۆیان دەکردە بەریان.

خۆشتر لەوانە *"پێ داگرتن لە سەر درێژەدان و پەرەپێدانی خەباتی چەکدارانەو رەدکردنـەوەی سیاسەتی سازشکارانەو وتووێژ خوازانە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دا"* بوو. لەوەتا کۆماری ئیسلامی شەڕی بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپاندوە، سیاسەتی حیزبی دێموکرات بریتی بووە لە درێژەدانی بەرگریی چەکدارانەو هەر لەو کاتـەدا ئەگـەر ئیمکـانی چارەسـەری ئاشـتیخوازانە هەبێ، وەلانانی شەڕ و گرتنە پێشی خەباتی ئاشتی خوازانە. کەچـی هاونیشـتمانان و دۆسـتانی گەلی کورد و هەموو ئەوانەی شارەزای رووداوەکانی کوردستانن لە بیریانە ئەو کاتەی دەسـتەیەك بە هاندانی حیزبی تودە لە حیزبی دێموکرات جیا دەبوونەوە (تاقی حەوت کەسی)حیزبیان بـەوەی تاوانبار دەکرد کە شەڕفرۆشەو وەلامی مۆسبەت بە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی کۆماری ئیسلامی

ناداتەوە. وەختێکیش دەستەیەکی دیکەش بە هاندان یان بە پێشوازییرێکخراوێکی دیکەو بە سیاسەتێکی دیکەوە لە حیزب جیا بوونەوە ، هەر ئەو حیزبەو ئەو سیاسەتەیان بە سازشکاری و خۆ بە دەستەوە دان و چی و چی تاوانبار کرد. ئەمەیە سیاسەتی سەربەخۆ و ئەوانەشن سیاسەتی لە بەرنووسینەوە و پەیڕەوی کردن. ڕۆژگاریش باشی نیشان دا کە ئەوە کام هێزە خەباتی چەکدارانە لە بەرامبەر هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی دا درێژە و پەرە پێدەدا . کورد جوانی گوتوە کە دەڵێ" قسە فەقیرە ، هەموو کەسێ پێ دەوێرێ" .

***"پشتیوانی لە تێکۆشانی نێونەتەوەیی بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی ماڵ وێران کەری ئێران و عێراق و دامەزراندنی ئاشتی لە نێوان دوو وڵات دا"*** یەکی دیکە لەو ئەسلانە بوو کە گویا ئەوان لە حیزبی دێموکرات جیا دەکاتەوە. کاتێ شەڕی ئێران و عێراق بە پەلاماری ئەرتەشی عێراق بۆ سەر خەڵکی ئێران بەرەسمی دەستی پێکرد، حیزبی دێموکرات لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا ئەو پەلامارەی بە دەست درێژی داناو کاتێکیش عێراق لە ساڵی ١٩٨٢دا ئاگربەسی ڕاگەیاند و کۆماری ئیسلامی پێ لە سەر درێژەدانی شەڕ چەقاند، حیزب ئەو هەڵوێستەی مەحکووم کرد و لە تەواوی ماوەی شەڕیش دا هەمیشە حیزب دژی شەڕ لایەنگری چارەسەری ئاشتی خوازانەی گیرو گرفتەکانی نێوان ئێران و عێراق بووە . کەوایە ئەمەشیان هەر شتێك بوو بۆ رازی کردنی لایەنی دیکە هاتبوە گۆڕێ و ئەو ئیدیعایە کە حیزب دژی وەستانی شەڕ بووە ، فڕی بە سەر ڕاستی یەوە نەبوو .

***"هەوڵدان بۆ لە نێو بردنی ئاڵۆزی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی خەباتگێڕو دێموکرات و شۆڕشگێڕ لە رادەی ئێران و کوردستان دا ..."*** یەکێ دیکە لەو ئەسلانە بوو کە گویا ئەوان لە حیزبی دێموکرات جیا دەکەنەوە. ئەوە ڕاستە کە حیزبی دێموکرات بە داخەوە هێندێ جار لەگەڵ حیزبێك یان ڕێکخراوێکی کوردستانی ، یان ئێرانی تووشی ناکۆکی و تەنانەت ناخۆشی و پێك هەڵپرژانی چەکدارانەش هاتوە. بەڵام هەموو شارەزایانی بە ئینساف ئەوە دەزانن کە حیزبی دێموکرات هەم ئەو کاتە و هەم پێش و پاش ئەو سەردەمە هەموو کاتیك لاشەڕ بووە و حەزی بە ئاڵۆزی لە نێوان ڕێکخراوەکانی کورد و ئێرانی دا نەکردوە . لە نێو ریزەکانی حیزبیش دا هەموو کەس و لە هەموانیش زیاتر ئەو دۆستانە باشیان دەزانی کە هەر کاتێك نێوانی حیزبی دێموکرات

و ڕێکخراوێکی دیکه  تێك چووه ئەوان لەوانه بوون که هەولّیان داوه حیـزب تونـدتر بجوولّێتـەوه وەك دەلّێین : "باز بوون ، نه کۆتر" . بۆیه گومان نامێنێتەوه که ئەو تۆمەتەش هەر بـۆ ئـەوه بوو که لەو وەختەدا هێندێ بازاڕگەرمی بۆ خۆیان درووست بکەن .

ئەسلێکی دیکه " *لابردنی هێندێك مەبەست و مەوزووعی لادەرانەو کۆنه پەرستانە*" بوو که گویا" *به هۆی مەیل و بیرو باوڕی غەیره دێموکراتیك* "ی ڕێبـەرانی حیزبـەوه " *خراوەتـه نێـو بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆی حیزب* " . ئەوان و هەموو تێکوشەرانی حیزب دەزانن که دەسـکاریی برنامه و پیرەوینێوخوی حیزب همیشه له کونگره و له فەزایەکی یەکجار دیمـوکراتی دا دەکـرێ. بەلاّم ئیستاشی لەگەلّ بێ نه ئەوان نه هیچ کەسێکی دیکەی خاون ئینساف و ویژدان بـه ئیمـەی نگوت که ئەو موزوعه" *لادەرانه و کونه پرستانه*" انـه کامانـەن کـه خراونەتـه نێـو برنامـه و پیرەوینیوخویّ حیزب.

بو درێژ نەبونەوەی باسەکه خو له هێنانەوەی چوار ئەسلەکەی دێکه دەبوێرین و هـەر ئەوەنـده دەلّێن که ئەوانیش هەولّدانیك بوون بۆ پاساودانی ئەو کردەوه نادرست و نابەوەختە بۆ رازی کـردن و له خو کوکردنه و  هێندی کەس که به هۆی بیدیسیپلینی له حیزب دەرکرا بون یـان بۆخۆیـان له حیزب دور کەوتبوونەوه. رۆژگاریش نیشانیدا که ئەوانه چەندیان مایه تیـدا بـوو و چـەندەش خیریان بۆ ئەو دوستانه دایەوه. ئەگەر جیابونەوەی ئەو دەستەیه لـه کـادرو ئەنـدامانی حیـزب، ئەویش بـەو شـێوه ناشـیرینه و لـەو کاتـه ناسـکه دا زەبریکـی گـەوره لـه بزوتنـەوەی میللـی دیموکراتیکی گەلەکەمان وەشاند، دانانی ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران له سەر خۆیان زیـانێکی گـەورەتری بـه حیـزب و بزوتنـەوه گەیانـد. جێگـای وه بیرهێنانەوەیـه، کـه ئـەوان بەوەندەشەوه نەویستان و هەر وەك بیانەوەی شەڕ بفروشن و شەڕ هەلاّیسێنن تەواوی ناوەکانی نێو حیزبیان له سەر ئورگانەکانیان دانا. رۆژنامه و رادیو کۆمیتەو هێز و به کورتی هەمو شـتیکیان هەر بەو ناوانه کرد که حیزب دای نابوون. ئەمه گیروگرفتێکی زۆری پێك هێنا. حیزبی دیموکرات به رێگای دوستاندا له رێگای راگەیاندنی رەسمیيەوه هـەولّکی زۆری دا ئـەو دوسـتانه نـاوێکی دێکه له سەر خۆیان دانین و " *ئالّوزی له نێوان حیزب و رێکخراوەکانی خەباتگیر و دیمـوکرات و شورشگێر* " دا دروست نەکەن بەلاّم به داخەوه سودی نەبوو.

دەڵێن هەر کردەوێك دژکردەویەکی بە دوادا دێ. بە داخەوە ئەو کردوە نادروستە دژکردەویەکی توندی حیزبی بە دوا داهات. کاتێك هەمو هەول و تەقەلاکان بۆ ئەوەکە ئەوانەی لە ریزەکانی حیزب دەرچوبون ناوێکی دیکە جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر خۆیان دابنن، بێ ئاکام مانەوە، حیزب هوشداری پێ دان کە ئەگەر ناوی خۆیان نەگۆرن لە نێوخوی کوردستان هیچ چەشنە تێکوشانیکیان پێ نادری و بە هەمو رێگایەکی سیاسی، تەشکیلاتی، تەبلیغاتی تەنانەت نیزامییش دا رێگای تێکوشانی سیاسی یان لی دەبستری. دیارە ئەو دوستانە بە هەر هۆیەك کە بوو کەللەرەقتر لەوە بون کە بەو هوشدارە واز لە ناوی حیزبی دیموکرات بینن.

ئاکامی ئەو وەزعە ئاۆزیەکی چەند ساڵە لە نێوان حیزب و ئەو نارازیانەدا بو کە لە بەشێکی دا بە کردەوە حالتی شەری براکوژی بە خویەوە گرت و بوو بە هۆی کوژران و برێندار بوونی ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی کورد. خۆ ئەو شەرە قەسەیەش کە ماوەیەکی زۆر لە رادیو و چاپەمەنی دا هەبو, لە باری تەئسیری نالەبارەوە کەمتر لە شەرە فیزیکی‌یەکە نەبو. هەر دوولا و بە تایبەتی ئەوانە کە ریزەکانی حیزبیان بە جێ هشتبو لەو مەیدانەدا ئەسپیان تاو داو ئەوی نەدەبوو بە یەکتریان بلێن وتیان. بۆ وەبیرهینانەوە دەبێ، کە وەختێك یەکیك لە پیشمەرگەکان لە شەرِ لەگەل دوژمن دا شەهید دەبوو و بیوگرافی دەخویندرایەوە، گەورەترین شانازی ژیانی بەوەی دادەنرا کە زۆر دژی "تاقمی لادەر" یان "فراکسیون" بووە. هەر وا بزانە کە دوژمنایەتیی نێوخویی یەکێك لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەکانی تێکوشەرێکی کوردە.

ئەگەر بمانەوی ئازایانە و هەر لەو کاتەدا بێ دەمارگرژی (تعصب) ئەو رووداوە هەڵ سەنگێنین دەبێ قبوول بکەین کە هەر دوو لای ئەو ناکوکی‌یە توشی هەلەی سیاسی بوون و زیانیان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان گەیاند. ئەو دوستانەی لە ریزەکانی حیزب جیابوونەوە، بەو کردەوەیە ئەسڵەکانی پێرەوی نێوخوی حیزب و رێوشوێنی دیموکراسی‌یان بە تەواوی پێشل کردو و لە ناسکترین قۆناخی مێژوی خەباتی خەڵکی کوردستاندا زەبرێکی گەورەیان لە یەك پارچەی حیزب و ریزەکانی بزۆوتنەوە دا. پاشانیش بە دانانی ناوی حیزبی دێموکرات لە سەر خۆیان بە کردەوە زەمینەی شەرِ هەڵگیرساندنیان خوش کردو فەزای سیاسی کوردستانیان تووشی ئەو گرژی و ئاڵوزیە هێنا. لەوەیش گەرێ کە بەو کارەیان زەبریان لە خۆیان

و پێشکەوتنی خۆشیان وەشاند. چونکە بە بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بە ڕێبەرایەتی شەخسییەتێکی گەورە وەك دوکتور قاسملوو، ئەوان کەمترین شانسیان بۆ گەشە کردنو پێشکەوتن وەك حیزبی دیموکرات هەبوو. لە حالێك دا ئەگەر ناوێکی دێکەیان لە سەر خۆیان دانابایەو شتێکی تازەیان داهێنابایە، دوور نەبوو، کۆمەڵێکی زیاتر لە ئوگرانی مەسەلە سیاسییەکان لە کوردستانی ئێران دا وە دوایان بکەون. ئەوە لە مێژووی کوردستان دا نموونەی دیکەشی لیّ بینراوە.

لەم لاشەوە ناکری ڕەخنە لە خومان نەگرین و بریاری حیزب لە بارەی بە کار هێنانی چەك بە دژی ئەو دوستانە بە بریارێکی دروست دابنین. باسی ئەوە ناکەین کە ئەو بریارە بوو بە هۆی شەری برا کوژی و چەند پێشمەرگەی کوردی تێدا لە دەست چون کە دەکرا لە بەرەکانی شەر لە دژی دوژمن لە نێو چوبان. زیانیکی گەورەی دیکەی ئەو بریارە بو حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بوو کە لە حالیك نارازی‌یەکان هیچ جورە هەقانیەت و شەرعییەتێکیان نەبوو، حیزبی ئیمە جۆریك پێشتیوانیی هێزە سیاسی‌یەکانی بۆ لای وان ڕاکێشا. چونکە بە رواڵەت دژی شەرو لایەنگەری ئاشتی و چارەسەری ئاشتی‌خۆازانەی گیرو گرفتەکان و تەنانەت تێکەل بونەوە لەگەل حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانیش بوون. بەڵام لانی کەم وا دەهاتە بەرچاوی خەڵکی دەرەوەی حیزبی دیموکرات، کە ئەم حیزبە دژی ئاشت بونەوەیەو زمانیك غەیری زمانی چەك نازانی. پاشان دەرکەوت کە لە جیّدا لیستی فیکسیش ئەگەر چی لە زۆر حیزبی دیموکراتی جیهان دا بو هەڵبژاردن کەڵکی لّی وەردەگیریّ، بۆ ئێستای کوردستانو حیزبە کوردستانی‌یەکان زوویە. هەر بۆیەش بوو کە حیزبی دیموکرات هەر بە دوایی کۆنگرەی هەشتەم دا وازی لّی هێنا و هیچ وەخت لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دا ئورگانەکانی حیزبیی بە شێوەی لیستی فیکس هەڵ نەبژارد.

لە ماوەی چەند ساڵ ناکۆکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و ئەوانە دا کە لە حیزب رۆیشتبوون کۆمەڵێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و ئەدەبی و کۆمەلایەتی‌یەکان و شەخسییەتە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یە کورد و ئێرانی و خارجی‌یەکان هەولّی نێو بژیوانی و ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات و جیابووەکانیان دا . بەلام

لەبەر ئەوەی هەر دوو لا لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان سوور بوون، کەمتر سوودی هەبوو تەنیا کارێك کە لەو پێوەندی‌یە دا کرا ئەوە بوو کە پاش کۆنگرەی نۆیەم لە ڕۆژی ۲ ی ڕەشەمەی ۱۳۷۲ ی هەتاوی دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەك لایەنە شەڕی لەگەڵ ئەو کۆنە هەواڵانە ڕاگرت و ئەوانیش پێشوازی‌یان لەو هەنگاوە کردوو وەڵامی موسبەتیان پێ دایەوە. لە حالێك دا بە داخەوە ئەو ئاگر بەسەش نەی‌توانی پێشی ئاڵۆزی لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا بەربەست بکا.

بە خۆشی‌یەوە کۆنگرەی دەیەمی حیزب کە لە ۲۳ تا ۳۰ی خاکە لێوەی ۱۳۷٤ ی هەتاوی دا بەسترا، ڕێگای بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتە خۆش کردو کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی ڕاسپارد بۆ چاری گیروگرفتەکان بە ڕێگای ئووسولی دا تێ‌بکۆشێ. یەکەم هەنگاو بۆ ئەم کارە کە لە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەش دا هاتبوو، هەڵگرتنی بایکۆت لەسەر جیابووەوەکان بوو. بە بلاوبوونەوەی خەبەری ئەو بڕیارەی کۆنگرە، ئەو هاوڕێیانە بە گەرمی پێشوازی‌یان لێکردو ئامادەیی خۆیان بۆ سەر دان لە دەفتەری سیاسی حیزب ڕاگەیاند.

ئەو بڕیارەی کۆنگرەی دەیەم لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانی‌یەکان و هەموو دۆستانی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە خۆشحالی‌یەوە وەرگیراو ڕێزو حوورمەتی هەمووانی بۆ لای حیزب ڕاکێشا.

پاش ئەو بڕیارە چەند جار چاو پێکەوتن و وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی هەر دوو لا دا پێك هات و هەنگاوی باش بەرەو چارەسەری یەکجاری گیرو گرفتەکانی هەڵێنرایەوە. بڕیاری کۆنگرەی دەیەم ڕێگای بۆ چارەسەری یەکێك لە ئاڵۆزترین گیروگرفتە نێوخۆیی‌یەکانی مێژووی تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆش کرد.

<u>ڕێپێوانێکی مێژوویی</u>

لەم یادداشتانەدا دەرەتانی تۆمارکردنی عەمەلیاتی پێشمەرگە و کردەوەی قارەمانانەی تێکۆشەرانی حیزب نیە. چونکە ئەگەر قرار بێ ئەو شتانە بنووسرێن بۆ خۆیان دەبنە کتێبێکی چەند بەرگی و چەند هەزار لاپەرەیی. بەڵام ڕووداوێکی زۆر گرنگ لە مێژووی تازەی حیزبی دێموکرات دا هەیە کە هێچ وەخت لە تەبلیغات و ئەدەبیاتی حیزب دا قسەی لێ‌نەکراوە و یەکێك

لە شانازی‌یەکانی ئەم حیزبەشە. هەر بۆیە پێویستە هەر چەند یەکجار بە کورتیش بێ، باسێکی لێ بکرێ و یادێکی لێ بکرێتەوە:

لە دوارۆژەکانی سالی ١٣٦٦ی هەتاویدا ریژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشێکی یەکجار بەربڵاوی بۆ ئوستانی سلێمانی لە کوردستانی عێراق دەست پێکرد. بەشی هەرە زۆری هێزی زەمینی لە لای هەورامانەوە رووی کردە خاکی کوردستانی عێراق و ناوچەی هەڵەبجەی داگیر کرد، بەشێکیش لە ناوچەی پێنجوێنەوە چووە نێو خاکی عێراق. ئەم شەرە لە بەر ئەوە کە لە هەردوولاوە چەکی شیمیایی تێدا بە کار براو کارەساتی سامناکی هەڵەبجەی لێ کەوتەوە لە ناسراوترین فەسڵەکانی شەڕی هەشت ساڵەی نیوان ئێران و عێراقە و لەو بارەیەوە پێویست بە قسە لێکردن ناکاو لە جێش دا ئەو بەشەی، ئامانجی ئەو نووسینە نیە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە گێڕانەوەی داستانێکی قارەمانەتی‌و کارێکی بەبەرنامەی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتە.

لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە بنکەکانی حیزب لە ناوچەی نەوسوود جێگر بوون کە لافاوی ئەو هێرشە بەربلاوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان بەسەردا تێپەڕی‌و زەربە لێدانیشیان یەکێك لە گرنگترین ئامانجە نیزامی‌یەکانی رێژیم بوو. ئەوەش دەزانین کە لەو شەڕەدا هێزەکانی ئەرتەشی عێراق تووشی شکان هاتن‌و ئێران توانی ناوچەی هەڵەبجەو بەشێکی ناوچەی پێنجوێن داگیر بکا. هێزەکانی حیزبی دێمۆکرات لە وەزعێك دا کە بە هیچ جۆر خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو، کەوتنە نێو ئەو شەڕە سەخت‌و بێ‌ئەمانەو وەك کورد دەڵێ کەوتنە نێو دوو بەرداشەوە. بەڵام رۆڵەکانی دێمۆکرات چی‌یان کرد؟

لەو وەزعەدا هێزەکانی پێشمەرگە بە هیچ جۆر نەیان دەتوانی بەرەو قووڵاویی خاکی ئێران پێشڕەوی بکەن، چونکە شاخ‌و دەشت‌و دارو بەرد بە هێزی پۆشتەو پەرداخی دوژمن تەنرابوو. نەشیان دەتوانی پاڵ وەئەرتەشی عێراق بدەن، چونکە ئەو کارە جگە لەوەی کە زۆر مەترسی تێدا هەبوو بە هیچ جۆر ئامادە نەکرابوو لە ئاکام دا ئیمکانی نەبوو. کەوابوو ئەوان تەنیا یەك ریگایان بۆ دەمایەوە. ئەویش هەوڵدان بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە شوێنێکی ئەمن‌و تێکەڵ بە بەشێکی دیکە لە هێزەکانی حیزب ببنەوە. بەڵام بۆ ئەو کارە دەبوو بە نێو دەیان هەزار سەربازی ئێران‌و عێراق دا بە ڕێگایەك دا کە لە دوولاوە لە زەمین‌و لە ئاسمانەوە بە چەکی جۆراوجۆرو یەك

لەوان چەکی شیمیایی دەکوترا، تێپەڕین. بەراستی دەرباز بـوون بـە ڕێگایـەکی واش دا دەکـرێ بلێین وەك خەونو خەیاڵ زیاتر دەچوو. بەو حاڵەش ڕۆڵەکانی دێمۆکرات ئەو کارەیان کرد.

پێشمەرگەکان لە سەرەتادا خۆیان ڕێکخستو شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ هێزەکـانی ڕێـژیم لەو جبهەیەدا کرد، شەڕێك کە لە مێژووی ١٧ ساڵ خەباتی چەکدارانە بەدژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا کەم وێنە بووو تارادەیەکی زۆر توانی ئارایشی هێزەکانی ڕێژیم لـەو جبهەیـەدا تێـك بدا. لەو شەڕەدا هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم زیاتر لە سەد کەس کوژراو و برینـداریان داو زیـانێکی زۆریش بە سازوبەرگی نیزامیی وان گەیشت. تێکۆشەرانی دێمۆکرات دوای ئەو شەڕە مەردانەیـە بڕیاریان دا بە نێو ئاگری ئەو دوو ئەرتەشەدا ڕێگا بەرەو بنکەکانی حیـزبو بەتایبـەتی شـوێنی دەفتەری سیاسی ببڕن.

شایانی باسە کە ئەو ناوچەیە کە لە کۆنەوە چۆڵ کرابوو، نە ئاوەدانیی لێبوو، نەئیمکانی ئەوە هەبوو ماشین یان بەوەسیلەی دیکە خواردەمەنی بۆ هێزێکی وا زۆر هەڵ بگیرێ. لە جیدا ئامادە کردنی نانو پێخور بۆ هێزێکی وا زۆر و لە دەرفەتێکی وا کەمیش دا ئیمکانی نەبوو. بەو جـۆرە نزیکەی هەشت سەد کەس پێشمەرگەی حیزب بە خۆیانو چەکەکانیانەوەو تـەنیا بـە پشـتیوانیی هێزی بڕوا بە ئامانجەکانیانو دروستیی ڕێگاکەیان وەڕێ کەوتن. لە زۆر جێگا کەوتنە نێو ئاگری دوو ئەرتەش، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە گیاو گژ بەولاوە خواردنیان دەست نەکـەوت، بـەڵام چـۆکیان نەلەرزیو ورەیان دانەبەزی. سەرەنجام سەرکەوتن. بە نێو دەریایەك ئاگرو ئاسندا تێپـەڕین، لـە مەیدانی مین ڕەت بوون، دووکەڵی باروتو چـەکی شـیمیاییـیان بـە بـەرلووت دا هـەڵلا هـات، بێئەوەی هەنگاویان پێشـل بـێ. ڕۆژی ٢٨ی ڕەشـەمەی ١٣٦٦، تـەنیا دوو ڕۆژ پـێش جێـژنی نەورۆز مژدەی ڕزگار بوونی ئەو هێزە بە ئیمانو بەورەیە بە دەفتەری سیاسی گەیشتو نـەورۆزی ١٣٦٧ی کردە جەژنی دوو جەژن.

پێویستە بگوترێ کە لەبەر ئـەوەی هـەموو، یـا زوربـەی نیزیـك بـە تـەواوی پێشـمەرگەکان ناشارەزا بوون، تێپەڕین بەو ڕێگایەدا، ئەویش بە شەوی تاریكو لە ژێر ڕەهێڵەی بارانو بـە نێـو دەیان مەیدانی مین دا بە بێکۆمەکی هێندێك دۆستی شەریفو دڵسۆزی کورد ئیمکـانی نـەبوو، بەداخەوە وەك زۆر شتی دیکە جارێ وەختی ئاشکرا کردنـی نـاوی ئـەو دۆسـتانە نـەهاتوەو نـاو

بردنیان له هەل ومەرجی ئێستادا بە قازانج نیە. هەر بۆیە لێرەدا تەنیا بە شێوەی سەربەستراو و بێناو بردن دەبێ سپاسیان بکرێو قەدری خزمەتو دڵسۆزییەکەیان بگیرێ. بەو هیوایە ڕۆژێك ئەو داستانە پڕ حەماسەیە بە درێژیو بەروونیو لە زمانی ئەوانەوە کە بۆ خۆیان بەشداری ڕووداوەکە بوون بکەوێتە سەر کاغەزو ڕۆڵەکانی گەلی کورد لێی شارەزابن. لەو ڕووداوەدا دوو پێشمەرگە گیانیان لەدەست داو نیزیکەی ٢٠ کەسیش بە چەکی جۆراوجۆر بریندار بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵییەکەی لە چاو ئەو مەترسییە کە هەڕەشەی لەو هێزە دەکرد بە خەسارەتێکی کەم دادەنرا.

## ڕاوەستانی شەڕی ئێرانو عێراقو هەڵویستی حیزبی دێمۆکرات

شەڕی ئێرانو عێراق کە لە کۆتایی هاوینی سالی ١٣٥٩ی هەتاویدا هەڵ گیرسا یەکێك لە درێژترینو پڕ زیانو زەرەرترین شەڕەکانی نێوان وڵاتانی دراوسێ بوو. لەو شەڕەدا نێزیك بە یەك میلیون کەس لە هێزە نیزامییەکانو خەڵکی بێدیفاعی هەر دوولا کوژرانو برینداروو نەقوستان بوون، بە دەیان شارو هەزاران گوند، یان بە تەواوی وێران بوون، یان زیانو وێرانییەکی یەکجار زۆریان پێگەیشتو بە سەدان میلیارد دۆلار زیانی ماڵی لە ئابووریی هەر دوو وڵات کەوت. لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕدا هەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانو هەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیکە وەك کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی هەولێکی زۆریان بۆ نێوبژی لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێرانو عێراقدا داو زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی ناوچەیی بۆ ئەو مەبەستە پێك هاتن. بەڵام پێداگرتنی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانو لە سەرووی هەموویانەوە ئایەتوڵڵا خومەینی لە سەر درێژەدانی شەڕ، هەموو ئەو هەوڵو تەقەلایانەی بێئاکام هێشتەوە. کۆماری ئیسلامی بە هێنانە گۆڕێ هێندێ دروشمی بێنێوەرۆکی وەك "شەڕ، شەڕ، تا سەرکەوتن"و "ڕزگاریی قودس لە ڕێگای کەربەلاوە"و بە هاندانی هەستی مەزهەبیی خەڵکی نائاگاو دەمارگرژ ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵی دەدا ئاگری شەڕ خۆش بکاو ڕادەی تەلەفاتی گیانیو زەرەو زیانی ماڵی بەرێتە سەر. خومەینی بۆ خۆی داوای لە خەڵك دەکرد کە "تەندووری شەڕ گەرم

راگرن"و کار گەیشتبووە جێگایەك کە لە نێوخۆی وڵاتو بەتایبەتی لە نێـو دەزگـای دەوڵـەتیدا قسە کردن لە ئاشتیو تەنانەت ڕاگرتنی شەڕیش بە جۆرێك خەیانەت دەژمێردرا.

ڕۆژی ٢٠ی ژوئیـــەی١٩٨٧(٢٩ی پوشــپەڕی ١٣٦٦) ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە تێکڕای دەنگ بڕیارنامەی ٥٩٨ی لە بارەی شەڕەی ئێـرانو ئێراقـەوە دەر کرد. ئەم بڕیارنامەیە داوای تەقەوەستاندنو کێشانەوەی هێزە نیزامییەکان بۆ پشتی سـنورەکانی دەکـردو داوای لــە سـکرتێری گشـتیی ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتوەکان دەکـرد دەسـتەیەك بـە نوینەرایەتیی خۆی بۆ چاوەدێری بە سەر چۆنیەتیی بەرێوەچونی بڕیارنامەکەدا بنێرێتە ناوچە. لـە بڕیارنامەکەدا پێ لە سەر ئازاد کردنی دیلەکانی شـەر داگیرابـوو و داوا لـە هـەر دوو دەوڵـەتی ئێـرانو عێـراق کرابـوو یارمـەتی بـدەن تـا بـە نێوبـژیوانی سـکرتێری گشـتی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕیگاچارەیەکی هەمووڵایەنە، عادڵانەو سەربەرزانە بۆ هەموو ئەو مەسەلانە کە ناکۆکییان لە سەر هەیە بدۆزێتەوە.

بڕیارنامــە ٥٩٨ بۆمبــارانی ناوەنــدە غــەیرە نیزامییــەکانو هێــرش بــۆ ســەر کەشــتییە بێلایەنەکانو فرۆکە غەیرە نیزامییەکانو بەکارهێنانی چەکە شیمیاییەکانی مەحکووم کردبوو داواش لە هەموو دەوڵەتان کردبوو کە لە هەر کارێك کە ببێتە هۆی درێژبوونەوەی مـاوەی شـەڕ خۆ بپارێزن. دەوڵەتی عێراق ئەو بڕیارنامەیەی قبووڵ کرد، بـەڵام ئێـران کەوتـە تەنگانـەوە. لـە لایەك لە ترسی ریسوایی لە کۆمـەڵگای جیهـانیدا نەیـدەوێرا بڕیارنامەکـە ڕەت بکاتـەوەو لـە لایەکی دیکەش قبووڵ کردنی بڕیارنامەکە لەگەڵ سیاسەتو ئیـدئۆلۆژیی ڕێـژیم کـە بـۆ دەرەوە ناردنی شۆڕشو درێژەدانی شەڕی بە ئەرکی مێژووی خۆی دەزانی، ناتەبا بوو. بۆیە ڕێژیم کەوتـە مانۆڕدان، هێندیك بەشی بڕیارنامەکەی بە باش داناو بڕیارنامەکەی بە ڕاشکاوی ڕەت نەکردەوە، بەڵام ئاغـای خومـەینی ڕۆژی ٦ی گەلاوێـژی ١٣٦٦ لـە پـەیامیك دا بـە دووپـات کردنـەوەی مەرجەکانی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە شـەڕ کـە یـەك لـەوان رووخـانی دەوڵـەتی عێـراق بـوو، بڕیارنامەکەی ڕەت کردەوەو ڕێگای بۆ دەورەیەکی پڕ تەلەفاتتر لەو شەڕە ماڵوێرانکـەرەدا خـۆش کرد.

ماوەی دوای رەت کردنەوەی بریارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش لە شەڕی نێوان عێراقو ئێران دا، ئەگەر بۆ گەلانی هەر دوو وڵات پڕ بوو لە رەنجو مەینەتوماڵوێرانی، بۆ کۆماری ئیسلامییش دەورانی سەررکەوتنو بەرەو پێش چون لەو شەڕەدا کە ناوی ناببوو "شەڕی حەقو بەتاڵ" یان "شەڕی ئیسلامو کۆفر" نەبوو. لەو ماوەیەدا ئەرتەشی ئێران کە بە پێچەوانەی قازانجی گەلانی ئێران توشی ئەو شەڕە بێ‌ماناو بێ‌ئاکامە کرابوو زۆر شکستی گەورەی لە بەرەکانی شەڕدا توش بوون. فاو، شەلەمچە، جەزیرەی مەجنون، زوبیدات، ماوەتو پێنجوێنو زۆر شەڕگەی دیکە بە زەبری شەڕ بە هێزە نیزامی‌یەکانی ئێران چۆڵ کران. لە شەڕە موشەك بارانی شارەکانیش دا تەلەفاتو وێرانی زۆر بە خەڵك داو شکانو ناکامی بە کاربەدەستە شەڕپەرەستەکانی رێژیم.

لە وەزعێکی وادابوو کە ئایەتوڵلا خومەینی، نەك لە بەر پاراستی گیانی لاوانی وڵاتو پێشگیری لە وێران بوونی زیاتری ئێران، بەڵکو بەهۆی شکستی هێزە چەکدارەکانی لە بەرەکانی شەڕدا ساڵێك دوای دەرچونی بریارنامەی ژمارەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، بە ناچاری ئەو بریارنامەیەی قبووڵ کرد. خومەینی نەیشاردەوە کە قبووڵ کردنی ئەو بریارنامەیە تەقەوەستاندن لە شەڕی ئێرانو عێراق دا بۆ وی وەك خواردنەوەی جامی ژەهر وایە و ئەوەی لە راستی‌دا وەك موسیبەتێکی ئاسمانی دانا کە وەك عەبدێکی موسڵمان دەبێ شانی وەبەر بدا.

شایانی باسە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە گەرمی پێشوازی لەو ئاڵوگۆڕە لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێرانو عێراق دا کردو دەفتەری سیاسی حیزب لە راگەیاندراوێك دا بەم بۆنەیەوە گوتی:

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە قبووڵی بریارنامەی شووورای ئەمنییەت لە لایەن ئێرانەوە پێشوازی دەکا. چونکە هەمیشە لایەنگری ئاشتی لە نێوان ئێرانو عێراق دا و دژی ئەم شەڕە بێ‌ماناو بێ‌سودە بووە. حیزبی ئێمە هێوادارە کە ئەم کارە سەرەتای کۆتایی پێ‌هاتنی یەکجاریی شەڕی ئێرانو عێراق بێ. بەڵام بە کۆتایی پێ‌هاتنی شەڕ لە نێوان ئێرانو عێراق دا شەڕ لە وڵاتی ئێمەدا بە تەواوی کۆتایی پێ‌نایە. شەڕی خەڵکی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات بۆ دابین کردنی دێمۆکراسی لە ئێرانو خودموختاری لە کوردستان هەروا درێژەی

هەیە. کۆماری ئیسلامی هەروەك پێشو لە قەبوولّی داخوازە رەواکانی خەڵکی کوردستان خۆی دەبوێرێ، ئێمە هەر لەو کاتەدا کە وەك حیزبێکی مەسئوولی سیاسی پشتیوانیی خۆمان لە کۆتایی پێهاتنی کێشە لە نێوان ئێرانو عێراقدا رادەگەیەنینو بە راشکاوی دەڵێین کە لە بەشێك لە نیشتمانی ئێمە یانێ لە کوردستان دا شەڕ کۆتایی پێنەهاتوەو ئاشتی تەنیا کاتێك هەموو ئێرانی خۆشەویستی ئێمە دەگرێتەوە کە دێمۆکراسی لە ئێرانو خودموختاری لە کوردستان دا دابین بکرێ.

ئێستا کە رێژیم لەو پەڕی کزیو بێهێزی خۆی دایە، پێویستە خەبات لە سەرانسەری ئێران دا بۆ ناچار کردنی رێژیم بۆ پاشەکشە لە هەموو جبهەکان توندوتیژتر بێ. پاشەکشە لە مەسەلەی شەڕ لەگەڵ عێراق دا دەبێ پاشەکشە لە شەڕ لەگەڵ کوردستانیش بەدوای خۆیدا بێنێو بە گشتی ببێتە سەرەتای راپەڕینێکی بەربلاّوی کۆمەلاّنی خەڵك بە مەبەستی وەدیهاتنی داخوازە سیاسیو کۆمەلاّیەتییەکانیان".

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەو ئەم هەڵویستەی حیزب دا رۆژی ١٩٨٨/٨/٣ رێکەوتی ١٣٦٧/٥/١٢ شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی بۆ سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان نارد کە دەقەکەی لێرەدا بلاّو دەکەینەوە:

نیۆیۆرك ـ ولاّتەیەکگرتووەکان

بەرێز ئاغای پرز دوکویلار سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان!

ئاغای سکرتێر!

نۆ ساڵ پێش ئیستا دەولّەتی کۆماری ئیسلامی شەڕێکی نەخوازراوی بە سەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا سەپاند، کە ئێستاش درێژەی هەیە. ئەم شەڕە کە لە مانگی مارسی ١٩٧٩ بە شێوەی تێك هەڵچوونی ناوچەیی دەستی پێکرابوو لە مانگی ئووتی هەمان ساڵ هەموو کوردستانی ئێران کە زیاتر لە ٧ میلیون کەسی حەشیمەتە گرتەوە.

لە ماوەی ئەم ٩ ساڵەدا زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان بوونە قوربانیو سەدان هەزار کەسیش ئاوارە بوون. هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵك وەرگرتن لە

تازەترین چەك زۆر گوندیان وێران کردوەو بە ماڵو حاڵی شارنشینەکاو دامەزراوییە ئابووریيەکان زیانێکی زۆریان گەیاندوە. دەوڵەتی مەرکەزی بە مەبەستی سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان ۲۰۰ هەزار چەکداری ناردۆتە کوردستانو سێ هەزار پایگای نیزامیی لە گوندەکانو شاخو چیاکانی کوردستان داناوە. هەر ئێستا کوردستانی ئێران بەتەواوی میلیتاریزەیەو بۆتە سەربازخانەیەکی گەورە.

داخوازی خەڵکی کوردستان زۆر سادەیە، ئەوان خوازیاری خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دانو ئەوە مافێکە کە مەنشووری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە رەسمییەتی دەناسێ.

کاتێك: لە رۆژی ۱۸ی ژوئیە  دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بریارنامەی ۵۹۸ی قبوولّ کرد، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك رێبەری بزوتنەوەی کوردستان پێشوازی لەو کارە کرد. چونکە حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئەم شەڕەی بە شەڕێکی بێماناو بێسوودو بە زیانو زەرەری گەلانی ئێرانو عێراق دەزانیو لایەنگری کۆتایی پێهاتن، و دابین کردنی سولحو ئاشتی لە نێوان دوو ولاّتی دراوسێ بووە. بەلاّم بە تەواو بوونی شەڕ لە نیوان ئێرانو عێراق شەڕ لە ولاّتی ئێمەدا بە یەکجاری کۆتایی پێنایە. خەباتی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی وەدیهێنانی دێمۆکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان هەروا درێژەی هەیە. ئێمە لەو کاتەدا وەك حیزبێکی بەرپرس پشتیوانیی خۆمان لە کۆتایی پێهاتنی کێشەی نێوان ئێرانو عێراق رادەگەیەنینو بە راشکاوی دەڵێین کە شەڕ لە ولاّتی ئێمەدا کۆتایی پێنەهاتوەو ئاشتی تەنیا کاتیك هەموو ئێرانو سنورەکانی ئێرانو عێراق دەگرێتەوە کە داخوازە رەواکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێن.

ئاغای سکرتێر!

حیزبی ئێمە کە ٤٣ ساڵ رابردووی تێکۆشانی سیاسیی هەیە، هەمیشە دژی رەشەکوژی، بارمەتە گرتن، فرۆکە رفاندنو بە گشتی هەموو ئەو کارانە بووە کە ژیانی ئەفرادی غەیرە نیزامیو بێدیفاع بخاتە مەترسییەوە.

حیزبی ئێمە هەمیشە دژی شەڕو لاینگری ئاشتی بووە. ئێستا کە دەتانەوێ ئاشتیو هەێمنایەتی بە سەر سنورەکانی ئێرانو عێراق دا باڵ بکێشێ ئەوە ئامانجی ئێمەشە. بەلاّم ئەگەر

تەنانەت دوو دەوڵەتی ئێرانو عێراقیش لە سەری ڕێك بکەون هەتا کاتێك شەڕ لە کوردستانی ئێران کۆتایی پێنەیە ئەمە مسۆگەر نابێ. هەر ئیستا کیلومترها لە سنوری هاوبەشی ئێرانو عێراق لە خاکی ئێران لە ژێر چاوەدێریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات دایە. چەند هەزار پێشمەرگە هەمیشە دەتوانن هەڕەشە لە ئاشتیی ئەم ناوچەیە بکەن.

ئێوە کە بە ناوی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی دیفاع لە مافی مرۆڤ و هەروەها ئەرکی دیفاع لە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانتان لە سەر شانە بیگومان دەزانن کە شەڕەی ئێرانو عێراق نابێ لە سەر حیسابی گەلی کورد تەواو بێ. ئێمەرادەگەیەنین کە خەڵکی کوردستان بڕیاریان وایەو بە هەموو ئیمکاناتیانەوە لە داخوازە ڕەواکانیانو مەوجودییەتو مافی خۆیان دیفاع بکەن. بۆ دابین کردنی ئاشتیی بەردەوامو سەقامگیر کردنی هێمنایەتی لە ناوچە دەبێ سەرنج بدرێتە مەرجەکانی دابین کردنی ئاشتی لە کوردستانیش. هەر بۆیە لە جێ بەجێ کردنی بریاری ٥٩٨دا دەبێ ئەم مەسەلەیش لە دەستوری وتووێژەکان دا بگونجێ.

ئاغای سکرتێر!

مەسەلەی کورد لە ئێران مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. لە کوردستان سەرەتاییترین مافی ئینسانیو میللی گەلێگ پێشێل دەکرێو، ئێوە وەزیفەتانە بە مەبەستی دیفاع لە مافی مرۆڤ و مافی مەوجودییەتی یەکێك لە ڕەسەنترین و کۆنترین گەلانی ئەم ناوچەیە هەنگاوی پێویست هەڵ بێننەوە.

ئێمە چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکانی ئێوەینو ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاریی تەواو لەم پێوەندییەدا رادەگەیەنین.

بەڵام جارێکی دیکە بە راشکاوی تەواو رادەگەیەنین کە ئەگەر پێشنیاری ئێمە وەبەرچاو نەگیرێ حەوڵو تەقەلای ئاشتیخوازانەی ئێوە سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنێو بەرپرساریەتیی ئەم سەرنەکەوتنەش لە ئەستۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ.

**بە ڕێزو حورمەتەوە**

**عبدالرحمن قاسملوو**

سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران[1]

*بڕیارێکی ئازایانە.*

*ساڵی ١٣٦٤ شەهید دکتور قاسملوو لە پەیامی خۆیدا بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە گوتی: "دەرسێکی دیکەی کۆماری کوردستان ئەوەیە کە بە هیچ جۆرێك و بە هیچ شێوەیەكو لە هیچ هەلو مەرجێك دا نابێ ڕێگا بدەین ئەوە کە بە داخەوە لە کۆماری کوردستان ڕوویداو لە کوردستانی عێراقیش تیکرار کرایەوە، ئەوە کە میللەتەکەمان ناوی ناوە "ئاش بەتاڵ" لە کوردستانی ئێران تیکرار بێتەوە".* [2]

کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراق بۆ هەموو چاوەدێرانی سیاسی ئەو فکرەی پێك هێنا کە ئەم دوو دەوڵەتە پاش چارەسەری ناکۆکییەکانی خۆیان، لە بواری بەربەرەکانی دژی بزووتنەوەی کورد لەم دوو وڵاتەدا پێکەوە هاوکاری بکەن. سروشتییە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێبەری بزووتنەوەی میللی ـ دێمۆکراتیی خەڵکی کوردستانی ئێران کە بەشێکی بەرچاو لە بنکەکانی لە خاکی کوردستانی عێراق دا بوونو وەك پشتی جەبهە کەڵکی لێوەردەگرتن نەیدەتوانی لەو بارەیەوە بێخەم بێ. هەر بۆیە حیزب حیسابی بۆ هاتنە پێشی وەزعێکی لەم بابەتە کردو بڕیاری یەکجاریی خۆی لە کۆمیتەی ناوەندیدا پەسند کرد.

بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی لە ڕاستیدا ڕاست لە چوارچێوەی ئەو قسانەدا بوو کە لە دوکتور قاسملوومان نەقڵ کرد. دەزانین کە کاتی خۆی یەکێك لە هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان ڕێککەوتنی ئێرانو شووڕەوی بوو و لە ساڵی ١٩٧٥یش دا هۆی هەرە بنەڕەتی بۆ پاشەکشەی بزووتنەوەی کورد لە عێراق ڕێککەوتننامەی الجزایر لە نێوان ئێرانو عێراق دا بوو. بەو پێیە نیگەرانی لەوە کە لە ئاکامی ڕێککەوتنی نێوان ئێرانو عێراقدا بزووتنەوەی کورد لە هەر دوو بەشی کوردستان دا تووشی شکانو پاشەکشە بێ، لە لای هەموو دڵسۆزانی کورد دروست ببوو و نیگەرانییەکی بەجێش بوو. بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ لێکدانەوەی هەموو ئاڵوگۆڕەکانو پێش بینی کردنی هەموو ئیحتیمالەکان ئازایانەو لێبڕاوانە

---

١ـ "کوردستان" ژمارەی ١٤٠، گەلاوێژی ١٣٦٧، ئووتی ١٩٨٨، لاپەڕە ١٧و ١٨.

٢ـ "کوردستان" ژمارەی ١١١، ڕێبەندانی ١٣٦٤، فێوریەی ١٩٨٦، لاپەڕەی ١٢.

بڕیاریدا کە لە حاڵی هاوکاری ئێرانو عێراق لە سەرکوتی بزووتنەوەی کورددا ڕەنگە نەتوانین بنکەی سابیتی وەك نەخۆشخانەو ڕادیۆو چاپەمەنیو... بپارێزین، ڕەنگە نەتوانین شەڕێکی جەبهەیی، یان شەڕێکی بەربڵاوی پارتیزانی درێژە پێبدەین. بەڵام لە هیچ حالەتیك دا خەبات بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان لە هەموو شێوەکانیدا (بە چەکدارانەشەوە) نابێ ڕاوەستێ. لە ئاکامی ئەو بڕیارە شۆڕشگێڕانەو لێبڕاوانەیشدا بوو کە لە کاتیك دا زۆر کەس دەیان گوتو دەیان نووسی کە حیزبی دێمۆکرات بە ڕێککەوتنی ئێرانو عێراق پشتی شکاوەو زۆر کەس بە خەیاڵ فاتیحەی حیزبی دێمۆکراتیان خوێندبوو و هێندێ لایەنیش بە خشکە خۆیان لە مەیدانی خەباتی بە کردەوە دزییەوە، حیزبی دێمۆکرات هەروا درێژەی بە خەباتی سەربەرزانەی خۆیدا.

## دیسان شەهیدی کۆمیتەی ناوەندی

صدیق فیروزی (١٣٦٧ ـ ١٣٣٩) خەڵکی ناوچەی مەریوان لە ساڵەکانی ٥٨ ـ ١٣٥٧دا کە هێشتا لاوێکی ١٨، ١٩ ساڵە بوو هاتە نێو کاری سیاسییەوە. لە سەرەتادا بوو بە ئەندامی "جەمعییەتی قوتابیانی سنە"، دوایە پێوەندی بە حیزبەوە گرتو بوو بە بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی ئاواییەکانی نسلۆ گۆشخانی. لەو سەرەتای لاویەتییەدا کاك صدیق کۆستێکی گەورەی کەوتو بابی وەك سەرپەرستی بنەماڵەکەی کۆچی دوایی کرد. کاك صدیق کەوتە سەر دووڕێیانێك، یان دەبوو خەریکی دابین کردنی ژیانو گوزەرانی بنەماڵە بێ، یان دەبوو کاری شۆڕشگێڕانە درێژە بداو لە خزمەتی حیزبو گەلەکەیدا بێ. بەڵام ئەو لێبڕاوانە ڕێگای دووهەمی هەڵ بژاردو خزمەت بە بنەماڵەی گەورەی گەلی کوردی پێش دابین کردنی ژیانی بنەماڵەیی خۆی خست.

بەو پێیە صدیق فیروزی بە ڕەسمی هاتە نێو حیزبەوە. لە پێشمەرگایەتییەوە دەستی پێکرد. زۆری پێنەچوو بوو بە کادری لك، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەریوان، بەرپرسی کۆمیتە لە ناوچەکانی شامیانو سەرشیو و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەریوانو ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووبو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەریوان.

سەرەنجام بە هۆی ئاگاییو لێوەشاوەیی‌یەوە لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب دا وەك جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێراو کرا بە ئەندامی مەڵبەندی یەكو بەرپرسی کۆمیتە شارستانی کرماشان. کاك صدیق زۆر دڵسۆزانەو شێلگیرانە ئەرکەکانی خەباتی بەجێ دەگەیاندو لەو مەیدانەدا ماندوویی نەدەناسی. بەداخەوە ئەو هاوڕێ بەوەجە زۆرتر نەژیا تا زۆرتر خزمەت بە ئامانجەکانی گەل بکا. رۆژی ۷ی پووشپەڕی ۱۳٦۷ پاش شەڕێکی قارەمانانە لەگەڵ بەکرێگیراوانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی کامیاران شەهید بوو و درێژەدانی رێگاکەی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## کۆستکەوتن

رۆژی هەینی ۲۲ی پوشپەڕی ۱۳٦۸ی هەتاوی رێکەوتی ١٤ی ژوئیەی ۱۹۸۹ی زایینی کە رۆژی جەژنی قوربان یەکەمین جەژنی گەورەی موسوڵمانان بوو، خەبەرێکی دڵتەزێن دڵی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانو بەگشتی رۆڵەکانی گەلی کوردی داخۆرپاند، خەبەری شەهید بوونی رێبەری پایەبەرزی کورد دوکتور عبدالرحمن قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ هاوڕێ عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپاو دوکتور فاچل ملامحمود (فاچل رسول) کوردی عێراقیی دانیشتووی ئۆتریشو مامۆستای زانستگە لە وییەن، بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەو خەبەرە جەژنی لە کوردان کردە ماتەمو شایی لێ‌کردن بە شین، چونکە بەڕاستی کۆستێکی گەورە بوو.

دوکتور قاسملوو چۆن کەوتە داو و چۆن بوو بە پێی خۆی چووە کوشتارگا؟ وەك لە پێشەوە گوتمان کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراق لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی سیاسی‌دا ئەو نیگەرانی‌یەی پێك هێنابوو کە رەنگە ئەم دوو دەوڵەتە پاش چارەسەری ناکۆکی‌یەکانیان با بدەنەوە سەر کوردو بۆ لە نێوبردنو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد لە هەردووبەشی کوردستانی ئێرانو عێراق پێکەوە هاوکاری بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە ئایەتوڵڵا خومەینی لەگەڵ ئەو هەموو سەرسەختیو کەللەرەقی‌یە کە لەبارەی شەڕی ئێرانو عێراقەوە لە خۆی نیشان دابوو، لە ژێر زەبری

واقعییەتەکان دا جامی ژەهری خواردبووەوەو بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی سەبارەت بە تەقە وەستان لە شەڕی نێوان ئێرانو عێراق دا قبووڵ کردبوو.

لەو هەلومەرجەدا کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هێندێ لە دۆستانەوە پێشنیاری وتووێژی بۆ چارەسەرکرانی مەسەلەی کورد لە ئێران بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی دەدا. دوکتور قاسملوو و لەگەڵ ئەویش دا دەفتەری سیاسی دێتە سەر ئەو باوەڕە کە هەرچەند رابردووی کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە پڕە لە دووڕوویی‌و فێڵ‌و تەڵەکەبازی، بەڵام ئێستا کە لەگەڵ دوژمنێکی لاوەیی حازر بووە، ئاشتی قبووڵ بکا، دەتوانێ لەگەڵ کوردیش کە بەشێك لە خەڵکی ئێرانە، ڕێك بکەوێ. لە حاڵەتێکیش دا کە لە زۆر لاوە بزووتنەوەی کورد لە ژێر مەترسی دایە، ڕەت کردنەوەی پێشنیاری وتووێژ کارێکی دروست نیە. چونکە ئەگەر ئەم وتووێژانە تەنیا تەقەوەستاندنێکی درێژخایەن‌و ئابڕومەندانەیان لێبکەوێتەوە، دەتوانێ بە قازانجی بزووتنەوەی کورد هەم لە ئێرانو هەم لە دەرەوەی ئێران بەتایبەتی لە عێراق بێ. ئەمەش لە خۆیدا دەتوانێ لێکدانەوەیەکی دروست بێ.

بەڵام عەیبی کار لە جێیەکی دیکەدا بوو. کۆماری ئیسلامی داوای کردبوو کە ئەم وتووێژە دەبێ بە تەواوی نهێنی بێ‌و لەگەڵ شەخسی دوکتوو قاسملووش بێ، بەو ناوە کە دەوڵەت دەیەوێ ئەو کەسەی دێتە سەر مێزی وتووێژ خاوەنی سەلاحییەت بێ‌و باشیش شارەزای ویست‌و داخوازەکانی حیزب‌و خەلکی کوردستان بێ. بەداخەوە دەفتەری سیاسی‌و دوکتور قاسملوو سەرەڕای بڕیاری روونی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی ڕەت کردنەوەی وتووێژی نهێنییەوە ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکەن‌و بێ ئەوەش کە گوێ بدەنە ئەوە کە کێ دێ لە لایەن دەوڵەتەوە لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی حیزب وتووێژ دەکا، بەوە رازی دەبن کە دوکتور قاسملوو بچێ لە وییەن لەگەڵ بەناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دابنیشێ. دەوری یەکەمی دانیشتنەکان لە ڕۆژەکانی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی‌دا بە ئامادەیی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان‌و لەژێر پارێزگاریی ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکیەتی نیشتمانی لە ئۆتریش‌و هەروەها بە بەشداری ئاغای احمد بن بلا سەرکۆماری پێشووی ئەلجەزایر لە وییەن پێك دێ. لەو دەورەیەدا نوێنەرانی دەوڵەت (کە وادیارە زەمینە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی ئەسڵی کارەکەیان نابینن)

داوا دەکەن کە حیزب پێشنیارەکانی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد باس بکا، تا ئەوان یادداشتیان بکەنو بیان بەنەوە مەرکەز بۆ ئەوەی بەرپرسان نەزەریان لە سەر بدەن. دوکتور قاسملووش بە وردی هەموو بۆچوونەکانی حیزبیان بۆ شی دەکاتەوەو پێشنیارەکانی حیزبیان دەخاتە بەردەمو ئەم دەورەیە لە وتووێژەکان بەوەندە کۆتایی پێدێ.

سەیر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی کە هێندە پێی لە سەر نهێنی بوونی وتووێژەکان دادەگرت، بە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بڵاوی دەکردەوە کە وتووێژ هەبووەو نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتو دەوڵەت لە ئۆتریش یەکتریان دیوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا وای نیشان دەدا کە ئەوە یەکیەتیی نیشتمانی‌یە کە خەبەری وتووێژی بڵاوکردۆتەوە، بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە یەکیەتی زاربە هاوارەو بۆیە نابێ لە وتووێژێکی نهێنی‌دا ئامادە بێ.

لە نێوەڕاستی بەهاری ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩)دا شەهید دوکتور شەرەفکەندی سەفەرێکی دەرەوەی وڵاتی کرد. لەو کاتەدا کە کۆماری ئیسلامی داوا دەکا دەوری دووهەمی وتووێژەکان دەست پێبکاتەوە، دەفتەری سیاسی پێشنیار دەکا کە ئێستا دوکتور شەرەفکەندی لە دەرەوەیە با دەوری دووهەمی وتووێژەکان لەگەڵ ناوبراو بکرێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی دوو مەئموری دەرەجە سێو چواری ناردبووە سەر مێزی وتووێژ، ئەو پێشنیارەی رەت دەکاتەوەو رادەگەینێ کە لەگەڵ شەخسی دوکتور قاسملوو نەبێ حازر نیە وتووێژ بکا. هەر لەو کاتەدا رادەگەیەنی کە قبوولی نیە یەکیەتی نیشتمانی بەشداری کۆبوونەوەکان بێ، بەو ناوە کە دەوڵەت دەیەوێ وتووێژەکە نهێنی بێو ڕێبەرانی یەکیەتیش قسەیان تێناوەستێو باسی دەکەن. بۆ نەگبەتی کورد هیچ یەك لەمانەش دوکتور قاسملوو هوشیار ناکەنەوەو سەرنجی بۆ لای پیلانی ڕێژیم بۆ لەنێو بردنی، راناکێشرێ.

لە دوا رۆژەکانی بەهاری ساڵی ١٣٦٨دا دوکتور قاسملوو بۆ کاروباری حیزبیو بەتایبەتی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست دا سەفەری ئۆرووپای کرد. کاربەدەستانی ڕێژیم کە لە بوونی دوکتور قاسملوو لە ئۆرووپا ئاگادار دەبن هەوڵ دەدەن پێوەندی پێوە بگرنو بەناوی درێژەدانی وتووێژەکانەوە بیخەنە داو. لەبەر ئەوەش کە پێشتر رایان گەیاندوە ئامادە نین یەکیەتیی نیشتمانی لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بکەن، لە ڕێگای دوکتور فاچل مەلا محمودەوە

هەوڵ دەدەن پەیامەکەیان بە دوکتور قاسملوو بگەینن. دوکتور فاچل بە تەلەفون لەگـەڵ دوکتـور قاسملوو قسە دەکاو قەرارومەدار دادەنێن کە دوکتور ڕۆژی ١١ی ژوئیە بچێتە ئۆتریش.

شایانی باسە، دوکتور قاسملوو لە فەرانسە جگە لە خانمی هێلێنا قاسملوو (خوشـکە نەسـرین) واتە خێزانی لە لای هیچ کەس باسی ئەوە ناکـا بـۆ چ مەبەسـتێك دەچـێتە وییـەن. کـاتێکیش خوشکە نەسرین پرسیاری لێدەکا کە داخۆ هەست بە مەترسی ناکا، دوکتـور دڵنیـای دەکـا کـە هەموو تێبینی‌یەکی ئەمنییەتی کراوەو جێگای نیگەرانی نیـە. بـەو جـۆرە ڕۆژی ١١ی ژووئیـە دوکتور قاسملوو دەچێتە وییـەنو میـوانی یـەکێك لـە هاوڕێیـانی حیزبـی دەبـێ. ڕۆژی دوایـی بێئەوەی ڕێگا بدا لە هاوڕێیانی حیزبی لە وییەن کەسی لەگەڵ بچێ، یان تەنانەت پێیان بڵێ کە دەچێتە کوێ، لەگەڵ کاك عبدالله قادری دەچێتە نیزیك ئەو شوێنە کە تیرۆری وییەنی لێقەوما. لەوێ ئەو هاوڕێیە کە بە ماشین دەیـان گەیـەنی ئیـزن دەداتـەوەو دوو بـە دوو دەچـنە شـوێنی چاوپێکەوتن. دیارە لە شوێنی چاوپێکەوتن (هەر ئەو شوێنی تیرۆرەکە)، لەگەڵ دوکتور فاچـل و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی یەکتر دەگرنەوەو ئەو ڕۆژە ماوەیەك قسە دەکەنو بـە ڕواڵـەت بۆ تەواوکردنی وتووێژەکان قەرار دادەنێن ڕۆژی دواتر هەر لەو شوێنە یەکتر ببیننـەوە. قەرارەکـە بۆ ساعەت ٥ی دوانیوەڕۆ دادەنێن.

وەك هاوڕێیەکی حیزبی بۆ نووسـەری ئـەم دێڕانـەی گێڕایـەوە، ڕۆژی ١٣ی ژووئیـە شـەهید دوکتور قاسملوو، کاك عبدالله قادریو دووسێ هاوڕێی دیکە بانگهێشتن دەکا کە نانی نیوەڕۆ لـە ڕێستۆرانێك لە دەرەوەی وییەن پێکەوە بخۆن. بەڵام شەهید عبدالله هەر لە بەیانی‌یەوە ناڕەحەتو پەریشان دەبێو کاتێك دەیانەوێ بڕۆن دەڵێ نەخۆشمو ناتوانم بێم. کە دوکتور زۆر داوای لێدەکـا لەگەڵیان بچێ، بە دڵگەرمی‌یەوە دەڵێ ئەگەر بە پێخۆش بوون بێنایەم ئەگەر بە زۆریشـە ئـەوە شتێکی دیکەیە. سەرەنجام کاك عبدالله لە ماڵێ بە جێ دەمێنێو دوکتـور و هاوڕێیـانی دیکـە دەچنە دەر. لەوەڕا وا دەردەکەوێ کە کاك عبدالله لە هەڵسو کەوتی ڕۆژی پێشوی تیرۆریستە بە ناو دیپلۆماتەکان کەوتۆتە گومان. بەڵام لەترسی ئەوەی پێی بڵێن دەترسێ، یان دوکتـور گلـەیی لێبکا کە بۆچی نهێنی دەدرکێنێ ددانی بە جەرگی‌دا گرتـوەو نـەیگوتوە چـاوپێکەوتنێکی لـەو

بابەتە لەگۆڕێدایەو تەنانەت لە رووی نەهاتوە بە دوکتور قاسملووی نەمریش بڵێ هەست بە مەترسی دەکەم.

ئێوارەی ئەو رۆژە دوکتور هەر لەو هاوڕێیەی پێشتر داوا دەکا کە بە ماشێن بیانگەیەنێتە شوێنی دیاریکراو. کاتێك دەگەنە ئەو شوێنە هاوڕێیەکە دەڵێ با لەگەڵتان بێم، دوکتور قبووڵ ناکا. دەڵێ باشە لێرە دەبم تا دێنەوە، دوکتور بەوەش رازی نابێ، پێی دەڵێ بڕۆوەو ساعەت ٧ وەرەوە بە دوامان دا. هاوڕێمان دەگەڕێتەوەو سەعاتی ٧ بەدوایان دا دەچێتەوە. بەڵام کاتێك دەگاتە شوێنی دیاریکراو دەبینێ دنیا بە پۆلیس تەنراوەو وەزعێکی ئالۆزو نائاسایی پێك هاتوە. کاتێك ماشینەکەی رادەگرێ، پۆلیس دەگاتە سەریو لێی دەپرسێ کارت چیە؟ وەڵام دەداتەوە کە دۆستێکم هەیە قەرارە لێرە یەکتر ببینین. ئەمجارە ئەو لە پۆلیس دەپرسێ چ باسە. پۆلیس بۆی باس دەکا کە لەو نیزیکانە چەند کەس کوژراونو رەنگە ئەتۆ لە ناسینیان دا بتوانی کۆمەگمان بکەی. وەختێك هاوڕێمان لەگەڵ پۆلیس دەچێتە شوێنی رووداوەکە، تەرمی لە خوێن داشەلالی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دەبینێو بە پۆلیس دەڵێ ئەمانە کێن. دیارە پولیس ئەو هاوڕێیە دەباتە مەرکەزی پۆلیسو تا شەو درەنگانێك لەوێ تەحقیقی لێدەکەنو دوایە ئیزنی دەدەن بچێتەوە.

گوێ گرتن لەو شریتانە کە لە وتووێژی دوکتور قاسملوو و راسپاردە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمار کراون، بە روونی دەری دەخا کە بە پێچەوانەی ئەوەی رێژیم رایگەیاند کە گۆیا کەسانێك لە دەرەوەڕا هاتوونو تەقەیان لێکردوون، هیچ کەس لە دەرێ ڕا نەهاتۆتە ژووری دانیشتنی نوێنەرانی حیزبو تیرۆریستەکانو هەموو شتیك لە پێش دا ئامادە کراوە.

لەگەڵ ئەوەدا کە گۆیا ئەو چاوپێکەوتنە بۆ ئەوەبوو کە نێردراوەکانی رێژیم وەڵامی داخوازەکانی حیزبی دێمۆکرات لە لایەن دەوڵەتەوە بە دوکتورو هاوڕێکانی رابگەیەنن، ئەوان لە قسەکانی خۆیان دا بە هیچ جۆر خۆ لەو باسە نادەنو دەڵێن ئێمە پەیامێکمان لە لایەن دەوڵەتەوە نەهێناوەو هاتووین بزانین ئێوە چۆن بۆ مەسەلەکە دەچنو داخوازەکانتان چین.

دوکتوریش بە درێژی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانو نێوەڕۆکی خودموختاری شی دەکاتەوەو هەوڵ دەدا تێیان بگەیەنێ کە دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە خزمەتی

پتەوبوونی برایەتیو هاوپێوەندیی نێوان گەلانی ئێران دایە. لە ناکاو قسەکان دەبچڕێنو دەنگی چەند شلّپەیەکی چووك دێ کە دیارە دەنگی ئەو چەکانەیە کە دەزگای دەنگ وەشێر (صدا خفە کن)یان لە سەرە، لەگەڵ دەنگێکی زۆر سووکی مرخێش مرخێشو بەگژیەکداچوون کە هەر وەك لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش دا لە کاتی خۆی راگەیەندرا، دەبێ ئاکامی بەربەرەکانیی شەهید عبدالله قادری بێ کە پاش کوژرانی دوکتور پەلاماری پیاوکوژەکانی داوە.

ئەو باسە زۆر دوور و درێژەو کاتی خۆیشی لە رادیۆو رۆژنامەو گۆڤارەکان دا زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوەو لێرەدا نامانەوێ زۆری لەسەر برۆین. ئەوەی ناکرێ خۆی لێی ببویرین دوو شتە: یەکەم هەڵویستی نائینسانیو سەوداگەرانەی دەوڵەتی ئۆتریش کە تیرۆریستەکانی بە جلوبەرگی خوێناوییەوە لە بەردەست دابوون، بەڵام بۆ پاراستنی قازانجی ئابووریو بازرگانی خۆی لە بەرچاوی مۆڵەقماوی بە میلیون ئینسانی ئازادیخوازو دادپەروەر، ئەوانەی بە رێزەوە ناردەوە تارانو لە گوڵ کاڵتری پێنەگوتن. نەك هەر ئەوە، دوایەش هەموو توانای خۆی بەکار هێنا تا لە دادگادا تاوانی کۆمار ئیسلامی داپۆشرێو حیزبی دێمۆکراتو بنەماڵەی شەهیدەکان مەحکوم بکرێنو مافی میللەتێك لەو نێوەدا بە فیرۆ بدرێ. دووهەم شتیش ئەو هەڵە نەبەخشراوەیە کە ئێمە بۆ خۆمان وەك حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران تووشی هاتین. کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە پلینومی مانگی گەلاوێژی ١٣٦٣دا لە بارەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزییەوە هێندێ ئەسڵی پەسند کردبوو کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین. پێش هەموو شتێك ئەوە کە دەبێ وتوویژ لە سەر داخوازە سیاسییەکانی حیزبی دێمۆکراتو خەڵکی کوردستان بێ کە بەتەواوی روونو لە بەرنامەی حیزب دا هاتوون. ئەمجار ئەوە کە حیزب وتوویژ بێئاگاداری خەڵك ناکاتو وتوویژ دەبی بە ئاشکراو بە رەسمی لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ حیزبی دێمۆکرات بکرێ. پاشان وتوویژ دەبی لە کوردستان بێ. ئەم باسە بە درێژی لە ژمارەی ٩٩ی رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، سێپتامبری ١٩٨٤ی زایینیدا هاتووەو خوێنەرە بەرێزەکان دەتوانن موراجەعەی پێبکەن.

کەچی لەم وتووێژەدا هیچ کام لەو ئەسلانە وەبەرچاو نەگیراون. نەك هەر وتووێژ لەسەر داخوازەکان خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکو بە شاهیدیی نەوارەکان لەجێدا شتێك نەبوو کە بکرێ ناوی وتووێژی سیاسی لەسەر دابنرێ. پاشان وتووێژ نەك هەر بە ئاگاداریی خەڵکی کوردستان نەبوو، بگرە لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش دا ئەوانەی ئاگایان لەو وتووێژە هەبوو، لە قامکی دەستان کەمتر بوون. ئەمجار دەزانین وتووێژ لە کوردستان نەبوو، و هەزاران کیلومیتر دوور لە کوردستان بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ رێوشوێنێکی ئەمنییەتیو سیاسیو دیپلۆماسی رێکخرابوو. لە حاڵێك دا ئەو دیدارە لە وڵاتیکی ئۆرووپایی دانرا بوو و دەکرا بەئاگاداریی دەوڵەتو لە ژێر پارێزگاری پۆلیس دا رێك بخرێو پێشی کارەساتیکی وا بگیرێ. بە توندی لە هەموو کەسو یەك لەوان لە هاوڕێیانی حیزبی شاردرابۆوە. لە هەمووی ناخۆشتر سکرتێری گشتی حیزبو شەخسییەتێکی وەك دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو پاسداری نەناسراوو بێناو نیشان چوبووە سەر مێزی وتووێژ. لەوانەش تاڵتر ئەوە بوو کە ئەو هەموو ئیسرارەی رێژیم بۆ ئەوەی دوکتور قاسملوو بۆ خۆی ئامادەی وتووێژەکان بێو تەنانەت جێگری سکرتێریش قبووڵ ناکەن، ئەوەی کە یەکیەتیی نیشتمانی نابێ بەشدار بێو ئەوەی کە بەشداریی احمد بن بلاشیان بۆ جاری دووهەم قبووڵ نەکردو ئەوە کە دەبی وتووێژ لە هەموو کەس نهێنی بێو زۆر نیشانەی دیکەش نەیان توانیبوو زەینی ئینسانێکی بەهۆشو زیرەکی وەك دوکتور قاسملوو بۆ لای ئەو پیلانەی بۆی رێك خرابوو، راکێشن. بەڕاستی ئەوە جگە لە نەگبەتی میللەتی کورد دەکرێ چ ناوێکی لە سەر دابنرێ؟

ئەوەندەی لەدەست چوونی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد خەسارێکی گەورە بوو، چەند ئەوەندە ئەو فیڵ لێکرانو بە فیرۆچوونە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات تاڵو دڵتەزێن بوو. بەڵام قاسملووی نەمر هەر وەك بە زیندوویی خزمەتی گەورەی بە پێشخستنو پێگەیاندنی حیزبی دێمۆکرات کرد، بە مردنیشی ناوی حیزبی دێموکراتو میللەتی کوردو بە تایبەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی بە گوێی خەڵکی دنیا گەیاندو دنیای لە مەزلوومیو بەشخوراوی نەتەوەی کورد ئاگادار کرد. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین هەتا ئێستا شەهید بوونی هیچ رێبەرێکی ئۆپۆزێسیۆن لە هیچ وڵاتیکی جیهان دا ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوو و ئەوەندە لە

راگەیەنە گشتی‌یەکاندا لەسەری نەنووسراوەو نەگوتراوە. ئەو شەپۆلی هاودردەی‌و پشتیوانی‌یە کە لەلایەن کۆمەلانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا، حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئێرانو کۆڕوکۆمەلو شەخسییەتە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی دەرەوە بەرانبەر بە حیزبو خەلکی کوردستانی ئێران وەڕێ کەوت، بەراستی تا ئەوکاتە بێوێنە بوو، و لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەساتە کە بە سەر میللەتەکەمان هاتبوو، ڕێك دەکەوت.

ڕۆژی بە خاك سپاردنی تەرمی پیرۆزی دوکتورو کاك عبداللە لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس، زیاتر لە سێ هەزار کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان و شەخسییەتە کوردو ئێرانی‌و خاریجی‌یەکان لە سەر گلکۆی قاسملوو کۆبوونەوەو ڕێزیان لە یادی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران نا. ئەو بە بالابڕین و ستایشانە کە لە وتاری شەخسییەتەکان دا لە سەر قەبران یان لە دەفتەری بیرەوەری‌دا لە دوکتور قاسملوو کران، نیشانەیەك لە ئیحترامی بێ ئەم لاو ئەولای هەمووان بو دوکتوری شەهید بوو. لێرەدا وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر گلکۆی قاسملووی نەمر کە لە لایەن نووسەری ئەم یادداشتانەوە خوێندرایەوە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەرێزەکان:

**خوشك و برا بەرێزەکان!**

**نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکان!**

**شەخسییەتە ئازادیخوازو بەشەر دۆستەکان!**

لێرە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاری، دوکتور عبدالرحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاك عبداللە قادری اژر نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە خاك بسپێرین. بەشداریی ئێوە لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزدانانە بۆ ئەو خەباتە سەخت و شێلگیرە کە دوکتور قاسملوو ماوەی چل سال تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە ڕێك خراوە تا شۆرشگێڕێکی مەزن و ناوداری کورد بەو جۆرە کە شیاوی خۆیەتی لە نێوخۆمان بەڕێ بکەین.

دوکتور قاسملوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران ڕێبەرێکی لێوەشاوەو تێکۆشەرێکی ماندوویی نەناس بوو کە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردو گەلانی

ڕۆژهەلاتی نێوەراست کـەمتر وێنـەی وی بەخۆیـەوە دیـوە. قـاسملوو سیاسـەتمەدارێکی بـیروردو کارامـە، خەباتگێرێکی بە ورەو شەخسییەتێکی زانستی و شۆرشگێرێکی بە تەواوی مانای وشـە بوو.

قاسملوو لە رێگای دابین کردنی ئازادیو دادپەروەریی کۆمەلایەتیدا تیٚدەکۆشـا. هـەولی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتا هەتایە لە نێو بچیٚو چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قوولی بە دێموکراسی هـەبوو. بـۆ جـێگیر بوونی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێو کۆمەل دا بە هـەموو توانایـەوە تیٚدەکۆشـاو ئەگەر جاروباریش لە ئاکامی برەوپیٚدانی دێموکراسیدا زیانێك بـە حیـزب گەیشـتبایە، دوکتـور قاسملوو دەیگوت ئەمە باجی دێموکراسییەو کەسێك دێموکراسیی بویٚ، دەبیٚ باجەکەشی بدا.

دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەڕی تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گـەلی کورد هەبوو و سەرکەوتن و تیٚشکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان دا بووایە بە سەرکەوتن یان تیٚشکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردسـتانی دادەنـاو لـەو رێگایـەش دا زۆر جـار بـە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدای قازانجی سـتراتیژیکیی گـەلی کورد بکا. ئەو کات کە تەنیا داواکردنی مـافی نەتەوایـەتی بـۆ کـورد بـە گونـاح دەژمێـردراو دوژمنان ناوی جیاوازیخوازیان لە سەر دادەنا، قاسملوو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی "کوردسـتان وکورد" دا هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیـەو ئەگـەر رۆژێـك وەك هەموو گەلانی ئازادو بەختەوەری جیهان چارەنووسی خۆی بە تەواوی بـە دەسـتەوە بگـریٚ، ئەمە یەکگرتنەوەیە نەك جیابوونەوە.

دوکتور قاسملوو هەر لەو کاتەدا نیشتمانپەروەرێکی گەورەی ئێرانی بوو، ئیجـازەی بـە کـەس نەدەدا خۆی لەو بە ئێرانیتر بزانیٚ. ئیمانی بە یەکیەتیی چارەنووسی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و بە دروستی دەیزانی کە گەلی کورد لە ئێران دا بیٚ هاوکاری و هاو خەباتی لەگەل گـەلانی دیکـەی ئێـران بـە ئامانجـە رەواکـانی ناگـا. هـەر بۆیـە بـە دلـەوە بـۆ هاوکـاری و هەنگاورێکخستن لەگەل هێزە نیشتمانپەروەرەکانی سەرانسەری ئێران تیٚدەکۆشـاو پیٚـك هێنـانی بەرەی یەکگرتووی هێزە نیشتمانییەکانی ئێرانی بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەزانی.

دوکتور قاسملوو بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کوردی بە بەشێك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلان لە سەرانسەری جیهان دا دەزانی، هەربۆیەش هەولی پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ هەموو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی دەداو بۆ راکێشانی پشتیوانیی بیرورای گشتیی جیهان لە خەباتی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا.

ئەم سروشتە تایبەتییانەو زۆر سیفەتی بەرزی دیکەی ئینسانیو ئەخلاقی و شۆرشگێرانە دوکتور قاسملوویان کردبووە شەخسییەتێکی گەورەی جیهانی کە تەنیا ملکی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران نەبێ. ئەم رێو شوێنە پرشکۆیەش کە ئەمرۆ بە هاوکاری و بەشداریی ئێوە دۆستانی بەرێز بۆ بە خاك سپاردنی دوکتور قاسملوو پێك هاتوە رەنگدانەوەیەکی سروشتییە بۆ ئەو شەخسییەتە جیهانییەی دوکتور قاسملوو. سوپاس بۆ ئێوەو سلاو بۆ دوکتور قاسملوو.

ئەتۆش ئەی تێکۆشەری هەرگیز نەمر، ئەی مامۆستای زاناو رێبەری بەتوانا! بەخاترجەمی سەر بنێوەو بە ئاسوودەیی بنووە. چونکە بە هەوڵ و تێکۆشانی دەیان ساڵەت ولاتیکت هەژاندوەو گەلێکت راپەراندوە. قوتابیو هاوسەنگەرەکانت لە سەر پیمانی خۆیان ماون و رێگاکەت بەر نادەن. هاورێی شەهیدم! بۆ لە دەست دانی تۆ هەزاران پێشمەرگەو دەیان هەزار ئەندامی حیزبەکەت، سەدان هەزار دۆست و لایەنگری رێبازەکەت و بە میلیون کەس لە رۆڵەکانی گەلەکەت غەمیان بە سەردا باری و فرمێسکیان هەڵوەراند. بەلام نەك لەبەر داماویو ناهومێدی. چونکە گەلێك رۆڵەی وەك تۆی پێگەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ، ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی رێگای تۆ قورێك بۆ سەری هەموو ئەوانە بگرنەوە کە پێیان وایە بە مردنی دوکتور قاسملوو میللەتی قاسملوو و رێبازی قاسملووش دەمرێ.

دەزانم هەم بۆ تۆ و هەم بۆ ئێمە خۆشتر بوو لە دڵی گەورەی خاکی کوردستان داو لە پەنای پێشمەرگەو هاورییانی شەهیدی حیزبیت بە خاك بسپێردرێی. بەلام ئیستا کە کوردستان لە ژیر چەکمەی بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستی دایە، بە شیاوی مەقامی بەرزی تۆمان زانی کە گۆرستانی شەهیدان و شەخسییەتە ئەدەبی و زانستی و هونەرییەکانی فەرانسە بە خاکت بسپێرین. بت کەینە دراوسێی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کۆمۆنی پاریس و هونەرمەندی شۆرشگێری مەزنی کورد یەڵماز گۆنەی و شەخسییەتە ئەدەبییە گەورەکانی ئێران وەك صادق هدایت و غلامحسین

ساعدی، تا ئەو رۆژەی ئاواتەکانت وەدی دێن و دەبینە خاوەنی ئێرانێکی ئازادو دێموکرات و کوردستانێکی خودموختار. ئەو دەم دڵنیابە رۆڵەکانت دەت بەنەوە نیشتمانە خۆشەویستەکەت و گڵکۆی پیرۆزت دەکەنە زیارەتگەی دڵسۆزانی کوردو نیشتمانپەروەرانی ئێران.

رێبەری پایەبەرزی شۆرشگێرانی کوردستان! بێگومان هەموو هاورێو هاوسەنگەرەکانت پێیان خۆش بوو ئەمرۆ لە پەنات بان. بەڵام بە باشیان زانی لە رۆژی بە خاك سپاردنی تۆدا هەموویان لەو جێگایەی بن کە بۆخۆت پێت خۆشە هەموو خەباتگێرانی حیزبەکەتی لێ بن، سەنگەری خەبات بۆ ئازادیو دێموکراسیو خودموختاری. هەر بۆیە ئێمەیان نارد کە بە نوێنەرایتی هەموویان دوا ماڵئاواییت لەگەڵ بکەین و دڵنیاییت بدەینێ کە ئامانجت بەرقەرارەو رێگاکەت پڕرێبوارە.

**دۆستانی خۆشەویست!**

بەشداریی ئێوە لە رێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور قاسملوو دا رێز دانانە بۆ خەبات و فیداکاریی ئەوانەی لە پێناوی گەل دا دەژین و لە ریێ نیشتمان دا دەمرن. رێگام بدەن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سوپاسی هەمووی ئێوەو دەوڵەت و میللەتی فەرانسە بکەم کە بۆ پێك هێنانی ئەم رێورەسمە هاوکارییان کردین و یارمەتییان داین. فەرانسە هەمیشە پەناگەی ئازادیخوازان و ئەو کەسانە بووە کە لە پێناوی بیروباوەری خۆیان دا لە نیشتمان دەربەدەر دەبن.هەر ئەوەش رێزو خۆشەویستیی ئەو وەلاتەی لە دڵی تێکۆشەرانی کورد دا جێگیر کردوەو ئیحترامی کۆمەڵگای جیهانیی بۆ لای فەرانسە راکێشاوە. لە بەرئەوەی دوکتور قاسملوو شەهیدی هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی جیهانە، رێگام بدەن لە لایەن حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە ئێوەو لە هەموو ئەوگرانی ئازادی لە سەرانسەری جیهان دا بکەم.

سڵاو لە گیانی پاکی هاورێیانی شەهید دوکتور قاسملوو و کاك عەبدوڵڵە قادری و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری.

سوپاستان دەکەم و هەر بژین.[1]

---

١ـ "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە١٥٢، ١٣٦٨، ئووتی١٩٨٩.

پێویسته بگوترێ کـه هـەر بـه دوای شـەهید بـوونی دوکتـور قـاسملوودا، دوکتـور صـادقی شرفکندی جێگری سکرتێر ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکانی سکرتێری وەئەستۆ گـرت و ئەمـە لـە بیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیدا بە بۆنەی شەهیدبوونی دوکتورو هاوڕێیەکانیەوە باس کرابوو. لـە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییش دا کە ماوەیـەك دوای ئـەو رووداوە دڵتەزێنـە (١١ تـا ١٦ی سەرماوەرزی ١٣٦٨) بەسترا، ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسـی دا پێك هاتن:

١ـ شەهید دوکتور صادق شرفکندی (کاك سەعید) بەرەسمی وەك سکرتێری حیزب هەڵبژێرا.

٢ـ هاوڕێ مصگفی هجری ئەندامی دەفتەری سیاسی کرا بە جێگری سکرتێر.

٣ـ هاوڕێ سید سلام عزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی.

لە بەر ئەوەی بە پێی پێڕەوی نێوخۆ ماوەیەکی زۆری نەمابوو کونگرەی نۆهەم ببەسترێ، لە نێو جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا کەس وەك ئەندامی ئەسـڵیی‌کۆمیتەی ناوەنـدی دیـاری نـەکراو جێی ئەو دوو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندی تا کۆنگرەی ٩ بە بەتاڵی مایەوە.

بە بۆنەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بـە هـەزاران پـەیامی پرسـەو سەرەخۆشـی لـە لایـەن رۆڵەکانی حەڵکی کوردستان و حیزب ورێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە ئێرانـی و ناوچەیی و جیهانی‌یەکانەوە بۆ حیزبی دێمـوکرات هـاتن. جگـە لـەوە، یەکـەمین کۆنفرانسـی نێونەتەوەیی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە کە لە رۆژەکانی ١٤و١٥ی ئۆکتـۆبری سـاڵی ١٩٨٩دا بە بەشداری ٢٠٠ نوێنەر لە ٢٦ وڵاتی جیهانەوە لـە شـاری پـاریس پێتـەختی فەرانسـە گـیرا، پێشکێش بە یادی دوکتور قاسملوو کراو رۆژی ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ ئەنجومەنی دۆستانی گەلی کورد لە ئوتریش بە تێکڕای دەنگ بڕیاری دا شـەهید دوکتـور قـاسملوو بـۆ وەرگرتنـی خـەڵاتی ئاشـتیی نۆبێـل کاندیـدا بکـا. ئەمانـە گۆشـەیەك بـوون لـەو رێـزو حورمەتـە کـە لـە رادەی نێونەتەوەیی‌دا بۆ شەهید دوکتور قاسملوو دانرا. سەرنج راکێشە کە بـزانین بـە بیسـتنی خەبـەری شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، لە نێـو ریزەکـانی حیـزب دا جموجـۆڵێکی کـەم وێنـەو هەسـتی بەرپرسـایەتی‌یەکی جێگـای هومێـد وەرێ کـەوت بێ‌ئـەوەی لـەو بارەیـەوە رێنوێنی‌یـەك بـڵاو بکرێتەوە، تەواوی ئەندامانی حیزبی هەروەك ئەوەی ئیلهامیان پێ‌کرابێ کە دەبێ جێی سکرتێری

شەهیدیان بە کارو تێکۆشانی زیاتر پڕ بکەنەوە، زیاتر خۆیان ماندوو دەکرد، پتر لە خەمی کاروباری حیزبی دا بوون و پێوەندیی هاوکاریی‌و هاوخەباتی لە نێوایان دا بەهێزتر بوو.

ئەو هەستە لە نێو فەرماندەو پێشمەرگەکانیش دا بە شێوەیەکی بەرچاو جووڵاو شوێنەواری خۆی دەرخست. هەر چەند هاوکات لەگەڵ خەبەری تیرۆری دوکتور قاسملوو دا پێیان گوترا پشوویان لە سەرخۆ بێ و بێ بەرنامە نەکەونە فکری تۆڵە سەندنەوەو ئەمەشیان رەچاو کرد، بەڵام زۆر زوو کەوتنە خۆیان و بەزیادکردنی عەمەلیاتی پێشمەرگانەو زەبروەشاندن لە هێزەکانی رێژیم بە دوژمنیان نیشان دا کە مەرگی دوکتور قاسملوو ئەوان لە خەبات سارد ناکاتەوەو خوێنی قاسملوو نەوتێکە بە سەر ئاگری شۆرش و راپەڕیندا رژاوە.

لە نێو لاوە کوردەکانیش دا هەستی مەسئوولییەت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ئەو کارەساتە جەرگبڕە بە جۆرێکی دیکە خۆی نواند. ئەوان بە جۆرێك روویان کردە بنکەکانی حیزبی و بەرگی پێشمەرگایەتی‌یان کردە بەریان کە دوای یەکەمین ساڵەکانی هەڵگیرسانی خەباتی چەکدارانە بێ‌وێنە بوو. لە ماوەی چوار مانگی دوای تیرۆری دوکتورو هاورێکانی دا چوارسەدو هەشتاو پێنج لاوی خۆێن گەرمی کورد هاتنە نێو ریزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**<u>شەڕی خەلیج</u>**

رۆژی**۲**ی ئووتی ۱۹۹۰ی زایینی (۱۱ی گەلاوێژی۱۳٦۹) هێزەکانی ئەرتەشی عێراق پەلاماری کووەیتیان داو حکوومەتی ئەو وڵاتە بێ بەربەرکانی‌یەکی بەرچاو مەیدانی بەجێ هێشت. بە دوای جێگیر بوونی ئەرتەشی عێراق لە کووەیت دا بە رواڵەت حکوومەتێکی‌کاتی هاتە سەرکار کە لە لایەن عێراقەوە بەرەسمی ناسراو زۆری پێ‌نەچوو کە ئەو دەوڵەتە کاتی‌یە داوای یەککگرتنەوە لەگەڵ عێراقی کردو سەرەنجام بە پێی بڕیاری دەوڵەتی عێراق و پارلمانی ئەو وڵاتە کووەیت بوو بە بەشێك لە عێراق و بە ئوستانی نۆزدەهەم دانرا.

ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژکردەوەیەکی خێرادا چوونی ئەرتەشی عێراق بۆ کووەیتی مەحکوم کردو داوای لە دەوڵەتی عێراق کرد دەسبەجێ هێزەکانی لە کووەیت بکێشێتە دواوە. هەر لەگەڵ ئەو بڕیارەش دا گەمارۆیەکی توندو هەمەلایەنە خرایە

سەر عێراق. دواتر چەند بڕیارنامەیەك لە ئەنجومەنی ئاسایش لەو پێوەندییەدا دەرچوو کە بە پێی یەکێکیان ڕێگا بە هێزە هاوپەیمانە ڕۆژئاوایییەکان دەدرا ئەگەر عێراق هێزەکانی لە کووەیت بانگ نەکاتەوە، لە ڕێگای نیزامییەوە بۆ دەرکردنی ئەرتەشی عێراق لەو وڵاتە هەنگاو هەڵێننەوە. شایانی باسە کە جگە لەوەی زۆربەی نیزیك بە تەواوی دەوڵەتانی جیهان بە دژی ئەو پەلامارەی ئەرتەشی عێراق هەڵوێستیان گرت، هاوپەیمانەتییەك لە نێوان وڵاتانی گەورەی سەرمایەداریی ڕۆژئاواو دەوڵەتانی عەرەبیی ناوچە دروست بوو کە ٣٣ دەوڵەت تییدا ئەندام بوون.

پاش ئەوەی هەوڵو تەقالای ئەنجومەنی ئاسایش و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کووەیت بێئاکام مایەوە، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی ژانویەی ١٩٩١ بەوەختی عێراق هێرشی هاوپەیمانەکان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ سەر هێزەکانی عێراق لە کووەیت و تەواوی شوێنە ستراتیژیکییەکانی عێراق دەستی پێکرد. لەو شەڕەدا کە ٤٠ ڕۆژی تەواوی خایاندو سەرەنجام بوو بە هۆی کشانەوەی هێزەکانی عێراق لە کووەیت، زیانێکی قەرەبوو نەکراو بەئابووریی عێراق گەیشت و تەلەفاتێکی زۆری گیانییش لە نیزامی و غەیرە نیزامییانی عێراق کەوت. شوێنەوارەکانی شەڕی خەلیج ئێستایش لە سەر عێراقو خەلکی عێراق ماون، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە لێی بدوێین هیچ کام لە بارەکانی شەڕی خەلیج نین، جگە لەو شتانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە حیزب و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە هەیە.

ڕەنگە پێویستیی بە باسکردن نەبێ کە ڕوودانی شەڕێکی وا گەورە لە عێراق، لە دراوسێیەتیی وڵاتی خۆمان داو لە حاڵێك دا کە زۆر لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی عێراق جێگیر بوون، بمانەوێ و نەمانەوێ شوێنەواری لە سەر ئەم حیزبە دەبێ و هەرواش بوو. یەکێك لە شوێنەوارە بەرچاوەکانی ئەو شەڕە ئەوەبوو کە بۆ یەکەم جار لەمێژوویی پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا بەستنی کۆنگرەی حیزبی دێمۆکرات ساڵێك لە وەختی پێش بینی کراو لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب دا وەدوا کەوت.

دەزانین کە پاش تەواوبوونی شەڕی خەلیج لە کوردستانی عێراق ڕاپەڕینیکی بەرین دەستی پێکردو کوردەکان بە تێگرا، تەنانەت زۆربەی ئەوانەش کە تا ئەودەم لەگەڵ دەوڵەت بوون و

چەکی دەوڵەتی عێراقیان لە شان دابوو، لە دەوڵەت هەڵگەڕانەوەو هێزە چەکدارەکانی دەوڵـەتیان لـە زۆربـەی ناوچـەکان دا چـەك کـرد. ئـەوەی لـەبارەی هەڵوێسـتی حیزبـی دێموکراتـەوە لـەو پێوەندییەدا بۆ باس کردن دەبێ، ئەوەیە کە حیزب بە پێی سیاسەتی ئوسوولیی خۆی لە تـەواوی ئەو رووداوانەدا بێلایەنیی تەواوی خۆی پاراست و تێکەڵ بـە رووداوەکـانی کوردسـتانی عێـراق نەبوو. رەنگە سەرنج راکێش بێ کە بڵێین لە رۆژانی راپەڕین دا تەنیا کەسـانێك کـە پـەلاماریان نەبردە سەر پادگان و پێگە نیزامییە چـۆڵکراوەکانی ئەرتەشـی عێـراق و چـەك و تەقەمـەنی و کەرەسەی نیزامییان کۆنەکردەوە کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. ئەمەش ئاکـامی رێنـوێنیی راشـکاوانەی رێبەرایـەتیی حیـزب بـوو کـە بـە ئەنـدامان و لایەنگرانی خۆی راگەیاند. ئەم رووداوانە تایبەت بە کوردستانی عێراقن و بۆ تێکۆشەرانی حیزب نەهاتوە بە هیچ جۆر خۆیان تێکەڵ بکەن. ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی حیـزب رەنگدانەوەیـەکی باشی لە نێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان و سەرانسەری عێراق دا هەبوو،لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا تەواوی لایەنەکانی ئەو سیاسەتە بـۆ هـەمووان روون نـەبوو، دواتـر هـیچ کـام لـە لایەنەکان چووکترین رەخنەیان لە رەفتارو هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و ئەندامان و لایـەنگرانی نەگرت.

## کۆچی بە کۆمەڵی کوردی عراق و
## هەڵوێستی کوردی ئێران و حیزبی دێموکرات

پاش ئەو راپەڕینە بـەربڵاوە کـە باسمـان کـرد، لـە یەکـەم رۆژەکـانی بـەهاری سـاڵی ١٣٧٠ (١٩٩١)دا دەولەتی عێراق دژەهێرشێکی بۆ سەر کوردستان دەست پێکـرد. لەبـەر ئـەوەی لـەو ماوەیەدا کوردەکـان و تەنانـەت هێـزە سیاسـییەکانیش حیسـابی پـەلامارێکی لـەو بابەتـەیان نەکردبوو و خەڵکەکە زیاتر بە کۆکردنەوەی کەل و پەلی پادگان و پێگە نیزامییەکان و تەنانـەت ئیدارە دەوڵەتییەکانـەوە خـەریك ببـوون تـا خۆئامـادە کـردن بـۆ دیفـاع و رووبەڕووبوونـەوەی هێرشێکی سەربازی، بەربەرەکانییەکی بەرچـاو نـەکراو لـە مـاوەی کـەمتر لـە حەوتوویـەك دا ئەرتەشی عێراق شارە گەورەکانی کوردستان و زۆر شارۆچکەی سەر رێگاکانی گرتـەوەو خـەڵکی کوردستانی عێراق تووشی کۆچ و رەوێکی بە کۆمەڵ بوون. بە پێی ئەو ئامارە نارەسمییانەی بڵاو

کرانەوە نیزیکەی میلیۆن و نیوێك لە کوردەکانی عێراق روویان کردە ئێران و چەند سەد هەزار کەسێکیش پەنایان بۆ تورکیە برد. لێرەش دا ئەوەی دەمانەوێ باسی بکەین هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە گشتی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرامبەر بەو رووداوەیە. چونکە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەدیوی کوردستانی عێراق نیزیك سنوور بوون، بەشێکی یەکجار زۆری ئاوارەکان بە لای وان دا تێدەپەڕین. لە ماوەی حەوتوویەك دا ئۆردووگاکانی سەر بە حیزب لە نیزیك سنوور شەو و ڕۆژ لە میوان مۆنجیان دەداو ئەگەرچی بنەماڵەکانی حیزبیش ئیمکاناتێکی کەمیان هەبوو، بەڵام بە باوەشی گەرم و رووی خۆشەوە پێشوازییان لەو شەپۆلە ئینسانییە کردو هەرچی لە دەستیان هات دەرهەقی ئەو خوشك و برا لێقەوماوانەیان تەنەخییان نەکرد. جگە لەوەش، هەر کە لافاوی پەنابەرەکان بەرەو سنوور وەڕێ کەوت، حیزبی دێموکرات لە رێگای رادیۆو لە هەر رێگایەکەوە بۆی کرا، داوای لە هاونیشتمانانی کوردی ئێران کرد ئەو خوشك و برا لێقەوماوانەیان لە باوەش بگرن و نەهێڵن هەست بە غەریبی و ئاوارەیی بکەن.

بەڕاستی خەڵکی کوردستانی ئێرانیش کە هەمیشە لە میوانداری و لەوەش زیاتر لە کۆمەك بە خوشك و برا ئاوارەکانی کوردستانی عێراق دا نموونە بوون، باش بە پیر بانگەوازی حیزبەوە چوون. بە گەیشتنی پێشەنگی کوردە ئاوارەکان بە خاکی کوردستانی ئێران، ئەو خەڵکە بەشەرەفە وەخۆ کەوتن. هەرچی کەرەسەی هاتووچۆیان هەبوو ناردیانە سنوورەکان بۆ ئەوەی پەنابەرەکان زووتر لە سەرماو سۆڵەی ئەو سەرە بەهارە رزگار بکەن و بیان گەیەننە شارو گوندەکان. ئاخر ئەو ساڵە ئەگەرچی زستانەکەی سەخت نەبوو، بەڵام رۆژەکانی دوای نەورۆز یەکجار تووش بوون، بەفرێکی زۆر لە کویستانەکان باریو باران و لەنگێزەش بۆ ماوەی چەند رۆژ لێی نەکردەوە. لە شار لە دێ ماڵ و مزگەوت و قوتابخانەو هەر شوێنێك دەستی وێرا گەیشت بۆ ئەو پەنابەرانە تەرخان کراو خەڵکی کوردستانی ئێران بە سەخاواتەوە ماڵیان خەرج کردو خۆیان و ماڵ و منداڵیان ماندوو کرد بۆ ئەوەی لە رەنج و مەینەتی ئەو خوشك و برا ئاوارانەیان کەم کەنەوە.

داستانی خزمەت و بە پیرەوەچوون و پێوە ماندووبوونی کۆمەڵانی گەلی کورد لە ئێران دەرهەقی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی عێراق هەر دەبێ لە زمانی ئاوارەکانەوە ببیسی.

کاتێکیش وەزعەکە ئارام بۆوەو بەرەبەرە ئاوارەکان گەڕانەوە کوردستانی عێراق بەدەیان و سەدان و بگرە هەزاران کەس بەسەرهاتی خۆیان و داستانی پیاوەتی و میوانداریی خەڵکی کوردستانی ئێرانیان بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی دیکە گێراوەتەوە. جێگای شانازییە کە لە هیچ کەس نەبیستراوە گلەیی لە خزمەت و میوانداریو هەستی هاودەردیی کوردەکانی ئێران کردبێ. تەنانەت زۆر لەو دۆستانە دەیان گوت:"یاخوا ئێوە لێتان نەقومێ. بە راستی ئێمە ئەوەمان لەدەست نایە". ئێمەش دەڵێین یاخوا لێمان نەقەومێ. بەڵام هیواداریین کوردی عێراقیش و جێیەکانی دیکەش لەو بارەیەوە لە کوردەکانی ئێران وەدوا نەکەون.

داخوا هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران چ بوو؟ دیارە ئەو دەوڵەتە کە دەتوانێ لە وەختێکی وادا سنوور بکاتەوە، یان دایبخا. لەو بارەیەوە دەکرێ بڵێین هەر سنوور کردنەوەکە بۆخۆی کۆمەگێك بە کوردەکانی عێراق بوو. بەڵام ئەوەندەی لێدەرچێ، ئەوەی کۆمەك و ئینسانەتی بوو لە کاربەدەستانی رێژیم دەرهەقی ئاوارەکان نەبینرا. زۆریان سووکایەتی پێکردن و کەمیان یارمەتی دان. نەك هەر ئەوە، بەڵکو رێژیم زۆریشی کەڵکی خەراپ لەو یارمەتییانە وەرگرت کە لە دەرەوە بۆ ئاوارەکان دەهات. چادری نوێی هەڵدەگرت و ئی کۆنی تەحویلی ئاوارەکان دەدا، پەتووی باش و نوێی گل دەدایەوەو پەتووە شڕەی سەربازیی دەدا بە ئاوارەکان و زۆر لەو پارەیە کە لە دەرێڕا دەهات بە قازانجی رێژیم بە نرخی رەسمی کە دەیان جار کەمتر لە بازاڕی ئازاد بوو، دەکرا بە تمەن و دەچووە گیرفانی کاربەدەستە دزو بەرتیل خۆرەکانەوە. بەو حاڵەش هەقە ئەو گلەییە تۆمار بکرێ کە بەرپرسە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لە هەموو لێدوانەکانی خۆیان دا زیاتر سوپاسی کۆماری ئیسلامییان کردو کەمتر لە پیاوەتی و میوانداریی براو خوشکە کوردەکانیان دوان، کە هەق وابوو بە پێچەوانە بێ.

**ـ فەسڵی نۆهەم**

**ـ لە کۆنگرەی نۆهەمەوە تا کۆنگرەی دەیەم (١٣٧٤ ـ ١٣٧٠)**

**<u>کۆنگرەی نۆهەم</u>**

هەروەك پێشتر باس کرا، بە هۆی شەڕی خەلیج و ئالۆزیی وەزعی کوردستانی عێراقەوە کە چار ناچار شوێنەواری لەسەر کارو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەبوو، بەستنی کۆنگرەی نۆهەم نیزیکەی ساڵێك لەو وەختە کە لە پێڕەوی نێوخۆدا پێش بینی کراوە، وەدوا کەوت. بەڵام ئەمە بەهیچ جۆر کاری نالەباری نەکردە سەر خەبات و تێکۆشانی حیزب نە لە باری سیاسی و نە لە باری تەشکیلاتیی‌یەوەو رەنگە لە هێندێ بارەوە قازانجیشی بووبێ. ئاخر وەك دەزانین ساڵ و نیوێك دوای کۆنگرەی هەشتەم، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارەساتی گەورەو دڵتەزێنی وەك شەهید بوونی رێبەری بە توانا، دوکتور قاسملووی بەسەر هاتبوو. راستە کە ئەو کارەساتە بەو جۆرە کە هێندێ کەسی بەدخواز، یان بڵێین ناشارەزا لێکیان دەدایەوە، پشتی حیزبی دێموکراتی نەشکاند، بەڵام شاراوە نیە کە پشت راستکردنەوە لە ژێر باری ئەو کۆستە گەورەیەدا زۆریش ئاسان نەبوو. بۆیە حیزبی دێموکرات پێویستیی بە وەخت و دەرەتانێك هەبوو تا بتوانێ شوێنەوارەکانی ئەم زەبرە کاریگەرە بسڕێتەوەو متمانەو باوەڕبەخۆبوونی جاران بەدەست بێنێتەوە. هەر لەو کاتەدا لە پاش ئەو گێژەڵووکە سامناکە کە بەسەر ناوچەکەمان دا تێپەڕیبوو، بەجێ بوو کۆنگرەی حیزب بۆ ماوەیەك دوا بخرێ تا بەشدارانی کۆنگرە بەرچاویان روونتر بێ و باشتر بتوانن ئاسۆی دوارۆژی خەباتەکەیان ببینن.

کۆنگرەی نۆهەمیش وەك کۆنگرەکانی دیکەی حیزب بە شێوەیەکی شەرعی و ئەساسنامەیی ئامادە کرا، لە هەموو کۆمیتەکانی حیزبی کۆنفرانس پێك هات و نوێنەرانی کۆنگرە بە هەڵبژاردن دیاری کران. لەبەرئەوەی ئەم کۆنگرەیە یەکەم کۆنگرەی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملو بوو، هەم ناوی "کۆنگرەی قاسملوو"ی بۆ پێشنیار کرا، کە کۆنگرە پەسندی کردو هەم لە شەوزستان (شب یلدا)ی ساڵی ١٣٧٠ (٢٢ی دیسامبری١٩٩١ی زایینی)دا کرایەوە کە ساڵرۆژی لە دایك بوونی دوکتوری شەهید بوو.

خەراپ نیە بگوترێ کە بۆ کۆنگرەی نۆهەم هەروەك زۆربەی کۆنگرەکانی مێژووی تازەی حیزب ساڵۆن لە نوێ دروست کرا. ئەویش دیسان بە دیواری بلووك و شیروانیی بە دارو نایلۆن لە شوێنێکی سەخت و ئەستەم و ساردو بەفرگر بە ناوی "گەڵی بەدران" لە نیزیك گوندی بەناوبانگی "زارگەڵی" لە ناوچەی ناسراو بە "ناوچیا" لە کوردستانی عێراق. ئەمەشیان هەر بۆ

یاد کردنەوە دەبێ کە ماوەیەکی کەم دوای کۆنگرە سالۆنی تاین کەوتــە بــەر ڕنــووی بێئــەمانی بەفری کەم وێنەی ئەو ساڵەو تێك و پێك چوو.

بە خۆشی‌یەوە کۆنگرەی نۆهەم جگە لە هێندێ مەسەلەی وردی تەکنیکی لــەبارەی کاروبــاری کۆنگرەوە، مەسەلەیەکی بەرچاوی جێگای ناکۆکیی تێدا نەبوو، و هەربۆیەش باسەکانی کــۆنگرە سەرتاسەر لەبارەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و بەرنامەو پێــڕەوی نێوخــۆو بەڵگــەکانی دیکــەی کۆنگرەوە بوون، نەك لەسەر کێشەی لاوەکی و ناکۆکیی ئیدئۆلۆژیکی و سیاسی. جێگای سەرنجە کە باس لەسەر راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بە تەنیا ســێ ڕۆژ لــە کــاری کــۆنگرەی بــە خۆیــەوە خــەریك کــرد کــە بــوو بــە مایــەی تــەواو کردنــی راپــۆرت و تێروتەســەلترکردنی لێکدانــەوەو هەڵسەنگاندنەکان.

وەك عادەتی هەموو کۆنگرەکانی حیزب لە دوا بەشــی کــاری کــۆنگرەدا کۆمیتــەی ناوەنــدی هەڵبژێرا کە لەم کەسانەی خوارەوە پێك هاتبوو:

| | |
|---|---|
| ١ـ دوکتور صادق شرفکندی | ئەندام |
| ٢ـ حسن شیوەسەڵی | " |
| ٣ـ دوکتور حسین خلیقی | " |
| ٤ـ باباعلی مهرپرور | " |
| ٥ـ حسن شرفی | " |
| ٦ـ رحمان رحیمی (چەکۆ) | " |
| ٧ـ مصگفی مولودی | " |
| ٨ـ غفور حمزەای | " |
| ٩ـ محمود دشتی | " |
| ١٠ـ محمد علی عنایتی | " |
| ١١ـ فتاح عبدلی | " |
| ١٢ـ مصگفی هجری | " |
| ١٣ـ محمدنثیف قادری | " |

١٤ـ عبدالله شريفى "
١٥ـ سلام عزيزى "
١٦ـ منصور فتاحى "
١٧ـ عبدالله ابراهيمى "
١٨ـ شاهۆ حسينى "
١٩ـ عبدالله حسن زاده "
٢٠ـ ابراهيم صالحى راد (لاجانى) جێگر
٢١ـ حسن قادر زاده "
٢٢ـ محمد شهروان "
٢٣ـ لقمان مهفر "
٢٤ـ سيدرسول سيداحمدى "
٢٥ـ كاوه بهرامى "
٢٦ـ سيد احمد حسينى "
٢٧ـ عمر حميدى "

كۆميتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی كۆنگرە لە كۆبوونەوەیەكی كورت دا شەهید كاك دوكتور "صادق شرفكندی"ی بە سكرتێری گشتیی حیزبی هەڵبژاردو راپۆرتی بە كۆنگرە دایەوەو دوایەش لە كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندی دا ئەم چوار كەسە بوونە ئەندامی دەفتەری سیاسی:

١ـ مصگفى هجرى
٢ـ حسن شرفى
٣ـ باباعلى مهرپرور
٤ـ عبدالله حسن زاده

هەر لەو كۆبوونەوەیەدا كاك مصگفى هجرى وەك جێگری سكرتێر دیاری كرا. شایانی باسە كە پاش شەهید بوونی دوكتور صادق شرفكندی و كاك فتاح عبدلی لە ساڵی ١٣٧١دا لە كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندیدا هاورێ كاك مصگفى هجرى وەك سكرتێری حیزب هەڵبژێردرا،

عبدالله حسن زاده به جێگری سکرتێر دیاری کرا، کاك سیدسلام عزیزی بوو به ئەندامی دەفتەری سیاسی و دوو کەس لە جێگرەکانیش (کاك برایم لاجانی و کاك عمر حمیدی) کرانە ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی.

جگە لەمانە لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دا ئەم چەند هاوڕێیەش کران بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی:

١ـ سید ابراهیم هاشمی

٢ـ عمر باڵەکی

٣ـ سیدرچا درودگر

٤ـ احمد پادگانی

٥ـ تیمور مصگفائی

سەرکەوتنی کۆنگرەی نۆیەم گڕوتینێکی تازەی بە کارو تێکۆشانی حیزبی دایەوەو هیواو هومێدێکی زیاتری خستە نێو دڵی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب. هەم دوژمنان و موخالیفانی حیزب و هەم هێندێ کەسی دڵسۆز بەڵام ناشارەزا، پێیان وابوو حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی نۆهەم دا تووشی لەت لەت بوون دێت. چونکە رێبەرایەتیی حیزب دوای دوکتور قاسملوو ئەو تواناو ئۆتۆریتەیەی نەبووە کە یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب و یەکیەتیی سیاسیو تەشکیلاتیی حیزب بپارێزێ. بەڵام رووداوەکانی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو هەموویان و یەك لەوانیش کۆنگرەی نۆیەم نیشانیان دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەك قاسملووی نەمر دەیەویست بە هیچ کەسەوە بەستراوە نیەو لە دەست دانی یەك یان چەند رێبەر هەر چەندیش گەورە بن و شوێنەواریان لە بەردەوام بوونی رەوتی تێکۆشانی حیزب دا زۆر بێ، بناخەی حیزبی دێموکرات لەق ناکا. تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لەسەر هێندێ ئامانج و بیروباوەڕو پرەنسیپ یەکیان گرتوە کە هەموو کاتێك دەتوانن یەکیەتیی ریزەکانی و بەردەوام بوونی خەبات و تێکۆشانی دەستەبەر بکەن.

بە دوای کۆنگرەدا کۆنفرانسەکانی مەڵبەندو شارستان بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتە نوێیەکان گیران و سەرلەنوێ کاروبارو بەرپرسایەتی‌یەکان هەر لە سەرێ تا خوارێ لە نێو کادرەکانی حیزب دا

دابەش کرانەوە. ئەگەرچی بەهۆی زستانی سەخت و بەفری زۆری ساڵی ١٣٧٠ فەسڵی عەمەلیات و کارو چالاکیی پێشمەرگە تا رادەیەك درەنگتر لە ساڵان دەستی پێکرد، بەڵام لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کارو تێکۆشانی حیزبی دا زۆر زوو ئەم وەدواکەوتنە قەرەبوو کرایەوەو هەڵسووڕانی کادرەکان و فەرماندەرو پێشمەرگەکان خێرایی و پەرەگرتنێکی نوێی بە خۆیەوە دی.

## دوو ئۆرگانی تازەی حیزبی

لە پێشەوە باس کرا کە دەفتەری سیاسی بۆ کاروباری خۆی چەند کۆمیسیۆنێکی لێجیا بوونەوە. بەڵام دوای کۆنگرەکانی هەشتەم و نۆیەم دوو ئۆرگانی دیکە بە دەوروبەری کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی‌یەوە دروست بوون کە لەبەر گرنگیی هەردووکیان باشە بە کورتی باسیان بکرێ:

کاری ئەمنیەتی و پاراستنی حیزب و ئۆرگان و ئەندامەکانی لە پیلانی دوژمنان و ناحەزان لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە تا ساڵی ١٣٦٧ بە شێوەیەکی ناڕەسمی‌و ناڕێکوپێك هەر لە ئەستۆی تەشکیلات و ئەندامانی حیزب بوو. بەڵام پەرەگرتنی تێکۆشانی حیزب لە لایەك و بەربڵاویی نەخشەو پلانە تیرۆریستی‌یەکانی رێژیمی ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە حیزبی دێموکراتیان هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە ئۆرگانێکی تایبەتی بۆ دەفعی شەڕی دوژمن و پاراستنی ئۆرگانەکان و کادرەکان و ئەندامانی حیزب پێك بهێنرێ.

بۆ ئەو مەبەستە دوای کۆنگرەی هەشتەم بەرەبەرە کار لەسەر پێك هێنانی کۆمیتەیەك بەناوی کۆمیتەی ئەمنیەت کرا. ئەم کۆمیتەیە سەرەنجام بە شێوەیەکی رەسمی دامەزراو ئایین نامەی تایبەت بە خۆی بۆ نووسراو دەستی بەکار کرد. دیارە هەم ئیمکاناتی ماڵی و تەکنیکی بۆ ئەو کۆمیتەیە لەو پەڕی ناتەواوی دا بووەو هەم بە گشتی حیزبی دێموکرات لەو بوارەدا ئەزموونی کەمی هەبووە. بەڵام بەو حاڵەش لە ماوەی چەند ساڵ کارو تێکۆشانی ئەو کۆمیتەیەدا، کادرەکان و ئەندامانی حیزب لەو بەشەدا بە هەوڵ و تەقەلای بێوچانی خۆیان توانیویانە دەیان و بگرە سەدان نەخشەی دوژمن بۆ زەربەوەشاندن لە حیزب پووچەڵ بکەنەوەو کۆمەگێکی زۆر بە پاراستنی گیانی رێبەران و بە گشتی تێکۆشەرانی حیزب بکەن.

کۆمیتەیەکی گرنگی دیکەی حیزبی کە ئەمەیان بە دوای کۆنگرەی نۆهەم دا دروست بوو کۆمیتەی ئاموزش بوو. پێشتر باسی کاری فێرکردن لەحیزب دا کراو لەو پێوەندیەدا ناوی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیمان بردو بە کورتی رەوتی کاری فێرکردن لە حیزبمان دا خستە بەرچاو. بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی پاش کۆنگرەی نۆهەم لەسەر پێشنیاری کۆنگرە هەوڵی دا ئۆرگانێکی تایبەتی بۆ فێرکردن لە حیزب دا دامەزرێنێ. ئەویش بەو مەبەستە کە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی زیاتر سەرنج بداتە سەر پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ئەو لاوە کوردانە کە تازە روو دەکەنە ریزی پێشمەرگایەتی و بۆ کاری فێرکردنی سیاسی و دەرمانی و بوارەکانی دیکە ئۆرگانێکی دیکە پێك بهێنرێ.

بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەیەکی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی بە ناوی کۆمیتەی ئاموزش دامەزراو دەستی بەکار کرد. ئەم کۆمیتەیە لە ماوەیەکی کەم دا جێگای خۆی کردەوەو تا ئێستا چەندین دەورەی جۆراوجۆری سیاسی و دەرمانیو...ی پێك هێناون و لەهێندێ بواری وەك وەرزش و کێبەرکێی زانیاریی گشتیدا لاوەکانی بۆ زیاتر خوێندنەوەو زیاتر فێربوون هان داوە.[8]

## کۆستێکی دیکە

هێشتا برینی سەر دڵی رۆڵەکانی گەلی کورد بە شەهیدبوونی رێبەری پایەبەرز دوکتور قاسملوو سارێژ نەبۆوە، کە خەڵکی کوردستان ئەژنۆی غەمێکی تازەیان لە باوەش گرت. هاوینیساڵی ١٣٧١ (١٩٩٢) دوکتور صادق شرفکندی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەسەرکردنەوەی کاروباری حیزب لە دەرەوەی وڵات و پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە ئێرانییەکان سەفەری ئورووپای کرد. لە درێژەی مانەوەی لە ئورووپادا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی نۆزدەهەمی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست دا بانگهێشتن کراو لە رۆژەکانی ١٥تا ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٤تا٢٦ی خەرمانانی١٣٧١) بە سەرپەرستیی هەیئەتێك کە جگە لە خۆی لەهاورێ کاك فتاح عبدلی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هاوڕێ همایون اردلان نوێنەری

[8] ئەم کۆمیتەیە دوای کۆنگرەی یازدەهەم بوو بە کۆمیسیۆن و ناوی کرا بە "کۆمیسیۆنی فێرکردن" ـ چاپی سێهەم ـ

حیزب لە ئەڵمان و دۆستێکی لەمێژینەی حیزب بەناوی نوری دهکردی پێک هاتبوو، لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە شاری بێرلینی ئەڵمان دا بەشدار بوو.

دەڵێن مێژوو دووپات دەبێتەوە. بەڕاستی ئەمە لەبارەی حیزبی دێموکراتەوە راست دەرچووە. دوکتور قاسملوو پاش بەشدار بوون لە کۆنگرەی هەژدەهەمی ئەنتەرناسیۆنال دا ئێوارەیەکی پێنج شەممە کەوتە بەر دەسڕێژی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی و رۆژی هەینی خەبەری شەهید بوونەکەی بە هاوبیرو هاوسەنگەرەکانی گەیشت. لەبارەی دوکتور سەعیدیشەوە هەروا بوو. ئەویش دوای تەواوبوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال و راست لە ئێوارەی دوای تەواو بوونی کۆنگرەش دا کە بە ریکەوت ئەو رۆژەش هەر پێنج شەممە بوو، کەوتە بەر دەسڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کراو رۆژی دواتر کە رۆژی هەینی و پشوودان بوو هەواڵی دڵتەزێنی شەهید بوونی گەیشتە هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی.

جیاوازیی ئەو دوو رووداوە لەوەدا بوو کە جاری یەکەم تیرۆریستەکان لە لیباسی دیپلۆمات دا بەناوی وتووێژی ئاشتیخوازانەوە دوکتور قاسملوویان خستە داو و جاری دووهەم دوکتور شرفکندی لە ریگای کۆبوونەوەیەکەوە تەڵەی مەرگی بۆ دانرا کە بە رواڵەت بۆ وتووێژ لەبارەی رێگاکانی لابردنی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێك هاتبوو. داستانەکە بەو جۆرە بوو کە لە رۆژێك پێش تەواو بوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستەوە قەرارو مەدار دادەنرێ کە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ١٧ی سێپتامبر لە ریستۆرانێکی بێرلین بەناوی میکۆنووس کە گۆیا پێشتر ریستۆرانێکی یۆنانی بووەو دوایە بۆتە هی عزیز غفاری یەکێك لە ئەندامانی کۆنی سازمانی چریکە فیدایی‌یەکانی گەلی ئێران و لەراستی‌دا بۆتە مەکۆی ئێرانی‌یەکان، کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی دوکتور شرفکندی‌و هاوڕێیانی و نوێنەرانێك لە سازمانی فیدایی‌یانی گەلی ئێران و جمهووریخوازانی میللیی ئێران و حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران و هێندێك شەخسییەتی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆن پێك بێ. ئەو کۆبوونەوەیە بەو مەبەستە رێك دەخرێ کە لەسەر هاوکاریو لێك نیزیك بوونەوەی دەستەو تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆن و رێگاکانی خەبات بۆ لابردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی باس و وتووێژ بکاو بەردی بناخەی هاوکاری‌یەکی نیزیکتر و خەباتێکی هاوبەش لە نێو حیزب و رێکخراوە ئازادیخوازەکانی ئێران دا دابنێ. بە هەر هۆیەك و لە هەر

ڕێگایەکەوە بووە، کات و شوێنی ئەو کۆبوونەوەیە بـۆ دەزگـای تـیرۆرو ئینسـانکوژیی کۆمـاری ئیسلامی لە ئورووپا کە وادیارە ناوەندەکەی لە بۆن پێتەختی ئەڵمانـە، مـەعلووم دەبـێ و ئـەو دەزگایە کە لەمێژەوە بۆ لەداوخستن و لەنێوبردنی دوکتور شرفکندی لە هەوڵ دا بووە، نەخشـەی تیرۆری ئەو و هاوڕێکانی دەکێشێ.

بەهەرحاڵ، ڕۆژی دیاری کراو دوکتور شرفکندیو هاوڕێیانی دەچنە شـوێنی چـاوپێکەوتنەکەو بەشێك لە لایەنەکانی دیکەش نوێنەریان دەچێ. هێندێك لەوانەش کە پێشتر قـەرار بـووە بچـن، لەبەر نەخۆشی یان لەبەر ئەوە کـە بـاش لـە کـاتی چـاوپێکەوتنەکە حـاڵی نـەبوون، بەشـداری کۆبوونەوە نابن. دانیشتن و قسەکردن تا سەعاتی ١١ی شەو دەکێشێو لەو کاتەدا دووکەس لێیان وەژوور دەکەون و پاش یەك دوو قسـەی ناشـیرین دوکتـور سـەعیدو هاوڕێیـەکانی دەدەنـە بـەر دەسڕێژ. دوکتورو کاك فتاح و کاك همایون هەر لەوێ شەهید دەبن و کاك نوری دهکـردییش لـە ڕێگای نەخۆشخانەدا تەواو دەبێ. خاوەنی ریستۆران عزیز غفارییش کە وا دیارە بە غەڵەت بـەر دەکەوێ، بە برینداری دەنێردرێتە نەخۆشخانە کـە پـاش ماوەیـەك لـە نەخۆشـخانە دەردەچـێ و برینەکانی سارێژ دەبنەوە.

ئەوە کە چەند کەس لـە ئەنـدامانی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی لـە کۆبوونەوەیـەکی هاوبـەش دا دەکەونە بەر پەلاماری تیرۆریستی بـەڵام لـە نوێنـەرانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بەولاوە کەس زیانێکی پێناگا، ئەو کاتیش هێندێ پرسیاری هێنایـە پـێش و ئێسـتاش ناتوانـێ جێی پرسیار نەبێ. ئەوکات کە بۆ بەشداری لـە ڕێورەسمـی بـە خـاك سـپاردنی شـەهیدەکان دا چووبوومە پاریس لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی دا پرسـیارم لـێکرا، کـە بلێـی ئەوانـەی لەگـەڵ دوکتور شرفکندیو هاوڕێیەکانی دانیشتوون، ئاگایان لە پیلانەکە نەبووبێ، جوابی مـن ئـەوەبوو کە ناتوانم بـەڕەسمی تۆمـەتی ئاگـادار بـوون لـەو پیلانـە بدەمـە پـاڵ هـیچ کامێکیـان. بـەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو پرسیارە بەجێیە. تا ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسرێن، ئەگەرچـی دادگا لەبارەی یەکێك لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەوە هێندی پرسیاری بۆ هاتۆتە پـێش، بـەڵام بـە ڕەسمـی نـە حیزبـی دێمـوکرات و نـە کـەس وکـاری قوربانیـەکان و نـە دادگـا هـیچ کـام لـە هاوەمەجلیسەکانی دوکتور شرفکندییان بە ئاگادار بوون لە نەخشەی تیرۆرەکەو دەست تێدابوونی

تاوانبار نەکردوە. بەو حاڵەش کەمتر شت کە لەو پێوەندی‌یەدا دەکرێ بگـوترێ ئەوەیـە کـە ئـەو کەسانەی بەشـداری کۆبوونەوەکـە بـوون و نـەکوژراون، بـۆ رێـژیمی ئیسـلامی و پیاوکوژەکـانی ناسراون، بەڵام ئەوەندە مەترسی‌یان بۆ رێژیم نەبووە کە بە پێویست بزانێ تیرۆریان بکا.

خەبەری تیرۆری دوکتور شرفکندی و هاورێیـانی بـۆ هـەموو کـوردێکی دڵسـۆز دڵتـەزێن و خەفەت هێن بوو. بەڵام بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات جەرگبڕتر بوو. راسـتە کـە نەخشـی دوکتـور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زۆر لـە نەخشـی دوکتـور سەعید گەورەتر بوو، و لەو بارەیەوە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو کەلێنێکی گـەورەتری خسـتە ریزەکانی حیزبەوە. بەڵام لە بارێکی دیکەوە تیرۆری دوکتور شرفکندی برینی بەژانتر بوو. چونکە لە ماوەی سێ ساڵ دا ئەوە دووهەم برینی وا بە ژان بوو کە دەکەوتە لەشی حیزبـی دێمـوکرات و لەوەش تاڵتر ئەوەبوو کە بۆ دووهەم جار لە رێگای تیرۆرەوەو لە راستییش دا لەبەر بێ‌موبـالاتی، شەخسی یەکەمی حیزب وا بە سووك و هاسانی دەکەوتە داوی پیاوکوژانی کۆماری ئیسـلامی و شەهید دەبوو. رەنگە دەیان و بگرە سەدان کەس ئەم پرسیارەیان لە ئەندامانی حیزبی دێمـوکرات کردبێ، کە بۆچی ئەزموونتان لە تیرۆری دوکتور قاسملوو وەرنەگرت! بەڵام کەسمان جوابێکی نەبوو بیداتەوە. بەڕاستی هەمووومان بۆ ئەوە دەبووین لەو بارەیەوە سەرکۆنەی خۆمان بکەین.

بێجگە لەو بێ‌باکی‌یە کە لە پاراستنی گیانی دوکتور سەعیدو هاورێیانی دا کرابوو، هێنـدێ عەیبی دیکەش لە کارەکـە دا هـەبوون. لـە جـێدا چـاوپێکەوتنی سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مەگەر لە دەفتەری کـاری خـۆی، ئـەگینا دروسـت نـەبوو لەگـەڵ کەسانێك لەو پلە تەشکیلاتی‌یەدا بێ کە ئەو شەوە هاومەجلیسی دوکتور شرفکندی بوون. پاشان وەختێك ریستۆرانێك بە مەکۆی ئێرانی‌یەکان ناسراوە، ئاشکرایە کە هەمیشە لە ژێر چـاوەدێریی پیاوکوژەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی دایـەو بـۆ هـیچ تێکۆشـەرێکی ئۆپۆزیسـیۆن بـە تایبـەتی تێکۆشەرانی دێمـوکرات نـەهاتوە رووی تێ‌کـەن. لەمانـەش بگەرێتـەوە گۆیـا ئـەو ریسـتۆرانە ریستۆرانێکی دەرەجە سێ و چوارە کە هەر جـوان نیـە سـکرتێری حیزبێکـی گـەورەو گـران لـە وڵاتێکی ئورووپایی چاوپێکەوتنەکانی لە جێگایەکی وا دابنێ. لەوانەش سەیرتر ئەوەبووە کە دوو رۆژ پێشتر بە تەلەفۆن و تەلەفۆن کاری باسی ئەو کۆبوونەوەیە کراوەو ئیمکـانی ئاشـکرا بـوونی

یەکجار زۆر بووە، بەڵام بیری لـێنەکراوەتەوە. دەکرا لە پۆلیسی ئەڵمان داوای پارێزگاری بکـرێو مسۆگەر قبووڵیش دەکرا، چونکە دوکتور سەعید جگە لەوە کە سکرتێری حیزبی دێموکرات بوو، میوانی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیش بوو، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەکراباو تەنیا دوو کەسی بێچەکی خۆمان لەو دەوروبەرە دانرابایەن، ئیمکانی سەرکەوتنی تیرۆریستەکان ٨٠٪دەهاتە خوار. ئەمانە بۆیە پێویستە بگوترێن کە لەمەولا دەرسیان لـێوەربگیرێو جارێکی دیکەش تووشی ئەو خەسارە یان باشتر بڵێین ئەو جۆرە بەفریوچوون و لە داوکەوتنە نەبینەوە.

لەگەڵ هەموو تاڵی و ناخۆشیی رووداوەکەدا مەرگی دوکتور شرفکندی و هاوڕێیانی جـارێکی دیکە هاودەردیی کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی کوردو ئێرانی و بێگانەی بۆ لای حیزب راکێشـا. ئەگەرچی لە مەرگی دوکتور قاسملووش دا خەڵکی کوردسـتانی عێـراق هاودەردیيـەکی زۆریـان لەگەڵ کوردی ئێران و حیزبی دێموکرات کرد، بەڵام ئەمجارەیان بە هۆی گۆڕانی هەل و مەرجەکەوە شتێکی دیکە بوو. لە سێ شاری مەرکەزی ئوستان لە کوردستانی عێراق، سـلێمانی و هـەولێرو دهۆك و لە زۆر شاری چووکتری مەرکەزی فەرمانداری، بۆ نموونە قەڵادزێ، رانیە، کۆیە، دیانـان، پێنجوین و... مەجلیسی سەرەخۆشی دانراو خۆپێشـاندان بـە دژی رێـژیمی تیرۆریسـت پـەروەری کۆماری ئیسلامی وەڕێ خرا. بنکەکانی حیزب بە هەزاران کوردی دڵ بریندارو دڵسۆزیان وەرگرت کە بۆ نیشاندانی هاودەردی و کەم کردنەوە لەخەم و پەژارەی تێکۆشەرانی دێموکرات روویان تـێ دەکردن. بە سەدان نامەو پەیامی سەرەخۆشی بەدەفتەری سیاسی و بنکەکانی حیـزب گەیشـتن و چەندین پارچە پەخشان و شێعری جوان و هەست بزوێن لە لایەن ئەدیبانی کوردەوە نووسران و بـۆ حیزبی دێموکڕات بەڕێ کران.

ڕێورەسمی ناشـتنی دوکتـور شـرفکندی و هاوڕێیانیشـی هـەروەك هـی دوکتـور قـاسملوو و هاوڕێیانی بە شکۆ بوو. وەك دەزانین ئەوانیش هەر لە پاریس و لە گۆڕستانی پێرلاشێز بـە خـاك سـپێردران. لـەو بارەیەشـەوە هـاودەردیی هێـزو شەخسـییەتە سیاسـیـیە کـوردو ئێرانـیو ئورووپاییيەکان بە هەق جێگای شانازی و شیاوی گەورەیی کارەساتەکە بوو. بە هەزاران کەس لە بنکەی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس دواماڵئاواییيان لـە شـەهید دوکتـور شـرفکندی کـردو لـە ڕێپێوانێك دا کە بەو بۆنەیەوە رێك خرا بەشدار بوون و لە گۆڕسـتانی پێرلاشـێز گولێـان لەسـەر

گڵکۆی پیرۆزی شەهیدەکان دانا. لەگەڵ کەمیی وەختەکەش زۆر پەیام لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان خوێندرانەوە، بۆ نموونە پەیامی مادام میتران سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرتێ، دوکتور بێرنارد کۆشنێر وەزیری کاروباری ئینسانیی فەرانسە، دوکتور بێرنارد گرانژۆن سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان، خانمی کلۆدیا ڕۆت ئەندامی پارلمانی ئورووپا لە حیزبی سەوزەکانی ئەڵمان و تێکۆشەری ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئاغای مهدی خانباباتهرانیو دیارە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبیش کە لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە خوێندرایەوەو ئەمەش دەقەکەیەتی:

*دۆستانی بەڕێز!*

*شەخسییەتە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان!*

*نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە سیاسییە ئێرانی و کوردستانی و ئورووپاییەکان!*

*ئەمجاریش لە پێرلاشێز پێك گەیشتینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دەستەیەکی دیکە لە قوربانیانی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتی بە خاك بسپێرین. شەهیدانی ئەمجارەمان دوکتور "صادق شرفکندی" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك "فتاح عبدلی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپاو کاك "همایون اردلان" بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەڵمانن کە ڕۆژی پێنج شەممۆ ۱۷ی سێپتامبر لە بێرلین کەوتنە بەر دەسرێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانی خۆیان لە دەست دا. لەگەڵ ئەو خۆشەویستانەدا تێکۆشەرێکی دیکەی ئێرانی و دۆستێکی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات بەناوی "نوری دهکردی" شەهید بوو کە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لە بێرلین بەخاك سپێردرا.*

*دوکتور "صادق شرفکندی" پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ساڵی ۱۹۸۹دا ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دەستەوە گرت. لە کاتێك دا هێندێك کەس لە دەرەوەی حیزبی دێموکرات دا پێیان وابوو بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو فاتیحەی حیزبی دێموکراتیش خوێندراوە، دوکتور "شرفکندی"، بە زانایی و لێوەشاوەییو پشتکارو مودیرییەتی تایبەت بە خۆی بە جۆرێك ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی حیزبی گرتە دەست کە نە دۆست و نە دوژمن نەمانی*

قاسملووی مەزن بە حیزبی دێموکراتەوە نەبینن. بەراستی جێنشینێکی شایستە بۆ دوکتور قاسملوو و ڕێبەرێکی لێوەشاوە بۆ قۆناغی پڕکارەساتی ئەمڕۆی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو. دوکتور "شرفکندی"یش هەروەك دوکتور قاسملوو بە باشی هەستی بە پێویستیی پێوەندیی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ خەباتی رزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێران کردبوو. بۆیە لە پێناوی نیزیك بوونەوەی زیاتر لە ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەوڵ و تەقەلایەکی بێوچانی دەست پێکردبوو. بەداخەوە هەر لە درێژەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەش دا بوو کە دوژمنانی یەکیەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران دەرفەتیان لێ‌دی و لەنێویان برد. "شرفکندی" هەر لەو کاتەدا، باوەڕێکی پتەوی بە هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستانی ئێران لەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دا هەبوو. لەو بارەیەشەوە دوکتور "شرفکندی" نەخشی خۆی وەك ڕێبەرێکی لێوەشاوەی کورد بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبرد. "شرفکندی" زۆر باش توانیبووی ئەو ناتەبایی‌یەی هێندێك کەس لە نێوان کوردبوون و ئێرانی بوون دا هەستی پێ‌دەکەن، چارەسەر بکا. ئەو باش دەیزانی نەك هەر ئەم دووانە پێکەوە ناتەبا نین، بەڵکوو لە جێدا قازانجی مەشرووعی گەلان لە هیچ جێگایەکی دنیا ناتەبایی لەگەڵ یەکتر پەیدا ناکات.

ڕێبەری لە دەست چوومان زۆر باش ئەو ڕاستی‌یە تێگەیشتبوو کە لە دنیای ئەمڕۆدا ڕاکێشانی پشتیوانی و هاودەردیی بیروڕای گشتیی جیهانی‌و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ لای خەباتی خەڵکی کوردستان یەکێك لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە، بۆ ڕاکێشانی ئەو پشتیوانی و هاودەردی‌یە بوو کە لە مانگی ژووئیەی ئەو ساڵ دا سەفەری ئورووپای کردو هەر لەچوارچێوەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەش دا میوانی کۆنگرەی "بین الملل سوسیالیست" لە بێرلین بوو کە بەداخەوە تەنیا چەند سەعات دوای تەواو بوونی ئەو کۆنگرەیە دەستی تاوان کۆتایی بە تەمەنی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد هێنا.

ئەو تایبەتمەندی‌یانەی دوکتور "شرفکندی" ببوونە هۆی ئەوە کە ڕێژیمی ئازادی‌کوژی کۆماری ئیسلامی رقی لێ‌هەڵگرێ‌و هەنگاو بە هەنگاو بە دوایەوە بێ تا لە جێگایەك دەرفەتی لێ‌بێنێ‌و رقی کۆنەپەرستانەی خۆی پێ‌بڕێژێ. هەر ئەو تایبەتمەندی‌یانەش، ئێوە دۆستانی

خۆشەویست و لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەریی لەسەر گڵکۆی پیرۆزی دوکتور "شرفکندی" کۆ کردۆتەوە.

دۆستانی خۆشەویست! هەقیقەتێکی زۆر تاڵە کە لە ماوەی تەنیا سێ ساڵ و سێ مانگ دا تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دوو ڕێبەری بەوەج و هەڵکەوتووی لە باوەشی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رفاندوە، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد لە ئێران دا بە چۆك دابێنێ و سەر بە خەڵکی کوردستان نەوی بکات. تا ئەو جێگایە کە مەسەلەکە پێوەندیی بە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردەوە هەیە، ئێوەو هەموو ئۆگرانی ئازادیو دادپەروەری لە جیهان دا دڵنیا دەکەین کە ئاڵای دەستی ڕێبەرانی شەهیدمان ناکەوێتە زەوی و قوتابی‌یەکانی قاسملوو و شەرەفکەندی بە ئیرادەیەکی پتەوتر لە جارانەوە ڕێگاکەیان درێژە پێ‌دەدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ئازادیخوازان و بەشەردۆستانی دنیاش ریزە چاوەڕوانی‌یەکی هەیە. لە پێش هەموو شتێك دا ئەوە کە ڕێگا نەدرێ تاوانی ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ٩٢ی بێرلێنیش هەروەك جینایەتی ١٣ی ژووئیەی ٨٩ی وییەن بێ‌سزا بڕوات. تیرۆری دوکتور "شرفکندی" تەنیا دەستدرێژی بۆ سەر گیانی ئەو ڕێبەرەو هاوڕێ شەهیدەکانی نەبوو، بەڵکوو دەستدرێژی بۆ سەر خەباتی رزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێران، بۆ سەر خەباتی هەقخوازانەی هەموو خەڵکی کوردستان، بۆ سەر ناو و ناوبانگی "انترناسیونال سوسیالیست"، بۆ سەر حورمەتی خاکی ئەڵمان و بۆ سەر هەموو مەوازینی ئینسانی و هەموو ڕێوشوێنێکی پەسند کراوی نێونەتەوەیی بوو. دەبا بە هەموومان هەوڵ بدەین تاوانباران سزای واقیعیی خۆیان وەربگرن و جارێك بۆ هەمیشە کۆتایی بە جینایەتە دژی ئینسانی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بهێنرێ.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکان ئەوانە کە دەتوانن تەئسیر لەسەر ڕووداوەکان دابنێن و ئەوانە کە ئەگەر بیانەوێ دەتوانن نەزمێکی نوێ لە جیهان دا دامەزرێنن، یارمەتیی گەلی کورد بدەن بۆ ئەوەی بە یەکجاری لەو مەینەتی و ڕۆژڕەشی‌یە رزگاری بێ. یارمەتیی گەلانی ئێران بدەن بۆ ئەوەی بتوانن زنجیری خەفەقان و زەبروزەنگ لە دەست و پێی خۆیان بپسێنن. تا کەنگێ ئێران ببێتە کوشتارگای ئینسانە ئازادیخوازو ڕووناکبیرو

پێشکەوتووەکان؟ هەتا کەنگێ "مصونیت دیپلوماتیك" وەك وەسیلەیەك بۆ تیرۆرو ئینسانکوژی کەلکی لێ وەرگیرێ؟ تا کەنگێ وڵاتانی ئورووپایی مەیدانی رمبازیی تیرۆریستەکانی حکوومەتی ئاخوندی بن و کەسیش بە خۆیان و حکوومەتەکەیان نەڵێ پشتی چاوتان برۆیە؟ سەرەنجام تا کەنگێ گەلی کورد لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهانیو مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بە تاوانی داوای سەرەتایی ترین مافەکانی قەڵاچۆ بکرێ؟ لە ئێوە ئینسانە شەریف و ئینساندۆستەکان دەپرسم زوڵم لەوە گەورەتر کە ئەوانەی لە پێناوی گەل و نیشتمانی خۆیان دا گیانیان بەخت دەکەن لە سەرتاسەری ئەو خاکەی لە پێناوی دا مردوون دوو گەز خاکیان بەر نەکەوێ کە بە حورمەتەوە تێی دا بنێژرێن و گڵکۆکەیان ببێتە زیارەتگای ئەویندارانی ئامانجەکانیان و رێبوارانی رێگاکەیان؟ بۆ چی ئەوانە دەبێ ناچار بن هەزاران کیلۆمیتر دوور لە خاکی نیشتمان چەند گەز خاك بە ئەمانەت وەرگرن تا تێی دا بحەسێنەوەو تێی دا بحاوێنەوە؟

رەنگە دۆزینەوەی یەك یەکی ئەو تیرۆریستانە کە دەستدرێژیی یان کردۆتە سەر رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کارێکی گران بێ. بەڵام بەراستی دۆزینەوەی ئەو دەستە کە لە پشتی هەموو ئەو کردەوە تیرۆریستییانەیە، کارێکی ئاسانە. دەبا ئەو دەستە لە بن دا ببڕین و مرۆڤایەتی لە شەڕی تیرۆریزم رزگار بکەین.

لە کۆتایی دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئێوە بەرێزان دەکەم کە زەحمەتتان کیشاوەو لە رێورەسمی بەخاك سپاردنی شەهیدەکانمان دا بەشدار بوون. هەر لەو کاتەدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە نامە یان تەلەفۆن یان تەلەگراف یان بە هەر شێوەیەك، هاودەردیی خۆیان لەگەڵ حیزبی ئێمەو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا دەربڕیوە. هەروەها سوپاسی گەرمی خۆم پێشکەش بە دەوڵەت و میللەتی فەڕانسە دەکەم کە لەو موسیبەتەدا بە گەرمی هاودەردیو هاوکارییان لەگەڵ ئێمە کرد.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی نەمری شەهیدانی تازەمان دوکتور "صادق شرفکندی"، کاك "فتاح عبدلی"، کاك "همایون اردلان" و کاك "نوری دهکردی"!

لێرەدا ناکرێ بە ئەمەگناسینەوە باس لە رەفتارو کردەوەی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەڵمان نەکرێ. بە پێچەوانەی رووداوی ئوتریش کە لەوێدا تیرۆریستەکان بە جل و بەرگی خوێناوییەوە لەبەر دەستی پۆلیس دا بوون، کەچی لەپێش چاوی هەموو بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ پاراستنی قازانجی بازرگانی لە لایەن ئوتریشەوە ئازاد کران، لێرە تیرۆریستەکان هیچیان بەردەست نەکەوتن و بە رواڵەت شوێنەوارێکیشیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشت. بەڵام پۆلیسی ئەڵمان بەرپرسانەو شێلگیرانە شوێنی تیرۆریستەکانی هەڵگرت و پاش تەقەلایەکی زۆر دەکرێ بڵێین تەواوی ئەڵقەکانی ئەو پیلانە تیرۆریستییەی دۆزیەوە. پۆلیس زۆر کەسی گرت و لە زۆر کەس پرسیاری کرد، تا سەرەنجام ئێرانییەك و چوار لوبنانیی بە تاوانبار ناسین و دانی بەدادگا. لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە دەزگای قەزایی ئەڵمان نەیشاردەوە کە پیلانی تیرۆری دوکتور شەرفکندی و هاوڕێیانی لە لایەن بەرزترین کاربەدەستانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامییەوە نەخشەی بۆ کێشراوەو جێبەجێ کراوە.

## ئاژاوە نانەوەی کۆماری ئیسلامی

لەو کاتەوە کە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣)دا گوازرانەوە کوردستانی عێراق، کۆماری ئیسلامی هیچ وەخت حورمەتی سنوورەکانی نەگرت و بە هەر جۆر لە دەستی هات، تێکۆشەرانی دێموکراتی لەودیوی سنوورەکان دایە بەر پەلامار. لە فەسڵەکانی پێشوودا هێندێ شتی لەو بابەتەمان باس کرد. جگە لەوانەش کاتێك بنکەی دەفتەری سیاسی لە ناوچەی "چوارتا" بوو چەند جار بە فڕۆکەی بۆمب هاوێژ ئەو بنکەیەو بنەماڵەکانی سەر بەو بنکەیەی پەلامار دا. دوو جاریش لە "بۆڵێ" لە ناوچەی "ئاکۆیان" دەوروبەری دەفتەری سیاسیی بۆمباران کرد کە هەرجارەی شەهیدێك و چەند بریندار لێکەوتەوەو زەرەرو زیانێکی زۆریشی بە رەزو باغاتی خەڵك لە ناوچەدا گەیاند. بەڵام لە ئاخرو

---

٣٢ـ "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە١٩٠، رەزبەری ١٣٧١، ئۆکتۆبری ١٩٩٢.

ئۆخری زستانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی (١٩٩٣ی زایینی)یەوە دەستدرێژیی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ سەر کوردستانی عێراق شێوەیەکی ئاشکراتر، بێپەردەترو بەربلاوتری بەخۆیەوە گرت. ئەویش دیارە بە کەلك وەرگرتن لەو بۆشایی دەسەڵاتە (خلاو قدرت) بوو کە لە کوردستانی عێراق پێك هاتبوو.

سەعات ١٠/١٥ی بەیانیی ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٧١ (١٣ی مارسی ١٩٩٣) شەش فڕۆکەی بۆمب هاوێژی ڕێژیم بنکەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسیی حیزبیان لە گوندی "بۆڵێ" بە توندی بۆمباران کرد. لەو بۆمبارانەدا جینایەتکاران بە بۆمبای هێشوویی بنکەکانی پێشمەرگەو ماڵە ئاوارە کوردە ئێرانییەکان و ماڵە کوردە عێراقییەکان و تەنانەت نەخۆشخانەیان وەك یەك دایە بەر ئاگرو زیانێکی زۆریان بە جووتیارانی دانیشتووی ئەو گوندە گەیاند. ئەو پەلامارە هەواییيە چوار شەهیدو چەندین بریندار لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە هێندێکیان نەخۆش و برینداری سەر تەختی نەخۆشخانە بوون. بەشێك لە نەخۆشخانەکەش لە ئاکامی بۆمبارانەکەدا رووخا. شایانی باسە ئەو شوێنە کەوتۆتە پشتی مەداری ٣٦ دەرەجە، ئەو شوێنە کە لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە بە ناوچەی قەدەخەکراوی هەوایی دانراوە. بەو پێیە هێرشی هەوایی ئێران نەك هەر پێشێلکردنی حورمەتی خاکی وڵاتی دراوسێ بوو، بەڵکوو لە ڕاستی دا گاڵتەکردن بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی و دەمەلاسکەیەك بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو. کەچی بەداخەوە هیچ کام لەو هێزە بە ڕواڵەت بە دەسەڵاتە خاریجییانە بەرامبەر بەو دەستدرێژییە متەقیان لەبەر نەهاتە دەرێ و دژکردەوەیەکی موناسیبیان بەرامبەر بەو ئاژاوەگێڕییەی کۆماری ئیسلامی لە خۆیان نیشان نەدا.

ئەم بۆمبارانە هەواییيە لەگەڵ دڕندانە بوون و پڕ زیان و زەرەر بوونەکەی تەنیا سەرەتایەك بوو بۆ زنجیرە دەستدریژییەکی چەند مانگەو هەمەلایەنە بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات، ئۆردووگاکانی ئاوارە کوردە ئێرانییەکان و مووچەو مەزرای ئەو کوردە عێراقییانە کە بە تازەیی گەڕابوونەوە سەر جێوڕێی باب و باپیرانیان و خەریکی ئاوەدان کردنەوەی گوندو باغ و مووچەو مەزراکانیان بوون. لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٢دا حیزبی دێموکرات هێندێ بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دەست کەوت کە نیشانیان دەدا کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ هێرشێکی بەرین بۆ

سەر هەموو ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانی عێـراق ئامـادە دەکـا. لەبـەر هێنـدێ تـێ‌بینیی ئەمنییەتی حیزب بە دروستی نەزانی ئەو بەڵگەو سـەنەدانە بـڵاو بکاتـەوە (هـەروەك ئێسـتاش بەداخەوە ناکرێ بڵاویان بکەینەوە)، بەڵام دەفتـەری سیاسـی بـە دەرکردنـی بەیاننامەیـەك ئـەو پیلانەی لەقاو داو داوای لە کۆڕوکۆمەڵە جیهانی‌یەکان و خەڵکی کوردستان و بیروڕای گشتی کرد کە هەرکامە بە ڕێگای خۆیان دا هەوڵ بدەن پێشی جێبـەجێبوونی ئـەو پیلانـە دژی‌ئینسـانی‌یە بگرن. دەقی بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بەم جۆرە بوو:

*خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!*

*گەلانی بەشەرەفی ئێران!*

*کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکان!*

*بە پێی هێندێك خەبەری باوەڕپێکراو و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، ڕێژیمی دژی‌ئینسانیی کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ ئەنجام دانی جینایەتێکی سامناکی دیکەو قانوون شکێنی‌یەکی تازە ئامـادە دەکا. کاتێك لە ٢٢ی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێـژیم بنکـەی دەفتـەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و نەخۆشخانەی ئازادی و ماڵی خەڵکی بێدیفاعیان وەك یەك دایە بەر ڕەهێڵەی مووشەکی هەوا بە زەوی‌و بۆمبای هێشوویی، بۆ ئێمە قابیلی پێش بینی بوو کە ئـەو هێرشە هەوایی‌یە سەرەتای زنجیرەیەك تاوانی ناڕەوا دەرهەقی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لـە هـەردوو بەشی کوردستانی ئێران و عێراقە.*

*لە ڕاستی‌دا عەمەلیاتی هەوایی و تۆپخانەیی مانگی ڕەشەمەی ڕابردوو بۆ سەر شـوێنەکانی حیزبـی دێمـوکرات هەڵسـەنگاندنێکی هەڵوێسـتی دەوڵـەتی عێـراق، حکوومـەتی هـەرێمی کوردستان، وڵاتانی دراوسێ‌و لە هەمووانیش زیاتر ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوو کە ئەو بەشەی کوردستانی عێراقیان بە ناوچەی قەدەخەکراوی هـەوایی دانـاوە. وەك دیتمـان نـە حکوومـەتی هەرێمی کوردستان و نە دەوڵەتی عێراق لە وەزعێك دا نەبوون کە بتوانن دژکردەوەیەکی کاریگەر بەرامبەر ئەو دەسدرێژی‌یە ئاشکرایە لە خۆیـان نیشـان بـدەن و هاوپەیمانـە ڕۆژئاوایی‌یـەکانیش هەڵوێستی لێبڕاوانەیان لەو بارەیەوە نەگرت.*

ئەوەیە کە حکوومەتی ئاخوندی لـێبڕاوە دەستدرێژی بۆ سەر خاکی کوردسـتانی عێـراق لـە ڕادەیەکی بەربڵاوتردا تازە بکاتەوەو پەلامارێکی بەربڵاو و بەردرێژ بەرێتە سەر زۆربـەی ناوچـە سنووری‌یەکانی نێوان ئێران و عێراق لە بەشی کوردنشینی عێراق دا. بە پێی ئـەو زانیاریانـەی وەدەستمان کەوتوون، لە دەیەی دووهەمی مانگی خاکەلێوەی ئەم ساڵ دا خامنەیی بەناو ڕێبەری مەزهەبیی ئێران چەندین کۆبوونەوەی بە فەرماندەرانی پایەبەرزی ئەرتەش و سوپای پاسـدارانی کۆنەپەرستی کردوەو دەستووری پێداون کە پەلامارێکی بەربڵاو بۆ سەر ناوچـە سـنووری‌یەکانی کوردستانی عێراق، ئەو جێگایانە کە کوردە ئاوارە ئێرانی‌یەکانی لـێ‌دەژین، ڕێك بخەن. بە پێی فەرمانی خامنەیی هێزەکانی ڕێژیم دەبێ لە تۆپخانەو فڕۆکەو پیادەنیزام و هـەموو ئیمکانـاتی خۆیان کەلك وەربگرن و ئەگەر پێویست بێ پەنجا کیلۆمیتریش لە نێـو خـاکی عێـراق دا بچـنە پێش.

خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران!

ئێوە باش دەزانن ئەوانەی ڕێژیمی خومەینی بە دژی شۆڕشیان ناو دەباو دەیەوێ بە پەلاماری هەوایی و زەمینی لە نێو خاکی وڵاتێکـی دراوسـێ‌دا لـەنێویان بـەرێ، بەشـێك لـە باشـترین، وەفادارترین و فیداکارترین ڕۆڵەکانی خۆتانن کە ژیانی خۆیان وەقفی خەبات لە پێناوی وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی ئێوەدا کردوە. کەوایە ئەرکی هەمووی ئێوەیە تا درەنگ نـەبووە دەسـت بەکار بن. بە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایی، بەوەرێ خستنی کۆبوونەوەو ڕێپێـوانی ئـیعتراز، بـە کۆسپ دانان لەسەر ڕێگای جێ‌بەجێ بوونی پیلانی دژی‌ئینسانیی ڕێژیم و بـە کـورتی بـە هـەر وەسیلەیەك لە دەستتان دێ، پێشی بەرێوەچوونی ئەو نەخشە دژی‌گەلی‌یەی کۆمـاری ئیسـلامی بگرن.

گەلانی هاوزنجیری ئێران!

ئەوەی کە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی دەیەوێ پەلاماری بداو ئەگەر بۆی بکرێ تەفروتونای بکا، سەنگەری هەرە پتەو و جێگای متمانە بۆ دیفاع لە ئازادی و سەربەخۆیی‌و دێموکراسی لە ئێران دایە، سەنگەری خەباتگێڕانی کورد کە ١٤ ساڵ جینایەتی دڕندانەی چڵکاوخۆرانی کۆنەپەرستی نەی‌توانیوە بە چۆکیان دا بێنێ‌و لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئـازادی بـۆ سەرتاسـەری ئێـران

ساردیان بکاتەوە. بەهەر جۆرێك لە دەستتان دێ کۆمەگ بە پتەوبوونی ئەو سەنگەرە بکەن. رۆڵەکانتان لە نێو ئەرتەش و سوپاو هێزە چەکدارەکانی دیکە دا وشیار بکەنەوەو مەیەڵن بۆ دیفاع لە کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا لە خەیانەتێکی نیشتمانی دا بەشدار بن.

خوشك و برایانی کورد لە کوردستانی عێراق!

ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ ئامادە دەکا تەنیا هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران نیە. ئەو هێرشە ماڵ و هێلانەی تازە ئاوەدان کراوەوەی ئێوەو نەمامە تازە نێژراوەکانتان و زەوی و زارە چەند ساڵ بەیار ماوەکەی ئێوەش دەکاتە وێرانەو کۆرپە ساواکانیشتان لە باوەشی دایکانیان دەرفێنێ. لەوەش زیاتر غیرەتی نەتەوەییتان دەخاتە ژێر پێو دەسکەوتەکانی خەباتی چەند ساڵەتان لێ پووچەڵ دەکاتەوە. کەوایە بە دژی ئەو نەخشە شوومەی رێژیمی ئاخوندی راوەستن، خۆپێشاندان و رێپێوان وەرێ بخەن، دەنگی نارەزاییتان بە گوێی دنیا بگەیەنن و سەرەنجام لە خاك و نیشتمان و کەرامەت و شەرافەتی خۆتان دیفاع بکەن.

کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان!

دەوڵەتی ئێران بە ئەنجام دانی نەخشەیەك کە ئێستا لەبەر دەستی دایە، دەیەوێ ئاشکراتر لە هەمیشە تەواوی رێوشوێنە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای جیهانی بخاتە ژێر پێ. دەیەوێ گاڵتە بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و هەموو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بکا. خامنەیی لە کۆبوونەوەی نهێنیی خۆی لەگەڵ فەرماندەرانی پایەبەرزی ئەرتەش و سوپا دا بە راشکاوی گوتوویە جوابی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نادەینەوەو بەرنامەکەمان هەتا سەر بەڕێوە دەبەین. دە ئێوەش، ئەی نوێنەرانی بیروڕای گشتیی جیهانی و مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو! دەنگی نارەزاییتان بەرز بکەنەوە، فشار بۆ دەوڵەتەکان بێنن کە لەوە زیاتر بۆ هێندێك قازانجی کورت خایەنی ئابووری و بازرگانی چاو لە تاوانەکانی رێژیمی ئێران نەپۆشن. با لەوە زیاتر بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و قانوون و رێوشوێنە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نەبنە گاڵتەجاڕی کۆمەڵێك کاربەدەستی بیرتەسك و کەللەوشك کە ئەمرۆ سواری شان و پیلی گەلانی ئێران بوون. رێگا مەدەن لەبەر چاوی ئێوەو بە پێچەوانەی ویست و داخوازی ئێوە

*یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی چەرخی بیستەم بە دەستی دواکەوتووترین ڕێژیمەکانی دنیای ئەمڕۆ بەڕێوە بچێ.*

*دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەم بانگەوازە بۆ گەلی کوردو گەلانی ئێران و کۆڕوکۆمەڵە ئینساندۆستەکان دەنێرێ، هیواداره هەموو لایەك ئەرکە ئینسانی‌یەکانی خۆیان لەو پێوەندی‌یەدا بەجێ بگەیەنن و لە دیفاع لە هەق و عەداڵەت و قانوون دوا نەکەون. هەر لەو کاتەدا دەفتەری سیاسی هەموو ئۆرگانی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری دڵنیا دەکا کە ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە قارەمانانە لە مان و مەوجوودییەتی خۆیان و گەلەکەیان دیفاع دەکەن و ڕێگا نادەن دوژمنانی ئازادی و ئینسانییەت بە ئاواتە چەپەڵەکانیان بگەن. رابردووی چل و چەند ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان شاهیدی ئازایەتی و جوامێریی ڕۆڵەکانیەتی و دڵنیاین داهاتووش هەروا شانازی بە خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی گەلی کوردەوە دەکا.*

*دەفتەری سیاسیی*
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*
*١٣٧٢/١/٢٥*[1]

بەداخەوە دیسان دەسەڵاتە جیهانی‌یەکان دژکردەوەیەکیان لە خۆیان نیشان نەداو کارێکیان نەکرد کە کۆماری ئیسلامی لەو نیازە چەپەڵەی پاشگەز بکاتەوە. تەنانەت هێندێ کەس وایان دەزانی حیزبی دێموکرات لە خۆوە ئەو شتانەی بڵاو کردۆتەوەو کۆماری ئیسلامی بەرنامەیەکی وای نیە. بەڵام حیزبی دێموکرات کە ئاگاداریی پێویستی لە بەرنامەکانی ڕێژیم هەبوو، ئامادەباشی تەواوی ڕاگەیاند. لە هەموو شوێنێك بۆ ماڵەکان و بنکەکانی پێشمەرگە ئەوەندەی لەدەستی هات پەناگەی قایمی بۆ کاتی بۆمباران و تۆپ باران دروست کرد. لەوەش گرنگتر چونکە ڕێژیم بە نیاز بوو لە ڕێگای زەمینی‌یەوە هێرش بکاتە سەر بنکەکانی حیزب، پێشمەرگە

---

١ـ "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ١٩٦، خاکەلێوەی ١٣٧٢، ئاوریلی ١٩٩٣.

دەستی کرد بە سەنگەر لێدان و خۆئامادەکردن. ئەو ماوەیە یەکێك لە فەسڵە زێڕینەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات و قارەمانەتی و لەخۆبوردوویی پێشمەرگەکانیەتی. تەواوی حیزبی دێموکراتی کوردستان جموجۆڵ و وشیاری و هەستی بەرپرسایەتی بوو. پێشمەرگەکان شەو و ڕۆژ لە هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری بنکەکانیان چاو کراوەو دەست لەسەر پەلەپیتکە چاوەڕوانی پەلاماری دوژمن بوون. بەڕاستی ئارەزوویان بوو دوژمن ئەو غەڵەتە بکاو بە قەولی پێشمەرگەکان بە پێی خۆی بێتە بەر لوولەی تفەنگەکانیان. خۆش ئەوەبوو پێشمەرگە لە دەوروبەری بنکەکانیان، لە نیزیك پێگەکانیان و تەنانەت لەسەر ڕێگای هاتوچۆشیان پەناگەیان دروست کردبوو. هەربۆیە لەگەڵ ئەو هەموو ئاوربارانە کە دوژمن لە ماوەی نیزیك بە چوار مانگ دا کردی، زیانی گیانیی پێشمەرگە بە شەهیدو بریندارەوە کەمتر لە ٢٠ کەس بوو.

دوژمن کە ئەو ئامادەیی‌یەی لە پێشمەرگەکانی دێموکرات دا دی، لە پەلاماری ڕاستەوخۆ بۆ سەر بنکەکانی حیزب و سەنگەرەکانی پێشمەرگە پەژیوان بووەوە. بەڵام لە ڕۆژی ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٧٢ (١٩ی ئاوریلی١٩٩٣) را تۆپ بارانی ناوچە سنووری‌یەکان و بەتایبەتی ئەو شوێنانە کە بنکەکانی حیزب و ئۆردوگای ماڵە ئاوارەکانی کوردی ئێرانی لێبوو، بە شێوەیەکی دڕندانەو بەردەوام دەستی پێکرد. لە ئاکامی ئەو ئاگربارانەدا دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاع شەهیدو بریندار بوون و بە هەزاران ماڵە کورد سەرلەنوێ مووچەو مەزراکانیان بەجێ هێشتەوەو بە میلیۆن زیانی ماڵی بەو خەڵکە هەژارە گەیشت.

شایانی باسە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ٢٥ی خاکەلێوەی دەفتەری سیاسی شەپۆلێك لە هاودەردی لە لایەن حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراقەوە بەرامبەر بەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرز بووەوەو بەدەیان و بگرە سەدان نامەو برووسکەی پشتیوانی بۆ دەفتەری سیاسی هاتن کە لەوان دا نیازە چەپەڵەکانی ڕێژیم مەحکووم کرابوون و ئامادەیی بۆ دیفاع لە سەروەریی خاکی کوردستانی عێراق و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات دەربڕابوو. هەر لەو پێوەندی‌یەدا بە دەنگەوەهاتنی ڕێکخراوە خێرخوازە خاریجی‌یەکان و کۆڕوکۆمەڵە ژورنالیستی‌یەکانی بێگانەش شتێکی بەرچاو و کەم وێنە بوو. چەندین تیمی هەواڵنووسان بۆ ئامادەکردنی فیلم و ریپۆرتاژ سەریان لە

شوێنەکانی حیزب و بەتایبەتی بنکەی دەفتەری سیاسی داو لەگەڵ بەرپرسان وتوویژیان پێك هێناو زۆر لە ڕێکخراوە بەشەردۆستەکانیش سەردانیان کردین و ئامادەییان بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی ئینسانی لە کاتی لێقەومان دا، لە خۆیان نیشان دا. ئەمانە هەموویان دڵگەرمییان بە تێکۆشەرانی حیزب دەداو ئەوانیان لە درێژەدانی خۆڕاگری و بەرەبەرەکانی دا پشت قایمتر دەکرد.

کاتێك یەکەم هێرشی تۆپخانەی دوورهاوێژ بۆ سەر بنکەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسیو بنەماڵەکانی دەوروبەر دەستی پێکرد، دەفتەری سیاسی، ڕێبەرایەتیی هەردوو حیزبی سەرەکیی کوردستانی عێراقی ئاگادار کردو داوای کرد خەڵکی هان بدەن کە بە ماشێنی خۆیان رووبکەنە ئۆردوگاکانی حیزب و لە ڕاگوازتنی ژن و منداڵ دا یارمەتیی حیزب بدەن. لە هەق دەرنەچین هەردوولا بەدەنگ بانگەوازەکەوە هاتن و خاوەن ماشێنەکانیش هیممەتێکی پیاوانەیان لە خۆیان نیشان دا. لەگەڵ ئەوەی هەموو سات و کاتێك مەترسیی ئاورباران هەبوو، ئەوەندە ماشێنی سواری و باری ڕوویان کردە بنکەکانی حیزب کە پێویستی کرد رابگەیەنین لەوە زیاتر نەیەن و پێویست نیە. لەو بارەیەوە دەبێ ئیشارە بە بەرنامەیەکی یەکجار جوان و هەست بزوێنی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، رادیۆی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بکرێ کە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرو بە وەبیرهێنانەوەی پێشوازیی گەرمی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ئاوارە کوردە عێراقییەکان داوای لە خەڵك دەکرد بجووڵێن و بە فریای خوشك و برا کوردە ئێرانییەکانیانەوە بچن.

## دوو هەڵوێستی جێگای ڕێز

لە یەکەم ڕۆژەکانی ئاشکرا بوونی نیازی پەلاماردەرانەی کۆماری ئیسلامییەوە، زۆر جار نوێنەرانی دەفتەری سیاسی بۆ چارەسەری گیروگرفتەکان و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ بەرپرسان سەریان لە دەفتەری سیاسیی هەردوو حیزبی گەورەی کوردستانی عێراق دەداو چاویان بە بەرپرسانی پایەبەرزی ئەو حیزبانە دەکەوت. لە یەکێك لەو سەفەرانەدا کە نووسەری ئەم دێڕانە بەشدار بوو، دوو هەڵوێست لەو دوو حیزبە کوردستانییە بینران کە حەیفە وەك شتی باش و

مێژوویی تۆمار نەکرێن و وەك نموونەی هەڵوێستێکی نەتەوەیی نەخرێنە بەرچاو. لەو کاتەدا مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی لە سەفەر بوو. لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاك کۆسرەت رەسووڵەوە پێشوازیی لێکرا. پاش تەواو بوونی باس و وتووێژەکان کاك کۆسرەت گوتی ئێوە کە دەچنە لای کاك مەسعوود، سلاوی منی پێبگەیەنن و پێی بڵێن مام جەلال لە ماڵ نیە، با ئەو لە جیاتی مام جەلالیش فەرمان بدا. بۆ پێشگیری لە پەلاماری ئێران و دیفاع لە حیزبی دێموکرات هێزەکانی یەکیەتییش لە ژێر فەرمانی کاك مەسعوود دان. کاتێك هەیئەت چووە لای کاك مەسعوود بارزانی و ئەو قسەیەی بۆ گێڕایەوە، زۆر بە خۆشحاڵییەوە گوتی: ئەمنیش دەڵێم هێزەکانی یەکیەتی و پارتی لە ژێر فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دان. بەڵێن بێ ئەگەر پێویست بێ بۆخۆشم وەك پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە پەلاماری ئێران دەچمە سەنگەر. ئەم هەڵوێستانە هەر لەبەر ئەوە نەمر نین کە هەردووکیان پشتگیری لەحیزبی دێموکراتیان تێدابوو، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە متمانە بەیەکترکردنی ئەو دوو حیزبەی کوردستانی عێراقیشیان نیشان دەدا، شتێکی لەبیر نەکراون. بە دڵنیاییەوە دەکرێ بڵێن ئەگەر ئەو گیانی تێك گەیشتن و برایەتییە لە نێوان دا هەبووایە، نەك هەر ئەوەی لە سێ ساڵی رابردوودا رووی داوە نەدەقەوما، بەڵکوو کاری کوردستانی عێراق ئێستا لە جیێیەکی دیکە بوو.[10]

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەدەنگەوە هاتنەدا کە لە خەڵکی کوردستانی عێراق و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کۆڕوکۆمەڵە ژورنالیستییەکانی دەرەوە بینرا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی ١٣٧٢/٢/١١ (١٩٩٣/٥/١) پەیامێکی ئەمەگناسین و قەدرزانینی بڵاو کردەوە کە لێرەدا دەیخەینە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان:

*تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!*

*خەڵکی دڵسۆزو قارەمانی کوردستان!*

*کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان!*

---

[10] ئەگەرچی بەداخەوە پاش ئەو هەڵوێستە مێژووییانە هێندێ شتی تەواو پێچەوانە روویان داوە، بەڵام وەك ئەمانەتێك باس کردنیان هەر بە پێویست زانرا.

رۆژی ۲۵ی خاکەلێوەی رابردوو دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەك دا پەردەی لەسەر نەخشەی دژیئینسانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵدایەوە. بە پێی ئەو نەخشەیە هێزە چەکدارەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران بە فەرمانی شەخسی "ئایەتاللە خامنەای" هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچە سنووریەکانی نێوان ئێران و عێراق لە بەشی کوردنشین داو بۆ سەرکوتی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران دەیان کیلۆمیتر لە نێو خاکی عێراق دا چوونەپێش.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بەیاننامەیەدا روونی کردەوە کە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە پان و بەرینە تەنیا سەرکوتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و قەڵاچۆی کوردە ئاوارەکانی ئێران نیە، بەڵکوو ئەم رێژیمە دەیەوێ ماڵ و هێلانەی تازە ئاوەدان کراوەوەی رۆڵەکانی گەلی کورد لە عێراق و نەمامە تازە نێژراوەکان و زەویەیە چەندین ساڵ بەیارماوەکانیشیان بکاتە وێرانەو دەسکەوتی چەندین ساڵەی خەبات و قوربانی دانیان لێ پووچەڵ بکاتەوە.

وەختێك حیزبی دێموکراتی کوردستان پیلانی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی لەقاو دا جارێ زۆر لە ئەڵقەکانی ئەو نەخشە پەلاماردەرانەیە جێبەجێ نەکرابوون و زۆر لەو هێزە پەلاماردەرانە کە دەبوو بەشداری ئەو هێرشە بن لە جێگای دیاریکراوی خۆیان جێگیر نەببوون. بۆیە بێجگە لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە باوەڕیان بە حیزبەکەیان هەیەو جگە لە هێندێك سیاسەتزانی بە ئەزموون و واقیع بین زۆر کەس ئەو مەترسی‌یەی بە جیددی نەگرت. بەو حاڵەش لە هەق دەرنەچین هوشداری حیزبی ئێمە رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە ئاژانسەکانی دەنگ و باس و هەواڵدەری‌یەکانی دەرەوە دا هەبوو. بەڵام لەشکرکێشیی هێزەکانی رێژیمی ئێران لە سەرانسەری وڵاتەوە بۆ سەر ناوچە سنووری‌یەکانی نێوان ئێران و عێراق و لەویش زیاتر دەست پێکردنی تۆپ بارانی شوێنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رۆژی ۳۰ی خاکەلێوەڕاو لە ئاکام دا ئاوارە بوونی هەزاران کەس ژن و منداڵ و پیروپەك کەوتەی کوردی ئێرانی و عێراقی بۆ هیچ کەس گومانێکی نەهێشتەوە کە مەترسی‌یەکە جیددی‌یەو پێویستە وەك هەیە چاو لێبکرێ.

هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەر لە یەکەم رۆژی هوشداری حیزبەکەمانەوە بەو جۆرەی لێیان چاوەڕوان دەکرا، خۆیان بۆ بەرپەرچ دانەوەی پەلاماری دوژمن ئامادە کردو لە

*هەموو بارێکەوە خۆیان سازمان دا. بەڕاستی ئامادەیی تێکۆشەرانی حیزب لە هەر بارێکەوە بێ‌گری جێگای شانازی و نیشانەی تێگەیشتنی ئەو ئەرکە پیرۆزە بوو کە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد خستوویەتە سەر شانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.*

*بەڵام ئەوەی بۆ حیزبی ئێمەو سەرپاکی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان مایەی سەربەرزی و شانازی‌یە ئامادەیی و بەدەنگەوەهاتنی کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستانی عێراق، حیزب و رێکخراوە سیاسی‌یەکان و رێکخراوە گەلی‌یەکان بوو. لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو دا بە سەدان نامەی هاودەردی و پشتیوانی لە لایەن کۆڕوکۆمەڵە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستانی گەرمێنەوە بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتوون، بە دەیان و سەدان دەستەی نوێنەرایەتی سەریان لە بارەگای دەفتەری سیاسی و بنکەکانی دیکەی حیزبی ئێمە داوەو بە هەموو جۆر ئامادەیی خۆیان بۆ پشتیوانی لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران و بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و دەسکەوتەکانی دەیان ساڵ خەبات و فیداکاری و قوربانی‌دان نیشان داوە. بەڕاستی ئەو خۆشەویستانە نموونەیەکی شانازی خوڵقێنیان لە وریایی نەتەوەیی و هەستی بەرپرسایەتی لە خۆیان نیشان دا کە بۆیە دەبێ بە خەتی زێرین لە مێژوودا تۆمار بکرێ.*

*بێجگە لەوە ئەو رێکخراوە بەشەردۆستانەش کە نوێنەرایەتی‌یان لە کوردستانی عێراق دا هەیە بە شێوەیەکی نەدیتراو بە پیر بانگەوازی حیزبەکەمانەوە هاتن. زۆربەی هەرەزۆریان زیاتر لە جارێك سەریان لە بنکەی دەفتەری سیاسی داو ئامادەیی خۆیان بۆ گەیاندنی دەنگی زۆرلێکراویی ئێمە بە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان و بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی‌یە ئینسانی‌یەکان بە ئاوارەو لێقەوماوەکانی کوردی ئێران دەربڕی. بەشێك لەوانە بۆخۆیان شاهیدی تۆپ بارانی شوێنەکانی حیزبی دێموکرات و ماڵی جووتیارەکان لە لایەن تۆپخانەی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بوون و ئەوەی دیبوویان بە خەڵکی دنیایان راگەیاند. بەڕاستی لەبیرمان ناچێ کە لەو ماوەیەدا بنکەی دەفتەری سیاسی چۆن ببووە ناوەندی بایەخ پێدانی رێکخراوە تێکۆشەرەکانی کوردی عێراق لە لایەك و رێکخراوو کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان لە لایەکی دیکە.*

نوێنەرانی ئاژانسەکان لەو پێوەندی‌یەدا ئەرکی خۆیان بە باشی بەجێ گەیاند. چەندین کەس لە دوو حەوتووی رابردوودا سەریان لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات داو لە ئامادەیی پێشمەرگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری دوژمن و لە شوێنەوارەکانی تۆپ بارانی ئەم دوایی‌یەو بۆمبارانی وەحشیانەی هێزی هەوایی ئێران لە ٢٢ی رەشەمەی ساڵی رابردوو عەکس و فیلم و ریپۆرتاژیان ئامادە کرد.

وەبیرهێنانەوەی هەمووی ئەوانە بۆ ئەوەیە کە وێڕای شانازی بە هەڵوێستی بەجێ و بە وەختی هەموو لایەنەکان ئەوپەڕی سوپاس و قەدرزانینی خۆمانیان پێ‌رابگەیەنین و ئەم دیاردەیە وەك نوختەیەکی موسبەت لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان دا تۆمار بکەین.

ئێستا کە ئەم پەیامە بە تێکۆشەرانی حیزب و خەڵکی کوردستان و بیروڕای گشتیی جیهانی پێشکەش دەکەین، مەترسیی هێرشی نیزامیی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانی عێراق بە هیچ جۆر لە نێو نەچووە. ئەو هێزانەی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە هاتوونە کوردستان و لە نوختە سنووری‌یەکان دا مۆڵ دراون هەر لە جێی خۆیانن و تەنانەت هەموو رۆژێش هێزی تازەیان پێوە زیاد دەبێ. لەوەش زیاتر هەر رۆژە لە ناوچەیەك هێزەکانی کۆماری ئیسلامی گوندو مووچەو مەزرای دێ‌نشینەکان تۆپ باران دەکەن.

بەڵام بەوحاڵەش کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ تێ‌گەیشتبن کە ئەگەر بەرنامەی هێرش بۆ سەر کوردستانی عێراق بەڕێوە بەرن لەگەڵ چ دیوارێکی پتەو لە ئیرادەی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستانی گەرمێن بەرەوڕوو دەبن، چۆن خۆیان لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی دنیاو کۆڕوکۆمەڵە جیهانی‌یەکان ریسوا دەکەن و بە چ رادەیەك لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا تاك و تەریك دەمێننەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێك دا سوپاس و ئەمەگناسیی خۆی پێشکێشی هەموو ئەو شەخسییەت و حیزب و رێکخراوو چین و توێژانە دەکا کە بە هەر جۆرێك پشتیوانی‌یان لە حیزبی دێموکرات و خەباتە بەرهەق و رەوایەکەی دەربڕیوە، جارێکی دیکە داوایان لێ‌دەکا بە هەموو رێگایەکی مومکین دا هەوڵ بدەن نەخشەی پەلاماری رێژیمی ئاخوندی بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق پێش جێ‌بەجێ بوون پووچەڵ بکەنەوە. بە ئاواتی

*یەکگرتنی زیاتری هەموو خێرخوازان بە دژی پیلان و ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.*

*دەفتەری سیاسیی*
*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*
*١٣٧٢/٢/١١*[1]

**دیسان گوازتنەوە**

بیانووی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو ئاژاوەگێڕییەو بۆ ئەو کوشت و کوشتارەی خەڵکی بێدیفاعی کوردستانی عێراق بوونی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچە سنوورییەکان بوو. ئەگەرچی ئەمە بیانوویەکی پڕوپوچ زیاتر نەبوو، بەڵام حیزب پێی باش بوو ئەو بیانووەش لە دەستی رێژیم دەربێنێ. با ئەوەش بگوترێ کە لەمێژ بوو رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دەدا گیروگیرفت و ناڕەحەتی بۆ حیزب و بنکەکانی حیزب پێك بێنێو تەنانەت هەوڵی ئەوەشی هەبوو کە شەڕو ناخۆشی لە نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی گوندە چۆڵ کراوە سنوورییەکانی کوردستانی عێراق دا دروست بکا. (بۆ وەبیرهێنانەوە باشە بگوترێ کە وەختێك حیزبی دێموکرات بنکەی لەو شوێنانە دامەزراند، هەموو ئەو گوندانە چۆل کرابوون و بە ناوچەی قەدەخەکراو دانرابوون). تەنانەت رێژیم هێندێك لە خەڵکی گوندەکانی بانگ کردبووە ئێران و پێی گوتبوون ئەگەر حیزبی دێموکرات لە نێوخۆتان دەربکەن، هەرماڵەی ٣٠٠ هەزار تمەنتان دەدەینێ. لەوەش بگوزەرێین کە بەکرێگیراوانی رێژیم هیچ کاتێك لە بۆمب دانانەوەو کردەوەی تیرۆریستی لەسەر رێگاکانی هاتوچۆی ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان لەناوچانەدا تەنەخییان نەکرد.

---

١ـ"کوردستان:، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە١٩٧، بانەمەڕی١٣٧٢، مەی ١٩٩٣.

گیروگرفتی گەورە لەو پێوەندی‌یەدا ئەوەبوو کە نە وەختی تەواو بۆدروست کردنی جێگاو ڕێگا بۆ ئەو هەموو بنکەو بنەماڵەیە هەبوو، نە دابین کردنی کەرەسەی خانوو دروست کردن و خەرجی کارێکی ئەوەندە بەربلاو هاسان بوو و نە لە هەمووشی گرنگتر جێگایەك هەبوو کە بتوانین بنکەکانی بۆ ڕاگوێزین و لەوێش دیسان لەگەڵ کەندو کۆسپ و گیروگرفتی دیکە بەرەوڕوو نەبین. سەرەنجام بەسەر ئەو تەنگ و چەڵەمەیەش دا سەرکەوتین و بە کۆمەگ و هاوکاری و مەشوەرەتی هەردوو حیزبی گەورەی کوردستانی عێراق و هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانرا لە چەند جێگا لە قولایی خاکی کوردستانی عێراق دا جێگاو ڕێگا بۆ بنکەکانی حیزب و بنەماڵە ئاوارەکان دروست بکەین. لە زۆربەی ئەو جێگایانە هێندێك خانوبەرەی دەوڵەتی هەبوون کە تەعمیر کران و هێندێك خانوبەرەی دیکەشیان بە تەنیشتەوە دروست کرا. ناخۆشتر ئەوەبوو کە زۆر لە بنکەو ئۆردووگاکان لە ماوەی ساڵێك دا دووجار ناچار بە گوازتنەوەو جێگۆڕکە بوون، کە ئەمە هەم خەرج و هەم زەحمەتێکی زۆری بەدواوە بوو.

لێرەش دا پێویستە بگوترێ کە لە گوازتنەوەی ماڵە ئاوارەکان داو بە تایبەتی لەو شوێنانە کە بەردەوام لە ژێر ڕەهێڵەی گولله تۆپ و کاتیووشا دا بوون، برا کوردەکانی عێراق پیاوەتی‌یان نیشان داو بە سەدان کامیۆنی شەخسیو دەوڵەتی بۆ ڕاگوازتنی ئەو ئۆردووگایانە بە کۆمەگی حیزبی دێموکراتەوە هاتن. هەروەها لەو کاتانەدا کە بنەماڵەکان لە ژێر تەوژمی پەلاماری دوژمن دا ناچار دەبوون ڕاگوێزن، هاونیشتمانە کوردەکانی عێراق، بە تایبەتی لە شاری کۆیە گیانێکی نەتەوەیی و ئینسانی‌یان لە خۆیان نیشان داو بەشێك لە دەردو ئازاری ئەو ژن و منداڵە شەڕلێدراوەیان کەم کردەوە.

با ئەوەش بە جێ نەمێنێ کە هەروەك لە سەرەتاوە حیزبی دێموکرات گوتبووی، بوونی کوردە ئێرانی‌یەکان لە ناوچە سنووری‌یەکانی کوردستانی عێراق تەنیا بیانوویەك بۆ ئاژاوەگێڕی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. چونکە پاش ڕاگوازتنی بنکەو پێگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو بنەماڵە ئاوارەکانیش ماوەیەکی زۆر هەر ئەو ئاژاوەگێڕی و لەشکرکێشیو ئاگربارانە درێژەی هەبوو و ئێستاش کە ئێستایە دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری کوردستانی عێراق نەك هەر کۆتایی نەهاتوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونیش دایە.

تیرۆریستانی دوژمن بە ئازادی چاویان لە خوێن رشتن و پیاو کوشتن تێر نەدەبوو. لە هەموو شوێنێك بە دوای تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دا دەگەڕان. لە پاش ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی عێراق مەیدانێکی بەربەرین بۆ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی کوردستان دا دروست بوو، کە هەق بڵێین باشیشیان بەکار هێناو بە جێبەجێ کردنی چەندین نەخشەی تیرۆریستی دەیان تێکۆشەری حیزبی دێموکرات و چەند کادری بەوەجی هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانیان لەو ناوچەیەدا شەهید کرد.

بەڵام تیرۆریزم سنوور ناناسێ و لەهەموو شوێنێك بە دوای قوربانی دا دەگەڕێ. رۆژی ١٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٣ (٤ی ئووتی١٩٩٤) دەستی تاوان گەیشتە بەغداو کاك غەفووری هەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە بەغدای بە رۆژی رووناك و لەبەر دەرکی ماڵەکەی خۆی تیرۆر کرد. کاك غەفوور کادرێکی لێوەشاوەو بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی)یەوە وەك موشاویر، یان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە کادری رێبەرایەتیی حیزب دا جێی خۆی کردبووەوە. بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لەحیزب دا وەئەستۆ گرتبوون کە بە لێوەشاوەیی بە ئەنجامی گەیاندبوون. لە ساڵی ١٣٦٤ بە دواوە لە بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەدا کاری وەرگرت. لەو بەشەش دا کاك غەفوور تواناو لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان داو سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا. مەرگی غەفووری هەمزەیی بۆ حیزبەکەی و بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلەکەی خەسارێکی گەورە بوو. بەداخەوە دەوڵەتی عێراق بۆ ناسین و سزادانی پیاوکوژەکان کارێکی لە دەست نەهات و سەرەنجام تاوانباران ئەو جینایەتە سامناکەیان هەروا بە سووك و هاسانی بەسەردا تێپەڕی.

ئەندامێکی زۆر بە وەجی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی کە کەمتر لە دوومانگ دوای شەهید بوونی کاك غەفوور گیانی خۆی بەختی ئازادیی گەلەکەی کرد، شەهید عبدالله شریفی بوو. ئەو لە نێو کۆڕی زەحمەتکێشانی خەڵکی کوردستان و لە نێو جەرگەی خەباتی قارەمانانەی میللەتەکەیدا خەریکی بەجێهێنانی ئەرکەکانی سەرشانی بوو کە شەوی ٦ی رەزبەری ١٣٧٣

(۲۸ی سێپتامبری۱۹۹٤) له ناوچەی گەورکی مــەهاباد کەوتــە کــەمینی هێزەکــانی دوژمــن و شەهید کرا.

عـبدالله شریفی نموونەی لاوێکی به هەست، به توانا، لەخۆبوردوو، شۆرشگێرو به ئیمان بــوو. لەگەڵ ئەوەی تەمەنی له ۳۲ ساڵ زیاتر نەبوو، کادرێکی پێگەیشتووی سیاسی بوو. عبدالله لەو کەسانە بوو که دەکرا به ئومێدی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابنێین. به مەرگی ئــەو رێبەره هەڵکەوتووە حیزبــی دێمــوکرات مۆرەیــەکی بنــەڕەتی و کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتان رۆڵەیەکی فیداکارو دۆستێکی خۆشەویستیان له دەســت دا. هــاورێ و هاوســەنگەرانی عبداللــە شریفی هەرگیز ئەو تێکۆشەرە به ئیمانە لەبیر ناکەن.

## دیسان دەستدرێژیی هەوایی

هــەروەك پێشــتر باسمــان کــرد، دەســتدرێژیی هــەوایی کۆمــاری ئیســلامی بۆســەر ناوچــەی قەدەخــەکراوی هــەوایی لــە رۆژی ۲۲ی رەشــەمەی ســاڵی ۱۳۷۱ی بــێ هــیچ دژکردەوەیــەکی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەسەر رێژیمی ئیسلامی دا تێپــەڕی. جگــە لەوە، دنیای دەرەوە بەرامبەر بەو هەموو ئاژاوەگێڕیو قانوون شکێنییە که دەوڵــەتی ئێــران لــە کوردستانی عێراق دا کردی، نێوچاوانی تێك نەناو متەقی لەبەر نەهاتەدەر. هەر ئەم هەڵوێســتە شل و شەوێقە یان باشتر بڵێین ئــەم بێهەڵوێســتییە، کاربەدەســتانی تــارانی لەســەر درێــژەدانی دەستدرێژییەکانیان چێرەگرتووتر کردو به هەر جۆر بۆیان لوا به دژی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێــران له کوردستانی عێراق داو هەروەها بۆ تێکدانی ئەو وەزعە که له کوردستانی عێراق پێك هــاتوە، کاریان کرد.

رێژیمی ئیسلامی دەســتی دایــە دەســتدرێژییەکی تــازەی هــەوایی و رۆژی ۱۸ی خــەزەڵوەری ۱۳۷۳ (۹ی نوامبری۱۹۹٤) به شەش فرۆکەی شەڕکەر بنکەیــەکی دەفتــەری سیاســیی حیزبــی دێموکراتی کوردستانی له ناوچەی قەدەخەکراوی هەوایی لــە نیزیــك شــاری کۆیــە لــە ئوســتانی هەولێری کوردستانی عێراق بۆمباران کرد. لەو بۆمبارانەدا که دێهــاتی دەوروبەریشــی گرتــەوە،

ژنێکی کوردی عێراقی شەهید بوو، ۳ کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات برینـدار بـوون و زیانێکی زۆری ماڵی بە حیزب و خەڵکی ناوچەکە گەیشت.

بەداخەوە ئەمجارەش، دەستدرێژیی هەوایی رێژیم بۆ سەر کوردسـتانی عێـراق نـەبووە مایـەی دژکردەوەیەکی وا لە دنیای دەرەوەدا کە شیاوی ئەو جۆرە قانوون شکێنی و مەیدانداری‌یانە بـێ. هەربۆیـە لـە دوای ئـەو وەختـەش بـەکرێگیراوانی کۆمـاری ئیسـلامی لەسـەر کـردەوە تیرۆریستی‌یەکانیان بەردەوام بوون و بە دەیان کەسیان لـە موخالیفـانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردستانی عێراق دا تیرۆر کردوە. هیچ دووریش نیە هەرکات رێـژیم بیهـەوێ بـەهێزی هـەوایی پەلاماری ناوچەکە بداو دیسانیش جینایەت بخوڵقێنێ و بە ئاسانییش بەسەریەوە بچێ.

## فەسڵی دەهەم:

## لە کۆنگرەی دەهەمەوە تا جەژنی پەنجا ساڵەی حیزب

### کۆنگرەی دەهەم

بە پێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب کە دەڵێ کۆنگرەی حیزب هەر سێ ساڵ جارێك دەگیرێ، دەبوو کۆنگرەی دەهەم لە یەکەمین رۆژەکانی زستانی ساڵی **۱۳۷۳**دا دەست بـەکار بکـا. بـەڵام لەبـەر هێندێك هۆی تایبەتی‌و یەك لەوان گیروگرفتێك کە لە پێش هاتنەوەی نوێنـەرانی رێکخراوەکـانی حیزب لە ئورووپا هەبوو، بەستنی کۆنگرە نیزیك بە چوار مانگ دوا کەوت. بەداخەوە دیسـانیش چەند کەس لەو نوێنەرانە لەبەر گیروگرفتی ویزا نەیان توانی بگەڕێنەوە کوردستان و لە کۆنگرەدا بەشدار بن. لەگەڵ ئەوەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی چوار چاو بەدوای کاروباری کۆنگرەو کۆنفرانسەکان دا دەگەڕان و دەیانەویست بە زەبەرلێدانیان کـاری بەسـتنی کـۆنگرە تێـك بـدەن، هەموو کۆنفرانسەکانی حیزبی بە بێ گیروگرفتی ئەمنییەتی گیران و نوێنەرانی ئەندامانی حیـزب بۆ کۆنگرە لە چەند مانگ پێش بەسترانی کۆنگرەوە هەڵبژێران.

بەڵام گیروگرفتــی بنــەڕەتی هەڵبــژاردنی جێگــای پێکهێنــانی کــۆنگرە بــوو. لــە سەرچــاوەی جۆراوجۆرەوە خەبەر بە حیزب گەیشتبوو کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو ئیمکاناتی خۆیەوە لــە فکری لێدانی کۆنگرەدایە. تەنیا مانگ و نیوێك پێش وەختی بەستنی کۆنگرەش ڕێژیم بنکەکانی دەفتەری سیاسیی بە فڕۆکە بۆمباران کردبوو. بەو پێیە گرتنی کۆنگرە لە بنکــەکانی حیزبــی دا بە کارێکی دروست دانەدەنرا. شتێکی سروشتییە کــە گرتنــی کــۆنگرەی حیزبــی لــە گونــدێکی کوردستانیش دا بەو وەزعەوە کە لە کوردستانی عێراق هەبوو کارێکی ژیرانە نەبوو. چونکە جگە لە گیروگرفتی جێگاو ڕێگا، لە یەکەم ڕۆژەکانی ئامــادەکرانی کــۆنگرەدا دەنگــی دەدایــەوەو بــۆ دوژمن دەناسرا. لەم حاڵەدا هەم کۆنگرەو هەم ئەنــدامانی کــۆنگرەو هــەم کــادری تــەداروکاتیی کۆنگرەو هەم خەڵکی ئاواییەکەش دەکەوتنە بــەر مەترســیی هێرشــی نیزامــی و تیرۆریســتیی ڕێژیمی ئێران.

خەراپ نیە ئەوەش زیاد بکەین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەگــەر لــە لایــەك لــە هــەوڵی لێدانی کۆنگرەدا بوو، لە لای دیکەش بە پێی هێندێ دەنگۆ کە بەشێکی پێگەیشتبوون و بەشی زۆریشی بۆخۆی دروست کردبوون، کیسەی بۆ کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکرات هەڵدووریبوو. ڕێژیم پێی وابوو ناکۆکییەکی زۆر قووڵ لە نێوان تێکۆشــەرانی دێمــوکرات و بەتایبــەتی کــادری ڕێبەری دا هەیە کە لە کۆنگرەدا دەتەقێتەوەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پارچە پارچــە دەکا. خەیاڵپەرستانی کۆنەپەرستی کاریان گەیاندە جێگایەك کە لە بلاوکــراوە نهێنییــەکانیان و تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیش دا باسی ئەو بەناو ناکۆکییە قووڵانەی نێو حیزبی دێموکراتیان کــرد. لەو حاڵەدا گیرانی کۆنگرە بە بێ ڕووداو و کارەسات بایەخێکی زیــاتری پەیــدا کردبــوو. چــونکە سەرکەوتنی کۆنگرە ناکامییەکی گەورە بۆ کۆنەپەرستیی فەرمانڕەوا لە وڵاتەکەمان دا بوو.

بیر لەوە کرایەوە لە یەکێك لە شــارەکانی کوردســتانی عێــراق دا هوتێلێــك بــەکرێ بگــیرێ‌و پێرسۆنێلی کۆنگرە هەمووی لەوێ دا بحاوێنەوەو کۆنگرەش هەر لە سالۆنی نان خــواردنی هوتێــل دا بگیرێ. باسی ئەوەکرا کە سالۆنێك بــەکرێ بگــیرێ کــە کارەکــانی کــۆنگرەی تێــدا بکــرێن و بەشدارانی کۆنگرە لە شوێنی جۆراوجۆری شار دا بحاوێنەوە. کەچی ئەو فکرانەش پەسند نەکران. چونکە بە هەرحاڵ، بەکرێ گرتنی هوتێل یان سالۆن، ئەویش بۆ مــاوەی لانــی کــەم حەوتوویــەك

دەنگی لێدەهات و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی پێیان دەزانی و دەکەوتنە بیری زەربەلێدانیەوە. پاشانیش پاراستنی شوێنی کۆنگرە لە نێو شارەکان دا بە هۆی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە هەم پرسیاری دروست دەکردو هەم گیروگرفتی پێك دێنا.

پێشنیار کرا کە بۆ وەرگرتنی جێگاو رێگاو هەروەها پاراستنی کۆنگرە کۆمەك لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق وەرگرین. ئەمەشیان بە سەلاّح نەزانرا. دەمان زانی حکوومەتی هەرێم هەر بە هۆی بوونی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەکوردستانی عێراق دا لە ژێر فشاری کۆماری ئیسلامی دایە. کەوایە چۆن دەکرا بۆ کارێکی وا گرنگی حیزبی یارمەتیی حیزبی دێموکرات بداو رێژیمی ئیسلامی لێی وەدەنگ نەیە.

سەرەنجام بڕیار درا لە یەکێك لە حیزبەکانی دەرەوەی پارلمان و حکوومەتی کوردستان داوای کۆمەگ بکەین تا ئەوان بە کەلك وەرگرتن لە ئیمکاناتی خۆیان کاری گرتنی کۆنگرەمان بۆ هاسان بکەن. بۆ باسی ئەو پێشنیارە هەیئەتێك لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێك لەو حیزبانەی کردو شتەکەی لەگەڵ هێنانەگۆڕێ. هەروەك چاوەڕوان دەکرا، ئەو هاوڕێیانە بە رووی خۆش و باوەشی ئاوەڵاوە پێشوازییان لەو پێشنیارە کردو بەڵێنیان دا هەموو ئیمکاناتیان بەکار بێنن بۆ ئەوەی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکرات بە سلاّمەتی و بێگیروگرفتی ئەمنییەتی ببەسترێ و کارەکانی بکا. هەر لەو دیدارەدا شوێنێکی یەکجار موناسیبیان بە نوێنەرانی حیزب نیشان دا کە هەم سالۆنی بۆ گرتنی کۆنگرە تێدا بوو و هەم شوێنی بۆ حەوانەوەی سەدان کەس لە پێرسۆنێلی کۆنگرە هەبوو. بۆیە هەر لە رۆژی دواترەوە دەست کرا بە ئامادەکردنی ئەو شوێنە بۆ کۆنگرەو بردنی پێداویستییەکانی ئەو کارە گرنگە.

هەر لەو چاوپێکەوتنە دا بڕیار درا کە پاراستنی کۆنگرە بە سێ ئەڵقەی ئەمنییەتی بسپێردرێ: ژووری خانووبەرەکەو حەوش و حەساری ئەو ساختومانە گەورەیە لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە شەو و رۆژ ـ تەنانەت پێش پێك هاتنی کۆنگرەش ـ نیگابانیی لێبدرێ، دەرەوەی خانووبەرەکەو جادەکانی نیزیك بەوێ لە کۆنترۆڵی پێشمەرگەکانی حیزبی خانەخوێ دا بێ و ئەڵقەی سێهەم کە مەودایەکی زۆر دوورتر لە شوێنی کۆنگرەی

دەگرتەوە، بە لایەنگرانی حیزبی خانەخوێ و هێزێکی دیکە کە ناوبردنی لێرەدا بە سەلاح نازانرێ، بەڵام نەخشی گرنگی لەو بارەیەوە گرتە ئەستۆ، ئەسپێردرا. ئەوەی قەت لەبیر ناچێ ئەوەیە کە ئەگەرچی لە دەست پێکردنەوە تا کۆتایی، ئامادەکردن و پێك هێنانی کۆنگرەو بڵاوەکردنی نیزیك بە سێ حەوتووی خایاند، کارەکان ئەوەندە بە ڕێك و پێکی کران کە تا چەند ڕۆژ دوای کۆنگرە، نەك هەر بەکرێگیراوانی دوژمن، بەڵکوو خەڵکی دیکەش نەیان زانی لەو شوێنە چ باسە.

پاش تەواو بوونی کاری ئامادەکردنی شوێنی کۆنگرە، ڕۆژی **٢٣**ی خاکەلێوەی **١٣٧٤** (**١٢**ی ئاوریلی **١٩٩٥**) تەواوی ئەندامانی کۆنگرەو بەشێك لە پێشمەرگەکانی پارێزگاریی کۆنگرە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك کە کەس هەست پێنەکا چ باسە چوونە شوێنی دیاریکراو. کاری کۆنگرە زیاتر لە حەوتوویەکی خایاند. لەو ماوەیەدا، جگە لە کادری تەداروکاتی، هیچ کەس لە حەساری خانووبەرەی کۆنگرە وەدەر نەکەوت و بەم جۆرە بوونی ڕووداوێکی لەو بابەتە لە پێش چاوی دۆست و دوژمن شاراوە مایەوە. حەوسەلەی بەشدارانی کۆنگرەو وشیاریی پێشمەرگەکانی پارێزەری کۆنگرە هەموویان جێگای ڕێزو شیاوی لەبیرمانن. بەڵام بە ڕاستی دڵسۆزیی ئەو کادروپێشمەرگانەی حیزبی خانەخوێ کە ئەرکی هاوکاریی حیزبی دێموکراتیان پێسپێرابوو، قەت لەبیر ناچێتەوە. ئەوان خەو و خۆراکیشیان لە خۆیان حەرام کردبوو بۆ ئەوەی لە کارەکەیان دا ڕووسوور بێنەدەرو کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بێ ڕووداوی ناخۆش کارەکانی تەواو بکا.

کۆنگرە سەعات ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی **٢٣**ی خاکەلێوە دەستی بەکار کردو ڕۆژی **٣٠**ی خاکەلێوە کۆتایی پێهات. لەگەڵ ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا جێگای دوو ڕێبەری لێوەشاوەی ئەم قۆناخەی خەباتی حیزبی دێموکرات، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بەتاڵ بوو، کۆنگرەی دەهەم یەکێك لە زیندووترین و پڕ نێوەرۆکترین کۆنگرەکانی حیزب بوو. لە ماوەی هەشت ڕۆژدا بەشدارانی کۆنگرە لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان باسیان کردو لە زۆر باریشەوە جیاوازیی بیروباوەڕیان هەبوو. بەڵام بۆ دەمەساتێکیش کۆنگرە تووشی ئاڵۆزی و نیگەرانی نەهات. بەڕاستی باسەکانی کۆنگرەو شێوەی بەرەنگار بوونەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بەڵگەی چوونە سەری پلەی وشیاریو تێگەیشتوویی سیاسیی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرەکانی بوو.

کارەکانی ئەم کۆنگرەیە بریتی بوون لە پێشکەش کران و پەسندکرانی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، باسێك لەسەر مەسەلەکانی نێوخۆی حیزب، پەسند کردنی بڕیارنامەو ناردنی پەیام بۆ هێندێك لایەن و کۆڕو کۆمەڵ. هەمووی ئەم کارانە پاش باس و موناقەشەیەکی چالاك و بەکەلك بە ئاکام گەیشتن و سەرەنجام نۆرە گەیشتە سەر هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی. پێویستە بگوترێ بۆ ئەم کۆنگرەیەش هەروەك کۆنگرەکانی پێشووی حیزب، بە دەیان پەیامی پیرۆزبایی لە لایەن حیزب و رێکخراوو شەخسییەت و کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی کوردو ئێرانی و خاریجییەوە گەیشتبوون کە بەشێکیان لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا خوێندرانەوە.

بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، هەم کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵێکی کاندیدا کردبوون و هەم کەسانێکیش بە کەلك وەرگرتن لە مافی دێموکراتیکی ئەندامی حیزبی خۆیان کاندیدا کردبوو کە دەنگدەران بە تەواوی ئازاد بوون لە نێو هەمووان دا دەنگ بۆ ئەو کەسانە بدەن کە بە باشیان دەزانن. لە یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیدا ژمارەی بڕیار لەسەر دراو (١٩کەس) هەڵبژێران و پاشانیش بۆ هەڵبژاردنی جێگرەکان هەڵبژاردن کرایەوە کە لەو بەشەش دا هەشت کەس هەڵبژێران.

نۆزدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بوون لە:

١ـ حسن شرفی

٢ـ مصگفی هجری

٣ـ سلیمان کەڵەشی

٤ـ محمد علی عنایتی

٥ـ سید سلام عزیزی

٦ـ عمر باڵەکی

٧ـ محمدنقیف قادری

٨ـ قادر وریا

٩ـ تیمور مصگفائی

١٠ـ اسماعیل بازیار

١١ـ مصگفى مولودى

١٢ـ حسن قادرزاده

١٣ـ عمر حميدى

١٤ـ سيداحمد حسينى

١٥ـ محمد شهروان

١٦ـ باباعلى مهرپرور

١٧ـ حسين نازدار

١٨ـ لقمان مهفر

١٩ـ عبدالله حسن زاده

هەشت کەس ئەندامی جێگریش بریتی بوون لەمانە:

١ـ رستم جهانگیری

٢ـ سیدرسول سیداحمدی

٣ـ اسعد احمدی

٤ـ سید منصور ناصری

٥ـ سید ابراهیم هاشمی

٦ـ احمد نستانی

٧ـ معتصم نورانی

٨ـ کریم مهدوی (سقزی)

له کۆبوونەوەیەکی کورتی دوای هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیدا کۆمیتەی ناوەندیی تازە "عبدالله حسن زاده"ی وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژاردو راپۆرتی ئەو هەڵبژاردنەی بە کۆنگرە دایەوە. دوایەش لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا ئەو چوار کەسە وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێرانەوە:

١ـ مصگفى هجرى

٢ـ حسن شرفى

٣ـ باباعلی مهرپرور

٤ـ سید سلام عزیزی

له نێو ئەندامانی دەفتەری سیاسییش دا کاك مصگفی هجری به جێگری سکرتێر هەڵبـژێرا. هەروەها لەیەکەم پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا ئـەم سـێ کەسـەش وەك موشـاویری کۆمیتـەی ناوەندی دیاری کران:

١ـ رحمان رحیمی (چەکۆ)

٢ـ کاوە بهرامی

٣ـ سیدرچا درودگر

## هێندێ گۆڕانی گرنگ

کۆنگرەی دەهەم کۆنگرەیەکی ئاسایی بوو و کارەکانیشی کەم و زۆر هەر ئەو کارە ئاسایییانە بوون کە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا بەڕێوە چوون. بەڵام لەو کۆنگرەیەدا هێندێ بڕیـار دران کە بەڕاستی دوای کۆنگرە دەنگدانەوەی باشیان بوو و بە رادەیـەکی کـەم وێنـە بـوون بـە هـۆی راکێشانی حورمەتی دنیای دەرەوەی حیزب بۆ لای حیزبی دێموکراتی کوردستان.

یەکەمین بڕیار کە بە ئاڵ و گۆڕیکی گرنگ دانراو بە هەقیش هەروا بوو، گـۆڕینی هەڵوێسـت بەرامبەر بەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بوو کە پاش کۆنگرەی هەشتەم ریزی خۆیـان لە ریزی حیزبی دێموکرات جیا کردبووەوە. لە ماوەی حەوت سـاڵی دوای کـۆنگرەی هەشـتەم دا ناکۆکیی نێـوان حیزبـی دێمـوکرات و ئـەو کۆمەڵـە کـادرو ئەندامـە، زیـانی زۆر گـەورەی لـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازانـەی خـەڵکی کوردسـتانی ئێـران دابـوو. کۆمـەڵانی گـەلی کـورد لـە کوردستانی ئێران زۆر بەو ناکۆکیو دووبەرەکییە ـ کە بە داخەوە لە بەشێکی دا گەیشتە شـەڕی براکوژی ـ نارەحەت بوون و دۆستانی گەلی کوردیش لە کوردستان و ئێـران و ناوچـەو جیهـان دا زۆر جار بۆ لەنێوبردنی ئەم ئاڵۆزییە هەوڵیان دەدا، کـە بەداخـەوە تـا کـۆنگرەی دەهـەم نـەکرا چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. بەڵام کۆنگرەی دەهەم بـە بڕیـارێکی ئازایانـەو بەرپرسـانە رێگـای چارەسەری ئەم ناکۆکییەی تەخت کرد. کۆنگرە قبووڵی کرد کە ئەو ئاڵۆزییە زیـانی بـۆ حیزبـی

دێموکرات و بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان هەیەو پێویستە ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری دا کە لە یەکەمین هەنگاودا بایکۆت لەسەر ئەو هاوڕێیانە هەڵبگیرێو وتووێژی ڕاستەوخۆ بۆ چارەسەری یەکجاریی وەزعەکە لەگەڵیان دەست پێبکرێ. پاشانیش ئەگەر ئەو بەشە لە کادرو ئەندامانی حیزب ئامادە بوون بگەڕێنەوە نێو ڕیزەکانی حیزب وەك هەموو کادرو ئەندامانی حیزب چاویان لێبکرێ و حورمەتیان بپارێزرێ.

دووهەمین بڕیار کە بەڕاستی بوو بە جێگای ئافەرینی زۆر لە حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتەکان و تا ئێستا لە نێو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان دا وێنەی نەبووە، بەڕەسمی ناسینی مافی کەمایەتیی ئەندامان لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان دا بوو. تا پێش کۆنگرەی دەهەم ئەندامی حیزب تەنیا لە کۆبوونەوەی ئۆرگانی خۆی دا هەقی هەبوو بیروبۆچوونێکی جگە لە بیروبۆچوونی زۆرایەتیی ئەندامان دەربڕێو زۆر جار ئەندامێك لەسەر ئەوە کەلە دەرەوەی ئۆرگانی خۆیدا نەزەرێکی جیا لە نەزەری حیزب، یان زۆربەی ئەندامانی ئۆرگانی خۆی دەربڕیبوو، موحاسەبە دەکرا. بەڵام لە کۆنگرەی دەهەم دا بڕیار درا کە لە شەش مانگ پێش کۆنگرەوە کەمایەتیی ئەندامان هەقی هەیە نەزەرو بۆچوونی خۆی، باوەکوو لەسەداسەد پێچەوانەی سیاسەتی حیزبیش بێ لە بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی حیزب دا بڵاو بکاتەوەو دیارە لە نێو ڕیزەکانی حیزبیش دا دیفاعی لێبکا. ئەم بڕیارە ئەگەرچی جارێ نیوەچڵەو ڕێگا بە ئەندامی حیزبی نادا هەمیشە نەزەرەکانی خۆی دەربڕێ، بەڵام لە چاو ئەوەی تا پێش کۆنگرەی دەهەم هەبوو، بە گۆڕانێکی گرنگ لە پەرەپێدانی دێموکراسیی نێوخۆیی‌دا دادەنرێ.[1]

ئاڵو گۆڕێکی دیکە کە بۆ زۆر کەس لە نێو حیزبە سیاسی‌یە کوردەکان دا مایەی سەرسووڕمان بوو، یان هەر نەبێ بە شتێکی تازە دەزانرا، ئەو ئاڵ و گۆڕە بوو کە لە کادری دەفتەری سیاسی‌دا پێك هات. لە کۆنگرەی دەهەم دا لەگەڵ ئەوەی بە خۆشی‌یەوە سکرتێری

---

١ـ لە کۆنگرەی یازدەهەم دا بڕیار درا ئەندامی حیزب هەموو وەختێك هەقی هەبێ لە کۆبوونەوەکانی نێوخۆی حیزب و بڵاوکراوەی نێوخۆیی حیزب دا بیروباوەڕی جیاواز دەربڕێ و دیفاعی لێبکا. ـ چاپی سێهەم ـ

حیزب حازر بوو و لەباشترین وەزعی جیسمی دا بوو، کەسێکی دیکە بە سکرتێر هەڵبژێرا. بەڵام سکرتێری پێشوو وەك ئاڵو گۆڕێکی زۆر ئاسایی چاوی لێکرد، لە بەردەم بەشدارانی کۆنگرەدا پیرۆزبایی لە سکرتێری تازە کردو سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات خواست.

## یووبیلی زێڕین

کۆنگرەی دەهەم لە پەنجاهەمین ساڵی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا گیراو هەربۆیەش ناوی نرا "کۆنگرەی پەنجا ساڵەی حیزب". هیشتا زۆرمان مابوو بۆ کۆنگرە کە کۆمیتەیەك بۆ ئامادەکردنی جەژنی پەنجاهەمین ساڵی دامەزرانی حیزب پێك هات. ئەو کۆمیتەیە چەند ئەرکی بۆخۆی دیاری کردن کە یەکیشیان نووسینی کورتە مێژوویەك لە رابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزب بوو. بەداخەوە وەدوا کەوتنی کۆنگرە کاری ئەو کۆمیتەیەشی یەکجار پەك خست. هەروەك لە پێشەکیی بەرگی یەکەمی ئەم نووسینەدا هاتوە، هەتا مانگێك دوای کۆنگرەش نووسەری ئەم دێڕانە کارێکی بۆ نووسینی ئەم باسە لە دەست نەهات. وەختێك کۆنگرە تەواو بوو، هەمووی کەمتر لە چوارمانگی بۆ جەژنی پەنجا ساڵەی حیزب مابوو. بەهەرحاڵ، دەبوو شتێك بکرێ. بە کۆمەگی هێندێك لە دڵسۆزان ئارمێك و پۆستەرێك و چەند تابلۆیەك لە رابردووی خەبات و فیداکاریی رۆڵەکانی حیزب و جینایەتەکانی دوژمنانی ئازادی دەرهەقی گەلەکەمان لەو پەنجا ساڵەدا ئامادەکران و لەوحێکی سەمبولیك ئامادەکرا کە لە رۆژی جەژن دا بدرێ بە ئەندامێکی پەنجا ساڵەو نووسەری ئەم دێڕانەش بە هەر جۆرێ بوو توانی بەرگی یەکەمی یادداشتەکانی بنووسێ و بە هەوڵ و تێکۆشانی هاوڕێیانی بەشی چاپەمەنی بۆ رۆژی جەژن ئامادەی بکا.

بەداخی گرانەوە یووبیلی زێڕینی حیزبەکەمان لە کوردستانی ئێران دا نەکرایە جەژن و لە کوردستانی عێراقیش هەل و مەرجێکی وا لەبار لەگۆڕێ دا نەبوو کە رێورەسمێکی شیاوی ئەو بیرەوەرییە مەزنە بەرپا بکرێ. ئەم جەژنە بۆ ئەوە دەبوو چەندین رۆژ درێژەی هەبێ و نوێنەرانی هەموو حیزب و رێکخراوە دۆستەکانی بۆ بانگهێشتن بکرێن. بەڵام لەبەر هەل و مەرجی نالەبار لە راستی دا جەژنەکە تا رادەیەکی زۆر بە نهێنی گیرا. بێجگە لە رۆڵەکانی حیزب هەمووی

دووسەد کەسێك بۆ بەشداری لەو جەژنەدا بانگهێشتن کرابوون. بەو حاڵەش جەژنی پەنجا ساڵەی حیزب هەر جەژنێکی پڕ سەروەری بوو. لەو جەژنەدا بەوپەڕی سەربەرزی‌یەوە ئاوڕمان لە رابردووی حیزبەکەمان دەدایەوەو هەڵوێستە سیاسی‌یەکان و سەرفەسڵە مێژوویی‌یەکانیمان بۆ خەڵك باس دەکرد. سەربەرز بووین کە دوای ئەو ماوە دوورودرێژەو پاش بڕینی ئەو رێگا سەخت و دژوارەو هەڵگرتنی ئەو برینە قورسانە، حیزبەکەمان هەروا قورس و قایم ئاڵای خەباتی گەلەکەمانی لە دەست دایەو وەك جاران و زیاتر لە جارانیش جێگای متمانەو رێزو خۆشەویستیی کۆمەڵانی خەڵکە.

رێورەسمی جەژنی پەنجا ساڵەی حیزب لە دووڕۆژ دا بەڕێوە چوو. رۆژی یەکەمی جەژنەکە بە بەشداریی ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی حیزب لەگەڵ میوانەکان لە ساڵۆنی رۆشنبیریی شاری کۆیە پێك هات کە لەو رۆژەدا بەشی زۆری وتاری سیاسی و پەیامەکانی پیرۆزبایی پێشکەش کران و لە بەشێکیشی دا شانۆی تایبەتیو سروودی حیزب و چەند شێعری نیشتمانی کە بۆ ئەو بۆنەیە نووسرابوون کۆڕەکەیان رازاندەوە. شایانی باسە بە دەیان پەیامی پیرۆزبایی لە حیزب و رێکخراو و شەخسییەتە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە بۆ ئەو جەژنە هاتبوون کە تەنیا بەشێکیان دەرەتانی خوێندرانەوەیان بۆ رەخسا. لە دووهەمین رۆژی جەژن دا تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بنەماڵەکانی کادرو پێشمەرگەکان بەشدار بوون. رێورەسمی ئەو رۆژە بەشی کەمتری سیاسی و بەشی زۆرتری هونەری بوو. بەشێك لە پێشمەرگەکان بەو بۆنەیەوە رێژیەکی جوان و رێك و پێکیان پێشکەش کرد کە فرمێسکی شادیی لەچاوی بینەران گێڕا، کۆڕی هونەری لە زووەوە خۆی بۆ ئەو جەژنە ئامادە کردبوو و شانۆ و سروودو گۆرانیو هەڵپەڕکێی جوان و دڵڕفێنی پێشکەشی بەشدارانی جەژن کرد. لە هەمووی جوانتر فەزای جەژنەکە بوو. رۆڵەکانی حیزب کە شانازی‌یان بە پەنجا ساڵ خەباتی حیزبەکەیانەوە دەکرد لە خۆشحاڵی‌یان دەست و پێی خۆیان نەدەناسی. دارودیوار شادیو خۆشیی لێ‌دەباری. لەگەڵ لێدرانی هەر پارچە مۆسیقایەکی شادی‌بەخش لە چەندین جێگای مەیدانی جەژنەکەوە کچ و کوڕ دەستیان تێك دەگرت و لەگەڵ ئاهەنگی مۆسیقا دەکەوتنە سەماو هەڵپەڕین. بەڕاستی جەژن جەژنی دڵان بوو.

## دواقسه

خوێنەری بەڕێز!

زۆر باش دەزانم ئەم نووسینە ناتوانێ نە لەباری تەکنیکییەوە رازیت بکا، نە بەو جۆرەی پێویستە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی مێژووی پەنجا ساڵەی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانت بۆ روون بکاتەوە. هەر بۆ خۆم دەزانم ئەم کارەی من چەندی کەم و کوڕی هەیەو چەند مەرجی بنەڕەتیی کەمن، بۆئەوەی بتوانێ ببێتە ئاوێنەی پەنجا ساڵ مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. نووسینی مێژووی حیزب لە جێدا کاری کەسێك و دوو کەس نیە.هەق وایە چەندین کەس کاری لەسەر بکەن و لانی کەم یەکێکیشیان شارەزای هونەری مێژوونووسین بێ. لە حاڵێك دا ئەمە کاری نەفەرێك بە تەنیایەو ئەویش ئەگەرچی کەم و زۆر کاری نووسینی کردوە، لەبەشی مێژوودا چەندی بتەوێ کەم ئەزموونە.

ئەوەی منی رازی کرد بەو شتە کاڵ وکرچە رازی بم زیاتر ئەوەبوو کە ویستم هەرنەبێ هێندێ شت بێتە سەر کاغەز تا ناتەواوی و کەم و کەسرییەکانی دەرکەون و لەمەودوا هەوڵی تەواو کردنی بدرێ. لەگەڵ هەموو جیاوازییەك کە لە نێوان نووسینەکەی من و دوکتور قاسملووی نەمر دا هەیە، ئەوی راست بێ دەترسام ئەم نووسینەش وەك "چل ساڵ خەبات"ەکەی ئەو بە ناتەواوی بمێنێتەوە. هەربۆیە بۆ نووسینی بەرگی دووهەمیش رانەوەستام تا هەموو مەرجەکانی رێك و پێکتربوونی باسەکە ئامادەبن. لە راستی دا ئەوەی لەم دوو بەرگەدا کەوتۆتە بەرچاو، گەڵاڵەی ئەو کارەیە کە لە مێشکی خۆم دا دام نابوو بیکەم. ئێستا بۆخۆم بۆم دەرەخسێ لە داڕۆژدا تەواوی بکەم یان هاوڕێیانم لەحیزبی دێموکرات دا، یان دڵسۆزانی شارەزای نووسینی مێژوو لە نەتەوەکەم دا ئەم کارە بە ئاکام دەگەیەنن، هیچم لێ‌روون نیە. بەهەرحاڵ، شتی ناتەواویشم لە نەبوون پێ باشترە. بۆیە لە رووم هات ئەم نووسینە وابە ناتەواوی بدەمە دەرەوە.

چاوم لەدەستی هەموو شارەزایانە کە پاش خوێندنەوەی ئەم باسە کەم وکوڕییەکانیم بۆ دەست نیشان بکەن و هەڵەکانیم بۆ راست بکەنەوەو بۆشاییەکانیم بۆ پڕ بکەنەوە، بەڵکوو بتوانم هەربۆخۆم پێی دا بچمەوەو چاپی دووهەمی بەشێوەیەکی گونجاوتر پێشکەش بکەم. ئەوەندە

دەتوانم بڵێم کە ئەوەی لەم نووسینەدا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، بێدەمارگرژی و خۆشەویستیو رق وقین نووسراوە. ئەوەندەی ئەقڵ و بیرم کاری کردوە، هەوڵم داوە هیچی بە پێچەوانەی راستی تێدا نەبێ. ئەگەر لە لێکدانەوەی رووداوەکان دا بە هەڵە چووبم، یان بیروڕای جیاواز لە سەریان هەبێ شتێکی گرنگ نیە. چونکە دووپاتی دەکەمەوە کە بەرپرسی بەرودوایی لەو شتانەی لە نووسینەکەدا هاتوون تەنیا نووسەر خۆیەتی. بەو ئاواتە کە هەر نەبێ بۆ لاوەکانی کوردو نەوەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسوود بێ.

خوێنەری بەڕێز!

رەنگە لەم نووسینەدا هێندێ شتت بەرچاو بکەون کە پێت سەیر بێ بەو جۆرە نووسراون. لەوانەیە ئەگەر کەسێکی دیکە بە بیروبۆچوونێکی دیکەوەش ئەم یادداشتانەی نووسیبایە، ئەو جۆرە رووداوانەی تۆمار نەکردایە، یان بە شێوەیەکی دیکەی هێنابان. بەڵام لانەدان لە رێگای ویژدان و راست بێژی وای لە نووسەر کرد هەموو رووداوەکان وەك هەبوون تۆمار بکاو ئەوەی دەرەتانی نووسینی هەیە، نە پشت گوێ بخرێو نە دەسکاری بکرێ. پێم وایە ئەگەر هەموو کەس راستییەکان بەو جۆرە کە هەن بڵێ و بنووسێ، یارمەتییەکی زۆری ئەو کەسانە دەدرێ کە لە داوارۆژدا دەیانەوێ مێژووی کورد بنووسن.

سەرەتای پاییزی ١٣٧٥ (١٩٩٦)

نووسەر